بەرگی 4

لە بیرەوەرییەکانم

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

کەریم حیسامی

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إِقرَا الثَقافِي)

براي دانلود كتابهای مختلف مراجعه: (منتدى اقرا الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

للكتب (كوردى ، عربي ، فارسي)

لەبیرەوەرییەکانم

١٩٨٩–١٩٩٥

بەرگی دەیەم

کەریمی حسامی

ستۆکهۆڵم ١٩٩٦

لەبیرەوەرییەکانم

کەریم حسامی
دەرهێنانی هونەری : خەلیل هیدایەت مام شێخ
بەرگ:
تیراژ : (١٥٠٠) دانە
نرخ: (٤٠٠٠٠) دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان /هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٦٧٤) ی ساڵی ٢٠١٨ ی دراوە.

چەند وتەیەکی سەرەتایی

لەبەرگی ٩ی بیرەوەرییەکانمدا بەڵێنم دابوو کەئەگەر تەمەن مەودا بدا، بەشێکی دیکەی سەربردەی دەربەدەریم لەئەوروپای پڕ لەخەم و خەفەتی دووری لەنیشتمان، بهێنمە سەر کاغەز و خوێنەرانی بەڕێزی کورد لەهێندێ تێکۆشان و سەربردەی ژیانم و سەرە تەقەی باشتر لەبێکاری ئاگادار بکەم.

بەڵام هەرچەندی بیرم لێکردەوە، بۆم ساخ نەبۆوە لەبەرگی ١٠ دا چی بنووسم و باسی چی بکەم؟ مرۆڤی دوور لەزێد و نیشتمان و دوور لەهاوبەشی دەرد و زامی نەتەوەکەی کەوا لەژێر قەمچی و پۆستاڵی دیکتاتۆر و داگیرکەردا دەنااڵێنێ، دەبێ باسی چی ژیانی خۆی بکا؟ لایەکی دیکەش مەترسی ئەوە هەیە مرۆڤ تووشی ئەم نەخۆشیە سامناکە ببێ کەبەداخەوە لەنێو زۆربەی کوردی ئاوارەی دوور لەنیشتمانیدا بەڵاو بۆتەوە، وەك دانیشتن و خۆ هەڵساندن و فیشاڵ و رەخنە و سەرکۆنەی رێکخراوە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی خەبات و شاگەشکە بوون بەدیتنی زەرق و بەرقی سەرمایەداری چەوسێنەر و لەبیربردنەوەی هەژار و برسی نەتەوەکەی خۆت و بەباڵاگرتنی پڕاوپڕی ئەم شیعرەی شاعیری پایەبەرزی کورد هێمن کەدەڵێ:

(ئێستە بۆ چاری خەمم گۆشەی مەیخانەیە جێم– من کەرۆژێ دەمویست میللەتەکەم بێخەم کەم)

ئەوانەی شتێك دەنووسن و تێکۆشانێکی ئەدەبییان هەیە دەکەونە بەر لۆمە و لەقەمی پاشملەی نەزانانەی کەسانی بێکارەی هیچ لەدەست نەهاتوو. بەوە تاوانبار دەکرێن کە: نەدەبایە فلان شت بنووسن، باسی فلان مەسەلەیە بکەن، نابێ باسی هەڵە و چەوتی سیاسەتی رێکخراوەکان بکەن چونکە کاتی نییە و لەوانەیە دوژمن کەلکی لێ وەرگرێت، لەقاودانی هەڵە و دزی و خوار و خێچی فلان رێبەر و سەرپەلێك خەڵك سارد دەکاتەوە، رێکخراو لاواز دەکات و هەزار بەیت و باوی بێجێی ئەوتۆ کەتەنیا بێکارە و فشەکەرەکان و لەحەقیقەت ترساوەکان دەتوانن بڵاویان بکەنەوە.

بەڵام بەقەولی کوردی: (شەڕ لەبێکاری چاکترە) هاتمە سەر ئەو باوەڕە کەنووسینی بیرەوەرییەکانم درێژە پێبدەم، هەرچۆنێك بێ بۆ هێندێ خوێنەری بەڕێزی کورد لەوانەیە چێژێکی هەر هەبێ و کەڵکیشی لێ وەربگیرێت، بۆ هێندێکیانیش کەلەئاست نووسین و ئەدەب و روناکبیری گێرەیان لەهەولێر دەگەڕێ، دەبێتە هۆی بەیت و با و نەقڵ و نەزیلەی پاشملە.

دوای ساغ بوونەوەم وام دانا هەروەك لەبەرگەکانی پێشوودا کردوومەتە باو، هێندێ لەو نامانە بڵاو بکەمەوە کەپێوەندییان بەنووسینی بیرەوەریەکانمەوە هەیە، ناشزانم بیروڕای خەڵکی دیکە سەبارەت بەبڵاوکردنەوەی ئەو نامانەی کەبۆمن هاتوون و بوون بەملکی من چۆنە، چونکە تا ئێستا لەم بارەوە نەبەنووسین و نەبەرەو روو کەس هیچی

دەرنەبڕیوە، کاك خالیدی عەزیزی نەبێ لەنامەیەکدا بۆی نووسیبووم: (بەباوەڕی من ئەو نامانەی بۆ تۆ هاتوون، مافی بڵاوکردنەوەت هەن و دیاری کردنیشیان بەخۆتە کەکامیان بڵاو دەکەیەوە و کامیان بۆ بڵاوکردنەوە نابن) هەرچۆنێك بێ بڵاوکردنەوەی ئەو نامانە بۆ روون بوونەوەی بیروبۆچوونی جیاواز لەسەر مەسەلەکان فایدەیەکی زۆریان هەیە، فایدەیەکی دیکەشی ئەوەیە هیچ نەبێ بەقەولی برادەرێك لاپەڕی کتێبەکەیان پێ زیاد دەبێ و بەقەولی برادەرێکی دیکەش نووسراوە و وتوێژەکانی خۆم بۆ خۆم لەبەرگێکدا کۆدەکەمەوە ! !

(من مەبەستم ئەوەیە، مرۆڤێك بەخەڵك بناسێنم کەبەراستگۆیی سروشتی دەژی، ئەو مرۆیەش منم.. نە کەسێکی دیکە غەیری خۆم). ژانژاك رۆسۆ

ساڵی ١٩٨٩

سەرەتای ساڵی ١٩٨٩ی من بەچوونی لین شۆپینگ بۆ ماڵی کاك حامیدی گەوهەری دەست پێکرا و نامەیەکی غەنی بلوریانم پێگەیشت بە سەرەتاکەی بەنووسینەوەی نامەی مامە غەنی برازێنمەوە:

نامەی غەنی بلوریان

(هاوڕێی بەڕێز و خۆشەویستم کاك کەریم، پاش رێز و سڵاو نامەکەت گەیشت بەهیوام لەسەفەرەکەت سەرکەوتووبیت، نووسی بووت رەنگە لەگەڕانەوەدا بەلای ئێمەدا بێیت، بەڵام نەهاتی گەلێك چاوەڕوان بووین، بەراستی یەکتر دیتن زۆر پێویست بوو، ئێستا زۆر لەکوردەکان نامەم بۆ

دەنووسن و ئەڵێن کاکی برا تاکەی وەستاوی و لەمانە هیچ هەڵناوەرێ، ئەوانە هی هەموو لایەنە چەپەکانی ئێرانن و کوردەکانن، لەسەر ئەو باوەڕەن کەدەبێ چەپی پێشکەوتووخوازی کورد بۆ خۆی بێ و سەربەخۆ ئەم بیروڕایە بەرەبەرە هەراوتر دەبێ، من هێندێك بەڵگەی زەمانی کۆمەڵەی ژ.ك کەلەسویت هاتۆتە دەستم لام هەیە بەڵام ناکرێ بەپۆست دا رەوانە بکرێ ئەگەر کەسێکی جێگای متمانەم دەس کەوێ بۆتی رەوانە دەکەم، شەڕەشەپی ناو ئێمەش ئەوا گەیشتۆتە ئاخری خەت. (اقایان) کەسی وایان پێوە نەماوە کەشایانی باس بن لەسەدا هەشتا بەرەو لایەکی تر لێدەخوڕن، جا نازانم چارەنووسی پاش پلینۆمی داهاتوو چی پێ دێ، خۆت باش دەزانی کەئیمڕۆ لەجیهان هیچ حیزبێکی چەپی پێشکەوتوو نییە چەپی تێ نەکەوتبێ و مەسەلەی نەبێ بەتایبەت پاشی پروسترۆیکا و گلاسنۆست، من تا ئێستا لەم ولاتە تەلیفۆنیان پێ نەداوم نازانم بۆچی، ئاخۆ دەبێ ژمارە تەلیفۆنێك لەولاتێکی ئەوروپایی سالێك زێدەتر بخایەنێ ئەویش لێرە و بۆ من کەبەخێر لەلای سەر و گۆیا توش هاتووم، کاك حامید نامەیەکی نووسیوە و جیاوازە لەوەی جەنابت نووسیبووی، شایەد پاشان هاتۆتە سەر ئەو رێبازە بەڵام مەیلی ئەوانی ناوە و هومێدی پێ نین جا نازانم، کاکی خۆم من بۆم نووسیوە کەئەو لایەنەش وەك لایەنەکەی تر سەربەخۆ نییە و ناتوانێ خۆی بڕیار بدات، ئیتر تێی خێر بێ بزانین دواڕۆژی نەتەوەکەمان چی پێ دێت، کاك عەزیز محەمەد هاوڕێی بەڕێزمان مصاحبەیەکی لەگەڵ رۆژنامەی کاری ژمارە ٥٩ کردوە زۆر بەنرخە بەتایبەت ئەو بابەتانەی کەباسی کورد و مافی چارەنووسی

تیایە، ئەوا نامەیەکم بەئادرێسی ئێوە نووسی بۆ فەهد نازانم ئادرێسەکەی هـەر هـی جارانـە یـا گـۆڕاوە تکایـە بـی دەرێ زۆر سوپاسـتان دەکـەم، سەرەخۆشیم لەپەخشان کردووە، ئیتر هەربژی، برات غەنی، ٨٩/٢/١٣)..

نامەی ئەحمەدی کاکە مەمی

جارێ با نامەیەکی کاك ئەحمەدی کاکە مەمی بڵاو بکەمەوە کە ٨٨/٧/٢٤ بـۆی نـاردبووم، بەداخـەوەم کـەوتبوە نێـو دەفتـەر و نووسـراوان و نەکـەوتبوە بەرچـاو کەلەبـەرگی ٩دا بـڵاوی کەمـەوە، بـۆ ئـەوەی گلـەییم نەیەتە سەر ئەوە لەدەست پێکی ئەم بەرگەدا بڵاوی دەکەمەوە.

ئەحمەدی کاکە مەمی دەنووسێ: (خۆشەویست و تێکۆشەر کـاك کـەریم! کاکی بەڕێزم وێڕای سڵاوێکی گەرم و بێ ریـا دەسـتەکانت مـاچ دەکـەم و دەستخۆشانەت پێ دەڵێم بۆ هێنانە سەر کاغەزی (بیرەوەرییەکانت)

ماندوو و مردوو هەوەڵ شەو بوو بەژن و سەرو پێچکەوە گەیبوومـە جـێ، دوای دوو سـاڵ چـاوەڕوانی و مـاڵ و منـداڵ بەکۆڵـەوە، لـەئێران رەپـاڵ نرابـووم، لـەعێراق رام کردبـوو، دوای سـاڵێك گیرسـانەوەی تـۆبزی لـەنێو تورکان دەرباز ببووم.

کەوتمە مۆڵگەی هەڵستە هامار، هەر ئەو شەوە، دیونـاس دەورەیـان دام، هێندێك بەدڵ و بەکوڵ و هێندێك بەدرۆ و بەریا پێماندا نووسـان و سـەر و گوێلاکیان لستینەوە.

– جا ئیدی هەر بخۆ و بنوو، هـەڵڕژاوە. پـارەی جـل و بـەرگت دەدەنـێ،

خەرجی کەو مەکرە، هەر کەچاوم لەچاویان نەدەبڕی بەنەقورچان گورچوویان دەبڕیم، خۆ نۆبەی قسەی یەکتریشیان نەدەدا، راست لەو وەختەدا کەخەو لابەلای دەکردم و هەر گوێم لەدەنگیان بوو هیچ حاڵی نەدەبووم، چاوم بەژوورەکەدا گێڕا، راست چاوم بەکتێبە پڕ بایەخەکەی جەنابت کەوت:

(لەبیرەوەریەکانم) بەرگی دووەم، هەر دەستم دایە و دەستم پێکرد. خۆش بوو، شیرین بوو، بەکەڵك بوو، سەرچاوە و بەڵگەیەکی مەزنە، کاکە گیان! من پێم وایە، دیارە هەر واشە. کەئەو کتێبە باشترین، رووتترین و بەکەڵکترین سەرچاوە و سەنەدی سەدەی بیستەمی جولاّنەوەی نەتەوەی کورد لەئێران و تەنانەت لەعێراقیشە، بۆ ئێستا و دواڕۆژ مەزنترین و جێی بڕواترین سەرچاوە دەبێت بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێ لەسەر مێژووی جولاّنەوەی گەلەکەمان لەسەدەی بیستەمدا بکۆڵنەوە.

من تەنیا بەرگی دووەمم دیتوە، راناوەستم هەتا بەرگی یەکەمیش دەخوێنمەوە، دەڵێن چێشتی خۆش لەبۆنی ڕا دیارە، خۆ ئەوەی من لەدەست و قەڵەمی تۆ رادەبینم بڕوام وایە ئەگەر کتێبەکە لەسەر هێندێك رووداوی گرنگ وەکو (پەیمانی سەعداباد– دامەزراندنی پێگە نیزامیەکان لەپیرانشار و جەڵدیان راست لەسێ نوختەی سێ سنوری ئێران و تورکیا و عێراق– شۆڕشی قاسم و هاتنە سەرکاری– پەسندی یاسای بنەڕەتی عێراق (عێراق نیشتمانی کورد و عەرەبە و....) لەسەر ئەو کەسانەی کەبەباش و خراپ ناسیوتن پێموایە دەبوایە رووتر باست کردبان و

ناسانباتن، بەراستی دەستت خۆش کە (عەلی شەوقی) ت چۆنە وات ناساندوە، کاك قادری کاخدری دیبۆکری پاداشت داوەتەوە هەرچەند چەند سالّە جاشە.

زۆرت باسی سیاقۆڵ کردوە، بەڵام نازانم بۆچی باسی حەمەرەشی سیاقۆڵت نەکردوە، چونکە هەر ئەو سالّانەی کەباسی شایی ئەحمەدی چوکەڵی دەکەی، حەمەڕەش تەنیا بنکەی پاراستنی شۆڕشگێڕان بوو کەلەشار رایان دەکرد، باسی سواڕەت کردوە، ئەو برای حەمەرەشە، ئەو سوارە و بابی هەموو دەمێ لەگەڵ حەمەرەش شەڕ و کێشەیان بوو، تەنانەت بەمیراتکردن هەڕەشەی لێ دەکرا و لێدان و پێدادانیشی کەم نەبوو، بۆ کوردستانی عێراقیش لەدەست ساواکیەکان رایکرد، لەسالّەکانی ٣٨ و ٤٧یشدا دوو جار زیندانی کرا و لەشۆڕشی دواییشدا لەمەنگوڕەکان لەو تایفەیە (تایفەی مرۆتێ) تەنیا کەسێك بوو کەهەروا پیاوانە ماوە، باسی چوارگا و سوتوت کردوە، بەڵام جێگای سەرنجە بۆ چ ناوی قادراغای چوارگات نەبردوە کەشەو میوانی بووی و قسەت لەگەڵ کردوە، قادراغا ئەفسەری حکومەتی میللی بوە، مەنشورە دەگێڕنەوە کەزەمانی وەرەهرامی گروهانێك ژاندارمە بۆ دەسگیرکردنی دەچنە چوارگا و قادراغای دەبەنە لای وەرەهرامی، کەچاوی پێدەکەوێ دەڵێ: ئەتۆی قادراغای چوارگا؟ ئازادی کەن.. ئەگەر حکومەتی شاهەنشاهی بەوەی بڕوخێ با بیڕوخێنێ، قادراغا ئێستاش هەر لەریزی شۆڕشە و تەمەنی لەحەفتا سالّ نێزیك بۆتەوە، مامە قالەی سوتوو کەجەنابت بەکاك قادری نێو دەبەی هەر ئەو کەسەیە کەئەو زەمان لەگەڵ قادراغای چوارگا

پێوەندی حیزبی هەبوە، هەتا کۆنگرەی شەش لەنێزیکەوە یەکتریان نەناسیوە، وابزانم لەوێ بەهۆی کاك جەلیل یان کاك فەتاح ئاشنا دەبن لەئۆرگانی کوردستان ئەوکات کاك فەتاح کاویان شتێکی ئەدەبی باشی لەسەر نوسیبوون، مامە قالەش لەنێو پێشمەرگە بەناوبانگە و لاقێکی لەشۆڕشدا پەڕیوە و چەندین جاریش بریندار بوە، ئێستاکەش هەر لەریزی شۆڕشدا ماوە، پێم وایە ئەو دوو کەسە کۆنترین و بەئەمەکترین ئەندامی بێ سوادی حیزبی دیموکرات رۆڵەی گەلی کوردن، وابزانم گەورەترین پاداش و سوپاس و رێزگرتن و ئەمەکناسی لەو پیاوە بەشەرەفانە هەر ئەوەبێ کەناویان لەکتێبە نەمرەکەی خۆتدا زیندوو راگری و نەمریان بکەی، کتێبەکەتم لەباری رەوان نووسی و ساکار نووسی و پڕ ناوەرۆکی و قسە لەرووبی و بێ رووەروایسی (واقیع گرای و حقیقت نویسی) پڕ بەدڵ خۆشدەوێ و پیرۆز باییت لێ دەکەم، تەنیا ئەوەم دەوێ کەدەبێ بار و ئەرکی کتێبەکان (لەبیرەوەریەکانم) قورستر و سەنگینتر و رەنگینتر بکەی، هەربۆی بۆ برا چووکەی خۆت، ئەحمەدی کاکە مەمی (کرمانج) ٨٨/٧/٢٤).

وەبیرهێنانەوەی ناو و یادی ئەو دوو رۆڵە زەحمەتکێش و فیداکار و بەئەمەکەی حیزبی دیموکرات کەتا مردن بێ پاداش و مەعاش و بێ فیشاڵ و خۆ هەڵمساندن بەئامانج و ئاواتی حیزب و نەتەوەکەیان وەفادار مانەوە جێگای سوپاسە، نەکا مەلا عەولای حەبیاکی بەتاوانی ئەم نامەیە مەسئولیەتی گرنگی حیزبی لەئەحمەدی کاکە مەمی بستێنێتەوە ! !

٨٩/١/٧ دکتۆر جەمشیدی هاوکارم هات، پێشتر بڕیارمان دابوو دکتۆر لەبارەی پێک هاتنی دەوڵەتی فەلەستینەوە وتارێک بۆ رۆژنامەی سەردەمی نوێ بنووسێ، هات گوتی: (دەزانی هەرچی دەکەم ناتوانم لەبارەی پێک هاتنی دەوڵەتی فەلەستینەوە وتارێک بۆ رۆژنامەی سەردەمی نوێ بنووسێ، هات گوتی: (دەزانی هەرچی دەکەم ناتوانم لەبارەی فەلەستینەوە هیچ بنووسم، نوێنەری ئەوان لەتونس دژی کورد بەیانی بڵاو کردۆتەوە، بۆم نایە هیچیان لەسەر بنووسم.

نامەی سەلاح بەدرەددین

٨٩/١/٥ نامەیەکی کاک سەلاح بەدرەددینم بۆ هات، بیروڕای خۆی لەسەر نووسراوەی نامیلکەی (لەپێناو چی دا) دەربڕیبوو، خۆشی نامەی کاک سەلاح لەوەدایە لەسایەی نامە گۆڕینەوەی بەردەوام لەگەڵ من، فێر بوە بە (کوردی) نامە بنووسێ، نەک وەک جاران بە (کرمانجی) یان بەعەرەبی!

کاک سەلاح نوسیبووی: (بۆ زۆر بەڕێز کاک کەریم! سڵاوی گەرم و هەڤاڵانە، ژمارە ٣٦ی سەردەمی نوێ پێم گەیشت، زۆر سپاس هیوادارم هەر پێم بگا، پێم خۆشە ئەگەر ئەو ژمارانەی کۆن هەن ببینم ئەگەر زەحمەت نەبێ، بەرگی دووەم لەبیرەوەریەکانت خوەندم، ایستا بەرگی سێیەم دەخوێنم، نامیلکەش خوەندم، پێم وایە زۆر شتی چاک تێدا هەنە، بەڵام باشتر بوو ئەگەر وا توند نەبا، دیارە هون مەسەلەی- ایدیولۆجی، سیاسی، هیچ لەو جەرەیانەدا نابینن، پێم وایە شتیک هەیە نەوەک ایوە

نوسینە، راستە ئەمرۆ دڵمانی لەناو تەڤگەری رزگاریخوازی کورد زۆر جاران سەبەبی جەهەری نیە، لێ پێم وایە بنگەهی ئەو دڵمانە هەر دگەڕیت بەرەو بنگەهی چینیی ایدیولۆجی، سیاسی، جڤاکی. لێ دیارە زۆر دیار و روهن نییە، لەبەر گەلی کورد میللەتێکی لەپاشماو نو بن دەستە، پێم خوش نیە نەرینی ایوە بە لای- عەدەمی- بڕوا، انکاری هەر شت بی کردن، ئەو زانستی نییە، ئو ریئالیش نییە). کاك سەلاح لەو نامەیەدا وێڕای سلاو بۆ دایکی کەمال و منداڵەکان، داوەتیشی کردبووین بچین میوانیان بین، سوپاسی دەکەم بەلام بۆ چما (کوێرەوەری) دێڵێ پیاو لەمیوانداری ئاوا کەڵك وەربگرێ. !

کۆنفڕانسی نێو نەتەوەیی پاریس

۱۹۸۹/۱/۷ کۆنفڕانسێکی نێو نەتەوەیی لەنوێنەرانی ۱٤۹ دەوڵەت لەپاریس بەسترا، هۆی بنەڕەتی پێکهاتنی ئەم کۆنفڕانسە جنایەتی حکومەتی بەعسی عێراق بوو کەچەکی کیمیاوی و گازی ژاراوی دژی خەڵکی وڵاتی خۆی، واتە دژی گەلی کورد لەهەڵەبجەی کوردستان بەکارهێنابوو، لەژمارە ۳٦ی بەفرانباری ۸۹ی رۆژنامەی سەردەمی نوێ دا، سەبارەت بەپێك هاتن و بڕیارەکانی ئەم کۆنفڕانسە وتارێکم نووسی، شل و شەویقی کۆنفڕانس و سیاسەتی دوو روویی زلهێزەکانی بەشداربووی کۆنفڕانسم روون کردەوە، هەرچەندە سکرتێری گشتی کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتووەکان لە راپۆرتی خۆیدا بەئاشکرا حکومەتی عێراقی بەبەکارهێنانی گازی سیانور و چەکی کیمیایی تاوانبار کردبوو، بەڵام

شورای ئەمنیەت بەبێ مەحکومکردنی جنایەتکار بەبڕیارێکی دەڵەمە و هیچ جنایەتەکەی داپۆشیبوو، حکومەتەکانی ئەڵمان و بەلژیکا و فەرانسە و ئینگلستان کەلەدروستکردنی چەکی کیمیایی عێراقدا دەستیان هەبوو، نەیانهێشت راستەو راست حکومەتی عێراق مەحکوم بکرێ، ژاپۆن و ئەمریکا و ئینگلستان داوایان دەکرد لێکۆڵینەوەی زیاتر بکرێ.

کۆنفڕانسی پاریس رژێمی بەعسی عێراقی وەك تاوانبار مەحکوم نەکرد، لەکۆتایی وتارەکەدا نووسیبووم و ئێستاش ٨٩/٧/١١ کەئەم دێڕانە دەنووسمەوە و ئەو هەموو گۆڕانکاریە لەجیهاندا رووبداوە، هەروا لەسەر ئەو باوەڕەم کەهەتا دەوڵەتە زلهێزەکان بەرژەوەندی بازرگانی و نیزامی خۆیان بخەنە سەرووی پاراستنی مافی مرۆڤ و دادپەروەری لەجیهاندا، هەتا شورای ئەمنیەتی کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتووەکان دیلی دەست و سیاسەتی حکومەتە زلهێزەکانی ئەندامی شورای ئەمنیەت بێ و سەبارەت بەبەرژەوەندی ئەو دەوڵەتانە لەجنایەت و تاوان و ملهوڕی حکومەتە دیکتاتۆر و خوێنمژەکان چاو بپۆشێ، باس لەمافی مرۆڤ و دادپەروەری هەر وشەی سەر زمان و لەسەر کاغەز دەمێنێتەوە).

لەسەرەتای مانگی بەفرانباری ئەو ساڵەدا بەرگی سێیەمی بیرەوەریەکانم لەچاپ دەرچوو، دکتۆر جەمشید لەسەردەمی نوێ دا کورتە وتارێکی جوانی لەسەر دەرچوونی هەرسێ بەرگی بیرەوەریەکانم نووسی، ئێستاش سوپاسی دەکەم.

کۆنفڕانسی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان

١٣و١٤و١٥ی ٨٩ لەکۆنفڕانسی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکانی سویددا بەشداریم کرد، کۆنفڕانس بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوەی باری ژیان و ئاستەنگی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوری پەنابەرانی کورد لەئەورووپا ساز کرابوو، لەهەموو کۆمەڵە کوردیەکانی وڵاتانی ئەورووپا داوەت کرابوو، نوێنەریان بەشداری کردبوو، نوێنەری حیزبە سویدیەکانی ئەندامی پەرلەمان و نوێنەری ئیدارەی بێگانان لەسوید و ژمارەیەک پسپۆر و نووسەر و کەسانی سیاسی بەشداری کۆنفڕانس بوون.

نوێنەرانی کۆمەڵە کوردیەکانی وڵاتانی ئەورووپا هەرکەسە لەبارەی بارودۆخی کورد گەلی دانیشتووی ئەم وڵاتە قسەی دەکرد، بەڵام سەرنج راکێشی ئەوەبوو هیچ یەک لەو بەرواڵەت نوێنەرانە نەیاندەزانی کەلەوڵاتەکەیدا چەندە کورد دەژین و چەکەن و باری ژیان و کولتوری و لێک نێزیکیان چۆنە، هەر ئەوانەیان دەناسی و دەزانی کەئەندامی کۆمەڵەکەیانن، ماوەی سێ رۆژان ئاخافتن بەردەوام بوو، ئەوەی سەرنج راکێش و دەکرا بەشیکردنەوە و لێکۆڵینەوە دابنرێ، وتاری عومەر شێخموس بوو لەسەر ژیانی کورد گەلی دانیشتووی سوید، کاك عومەر زۆر بەجوانی مانەوەی کوردەکان لەکەمپەکان، بڕیاردان لەسەر وەرگرتنیان، یارمەتی سۆسیال وەك پێشێل کردنی کەسایەتی مرۆڤ، ئاستەنگی فێربوونی زمان، نەبوونی دانووساندن و پێوەندی لەگەڵ یەکتر، فەرق و جیاوازی داب و ڕەسمی ژیان، پێوەندی جنسی، گیروگرفتی زارۆك و دایك

و باب، کێشەی ژن و مێرد، شێوەی پەروەردەی منداڵ لەسوید و لەوڵاتی خۆی، هەڵوێستی حکومەتی سوید بەرانبەر بەکوردەکان لەسەر کوشتنی ئۆلوف پالمە و...هتد، کاك عومەر لەراستیدا بەجوانی تەواوی ئەو تەنگ و چەڵەمانەی خستە روو کەکوردەکان لەسوید لەگەڵی رووبەروو دەبن.

کەندالّ نەزان لەسەر هەڵوێستی ئەمنێستی ئینترناسیۆنال قسەی کرد، بەشدارانی دیکەش هەرکەس بۆ خۆی شتێکی فەرموو، بەڵام کار بڕی و راپەڕاندنی بڕیارەکان و درێژە پێدانی ئەم جۆرە کۆنفڕانسانە و نەتیجە لێ وەرگرتنیان، هەروەك هەموو کۆنفڕانسە کوردیەکان هەر لەسەر کاغەز و لەهۆڵی کۆنفڕانسدا مایەوە، یەکێ لەکارە باشەکانی کۆنفڕانس و پێشنیارە بەجێیەکانی ئەوەبوو کەلەنێوان کۆمەڵە و رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی جۆربەجۆری کوردی لەوڵاتانی ئەورووپا، سەبارەت بەباری ژیان و تێکۆشانی پەنابەرانی کورد و هەڵوێستی دەوڵەتانی ئەورووپایی لەگەڵ پەنابەران و ناسینیان وەك کەمە نەتەوەیی لەم وڵاتانەدا هاوکاری ساز بکرێ و کۆمیسیۆنێکی دانوساندن بۆ راپەڕاندنی ئەم ئەرکانە لەنێوان خۆیاندا پێك بێنن، بەداخەوە ئەم بیروبڕیارەش وەك گەلێك وتە و بڕیاری ئەم جۆرە کۆنفڕانسانە هەر لەهەوا و لەنێو سالۆنی کۆنفڕانس دا مایەوە.

لەکۆتاییدا کۆنفڕانس دوو بڕیاریشی پەسند کرد:

١- پشتگری لەخەباتی زیندانیەکانی دیاربەکر.

٢- ریسوا کردنی رژێمی عێراق و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و پشتگری

خەباتی هێزە نیشتمانیەکانی کوردستانی خوارووە، لەکۆنفڕانسدا بوو بەقاو کەیەک دوو پاسداری ئێرانی هاتوونە سالۆنی کۆنفڕانس، بوو بەهەرا و پاشان دەرکەوت کەئەم دوو کەسە سەلمان موحەدیسی بەرپرسی گۆڤاری سروە و فاروقی کەیخوسرەوی بوون و دوای هەراکە وەدەرکەوتبوون.

کۆڕێك لەسەر بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی

ناوەندی کولتوری کوردی لەدانیمارك لەسیمینارێکدا لەسەر (گرنگی پێکهاتنی بەرە بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازی) باس بکەم، رۆژی ١/١٩ گەیشتمە دانیمارك، کاك هەڵکەوت عەبدوڵا بەرپرسی ناوەندی کلتوری کوردی لەدانیمارك لەفڕۆکەخانە چاوەڕوانم بوو، چوویینە ماڵی کاك هەڵمەت و شەو چەند برادەری دیکەش هاتن، باسێکی گەرم و برایانە و دانیشتنێکی خۆش و میوانداریەکی کوردانە، رۆژی دوایی سەعاتی یەك سیمینار دەستی پێکرد.

من باسەکەم بەم چەشنە گەڵاڵە کردبوو:

١- تاریف و روونکردنەوەی بەرە بەگشتی.

٢- تیۆری گرنگی پێکهێنانی بەرە لەبارەی مێژووییەوە.

٣- پێکهاتن و بەرنامە و دروشمی بەرە لەوڵاتانی جیاواز و بەگوێرەی بارودۆخی خەبات.

٤- بەرەی کوردستانی عێراق و بەرنامەکەی و ناتەبایی هێندێ خاڵی

بەرنامەکە لەگەڵ یەکتر و گرنگی پێکهاتنی.

٥- ئەنجام.

بەپێویستی نازانم دەقی وتار و بۆچوونەکانم لێرەدا بڵاو بکەمەوە، لام وایە کورتەی باسەکە لەژمارە ٣٧ی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) دا بڵاو کراوەتەوە، لەسیمینارەکەدا چەند کەسی دیکەی بەشداریان کرد و کەسانی ئەوتۆش هەبوون کەپێکهاتنی بەرەیان بەمەرجێك پێ بەکەڵك بوو کەلەژێر رێبەرایەتی چینی کرێکاردا بێ ! !

کۆمەڵەی کورد لەشاری ئارهوس لەدانیمارك داوەتی کردبووم کەبۆ یادی دووی رێبەندان میوانیان بم، هەر ئەو رۆژە دوای سیمینارەکە بەفڕۆکە چوومە ئارهوس، برادەرانی کۆمەڵە لەفڕۆکەخانە چاوەڕوان بوون، سیمیناری دووی رێبەندان کۆڕێکی زیندوو فرە خۆش بوو، برادەرانی ئارهوس دوو رۆژ گلیان دامەوە، میوانداری و دانیشتن و باس و قسەی خۆشی ئەو دوو رۆژە لەبیر ناچنەوە، برادەرانی ئارهوس کیفێکی دیپلۆماتی جوانیان بەدیاری دامێ، رەسمی جوانمان گرتن، بەڵام بێ گلەییش نەبوو، یەك دوو برادەری سەر بەیەکێتی نیشتمانی لای خۆی لاوی خوێندەوار و تێگەیشتووش بوون، گلەییان کرد کەنەدەبوایە بچووبامە سیمیناری ناوەندی کلتوری کوردی لەکۆپێنهاك، چونکە هەڵکەوت عەبدوڵا و برادەرانی دژ بەیەکێتی نیشتمانین، پێم گلەییەکی بێ جێ بوو، تۆزێ رووتم کردنەوە کەئەمە هەڵوێستێکی شاشە، جارێکی دیکەش بۆم روون بۆوە کورد با چەند سالێش لەئەوروپا بژی، زەحمەت

وایە بێتە سەر رێ و شوێنە باشەکانی ئەوروپا و واز لەکەللەرەقی کوردیی بێنێ.

رۆژی ٨٩/١/٢٣ لەئارهوسەوە چوومە بەرلین و وەک هەموو جارێ میوانی دۆست و برادەری رێزدار و خۆشەویست کاک هوشیاری ئیمامی بووم، رەنگە هیچ پێویستیش نەبێ وەک مامۆستاز دلّزار باسی نان و چێشتی فرە خۆش و بەتام و جێگا و نوێنی نەرم و خاوێن بکەم، رۆژی دوایی چوومەوە سۆفیا و ٨٩/١/٢٩ لەنوێ هوتێلی شاری پلّۆڤدیڤ شایی و زەماوەندی ژن هێنانی کەمالی کوڕم بەڕێوەچوو کەیەکێ لەرۆژە هەرە شاد و خۆشەکانم بوو لەژیانمدا.. رۆژی ٨٩/٢/١٤ گەڕامەوە سوید.

هەڤاڵێکی دڵتەزێن و داخێکی گران

شەوی ٨٩/٢/١٧ تەلیفۆنم بۆ نەغەدە کرد، کاک سمایلی ژن برام بەداخ و کەسەرێکی گەورەوە خەبەری کۆچی دوایی باوکی پێ راگەیاندم، خەبەر نەبوو، بروسکێکی سووتێنەری کوتوپڕ بوو وەمێشکم کەوت، کەمن تاسام و چڕژام، دایکی کەمال لەپەنام دانیشت بوو لەپڕمەی گریانی دا، کۆچی دوایی کاک ئەحمەدی پیرمەندی کۆستێکی گەورە بوو، کاک ئەحمەد نەک هەر خەزورم بوو، بەڵکو هاوڕێ و دۆستی چەندین ساڵە و هاوخەباتی دەورانێکی رابردوو، تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر، شۆڕشگێڕێکی بەبیروباوەڕ، دوژمنی لەئاشتی نەهاتووی خەرافات و زۆرداری و شەخسیەتێکی رێزدار و ناسراوی ناوچەی سندوس و شنۆ و لاجان و مەهاباد بوو، ساڵەهای ساڵ لەزیندان و دوور خستنەوە بۆ خواروویی ئێران لەچەرمەسەریدا ژیانی

بردبوە سەر و بەڵام سەری بۆ دوژمنی نەتەوەکەی دانەنواند بوو، دۆست و ناسیار و برادەر و هاوخەباتانی کاك ئەحمەد بەچاوی ڕێزەوە سەیریان دەکرد، لەشەڕی داسەپاوی نەغەدە کاك ئەحمەد و کاحەمەدی سەروکانی (کاپیتان قادری) ئاخرین کەس بوون بەزۆری لەنەغەدە بەڕێم کردن دەیانگوت ناڕۆین و بەجێت ناهێڵین، ئەو ماوەی لەدەرەوە بووم نێوە نێوە بەدوانی تەلیفۆنی لەگەڵ کاك ئەحمەد بۆ ماوەیەك خەم و پەژارەی دوور وڵاتیم دەرەواند، بەداخێکی گرانەوە دەگەڵ کاك ئەحمەدی پیرمەندی دیدار ئاخرەت بووم و نەمدیتەوە بەڵام یادی ئاکار و کردەوە و خاوێنی بیروباوەڕ و جوامێری ئەو هەمیشە لەمێشك و دەروونمدا زیندوە.

ڕۆژی ٨٩/٢/١٦ چووینە ناشتنی خوا لێ خۆشبوو مامۆستا مەلا محەمەدی مرادرەسوڵی، مەلایەکی عەرەبی جەزایری مل ئەستووری سەگبابیان هێنا بوو تەڵقینی دا بدا، تا ئێستاش بۆم ساخ نەبۆوە ئەم کوردە کەنگێ لەبەندی جەهل و خەرافات رزگار دەبێ، کوردی دەربەدەری دەستی حکومەتی ئیسلامی، کوژراوی داخ و پەژارەی ئاوارەیی و لێقەوماوی هەزاران هاونیشتمانی خۆی، تازیەداری کوژرانی هەزاران ڕۆڵەی نیشتمانپەروەری میللەتەکەی، جەرگبڕاوی کوێربوونەوەی دەیان هەزار بنەماڵەی کورد، دێ لەدەربەدەری لەسوید ئەو هەموو داخ و کەسەرە دەباتە ژێر خاك، کابرایەکی لەقاڵبدراوی مێشك وشکی بۆ پەیدا دەکەن بێ تەڵقینی دا بدا و بەیەك دوو فەرمایشی عەرەبی کەواجبی شەرعیش نییە ڕێگای بەهەشتی پێ نیشان بدا، ئەویش عەرەبی جەزایر کەئەو نەکیر و مونکەرەی سازیشان کردوون، لەزمانەکەی تێ ناگەن، کابرا لەپێشدا

دەیگوت نابێ ژن بێنە سەر قەبران، ئیسلام بەشداربوونی ژنی لەناشتنی پیاواندا قەدەخە کردوە، خوداو راستان دکتۆر جەمشید حەیدەری ناسیەوە، سەگبابی مەلا لەشورەوی خوێندکار ببوو، لەوێ ژنی هێنابوو، پاشان بەتاوانی قاچاغچیەتی لەلینینگراد دەریان کردبوو، هاتبوە سوید و لەگەڵ ژنێکی سویدی سازابوو، بۆ خەڵکی دواکەوتووی بەشەق موسڵمانکراو ببوە مەلا و ریشێکی حیزبی دانابوو هێنابوویان مەلا محەمەدی مراد رەسوڵی تەڵقین دابدا کەبەمردوویش سەت هێندەی ئەو سەگبابەی دەزانی.

رۆژی ٢٤و٨٩/٢/٢٥ مەجلیسی پرسە و سەرەخۆشیمان بۆ کاك ئەحمەدی خەزورم دانا، برادەر و دۆست و ناسیار لەستۆکهۆڵم و شارەکانی دیکە وەبەزەحمەتکێشان و هاتنیان تا رادەیەکی یەکجار زۆر خەفەتی ئەو کارەساتەیان لەسەر سوك کردین، بەتایبەت بنەماڵەی کاك حامیدی گەوهەری، خوشکە روح ئەنگیز، ماندانا، فەرهاد و هەژار و مەجید بەزەحمەتکێشانی نان و چێشت ساز کردن و خزمەتی میوانان چەند رۆژ سەربەرزیان کردین، هەروەها زەحمەت و پێوە ماندووبوونی کاك عومەری ئەمینی و خێزانی و کاك ناسری ئیبراهیمی هەرگیز لەبیر ناچنەوە و جێگای سوپاسی ئێمەن.

نامەی کاك حەسەنی ماوەرانی

کۆتایی مانگی فەوریەی ١٩٨٩ نامەیەکی کاك حەسەنی ماوەرانیم پێگەیشت، لەبەرئەوەی کاك حەسەنی ماوەرانی یەکێ لەکادیرە چالاك و

تێکۆشەرەکانی حیزبی تودەی ئێران و لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانیشدا ١٩٧٩ لەگەڵ دەزگای چاپەمەنی حیزبی دیموکراتیش چالاکی هەبوو، دەقی نامەکە لێرەدا بڵاو دەکەمەوە:

(بەڕێز کاک کەریم! سڵاوێکی گەرمت لەناخی دڵمەوە پێشکێش دەکەم، هیوادارم هەر کامەران و ساخ بمێنیەوە و بەرهەمی زێدەتر وەدی بێنی، لەدوورەوە بەبۆنەی بڵاوکردنەوەی بەرگی سێهەمەوە پیرۆزباییت لێ دەکەم، بەڵام بەداخەوە نازانم بۆچی ئێوە مانان (بەڵکو لەداهاتوشدا ئێمەش) یان هیچ نائێین و یان زۆر درەنگ قسە دەکەین، نازانم لەمەبەستم حاڵی هەی یان نا؟ روونتر دەڵێم کاتی خۆی کەهەرا و گرمەی شۆڕش بەرز ببۆوە و ئێمەمانانیش ئاورمان گرتبوو ئەگەر ئەو تەجروبە مێژووییانە لەبەردەستمان دابایە پێشی زۆر هەڵەی خۆمان و چەوتی خەڵکان دەگرت، بەڵام مەخابن بۆ کاتی لەدەستچوو!

دیارە پەت پەتێنی سەیر بەسەرمان داهاتوە و ئێستاش کەئێستایە بەسەرمان دێت، هەرچەندە لەرابردوو پێمان لەسەر خاکی نیشتمان بوو تەنانەت بەپەت پەتێنیش شتێکمان بەشتێك هەر دەکرد، ئێستا چی؟

دوور لەوڵاتی و کەرتخوازی و پاوانخوازی هێزە سیاسیەکان و بێ سەرەو بەرەیی و گۆڕانی (بایەخ) بە (بێ بایەخ) و نەناسینی وەزعی تایبەتی هەموو لەگەڵ یەك سەری لەزۆر کەسان شێواندوە، وەك لەپێشدا هێندێ شتمان باس کردبوو لەلایەن جەماعەتی ئێمەوە پشتیان بەکێوی قافەوە بەندە و بەخوای بۆ هیچ گەلێکی چەوساوە نابزوونەوە و تەنیا راگرتنی

کورسی و داهاتی زۆر و زەبەندی (یارمەتی حیزبە براکان) گیرفان هەڵمسێن وای لێکردوون کەقەت ئامادە نابن هاتووچۆ بەماشێنی رەش و دانیشتن.لەهوتێلە رازاوەکانی دەرەوە و حەسانەوە لە (کیت) و لە (سوچی) و (وارنا) بگۆڕنەوە بەپەت پەتێن و ململانێ و شەق شەقێنی ناوەوە، سەرپاکی ئەم هونەرە جوانانە لەتوکی سەریانەوە هەتا نینۆکی پێیان بەهەستی (ئێرانی گەورە) و (بەحەشتی سەرئەرد) و (ولاتی گوڵ و بلبل و لەمێژینە) ئاخنراوە و کورد و عەرەب و تورکمان و ئازەری و.... هەر بەنۆکەر دەزانن و مانای پێشکەوتنخوازی و کۆمۆنیست بوون هەر لەنۆکەری بۆخۆیاندا دەبینن، بەئەزموونی خۆم بۆم دەرکەوتوە کەباس لەگەڵ هەر کۆمۆنیستێکی ئێرانی چ تودە و چ ئەوانیتر بکەی کەکاکە کورد نەتەوەیەکە دەبێ خۆ بگرێتەوە، پێت دەڵێ (تجزیە طلب) و (ناسیۆنالیست)، جا هەرچی بۆی دەڕێسی کەکاکە کۆمۆنیزم وادەڵێ و وایە، دەڵێ نا. کاتی خۆی کەلەگەڵ مامۆستا قزڵجی و هاوڕێ شەلتوکی لەسەر بەرنامەی حیزب لەپلینۆمی ۱۷ دواین و مەسەلەی خودگەردانی و ئەو بەیت و باوەمان وەبەر پلار و تەوس دا کاکە رەزا هاتە سەر ئەو قەناعەتە کەلەگەڵ کەیانوری و ه.س بدوێ، پاش دوان ئەنجامەکەی ئەوەبوو کە: (کوردەکان هەموویان ناسیۆنالیستن و ئیحساساتی بیردەکەنەوە و تەنانەت شەلتوکیش هەر وایە).

دیارە زۆر کارەساتی دیکەش قەوماوە کەلێکی دەینەوە لەسەریەک سەد رەحمەت بەوانی پێشوو، ئەگەر زۆر شتیان نەدەسەلماند لانی کەم کاریان دەکرد، بەڵام دەستەی ئێستا هەر لەدار و دەستە داتاشین و تێك بەربوون

ئازایە، ئەگەر دنیا سێلاو بیبا ئەوانە هەر خەو دەیانباتەوە و پێوەندی ئینترناسیۆنالیستیش هەر دوکانێکە کەنانی لێ دەخۆن لەراستیدا نۆکەری بارانۆف و کابرای... ترن، واتە پێوەندیەکەیان هیچ رەبتی بەکاروباری هاوبەش نییە، هەرکەس سەرۆك بوو بۆ دلّخۆشبوونی ئەوەی دەیلّێن نایلّێنەوە.

بەلّام ئێمە چمان دەزانی؟ ئێمە وەك دەرویشەکانی کۆنەشێخەکان چاومان لەبرا گەورە بوو، هەلّبەت کارێکی چاك بوو، بەلّام بەچاویلکەی ئەم جەماعەتانە برا گەورەمان دەدیت، نەك وەکی خۆی هەیە، هەربۆیەش راکێشراینە ئەم گۆلاوە، تەنانەت گەیشتینە ئەو حەلەش کەوەبەر تەشەر و جنێوی خەلّکەکەمان کەوین، هەربۆیە پێم وایە لەپلەی یەکەمدا کاك عەزیزی یوسفی و مامە غەنی و مەلا حەسەن و ئێوە و کاك حەمەدەمین و کاك عەلی گەلاوێژ[1] زۆرتان خەتا هەیە، کەهەرچی دەتانزانی نەتان دەگوت یان ئەگەر دەتانگوت ئەوە نەبوو کەبتوانێ رووبکەرەوە بێت، دیارە یەکنەگرتنتان یەکەم هۆی ئەم کردەوەیە بوو، هەلّبەت نامەوێ لەبایەخی ئەم کارەت کەبریتییە لەچاپی سێهەم کەم کەمەوە و دەق و دۆغری دەلّێم ئەوە زۆر نەقس و عەیبی پێشووتان دەشواتەوە، داوای لێبوردن دەکەم کەقسەی زیاتر لەخۆم دەکەم، بەلّام بەراستی ئەو کارەتان وەقسەی هێنام، زۆر شتی لێ فێر بووم و زۆر تەجرەبەی خۆمی

---

(1) نازانم کاك حەسەن بۆچی منی رەگەڵ ناوی مامە غەنی و گەلاوێژ و کاك حەمەدەمین و مامۆستا قزڵجی خستوە؟ کاك حەسەن باش دەزانێ کەئەوان رێگای خۆیان لەرێگای من جیا کردبۆوە، ئەوەش باش دەزانێ کەئەودەم بەکاك حەسەن و لاوەکانم دەگوت کەبەهەڵە دەچن و حیزبی دیموکرات بەجێ مەهێڵن، ئەوان بەقسەیان نەکردم. من لەکردەوەی ئەودەمم پەشیمان نیم، سەیر ئەوەیە کاك حەسەن کاتێ ئەو نامەی نووسیوە هێشتا ئەندامی حیزبی تودە بووە.

بۆ دووپات کردمەوە، تازە خەتای ئەوانیتر جگە لەمەلا حەسەن و کاك عەزیز زیاترە چونکی هەر دەنگ لەبەردەوە هاتبێ لەوان نەهات.

مەلا حەسەن لەقسەکانیدا زۆرجار باسی ئەو شتانەی دەکرد بەڵام زۆرتری هەر پلار پێدادان بوو هەتا رووبکردنەوە، بەڵام بەراستی پێنووسەکەت هەر بمێنێ و سەرفراز بێ بۆ ئەم هەموو سەنەدە زیندوە کەبڵاوت کردۆتەوە، تەنیا نازانم بۆچ باسی کاك سەدیقی ئەنجیریت نەکردوە کەسایەتی و چلۆنایەتی خەباتی ئەو هەر لەبەر سێبەردا ماوەتەوە.

کاکی خۆم ئەم چەنەوەڕیەم لەبەرئەوەیە کەوەك خۆت لەسەر ئەم رایەی (وەك من بزانم) کەئێستا جێگەی کۆمۆنیستەکانی کورد و سەنگەرەکەیان نادیارە و چۆڵە، پێم وایە لەپلەی یەکەمدا ئەرکێکی گەورە دەکەوێتە ئەستۆی تۆ و مامە و خاڵە، (دیسان نازانم کاك حەسەن بۆچی منی بەمامە و خاڵەوە گرێداوە؟؟) وەك من بزانم هەم لەرووی ئەزموونەوە و هەم لەرووی تێگەیشتن و پێشینەتانەوە بۆ جەماوەر ناسیاوترن، قۆڵ هەڵماڵن و لێم نێزیك بنەوە و وردە وردە ئەم هەموو کادر و لاوە پەرش و بڵاوە کۆکەنەوە و بەیەکجاری وەزعی خۆمان لەگەڵ (برا عەجەمەکانمان) روون کەینەوە، من لەسەر ئەو رایەم کە:

١- نەتەوەی کورد مافی یەکگرتنەوە و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی هەیە و دەبێ بۆ ئەم کارەش ئامرازی تایبەتی خۆی هەبێ.

٢- بزوتنەوەی گەلی کورد بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتیە و بەشێکە لەبەرەی شۆڕشگێڕی جیهانی.

٣- دەبێ هەول بدرێت بۆ بەرەیەکی کوردستانی و ئەم پەرش و بڵاویە بەر بەرەکانی لەگەڵ بکرێت.

٤- ئەم شتانەش بوونی هێڵی سەربەخۆی (چەپ) لەکوردستان دێنێتە گۆڕێ.

دیارە ئەمانەم بۆیە دیاریکردوە چونکە نوختەی جیاوازن لەگەڵ (براکانی) کۆمۆنیستمان لەئێران، بەتایبەت زۆر لەبزوتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوایەتی و یەکگرتنەوەی کوردستان دەپرینگێنەوە وەک کارەبایان لەدەست دەی هەڵدەبەزنەوە، زیاتری لەسەر ناڕۆم دایدەنێم بۆ چاوپێکەوتن و وتوێژی زیاتر، لەبەر ئەوەش نامەم بۆ نەنوسیبووی کەفەرەیدون دەیگوت خۆت دەتەوێ بەو لایەدا بێیت، ئیتر ئاواتە خوازی خۆشی خۆت و ماڵ و منداڵت، حەسەن ماوەرانی ٨٩/٢/٢٣).

١٩٨٩/٣/٤ لەسوید سالۆڕۆژی کۆچی دوایی سەرۆک بارزانی یادی کرایەوە، ئەم شانازیە بەمنیش برابوو کەبەکورتە وتارێک لەیادی ئەم سەرکردە مەزنەی کورد دا بەشداری بکەم، لام وایە وتارەکەم لەژمارە ٣٨ی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) دا بڵاو کراوەتەوە.

نامەی کاک شێخ عەلی هێژا

لەسەرەتاکانی مانگی مارس لەپراگەوە نامەیەکی کاک شێخ عەلی-م پێگەیشت، بۆ ئاگاداری خوێنەری بەڕێز ئەمە هەر ئەو کاک شێخ عەلییە بەڕێزەیە کەلەسەرەتای ئەم بەرگەدا یادم کردە، ئەمەش دەقی نامەکەیەتی:

(هاوڕێ و مامۆستای زۆر بەڕێزم کاك کەریمی حسامی، دەستەکانت بەگەرمی دەگوشم و چاوەکانت ماچ دەکەم لەپێشەوە رەخنەیەکی توند لەخۆم دەگرم بۆ دواکەوتنی ناردنی ئەم نامەیەم کەدەبوایە لەمێژەوە بۆ جەنابت رەوانە بکەم، هاوڕێ گیان باوەڕ بکە ئەگەر بزانی هەندێ جار چەند سەرم قاڵ و ئیش و کار زۆر دەبێت، لەوانەیە هەندێ دڵت نەرم بێت و لێبوردنم قەبوڵ بکەی، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی تریشەوە ئەمەش بەباوەڕیەوە دەڵێم جەنابت وەکو ئەدیب، سیاسی، رۆناکبیر و تێگەیشتوێکی بلیمەتی کورد، جێگایەکی بڵندت لەلای من هەیە.. بەڵکو لەلای هەموو کوردێکی دڵسۆز و ئاشقی پەیڤی راست و شۆڕشگێڕ.

هاوڕێی شیرینم! بەسوپاس و دڵخۆشییەکی مەزن هەردوو کتێبەکانت (کاروانی شەهیدان... و لەپێناو چی دا) بەدەستم گەیشتن، هەرچەندە لەکاتی خوێدا (کاروانی شەهیدان)م لەعێراق هەبوو، بەڵام ئێستا دووبارە و سێ بارە خوێندمەوە و تامێکی ترم لێ بینی بەتایبەت پاش پێداچوون و زێدەکردنی هەندێ راستیتر لەسەر خەباتی ئەو تێکۆشەرانە و خەباتی گەلی کورد لەکوردستانی ئێراندا، ئەوەش زیاتر بۆمنی روونکرد، پاش دانیشتن و ناسینی من بۆ هەندێ ئەو تێکۆشەرانە وەك (مامە غەنی، کەریمی حسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، هێمن، قزڵجی و سەدان تێکۆشەری ونیتر کەچی خەباتیان کردوە، دەرد و مەینەتیان بینیوە... بەڵام توانیویانە رێگای راست بگرن، ببنە شەماڵێك بۆ رۆشنکردنی رێگای راستەقینەی گەلی کورد و مەترسیەکی گەورە خستوویانە دڵی دوژمنی کورد، وەبوون بەبەشێك لەخەباتی پڕ شانازی گەلی کورد لەهەموو

پارچەکانی کوردستان، لەشەستەکان هێشتا لەحیمی گەنجیدا بووم ناوی (مامە غەنی، کەریمی حسامی)م دەبیست، دەمگوت خوایە دەبێ ئەوانە چی بن.. کەراستەوخۆم بینین زیاتر ئەو باوەڕیە لام قایم بوو.

هاوڕێ گیان! بەنیسبەت نامیلکەی (لەپێناو چی دا) ناتوانم بیروڕای خۆمی ئاشکرا لەسەر دەربڕم، چونکە لەوانەیە بەشتێکی تر لێک بدرێتەوە، بەڵام بەرای من تایبەتی شتێکی زۆر جوانت نووسیوە، راستی زۆرت ئاشکرا کردوە، بەڵام دیارە بەختی دوژمنانی کورد باشە، (الحمد لله) و شوکرێك دەکەن، هەتا هەبێت هەر دووبەرەکی و ناکۆکی لەنێوان پارتەکانی کوردستان و بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کورد خەلاس نەبێت!..

هاوڕێی بەڕێزم! با سەرت نەیەشێنم و ماوەم بدە داخوازی ژیانێکی کامەران، تەندروستی باش، ساغی و سلامەتی (وەکو ئێزدی دەڵێن) بۆت بخوازم، چونکە ئەگەر مرۆڤ تەندروستی باشی بوو، مێشکی کار دەکات، بەرهەمی نایاب و پاك دەردێنێ، مێشکت، پەنجەکانت، هەر نەڕزن بۆ وەجێ هێنانی وشەی کوردی رەسەن.

قوربان لەژمارە (۲۰۵)ی (الثقافة الجديده) لێکۆڵینەوەیەکی من دەربارەی (ئێزدیەکان) بڵاوکرایەوە، کەبەدەستم گەیشت دانەیەك بۆ جەنابت دەنێرم، بەڵام لەئێستاوە رەخنەم لێ نەگری نووسینەکە بەعەرەبیە!

ڕێز و سلاوم قبوڵ بکەن، هاوڕێ و برای بچوکت شێخ عەلی سەرەتای/ ئادار/ ۹۸۹ پراگ).

لەئاوارەیی و لەکەش و هەوای ئەوروپادا، دیتن و دیداری دۆست و برادەر و هاوڕێ و هاونیشتمان لەهەموو نیعمەتی دنیا خۆشتر و خەم رەوێنترە، خۆ ئەگەر فرسەتی ئەم دیدار و ئاموشۆیە نەبێ، وەرگرتنی نامەی دۆستان و جوابدانەوەیان رووناکی دەخاتە دڵ و مێشکی ئینسانەوە، من دەتوانم بڵێم جگە لەکاری نووسین و خوێندنەوەی رۆژانەم و خۆشی و تەبایی ماڵەوە، پێوەندی دۆستانە لەگەڵ برادەران، جا چ بەدانیشتن و قسە و باسی خۆش بێ و یانژێ بەگۆڕینەوەی نامەی جوان و شیرین بێت، بوونەتە هۆی لەسەرحاڵ ڕاگرتن و ماندوو نەبوونم لەتێکۆشانی بەردەوامدا.

نامەی دکتۆر ڕەحیمی قازی

لەمانگی مارسی ١٩٨٩ نامەیەکی شادرەوان بەڕێز دکتۆر ڕەحیمی سەیفی قازی م بۆ هات کەوا دەقەکەی بڵاو دەکرێتەوە.

(هاوڕێ و برا و دۆستی خۆشەویستم کاك کەریم: نازانم نامەکەم لەکوێوە دەست پێ بکەم، چونکە لەحاست تۆ، لەحاست چاوەدێری و بیروباوەڕی پاك و خاوێنت، لەحاست هەستی بەڕێزی و بێ دەغەڵیت زۆر تاوانبارم و زۆر عاستەمە بەنووسینی نامە بتوانم پاکانە بکەم و خۆم بەخاوێنی بشۆرمەوە، بەڵام جێگەی شوکرە کەکولانەی تۆبەکردن جارێ ئاوااڵیە.

چەندێك لەمەوپێش هاوڕێی هەردوکمان کاك جەمشیدی حەیدەری کتێبەکەی خۆی بۆ ناردبووم و بەئەرکی خۆم زانی نامەیەکی بۆ بنووسم و سوپاسی بکەم، جا لەنامەکەدا باسی تۆم کردوە و نووسیومە بەکاك

کەریم بڵێ کە (پیاوی باش ئەمن کردم تۆ نەیکەی) یانی تاوانباری خۆم لەحاست تۆدا وەئەستۆ گرتوە و ملم لەمویەك باریکترە..

بەڵێ، پاش دەرچوونی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) بەر لەهەموو کەسێك دەبوایە ئەمن هاوکاریت لەگەڵ بکەم، چونکە هەر لەژمارەی یەکەمەوە ئەو رۆژنامەیە بەکەیف و بیروباوەڕی منە، رۆژنامەیەکە کەلەگەڵ دروشمەکانی ئەو سەردەمەی بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلەکەمان و لەگەڵ چۆنایەتی کۆمەڵایەتی نیشتمانەکەمان یەك دێتەوە و لەحەلی ئێستادا رۆژنامەیەکی وەهامان نییە، بێ شك کەم و کوڕی تێدا هەیە، گەلێك جار نووسراوەکان یەکتر دووپاتە دەکەنەوە، کەمتر فکر دەدرێتە سەر بەسەرهاتەکانی مێژوویی کورد و کوردستان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ئەوانە بەهیچ جۆرێك لەگرینگی رۆژنامەکە کەم ناکەنەوە، هەتا دێت پوختەتر و رەوانتر و باشتر وەبەرچاو دەکەوێت، بەتایبەت لەرووی سیاسیەوە.

هەرچەند کەجێگای پاکانە کردن نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا ناساخی کوڕە جوانەمەرگەکەم دەست و لاقی بەستبووم و بەشی زۆری کاتی خۆم بۆ مودداوا ئاگا لێ بوونی ئەو کوڕە تەرخان کردبوو، کەچی هیچیشم لەدەست نەهات و لەبەرڤاری ٥ی مانگی ئۆکتۆبەری رابردودا لەتەمەنی ١٨ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد و بەتەواوی پەرۆشی کردم، لەلایەکی دیکەوە هەتا ئێستا زۆرم حەول داوە بیروباوەڕ و هەڵوێست و بۆچوونی (روفەقا) لەسەر مەسەلەی کورد بخەمە سەر ریگەیەکی دروست و پێویست و لەو

هەلانەی کەلەئیختیاریاندا هەیە سوود وەربگرین بۆ بزوتنەوەی رزگاری نەتەوایەتی گەلی کورد، لەئەنجامدا بڕیاریاندا کەبەزمانی کوردی رۆژنامە دەربخەن، بەزمانی کوردی وتار بڵاو کەنەوە و زۆر شتی تر، تەنانەت هاتنە سەر ئەوەی کەکتێبەکەی من لەسەر ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پێشەوا نووسیومە بەزمانی فارسی چاپی بکەن و ئێمەش لەگەڵ (حەسەنی ماوەرانی) دانیشتین کتێبەکەمان لەزمانی کوردییەوە وەرگێڕا سەر زمانی فارسی و دامان بەرابەرایەتی، بەڵام ئەوە نێزیکەی ٣ ساڵە نەلەڕۆژنامە و وتار خەبەرێك هەیە و نەلەکتێبەکەی من و بێ شك ئەگەر هەروا بڕوات ناشی کەن و نابێ هیچ چاوەدێرییێکیان لێ بکەی و بەداخەوە لەگێژاوی دوو بەرەکی و خۆ بەزل زانین و قازانجی خۆیی و تیئۆری ویشك و پووچ دا دەخولێنەوە، بەداخەوە مامە غەنیەکەشمان کەوتۆتە ئەو گێژاوەیە و هەرچەند پەلەقاژەی دەکات ڕێ بۆ دەرچوونی نییە، زۆر شوکر کەوەخەبەر هاتوە و بەهەویام سەرکەوێت و منیش ئەوەندەی لەدەستم دێ یاری دەکەم کەنەجاتی بێ.

کاکە گیان هاوڕێ و دۆستی هەردوکمان کاك هێرش بەرگی دوهەمی بیرەوەریەکانی تۆی بەوادەی چەند رۆژ خستە دەستمەوە، لەسەر یەك چوار جار خوێندمەوە و زۆرم پێ خۆش بوو، جارێ بیروباوەڕی خۆمت لەسەر بیرەوەریەکانت بۆ نانووسم و ئەوەی رادەگرم بۆ پاشان و ئەگەر رازی بی بەدرێژی بۆت دەنووسم بۆ لەچاپدانی، بەڵام بەپێویستی دەزانم ئەوە بڵێم لەبەرگی دوهەمی بیرەوەری مرۆڤێکی سیاسی و شۆڕشگێڕ و کۆمەڵایەتی نەدەبوو بەقەحپەبازی و عارەق خۆری پیاوێکی وەك لوقمان

کۆتـایی پـێ بهێنـدرێت، بـەبێ سـەبریەوە چـاوەڕێی بـەرگی سـێیەم و چـوارەمی بیرەوەریـەکانین و بەهـەویام لـەو کـارە بـاش و بەجێیـەدا سەرکەوتووبی.

کاکی بەڕێز! هەروەك بۆ کاك جەمشیدم نوسیوە نوسخەیەکی کتێبەکـەی لەمەڕ پێشەوا لای حەسەنی کوڕمـە، نـازانم ئێـوە هـەلتان هەیـە لەچـاپی بدەن یا نا؟ بەهەر سوڕەت بەهـەویام بـیروڕای خۆتـانم لـەو بابەتـەوە بـۆ بنووسی و حەیفە ئـەو کتێبـە لەبـەین بچـێ، چـونکە بەشـی زۆری نەسـلی ئەوڕۆکەی گەلەکەمان لەمێژووی کۆماری مەهاباد و ژیانی تایبەتی پێشەوا شارەزا نییە و ئەو کتێبە دەتوانێت قوژبنێکی ئەو بەتاڵییە پڕ کاتەوە.

کاك کەریم، ئـیتر نامـەوێ لـەوە زیـاتر وەختـت بگـرم، دەزانم سـەرت زۆر قاڵە، دیسانیش بەهەویام لێم ببووری و ڕەپ و ڕوو پێت رادەگەیەنم کەبۆ هاوکاریت ئامادەم و بەتەواوی هێزی خۆمەوە هەوڵ دەدەم لەمەولا پـتر و زوو زوو سەرت بیەشێنم..

سـڵاو بـۆ دۆسـت و هـاوڕێ و ناسـیاوەکانمان، بـرات ڕەحیمـی قـازی.. ١٩٨٩/٣/١٠).

بەداخی گرانەوە مەرگ مۆڵەتی نـەدا کەلاپـەڕی بـەرگێك لەبیرەوەریـەکانم بەنووسـینی جـوان و بـیروڕای ڕەخنـەیی و بابـەتی نووسـەری شـاکاری (پێشمەرگە) دکتۆر ڕەحیمی قازی بڕازێنمەوە.

ڕۆژی ٨٩/٣/١٤ لەگـەڵ دکتـۆر جەمشـید چـووینە سـەردانی کـاك ئـازاد مسـتەفا لەنەخۆشـخانەی کارۆلینسـکا، وەزعێکـی یـەکجار زۆر شـپرزەی

هـەبوو، شـێرپەنجەی بـێ وێـژدان ویشـکی هـەڵێنابوو، زۆر بەهێـدی و بەئاستەم قسەی بۆ دەکرا، چەند برادەری خۆیانی لەلا بوون، بەیـەکیانی گوت: (کاك کەریم لەبیرمەکەن، کاك کەریم لەسـەر حیزبەکـەمان و لەسـەر خۆشم ئەمەکی هەیە)، بەداخەوە دوا دیدارمان بـوو، رۆژی ٣/١٩ بـەداخ و حەسـرەتی دوور لەنیشـتمانەوە کۆچـی دوایـی کـرد و ئـاواتی ئـازادی و سەربەستی گەل و نیشتمانی بردە ژێر خاك.

رۆژی ٤/٢٥ بـۆ بەڕێکردنـەوەی تـەرمی کـاك ئـازاد مسـتەفا چـووینە فڕۆکەخانە، تەرمەکەیان نارد‌ەوە ئێران کەلەکوردستان بەخاکی بسپێرن.

رۆژی ٨٩/٥/٢ سەفەرم کرد بۆ بولغاریا، چوومە لـێن شـۆپینگ مالّـە کـاك حامیدی گەوهەری کەلەوێوە سواری قەتار بم، لەکاتی خۆیدا نەگەیشتین و قـەتار بـەجێی هێشـتین، بەسـواری ماشـێن وەدوای کـەوتین، بـەلّام نەگەیشـتین، لەگەڕانـەوەدا لامانـدا کـن کـاك کـەمالی گەرۆسـی چـایەك بخۆینـەوە، دراوسـێیەکی تـورکی ئازەربایجـانی ئەنـدامی ڕێکخـراوەی موجاهیدینی خەلّکی ئێرانی هەبوو، تازە دانیشتبووین کابرا هاتە لامـان و لەگەلّ کاك حامید سیاسەتیان دامەزراند، کابرا وەك پیاوان بێ پێچ و پەنا گوتی: (ئەگەر ئێمە بێینە سەر حوکم و دەسەلّات بگرینە دەست تـودەیی و ئەکسەریت و دیموکراتی کوردستان و شـا پەرسـتان قەلّاچـۆ دەکـەین)، ئیتر جەوهەری دیموکراسـی موجاهیـدینمان پـتر بـۆ روون بـۆوە و وازمـان لەباسەکە هێنا.

لەسۆفیا بووم نامەیەکی هاوڕێ و برای بەڕێز و خۆشەویست بـاوکی تـارام

پێگەیشت و منیش وا لاپەڕەیەکی ئەم بەرگەی پێ دەنەخشێنم:

نامەی رێزدار مەلا محەمەدی جوانڕۆیی: (١٩٨٩/٤/١٦ بۆ بەڕێز و هاوڕێی خۆشەویستم مامۆستا کەریمی حسامی سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمم پێشکێشتان دەکەم، وێرای رێز و سڵاوی گەرمم، پرسیارم لەحاڵ و گوزەران و تەندروستیتان کەدیارە ئاشکرایە لاتان، چەندم پێخۆشە چاک و چاڵاک بن هەمیشە و زۆرتر و زیاتر رۆڵتان دیار بێت و داخی رۆژانی سەردەشت و پشتکاو و گوێچکە دەرێ و مەهاباد و خانە و شنۆ و کێشەکان و زۆرانبازیەکان.. بگێڕن و بکەنەوە، لەم بوارانەی تردا کەوەک جاران، بڕوام، باوەڕم پێتان وابوە و هەیە کەپڕ بەپڕی توانا رۆڵتان دیار و سود بەخش دەبێت بۆ سەرجەمی بزوتنەوە شۆڕشگێڕییەکەمان.

کاک کەریم رێز و سڵاوێکی زۆر و گەرمم بۆ خزمەت خوشکە خەجیجەخان و بۆ کاک کەمال و خێزانی پێشکەش دەکەم، ئومێدی خۆشیانم هەیە، هەر لێرەدا بڵێم رێز و سڵاوم بۆ کاک جەمشید حەیدەری پێشکەش دەکەم، بۆ گشت ئەو برایانەی لەرووی لوتفەوە ئێمەیان لەیاد نەکرد بێت و هەواڵێکم بپرسن، نازانم چەندن و کێن و هەرکەس کوێ کەوتوون، با لەرێگای جەنابتانەوە کەوەک عێراقی ئەڵێن موختاری هەموو لایەکمان بیت، واتا برا گەورە و شارەزای هەموو لایەکمانیت، سڵاوم بۆیان هەیە.

هاوڕێم کاک کەریمی حسامی: لەرێگای عەلی برازاتەوە سڵاوێکم عەرز کردیت کەلەمۆسکۆ لای کاک سامانی کوڕی مەلا ئەحمەدی بانیخێڵانی یەکمان گرت بەرێکەوت، پێش ئەوەش لەکوردستانی سوتاو و

خوێناویمانەوە کەلەوێ بووم نامەیەکم بۆ ناردی لەگەڵ نامیلکەیەکی چکۆلانەدا بەئادرەسی رۆژنامە بەڕێزەکەتان- سەردەمی نوێ- کەچەند ژمارەیەکم بۆ دەهاتە کوردستانی عێراق، بەڵام لەنیوەی گشت ژمارەکانی، جا نازانم نامەکەم گەیشتوە یان نا؟ بەڵام زانیم کاك عەلی سڵاوەکەمی گەیاندوە.. بەڵێ قوربان.. دەوران ئاوابوو، بۆ خوێندن، یان بۆ حەسانەوە، یان ناچارانە بۆ یەکەمجار و لەم تەمەنەماندا، ئەوا لەمۆسکۆ خۆم دەبینمەوە، چەند مانگێکە کەمێك حەسانەوەم کردوە و کەمێکیش خەریکم، بەڵام زیاد نییە ئەگەر بڵێم، چونکە هەتا دوارۆژی شەڕ و هەرای خواکورِك- لۆلان و سەر سنوری تورکیا و ئێران و عێراق هەر لەوێ بووم و لەناوەڕاستی ئەیلول دەرکەوتم.. بۆ ماوەیەك هەر زۆر ناڕەحەت بووم.. دیارە ماوەیەك هێمنتر بووم.. بەڵام ژان و دەردی هەواڵی وڵات ئەوا ئێستاش دوو رۆژە هەواڵی دەورە گرتنی (قەڵادزێ و رانیە و ناوچەکان) هەیە کەسوپای سەدام دەوری گرتوون، رایان دەگوێزن بۆ بیابانەکان.. دەیان کوژن، پاك و پیسیان دەکەن، وەك هەڵەبجەی سەربڕاو و پێنجوین و چوارتا و ماوەتی وێرانکراویان لێ دەکەن، وەك کۆیە و دەیان و دەیان شار و شارۆچکەی تریان لێدەکەن، بەڵێ جادرێژەی نەدەمێ، لێرەشم. ژان و ئازارم ئارام نەبۆتەوە... بەهەرحاڵ زۆرم پێخۆشە بەم نامەیە ئەدرەس و تەلفۆنی خۆمت بدەمێ، ئەوا دەشزانی کەوا من ماوەیەی سالێك زیاتریش لێرە دەبم، جا ئەگەر بۆتان بکرێت حەزدەکەم نامە و شتم لێ نەبڕیت، من لەو ماوەیەدا بیستم کەزۆر چاپکراو و بڵاوکراوەتان بڵاوکردۆتەوە کەلەراستیدا کاك عەزیزیش

باسی کردیت، هاوڕێ عەزیز محەمەدی بەڕێزی خۆمان دەڵێم.. من زۆرم پێ خۆشبوو، هەرچەندە جارێ شاد نەبوومەتەوە بەخوێندنەوەیان، دیارە گەر هەبن و خەممان بخۆن، ئێمەش خەمی خەرجەکەی دەخۆین، هاوڕێم پێم خۆشە زۆرت بۆ بنووسم، یان با بڵێم درێژە بەنامەکەم بدەم، بەڵام نازانم لەکوێ و کامەوە دەست پێ بکەم، هەواڵی کوێ و چت بۆ بنووسم.. بۆیە بەجێی دێڵم بۆ نامەیەکی تر کەدڵنیا ببم نامەکەم گەیشتۆتە دەستتان، چونکە من جگە لەئادرەسی رۆژنامەکە هیچی ترم لا نییە، دەزانم هاتووچۆکردنتان لەبەینی سۆفیا و سوید درێژەی هەیە، لەکاك فەخری کەریم زەنگەنە و جەلال دەباغم پرسی هەواڵت چییە هێندێکیان بۆ باس کردم، شاد و سەرکەوتوو بن هەمیشە، برای دڵسۆزتان مەلا محەمەدی جوانڕۆیی واتا باوکی تارا).

نامەی کاك سولەیمانی قادری

رۆژی ٨٩/٥/١١ نامەیەکی کاك سولەیمانی قادری–م پێگەیشت، لەگەڵ سوپاس بۆ هەستی برایانەی وا دەقی نامەکەش بڵاو دەکەمەوە:

(بۆ بەڕێز و خۆشەویست کاك کەریمی حسامی، پێشەکی سڵاوێکی گەرم و بەتین ئاڕاستەی تۆی بەڕێز دەکەم و هیوام خۆشیتە بەو هیوایە کەهەموو کاتێك سەرکەوتوو بیت.

کاکی بەڕێز زۆر ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ خێزانەکەت واتە مامۆستا و منداڵەکانت، لەبەرئەوەش سڵاوم بۆیان هەیە کەپیاو بەسەرهاتەکان دەخوێنێتەوە لەگەڵ ئێوە دەبێت بەدۆست و ناسیار جا لەبۆیە دووبارە سڵاوم هەیە.

کاکە گیان نووسراوەکانم بەتەواوی وجود خوێندنەوە، یانی بۆ خۆم خۆم بەبەشدار دەزانی لەبەسەرهاتەکان لەبەرئەوەی ئەوەندە بەجوانی نووسراون بەکوردییەکی زۆر پەتی و بەبێ کەلّك وەرگرتن لەوشەی زۆر قورس و گران و پیاو هەست بەهەموو شتەکان دەکا و خۆی بەبێگانە نازانێ لەبەرامبەر وشەکان وەئەوە بەبڕوای من شتێکی زۆر بەنرخە.

لەبارەی مێژوویی‌یەوە هەر باسی ناکرێ زۆر شت روون دەکاتەوە، زۆر شت وەدەردەخا کەکەس تاکو ئێستا یا نەیوێراوە بیاندرکێنێ یا نەیزانیوە و یا خۆی نەیویستوە باسیشیان بکا، وەکو کورد دەڵێ: ئەوەی بن بەپەی هێناوەتە سەر بەپەی، دیارە زۆر شتی تێدایە کەئەگەر پیاو بیهەوێ بیروبڕوای خۆی سەبارەت بەهەموو شتەکان بنووسێت دەبێ بەقەدەر بەسەرهاتەکانی تۆ کاغەز پڕکاتەوە، لەسەر هەر دێڕ و وشەیەك بیروبڕوای خۆی بنووسێ، نازانم چۆن رایبگەیەنم و بیهێنمە سەر زمان و بینووسم، زۆر شت لەمێژووی گەلی کورد بەتایبەتی لەکۆماری مەهاباد نەگوترابوون یاخۆ من نەمبیستوە و گوێم لێ نەبوە وەك لەبەسەرهاتەکانتدا هێناوتە بەرچاو بەتایبەتی ئەودیوی کوردستانی گەرمێن لەزمانی مەلا مستەفاوە زۆر قسە دەکرا و زۆر شت پیاو گوێی لێ دەبوو بەڵام جێی باوەڕ نەبوون.

کاك کەریم هەرچەند بنووسم هێشتا زۆر لەوە کەمترە کەدەبێ بینوسم، ئیتر نامەوێ زیاتر وەختت بگرم، بەوهیوایە کەبتوانی بەسەرهاتەکانت بەتەواوی بیاننووسی و بیان خەیە ژێر چاپەوە، تکایە بەسەرهاتەکانت، بەرگەکانی دیکەش هەر بدە بەکاك فەردینی قادری کەپێم دەگا، برای

بچوکت سولەیمان قادری، ٨/٥/٨٩).

سەفەر بۆ لهستان

شلێرێ کچم هەرچەندە دکتۆری منداڵان بوو، بەڵام لەبوڵغارستان بێکار مابۆوە، دووجار داوەتنامەم بۆ نارد، ئیدارەی بێگانانی سوید ڤیزای نەدایە بەمیوانیش بێتە کن دایك و بابی، خەبەرم دایە بچێتە لهستان، بەڵکو بتوانێ لەوێوە بێتە سوید، شلێر هاتبوە لهستان و میوانی برادەرێکی گەلێك جوامێری هەولێری بوو بەناوی مەدحەت.

رۆژی ٨٩/٥/٢٩ لەگەڵ فەهد گەردەوانی سواری پاپۆڕ بووین بۆ لهستان، کاك رەفیق سابیریش هاتبوو، یەك دوو رۆژ لەوارشۆ بووین و پاشان هاتینە ئەسکلەی (شڤینۆویشچێ) کەلەوێوە پاپۆڕ بۆ سوید دەهات، دوای رۆژێك مەحتەل بوون و هەوڵ و تەقەلایەکی زۆر و ٧٠٠ دۆلار بەرتیل، کاك رەفیق و شلێرمان سواری پاپۆڕ کرد و رۆژی ٨٩/٦/٣ لەسوید لە (ئیستاد) دابەزین، پۆلیس وەریگرتن، لەبەرئەوەی شلێر پاسپۆرتێکی ئیجازە سەفەری بولغاری پێبوو، رێگایان دا بۆ دە رۆژ بیهێنمە ستۆکهۆڵم، بەو مەرجە دوای دە رۆژ بیبەمەوە ئیستاد، لەستۆکهۆڵم چووینە پۆلیس بەڵکو هەر لێرە وەریبگرن، پۆلیس گوتی: چونکە لەئیستاد دابەزیون، دەبێ بچنەوە ئەوێ و پۆلیسی ئیستاد بڕیار دەدا، رۆژی ٦/١٢ چووینە لین شۆپینگ، لەگەڵ کاك حامیدی گەوهەری چووینە ئیستاد، دەبوایە شلێر بەجێ بێڵێن تا پۆلیس پرسیاری لێدەکا و بڕیار دەدا، شلێر زۆر ناڕەحەت بوو، کچەکەی (مێری) دەگریا، منیش زۆر

بەپەرۆش بووم، بەڵام هیچ نەدەکرا. بەجێمان هێشتن و گەڕاینەوە، پاش ماوەیەک شلێریان ناردە شیمال و دوای چەند مانگ وەریانگرت و زۆر زووش شەهادەی دکتۆریان بەشەهادەی سویدی بۆ گۆڕیەوە و ئێستا وەک دکتۆری منداڵان کار دەکا، بەداخەوە نەگەیشتە ئەم ئاوات و ئەو ئامانجە کەلەمندالّیەوە چووبوە دەمێشکی کەببێتە دکتۆر و منداڵانی کورد عیلاج بکا و هەرچی فەقیر و نەداریش بێ، پارەی لێ وەرنەگرێ و یارمەتی بدا، ئێستا وەک دکتۆرێکی پسپۆڕ لەسوید کار دەکات، بەداخەوە دەسەڵاتدارانی ئێستای کوردستان کارێکی وایان نەکردوە کەدکتۆر و زانا و نووسەر و روناکبیری کورد بوێرن بچنەوە نیشتمانی خۆیان و تێیدا بژین.

دیدار لەگەڵ هێژا مەسعود بارزانی

مانگی ٨٩/٦ سۆسیال ئینترناسیۆنالّ لەسوید کۆنگرەی هەبوو، کاک مەسعود بارزانی وەک سەرۆکی بەرەی کوردستانی عێراق داوەت کرابوو، پێم خۆش بوو لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرم و چاوم بەکاک مەسعود بکەوێ، رۆژی ٨٩/٦/٢٨ برادەرێکی پارتی بەدوامدا هات کەبچمە لای کاک مەسعود لەماڵی کاک جەوهەر نامیق لەستۆکهۆڵم کەچووم دکتۆر رۆژ شاوەیسیشی لەلابوو، بەرلەوەی دەست بەقسان بکەین گوتم: (کاک مەسعود با گلەییەکت لێ بکەم، تۆ دەتویست چاوت بەمن بکەوێ لەقەبرسەوە تەلەفۆنت بۆ کردم، لەبولغاریاوە هاتمە قەبرس، بەڵام من لەسیلوانا هاتمە مالّتان، دەمویست تۆ ببینم، لەسەر ئەو باوەڕەش بووم

چاوپێکەوتنەکەم تەئسیری دەبوو بۆ ئەوەی کەلەکوردستان لەنێوان پارتی و حیزبی دیموکرات دا شەڕ و کێشە روو نەدا، بەڵام تۆ خۆت بەمن نیشان نەدا).

کاك مەسعود گوتی: (هەقتە، بەڵام ئەودەم هیچ لەدەست منـدا نـەمابوو، بۆیـە نـەدەکرا چـاوم پێـت بکـەوێ)، باسـی بـارودۆخی کوردسـتان و سیاسەتی جیهانیمان کرد، کاك مەسعودم بەسیاسیەکی هێدی خاوەن بیر و دڵسۆزی مەسەلەی کورد هاتە بەرچاو، ئـەو بۆچـوونەم لەکۆبوونـەوەی جەماوەری رۆژی ٦/٣٠ لەئاخافتنەکانی کاك مەسعود دا پـتر بـۆ مسـۆگەر بوو، لام وایـە هـەوەڵین رێبـەری حیزبێکـی کـوردی بـوو کەلـەدەرەوە بـۆ خـەڵك قسـە بکـا و خـەڵك بەچـەند هـەزار پێشـمەرگە و چـەند هـەزار شەهیدەوە رانەنێ و خۆ هەڵنەکێشێ، هێندێ رستە و وشـەی قسـەکانی کاك مەسعودیم لەکۆبوونەوەکەدا یادداشت کردوون وەك: (مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی گرێ پوچکەیە، پێویستە بەوردی بیری لێ بکرێتەوە، چونکە پێوەنـدی بەچارەنووسـی کـوردەوە هەیـە... کـاتی ئـەوە هـاتوە کەدانیشتنێك ساز بکرێ هەموو حیزب و کەسانی نیشتمانپەروەر بەشداری بکەن و بزانین چ دەکەین. مەسەلەی کورد مەسەلەیەکی سیاسیە، عەقڵ و مـەنتق داوا دەکـا کـەبیری لێ بکەینـەوە و لـەرێگای ئاشـتی مەسـەلەکە چارەسەر بکەین.. پێویستە بیر بکەینەوە و لەسەر مستەوای نەتەوایـەتی کوردسـتان زانایانـەتر خـەباتی سیاسـی بکـەین و سـتراتیژی نەتەوایـەتی دابڕێژین.. ئێمە درێژە بەخەبات دەدەین، بەڵام هەر لـەو کاتەشدا دەبـێ عەقڵیـەتی خۆمـان بگـۆڕین و چـاوێك بەسیاسـەت و سـتراتیژی خۆمانـدا

بخشێنینەوە...).

شەهید بوونی دکتۆر قاسملۆ

رۆژی ٧/١٣ خەبەری کوشتنی دکتۆر قاسملۆ بڵاوبۆوە، خەبەرێکی داخدار و سامناك بوو، دکتۆر قاسملۆش بۆ کۆنگرەی سۆسیال ئینترناسیۆنالّ داوەت کرابوو، ئەو سۆسیال ئینترناسیۆنالّەی کەدکتۆر قاسملۆ هەوڵێکی یەکجار زۆری بۆ دابوو بەڵکو بەئەندامی وەربگرن و ئەگەر نا هیچ نەبێ بۆ کۆبوونەوەکان داوەتی بکەن، ئەو سۆسیال ئینترناسیۆنالّەی کەدکتۆر قاسملۆی شەهید لەکتێبەکەی خۆیدا ئاوای باس دەکات: (لێرەدا دەردەکەوێ کەرابەرانی ئینترناسیۆنالّی دووهەم هیچ کاتێك نەیانویستوە دیفاع لەمافی گەلی کورد بکەن، بەڵکو هەمیشە ویستویانە رێگا لەجوڵانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کورد بگۆڕن و بیخەنە ژێر دەسەڵاتی ئیمپریالیزم و دەست و پێوەندیەکانی و هەر لەو رێگایەشەوە بەرگێکی دژی گەلی و دژی سوێتی بەبەردا بکەن، ئەو هەوڵ و تەقەڵایەش بەتەواوی لەگەڵ نەخشە و پلانەکانی ئیمپریالیزم رێکدەکەوی)[٢]، رەنگە بگوترێ دنیا گۆڕانی بەسەردا هاتوە بۆ دەبێ دکتۆر قاسملۆ گۆڕانی بەسەردا نەیە و ١٨٠ دەرەجە بانەداتەوە. (لەبەرگی دووەمی پێداچوونەوەدا پتر ئەم مەسەلەیە روون دەکەینەوە).

رۆژی ٧/٢٢ لەستۆکهۆڵم سەرەخۆشی بۆ دکتۆر قاسملۆ دانرا لەسەر زانایی و هەڵکەوتویی دکتۆر قاسملۆ لەنێو کۆمەڵی کوردەواریدا قسەم

---

(٢) د. عەبدولڕەحمان قاسملو، کوردستان و کورد، ١٩٧٣ کوردی ل٦٥.

کرد و داخی خۆم لەو کارەساتە سامناکە دەربڕی، بەدوای ئەوەدا یەدابی ناحەزی کوردی پاشملە رەخنەی تێکەڵ بەقین و بوغزی شەخسی هێندی کەسی خۆپەرست بەرچاو تەنگی فشەکەر بڵاوبۆوە کەمن چووم بەبۆنەی شەهید بوونی دکتۆر قاسملۆ راستیم دەربڕیوە و گوتوومە کوڕە ڕانا و سیاسەتمەدار و شەخسیەتێکی گەورەی لەکیس چوو.

ڕۆژی ٧/١٩ چوومە فیدراسیۆن کەناوی خۆم بنووسم بۆ بەشداری لەناشتنی دکتۆر قاسملۆدا لەگەڵ برادەرانی دیکە بچمە پاریس، چونکە بۆچوونی پاریس داوای ڤیزای بەکۆمەڵ کرابوو فڕۆکەش بەکۆمەڵ گیرابوو، سەلیمی بابانزادە کەکوێخای ئەم سەفەر ڕێکخستنە بوو، وەك پیاوان فەرمووی ناوەکان هەموو ناردراون بۆ سەفارەتی فەرانسە و ئیتر ناو نانووسرێن، چوومە باڵیۆزخانەی فەرانسە، گوتیان دەبێ حەوتوێك چاوەڕان بی، نەمتوانی سەفەر بکەم، پاشان بەبۆنەی تێپەڕبوونی سێ مانگ بەسەر شەهید بوونی دکتۆر قاسملۆدا، لەژێر سەرخەتی (خوێنێك کەبێدەنگەی لێکرا لەژمارە ٤٤ی ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێ)دا وتارێکم بڵاو کردەوە بۆ مانەوە لەبیرەوەرییەکانمدا هێندێ رستە و کۆپلەی لێرەشدا بڵاو دەکەمەوە: (پتر لەسێ مانگ لەشەهیدبوونی زانا و سیاسی هەڵکەوتووی کورد، دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملۆ سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و عەبدوڵڵا قادری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئەو حیزبە تێدەپەڕێ.

سێ مانگ و سێ ساڵ و تەنانەت دەیان ساڵیش ئەو جنایەتە لەبیر

ناچێتەوە و لەمێژووی خەباتی گەلی کورددا بەکارەسات دەناسرێ، بەڵام بەداخەوە هەروا زوو لەو سێ مانگەدا پەردەی کش و ماتی و بێدەنگی بەسەر ئەم کارەساتەدا کشاوە و هەروەك هیچ نەقەومابێ و کەس نەکوژرابێ و کوردیش هیچ تێکۆشەر و زانای لەکیس نەچووبێ وایە، دەوڵەتی ئوتریش کەبەردی (بێلایەنی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ) لەسینگی دەدا و حیزبی حاکم کەدۆستی حیزبی دیموکرات و دکتۆر قاسملۆ بوو لەئاست ئەم جنایەتە کەلەوڵاتی ئەواندا رووبداوە خۆی بێدەنگ کردوە... پۆلیسی ئوتریش باش دەزانێ کەپیاو کوژانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەستیان لەو رەشە کوژیەدا هەبوە، بەڵام سەبارەت بەپێوەندی بازرگانی و سیاسی و ئابووری تا ئێستاش ئامادە نەبوون پەردە لەسەر ئەم جنایەتە لابدەن و کارگێڕ و بەرپێوەبەرانی ئەم رەشە کوژیە بەدنیا بناسێنن....

ئەم خۆ گێل کردنەی دەوڵەتی ئوتریش و بێدەنگی دەوڵەتانی تری بەناو (لایەنگری مافی مرۆڤ و دادپەروەری) جارێکی دیکەش ئەم راستیەمان نیشان دەدات کەبەیت و باوی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەلای ئەو حکومەتانە گشتی لەژێر چەرخی بەرژەوەندی ئابووری و پێوەندی دیپلۆماسیدا ورد و خاش دەبێ و میللەتی بێ گیان و بێ دەسەڵات و بندەستیش کەس.... بەکڵاوی ناپێوێ... هێندێ کەس و رێکخراوی ئەوتۆش هەبوون کەلەنووسین و خەبەردانی خۆیاندا لەگەڵ مەحکوم کردنی ئەم جنایەتەش ویستوویانە خەنجەر لەتەرمی بێ گیان بدەن و یا پەردەیەکی رەش بەسەر کردەوەی جنایەتکارانەی کۆماری ئیسلامیدا

بکێشن... ئەوەی لێرەدا جێگای باسە ئەوەیە کەهەق نەبوو هێزە سیاسیەکانی کورد تەنیا بەمەحکومکردنی رەشەکوژی و داخ و پەژارە دەربڕین و پرسە و سەرەخۆشی واز بێنن، چاوەڕوان دەکرا هێزە سیاسیەکانی کورد کۆمیتەیەک لەپسپۆر و حقوق زانانی کورد و بێگانە پێك بێنن تا وەدوای ئەو مەسەلەیە بکەوێ و داوای رووبەرووبونەوەی ئەم جنایەتە و دادگایی کردنی جنایەتکاران بکات... بۆ دەرس وەرگرتن لەمێژوو لەباسی ئەم مەسەلەیەدا لەگەڵ دەربڕینی داخ و پەژارە ناکرێ باسی دیاردەیەکی دیکەش نەکەین کەبۆتە هۆی ئەم کارەساتە، ئەوەش بریتییە لەتەك پەرستی و نەبوونی دیموکراسی نێو حیزبی و رێگا نەدان بەراهاتن و ئیبتیکار و فێربوون و گوڵکردنی ئەندامان لەحیزبی دیموکراتدا، بەکوشت چوونی دکتۆر قاسملۆ بەرهەمی ئەو سیاسەت و رێوشوێنە بوو کەخۆی لەحیزبی دیموکراتدا دایڕشتبوو، دکتۆر قاسملۆ نەیدەویست لەحیزبی دیموکرات دا بێجگە لەخۆی کەسیتر هەبێ و گۆڵ بکات و بناسرێ و کار راپەڕێنێ، نەخۆ ئەگەر وانەبێ چۆن سکرتێری حیزبێك و شەخسیەتێکی ناسراوی نێو نەتەوەیی وەك دکتۆر قاسملۆ دەچێ دەگەڵ پاسدارێکی پیاوکوژ و کاربەدەستێکی دەرەجە بیست بەبێ پارێزەر و نۆبەچی لەژووری کابرایەکی دیکە دادەنیشێ وتوێژ دەکات...) بۆ بڕواکردن نابێ قاسملۆ وا بەهاسانی فریوی خواردبێ و بەداوێوە بووبێ، بەند و بەستی ئەو کارەساتە لەژێر تەم و مژی تۆخی سیاسەت و ڕوو تەنکی رێبەرانی حیزبی دیموکراتدا شاردراوەتەوە، مەلا عەولای حەیاکی کەجێگای قاسملۆی گرتۆتەوە و بەدرۆ فرمێسکانی بۆ

هەڵدەوەرێنێ و بوتی لێ دادەتاشێ، باشترە ئەو غیرەتەی هەبێ کەرازی بەداوەوە بوونی دکتۆر قاسملۆ و شەهید کردنی بۆ خەڵك روون کاتەوە و شانازی بەناردنی پرسە و سەرەخۆشی بێگانان نەکا و خەڵك نەخاپێنێ وردە فرمێسکی تیمساحانەی بۆ نەڕێژێ.

وتوێژێکی چاپەمەنی لەگەڵ کوردستان پرێس

لەسەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ١٩٨٩ هەڤاڵدەری رۆژنامەی (کوردستان پرێس) کەبەزمانی تورکی و زاراوەی کوردی کرمانجی لەسوید دەردەچوو، وتوێژێکی دوور و درێژی پڕ لەپرسیار و بەرسیڤی لەگەڵ کردم کەدەقەکەی لەچوار ژمارەی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)دا بڵاو کراوەتەوە، لەبەر زۆری بابەتەکە بەپێویستی نازانم بەشی هەوەڵی کەباسی هەلومەرجی پێکهاتنی کۆماری ١٩٤٦ی کوردستان و چۆنیەتی بەڕێوەچوون و هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری و زۆریشم لەسەر نووسیوە، لێرەشدا لاپەڕەکانی پێ رەش کەمەوە، بەڵام بەشەکانی دیکەی ئەم وتوێژە لێرەدا بەپێویست دەزانم و دەیخەمە بەرچاوی خوێنەرانی بەڕێز:

پرسیار: باشە مامۆستا شۆڕشی کوردستانی عێراق ساڵی ١٩٦١– ١٩٧٥ بوو بەهێزێکی مەزن و تەقریبەن هەموو کوردستان– سەتی ٩٠ی کوردستان کەوتە دەست هێزی پێشمەرگەی پارتی، حکومەت ناچار بوو لەگەڵ پارتی دیموکرات موافەقەتی یازدەی ئازاری چێ کرد، لەگۆڕ ئەو موعاهەدەیە کورد گەلێك مافی باشی کەوتە دەست، بەس پشتی دەمێکی شەڕ وەستاندنی ساڵی ١٩٧٤ گاوا شەڕ دەستی پێکرد دیسان، دەبێژن

(١٢٠) هەزار پێشمەرگە هەبوو دەناو چەند رۆژێکدا تێکچوو، تشتێك نەما، پشتی وەستاندنی شەپی ئێران و عێراق، شۆڕشا کوردستانی عێراق چ لەناوچەی بادینان و چ لە منطقەی سۆران (١٥) هەزار کیلۆمیتری مربع خاکی رزگارکراو هەبوو، عێراق لەماوەی حەفتێکیدا ناوچەی رزگارکراوی لە منطقەی سلێمانی داگیرکرد، کەدوای مانگی شوباتی ١٩٨٨ سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی لەوێ بوو، پشتی نابەینی ٢٨ی ئاغوستوسی وێ گاوێ لەناو سێ رۆژاندا ناوچەی بادینانی دیسان داگیرکرد، ئەو چوا دەبێ؟ یانی مادام پۆتێنسیالێکی وا مەزن هەیە، وەخەڵکی لەگەڵە وەکی کۆماری مەهاباد، وەکی شۆڕشی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی مەلا مستەفای رەحمەتی وەشۆڕشی کوردستانی عێراق کو نها لەژێر سەرۆکایەتی جەبهەی کوردستانی عێراقدایە، ئەز باسی کوردستانی ئێران ناکەم ئەویش نمونەیەکی مەزنە، پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و چەند هێزێن دیکە هەموو کوردستانی ئێرانیان لەبن دەست دابوو، پشتی جیهادا خومەینی لەماوەیەکی کورت ئەو ناوچەیە لەدەست وان دەرکەوت، وێ ژێ کورد چوا ببینێ، چییە؟ چوا، یانی شتێکی عەنتیکەیە، لەدنیادا شتی وا نییە، یانی وڵاتێکی رزگار بکەی، هێزی چەکدار هەیە، هێزی سیاسی هەیە، تەقریبەن پێوەندی دەرەوەی دیپلۆماسیش هەیە، لێ لەناو حەفتێکیدا، یا لەناو مەهێکیدا، یا لەناو سێ رۆژدا، تێك دەچێ ئەو چییە؟ یانی حەرەکەی تەڤگەرا کوردی نەکارێ لەسەرخۆ و لەسەر پارچێکی وڵاتی خۆی ببیە ئۆتۆریتە و پارێزگاری بکا، چوا دەبێ، یانی ئەو پۆتێنسیالێ کوردی لەناو حەفتێکیدا

لەبەین دەچێ؟

وەڵام: پرسیارەکەت گەلێك مەنتقیە، لام وایە وەڵامی ئەو پرسیارە بۆ گشت میللەتی کورد مەسەلەی رۆژە، خەڵك بەهەق بیر لەوە دەکاتەوە کەبۆچی خەباتی کورد وا تووشی ئەم تەنگ و چەڵەمانە دەبێ؟

بەڵام وەڵامدانەوەی ئەو پرسە هەروا هاسان نییە، زەحمەتە مرۆڤ بتوانێ ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی واقیعی و بەراستی لەوتوێژێکی رۆژنامەگەریدا لێك بداتەوە، من لەکوردستانی ئێرانەوە دەست پێدەکەم، پاش شۆڕشی گەلانی ئێران نزیکەی هەموو ناوچەکانی کوردستانی ئێران بەدەست هێزە سیاسیەکانی کوردەوە بوو، دیارە هێزی سەرەکی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەو هێزەی ئێمە لەکوردستانی ئێران هەمان بوو، ئێستاش کەم دەوڵەتی ئەفریقایی هەیانە، لەسەربازخانەی مەهاباد ١٢ تانگ، ٢٨ تۆپی دوور ئەنگێوی سەحرایی، ٨ موشەکی تاو، نێزیکەی ٣٠ هەزار ماشێنی ئەرتەشی، چەکی سوك و قۆرخانەش بێ ئەژمار کەوتە دەست حیزبی دیموکرات، ئەو ئازوخە و خواردەمەنی کەلەعەمبارەکانی سەربازخانەی مەهاباد مابۆوە، ئەگەر بەباشی و بەرێك و پێکی سەرپەرشتی کرابا و پارێزرابا و هەرکەس بۆ خۆی بەماشێنان نەی بردبا و لەگوندەکان نەی شاردباوە، بەشی شەش ساڵی شەڕی پارتیزانی دەکرد، بەڵام بێ ئینزیباتی، هەرکەس هەرکەسی، بەربڵاوی و بەرەڵایی، بەسەر دیسیپلین و دڵسۆزیدا زاڵ بوو، تۆ پرسیت بۆچی کۆماری کوردستان کادری نەعاملاند؟

ئێمەش هەر ئاوامان بەسەرهات، دە دوازدە کەس بەناو رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات دوای شۆڕش لەدەرەوەرا گەڕاینەوە، بەڵام لەماوەیەکی کەمدا هەزاران کەس رووی کردە حیزبی دیموکرات... لەجیاتی پەروەردەکردنی کادر و رێکخستنی حیزبی تووشی شەڕ بووین، شەڕی پاوە، شەڕی نەغەدە، شەڕی سنە، شەڕی سەرانسەری کوردستان، ئیتر وای لێهات هەرکەس چەکی هەڵگرتبایە و وەشاخی کەوتبا، بەحیزبی دەناسرا و رەگەڵ دەکەوت، ئێمەش شانازیمان بەوە دەکرد کەچەکدارمان زۆرە، مەسەلەیەکی دیکەش جێگای تێڕامانە، ئەویش پەیدا بوونی ئانارشی و گێرەشێوێنی بوو لەکوردستاندا، هەرچی چەپی خواروو بەناوی شۆڕشگێڕی ئێرانی بوو لەبەشەکانی تری ئێرانەوە رایان دەکرد و دەهاتن لەکوردستان بەناوی رێکخراو و حیزب و چی و چی دەستیان دەکرد بەئاژاوە، حیزبی دیموکرات دەینووسی: (کوردستان پاوانی هیچ کەس نییە و هەموو دەستە و تاقمێك دەتوانن لەکوردستان تێکۆشانی سیاسیان هەبێ) بەڵام چ تێکۆشانێك؟ دیارە سەبارەت بەرەوتی دیموکراسی ئەوە کارێکی باشبوو، بەڵام لەلایەکی تر دەبوو بەئاژاوە و سەر لێشێوانی خەڵك، کاتێ رژێمی کۆماری ئیسلامی شەڕی بەسەردا سەپاندین، دەبێ هەروا بگوترێ، چونکە بەراستی حیزبی دیموکرات نەیدەویست شەڕ بکا، بەڵام کاتێ شەڕ بەری دەرکی پێگرتین، تاکتیکی شەڕمان نەدەزانی، هیچ شت لەجێی خۆی نەبوو، پاشان لەبەرانبەر تۆپ و تانگدا شەڕی جەبهەیی دەکرا، پێشمەرگە لەبەرانبەر تۆپی سەحراییدا رادەوەستا و قارەمانانە شەڕی دەکرد و شەهید دەبوو، بۆ نمونە لەبەری پیرانان لەرۆژێکدا ٢٩

پێشمەرگەی حیزب شەهید کران... ئێمە لەئاخافتن و نووسیندا دەمانگوت: ٢٠ هەزار و ١٢ هەزار پێشمەرگەمان هەیە، خۆزیا لەجیاتی ئەوە ٢ هەزار پێشمەرگەی کارزان و پەروەردەکراومان هەبا و لەسەرەتاوە تاکتیکی شەڕی پارتیزانی بەکارهاتبا، بەکورتی تا ساڵی ١٩٨٤ هێزەکانی کوردستان نەیانتوانیوە بەتەواوی تاکتیکی شەڕی پارتیزانی بەکاربێنن کەشێوەی رەسەنی خەباتی جوڵانەوەی رزگاریخوازی و شۆڕشگێڕیە، یەکی دیکە لەهەڵەکانی حیزبی دیموکرات ئەوەبوو کەپڕانی شەڕی لەناوچەی موکریان و بەرەو سنووری عێراق تەنگەبەر کردبوو.... هەڵەیەکی تر شەڕی نێو شار بوو، هەرچەند دەفتەری سیاسی بڕیاری دابوو کەشەڕی نێو شاری نابێ بکرێ، بەڵام قەت ئەو بڕیارە نەهاتە جێ، لەشەڕی نێو شار زیانێکی گەورەمان پێگەیشت، تا من بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد بووم لەشەڕی نێو شار پێشگریم کرد، ١٧ رۆژ دوای سەفەری من شەڕی نێو شاری مەهابادیان ساز کرد، ماوەی ١٥ رۆژ حکومەتی ئیسلامی لەعەرز و لەحەوا مەهابادی بۆمباران کرد، سەفەری من لەو هەلومەرجە ناسکەدا دەبێ بڵێم یەکێ لەهەڵەکانی تێکۆشانی سیاسیم بوو، ئەوانە و گەلێك نمونەی تر دەری دەخەن کەکورد بەر لەهەر شت لەسەر چەك پێ دادەگرێ، بێ ئەوەی بتوانێ کەهەم چەك بەتەواوی بەکار بێنێ و یا هێزێکی ئەوتۆی هەبێ کەلەرێگای چەکەوە بتوانێ سەرکەوێ، بۆیە بەلای منەوە کورد پێویستە تاکتیك و سیاسەتی دیکەشی هەبێ و لەرێگای سیاسیشەوە بتوانێ کاربکا، دەکرێ باسی شۆڕشی مەلا مستەفای رەحمەتیش بکەین پاش

١٩٧٤، ئێستا ئەم دبێژین ئەو خاسیەتی رژێمی بەعس بوو، شەڕی پێ دەفرۆشتین، زۆر راستە، دوژمن شەڕمان پێ دەفرۆشێ، بەعس ئەودەم شەڕی پێ دەفرۆشتین، حکومەتی ئێرانیش شەڕمان پێ دەفرۆشێ، بەڵام داخوا ناکرێ لەبەرانبەر شەڕ پێ فرۆشتنی دوژمندا، ئێمە سیاسەتێکی ئاوامان هەبێ کەنەخشەی دوژمن پووچ کاتەوە و بۆ خاتری ئامانجێکی دوور، هێندێ نەرمی نیشان بدەین تا بتوانین لەباری سیاسیەوە بچینە پێش و خۆ رابگرین؟ بەڵای منەوە یەکێ لەهۆیەکانی ئەم بارودۆخەی بەسەر کورد دا دێ ئەوەیە کەکورد لەسەر ئامانج و داخوازی خۆی ساخ نەبۆتەوە یان لەبڕیار و کردەوەکانیدا سەربەخۆ نییە.

پرسیار: باشە ماموستا ئەوە هەشت ساڵە شەڕی ئێران و عێراق دەوام دەکا، پارتی دیموکراتی ئێران و هێزی تری کورد لەکوردستان زۆر بەقەوەت بوون، پێشمەرگە هەبوو، چەك هەبوو، هەموو شت هەبوو، بەڵکو دنیاش دژی خومەینی بوو، لەعێراقیش کوردی عێراق پشتی ١٩٧٦، دەمێ کو شەڕ دەست پێکرد، یەکێتی نیشتمانی و پارتی خەراپ نەبوون، هێزی چەکداری وان هەبوو، مەقەڕی وان هەبوو، شەڕ هەشت ساڵ دەوام کرد، دوو میلیۆن مرۆ هاتنە کوشتن، پشتێ شەڕ وەستاندنا لەناو سێ رۆژاندا شۆڕشێ کوردستانی عێراق بە ١٥ هەزار کیلۆمیتری مربعەوە تشتێکی لێ نەما، ئەوە چوا دەبێ؟ چەوا ئیزاح دەکەن؟ ئەم دەبێ چەوا بکەین؟ یانی پۆلیتیك یان داخوازی سیاسی هێزێن کوردی غەڵەتە، یان تاکتیکی شەڕ غەڵەتە، یان دیپلۆماسی غەڵەتە، چ سەبەبێکی هەیە، لەدنیادا نەهاتیە دیتن، چەوا کو مەلا مستەفای رەحمەتی گۆت ئەز

نەکارم شەڕ بکەم، فەرمو کێ دەخوازێ شەڕ بکا، بلا بکا، کەس شەڕی نەکرد؟

وەڵام: بەنەزەری من جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد، خاوەنی دروشمێکی سیاسی تەواو نییە، ئەگەر نەڵێم غەڵەتە دەتوانم بێژم تەواو نییە، من پێم وایە شۆڕشی گەلانی ئێران و بەدوای ئەودا شەڕی ئێران و عێراق دەرفەتێکی باشی بۆ میللەتی کورد رەخساندبوو، هێزە کوردییەکانی کوردستانی عێراق، ئەوانەی لەئێران بوون، مەبەستم پارتییە ئەگەر بەراستی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یەکیان گرتبایە، سیاسەتێکی رووبی موشتەرەکیان هەبایە، حکومەتی خومەینی بۆ هێندێ مافی کورد و یا داخوازی ئێمە ملی رادەکێشا، کوردستانی ئێران دەبوو بەناوەندێکی مەسەلەی کورد، بۆ بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، بەداخەوە ئەوە نەکرا، ئەو شەڕەی لەنێوان ئەو دوو هێزە کوردیەدا ساز بوو، لەمێژوودا بەشەرم و شورەیی تۆمار دەکرێ، پاشان شەڕی ئێران و عێراق دەرفەتێکی گەورە بوو بۆ کورد، دەرفەت لەوەدا بوو کەکوردەکانی ئێران و عێراق یا هەر بڵێم هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئەم دوو وڵاتە، مەبەستم کوردەکانە، یەک بگرن، دابنیشن و ستراتیژی و تاکتیکی پەسند بۆ مەسەلەی کورد دابڕێژن، نەک بۆ کوردی عێراق و یا ئێران، نەک بۆ خودموختاری حەقیقی یا غەیرە حەقیقی، بەڵکو بۆ مەسەلەی کورد و بۆ مافی میللەتێکی ٢٥ میلیۆنی، خۆیان دەشەڕی ئێران و عێراق وەرنەدابا، هێزی خۆیان پاراستبا و لەناوچەی خۆیاندا، خۆیان قایم و بەهێز کردبا، بەڵام کاتێ ئێمە دەچین پاڵ وەحکومەتی ئێران و عێراق دەدەین، لەوەش

زیاتر، لەشکری ئێران لەگەڵ خۆمان بۆ خاکی ئەو دەوڵەتە دەبەین کەپێمان فاشیست و خوێنرێژە و دەست لەهیچ جنایەتێك ناگێڕێتەوە، دەچین هاوکاری دوژمنێکی میللەتی خۆمان دەکەین، هاوکاریەکەش هەر ئەوەندە نییە کەتەنیا یارمەتی لێ وەرگرین، ئیتر هەر ئەوەمان دێتە ڕێ کەدەیبینین، بەخۆشیەوە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەوەی نەکرد، یارمەتی وەرگرت، ڕێگای هاتووچۆشی کردەوە، بەڵام قەت عەسکەری عێراقی نەبردە کوردستانی ئێران.

پرسیار: باشە مامۆستا، لەدیرۆکا ئیمپراتۆری عوسمانلی و ئێراندا کورد یا پشتگیری ئێرانی کردوە یا پشتگیری عوسمانلی، پشتی کو عوسمانلی تێکچوو، دەوڵەتی تورکی ئاوابوویە و کوردستان بوو بەچار پارچە، پشتی وی چ تەڤگەری کورد رابوونەپشتی خۆ دانە ئەویەکی، بەس هێندێ حەرەکەتی کوردی وەکو دەرسیم نەبێ.. شێخ مەحمود هاریکاری لەتورکان خاستیە لەدژی ئینگلیزان، کوردی عێراق هاوار لەئێران خاستیە دژی عێراق، کوردی ئێران هاوار لەعێراق خستیە دژی ئێران، ئێستاش هێندێ کوردی تورکیا لەسوریا پاڵپشتی دەکەن، ممکینە تورکیاش پشتێ ئینقلابی عەسکەری، پشتێ روخانی شا و مەسەلەی ئەفغانستان سیاسەتی خۆی هاتنە گۆڕانی دەربارەی کورد، ئەویش دەستی خۆی دەگەیێنێ نێو کورد، یانی کورد لەدەوڵەتێکی جیران هاریکاری دەستێنێ و لەدژی دەوڵەتێکی دژی شۆڕش دەکا، بەس ئەو تاکتیك حەتا ئەوڕۆ نەگەیشتە نەتیجەیەك، ئەو چوا دەبێ؟ ڕای تۆ چییە؟ ئەو ئاشکرایە هەموو عالەم دەزانێ قاسملۆ لەعێراقە، پارتی لەئێرانە هێندێ کوردی

تورکیا لەسوریانە، ممکنە هێندێ پێوەندیش لەگەڵ تورکیا هەبێ و کەس نەزانێ، کورد چاوا دەکەن؟ ئەو چاوا دەبێ؟

وەلام: یەکێك لەتیۆری خەباتی رزگاریخوازی هەر میللەتێك ئەوەیە کەلەتاقیکردنەوەی جوڵانەوەی رزگاریخوازی گەلانیتر دەرس وەربگرێ، بەرای من ئەزموونی جوڵانەوەی رزگاریخوازی کورد لەهی گەلانی دیکە دەوڵەمەندترە، کەوابوو کورد پێویستە لەئەزموونی چەند ساڵەی خەبات و بزوتنەوەی خۆی دەرس وەربگرێ، بەڵام داخ ئەوەیە ئێستا لەگەڵ هەر هێزێکی کوردی قسە بکەی، قەت ناڵێ هەڵەیەکمان کردووە و یا سیاسەتێکی تەواومان نەبوە، دەڵێن هەرچی کردومانە راست و تەواو بوە، باشە، گەلۆ، ئەگەر هەمووی راست بوە، نەتیجەی چ بوە؟ سیاسەتی راست و دروست دەبێ نەتیجەی باشیشی هەبێ، کەوابوو دەردەکەوێ ئەوەی تا ئێستا کردوومانە راست نەبوە پێویستە چاوێك بەرابردوو و بەسیاسەتەکەماندا بخشێنینەوە، بەری هەر شت ئەو هێزانەی لەگۆڕەپانی خەبات دان، دەبێ سەیرێکی کردەوە و تێکۆشانی رابردوویان بکەن.

بەنەزەری من مەسەلەی کورد دەبێ لەوە دەربچێ کەتەنیا مەسەلەی کوردی عێراقە و یا کوردی تورکیا یانژێ ئێرانە، هەوەڵین هەنگاو بۆ چاو پێدا خشاندنەوەی تاکتیك و سیاسەتی پێشوو، ساخ کردنەوەی هەڵەکانی پێشووی خەبات، یەکگرتنی هێزە کوردیەکانە بۆ هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد بەگشتی، پێویستە لەباری سیاسیەوە کورد وەك یەك نەتەوە بەدنیا

بناسێنرێت....

پرسیار: یانی دبێژیت لەهەر چار پارچەی کوردستان ستراتیژیەکی موشتەرەك هەبێ؟

وەلام: لام وایە پێویستە ستراتیژی موشتەرەك و رێبەرایەتی موشتەرەك هەبێ و مەسەلەی کورد بێنێتە گۆڕێ، راستە ئێستا جیاوازیەکی زۆر لەنێو کوردەکاندا هەیە، واقعیش هەر ئەوەیە لەهەر بەشی کوردستان، فەرهەنگ و ئابوری و گەلێك داب و نەریتمان لەگەڵ فارس و تورك و عەرەب تێکەڵ بوە، ماوەیەکی دوور و درێژی مێژوویی ئەم گیروگرفتە لەسەر رێگامان بوە، ئێستاش هەر هەیە و کاریش دەکاتە سەر بیر و تێکۆشانمان، جگە لەوە هەڵکەوتی جوگرافیایی کوردستانیش تەئسیری هەیە، بەداخەوە دەوڵەتێکی ئەوتۆش نییە کەبەتەواوی دۆست و دراوسێی ئێمە بێ و پشتیوانیمان لێبکات.

– سۆڤیەت هەیە.

– بەلای منەوە سۆڤیەت مەسالیح و بەرژەوەندی خۆی لەپێش قازانج و بەرژەوەندی هەموو کەس دا دەپارێزێ، بۆ خاتری کورد بەرژەوەندی خۆی لەرۆژهەلاتی نێزیك تێك نادات، لام وایە نابێ حیساب لەسەر ئەوە بکرێ کەچونکە سۆڤێت دراوسێمانە هەموو هێزی خۆمان بخەینە سەر ئەوە کەسۆڤێت جیرانمانە، سۆڤێت دراوسێمانە بەلام یارمەتیمان نادا، نەك هەر ئەوە بەڵکو بۆ خۆشمان ئەو سیاسەتەمان نەبوە و ئەو یەکەتییەشمان نەبوە کەسۆڤێت مەجبور بکەین یارمەتیمان بدا، ئەگەر

ئێمە ببینە هێزێکی یەکگرتووی ئەوتۆ کەمەسەلەی نەتەوەیەکی ٢٥ میلیۆنی لەرۆژهەلاتی نێوەڕاست بێنینە گۆڕێ، سۆڤێت مەجبور دەبێ یارمەتیمان بدات، ئەگەر ئەو نەیدا، خەلکی تر پەیدا دەبن یارمەتیمان بدەن، نەتەوەیەکی ٢٥ میلیۆنی لەناوچەیەکی گرنگی ستراتیژی ناکرێ بخرێتە پشتگوێ، لەبەر ئێمەش نەبێ لەبەر خاتری بەرژەوەندی خۆیان یارمەتی دەدەن، لام وایە هەوەلێن هەنگاو ئەوەیە کورد بیر لەستراتیژی یەکگرتوو بکاتەوە.

پرسیار: باشە مامۆستا، نها پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەناو چارچێوەی دەولەتی ئێراندا ئۆتۆنۆمی دەخوازێ، کوردی عێراق دبێژن مافی چارەنووس، بەس لەپراتیکدا دبێژن ئۆتۆنۆمی حەقیقی، کوردی تورکیاش دەبێژن مافی چارەنووس، سەربەخۆ بوون. کوردی سوریاش دەبێژن هەقی سەقافی و هاولاتی، بلا وەها وەلامی ئەوان بێتە قەبولکردن.

فەرقێکی مەزن هەیە لەناوبەری واندا، ئەوە چەوا دەکارێ ببێتە ستراتیژی موشتەرەک؟ ستراتیژی موشتەرەک چییە؟ کوردستانێکی سەربەخۆیە؟ دیموکراتی یەکگرتییە؟ یا چەند کوردستانی ئۆتۆنۆمیە؟ یا چەند کوردستانی فیدرالییە؟ یا کوردستانی هەقی چاندی کولتورییە؟

وەلام: بەلای منەوە بۆ کوردستان مافی دیاریکردنی چارەنووسە، کەدەبێتە دەولەتی ئازاد و سەربەخۆ، لەئامانج و ستراتیژی ئەشێ ئەوە دیاری بکرێت، ئەو ستراتیژیە پێویستە ناوەندێکی لەدەرەوەی ولات هەبێ

و مەسەلەی کورد لەجیهاندا بێنێتە گۆڕێ، هەموو حیزب و رێکخراوی کوردیش کۆمەکی پێ بکەن و رێبەرایەتی سیاسی دەرەوەی لەئەستۆ بێت.

پرسیار: یانی تۆ دەبێژی کۆنگرە یا کۆنفرانسێکی نەتەوەیی کورد بێتە چێ کردن؟

وەڵام: ئەگەر ئێمە باسی کۆنگرەی نەتەوەیی کورد بکەین ئەودەم وای لێ دێت هەرچی سەری هەڵێنا دەڵێ ئەزیش هەوم، وای لێ دێ کابرایەکی ٢٠ ساڵە لەدەرەوە دانیشتوە و قسەی زل دەکا، دەڵێ من چیم و جەلال تاڵەبانی چییە؟ لەبەرئەوە پێم وایە هێزی شۆڕشگێڕی کوردی، واتە ئەو هێزانەی لەمەیدانی خەبات دان دەبێ ئەم ناوەندە پێک بێنن، لام وایە تەعبیری حیزبی کوردیش تەعبیرێکی تەواو نییە، ئێستا وای لێ هاتوە هەرکەس دوو کەسی لەخۆ کۆکردەوە، ناوێک لەخۆ دەنێ و خۆ بەحیزب دەزانێ، بۆتە نەخۆشی، بەڵام لەهەموو بەشەکانی کوردستان هێزی گران و رەسەن و سەرەکی هەن، پێویستە ئەوان لێک نێزیک بنەوە و ستراتیژی مەسەلەی کورد دابڕێژن، من ناتوانم لێرەدا وەزیفە بۆ ئەوان دیاری بکەم، بەڵام رەنگە مافی ئەوەم هەبێ بیروبۆچوونی خۆم دەربڕم، پێم وایە پێکهێنانی ناوەندێکی رەسەن لەدەرەوە لەوانە نییە لەکردن نەیە.

پرسیار: باشە مامۆستا پشتی راوەستانا شەڕی ئێران و عێراق ئەسڵەن لەدنیادا نەرمیەک هەیە، وەک سازش لەئەمریکای لاتین و کاموجیا و چین و هەموو دنیادا، ئەو نەرمیە تەئسیرا خۆ لەسەر کوردستانیش دادەنێ؟

لەعێراق و ئێران و تورکیا ئەو تەئسیرە چەوا دەبینی؟ دیارە ئەوە پرسێکی درێژە، داهاتووی حەرەکەی کورد لەئێراندا چەوا دەبینی؟ هێزی کوردی دێ شەڕ بکەن یا لەگەڵ حکومەت مفاوەزاتێ بکەن؟ یا لەتورکیا چەوا دەبینی؟ بەگشتی لەهەر چار پارچەی کوردستانێ؟

وەڵام: لام وایە هێزە کوردیەکان دەبێ وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە.

پرسیار: نا... مامۆستا تۆ تەجروبەیەکی دوور و درێژت هەیە، تۆ کۆماری مەهاباد دیە، تە شۆڕشی کوردستانی عێراق دیتیە، تە دە شۆڕش کوردستانی ئێراندا بووی سەرکردە بوویە، لەتاریخا نزیکا کوردی تە جێی خۆ گرتیە، من تەنێ لەتۆ دەپرسم، ممکینە دیتنێ پارتیە کوردان هەبێ، لێ ئەز دیتنا تە دەخوازم؟

وەڵام: لام وایە ئێمەش بەشێکین لەخەڵکی ئەم دنیایە و لەسەر ئەم زەویە دەژین، تەنیا ئێمەی کورد ناتوانین لەدەرەوەی سیاسەتی جیهانیدا سیاسەتی خۆمان بەڕێوە بەرین، هێزە کوردیەکان پێویستە لەسیاسەتی خۆیاندا بارودۆخی جیهانیش لەبەرچاو بگرن، ناوچەی ئێمە مەڵبەندێکی حەساسە، لەباری نیزامی و ئابوریەوە ناوچەیەکی گرنگی ستراتیژیە، رۆژهەڵات و رۆژئاوا نەلەئاست مەسەلەی کورد و نەلەئاست مەسەلەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست بێ لایەن نابن، کەوابوو هێزە کوردیەکان پاش وەستانی شەڕی ئێران و عێراق، یا پاش بارودۆخی پێشهاتوو، پێویستە هەل و مەرجی نێو نەتەوەیی یا ئەو نەرمیەی باست کرد، لەبەرچاو بگرن، دەبێ بزانن ئەم وەزعە دەگاتە کوێ؟ ئەگەر ١٠٪ی نەتیجەی ئەم

سیاسەتەی جیهانی بەلای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دابێ، پێویستە بەنەزەری ئیعتیبار وەربگیرێ، بەلای منەوە رۆژئاوا دەیەوێ لەو نەرمشە پتر کەڵك وەربگرێ، بەو مانایە ئەگەر دەیەوێ لەگەڵ سۆڤێت سیاسەتی نەرم و هێمنی بەکاربێنێ، لەژێر پەردەی ئەو هێمنەتیەدا لەناوچەکانی تری جیهان دەسەلآت و قودرەتی خۆی بسەپێنێ، ئەفغانستان خۆی نمونەیەکە، کاتێ رووس بەگوێرەی ئەو سیاسەتە نەرمە لەئەفغانستان دێتە دەرێ، بۆش سەرکۆماری ئەمریکا دەڵێ: (مەسەلەی نیزام بۆ ئێمە شەرتە، ئەو رژێمەی ئێمە گەرەکمانە دەبێ دابمەزرێ)، بەم بیانوە ئێستاش چەك دەدا بەموجاهیدینی ئەفغانی و شەڕیان پێدەکات، لەبارەی کێشەی ئەنگۆلا و ئەفریقای خواروو، ئەمریکا دەڵێ: (مەسەلە ئەوە نییە شەڕ بوەستێ، مەسەلە ئەوەیە نیزامی ئەنگۆلا چ نیزامێك دەمێنێتەوە؟) جا ئەگەر لەبەرانبەر سۆڤێت دا نەرمی دەکێشن، لەدنیای بچوك دا دەیانەوێ دەست درێژی بکەن.

کورد ئەشێ ئەمە لەبەرچاو بگرێ و لەم بارودۆخە تازەیەی جیهاندا بزانێ چی دەکات، ئەگەر سیاسەتی نەرمش لەگەڵ ئێران و عێراق و تورکیا بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد کەڵکی هەبێ، نابێ بەخەراپی بزانین، ناکرێ تەنیا هەر لایەنگری ئەوە بین کەسەد هەزار کەس بکوژرێ جا کورد بەمافی خۆی بگات، من لەخوام دەوێ کەس نەکوژرێ و کورد مافە نەتەوایەتی خۆی وەدەست بێنێ، ئێستا هێندێ هێزی کوردی هەن کەباسیان دەگەڵ دەکەی شانازی بەوە دەکەن کە ٤٠ هەزار کەسیان بەکوشتداوە.

لەکاتێکا سەرکەوتن و ئەنجامی تێکۆشان جێگای شانازیە نەک بەکوشتدان و مالّ وێرانی خەڵک.

پرسیار: باشە مامۆستا، مەسەلەی هێزێن کوردی عێراقی، جەبهەی کوردستانی ئەم بێژین، پشتی کو سەدام دەیان هەزار کەس لەکوردان کوشت، قەتڵ و عامێکی مەزن چێکرد، ئەو هێزێن کوردی دەکارن لەگەڵ وێ حکومەتی رۆنێن یا بگەنە تشتێك لەحاستی ئەو زەرەر دەکەن یان نا؟

وەڵام: بەری هەر شت هێزەکانی کوردستانی عێراق ئەشێ لەم بارەوە بڕیار بدەن، بەڵام بەڕای من ئیمکانی ئەوە نییە کەئیعتیماد بەسەدام بکرێ، چونکە ئەو رژێمە هیچ جێگای باوەڕ نییە، بەڵام لەسیاسەتیشدا ناکرێ هیچ شتێك بەموتڵەق دابنرێ، لەوانەیە لەگەڵ سەدام دابنیشن و قسەش بکەن، بەڵام رژێمی ئێستای عێراق پاش ئەو هەموو جنایەتەی لەکوردستان کردی، داخوا بۆیە دەبێ ئەو هێزانە بچنەوە بندەستی و ئیعتیمادی پێبکەن؟ دانیشتن لەگەڵ ئەو حکومەتە لەم هەلومەرجەدا لەوانەیە نفوزی هێزە کوردیەکان لەنێو خەڵکدا کەم کاتەوە، خەڵکی ئێمە لەبورای سیاسیدا هێشتا زۆر پێنەگەیشتوون، ئەگەر هێزە کوردستانیەکان خۆیان بگەنە ئەم نەتیجەیە کەلەگەڵ سەدام دانیشن، ئەوە کاری خۆیانە، بەڵام بەرای من حکومەتی ئێستای عێراق جێگای ئەو بڕوایە نییە کەئەو هێزانە بچنەوە بەردەستی و تەسلیم ببنەوە.

پرسیار: زۆر سوپاس مامۆستا، لەسەر کۆماری کوردستان باس کرا،

دەخوازم مقایسە بکەین، مقارەنە بکەین. پشتی مەهاباد ئیمرۆ تشتێ زێدە نەگۆڕایە؟

وەلآم: بەداخەوە لەنێو کورددا رووداوەکان دووپات دەبنەوە و دەرسیش وەرناگیرێ، من هەر نموونەی خۆمان دێنمەوە، کاتی ئێمە لەعێراق بووین ١٩٧٠–١٩٧٨ گەلێك جار هەلّە و کەموکوڕی شۆڕشی کوردستانی عێراقمان دەدیت، دەمانگوت: ئەگەر ئێمە رۆژێك بچینەوە کوردستانی ئێران و دەسەلآتمان هەبێ، قەت نابێ ئەو هەلآنە دووپات کرێنەوە، کاتێ چووینەوە ئێران و دەسەلآتمان هەبوو زۆرجار لەوان خراپترمان دەکرد، دەمەوێ بلّێم بەداخەوە کوردەکە دەرس وەرناگرێ، یان لەعێراق، ئەوانەی پاش تێکچوونی شۆڕشی کوردستانی عێراق خەباتیان دەست پێکردەوە، سەرکردایەتی شۆڕشی کوردستانیان تاوانبار دەکرد کەلەگەلّ دەولّەتی بێگانە و دژ بەکورد پێوەندی هەبووە و شۆڕشی بەستۆتەوە بەئێران، پاشان بۆ خۆیان بەچەند قات خەراپتر ئەوەیان دووپات کردەوە، کورد لەوە ئازایە یەکی تر تاوانبار بکا، بەلآم قەت ئامادە نییە پێ لەهەلّە و چەوتیەکانی خۆی بنێ و هەولّ بدا راستیان کاتەوە.

پرسیار: باشە مامۆستا: ئەم دەکارین بێژین کەهێزێن سیاسی کوردستانی لازمە ستراتیژی و تاکتیکی خۆ کە ٣٠ سالّە لەسەر بەردەوامن، ژ بنگەهی وان، ئەساسی وان سەرلەنوێ موناقەشە بکەن و ستراتیژی و تاکتیکی نوێ دابڕێژن؟

وەلآم: زۆر راستە، هەروەك لەپێشدا گوتم، لام وایە ئەو هێزانە پێویستە

دابنیشن بەوردی چاوێك بەسیاسەت و تاکتیك و کردەوەی رابردووی خۆیاندا بگێڕنەوە، ئەوە پەنجا ساڵە ئەو سیاسەتە لەکوردستان بەڕێوەدەچێ، نەك هەر سەرنەکەوتوە، بەڵکو وێرانیەکی زۆریشی بۆ کوردستان بەدواوە بوە، پێویستە رێگایەکی تر بدۆزرێتەوە، لەنێو هێزە کوردستانیەکاندا دیاردەیەکی ناحەزی دیکەش هەیە کەجێگای داخە و نیشانەی نەبوونی دیموکراسیە، ئەویش ئەوەیە ئەگەر کوردێك لەدەرەوەی ئەو هێزانە قسەیەکی کرد و بیروڕای دەربڕی دەست لەجێ دەهۆلێکی بۆ هەڵدەگرن و بەبەزیو و هەڵاتوو بوختانی پڕوپوچ تاوانباری دەکەن، لایان وایە هەرچی ئەوان کردوویانە راست بوە و نابێ قسەی لێ بکرێ، لەکاتێکا وانییە لەوانەیە زۆر کەس لەوڵات دوور بن و لەمەیدانی شەڕ دا نەبن، بەڵام خاوەنی ئەزمون و بیروبۆچوونی راست و دڵسۆزانەش بن. هەر ئێستا باسی بەرەی کوردستانی بکەین، هەنگاوێکی فرە پیرۆز و باشە، بەڵام وا دەردەکەوێ کەبەرە لەنێو ئەم شەش حیزبەدا قەتیس دەکرێ، دیارە مەفهومی بەرە وانییە، پێویستە شەخسیاتی بێلایەنی کورد، زانا و حقوقی و نووسەر و شاعیری سەربەخۆ و ناسراو بەرنە نێو جەبهە لەئۆرگانەکانیدا جێیان بکەنەوە و کاریان پێ بسپێرن، لەم رێگایەوە دەتوانن هێزێکی هەراو و بەتوانای کۆمەڵانی خەڵك لەدەوری بەرە کۆبکەنەوە، ئەگەر وانەبێ ئەو شەش حیزبە پێشتریش هەر هەبوون و ئێستاش هەن و بەرەش ناتوانێ رۆڵێکی فرە کاریگەر یاری بکات، مەبەستم ئەوەیە لەنێو تەڤگەری کوردیدا دیموکراسی نییە، هەموو باسی دیموکراسی دەکەن، بەڵام کەسیش بەقەدەرایی ئەوان دیموکراسی پێشێل

ناکات، هێزە کوردستانیەکان پێویستە لەم بارەشەوە چاو بەهەڵوێست و سیاسەتی خۆیاندا بخشێننەوە، رێگا بدەن خەڵك بیروڕای خۆی دەربڕێ، ئەگەر بیروڕایەکی باشبوو کەڵکی لێ وەربگرن، چونکە ئەوە مافی خەڵکە لەسەر مەسەلەی خەبات و بزوتنەوەی خۆی بیروڕا دەربڕێ و تێیدا بەشدار بێ، پێویستە شتێکی تریش بگوترێ، هێندێ کەس هەن چەند ساڵە لەئەوروپا دانیشتوون، ئێستا کاریان هەر ئەوەیە کەهێزە سیاسیەکانی کوردستان تاوانبار بکەن و پەلاماریان بدەن، ئەوەش کارێکی جوان نییە، هیوادارم لەنێو کوردااندا ئەو شتانە نەمێنن.

پرسیار: زۆر سوپاس مامۆستا، بەس تشتێکی تر مایە، ئەز دەخوازم نوختەیەك باسی ژیانی خۆت بکەی لەگۆشەیەکی مقابەلەکەدا ئێمە بڵاوی بکەینەوە.

وەڵام: لەباسی ژیانی خۆم ئەوەندە بەسە، بیرەوەریەکانم ٣ بەرگی بڵاو کراوەتەوە، بیانکەن بەتورکی و بڵاویان کەنەوە.

کۆنفڕانسی نێو نەتەوەیی پاریس و مەسەلەی مافی مرۆڤ و ناسنامەی کولتوریی کوردەکان

لەرۆژەکانی ١٥و١٦ی مانگی ئۆکتۆبری ٩٨٩ کۆنفڕانسێکی نێو نەتەوەیی لەژێر ناونیشانی (مافی مرۆڤ و ناسنامەی کولتوری کوردەکان) بەدەستپێشخەری رێکخراوی (فرانس لیبرتە) بەسەرۆکایەتی مادام دانیل میتران پێك هات، چ لەدەنگوباس و چ لەنووسینی رۆژنامە کوردیەکاندا، بۆچوون و لێکدانەوەی جیاواز لەسەر ئەم کۆنفڕانسە بڵاو دەکرانەوە.

من وەك كوردێكی گرێ نەدراو بەهیچ رێكخراوێكی سیاسی بیروڕای خۆم سەبارەت بەكار و بۆچوونی ئەم كۆنفڕانسە لەژمارە ٤٦ی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)دا بڵاو كردەوە، لێرەشدا تەنیا هێندێ رستە و كۆپلەی وتارەكە دێنمەوە: (.... پێویستە بگوترێ لەمێژووی خەباتی خوێناوی و دوور و درێژی نەتەوەی كورددا، كۆنفڕانسی پاریس یەكەم هەنگاوە بەشێوەیەكی ئاوا بەرفرە بۆ باسی (هویەتی كولتوری كوردەكان) پێك دێت و بەشێوەی جۆراوجۆر و بۆچوونی جیاواز بەكەم و كوڕی باسی كورد دەكرێ، كاتێ دەڵێم بەكەم و كوڕی بەو مانایە نییە كەلەگرنگی بەستنی ئەم كۆنفڕانسە كەم بكەمەوە، بەڵام واش نییە كەمرۆڤ نەكارێ بەگوێرەی بۆچوون و تێڕوانینی خۆی بەچاوێكی واقیع بینانە نەڕوانێتە كۆنفڕانس و خاڵە لاوازەكانی نەخاتە بەرچاو.. دیارە دەستپێشخەری پێكهێنەرانی كۆنفڕانسی پاریس كەزەحمەتێكی زۆریان كێشاوە و باسی (هویەتی كوردەكان) نەك (مەسەلەی كورد)یان هێناوەتە نێو كۆنفڕانسێكی ئاوا مەزن جێگای دەستخۆشانە و سوپاسە، بەڵام ناكرێ چاو لەو كەم و كوڕیەش بپۆشین كەهەر لەسەرەتاوە، واتە لەناو لێنانی كۆنفڕانسەوە هەڵسوڕێنەرانی كۆنفڕانس لەهێنانە گۆڕێ مەسەلەی كورد خۆیان دزیوەتەوە و لایەنی لاوەكی (فەرعی) مەسەلەی ئیمڕۆی كوردیان خستۆتە بەر باس و لێدوان، چونكە لەبارودۆخی ئیمڕۆی كوردستاندا مەسەلەی كورد بریتییە لەدیاریكردنی چارەنووس و وەدەست هێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی... كورتكردنەوەی مەسەلەی كورد بەباسی (هویەتی كولتوری) بەلایەنێكی لاوازی كۆنفڕانسی پاریس دەژمێردرێ،

لایەنێکی دیکەی لاوازی کۆنفڕانس شێوەی بەشداری و بانگ کردنی نوێنەرانی راستەقینەی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بوە لەکۆنفڕانس دا هەق وابوو نوێنەری رێکخراوە کوردستانیەکان بەرەسمی بۆ کۆنفڕانس بانگ بکرێن و دەوری سەرەکیان لەکاری کۆنفڕانس دا هەبێ، بەداخەوە هیچ کەس وەك نوێنەری حیزبە سیاسیەکانی کورد بۆ کۆنفڕانس بانگ نەکراون... ئەگەر لەوتارەکان ورد بینەوە هیچ کامیان قامکیان لەسەر مەسەلەی بنچینەیی کورد و زامی ئیمڕۆی کوردستان دانەناوە، هیچیان بەلای مەحکوم کردنی راستەوخۆی سیاسەت و کردەوەی کورد قڕانی رژێمە دیکتاتۆر و شۆڤێنییەکانی عێراق و ئێران و تورکیادا نەچوون، کۆنفڕانس بەناوی کورد پێکهاتوە، بەڵام باسی ئەوە ناکا کەکورد بەچەکی کیمیایی قڕ دەکرێ، شار و گوندی وێران دەکرێن و لەسەر زێد و نیشتمانی خۆی هەڵدەکەنرێ و شوێنەواری کوێر دەکرێتەوە، سەیرێکی بڕیارنامەی کۆتایی کۆنفڕانس بکەین دەردەکەوێ کەنووسەرانی بڕیارنامە نەیانویستوە کردەوەی جنایەتکارانەی حکومەتەکانی هۆکاری (چارەنووسی تراژێکی) کورد بەراشکاوی مەحکوم بکەن... کۆنفڕانس دەیەوێ کە: حکومەتەکان لەیاسا نێو نەتەوەییەکانی خۆیاندا دڕوست کردنی چەکی کیمیایی قەدەغە بکەن).. ئەم بەندەی بڕیارنامەکە پتر وەگاڵتە دەچێ، عێراق بەئاشکرا بەچەکی کیمیایی پتر لەپێنج هەزار کورد قڕ دەکا ناوی ناهێنن و مەحکومی ناکەن بەڵام دەیانەوێ دەوڵەتان لەیاسادا دروستکردنی چەکی کیمیایی قەدەغە بکەن... پێشنیاری ساخارۆڤ کەدەڵێ: نوێنەری کورد وەك چاودێر لەکۆمەڵی دەوڵەتە

یەکگرتوەکانـدا هـەبێ، باشـترین بۆچـوون و بەنـدی بڕیارنامەکەیـە... بەنـدێکی دیکـەی بڕیارنامـەی کـۆنفڕانس پـێ لەسـەر ئـەوە دادەگـرێ کەلـەرێگای کۆمیسـیاری کۆمـەڵی دەوڵەتـە یـەکگرتوەکان (یارمـەتی ئینسانی) بەلێقەوماوانی کورد بکرێ، ئەوە لـەجیاتی ئـەوەی راگواسـتن و دەربەدەرکردنی کوردەکان مەحکوم بکرێ، بۆ شوێنی خۆیان بگەڕێنـەوە و شار و گوندیان بۆ ئاوەدان بکرێنەوە و دەست لەکوشـتاریان هـەڵبگرن، کۆنفڕانس داوای (یارمەتی ئینسانی)یان بۆ دەکـات، ئـەم بەنـدە تراژیـدی فەلەسـتینیەکان وەبیردەخاتـەوە کـەپاش دەربـەدەرکردنیان کۆمـەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکان (ئیدارەی پەنابەرانیان) بۆ دانان و یارمـەتی گۆیـا (ئینسـانیان) پێدەکـەن.. رەنگـە لایـەنێکی لـەباری کۆنفڕانسـی پـاریس ئـەوەبێ کەبـەڵکو کوردەکـە دەرسـی لێـوەربگرێ و بـەهیوای ئـەم جـۆرە کۆنفڕانسانە دڵخۆش نەکا....).

کۆڕێك بۆ پرۆفیسۆر لازاریێف

رۆژی ١١/١١ پرۆفیسۆر لازاریێف کەهاتبوە سوید لەسـەر مەسـەلەی کـورد کـۆڕێکی هـەبوو، لەباسـی دابەشکردنی کوردسـتاندا لەوتەکانیـدا گـوتی: (تەنیا کوردستان دابەش نەکراوە، ئەوەتا کۆریا و ئەڵمانیش یەك میللەتن و دابەشیش کراون)، من ئەو بۆچوونەم بەدڵی نەبوو گوتم: (ناتوانم لەگەڵ ئەم بۆچوون و بەراوردە موافیق بم، ئەڵمان و کۆریا کەدابەش کراون، هەر بەشەی دەوڵەتی سەربەخۆی دامەزراندوە و دەسـەڵاتی سیاسـی گرتۆتـە

دەست، کورد بـەم دابەشـکردنە لەهـەموو مـافێکی نەتەوایـەتی بـێ بـەش کراوە)، لەزۆر مەسەلەی دیکەش بەقەولی خۆی ئەکادیمیانە بۆ مەسەلەکە دەچوو، نەک سیاسیانە، شەو دکتۆر جەمشید حەیدەری لازارێڤی داوەت کردبـوو، یـەک دوو میـوانی دیکـەی رووسیشـی هـەبوون، دیـارە بـەدابی هەمیشەیی منیشی لەم میواندارییە هەڵناواردبوو، هەر لـەئێوارەوە بـەدابی رووسان خـواردن و خواردنـەوە و مـەزە لەسـەر مێـز کۆبـۆوە و میـوانیش دەورەیان دا، بـڕوام پێبکـەن تـا سـەعاتی دەی شـەو کەهێشـتا مـن هـەر دانیشـتبووم، پرۆفیسـۆر لەگـەڵ دوو ژنـی رووس بـەدەم خواردنـەوە و خواردن لەباسی دۆلار بەدەر قسەیەکی دیکەی بۆ نەکردین، باسـەکە هـەر ئەوەبوو: دۆلارێک چـەند ڤۆدکـای پـێ دێـت؟ دۆلار بەچـەند رۆبڵـە، چـۆن دەگۆڕدرێتـەوە؟ دۆلار و دۆلار و دۆلار، مـن کـەئاواتم بـوو لەپرۆفیسـۆر لازارێڤ سەبارەت بەبارودۆخی ئێستای کورد کەڵک وەرگرم، نەمتوانی پتر باسی ئەم دڵبەرە شینە گوێ بدەمێ و رۆیشتم، لام وایە دکتـۆر جەمشید هەسـتی بەناڕەحـەتی مـن کـرد و باسـی ناڕەحـەتی خۆشـی ناکـەم، مـن رابووم، هێشتا لەسەر مێز نەخواردن و خواردنـەوە تـەواو ببـوو، نەباسـی دۆلار بنەی هاتبوو، ئەوەی لودمیلای خێزانی جەمشید کردبووی، بێگومان تا نوێژی بەیانیش سەر مێز خاڵی نـەدەبوو، بـەیانی لـەدکتۆر جەمشـیدم پرسـی: چـیتان کـرد: گـوتی: وەک بەشـیر موشـیرم هاتـە بەرچـاو، هـەر ئەودەم بەدکتۆرم گوت: ئەوەش لەبیرەوەریەکانم زیاد بوو.

رۆژی ۸۹/۱۲/۱۰ چـوومە سـەردانی مامۆسـتا مـەلا رەحیمـی عەبباسـی کەپاش مانەوە و ناڕەحەتیەکی زۆر لەچنگ حکومـەتی ئیسـلامی ئێـران و

تورکیا رزگاری ببوو گەیشتبوە شاری سوید و بردبوویانە کەمپی هەڵستە هامـــار، ســـەردانێکی خۆشـــبوو، باســـی رابـــردوو و کارەســـاتەکانی کوردســتانمان کـرد و لـەرابردووی کـار و کـردەوەی هێنـدێ رێبـەرانمان کۆڵیەوە، مامۆستا فەرمووی ئی وا هەن کەئیفلاسیان کردوە بـەڵام لێیـان ناگەڕێن!

٨٩/١٢/١١ لەگەڵ دایکی کەمالی کەبەمیوانی هاتبوە لام چووینە پۆلیس و داوای پەنابەری سیاسی کـرد، پـۆلیس پاسـپۆرتی بولغـاری لێ وەرگـرت و پسوڵەیەکی دایە کەلەسۆسیال یارمەتی وەرگرێ و ئەویش لەخێڵی ئاوارە و لێقەوماوانی کورد زیادی کرد و بوو بەچاو لەدەستی سۆسیالی سوید.

حەوتووی کوردستان لەبەرلینی رۆژئاوا

لەمانگی دیسامبری ١٩٨٩ (ئەنستیتۆی بـەراوردکردنی باسـی کۆمەڵایـەتی لەبـەرلین حـەوتووی کوردسـتانی راگەیانـد بـوو، بەشـانازیەوە منـیش بـۆ بەشـداری لەحـەوتووی کوردسـتان داوەتکـرا بـووم رۆژی ١٢/١٦ بـەرەو بـــەرلین ســـواری قـــەتار بـــووم و لـــەبرلین میـــوانی دۆســـت و بـــرادەری خۆشەویسـت فریـاد محێـدین بـووم، فریـاد رەوانـی شـاد بـێ دۆسـتێکی بەراسـتی و کـوردێکی جـوامێر و خزمدۆسـت بـوو، مااڵەکـەی دەرگـای بـۆ دۆست و برادەران هەمیشە ئاواڵە بوو، تەلیفۆنم بـۆ دکتـۆر کـەمال فوئـاد کـرد گـوتی بـەیانی لەشـوێنی کۆبوونـەوە یـەکتر دەبیـنین، رۆژی ١٢/١٧ لەگـەڵ چـەند برادەرێـك چـووینە سـەیری دیـواری بـەرلین، سـەدان کـەس بەکوتك و چەکوچ و درێشە و دەرنـافیز وەدیـواری کـەوتبوون کەلـەتکێك،

پارچەیەك تۆزقالێکی لێ بکەنەوە و بەیادگار هەلێبگرن، دەیان گوت لەئەمریکا پارە دەکا ! !

دوای نیوەڕۆ چووینە سالۆنی کۆنگرەی بەرلین کەبەپێشانگای رەسم و وێنەی جوان و جۆراوجۆری هەموو بەشەکانی کوردستان رازابۆوە، ئاهەنگ بەگۆرانی (کۆما ئاشتی) کرایەوە، دکتۆر کەمال زەحمەتی خواردن و خواردنەوەی فراوینی منی کێشا، رۆژی دوایی کۆبوونەوە بەزمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی دەستی پێکرد، باسەکان هەموویان باسی ئەکادیمی و لەسەر هونەر و فۆلکلۆر و زمان و کولتور و جلوبەرگ و مێژووی کورد قسە دەکرا، لەگەڵ وتارەکان هێندێ جار وێنە و رەسمیش نیشان دەدران، ئاخێوەرەکان وەك لەبیرم مابێ بریتی بوون لە: دکتۆر کەمال فوئاد، حەمڕەش، فوئاد سەید عەلی، برایم خەڵکی سوریا، بورهان شاوی، فەرهاد، پرۆفیسۆر کولپە مامۆستای زانستگای ئازادی بەرلین، عومەر شێخ موس، نووسەرێکی تری ئەڵمانی، (ئەگەر کەسم لەبیر چووبێ داوای لێبوردن دەکەم) هەریەك لەئاخێوەرەکان لەم چوارچێوەیەدا باسێکی هەڵبژاردبوو قسەی لەسەر دەکرد، هەموو رۆژێش دوای سەعات هەشتی ئێوارە فیلمی جۆراوجۆر لەسەر کوردستان نیشان دەدران، دکتۆر فریاد فازیل لەسالۆنێکی تر شیعری کوردی بەئەڵمانی بۆ خەڵك دەخوێندەوە و قیامەتی دەکرد.

لەم چوار رۆژانە دکتۆر کەمال فوئاد دوو رۆژی بۆ وتارەکانی (ئەکادیمی کوردی لەئەڵمان) کەهەر ناوێکی بێ ناوەرۆك و بێ بەرهەم و

دامەزرێنەرەکانیشی لێك ترازابوون گل دابۆوە، هەرچەند لەبەر نەزانینی زمان زۆر لەوتارەکان حاڵی نەدەبووم، بەڵام بێگومان باسەکان لەباری ئاکادیمییەوە نرخی خۆیان هەبوو، بەڵام بۆ من کەکابرایەکی ئەکادیمی و خاوەن شەهادەی دکتۆرا نەبووم، لەو بارودۆخە سامناك و داخدارەی ئەوڕۆژەی کوردستاندا باسەکان دڵیان نەدەکردمەوە، وتارێکم ئامادە کرد کەمنیش جۆرێکی تۆ بۆ باسی حەوتووی کوردستان بچم، چەند جار بەدکتۆر کەمالم گوت و هەموو جارێش دەیگوت: نۆرە وەردەگرین، بەکورتی رێگای نەدا لەکۆبوونەوە گشتیەکەدا وتارەکەم بخوێنمەوە و بۆشم تەرجومە بکەن، ئاخرەکەی کات تەواو بوو، کۆبوونەوە دوایی هت و دکتۆر کەمال گوتی جا با لەم ژوورە خۆمان کوردەکان گوێ بدەینە وتاری کاك کەریمی، دیارە کوردەکانیش هەموو نەمابوون، من دەمویست هەر چۆنێك بێ هەستی خۆم لەسەر ئەم کۆبوونەوەیە دەربڕم، وتارەکەی من بەدڵی زۆریان نەبوو، تەنیا کاك عومەر شێخ موس گوتی: (رەخنەی کاك کەریم راستیەکی تێدایە ئەویش ئەمەیە کەدوای کۆنفڕانسی پاریس لەبارەی (هویەتی فەرهەنگی کوردەکان) بۆ هێندێ لەروناکبیرانی شۆرشگێڕ ئەو مەترسیە پەیدا بوە کەدەیانەوێ مەسەلەی کورد لەچوارچێوەی مەسەلەی کولتوریدا قەتیس بکەن)، هەرچۆنێك بێ من هەڵوێستی خۆم لەم وتارەدا دەربڕی کەوا لێرەشدا بڵاوی دەکەمەوە، چونکە کەوتۆتە ئەم بەشەی بیرەوەریەکانم، با ئەوەش بڵێم کەئەم وتارە لەژمارە ٤٧ی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)دا بڵاو کراوەتەوە ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

(..... پێشەکی دەمەوێ بڵێم من ئەکادیمێك و یا کوردۆلۆگ نیم و باسێکی ئەکادیمیشم ئامادە نەکردوە، بەڵام بارودۆخی تاڵ و دژواری نەتەوەکەم و خەبات و تێکۆشانی سیاسی چەند ساڵە، رەنگە وای کردبێ کەوەك رۆڵەکانی دیکەی کورد هێندێ دەرس و تاقیکردنەوەم وەدەست هێنابێ و بتوانم لەئاست بەسەرهات و رووداوەکانی کوردستان، یا لەسەر ئەو مەسەلانە کەپێوەندیان بەکوردەوە هەیە بیروڕایەك دەربڕم.

لەماوەی ئەم چەند رۆژەدا کەلەبەرنامەکانی رۆژانەی حەوتووی کوردستاندا بەشداریم کردوە، هەرچەندە لەبەر نەشارەزایی لەزمانی ئەڵمانی و ئینگلیزی نەمتوانیوە بەتەواوی لەنێوەرۆکی باسەکان تێبگەم و لەباسەکاندا بەشداری بکەم، بەڵام بەیارمەتی هێندێ لەبرادەران تا رادەیەك نێوەرۆکی باسەکانم بۆ روون بۆتەوە، لەراستیدا باسەکانی ئەو چەند رۆژەی حەوتوی کوردستان، وتوێژی چاپەمەنی هەواڵدەری رۆژنامەی (کوردستان پرێس) لەگەڵ پرۆفیسۆر لازارێف وەبیر دەخاتەوە، هەواڵدەری ناوبراو لەلازارێف دەپرسێ: (ئێوە هەر لەسەر مێژووی رابردووی کوردستان دەنووسن مەسەلەی سیاسی کورد و بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان باس ناکەن) لازارێف لەوەڵامدا دەڵێ: (ئێمە کاری زانستی دەکەین و کارمان بەمەسەلەی سیاسی نییە).

قەیناکا ئەوە لازارێفە و بێگانەیە و نایەوێ و یا ناوێرێ باسی مەسەلەی سیاسی کورد و بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان بکات، بەڵام داخوا زانا و ئەکادیکێك و شاعیر و پسپۆر و نووسەری کوردیش لەباس و لێکۆڵینەوە و

ئاخافتنی خۆیدا، ئەشێ باسی سیاسی و مەسەلەی رۆژی کورد بخاتە پشتگوێ و باسی نەکات؟!

ئەو باسانەی لەو چەند رۆژەدا پێشکێشکران وەک: مەسەلەی زمانی کوردی و گۆڕینی بەپیتی لاتینی، یا باسی چەند شاعیرێ کلاسیکی کوردی ئەویش لەمەڵبەندی بابان، یا لێکۆڵینەوەی ئاینی ئێزیدیەکان، یا باسی نەنووسینی مێژووی کوردی، یا باسی مۆسیقا و ئاواز و فیلمی کوردی و هی تر، هەموویان لەجێی خۆیاندا باسی بەکەڵکن، بەڵام بەرای من هیچیان بابەتی تازە نین وەڵام دەری بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان نین، بۆ ئەمڕۆ نابنە ئەرکی زانا و پسپۆڕانی کورد، مەسەلەی زمانی کوردی و گۆڕینی بەپیتی لاتینی و یا مانەوەی بەپیتی عەرەبی، ماوەیەکی نە کورتە لەنێوان زمانەوان و پسپۆڕانی بەشی زمان و زانایانی کورد جێگای باس و لێکۆڵینەوەیە و رەنگە لەم بارەوە وتاری جۆربەجۆریش نووسرابن، بەڵام بەبیرویۆچوونی من چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیە و هەموو مەسەلەکانی تری باسکراو، راستەوخۆ پێوەندیان بەچارەسەرکردنی مەسەلەی بنچینەیی کوردەوە هەیە، واتە دەسەڵاتی سیاسی و حاکمیەتی نەتەوایەتی کورد.

نەتەوەیەکی وڵاتی لەتوپەت کرابێ، سااڵەهای سااڵ فەرهەنگی بێگانە دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاند بێ، نەتەوەیەکی لەلایەک حاشا لەبوونەوەری بکەن و لەلایەک بەبۆمبای کیمیایی قڕی بکەن و لەلایەکی تر فتوای خەزای دژ بدەن، لام وانییە بتوانێ وا بەهاسانی و بەبێ دەسەڵاتی

سیاسی مەسەلەکان فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و ئابووری خۆی چارەسەر بکات.

من نالێم باسکردنی ئەو مەسەلانە و لێکۆڵینەوەیان قازانجی نییە و بێ کەڵکە، بەڵام پێم وایە لەگەڵ هێنانە گۆڕێ ئەم باسە ئەکادیمیانە زۆر پێویستە با بدەینەوە سەر مەسەلەی سیاسی و روونکردنەوەی بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان و ئاگادارکردنی بەشدارانی بێگانە لەوەزعی وڵات و میللەتەکەمان، رەنگە بگوترێ کەئەم کۆبوونەوانە و یا ئەم حەوتووەی کوردستانە بۆ باسی ئەکادیمیکی و کولتور و زمان و گۆرانی تەرخانکراوە، راستە، ئەوەش کارێکی خەراپ نییە، بەڵام لەهەلومەرجی ئەمڕۆی کوردستاندا، داخوا دەکرێ هیچ شتێك بۆ کورد بەبێ باسکردنی مەسەلەی رۆژ بەڕێوەبچێ؟

کورد چۆن دەتوانێ لەهەڵکەوت و کۆبوونەوەی ئاوادا کەجاروبار بەشاز هەڵدەکەون، تەنیا بەچەند باسێکی ئەکادیمیکی و ناوهێنانی چەند شاعیری کلاسیکی واز بێنێ؟ لەکاتێکا وا خەریکن هەموو شوێنەوارێکی بوونەوەری نەتەوەکەی کوێر دەکەنەوە، وڵات و شار و گوندی بەهەموو ماناوە خاپور و کاول دەکەن، ئێستا شاعیری کورد باسی کام جوانی سروشت و رەز و چەم و کانیاو و گوڵاڵە سورە و تەیر و پەلەوەری کوردستان بکات کەبەبۆمبای کیمیایی و گازی ژاراوی هەڵپڕوزاون و سووتاون و قڕکراون، ئەگەر شاعیرە کلاسیکەکانمان بەخاڵ و خەت و بەژن و باڵا و پەرچەمیان هەڵاوتوە، شاعیری راستەقینەی ئێستای کورد

دەبێ بەتەم و دومانی سەر هەڵەبجە و کۆگای لەشی ساردەوە بووی نێو کۆڵان و ماڵان و بەکاروانی رەتاوی بەر بۆمبای کیمیایی و بەئاوارەکانی بن خێوەتە شڕەکانی ئۆردوگاکان هەڵا بڵێ.

نووسەری کورد ئێستا دەبێ نوکی خامەی بۆ لەقاودانی جنایەتی حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان وەکار بخات، پێویستە نەشتەری رەخنە ئاراستەی ئەم دەزگا نێو نەتەوەییانە و ئەم دەوڵەتە زلهێزانە بکا کەبەدرۆ دم لەدێنۆکراسی و مافی مرۆڤ و دادپەروەری دەکوتن و بەڵام بۆ پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان لەئاست قەڵاچۆکردنی میللەتی کورد دەنگیان لەبەر نایەتە دەر، ئێستا بەرووی دیارە کەدەزگای پڕوپاگەندەی دەوڵەتان و ئاژانسە خەبەریەکان پەردەیەکی مات و بێدەنگان بەسەر کارەساتە خوێناویەکانی کوردستان داداوە و ئەوەی باسی نەکرێ مەسەلەی کورد و رووداوەکانی کوردستانە.

مرۆڤ گەلێك دەترسێ کەمەسەلەی بنچینەیی گەلی کورد بەبیانووی کولتور و باسی ئەکادیمیکی بخرێتە پشتگوێ و بێدەنگی و خۆ گێل کردنە کوردەکەش بگرێتەوە، سیاسی و زانا و رووناکبیرانی کورد لەدەرەوەی وڵات تووشی هەمان پاسیڤی و بێ موبالاتی بن و خۆ بەشیعر و بەیتی دمدمەوە بخافڵێنن، ئەوە ئیتر داخێکی گرانە و ناکرێ باسی نەکرێ، ئەوانە بوون بەکورتی سەرنجەکانی من سەبارەت بەباسەکانی ئەم چوار رۆژە، بەڵام بۆ ئەوەی باسەکەم هەر سکاڵا و دەردی دڵ نەبێ، بەکورتی ئاورێك وەسەر کوردستانی ئێران دەدەمەوە....) پاشان لەوتارەکەمدا

باسی وەزعی کوردستانم کردوە لەسەردەمی رەزا شادا و لەسەر بلیمەتی هێندێ شاعیری کورد لەو سەردەمەدا و پاشان هاتوومە سەر دەوری شاعیرانی سەردەم لەپەرەپێدانی زمان و ئەدەبی کوردیدا وەك (حەقیقی، ئیمامی، هێمن، هەژار، سواړە، فاتح و نووسەرانی وەك قزڵجی، قاسملۆ، محەمەدی قازی، ئیبراهیمی یونسی، عەبدوڵای حەسەنزادە، قازی ئەحمەد و....هتد) باسی هەنگاوەکانی کۆماری کوردستانم کردوە لەبواری کولتور و زمان و ئەدەبی کوردی، هەنگاوی حیزبی دیموکرات دوای رووخانی رژێمی شایەتی بۆ دانانی قوتابخانەی کوردی لەدێهات و چاپکردنی کتێبی پۆلی یەك و دووی سەرەتایی بۆ قوتابخانەکان بەزمانی کوردی).

رۆژی ۸۹/۱۲/۲۳ گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆڵم ، ۱۲/۲۸ چوومە تەماشای شانۆی (رووت بوونەوە) روت بوونەوە شانۆیەك بوو لەدەرهێنانی هونەرمەندی هەڵکەوتووی کورد دکتۆر فازیل جاف کەپشکۆ ناکام و یەك دوو هونەرمەندی دیکە دەوریان تێدا دەبینی، شانۆیەکی رەخنەیی بوو لەرێبەرە سیاسیەکانی کوردستان کەلەبەرئەوەی بەفەرمان و قسەی بێگانە دەبزوونەوە رووت بوونەوە و هیچیان پێ نەماوە.

بەم جۆرە بەچەند وردە سەفەری نێو سوید و هیلاکی و ماندووبوونی بەردەوام بەرۆژنامەی (سەردەمی نوێ) وەسالّی ۱۹۸۹مان گەیاندە کۆتایی و بەتوشبوونی هەڵەیەکی لەقەرەبوو نەهاتوو لێی دەرباز بووم.

ئێستا بێگومان کەباسی هەڵە کرا، خوێنەری بەڕێز بەعادەتی کوردی کەپتر لەهەڵە و رەخنە و کەم و کوڕی دەگەڕێ و لەنێو هەزار لاپەڕە

نووسیندا چاوی تەنیا هەڵەیەك و ناتەواویەك دەبینێ و لەئاست ٩٩٩ لاپەڕەکەی تر چاوی ریپۆق دەکا، چاوەڕوانە تا بزانێ ئەم هەڵەیە چبوە و بۆیە دەبێ پاشملە بیکاتە نوقڵی مەجلیس و باسەکان و داخی دڵی پێ بڕێژێ!

دەڵێن لەوڵاتانی عەرەبی کەپێیان دەهاوینێ ناو گەرما دەهات، سیمەکان تێکەڵ دەبن و شەڕ یا کۆدیتای نیزامی دەست پێدەکرێ، لەهەولێریش ئەگەر یەکێك تووشی گەرمای ئاوا بوو، دەڵێن (تەواو) نییە! لەسوید هەرچەندە گەرما نەگەیشتبوە ئەم پلەیە و هەر بەهار بوو، هاوینیش دانەهاتبوو، ناتەواوی هەولێری و یا سیم تێکەڵبوونی عەرەبی تووشی من بوو، هەرچەندە من دوای هەوڵی هێندێ برادەر بۆ سازکردنی حیزبی سیاسی لەئەوروپا و دوای پەند و ئامۆژگاری بەنرخی بەڕێز سارمخانی سادق وەزیری بڕیارم دابوو کەهەتا لەئەوروپا بم بازاڕی حیزب سازی نەکەمەوە، بەڵام دەڵێی چی؟

منیش کوردم و قەولی شادرەوان سەید رەسوڵی بێتاوانی بەناهەق و نارەوا شەهیدکراو (کوردەکە ئاقڵ نابێ) وەبەر من کەوت، لەگەڵ چەند برادەرێك بۆ سازکردنی حیزبێکی سیاسی (تۆزێ نوێ) هەنگاومان هاویشت، دەستم دا قەڵەم پێشەکیەکی گۆیا پوخت و پڕەوو و پڕۆگرامم نووسی و ماشێنم کرد و هەرمابوو ناوی لێ بنێین، بەڵام خواو راستان زوو هاتمەوە سەرخۆ، وریا بوومەوە و ئەمجارە بەپێچەوانەی قسەکەی سەید رەسوڵی شەهید، جاری واش هەیە (کوردەکەش ئاقڵ دەبێ) بەڵام کەمتر..!! دیسان وەبەر

مـن کـەوت، بەبێـدەنگی و بـەئازایی وازم لێ هێنـا، وەک دەڵـێن: (زەرەر لەنیوەش بگەڕێتەوە هەر باشە) من زەرەرم نەکرد، چـونکە ئـەزموونێکی گـرنگ و بـەنرخم هاتـە دەسـت، سـەعدی شـیرازی دەڵـێ: (بـۆ مـرۆڤ دوو تەمەن پێویستە، بەیەکیان تەجروبە وەدەست بێنێ و بەئەوی دیکەشیان بەکاری بێنێ) بەهیوام لەم بەشەی تەمەنمدا کەوا لەگەڵاڕێزانی پایز نێزیك دەبێتـەوە، ئەزمونـەکان بـۆ گەیشـتن بـەرزگاری نیشـتمان و بەختـەوەری زەحمەتکێشانی کورد بەکار بێنم، ئەوە لەنەخۆشی سیم تێکەڵ بوم رزگار بووم و دەمەوێ لەسەر خێران ساڵی ٨٩ بەڕێ بکەم.

٨٩/١٢/٣١ برادەرێکی خۆشەویستم سەید عوسمان لەگەڵ کاك عوسمـانی راد پەیدا بوو، نان و چاییمان خوارد و سەید عوسمان دەستیکرد بەپەنـد و ئامۆژگـاری برایانـە و ئیسـرار کـە: چـۆن دەبـێ تـۆ وا دانیشـی، خـەڵك حیسابت لەسەر دەکا، دانیشتن بۆ تۆ نابـێ، دەبـێ دەسـت بەتێکۆشـانی سیاسی بکەی و چی و چی.... لەگەڵ سوپاس بۆ هەڵوێسـتی کـاك سـەید عوسمان، پێم گوت: برا گیان من وا خەریکی سەرە تەقـەی نووسـینم، بـا خەڵکی دیکە ئەم بازارە بکاتەوە، نازانم چەندە قسەکانی منی بەدڵ بوو، بەڵام دەزانم دۆستایەتیەکەمان بەردەوامە.

ساڵی ١٩٩٠

ساڵی تـازەی ١٩٩٠مـان بەدانیشـتنی خۆمـاڵی و بەتەماشـای تەلـەڤیزیۆن دەست پێکرد، ئەوەی تەمێکی ماتەمینی خستبوە سەر دانیشـتنەکەمان، دەنگوباس و تەفسیری ئەو شەوەی تەلەڤیزیۆن بوو کەروورداوەکانی ساڵی

٩٨٩ی باس دەکرد و نیشانی دەدان و یەك جار و یەك وشە باسی کوردی نەکرد و هەروەك نەتەوەیەکی ئاوا لەم جیهانەدا نەبێ، هەڤاڵێکی سەرنج راکێشی ئەوشەوە بریتی بوو لە: (بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی (یونیسێف) لەئاخری ساڵی ١٩٨٩دا ٥٠ میلیۆن کەس لەجیهاندا لەبرسیەتیەکی دەق و تەواودا دەژین و ٢٧ میلیۆن منداڵیش مەرگ هەڕەشەیان لێدەکات).

لەگەڵ تێکۆشانی بەردەوام بۆ دەرچوونی (سەردەمی نوێ) بەرگی چواری بیرەوەریەکانیشم تەواو کرد و تووشی برادەرێکی کوردی عێراقی هاتم کەچاپخانەی هەبوو، بەڵێنی دا لەوپەڕی جوانیدا بۆم چاپ بکا، پاش ماوەیەك کتێبەکە نەك هەر جوان چاپ نەکرابوو، بەڵکو ئێستاش هەرکەس بەرگی چوارەم دەخوێنێتەوە، لەگەڵ هەڵوەرینی پەڕەکان بێشك دوعای بەخێر بۆ خاوەن چاپخانە دەنێرێ!! جارێکی دیکەش رووبۆوە کەکورد با لەئەوروپاش بژی و کار بکا، نابێ واز لەخەسڵەتی بێ قەولی خۆی بهێنی.

٩٠/٣/١٦ فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردیەکان لەسوید بەبۆنەی یادی بۆمبارانی هەڵەبجە شەوێکی ساز کردبوو بەڵام بلیتی بە ٥٠ کرۆن دەفرۆشت، من رەخنەم لێگرتن و گوتم ئەوە فرۆشتنی خوێنی شەهیدانی هەڵەبجەیە، بەڵام رەخنە و شت فایدەی نییە، ئەوان دەزانن کارەکانیان چۆن بەڕێوەبەرن.

٩٠/١/١٩ رۆژنامەی کوردستان پرێس بۆ یارمەتی و پشتگیری شەو ئاهەنگێکی ساز کردبوو، منیش داوەت کرابووم، خەڵکێکی زۆر بەشداریان

کردبوو، ئەمە یەکێ لەو کارە جوانانە بوو کەکوردەکان بۆ پشتگیری رۆژنامەکە کردبوویان.

لەنێو گۆڤار و لاپەڕە بڵاوەکاندا نامەیەکی هەشت لاپەڕەیی برا و برادەرێ بەڕێز مەلا محەممەدی جوانڕۆییم دیتەوە، گۆیا ئەوە نەساخ بوە و لەخەستەخانە نووسیویەتی، کەچاوم پێکەوت گوتم: جا ئەوە ئەگەر لەخەستەخانەوە نەینووسیبایە، بێشك کتێبی دەنووسی) پێم خۆشبوو بۆ متفەڕك چەند لاپەڕێ ئەم بەرگەی پێ بڕازێنمەوە، بەڵام بڕیارم دا هەر هێندێکی لێ هەڵێنجم، رەنگە خوێنەری ئاواش هەبێ بڵێ: (بۆچی هەر هێندێك بۆ هەووی نا؟) زۆر هاسانە، لەوەڵامدا ئێژم: چونکە بەدەست خۆمە و نامەکە بۆ من نووسراوە و نامەوێ نووسراوەیەکی ٨ لاپەڕەیی مەلا محەمەدی بڵاو کەمەوە، ئەمەش هەڵێنجاوەکەیە بەو شەرتەی رێنووسەکەم دەستکاری کردوە، بەڵام رێزمانەکە خۆیەتی و خوای گەورەش ناوێرێ دەستی لێ بدا و هەر حەیفیشە داڕشتنی رستە و رێزمانی برایانی کوردستانی خواروو دەستکاری بکرێت!

نامەی رێزدار مەلا محەمەدی جوانڕۆیی

(..... برای بەڕێز کاکە حسامی هێژا... سڵاوێکی گەرم و گوڕمان پێشکێشتانە.

پێش چەند رۆژ نامەیەکی تەرم بۆ ناردی پاش خوێندنەوەی بڵاوکراوەکانت، نازانم گەیشتوە یان نا؟ بەڵام وا نامەیەکی تریشی بەدوای

دا دێت... پێم وانییە جارێ نامەی سێیەمی هەبێ واتا تا دەردەچم لەخەستەخانە.

بڕام بۆ کەمێك سەرنجم لەسەر بیرەوەرییەکانت لەبەرگی دووەم و سێیەمدا کەقەولم پێ دابوێت زۆرت سەرقاڵ نەکەم بەڵام لەم چەند خاڵانەدا هێندێکیان پێشکێش دەکەم، (... جارێکی تریش دەڵێم: زۆر لایەنی ئەو شارەزایی و چۆنیەتی رووداوەکان، هێنانە ژێر لوتی خامە و نەشاردنەوەیان لەجەماوەر و خەڵکانی خاوەن مەبەست کەلێرەدا دەبێ بڵێم بەداخەوە دەیان و سەدان راستی و رووداوی گرنگ و خاوەن خەبات و کۆششانی سەردەمەکانی لەمەو پێشوومانداا، یان ئێستاشماندا چوونە ژێر خاك و شاراونەوە لەخوێنەران و تێکۆشەران...) بۆیە دەڵێم من لەسەرجەمدا سوپاسی رەنجدانەکەتان دەکەم بۆ نەشاردنەوەیان لەخوێنەر، دیارە ئەوە کارێکی وانییە بڵێم، لێرە و لەوێ لای من و ئەو و ئەویتر هێندێ راو بۆچوون پەیدا نەبێت نە... دووریش نییە لەزۆربەدا سوود وەربگرین و ناشارەزا ببێ، لەهێندێکیشدا کەمێك بۆچوون و رای تر لای خوێنەر دروست بکات، بەڵام بەهەرحاڵ ئومێدی ساغی و تەمەنی درێژتان بۆ دەخوازم بۆ تەواوکردنی بەرگەکانی تریش.

کێشەکانی خەبات و ژیان، بەشەکانی خۆت و خێزان بەبەشەکانی هاو سەنگەرەکانتانەوە هێندێك لایەنی بۆ منیش روون کردەوە کەنەم دەزانی (سەد شەڵا- وەك لەکوردستانی عێراقدا دەڵێن: زووترم زانیبایە) چ لەسەر حیزب و چ لەسەر حیزبی تودەی ئێران، چ لەسەر هەڵوێستەکانی

ئەو یان ئەم هاوڕێ لەو هاوڕێیانەی لەخەباتدا زۆربەیانم ناسی.

خۆزگام لاپەڕەکانی تری ئەم لاپەڕانە بەکاك حەمەدەمین- رەوەند- لەپێش هەموانی تردا دەست بەکار بوایە و ئەو زەخیرە گرنگەی بهێنایەتە سەر کاغەز بۆ تەواوکردن و سوودی خوێنەر و خەباتە سەخت و درێژەکەی گەل و نیشتمان و چینە چەوساوەکانی لێرەدا پێشنیار بەئێوە دەکەم، هیمەتتان کەکارتێکردنی خۆی هەیە بۆ دەست جولاندنی کاك رەوەند و کاك رەحیمی قازی بخەنە کارەوە لەم روەوە سەرنجێکی زۆرم بۆ ئەو هەموو بەسەرهاتانەی (حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) جوولە و هەموو لەت و پەت و کەرت کەرت بوونە و بەسەرهاتە قولانەی لەدەورانی پێش و پاش (عەولای ئیسحاقی)....هتد و پێش شۆڕشی گەلانی ئێران چەند جاران بەچەندان کەسانێك بەڕێوەچوە و ئەوجاریش ئەو هەموو ناکۆکیانەی نێوان پیاوە شارەزا و ناوداراکانی سەرکردایەتیەکەی، بەڵام بەراستی ئەو حیزب و رێکخراوانەی کەبۆ دیفاع لەخواست و ئاواتی جەماوەری گەل پێك هاتبن و جولابن هەر چیەکیان هاتبێتە پێش لەکۆسپ و کێشە و سەختی، بەڵام بۆ پێشەوە خەباتیان درێژە پێداوە و هەڵگرانی ئالاکە لەو تێکۆشەرانە و دڵسۆزانە هەرجارە بەجۆرێك پێك هاتۆتەوە، بڵێی ئەرمی خەباتی ئەمڕۆی سەختمان لەم قۆناغەدا و لەسەر رۆشنایی دەرسەکانی رابردووی هەر حیزبێك بەجیا و جولانەوەکە بەگشتی، لەوانەش شۆرشگێڕانی کوردستانی ئێران بەتایبەتی، وەخۆکەوتنی نوێیان نەبێ؟

کاك کەریم: بەراستی هاوخەباتی و هاوکاری حیزبی تودەی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەهێندێك قۆناغدا، یان بڵێم کێشەی نێوانیان و چۆنیەتی و بۆچوونی یەکەم بۆ یارمەتی و هاوخەباتی لەگەڵ دووەمدا زۆریش نەك کەم سەرنجی راکێشام، دیارە ئێمە لەعێراقدا ئەو جۆرە کێشەیەمان هەر لەسەرەتاوە نەبوە وەك خۆشتان قسەتان لەسەر کردوە، دیارە ئەوە ئاکارێکی یەك لایەنە نییە، چ لەلای دیوی عێراق، یان لەلای دیوی کوردستانی ئێران، چەندان هۆ هەن بۆ هەر لایەنێکیان لەباری سەلبی و لەباری ئیجابیەکەشیەوە.

لێرەدا باسەکانی پاش شۆڕش واتە پاش رووخانی شا و سەردەمی رژێمی خومەینی ئیسلامی جێگەی باس کردن دێن، چونکە رووداوەکان نوێن و نووسراویش زۆر زۆرن لەسەریان هی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئێرانی و کوردستانی، ئەوەش ئەرکی ئێوە گەورەتر دەکات لەبەرگەکانی دوای بەرگی سێیەمەوە.

کاك کەریم: من پێم وایە کێشەی کورد لەهەر پارچەیەك لەپارچەکانی نیشتمانی دابەشکراوی گەلی کوردە دەبێ پایە و پلەیەکی زۆر گەورەتر بەخۆوە بگرێت، چ لەلایەن حیزبە شیوعیەکانەوە و چ لەلایەن حیزبە غەیرە شیوعیەکانەوە- بەهەموو جۆر و بارەکانیانەوە، بەڵام ئەرکی باڵە شیوعیەکان و خەباتی چینایەتیان لەناو کۆڕی خەباتی رزگاریخوازی و نیشتمانی گەلی کورد زیاتر و قوڵتر دەکاتەوە کەدەبێ پێی هەڵستن بەچالاکانە و رووسوورانە، جا باڵە شۆڕشگێڕ و دیموکراتەکانی تر، هێزە

بورژوا چکۆلەکانی تری کوردستان هەرجۆرە و شێوەیەك بێت، واتە رۆڵی خەیان چاك و چالاکانە بگێڕن یان نا؟

کارێکی تری گەورەی ئەم دوو بەرگە تۆمارکردنی زۆر لاپەڕەی گرنگ لەرۆڵ و رەوتی شۆڕشی نەتەوایەتی ئەیلول لەکوردستانی عێراقە، بەرامبەر مارکسیست و شۆرشگێڕە دیموکراتە پێشکەوتوخوازەکانی کوردستانی ئێرانە، بەراستی کاری نزمکران و کراون، ئای کەکاری خەراب و نزم رووياندا لەسالانی ئەم دواییەی شۆڕشی کۆلانیشدا، لەیەکتر کوشتن و براکوژی و برا و نێزیکترین برادەر بەکوشتدان بەیەکتری و بەفڕوفێڵ دەعوەت کردن و شایی و نان خواردن لەسەر سفرە و خوانی یەکتری و ئەوجا قەسابخانە سازاندن بۆ یەکتری.... بەحەق وتووتە کەنەخۆشیەکە لەکوردستانی عێراقەوە گەیشتۆتە دیوەکانی کوردتانی لەت لەت کراو، ئەمە زۆر راستە... هەتا دەتوانیت بڵێیت: لەژێر کارتێکردنی ئەو دوژمنکاریەی یەکتردا... رێکخراو دروست کردن لەتورکیا و سوریاش، هەر لایەنە بۆ خۆی، یان کەرت کردنی کۆڕ و کۆمەڵێکن کەلەخەباتدا هەبوون، باشە لێت بپرسم لێرەدا ئایا برادەرانی سەرکردایەتی (پ.د.ك) یان ماڵە بارزانی خوا لێ خۆشبوو هیچیان بۆ نەنووسیویت لەو رووەوە ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە چۆنە سودت لەبەڵگەنامەکانی خودی ئەم شۆڕشە (بەتایبەت کۆنگرەی ۹ی پارتی) وەرنەگرتوە لەم باسانەدا.

کاك کەریم لەگەڵ گرنگی و گەورەیی شۆڕشە نەتەوایەتیەکەدا و گرنگی و گەورەیی رۆڵ و دەوری بارزانیی نەمر خۆی، لەو ساڵانە و پلە

سەختانەدا، وەك كاریگی مێژوویی لەخەباتی پەرەگرتووی گەلی کوردماندا... بەڵام کەئەوانەم دەخوێندەوە زۆرم وەبیر دەهاتەوە کەهەر لەسەرەتای ئەیلولی ١٩٦١وە چی و چەند کارەساتی سەخت و خوێناوی و سامناکی یەك لەدوای یەك دەربارەی کادر و هاوڕێ و لایەنگرە دڵسۆزەکانی حیزبە شیوعیمان بەتایبەت رێکخراوەکانی هەرێمی کوردستان کراو بەئەنجام دەگەیەندران، واتە نەك هەر بەرامبەر کوردە مارکسیست و پێشکەوتوخوازەکانی کوردستانی ئێران بوو، شاڵاوەکانی چەك کردن هەموو ئەوانەی سەر بەحیزبی شیوعی عێراق بوون لەهەرێمدا لەساڵانی یەکەمدا و لەخوێنا نوقم کردنی بنکەکانی پێشمەرگایەتی (بەمۆ) و لەشارەزور و قەوالێ و خۆرنەوەزان لەگەرمیانی کەرکوك، و زۆری تر، گرتن و لێدان و (برائە) کۆکردنەوە لەشیوعیەت و حیزبەکەی لەعێراقدا، ئەوجا کوشتنی کادرەکان لەجادەکان و لەگوندەکاندا، یان لەبەندیخانەکانی ماوەت و پێنجوین و تەوێڵە و قەرەداغ و سەرتەك و بێتواتە و رایات و زۆری تر...

لەسەر بۆچوونتان لەسەر (ماویەت) و لەسەر رۆڵی مام جەلال و رێکخراوەکانی ئەوکات و دواییش، لەسەر بۆچوونتان لەسەر (عزیز الحاج) و کار و ئەنجامەکانی، بێ ئەوەی لایەنگیری کردنی تێدا بێت، دەڵێم بۆچوونی راست و چاك بوون کەوردیی بیرکردنەوەکانی ئەوکاتە دەردەخەن، بەراستی ئەو دەست خستنە ناو کاروباری کوردستانی ئێران و ناو رێکخراوەکانی کوردستانی ئێران، زیانێکی دیاریان گەیاندوە..

بەخوا لێت ناشارمەوە من هەر لەکۆنگرەی چواری مەهابادەوە بەنیسبەت ح.د.ک.ا هەڵوێستم لەگەڵ ئەو لەتکردنانە نەبوە کەروویاندا لەو حیزبەی کوردستانی ئێراندا، ئەمەش مانای وانییە ئەو هەموو لەت و پەت بوونە، ئەو هەموو کادر و بەرپرسانە هەڵە و چەوت و نەفام بوون و کاك رەحمانی شەهید لەهەموواندا لەسەر هەق بوە، نا. زۆریشم لەگەڵ مامە غەنی و برادەرەکانی، لەگەڵ کاك حەمەدەمین و ئەحمەد عەزیزی گوتبوو.. مەکەن و ئەگەر کردووتانە با عیلاجی بکەین، ئەوە سەرئەنجامی چاك نابێ، دەمەوێ بڵێم ئەوەی (کاك رەستگار و گادانی و کاویانی–یش) هەر شتێکە لەو رستەیە، زۆری بۆچوونەکانتم بەلاوە پەسندە لەو بارەیەوە..

بۆ رۆڵی درێژ خایەن و بەردەوامی حیزبی شیوعی عێراق و هاوڕێکانی و رۆژنامەکانی، ئاوێنەیەکی وایە کەهەر خوێندەوارێك دەتوانێ سەرئەنجامی لێ وەربگرێت بۆ خۆی دەربارەی لەسەر رۆشنایی ئەوانەی لەو دوو بەرگەدا وەبیر کەوتوونەتەوە لەلایەن ئێوەوە کەمایەی رووسووری شیوعیەکانی عێراقە سەرجەم.

برام حیسامی: وابزانم بەسە... سوپاسی هیممەتتان دەکەین و چاوەڕوانی زیاتریشتان لێ دەکەین، هەر خۆش بی بۆ خزمەتکردنی زیاتر.. بۆ دڵسۆزتان باوکی تارا.. مۆسکۆ بیمارستان).

هاوینی ۱۹۹۰ بەخەریکبوونی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) و نووسینی بەرگی پێنجی بیرەوەریەکانم رۆژگارم بردە سەر و سەردانی جاروباری دۆست و برادەرانیشم لێ دەکردە ئاوێتە، لەکوردستانیش خەبەری ناخۆش

نەبا نەدەگەیشتن، ئەم ژیانە ئەوەندە بەگرێ و گۆڵە قەت تا سەر خۆشی و ناخۆشی لێ دەستەبەر ناکرێ و هەمووشی بەئیمامی ڕەبانی نانووسرێتەوە.

دنیایەکی سەیر

ڕۆژی ٩٠/٦/٤ تێکۆشەر مامۆستا بەهائەدین نوری تەلیفۆنی کرد و گوتی: (هەرچەند دەکەم خانووم وەگیر ناکەوێ و جێگام نییە لێی بنووم، حەزدەکەم ڕێگا بدەی بچم لەلۆکاڵەکەی تۆ (واتە لۆکاڵی ڕۆژنامە) بنووم، دەستە نوێنێك و تەلەڤیزیۆنێکی بچوك دادەنێم، بەتەنیا زۆر ژیاوم، نیوە کرێش دەدەم).

لەرادەبەدەر نارەحەت بووم، ئەو لۆکاڵە ژێر عەرزێکی تاریك نەك هەر بۆ ئەوە نەدەبوو کەمرۆ تێیدا بژی، بەڵکو شوێنێکی بەترسیش بوو، بەو تەلیفۆنە لەگەڵ دایکی کەمال کەوتینە پەژارە و خەفەت دایگرتین، خانوەکەی ئێمەش زۆر بچوك بوو، بۆیە نەدەبوو برادەرێکی دیکەش لەگەڵمان بژی، هەر ئەوەمان پێدەکرا تف و لەعنەت لەم ڕۆژگارە بکەین، کەسێکی هەموو تەمەنی لەپێناو ئازادی و بەختەوەری گەلدا بەخت کردبێ، لەو تەمەنەدا و لەشارێکی وەك ستۆکهۆڵم جێگای وەگیر نەکەوێ و ناچار بێ داوای ژێر عەرزێکی تاریك بکا تێیدا بنوێ، درۆ ناکەم ئەگەر بڵێم تا دوای نیوەشەو درەنگ خەوم لەچاوی نەکەوت و بیرم لەگەمەی ڕۆژگار دەکردەوە و هیچیشم بۆ نەدەکرا.

دکتۆر جەلیلی جەلیل لەلایەن فیدراسیۆنەوە بۆ سیمینارێك داوەت کرابوو، ڕۆژی ٩٠/٦/٣٠ لەسەر کورد و پرێستڕۆیکا باسێکی سەرنج ڕاکێش و بەپێزی هەبوو، شەوێکیش منی بەسەر کردەوە و دانیشتنێکی خۆشمان

بردەسەر، دکتۆر جەلیل گوتی: (لەو سەفەرەدا شتێکی گرنگم کەشف کرد، ناوی گەلێك حیزبی کوردستانی تورکیام بیستبوون، لێرە بۆم دەرکەوت هەرکەسە داتایەکی لەمالّی خۆی داناوە، بەیاننامەیەکی پێ دەنووسێ و ئەوە حیزبەکەیەتی).

۹۰/۷/۸ کەمالی کوڕم هاتە سوید و داوای پەنابەری کرد، بەگوێرەی قانونی پەنابەری سوید هەرکەسێکی دایك و باب و گشت کەسی نێزیکی لەسوید بن، دەتوانێ ئەویش بێتە سوید بژی، کەمال دایك و باب و خوشکی لەسوید دەژیان و کەسی دیکەشی نەبوو، بەڵام پاش ۲۷ مانگ و دوو مانگ حەپس کردن و گۆڕینی دوو وەکیل جا ئیقامەی ئینسانیان دایە، بۆروکراسی و دیموکراسی رۆژئاوا هەروا سادە نییە وەك رواڵەتەکەی دەبینرێ، تەونی دەجالّیە و هەر خۆیان دەزانن چۆنی بەڕێوە دەبن و گەلانی لێقەوماوی ولّاتانی دواکەوتووش چۆن فریوی دەخۆن.

۹۰/۸/۷ لەگەڵ کەمال چووینە سەر شایی کێژی دۆستی بەڕێزم مەلا حەسەنی نوزهەت زادە، هەتیوێکی فارسی ئەندامی مەنسوری حیکمەت یارمەتی دەدان و شەمی لەسەر مێزەکان دادەنا، کەبۆ لای مێزەکەی ئێمە هات، گوتم: ئێرە لێیەتی، هەتیو گوتی: (زمانی مردوو نازانم، کوردی و ئازەری زمانی مردوون نامەوێ فێریان بم.

گوتم: شەرمێ بکە، هەر زمانی شۆڤێنیزمی فارست پێ زیندوە؟ پێم ناڵێی کێ تەربیەتی کردووی؟ هەتیو رۆی، پاش تاوێك هاتەوە گوتی: ببورە، زمانی فارسیش مردوە، شەو گەڕاینەوە سندسڤاڵ میوانی کاك سولەیمانی چێرە بووین، رۆژی دوایی مەنسوری میرزا محەمەدی نەغەدەیی بۆ کەبابی سەر دەریا داوەتی کردین، بەراستی میوانداریەکی بەدڵ کوردانە و

بەکەش و هەوا ئەوروپیانەی ساز کردبوو، بۆ لەبیرچوونەوە نابێ.

رۆژەکانی سەرەتای مانگی ئوت حکومەتی عێراق وڵاتی کوێتی هاورەگەز و هاودین و هاوعەبا و عەگالی پەلامار دا و بەیەک رۆژ داگیری کرد و ناوی نائوستانی ١٩ی عێراق، بەم کارەی حکومەتی بەعس (ئومە عەرەبیە واحدە) جەوهەر و نێوەرۆکی خۆی بەجوانی نیشاندا، ئیتر بەدوای ئەم پەلامارەدا، قسە و باسی رۆژانە لەنێو دۆست و برادەران هەر خەلیج و سیاسەتی ئەمریکا و چۆنیەتی دواڕۆژی عێراق و بەتایبەت چارەنووسی کوردستان بوو.

٩٠/٩/٢٥ چوومە ئەڵمان کەبچمەوە سۆفیا، ساڵی ١٩٨٤ هەزار و سێ سەت مارکی ئەڵمانیم لەسپار بانگی ئەڵمانی هەبوو، ئەودەم بەپاسپۆرتی عێراقی دامنابوو، لەگەڵ کاک مارف ئەمینی کۆیی چووم وەری گرمەوە، گوتیان پارەی خەڵکی عێراق بڕیاری راگیرانی لەسەرە و نایدەینەوە، هەرچەندی جەوازی سەفەر سویدیم نیشاندا، فایدەی نەبوو. پارەکەی منیش تا پاش سێ ساڵ بەپریشکی ئاگری سیاسەتی سەددامەوە سووتا و پاشان وەرم گرتەوە.

ساڵی ١٩٩١

سەر ساڵی ١٩٩١ پاش ساڵەهای سـاڵ منداڵەکانیش لـەلای ئێمـە بـوون و شەوێك لێك کۆببوونەوە، بۆ ئێمە شەوێکی خۆش بـوو. بەگشـتی هـەموو کـات و سـات بـاس و خـواس هـەر مەسـەلەی خـەلیج و چـاوەڕوانی ١٥ ژانوەیمان دەکرد کـەبزانین کـەنگێ ئەرتەشـی داگیرکـەری عێـراق پـەلامار دەدرێ و کێشەی کەنداو دەگاتە کوێ.

٩١/١/٩ بـۆ عەمـەلیاتی پـۆلیپی لـوتم چـوومە خەسـتەخانە، دوای رۆژێـك کەبڕیار بوو عەمەل بکرێ، حاڵم تێکچوو، سەرم دەسووڕا و دەڕشـامەوە، تەلیفۆنم بۆ دکتۆر جەمشید کـرد لەگـەڵ دایکـی کـەمال هـاتن و لـەجیاتی عەمەل ناردیانمەوە ماڵێ.

لەبەر ناڕەحەتی لەماڵێ دەستم بۆ هیچ ناچێ، سەیری تەلەڤیزیۆن دەکەم و گـوێ دەدەمـە دەنگوبـاس، دوای دوو رۆژ هاتوومـەوە سـەرخۆ، ئـەم دێڕانەی خوارەوەم لەدەفتەری یادداشتەکانم نووسیوە، بێ دەستکاری بۆ ئێرەیان دەگوێزمەوە:

(..... ئێستا پتر لەگشت کاتێك دنیام سەیر دێتە بەرچاو، هـەمووی درۆ، هـەمووی فریـو، هـەمووی تەقـەڵا بـۆ وەدەسـتهێنانی سـوود و قـازانج، هەمووی لەژێر پێ نانی مافی مـرۆڤ پێشـێل کردنـی دیموکراسـی، بـەناوی دیفاع لەدیموکراسی، پشتیوانی لەکۆنەپەرستی... دنیایەکی سـەیر... بـۆ دیفاع لەشێخی کوێت لەشکری دنیا دەنگ دەدرێ، بەڵام پێنج هەزار کورد بەچـەکی کیمیـایی قـڕ دەکـرێ، (لایـەنگرانی مـافی مـرۆڤ) سـەرزارەکیش

جنایەتکار مەحکوم ناکەن... ئێستا رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی دنیا کەوتۆتە کار، بۆچی؟... سەددام کوێتی پەلامار داوە !... نەوتە... کوێت نەوتبەڵانە... پیرۆزە... وزەی ئابووری ئیمپریالیزمە... نابێ دەستی لێ بدرێ... بەڵام نەتەوەیەك بەخڕی وا خەریکن لەبەینی بەرن... کەس باسی ناکات... سەیرە... مەسەلەی لیتوانی-ش خەریکە بێتە ریزی مەسەلەی کەنداو... کردەوەی سەربازانی سۆڤێتی لەلیتوانی رووی سەددامی سپی کردەوە... بیروباوەڕ، یەکسانی، دادپەروەری، دیموکراسی، مافی مرۆڤ هەموو مانا و مەفهومی خۆیان لەدەست داوە... ١٣ کەس لەلیتوانی بەگوللەی سەربازانی رووس کوژراون.. کارێکی ئەوەندە گەڵاڵو و چەپەڵە مرۆڤایەتی شەرمی لێدەکات... بەهیچ بڕ و بیانوێك لەپینەکردن نایە، لەستۆکهۆڵم چەند رۆژە بۆ ئەو کوژراوانە قوڕ وەسەر دەکەن، خۆپیشاندان دژی سۆڤێت و بۆ پشتیوانی لەخەڵکی لیتوانی سویدی داگرتوە... رێبەرانی سیاسی سوید وتار دەدەن... باڵیۆزی سۆڤێت بۆ وەزارەتی دەرەوە بانگ دەکرێ... بەڵام لەفەلەستین هەموو رۆژێ ٢٠ کەس دەکوژرێ، بەدەگمەن ئەگەر باسی بکەن، گەلی کورد لەعێراق بەخەڵك و ئاوەدانی و کلتور و ئاقاری شوێنەواری کوێر کۆدەکرێتەوە، کەس باسی ناکا... شەڕ لەکەنداو دەست پێکراوە... تەلەڤیزیۆنی سوید بەرنامەکەی بەباسی هەرای لیتوانی دەست پێدەکات.. دنیای درۆ.. فریو.. مەسڵەحەت و لەژێر پێ نانی هەستی مرۆڤایەتی... نووسراوەی دەفتەرەکەم تەواو دەبێ.

٩١/١/٢٤ کاك حەمەدەمینی سیراجی تەلیفۆنی کرد و گوتی: (لەم سەرو

بەندەدا وا خەریکە کۆنفڕانسێك لەبارەی مەسەلەی ڕۆژهەلاتی نێزیك ساز بکرێ، با یادداشتێك نامەیەك ئامادە بکەین و بیدەین زۆر کەس ئیمزای بکەن، داوا بکەین کەباسی کوردیش لەم کۆنفڕانسەدا بێتە گۆڕێ).

گوتم: بەربەسێلّمان لێناوە، وەرە با نانەکەی بخۆین، ڕەنگە باشتر بیری لێ بکەینەوە، کاکە مین هات و نانمان خوارد، گوتم:

برام! ئێستا بەرەی کوردستانی عێراق شکلّێکی بەخۆوە گرتوە، ئەو دەتوانێ بۆ هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد لەم جۆرە کۆنفڕانسانەدا هەوڵ بدا و حیسابیشی لەسەر دەکرێ، نامە نوسین و ئیمزای چەند کەسێك لام وانییە تەئسیرێکی هەبێ، دوای نان، چایەکەشمان خواردەوە و بێدەنگەمان لێکرد!!

سیمیناریٚك لەسەر بارودۆخی شەڕی کەنداو و دواڕۆژی عێراق

لەجەنگەی هەرای خەلیج دا بەرەی کوردستانی عێراق تەڤگەر و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش سیمیناریٚکیان لەسەر بارودۆخی شەڕی خەلیج و دواڕۆژی عێراق پێك هێنا و خەلّکێکی زۆریش بەشداری کردبوو.

وەك سوننەتی خەراپی هەمیشەیی ئەو جۆرە سیمینارانە ئەوانەی سەر کورسی مافیان هەبوو چەندی دەخوازن قسە بکەن، بەلّام بۆ خەلّکی بەشدار تەنیا مافی پرسیار و یان پێنج دەقە ئاخافتن دانرابوو، من لەم شێوە کارە ڕەخنەم گرت و پاش دەمەتەقەیەك ١٥ دەقیقەیان بۆ من دانا کەقسە بکەم، منیش بیروڕای خۆم لەسەر ئەم مەسەلە ئالّۆزە بەم

جۆرەی خوارەوە دەربڕی: (... بەبیروڕای من دەکرێ بەکورتی لەدوو لاوە بڕوانینە ئەم هەرا و کێشەیەی کەلەناوچەی خەلیج ساز بوە.

یەکەم سیاسەتی پەلامارەرانەی حکومەتی عێراق

دووەم پێوەندی ئەم پەلامار و داگیرکردنە بەسیاسەتی مەزنیخوازی و دەسەلات سەپاندنی ئیمپریالیزمی ئەمریکاوە.

لەبارەی سیاسەتی حکومەتی عێراقەوە، ئاشکرایە کەسیاسەتێکی پەلامارەرانەیە و لەبیروباوەڕی شۆڤێنی و مەزنیخوازی حیزبی بەعسەوە سەرچاوە دەگرێ و هەوای رێبەرایەتی نەتەوەی عەرەب لەسەری سەددامی داوە و دەیەوێ لەرێگای کوشتار و داگیرکردن ئەم سیاسەتە بسەپێنێ، سەرەتای ئەم سیاسەتە چەپەڵە لەساڵەکانی ٧٤ەوە بەرانبەر بەبزوتنەوەی کورد سەریهەڵدا و لەگەڵ شکانی شۆڕشی کورد و لەبەین بردنی نەیار و هاوکارانی پێشووی حەسەن بەکر و سەددام سەقامگرتوو بوو.

بەڕێوەبەرانی حیزبی بەعسی عێراق توانیان زۆر ماهیرانە لەسەر دوو پەت یاری بکەن و هەرتك بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا نەك هەر لەخۆیان رازی بکەن، بەڵکو بیان کەن بەپشتیوانی خۆشیان، لەرێگای میللی کردنی نەوت و کرێنی چەك و جبەخانە لەسۆڤیەتی پێشوو، وەوردە بازرگانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ئەوروپای رۆژهەڵات توانیان ئەو حکومەتانە لەهەموو کار و کردەوەیەکی چەپەڵ و جنایەتکارانە بکەنە پشتیوانی خۆیان، پێك هێنانی دەزگای سامداری ئەمن و موخابەرات و سیستەمی

کوشـــتار و ئەشـــکەنجەی ئـــازادیخوازان و موخالیفـــاتی رژێـــم، هـــەموو فێرکردەی ولاتانی ئەوروپای رۆژهەلاتە و جنایەتکارانی بەعس لەم ولاتانە و بەتایبەت لەئەلمانی رۆژهەلات فێر بوون، حکومەتی عێراق بەکوشتاری کۆمۆنیســتەکان و ســەرکوتکردنی بزووتنــەوەی رزگــاریخوازی کــورد و خنکاندنی هەموو بیر و دەنگێکی پێشکەوتوو خوازانــە، هاوکات لەگــەڵ کرپینــی چــەک و بازرگانی بــێ سنوور، ولاتــانی ســەرمایەداری رۆژئاواشــی لەخۆ رازی کرد و کردنیە پشتیوانی خۆی.

بەچاو سووری و پشتیوانی ئەم دوو بلۆکە، ئێرانی پەلاماردا و ٨ ساڵ ئەم دوو ولاتە لەخوێندا نقوم کران، شەڕی ٨ ساڵە بەپێچەوانەی فرۆفیشــاڵی رژێمی بەعس لەمەڕ قادسیە و پاریزگاری لەرۆژهــەلاتی عــەرەبی، بێجگــە لەکوشــتار و وێرانــی و نــابودی ئــابوری و کوشــت و بــڕی خــەڵک، هــیچ بەرهەمێکی دیکەی نەبوو، تاقە دەستکەوتێکی کەلــەم شــەڕی ٨ ســاڵەدا نسیبی سەددامی خــوێن ڕێــژ بــوو، دروست کردنــی چــەکی کیمیــایی بــوو کەلەکوردستان و لەسەر میللــەتی کوردی تــاقیکردەوە و لەســەر بنــەمای ئەم تاقیکردنەوە و کوشتاری بەکۆمەڵی خــەڵکی کوردســتان، بەراشــکاوی شانازی بەهەبوونی چەکی قڕکەری بەکۆمــەڵ دەکرد و هەڕەشەکردنیشــی لەئیسرائیل لەفیشاڵ و درۆ بەدەر هیچی دیکە نەبوو.

بەرهــەمێکی تــری شــەڕی ٨ ســاڵە، بریتــی بــوو لــە: ئــابووری فــەوتاو و قــەرزداری ٨٠ میلیــارد دۆلار و ڕاگرتنــی لەشــکرێکی یــەک میلیــۆنی، بــۆ چارەسەرکردنی ئەم تــەنگ و چــەڵەمە قورســە و رزگــاری لــەم گێژاوەیــە،

دەبوایە شەڕێکی دیکە ساز بکا و هەرایەك بنێتەوە، ئەو هەرایەی کەلەپێشدا بەدرۆ رووی لەئیسرائیل بوو، بایداوە بۆ سەر کوێت و پێی وابوو ئەم پاروەی هاسانتر بۆ قووت دەدرێ.

بەکورتی رژێمی بەعسی عێراق بەرێبەرایەتی سەددام حوسێن مانەوەی خۆی لەسێ خاڵدا دیوەتەوە.

یەکەم: شەڕ و پەلاماردانی وڵاتانی تر بەگوێرەی بۆچوونی خۆی کەکام وڵات لاوازترە.

دووەم: سەرکوتکردنی هەموو بیر و بزوتنەوەیەکی پێشکەوتخوازی و کوشتاری نەیاران و ئازادیخوازان.

سێیەم: تەبلیغاتێکی هەراوی فرۆفیشاڵی بەدرۆ، بەناوی عەرەبیەت و لەم دووایيەدا ئیسلامەتیشی لێ زیاد کردوە.

لەپێوەندی لەگەڵ سیاسەتی ئەمریکادا، کاتێ کەباسی پەلاماردانی کوێت دەکەیت، داخوا دەتوانین ئەم پەلامارە بەدوور لەسیاسەتی دەسەڵات سەپاندنی ئەمریکا و بێ ئاگاداری واشنتۆن لەبەرچاو بگرین؟

چۆن بوو سەددامێکی پێشتر هەڕەشەی لەئیسرائیل دەکرد و دەیگوت نیوێکی ئیسرائیل بەچەکی کیمیایی (ئەو چەکەی لەسەر کورد تاقی کردبۆوە) لەبەین دەبا، لەپڕ واز لەئازادکردنی فەلەستین دێنێ و دەچێ کوێت داگیر دەکا؟ زۆر لەسەرنجدەرە سیاسیەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کەبەبێ ئاگاداری و تەنانەت دنەدانی ئەمریکاش، سەددام هەرگیز نەیدەتوانی ئەم ئاگرە بکاتەوە، کاربەدەستانی ئەمریکا لەدارشتنی ئەم

نەخشەیەدا چەند مەبەستی بنەڕەتیان هەبوە کەلەگەڵ ستراتیژی ئەمریکا یەک دەگرێتەوە.

یەکەم- بەپەلاماردانی کوێت مەترسی لەسەر ئیسرائیل دوورەخاتەوە و هەر لەو کاتەشدا ناکۆکی دەخاتە نێو وڵاتانی عەرەبی، چونکە ئەگەر ئیسرائیل پەلامار درابایە، وەزعەکە جۆرێکی تر دەبوو. وڵاتانی رۆژئاوا لەژێر چەتری کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکان دا ئاوا راستە و راست لەشەڕدا بەشداریان نەدەکرد، وڵاتانی عەرەبیش ئەودەم پشتی عێراقیان دەگرت.

دووەم- پەلاماری عێراق بۆ سەر چالاوە نەوتەکانی خەلیج، ئەمریکا ناچار دەکا کەرێگا نەدا عێراق دەست بخاتە سەر زەخیرەی نەوتی کەنداوی فارس، بەقەولی رۆژنامەی واشنگتۆن پۆست: (ئەگەر سەددام رێگا بدرێ نیوەی زەخیرەی نەوتی جیهان بخاتە بەر دەستی خۆی، ئەودەم ئیتر دەتوانێ ئابووری ئەمریکاش کۆنترۆڵ بکات و تەنانەت لەبارەی نرخی سوود و هەڵدانی ئابووری رۆژئاواشەوە بڕیار بدات).

سێیەم- بەو هەرایەی کەلەخەلیج ساز بوە، بەشێك لەستراتیژی ئەمریکا پیادە دەکرێ، ئەم نەخشەیە دەگەڕێتەوە بۆ وتاری نیکسۆن سەرکۆماری وەختی ئەمریکا کەدەڵێ: (کەسێکی گەرووی ئینێرژی لەدەست دابێ، ئەو کەسە گەرووی قودرەت و دەسەڵاتیشی لەدەست دادەبێ، ئەو کەسەی دەسەڵاتی بەسەر کەنداوی فارسدا هەبێ، کلیلی دەسەڵاتی جیهانی لەدەست دایە) ئەم بۆچوون و هەڵوێستەیە کەوای لەئەمریکا کردووە

بەبیانووی ئازادی کوێتی و دیفاع لەحکومەتی هەرە کۆنەپەرستی جیهان، هێزی چەکداری خۆی بگەیێنێتە ناوچە ونەوتەڵانی کەندواوی فارس و بۆ پیادەکردنی ستراتیژی پینتاگۆن هەنگاو هەڵێنێ، بەتایبەت ئێستا کەشنەڕی سارد و کێشەی نێوان دوو زلهێزی پێشوو جێگای خۆی داوە بەلێك حاڵی بوون و هاوکاری، ئەمریکا لەئەوروپا رۆڵی جارانی نامێنێ، دەیەوێ لەخواروی ئاسیا و لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەخاوەنی کانگای نەوت و بازاڕی بەبرەوە، دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ.

بوش سەر کۆماری ئەمریکا لەمانگی مای ١٩٨٩دا گوتی: (دەستمان پێکردوە لەسۆفیەت نزیك بینەوە، رەنگە کارێکی زەحمەتیش بێ، بەڵام هەر لەلایەن ئەوانەوە هەڕەشە لەئەمریکا ناکرێ، پەیدا بوونی هێندێ هێز و دەسەڵاتی ناوچەیی، ستراتیژی دواڕۆژی ئێمە دەگۆڕێ، ئێمە دەبێ سەرکێشی پەلاماردەرانەی ئەو رژێمانە مەهار کەین).

دیارە ئەمریکا نەیدەتوانی هەروا لەخۆوە، بەبێ بیانوو لەشکر بنێرێتە کەندواوی فارس، بۆ پیادەکردنی ئەم پلانە هێندێ دەستی پشتی پەردە سەددامیان هاندا کەکوێت پەلامار بدا، رۆژی ١٩٩٠/٧/٢٥، واتە حەوت رۆژ پێش پەلاماردانی کوێت مادام (ئیپریل گلیپسی) باڵێۆزی ئەمریکا لەبەغدا دەچێتە کن سەددام حوسێن و پتر لەدوو سەعات وتوویژیان دەبێ، لەم کۆبوونەوەیەدا سەددام باسی هەڕەشە لەکوێت دەکات، باڵێۆزی ئەمریکا وادەنوێنێ کەئەگەر عێراق کوێت داگیر بکا، ئەمریکا ناتوانێ هیچ بکات چونکە هیچ پەیامێکیان لەگەڵ کوێت نییە، داخوا ئەوە نابێتە نیشاندانی

چرای سەوز بۆ سەددام بۆ پەلاماردانی کوێت؟

راستە سەددام بۆ ماوەیەکی کورت ئەمریکای تووشی شەڕ و کێشە کردوە، بەڵام بۆ درێژ خایەن حکومەتی بەعسی عێراق بەقازانجی سیاسەتی ئەمریکا جوڵاوەتەوە، رێگای هاتنی ئەمریکای بۆ ناوچەی کەنداوی فارس خۆش کردووە، کارێکی وای کردووە کەزۆر لەحکومەتانی ئەندامی کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتووەکان لەگەڵ ئەمریکا ببنە هاودەنگ و لەراستیدا ئەمریکای کردۆتە سەرکردە و دمڕاستی وڵاتانی بەشداری شەڕ لەکەنداوی فارسدا.

لەگەڵ ئەوەش کەلەو شەڕەدا بەشێکی هێزە عەسکەری و توانای ئابووری عێراقیان لەناو بردوە و زیانێکی زۆریان بەشارەکان گەیاندوە، بەڵام بەبڕوای من ئێستاش بەڕێوەبەرانی سیاسەتی ئەمریکا نایانەوێ سەددام نە وەک شەخس و نەوەک رژێم بەیەکجاری لەناو بچێ، رۆژنامەی واشنتۆن پۆست دەنووسێ: (کاربەدەستانی ئەمریکایی لەسەر ئەو باوەڕەن کەسنوورەکانی عێراق نابێ دەستکاری بکرێن، تەنیا دەبێ توانای نیزامی عێراق لاواز بکرێ).

رۆژنامەی (ڤالڤسترین ژورنالّ) دەنووسێ: (سەیرێکی نەخشەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست تێماندەگەیێنێ کەبۆچی نابێ حکومەتی عێراق بەیەکجاری لەبەین بەرین، عێراق کەوتۆتە نێوان ئێران و سوریا کەهەردووکیان مەزنیخواز و بەترسن، نەمانی عێراق دەبێتە هۆی بەهێزبوونی دەسەڵاتی ئەوان لەناوچەدا، بێجگە لەوە لەشیمالی عێراق کەمایەتی کورد دەژین

کەهەمیشە ئاواتیان بوە ولاتی سەربەخۆی خۆیان هەبێ، ئێران و تورکیاش بەو دەردە گرفتارن، نەمانی عێراق دەبێتە هۆی ئەوە کەبزوتنەوەی کوردەکان پەرە بستێنێ و ببێتە هۆی کێشەی گەورەتر لەرۆژهەلاتی نێوەڕاستدا).

لام وایە ئەم کورتە باسە رووڕمان دەکاتەوە کەسەرەڕای ئەو هەموو هەرا هەرایە، گەلێك مەسەلەی پشتی پەردە و کەین و بەینی نێودەوڵەتان هەیە کەئێمە زۆر لێیان ئاگادار نین، بەبۆچوونی من هێزە سیاسیەکانی کورد لەم قۆناخە سەخت و ئاڵۆزەدا پێویستە بەوردی لەمەسەلەکان بکۆڵنەوە و لەسیاسەت و کردەوەی خۆیاندا، هەموو فاکتۆرەکان لەبەرچاو بگرن.

من ئەو بۆوونەم بۆیە ئامادە کردبوو کەزۆرکەس لەکوردە سیاسیەکان لایان وایە کەئێستا سەددام لەدار دەدەن و رژێمی بەعس دەخەنە نێو زبڵدانی تاریخەوە، لام وایە ئەمە بۆچوونێکی تەواو نەبێ.

٩١/١/٢٥ نووسەری بەناوبانگی ئێرانی بزرگی عەلەوی لەسەر سادق هیدایەت کۆرپێکی هەبوو، خەڵکێکی زۆر بەشداری کردبوو، دوای تەواو بوونی قسەکانی ئاغای عەلەوی کەیەکجار بەپێز و چێژ بوو، لەگەڵ کاك حەسەنی قازی و کاك حەمەدەمینی سیراجی چووینەوە مالّی ئێمە و بەدانیشتنێکی خۆمانە شەومان درەنگ کرد.

٩١/٢/١٥ چووینە خوازبێنی کیژی کاك حامیدی گەوهەری بۆ کاك ناسری ئیبراهیمی، زۆر پیاوانە هاتە پێش و شەقی لەو دابەگلاوە هەلدا کەهێندێ لەکوردەکان لەئەوروپاش لەسەر مارەیی زۆر و قورس پێ دا دەگرن، کچ

لەبارمتە دەنێن و خۆشیان بەپێشکەوتوو دەزانن.

رۆژی ١٩٩١/٢/٢٦ هەواڵدەران شکانی لەشکری عێراق و تەسلیم بوونی بێ قەید و شەرتی عێراقیان راگەیاند.

لەگەڵ تەواو بوونی شەڕی خەلیج راپەرینی خەڵك لەخواروو و سەرووی عێراق دژی حکومەتی سەددام دەست پێکرا، جۆرج بۆش سەرکۆماری ئەمریکا خەڵکی عێراقی بەکورد و عەرەبەوە هاندا کەراپەڕن و رژێمی سەددام بڕوخێنن.

٩٩١/٣/١٤ لەکوردستان خەڵك پیاوانە و قارەمانانە راپەڕین و لەماوەی چەند رۆژدا کوردستانیان بەکەرکوکیشەوە لەپیاوکوژانی سەددام پاك کردەوە، لافاوی قین و بێزاری و داخ لەدڵی کۆمەڵانی گەلی کورد کەچەند ساڵ بوو پەنگاوی خواردبۆوە، کەوتە کار و دام و دەزگای فاشیستی بەعسی لەکوردستان راماڵی، لەم راپەرینە مێژوویيەدا، زەحمەتکێشانی کوردستان داخی دڵیان بەجنایەتکاران رشت و جگە لەسزادانی رەوا و بەهەقی تاوانباران، سەدان بەڵگەی حاشا لێ نەکراوی جنایەتی فاشیستی سەددام و داروودەستەکانی لەکوردستان و بەندیخانەکانی کەرکوك و سولەیمانی و هەولێریان بەدنیا نیشان دا.

کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم

بەر لەوەی بێمە سەر باسی چۆنیەتی بەڕێوەچوونی کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم، مارسی ١٩٩١ بەئیجازەی خوێنەرانی بەڕێز نەختێك بۆ دوایە

دەگەڕێمەوە، لەمانگی سیپتامبری ١٩٩٠ بەرنامەی کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم بڵاوکرایەوە و نوسخەیەك گەیشتە دەفتەری رۆژنامەی سەردەمی نوێ، بەبۆچوونی ئێمە (واتە دەستەی نووسەرانی رۆژنامە) بەرنامەکە زۆر ناڕێك و شتی شەخسی و لایەنگرانەی تێدا گونجا بوو کەدەگەڵ هەلومەرجی رۆژی کوردستان و مەسەلەی کورد نەدەهاتەوە، وەك رۆژنامەیەکی سەربەخۆی میللی نەدەکرا بیروڕای خۆمان سەبارەت بەکەم و کوڕی بەرنامەکە دەرنەبڕین، ئێمە لەم بوارەدا دوو هەنگاومان هەڵێنان، یەکەم نامەیەکمان بۆ نوێنەری بەرەی کوردستانی عێراق نووسی و کەموکوڕیەکانمان دەست نیشان کردن، دووەم لەژمارە ٥٤ی خەرمانان– سیپتامبری ١٩٩٠ وتارێکی درێژمان لەژێر سەرخەتی (بەیەکێتی و بەیەك دەنگەوە بەرەو کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم) بڵاو کردەوە، ئەمەش دەقی سەروتاری رۆژنامەی سەردەمی نوێی ژمارە پەنجاو چوارە کەوا بڵاوی دەکەمەوە.

(... لەسەر بڕیاری کۆنفڕانسی پاریس ساڵی ١٩٨٩ لەبارەی (ناسنامەی کولتوری کورد و مافی مرۆڤ) بڕیار وایە لەمانگی نوامبری ئەمساڵدا، بۆ لێکۆڵینەوەی مەسەلەی کورد لەشاری ستۆکهۆڵم پێ تەختی سوید کۆنفڕانسێك ببەسترێ، کۆنفڕانسی ئەمساڵ کەلەژێر دروشمی (ئیعتراف بەمافی کورد– ستراتیژی کردەوە) دەبەسترێ و مەسەلە بنچینەییەکەی کۆنفڕانسیش کەبریتییە لە: (هاوپێوەندی جیهانی لەگەڵ گەلی کورد و هاوکاری کۆمیتەکانی هاوپێوەندی لەوڵاتانی جیاواز، نیشاندانی بەڵگە و فاکت لەبارەی وەزعی گەلێ کورد لەبەشەکانی کوردستان و

لەدەرەوە...هتد) بێگومان هەنگاوێکی گەلێك لەپێشترە لەچاو کۆنفڕانسی پاریس لەسالّی رابردوودا، بەلّام بەگوێرەی داڕشتنی بەرنامەی کۆنفڕانس کەنوسخەیێکی بەدەفتەری رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) گەیشتوە، هێندێ کەم و کوڕی لەچۆنیەتی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی کۆنفڕانس دێتە بەرچاو، ناکرێ وەبیر نەخرێتەوە و پێویستە بۆ باشتر کردنیان هەولّ بدرێ، وەك لەبەرنامەکەدا لەبارەی (خصوصیاتی کۆنفڕانس) گوتراوە: (کۆنفڕانس بریتییە لە (کۆنفڕانسی عەمەل) نەك (خۆ دەرخستن و وتاردان)، بەلّام بەپێچەوانەوە. شێوەی بانگکردنی کوردەکان بۆ کۆنفڕانس و چەشنی رێکخستنی ئەوە نیشان نادات، چونکە وادانراوە لەهەر بەشێکی کوردستانی لەتکراو، چەند کەس بانگ بکرێن، بانگ کراوەکانیش هەرکەس بەکورتی باسی بارودۆخی بەشە کوردستانەکەی خۆی دەکات، بەم پێیە مەسەلەی کورد وەك مەسەلەیەکی یەك نەتەوە و یەك ولّات، بۆ جاری سەدەم و هەزارەم دەبێتەوە باسی (کوردی عێراق و ئێران و سوریا و تورکیا و سۆڤێت)، دوور نییە ئەمجارە سویدیشی لێ زیاد نەکرێ، بانگکراوەکانی ئەم بەشانەی کوردستان بۆ (خۆ رانان) وەزعی ولّاتەکەی خۆیان بۆ بەشدارانی غەیرە کوردی کۆنفڕانس باس دەکەن، نەك بارودۆخی مەسەلەی کورد و کوردستان بەچەشنی گشتی.

بەبۆچوونی ئێمە ئەم شێوە کارە نەك هەر مەسەلەی کورد لەکۆنفڕانسدا کەم دەکاتەوە، بەڵکو هەر بەو هەرا و بەزمە دووپات و چەند پات دەبێتەوە کەتا ئێستا بەڕێوەچوە و بەداخەوە هیچ بەرهەمێکی هەست پێکراویشی بۆ کورد لێ پاشەکەوت نەبوە، پێکهاتنی کۆنفڕانسێکی ئەوتۆ

دەرفەتێکی گەورەیە بۆ هێنانە گۆڕ و سەپاندنی مەسەلەی کورد وەک: (مەسەلەی یەک نەتەوە و یەک نیشتمانی دابەشکراو) هەروەها راکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی جیهانی بۆ ئەو مەسەلەیە، ئیعتراف بەپارچە پارچەبوونی کوردستان لەکۆنفڕانسێکی ئاوادا لەلایەن خودی کوردەکانەوە کەبۆ کۆنفڕانس بانگ دەکرێن، ئەم پڕوپاگەندە و بۆچوونی بێگانان دەسەلمێنێ کەدەڵێن: (کوردەکە خۆی یەک نییە و قەت بەگشتی باسی مەسەلەی کورد ناکات و تەنیا لەسەر وەزعی بەشێکی کوردستان پێدادەگرێ).

لێرەدا ئەو پرس و پێشنیارە بۆ خەڵک دێتە گۆڕێ کە: باشتر نییە نوێنەری گشت هێزە کوردستانیەکان، لەهەموو بەشەکانی کوردستان بەدڵێکی پاک و سینگێکی فراوان و بەمەبەستی تەنیا و تەنیا بەرژەوەندی ئەم میللەتە لێ قەوماوە، پێکەوە دانیشن و دەستەیەکی نوێنەرایەتی لەکەسانی سیاسی و حقوقی و فەرهەنگی کۆمەڵایەتی شارەزا و خاوەن رابردوی شۆرشگێڕانە و دڵسۆزی میللەت، بەبێ مەرج دانان، بێ حیزبایەتی و سەر بەحیزبی هەڵبژێرن و بەڕا و تەگبیری هەموان بینێرنە کۆنفڕانس و لەجیاتی باسی وەزعی یەک یەکی بەشە لەتکراوەکانی کوردستان، وەک تاقە نوێنەری کورد باسی کوردستان و مەسەلەی کورد بکات و بەدنیا نیشان بدات کەمەسەلەی کورد مەسەلەی یەک نەتەوە و یەک نیشتمانە، ئەم هەنگاوە بۆ کۆنفڕانسێکی ئاوا هیچ ڕێگا لەو حیزبانە ناگرێ کەلەوڵاتەکەی خۆیاندا سیاسەتی خۆیان بەڕێوە بەرن هەروەک تا ئێستا بەڕێوەیان بردوە.

ئێمە لامان وایە بارودۆخی داخداری کوردستان و کورد ئەوە فەرز دەکاتە سەر هێزە سیاسییەکان کەواز لەخۆ نواندن و دابەشکردن بێنن و بەرژەوەندی گشتی نەتەوەی کورد بخەنە پێش بەرژەوەندی حیزبی و دەستەیی لەم یا لەو بەشەی کوردستاندا، پێکهێنانی دەستەیەکی یەکگرتووی نوێنەرایەتی میللەتی کورد بۆ کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم، نەک هەر سەرەتایەک دەبێ بۆ هەنگاونان لەپێناو پێکهێنانی کۆمیتەیەکی دایمی نوێنەرایەتی گەلی کورد لەرێگای کورد خۆیەوە بەڵکو لەوانەیە تا رادەیەکی زۆریش ئەو بڕینە تەشەنەدارەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش ساڕێژ بکات کەلەئەنجامی ئەو هەرکەس هەرکەسیە و دووبەرەکیە و یەک نەگرتنەدا جەستەی کوردستانی شەقار شەقار کردوە، رەنگە تاڕادەیەکی زۆریش ئیعتیباری حیزبەکان لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا پتەو بکات، بەرای ئێمە پێکهێنانی کۆمیتەی سەرانسەری کوردستان بۆ کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم دەتوانێ بەیەک دەنگ و بەیەک ئیرادەوە چەندان مەسەلەی گرنگ لەکۆنفڕانسدا بخاتەڕوو، لەوانە:

یەکەم: دووپاتکردنەوەی باسکردنی مەسەلەی کورد لەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان بەبەشداری نوێنەری نەتەوەی کورد، وەک دەزانین لەکۆنفڕانسی پاریس لەلایەن پرۆفیسۆر زارۆفەوە پێشنیارێکی لەم بابەتەوە پێشکێش کرا.

دووەم: لەرێگای کۆنفڕانسەوە داوا لەکۆمەڵێ نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێ کەئەرکی پاراستنی نەتەوەی کورد لەتاوانی ژینۆساید و تواندنەوەی

نەتەوەیی و گۆڕینی لایەنی دیمۆگرافی کوردستان بگرێتە ئەستۆی خۆی، هەروەك لەبەیاننامەی مافی مرۆڤ و دەستوری کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکاندا هاتوە.

سێیەم داوا لەکۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان بکرێ کەبارودۆخێکی گونجاو لەهەموو بەشەکانی کوردستاندا بخولقێنێ بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد بەئازادی بتوانێ لەریفراندۆمێکی گشتیدا بۆ دیاریکردنی چارەنووسی خۆی و شێوەی ژیانی دەنگ دەربڕێ، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان دەستەبەری پیادەکردنی ئەنجامی بیروڕا و دەنگدانی زۆربەی گەلی کورد بێت.

مەسەلەیەکی تر کەلەبەرنامەی کۆنفڕانسدا جێگای باسە، بانگکردنی ٢٠ کەس لەکوردەکانی دەرەوەیە بۆ کۆنفڕانس، بانگکردنی کوردەکانی دەرەوە بۆ کۆنفڕانسی پاریس و لۆزان تاقیکردنەوەیەکی زۆر جوانی بەخەڵك نیشان نەداوە، ئەو بانگ کردنە پتر لەسەر بناخەی دەستەبەندی و خزمایەتی و دۆستایەتی بوە، کەسانێك بۆ ئەو کۆنفڕانسانە بانگ کراون کەرۆژێك لەرۆژان نەك هەر لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا دەور و تێکۆشانێکیان نەبوە، بەڵکو لەنێو کۆمەڵانی خەڵکیشدا بەدڵسۆز و خزمەتگوزاری میللەت ناناسرێن و لەدواڕۆژیشدا بۆ کورد نابنە مایە، پێویستە لەم بارەشەوە بڕیاری بەکۆمەڵ بدرێ و کەسانێك بۆ کۆنفڕانسی ئاوا بانگ بکرێن کەلەبارودۆخی ئیمڕۆی کوردستاندا بتوانن کارێکی خێریان لەدەست بێ، مێژوو بەرپرسیەکی گەورەی خستۆتە سەر شانی

یەك یەکی کەسانی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی کوردستان و تەنیا لەرێگای یەکێتی و شێوەکاری دیموکراتیانە وازهێنان لەبیروبۆچوونی تەنگەبەرانە و لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی مەسەلەی کورد دەتوانن لەبەرانبەر مێژوودا سەربەرز و سەرکەوتوو بێنە دەرێ، ئێمە هیوادارین کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم بەکردەوە ببێتە (کۆنفڕانسی عەمەل) نەك کۆنفڕانسی (خۆ نواندن و وتاردان) ئەمەش تەنیا لەرێگای پێکهێنانی یەك دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد و هێنانە گۆڕی مەسەلەی کورد و کوردستان بەئەنجام دەگات نەك دووپات و چەند پات کردنەوەی سکاڵا و ڕاپۆرتی کوژران و وێرانکردنی بەشە جیاوازەکانی کوردستان.

سەردەمی نوێ (بۆ بڵاوکردنەوەی هەموو بیروڕا و پێشنیارێکی داهێنەرانە لەبارەی کۆنفڕانس و تێکۆشانی دەستەی نوێنەرایەتی کورد ئامادەیی خۆی ڕادەگەیێنێت).

سەر وتاری (ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ) هەروەك هەموو ویست و داخوازی دڵسۆزانی گەلی کورد هیچ تەئسیرێك نەکردە سەر حیزبە سیاسیەکانی کورد و هەروەك لەرەوەندی کارەکانی کۆنفڕانسدا دەردەکەوێ، کۆنفڕانس لەلایەن نوێنەری حیزبە کوردیەکانەوە کرا بەمەیدانی پێ هەڵاگوتن بەشاخ و باڵی ڕێکخراوەکانیەن و مەسەلەی سیاسی و مافی نەتەوایەتی نەتەوەی کورد لەلایەن ئەوانەوە هەر باسی نەدەکرا.

کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم مارسی ۱۹۹۱

۱۵و۱٦و۱۷ی مانگی مارسی ۱۹۹۱ کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم (سەبارەت

بەمافە ئینسانیەکان بۆ گەلی کورد) بەبەشداری پتر لە ٢٠٠ کەس بەسترا، بۆیە نالێم ٢٠٠ نوێنەر، چونکە هەندێ کەس لەکۆنفڕانس و دەوروبەریدا دەبینران، لەهیچ باریٚکەوە لەکۆمەڵگای کوردەواری نەناسراون و باوەڕ ناکەم لەبزاڤی کوردیدا نەخشێکیان هەبووبێ، بەڵام بانگ کرابوون و هاتبوون لەسالۆنی کۆنفڕانسدا دەخولانەوە، ژمارەیەکی زۆر لەزانا و پرۆفیسۆر و پسپۆر و سیاسەتمەدار و نوێنەرانی پارلمان و رێکخراوی بێگانە بەشداریان کردبوو، پتر لە ٥٠ رۆژنامەنووس و نوێنەری راگەیاندنە جیهانیەکان ئامادەی کۆنفڕانس بوون.

بەخۆشیەوە منیش وەک سەرنووسەری رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) بۆ کۆنفڕانس داوەتکرابووم، یاداشت کردنی باس و گوتارەکان لەکۆبوونەوەیەکی ئاوادا کارێکی هاسان نییە، وتارەکان هەموویان بەزمانی ئینگلیزی و کوردی بوون، بەڵام راستەوخۆ دەکران بەکوردی یان ئینگلیزی، کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم لەکات و بارودۆخێکدا بەسترا، کەراپەڕینی قارەمانانەی گەلی کورد لەکوردستان و راپەڕینی شیعە لەخواروی عێراق دەست پێکرابوو.

کۆنفڕانس بەوتاری (هارماسۆن) سەرۆکی (کۆمیتەی پاراستنی مافی مرۆڤی کورد) لەسوید کرایەوە و کاری خۆی دەست پێکرد، ناوبراو گوتی: (کاتێ ئێمە بۆ ئامادەکردنی کۆنفڕانس دەست بەکار بووین، نەماندەزانی کەئێم گۆڕانەی ئێستا بەسەر کورد دا دێ، ئێستا خەباتی کورد لەپەرەگرتن دایە و هیوادارم کۆنفڕانس ئەم بارودۆخە لەبەرچاو

بگرێ....).

پاشان وەزیری پەنابەران لەسوید (مای لیس لویف) لەوتاری خۆیدا گوتی: (سیاسەتی دەوڵەتی سوید بەرانبەر بەکورد گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە، ئێمە مەسەلەی کورد وەك مەسەلەی پەنابەران و مافی مرۆڤ چاو لێدەکەین، لەمافی کوردان و لەدیموکراسی بۆ هەرێم پشتیوانی دەکەین...).

پرۆفیسۆر داویدمەکداڤیل لەئینگلستان لەسەر بارودۆخی کورد لەسەردەمی عوسمانیاندا قسەی کرد و گوتی: (بەبڕوای من مەسەلەی کورد لەتورکیا پێش دەکەوێ، ئێستا گەلی کورد شیاوی پشتگیری نێو نەتەوەییە... من دەتوانم بەئەمریکا و بەوڵاتانی دیکە بڵێم: مەسەلەی کورد بخرێتە نێو مەسەلەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست، ئەگەر وڵاتانی رۆژئاوا ئاشتیان گەرەکە، تورکیا پێی خۆش بێ یان ناخۆش، دەبێ مەسەلەی کورد بکرێتە بەرنامەی رۆژ.

پرۆفیسۆر جون گالتونگ لەستۆکهۆڵم گوتی: (کورد لەنێوان پێنج ئیمپراتۆری دابەشکراوە، ئێمەی ئەوروپایی بەتایبەت ئینگلستان لەبەرانبەر مەسەلەی کورد گوناهبارین... دەڵێن کورد شەڕخوازن، داخوا هیچ شێوەیەکی تر هەیە؟ مەگەر گاندیەکی کورد پەیدا بێ... پاشان ناوبراو هاتە سەر مەسەلەی نەوت و گوتی: پێویستە لەخێری نەوت بەشی کوردیش بدرێ، نەوت و ئاو و دەوڵەت، سێ شتی گرنگن، پێویستە کورد لەو سێیانەدا بەشدار بێ، لەکۆنفڕانسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا، پێویستە

باسی ئەو سێ شتانە بکرێ...).

پرۆفیسۆر جویس بلۆ لەپاریس، لەسەر کولتور و زمانی کوردی قسەی کرد، پرۆفیسۆر ریچارد ڤالك لەستۆکهۆڵم لەوتاری خۆیدا گوتی: (رۆژی ئەوە هاتووە کەکوردەکانیش مافی چارەنووسی خۆیان وەربگرن، ئەورووپا و ئەمریکا باش لەمەسەلەی کورد تێ نەگەیشتوون، ئەم کۆنفڕانسە پێویستە ئاگاداریەکی باش بدا بەئەورووپاییەکان لەسەر مەسەلەی کورد.

رووداوی کەنداو مەسەلەی کوردی گۆڕی، بوش گوتی: (پێویستە مرۆڤ لەرۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا رێزی لێ بگیرێ، ئەوە نیزامی نوێی جیهانییە)، ئایا مەبەست لەم قسەیە چییە؟ گەلۆ دەیەوێ خەڵکی ئەم ناوچەیە بۆ ئامانجی خۆی بەکاربێنێ؟ لەشەڕی یەکەمی دنیا گردا ئامانج پارچە پارچە کردنی کوردستان بوو، نەوت هەبوو، با پەیمانەکانی سیڤەر و لۆزان بەراورد بکەین، لەسیڤەردا مافی کوردان هەبوو، لەلۆزان لایان برد، ولاتێکی نوێیان بەناوی عێراق پێکهێنا، ئێستاش دوای شەڕی کەنداو چ جۆرە سیاسەتێك دێتە کایە؟... گەلی کورد نەتەوەیە و خاوەن خاکە، بەڵام دەوڵەتی نییە، زۆر کەس نازانێ نیزامی دەوڵەت و نەتەوە چییە، لەسیاسەتی کۆندا دەوڵەت دەناسران، تراژیدی کورد ئەوەیە کەنەتەوەیەکی بێ دەوڵەتە، بۆیەش باسی ناکرێ، چونکە بەگوێرەی یاسای نێو نەتەوەیی دەوڵەت هەیە، ئێستا دەڵێن کەدەوڵەت و نەتەوە یەك نین... نەتەوەیەك کەهیچ دەوڵەتی خۆی نەبێ، هیچ تەئسیری نییە، بۆیە پێویستە ئەویش دەوڵەتی هەبێ، لەکۆتایی وتارەکەیدا گوتی: کورد

فەلەستینی پێویستە دەوڵەتی خۆیان هەبێ...).

نوێنەرێکی دیکەی پارلمانی ئینگلستان گوتی: (لەپارلمانی ئینگلستان زۆرجار ویستوومانە باسی کورد بکەن، بەڵام رێگا نەدراوە، کوردەکان پێویستە لەپارلەمانەکاندا پیاوی خۆیان پەیدا بکەن، لەو وڵاتانەدا دەکرێ بەپارە لەنێو پارلەمان پیاو بدۆزنەوە، لەنێو پارلمانتاریستەکانی ئەم وڵاتانەدا پارە فرە کار دەکات....).

پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف وانلی رەخنەی لەپێشنیاری بانگەوازی کۆتایی کۆنفرانس گرت کەمافی چارەنووسی کوردی تێدا جێ نەکراوەتەوە تەنیا باسی مافی مرۆڤ دەکرێ، ناوبراو باسی بەندەکانی پەیمانی سیڤەری کرد و گوتی: پێویستە مافی نەتەوەی کورد بخرێتە نێو بەیاننامەی کۆتایی کۆنفرانسەوە...).

ئەوەی لەکۆنفرانسدا سەرنجی منی راکێشا و جێگای داخبوو، وتار و ئاخافتنی نوێنەری حیزبە کوردیەکان و یا کوردەکانی بەشداری کۆنفرانس بوو، هەوەڵجار بوو کۆنفرانسێکی ئاوا بەناوی کورد دەبەسترا، هەرچەندە کۆنفرانس خۆی لەباسی مافی چارەنووسی کورد نەدەدا و بەناوی (مافی مرۆڤایەتی و ئینسانی) ناودێر کرابوو، بەڵام دیسان بەهەنگاوێکی مەزن دەژمێردرا، نوێنەری حیزبە کوردیەکان لەجیاتی ئەوەی لەم کۆنفرانسەدا وتارێکی پڕوپەکگرتوانە بەناوی کورد و بۆ مەسەلەی سەربەخۆیی و مافی دیاریکردنی چارەنووس پێشکێش بکەن و لەسەر مەسەلەی سیاسی نەتەوەی کورد پێدا بگرن، جارێکی دیکەش کوردستان و کوردەکەیان بە

دە پازدە پارچەی بێ قیمەتی بچوك دابەش کرد و هەرکەس دەچوە پشتی میکرۆفۆن باسی حیزبەکەی خۆی و پارچەکەی خۆی دەکرد و بەشان و بالّی حیزبەکەی هەلّادەگوت و شانازی بەزۆریی شەهیدەکان دەکرد.

لەتاو بێزاری هەم هەلّوێستە کورتەی وتاری نوێنەرانی حیزبە کوردیەکان (نەك نوێنەرانی کورد)م یادداشت کردوە کەئەوەی بەسەر زمانیاندا نەهاتبێ باسی نەتەوەی کورد و مەسەلەی سیاسی کورد بوە، هەربۆیەش یەکێ لەنوێنەرانی پارلەمانی ئینگلستان لەوتاری خۆیدا گوتی: (دژواری لەوەدایە کەکورد خۆی نازانێ چی دەوێ، هەر لەم کۆنفڕانسەدا گوێمان لەویست و بۆچوونی جیاوازی کوردەکان بوو کەهەریەکە جۆرێك بۆ مەسەلەکە دەچوو، ئێوە لەبارەی نەوت و ئاویش کەسەرچاوەیان لەکوردستانە سیاسەت و ستراتیژیەکی روونتان نییە، ئێمە نازانین ئەگەر کورد ببنە دەولّەت نەوت و ئاو چ لێدەکەن و چۆنی بەڕێوەدەبەن...).

کورتەیەك لەئاخافتنی نوێنەرانی حیزبە کوردیەکان

هوشیار زێباری بەناوی بەرەی کوردستانی عێراق باسی جنایەتەکانی رژێمی سەددام و چالاکی پێشمەرگەی کوردستانی کورد و هاتە سەر راپەڕینی گەلانی عێراق بەکورد و عەرەبەوە و گوتی: ئێستا زۆربەی خاکی کوردستان لەخانەقینەوە بگرە تا زاخۆ لەژێر دەسەلّاتی پێشمەرگەی هێزی کوردستانی دایە، پاشان گوتی: داخوازی ئێمە بریتیە

لەدیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بۆ کورد، ئێمە وەک بەرە داوا لەکۆمەڵگای نێو نەتەوەیی دەکەین چارەسەرێکی ئاشتیانە بۆ مەسەلەکەمان بدۆزنەوە و داوا لەسوید دەکەین پشتگیری ئینسانی لەکوردستانی عێراق بکا....).

سەرهات دەجلە بەناوی تەفگەر (چەند حیزبە کوردستانی تورکیا) حکایەتێکی دوور و درێژی لەمێژووی وەسمانلی و کەمالیستەکان گێڕاوە و پاشان گوتی: لەئامانجی دووردا ئێمە سەربەخۆییمان دەوێ، بەڵام لەئامانجی نێزیك دەمانەوێ بوونی کورد لەتورکیا دانی پێدا بنرێ، یاسای نیزامی ویلایەتی لابچێ، لەشکری تورك لەکوردستان دەرکەوێ، گوندە سووتێنراو و کاول کراوەکان ئاوەدان بکرێنەوە، لێبوردنی گشتی رابگەیەنرێ...).

کەمالی داودی بەناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران زوڵم و زۆرداری حکومەتی کۆماری ئیسلامی روون کردەوە و گوتی: لەماوەی ١٢ ساڵدا کۆماری ئیسلامی پتر لە ٥٠ هەزار کوردی کوشتوە، داوای لەکۆنفڕانس کرد دژی کوشتنی دکتۆر قاسملۆ ئیعتراز بکا و داوا لەحکومەتی ئوتریش بکا کوژرانی دکتۆر قاسملۆ روون کاتەوە...).

کوردەکانی سوریاش سێ کەسیان هەر کەس بەجیا باسی بەشە کوردستانی خۆی دەکرد و داوای ئەوەبوو کەببنە خاوەنی مافی سیاسی و کولتوری خۆی دەکرد و داوای ئەوەبوو کەببنە خاوەنی مافی سیاسی و کولتوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و شۆڤێنی یان لەسەر وەلا بچێ...).

پرۆفیسۆر شاکرۆی محۆ بەناوی کوردەکانی روسیاوە پێشنیاری کرد: (کوردیش وەك فەلەستینیەکان لەکۆڕی نەتەوە یەکگرتوەکاندا نوێنەری هەبێ، کۆمیتەی سویدی کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم بکاتە ماتریال و بۆ کۆنفڕانسێکی نێو نەتەوەیی بێدا بەکۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکان، پاشان گوتی: کێشەی کورد دوو لایەنی هەیە، یەکەم شێوەی ئاشتی، دووەم رێگای ژینۆساید وەك هەڵەبجە، کێشەی کورد بەمیتۆدی هەڵەبجە چارەسەر ناکرێ...).

برادەرێکی دیکەی کوردی تورکیا بەناوی دیلان، لەلایەن ١٤ رێکخراوی کوردستانی تورکیا وتاری دا و هێندێ پێشنیاری کردن وەك: (پێکهێنانی کۆمیسیۆنێك بۆ لێکۆڵینەوەی چەکی کیمیایی، هاوکاری ئەوروپا بۆ لەناوبردنی چەك، خەبات بۆ چاوەدێریکردنی کورد لەرێکخراوی دەوڵەتە یەکگرتوەکان، چوونە دەری لەشکری تورکیا لەکوردستان...).

ماشەڵا نوێنەری پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا (پ.ك.ك) بەرلەوەی دەست بەئاخافتنی بکا، رەخنەی لەکۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنفڕانس گرت کەبۆچی بەناوی پێ.کا.کا هیچ کەس بۆ کۆنفڕانس بانگ نەکراوە، پاشان ناوبراو باسی راپەڕین و شەڕ و بارودۆخی کوردستانی کرد و گوتی: (مەسەلەی کورد مەسەلەی کولتوری و ئینسانی نییە، مەسەلەی ئازادی نەتەوەیەکی ٢٥ میلیۆنی و سەربەخۆیی وڵاتەکەیانە، ئێمە دەزانین هێندێك بەچاوی بازرگانی دەیانەوێ باسی مەسەلەی کورد بکەن، با هەموو کەس بزانێ رزگاری کورد تەنیا بەئیرادەی کوردان دەبێ،

پشتگیری لەکورد، پشتگیرییە لەسەربەخۆیی و ئازادی کوردستان، مەسەلەی دیموکراسی راستەقینەش بۆ ئێمە هەر ئەوەیە....).

لەکۆنفڕانسدا جگە لەنوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، لەکوردەکانی ئێران کاك حەسەنی رەستگار و کاك سەلاحی موهتەدی دیاریکردنی چارەنووسی کورد ریفراندۆمێك دەستەبەر بکا، کوردی هەر بەشێك مافی خۆیان وەرگرن، لەکۆتاییدا هیوای سەرکەوتنی بۆ کۆنفڕانس خواست...).

کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنفڕانس کات و نۆرەی بۆ میوانانی بێگانە و نوێنەری حیزبە کوردییەکان دیاری کردبوو، شێوەیەکی دیکەش هەبوو کەسێك ویستبای قسە بکا، پێنج دەقیقە کاتی دەدرایە بەو شەرتەی لەپەڕە کاغەزێکی جیاواز کەئامادە کرابوو، ناوی خۆی نووسیبایە و داوای کاتی کردبایە، کاغەزەکە دەدرا بەسەرۆکایەتی کۆنفڕانس و جا ئەگەر بەخێری خۆیان وەریان گرتبا، ئەوە لەکاتی خۆیدا کابرایان بانگ دەکرد ووتاری خۆی دەخوێندەوە، کاتێ دیتم نوێنەری حیزبە کوردییەکان لەجیاتی باسی مەسەلەی نەتەوەی کورد بەگشتی، لەکۆنفڕانسدا خۆیان کوردستان لەت و پەت دەکەنەوە و هەرکەس بەبالای حیزبەکەی خۆی هەلا دەلێ، چووم ناوی خۆم نووسی و داوای پێنج دەقیقە کاتم کرد، هەر لەو کاتەشدا چووم لەقوژبنێك وتارێکی بەپەلەم ئامادە کرد، بۆ ئەوە ئەگەر خوا کردی و رێگایان دا بیخوێنمەوە، لەبەر پەلە و کەمی کات، بەراستی ئەوەی دەمویست بیلێیم، بۆم نەهاتبوە سەر کاغەز، بەلام

هەرچی بێ وا لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

(پێشەکی سوپاسی کۆمیتەی سویدی پاراستنی مافی مرۆڤی کورد دەکەم بۆ پێکهێنانی ئەم کۆنفڕانسە و بەخێرهاتنی میوانانی بەڕێز دەکەم، پتر لەسااڵێکە، واتە هەر بەدوای کۆنفڕانسی پاریس دا کەبڕیار درابوو کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم لەسەر مەسەلەی کورد ببەسترێ، خەڵك چاوی بڕیبوە ئەم کۆنفڕانسە سەبارەت بەمەسەلەی سیاسی و نەتەوەی کورد، هەنگاوی گرنگ هەڵبێنێ، ئێستاش هەر هیوادارم کۆنفڕانس لەم بارەوە بڕیاری پێویست پەسند بکا، چاوەڕوانی ئەوە دەکرا کەبەئەزموونی کۆنفڕانسی پاریس، لەکۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم دا باسی چارەنووسی میللەتی کورد لەباری سیاسیەوە بێتە گۆڕێ، بەتایبەت کەکۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم لەبارودۆخێکدا دەگیرێ، شەڕی کەندراوی فارس وەزعێکی تایبەتی لەعێراق و لەڕۆژهەاڵتی نێوەڕاست دا، پێك هێناوە و ئێستا کوردستانی خواروو لەچنگ رژێمی سەددام ئازاد کراوە، هەربۆیەش گرانایی مەسەلەی کورد لەم بارودۆخەدا کەوتۆتە سەر کوردستانی عێراق.

ڕۆژنامەی سەردەمی نوێ لەکاتی خۆی لەژمارە ٤٥دا وتارێکی بڵاو کردەوە و لەبارەی بەشداری نوێنەرانی کورد و بانگ کردنی بەشدارانی کۆنگرە هێندێ پێشنیاری پێشکێش کردبوو، ئێمە چاوەڕوان بووین بەشدارانی کۆنگرە هێندێ پێشنیاری پێشکێش کردبوو، ئێمە چاوەڕوان بووین بەشدارانی کۆنگرە بەگشتی و نوێنەرانی حیزبە کوردیەکان بەتایبەتی، لەسەر ڕێگای چارەسەر کردنی مەسەلەی سیاسی نەتەوەی

کورد قسە بکەن، بەڵام بەداخەوە جگە لەوەی کەکۆنفڕانس باسەکەی بەمافە ئینسانیەکانەوە تەنگە بەر کردووە، نوێنەرانی حیزبە کوردیەکانیش هەر بۆ تەبلیغات بۆ حزبەکانیان هاتوونە کۆنفڕانس و لێرە جارێکی دیکەش کوردستان لەت و پەت دەکەنەوە، لەکۆتاییدا پشتی پێشنیاری مامۆستا شێخ عیزەددین دەگرم کەداوا لەکۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکان بکرێ ریفراندۆمێك بۆ وەرگرتنی بیروڕای میللەتی کورد لەهەموو بەشەکانی کوردستان پێك بێنێ و رووبی بکاتەوە کەکورد خۆی چی دەوێ.

پێشنیارێکیشم بۆ حیزبە کوردیەکان ئەوەیە کەهەوڵ بدەن کۆنگرەیەکی نەتەوەیی کوردستان پێك بێنن و ئەم کۆنگرەیە لەدەرەوەی کوردستان و لەپێوەندیەکانی نێو نەتەوەییدا بەناوی کورد قسە بکا و ئەم جۆرە کۆنفڕانسانە چیتر نەبنە مەیدانی تەبلیغات بۆ حیزبەکان، داوای سەرکەوتن بۆ کۆنفڕانس دەکەم..).

لەنێو وتارە کوردیەکاندا، ئاخافتنی دکتۆر مەحمود عوسمان سەرنج راکێش بوو، زۆر بەراشکاوی سیاسەتی دەوڵەتە زلهێزەکان و سکرتێری کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتوەکانی روون کردەوە کەلەبەر خاتری ئێران و تورکیا رووبان لەکورد نییە و لەچوارچێوەی بەرژەوەندی خۆیانەوە دەڕوانە مەسەلەی کورد..).

کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم ٣ رۆژی خایاند و لەکۆتاییدا ئەم بەیاننامەی خوارەوەی پەسند کرد کەکاك حەسەنی قازی کردوویە بەکوردی و

لـەگۆڤاری (بـەربانگ)ی ژمـارە ٧١و٧٢ ئۆرگـانی فیدراسـیۆنی کۆمەڵـە کوردستانیەکان لەسوید دا بڵاوکراوەتەوە.

بەیاننامەی ستۆکهۆڵم سەبارەت بەمافە ئینسانیەکان بۆ گەلی کورد

بنەماڵەی جیهانی چی دیکە نابێ ئەو زوڵم و چەوسانەوەی کەزیاتر لـە ٢٠ میلیۆن کوردی وەبەر گرتـوە تەحـەمول بکـا، ئـەو زوڵـم و زۆرە هەڕەشـە لەئاشتی و ئاسایش لەرۆژهـەڵاتی ناوەڕاسـت دەکـا و مافـە ئینسـانیەکان کەلـەرێکی نێـو نەتەوایەتیـدا رێکـەوتنیان لەسـەر کـراوە پێشـێل دەکـا، پێشـێل کرانـی مافـە ئینسـانیەکان لەکوردسـتان سـاڵانی دوور و درێـژە بەردەوامـە و هـەتا دێ شـێوەیەکی سیسـتماتیك و بـەربڵاو بەخۆیـەوە دەگرێ، گرتنی زۆرەملێ، ئەشکەنجە، سـزادانی تۆندوتیـژ دوای دادگـەری فەرمایشتی، یان هـەر بـەبێ دادگـە) ون بـوون و بـێ سەروشـوێن چـوون) ئیعـدامی ناقـانونی، شـەڕی کیمیـایی، دووڕخرانـەوە لـەماڵ و حـاڵ و وێرانکردنی خانوو و نیشتگە، لەنێو برانی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتی کوردان و هۆی بەڕێچوون، بێ بەش کردن لـەمافی بـەکارهێنانی زمـان، ئـەدەبیات، موزیـك و خوێنـدن و زانیـاری وەدەسـتهێنان لەسـەر مێـژووی خۆیـان، هەلومەرجی زاڵمانە و نائینسانی لەئۆردوگاکانی پەنابەران.

گـەلی کـورد قـەت لەبـەر سێبەری دیموکراسـیدا نەحاواوەتـەوە، لـەوەش کەمتر، مـافێکی مانـاداری دیـاریکردنی چارەنوسـی خـۆی نـەبوە، عێـراق وڵاتێکە کەلەسەر کاغەز جۆرە ئۆتۆنۆمیەکی داوە، بـەرێگای زوڵـم و زۆر، بەدانانی بەڕێوەبەری کـارتۆنی ئـەو رێکەوتنانـەی کەسـەردەمایەك خـۆی

دانی پێدا هێناوە خستوویەتە ژێر پێوە.

ئێران، عێراق، سوریا، تورکیا و یەکێتی شورەی هەموویان لەسەروبەندی جیاوازدا بەئانقەست هەوڵیان داوە بۆ کزکردنە کەسایەتی نەتەوایەتی کورد بەرێگای گۆڕینی پارسەنگی دیموگرافی لەناوچە کوردیەکان.

تا ئەو کاتەی کەئەو ناعەدالەتیانە بەردەوام بن، چ ئاشتیەکی راستەقینە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دا نابێ، کۆنفڕانس داوا دەکا کەحکومەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیا، سوریا و یەکێتی شورەوی رێز لەبەیاننامەی جیهانی مافی مرۆڤ و پەیامانناماکانی دیکەی مافی مرۆڤ بگرن و ئەوان لەکوردستان و لەناوچەکانی دیکەی کەدانیشتوی کوردیان هەیە بەتەواوی جێبەجێ بکەن، بەتایبەتی داوا دەکا کەئەو پێنج حکومەتە:

- دەستبەجێ دوورخستنەوەی کوردەکان لەشوێنگەیان و کاولکردنی ماڵ و خانووبان، لەنێوبردنی ئاژەڵ و مەڕ و ماڵاتیان و هۆی بەڕێچوونیان رابگرن.

- دەستبەجێ ئەو بەندییە کوردانەی کەلەسەر بیروباوەڕیان گیراون بەربدەن و کۆتایی بەهەموو جۆرە ئەشکەنجە و ئیعدامان بێنن.

- رێگا بدەن کەپەنابەرە سیاسیەکان لەتاراوگەڕا بگەڕێنەوە و هەموو مافێکی رەوای هاوڵاتیان پێ بدەنەوە.

- ئەو داو و دەزگایانەی کەلەنێو هێزی پۆلیس، هێزی ئەمنیەتی و جەیشدا بۆ ئازاردان و رەنجاندنی گەلی کورد دەکار کراون هەڵوەشێندرێتەوە.

– خەساری ئەو قوربانیانەی کەلەرابردوودا کەوتوونەتە بەر زەبری پێشێلکرانی مافی مرۆڤ ببزێرنەوە.

– رێزی مافی زمانی کوردی بگرن، لەوانە مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوە بەکوردی، و مافی منداڵا، و گەنجانی کورد کەبەزمانی خۆیان بخوێنن و پەروەردە بکرێن.

– ئینسانانە لەگەڵ پەنابەرانی کورد بجوڵێنەوە، بەپێی مافە ئینسانیەکانی پەسندکراوی نێو نەتەوەیی و قانونی پەنابەری.

– پێش بەپێوەندیَ نێوان کوردەکان لەنێو سنورە نێو نەتەوایەتیەکاندا نەگرن و زەمینەی ئەو پێوەندیانە خۆش بکەن.

داوا لەحکومەتە ناو براوەکان دەکا کەمافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد بەدەستی خۆی بناسن و پشتی وتوێژی ئەوتۆ بکەن کەرێگای وەدەست هێنانی ئەو مافە خۆش دەکەن بۆ ئەوەی کەپێوەندیەکی ئاشتیانە و بەقازانجی دوو لایەنە لەنێوان کورد و گەلەکانی دراوسێدا وەدی بێ.

کۆنفرانس دەستەوداوێنی هەموو حکومەتەکانی جیهان دەبێ کەلەچوارچێوەی کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا پێشێلکران و وەسەرپەرینی مافی مرۆڤ بهێننە گۆڕێ کەزۆر لەکوردان رەنجیان لێ چێشتوە و هەرواش دەیچێژن لەگشت ئەو وڵاتانەدا کەتێیاندا دەژین.

دەستەوداوێنی هەموو حکومەتەکانی جیهان دەبێ کەبەشێوەیەکی

لێبڕاوانە کار بکەن بۆ چەسپاندن پێوانەی نێو نەتەوەییەکان سەبارەت بەپاوانکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی، دەستەوداوێنی هەموو حکومەتەکانی جیهان دەبێ کێشەی کورد، مافە ئینسانیەکانی تاکی کورد و هەروەها مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلی کورد بەدەستی خۆی، لەپێوەندی لەتەك ئەوە دەستپێشکەرییانەدا کەسەبارەت بەئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست دوابەدوای شەڕی کەنداو دەکرێن بهێننە گۆڕێ، دەستەوداوێنی سکرتێری رێکخراوە نەتەوەیەکگرتوەکان دەبێ کەپرسی کوردیش جێ بکاتەوە ئەگەر بانگی پێکهاتنی کۆنفڕانسێکی نێو نەتەوایەتی سەبارەت بەئاشتی لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست دەدا.

دەستەوداوێنی سکرتێری گشتی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان دەبێ لەوە بکۆڵێتەوە و رێنیشاندەری بکا کەگەلی کورد و گەلی دیکەی بێ دەوڵەت دەکری بەچ رێگەیەکی هەرە باشدا لەچوارچێوەی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکاندا نوێنەرایەتیان هەبێ، کۆنفڕانس داوا لەهەموو حکومەتەکانی جیهان دەکا کەبەشێوەیەکی ئینسانی لەگەڵ پەنابەرە کوردەکان بجوڵێنەوە و وەکو دەستەکانی دیکەی پەنابەران مافی پەنابەری و داڵدەیان بدەنێ، بەلەبەرچاو گرتنی تووندوتیژی ئەو راونانەی کەکوردەکان لەوڵاتەکانی زێدی خۆیانەوە تووشیان هاتوە.

دەستەوداوێنی کۆمیسیاری بەرزی رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران دەبێ پشتیوانی لێکردن و یارمەتیدانی پەنابەرانی کورد لەرۆژهەلاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی لەتورکیا و عێراق و ئێران

وەپێش بخا و هەموو حکومەتەکان پشتی کۆمیسیاری بەرزی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ کاروباری پەنابەران لەو بارەوە بگرن.

کردەوەی کۆنکریت بۆ بەرەوپێشبردن و پاراستنی مافە ئینسانیەکانی گەلی کورد:

لەماوەی کۆنفڕانسی نێو نەتەوایەتی (ناسینی مافی کوردان- ستراتیژی کردەوە لەلایەن هاوپێوەندەکاندا) لەستۆکهۆڵم لەنێوان ١٥-١٧ی مارسی ١٩٩١دا ڕادەربڕین و دەمەتەقەکرا کەچلۆن پشتیوانی لەخەباتی گەلی کورد بکرێ لەپێناو مافە ئینسانیەکانی ئەو گەلەدا بەمافی دیاریکردنی چارەنووسی بەدەستی خۆشیەوە، ئەو ڕاگەیەندراوەی خوارەوە ڕووی لەهەموو دۆستان و پشتیوانانی کوردەکانە لەچوارچێوەی ئەو خەباتەدا، مەبەست ئەوەیە کەهانی هەوڵ و تێکۆشانی کۆنکرێت بدرێ بۆ پشتگیری لەمافە ئینسانیەکانی کورد، بنەماڵەی جیهانی لەمێژە کێشەی کورد و ئەو زوڵم و زۆرەی لەکورد دەکرێ لەبیر خۆی بردۆتەوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتوە کەئەو کەمتەرخەمیە یەکجار و هەمیشە دوایی پێ بهێندرێ.

پرینسیپەکان: ١- خەڵکی دنیا لەهەموو جێیەك نیازیان بەوە هەیە کەسەبارەت بەکێشەی کورد زانیاریان بدرێتێ و لێی بزانن، سەبارەت بەزەمینە و مەکۆی مەسەلەکە، باری ئێستا و ئەو پرسانەی سەر بەمافی مرۆڤ کەلەو کێشەوە هەستاون.

٢- حەوجێ بەتێوەچوون و شان وەبەردانێکی بەگوڕ و ئازایانە هەیە سەبارەت بەمافی کوردان لەڕێکی نەتەوایەتی و نێو نەتەوایەتیدا، ئەم

کارەش پێویستی بەکۆکردنەوەی سیستماتیکی راستەقانی و زانیاری باوەڕپێکراوە سەبارەت بەباری مافی مرۆڤ لەناوچە کوردیەکاندا.

٣- پێوبستی بەپشتیوانی کۆنکریت هەیە، چ دارایی و چ یارمەتی دیکە لەگەڵ کورد لەو دۆخەدا کەئێستا تێیدان.

٤- گشت ئەو کردەوانەی کەبۆ هاودەردی و هاوپێوەندی لەگەڵ کوردان دەکرێن دەبێ لەگەڵ رێکخراوە کوردیەکان رێك بخرێن، ئامانج و مەبەستی ئەو کارانە دەبێ پشتیوانی کردن لەکوردان بێ بۆ ئەوەی کەمافەکانی خۆیان وەدی بهێنن.

٥- بۆ ئەوەی کەئەو کردەوانە کاریگەر بن و بڕشتیان هەبێ، دەبێ کاری پشتیوانی تا ئەوەندەی هەڵدەسوڕێ، لەبنەمای پێوانە پەسندکراوەکانی نێو نەتەوایەتی لەمەڕ مافی مرۆڤ بەڕێوەبچن.

٦- پێوانە نێو نەتەوایەتیەکان لەمەڕ مافە ئابووری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی بەمافی منداڵان و مافی ژنانیشەوە گرنگن.

٧- لەبەرئەوەی کەلەچوارچێوەی داو و دەزگا جیاوازەکانی نێو نەتەوایەتیدا شێوەی کار و جوڵانەوەی دامەزراو هەن لەوانەیە نەکرێ کەپێشێلکردنی مافی کوردان لەهەموو کوردستاندا بەیەکجار بهێندرێتە گۆڕێ، جار جار لەوانەیە کەبۆچوون بەپێی هەر وڵات پێویست بێ، لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت بەم حاڵی بەرتەنگیشەوە پێویستە کەلەهەموو دەرفەتێك کەلك وەربگیرێ کەلەبەردەم دەزگایەکی نێو نەتەوایەتی ئەوتۆدا باسی پێشێلکردنی مافی کوردان و مەحکوم بکرێ.

٨- حکومەتەکان لەهەموو جیهاندا نیشانە داکراوێکی گرنگن بۆ کارکردن لەسەریان سەبارەت مافە ئینسانیەکانی کورد، ئەوان دەتوانن شوێن لەسەر داو دەزگاکانی دیکە کەدەکرێ کاریان لەسەر بکرێ بریتین لەئەندامانی پارلەمان، دەزگا پارلەمانیەکان، هەروەها رێکخراوە ناو دەوڵەتیەکان و ئامرازە راگەیێنەرە گشتیەکان، دابنێن.

رێکخستن و هاوسەنگکردنی کار:

١- ئەو کۆمیتە و دەستانەی کەلەوڵاتە جیاوازەکاندا لەپێناو مافە ئینسانیەکانی گەلی کورددا کاردەکەن، دەبێ تێبکۆشن بۆ گۆڕینەوەی زانیاری لەگەڵ یەکتر و کردەوە و کارەکانی خۆیان رێك بخەن، ئەو کۆنفڕانسانەی کەرێك دەخرێن.

دەبێ بەشێوەیەکی وا بن کەلەسەر بناوانی کۆنفڕانسەکانی پێشووتردا ببەسترێن یارمەتیە ئینسانیەکان دەبێ هاوسەنگ بکرێن و رێك بخرێن.

٢- بۆ ئەو مەبەستە دەبێ شەبەکەیەکی نێو نەتەوایەتی لەگروپە پشتیوانەکان دابمەزرێ، هەڵبەت ئەو شەبەکەیە کارەکان لەگەڵ رێکخراوە و ئەنستیتوە سەرەکیەکانی کورد رێکدەخا.

٣- ئەو شەبەکەیە دەبێ کار بکا بۆ جێبەجێ کردن و تەتبیق کردنی بەیاننامەی ستۆکهۆڵم، دەبێ ئەندامەکانی ئاگادار بکا لەمەڕ گشت ئەو دەستپێشکەریانەی کەلەباری نێو نەتەوایەتیدا گرنگن، ئەندامەکانی ئەو شەبەکەیە دەبێ بەشێوەیەکی بەربلاو سەبارەت بەباری مافی مرۆڤ

لەکوردستان زانیاری بڵاو بکەنەوە و هانی بکەن کەلێکۆڵینەوەی زانستی سەبارەت بەبابەت و لایەنە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کورد بکرێ.

نەتەوەییەکگرتوەکان:

١- حکومەتەکان دەبێ تەشویق بکرێن بۆ ئەوەی کەلەگەڵ سکرتێری گشتی نەتەوەییەکگرتوەکان ئیمکانی ئەوە بهێننە گۆڕێ کەکێشەی کوردیش بهێندرێتە گۆڕێ لەو وتوێژانەدا کەسەبارەت بەدەستپێشکەریەکانی ئاشتی لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەڕێوەیە.

٢- حکومەتەکان و رێکخراوە ناو دەوڵەتیەکان کەلەچوارچێوەی کۆنفڕانسی ئەوروپا بۆ ئاسایش و هاوکاریدا کەسایەتی راوێژکاریان هەیە دەبێ دنە بدرێن کەلەدەزگای مافی مرۆڤدا و لەکۆمیسیۆنەکانی دیکەی سەر بەو کۆنفڕانسەدا پێشێلکردنی مافی کوردان لەو وڵاتانەدا کەتێیاندا دەژین بهێننە گۆڕێ، دەستپێشکەری ئەوتۆ بکرێ بۆ ئەوەی کەبەشێوەیەکی سیستماتیك زانیاری سەبارەت پێشێلکرانی ئەو مافانە کۆبکرێتەوە و هەوڵی دەکار کرانی پێوانەکانی رێکخراوی نەتەوەییەکگرتوەکان بدرێ، بەتایبەتی دەبێ لەسەر ئەو نمونانەی خوارەوە پێدا بگیرێ:

حکومەتەکان:

١- حکومەتەکان دەبێ لێبڕاوانە داوایان لێبکرێ کەسەرنج بدەنە هەموو لایەنەکانی کێشەی کورد، بەپێشێلکردنی مافی مرۆڤی کوردانیشەوە،

ئـەوان دەبـێ لێبڕاوانـە داوایـان لێ بکـرێ کەئـەو مەسـەلانە لـەرێکی نێونەتەوایەتیـدا بهێننـە گـۆڕێ وەکـو ئـەو دەزگایانـەی کەلەسـەرەوەدا باسیان کرا.

٢- حکومەتەکان دەبـێ گوشـاریان بخرێتـە سـەر بـۆ ئـەوەی کەبـەروونی بـیروڕای خۆیـان لەمـەڕ پێشـێلکردنی مافـە ئینسـانیەکانی گـەلی کـورد دەربـبڕن، دەبـێ لێبڕاوانـە داوا لەحکومەتـەکان بکـرێ کەلەپێوەندیـەکانی دوو لایەنەی خۆیاندا لەگەڵ ئەو حکومەتانەی کەراستەوخۆ بەرپرسی ئـەو پێشێلکرانەن ئەو بیروڕایە بهێننە گۆڕێ.

٣- دەبـێ بەلێبڕاوانـە داوا لەحکومەتـەکان بکـرێ کەیارمـەتی نەکـەن بـۆ چەك لێ شەتەك دانی هێزەکانی ئەمنیەتی و نیزامـی کـەبۆ سـەرکوتکردنی ناوچە کوردیەکان دەکار دەکرێن و لەجیاتیان کار بکەن بۆ چـەك دامـاڵین لەناوچەکەدا.

٤- ئەو حکومەتانەی کەدەستیان دەڕوا بۆ ئەوەی کەهەلی وتوێژ لـەنێوان کوردەکان و دەوڵەتە گۆڕینەکاندا پێك بهێنن دەبـێ دنە بدرێن بۆ ئـەوەی کەکارێکی ئەوتۆ بکەن.

٥- دەبـێ تکـا لەحکومەتـەکان بکـرێ کەپەنابـەرانی کـورد بەئاوایـەکی ئینسانی وەربگرن و پارێزگـاری ئـەوتۆیان لێ بکـرێ کەئـەوان حـەوجێیان پێیەتی.

٦- دەبـێ داوا لەحکومەتـەکان بکـرێ کەیارمـەتی ئینسـانی بـەو ناوچـە کوردیانە بکەن کەلەوێدا نیازێکی ئەوتۆ لەگۆڕێدایە.

بیروڕای جیاواز، ئەم راگەیاندنەی خوارەوەیان پەسند کرد و بڵاو کردەوە:

راگەیاندنێك

دوای تەواو بوونی کۆنگرەی جیهانی ستۆکهۆڵم دەربارەی پاراستنی مافەکانی کورد، کۆبوونەوەیەکی فراوان لەشەوی ١٨/١٧ی ئاداری ١٩٩١ کرا بەبەشداری پتر لەسەد کەس لەنوێنەرانی پارتە سیاسیەکانی کوردستان و رێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان و کەسانی نووسەر و رۆژنامەنووسانی کورد کەلەهەموو پارچەکانی کوردستان و وڵاتانی دەرەوە هاتبوون بۆ بەشداری کۆنگرەکە، پاش ئەوەی بەشدارانی کۆبوونەوەکە بەتێر و تەسەلی لەسەر بارودۆخی کوردستان بەگشتی و کوردستانی عێراق بەتایبەتی دوان، بەتێکڕایی ئەم راسپاردانەی خوارەوەیان پەسند کرد:

١- کۆبوونەوەکە بەتوندی و بەهەموو شێوەیەك پشتگیری ڕاپەڕینە قارەمانانەکەی رۆڵەکانی کوردستانی عێراق دەکات و سڵاوی گەرم و پڕ شانازی خۆی بۆ پێشمەرگە و چەکدارە قارەمانەکان و هەموو خەڵکی ڕاپەڕیوی کوردستان رادەگەیێنێ و بەهەموو توانا و شێوەیەك پشتگیری هەوڵ و کۆششی بەرەی کوردستانی دەکات بۆ ڕاپەراندنی کاروباری گەلی کوردستانی عێراق و پاراستنی دەستکەوتەکانی و پەیداکردنی هەموو جۆرە کۆمەکێك بۆ خەڵکی کوردستان، هەروەها بەشداربوانی کۆبوونەوەکە پشتیوانی ڕاپەڕین و خەباتی گەلی عێراق لەپێناو ئازادی و

دیموکراتی دەکەن.

٢- بەشدارانی کۆبوونەوەکە لەکاتێکدا پشتیوانی خۆیان دەردەبڕن بۆ ئەو هەوڵ و کۆششانەی کەهێزە کوردستانیەکان کردوویانە بۆ بەستنی کۆنگرەیەکی کوردستانی، داوا لەهەموو لایەنە کوردستانیەکان دەکات، گیروگرفتی نێوانیان بخەنە لاوە و پێکەوە هەنگاو بنێن و پەلە بکەن بۆ بەستنی ئەم کۆنگرە گرنگە.

٣- کۆبوونەوەکە پشتیوانی گەرم لەخەباتی نەتەوەکەمان، لەهەموو پارچەکانی کوردستان دەکات لەپێناو رزگاری و هێنانە دی مافە رەواکانی.

٤- کۆبوونەوەکە بەستن و ئەنجامەکانی کۆنگرەی جیهانی ستۆکهۆڵم بە شێوەیەکی ئیجابی (پۆزەتیڤ) هەڵدەسەنگێنێ و بەم بۆنەیەوە سوپاسی کۆمیتەی سویدی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان لە سوید و گەل و حکومەتی سوید دەکات.

بەشدارانی کورد لە کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم ١٩٩١/٣/١٧.

بەداخەوە راپۆرت و بەیاننامەو ئەنجامی وتارو ئاخافتنی کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵمیش هەر وەك کۆنفڕانسی پاریس هەر لەسەر کاغەزو لە هۆڵی کۆنفڕانسدا مانەوە، پشتیان نەگیرا کە لە کۆڕو کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکاندا بێتە گۆڕێ و باسیان بکرێ، بەڵگەو دۆکۆمێنتەکان بڵاو بکرێنەوە، ئەمەش بەر لەهەموو کەس دەبوایە کورد خۆی وەدوای کەوتبایەو ئەنجامی دابا، کۆنفڕانس لەناوەکەی بەدەر هیچی دیکەی بۆ مەسەلەی

نەتەوایەتی کورد بەدواوە نەبوو.

٣/١٦ بەبۆنەی یادی شەهید کردنی هەڵەبجەوە خۆپیشاندانێکی گەورە لە ستۆکهۆڵم سازکرا، دکتۆر مەحمود عوسمان لەسەر بارودۆخی کوردستان و هەڵوێستی حکومەتی عێراق وتاری دا.

هێرشی لەشکری حکومەتی عێراق بۆسەر کوردستان

رۆژی ٣/٣٠ ئاژانسە خەبەرییەکان شەڕی نێوان کوردو حکومەتی بەعسیان بلاوکردەوە، رۆژی ٣١ ی مارس دەنگوباسی چوونە پێشی لەشکری عێراق بەرەو هەولێرو سولەیمانی بلاوکرایەوە، لەشکری سەددام بەچەك و چۆڵی مۆدێرنی کە لەشکری ئەمەریکا دوای شەڕی خەلیج بۆی هێشتبۆوە، راپەڕینی خواروی عێراقی سەرکوتکردبوو، ئەمجارە بە تانك و تۆپ و هیلیکۆپتەر و فڕۆکەی جەنگی بایداوە سەر کوردستان، سەرکۆماری ئەمەریکا لەوپەڕی بێ ویژدانی و بێ شەرمیدا دەچوو خۆی بە یاری گۆڵفەوە دەخافلاند و دەیگوت: (خوێنی سەربازانی ئەمریکایی بۆ کورد ناڕێژم)، بەڵام سەرکۆماری ئەمریکا بۆ نەوت و بۆ پارێزگاری کۆنەپەرستترین رێژییمەکانی خەلیج قەت بیری لە رشتنی خوێنی سەربازانی ئەمریکایی نەکردەوە.

لەسەر کۆڕەوی میژوویی و خەفەتباری گەلی کورد لە کوردستانی خواروو هیچم یاداشت نەکردووە، سەیری دەربەدەری و لێقەوماوی کۆڕەوی کورد لە تەلەفزیۆن و تۆمارکردنیان لە ڤیدیۆ و داخ و حەسرەتی ئەم کارەساتە دەرفەتی نووسین و یاداشتکردنی نەدەدا.

لافاوی بێزاری و تـورەیی کوردەکـانی دانیشـتووی سـوید دژی جینایـەتی حکومەتی عێراق

١٩٩١/٤/١ بـــەرەی کوردســـتانی عێـــراق هێرشـــی لەشـــکری ســـەدام و ئـــاوارەبوونی کۆمـــەلآنی خـــەلآکی ڕاگەیانـــد، لـــە ســـتۆکهۆلم لەبـــەردەم باڵیۆزخانەی ئەمریکا کۆبوونەوەو خۆپیشاندانی کوردەکان دەست پێکرا، فیدراســـیۆنی کۆمەڵـــە کوردســـتانییەکان لـــە کۆکردنـــەوەو ســـازدانی خۆپیشـاندانی خەڵکـدا دەورێکـی گرنگـی گێـڕا، تـا ٤/٢٠/ هـەموو ڕۆژێ بـەردەوام کۆبوونـەوەو خۆپیشـاندان و چـوونە بـەردەم باڵیۆزخانـەکانی دەوڵەتـە زلهێزەکـان و نووسـینی پـڕۆتێسـت و مـانگرتنی خـەڵک درێـژەی هەبوو.

ڕۆژی ٤/٢٠ بلاّو کرایـەوە کـە دەسـتەی نوێنەرایـەتی بـەرەی کوردسـتانی بەســـەرۆکایەتی جـــەلال تاڵـــەبانی و ئەندامـــەتی ســـامی عەبـــدولڕەحمان و ڕەسوڵ مامەند و نێچیرڤان بارزانی بـۆ وتووێـژ لەگـەڵ دیکتـاتۆری عێـراق گەیشتونەتە بەغدا، لەنێو کوردەکانی سوید کـەش و هـەوا گـۆڕا، دەنگـی ڕەخنـــەو بێـــزاری دژی ســـەفەری ئـــەم دەســـتەیە بـــۆ بەغـــدا بـــەرز بـــۆوە، کۆبوونەوەیەکی گەورە لە سوید سازکرا، نوێنـەرانی بـەرەی کوردسـتانی بەتایبـەت نوێنـەری یەکێتی و پارتی خرابوونە قەفەسی ئیتیهام و هێرش و پرسیارەوە، ئەوانیش فەقیرە بێ خەبەرو دوور لە وڵآت و بێدەسـەڵآت لـە تواناياندا نەبوو وەڵآمی ئەو خەڵکە بدەنەوە.

نابێ ئەوە لەبیر بچێتەوە کە کوردەکـانی ئـاوارەی دانیشـتووی سـوید بـە

تێکڕایی بۆ لەقاودانی جینایەتی سەددام و ڕاکێشانی سەرنج و بیروڕای خەڵکی سوید هیچیان تێدا نەهێشتەوە، خۆپیشاندان، مانگرتن، نووسین و.ئیمزا کردنی نامەو یادداشت، کۆکردنەوەی پیتاك و چالاکی کوردەکانی سوید دەبوایە کتێبی لەسەر بنووسرێ.

لەیادی کۆچی دوایی تێکۆشەر ئازاد مستەفادا

١٩٩١/٤/٦ برادەرانی پاسۆك لەیادی دوو ساڵەی تێکۆشەر ئازاد مستەفادا، داوایان لێ کردبووم کە وتارێکم هەبێ، بەم بۆنەوە ئەم نوسراوەی ژێرەوەم لە کۆبوونەوەدا پێشکەش کرد:

(خوشك و برایانی بەڕێز، هاونیشتمانانی خۆشەویست! لێرە کۆبوونەوەتا لە بارودۆخێکی دژوارو داخداری کوردستاندا یادی کۆچی دوایی نیشتمانپەروەری کورد کاك ئازاد مستەفا بکەینەوە.

لەگەڵ لێگێڕانەوەی برایانی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) دامنابوو هێندێ دیدارو دانیشتنی خۆم لەگەڵ کاك ئازاد مستەفا باس بکەم، بەداخەوە درەنگ لەگەڵ کاك ئازاد ناسیاریم پەیداکردو ماوەی ئاشنایەتیمان زۆر کەم بوو، بەڵام هەر ئەو ماوە کورتە بوو بە هۆی ئەوەی رۆژێك پێش ئەوەی کە مالاوایی یەکجاریمان لێ بکات، لە نەخۆشخانەی کارۆلینسکا لەکن دکتۆر جەمشید بەدوو هاوبیری خۆی بڵێ: (لەکاك کەریم خافڵ مەبن، کاك کەریم حەقی بەسەر شەخسی من و حیزبەکەمانەوە هەیە)، پێم خۆش بوو پتر باسی کاك ئازاد بکەم، بەڵام بۆ چما دەستی قەزاو قەدەر و سروشت و یا هەر شتێکی دیکەی غەیبی کە

ناوی لێ دەنرێ، رێگا دەدا کە کورد بۆخۆی بەگوێرەی ویست و ئارەزوی خۆی بەرنامەو پلانی خۆی ئەنجام بداو چارەنووسی خۆی بەدەستی خۆی دیاری بکات، هەر دەڵێی ئەو قەڵەمەی باسی دەکەن و گوایە لە لەوحولەحفوزدا چارەنووس و بەسەرهاتی دواڕۆژی خەڵك دەنووسێ و یا نووسیویە، لەئاستی کورد نووکی هەڵنەگوتوەو خوار بوەو جگە لە کوێرەوەری و بندەستی و چارە ڕەشی چیتری بۆ کورد نەنووسیوەو لەگەڵ خەڵکی تر فەرق و جیاوازی بۆ داناوە.

مامۆستای شاعیرانی موکریان نیشتمانپەروەری مەزن (ئەبولحەسەنی سەیفی قازی– سیف القضات) بەهەق لەشیعرە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (کوردینە)دا دەڵێ:

(خەڵکی هەموو لەشارو لە باغانا کەیفخۆش – ئێمەش بلاّو و بێ سەرە ماوین لە دەشت و کێو)

(هەر میللەتێ لەلاوە هەقی بەدەستەوە– کوردێ کە سەر هەڵێنێ، دەڵێن بۆتە سەربزێو)

بەڵێ: ئەوەیە چارەنووسی کورد، ئێستاش لەم حاڵەدا کەوا میللەتەکەمان ئاوارەی کەژو چیایە و لەژێر بەفرو باراندا دەتلێتەوە، دیسان پێمان دەڵێن: (متمردین الأکراد)!

ئێمە دەبوایە کۆبینەوە بۆ یادی تێکۆشەرێك کە بە ئاواتی ئازادی کوردستان، دوور لە نیشتمان سەری نایەوە، بەڵام ئێستا دەبێ بیکەین بە ماتەمینی هەزاران شەهیدی بێ کفن و دفن و بێ سەرو شوێن، ماتەمینی

هـەزاران کـوردی ئـاوارەی سەرچـیاو کـەژو سـەرگەردان و پـەرەوازە، بەداخێکی گرانەوە کاك ئازاد مستەفا لەکاتێکدا مـالاوایی لـە حیـزب و لـە میللەتەکەی کرد کە تازە بەرەی کوردستانی دامەزراوەو شـەڕی براکـوژی لە بەشێکی نیشتمانە لەتکراوەکەماندا کۆتایی پێهاتووە و تینی یەکێتی و یەکگرتنەوەی خەبات دێ گەرمایی بخاتە دڵی کۆمـەڵانی خـەڵکی کـورد و شەبەق بخاتە بەشەکانی تـری کوردسـتانی مـەزن و دابەشـکراو.پێکهاتنی بەرەی کوردستانی کە هەنگاوێکی گرنگ بوو بۆ یەکخسـتنی بزووتنـەوەی رزگاریخوازی، تا رادەیەکی زۆر دەهات بریـنـی هەڵەبجـەی شـەهید سـاڕێژ بکـا، هەرچـەندە بـە بۆچـوونی مـن بـەرەی کوردسـتانی بـە پێچـەوانەی رێوشـوێنی (بـەرەی نیشـتمانی و رزگـاریخوازی) ولاتـانی بندەسـت و داگیرکراو لە چوارچـێوەی حیزبـەکانی دامەزرێنـەردا قـەتیس و تەنگەبـەر کـراوە و تـا ئێسـتاش نـەیتوانیوە لـە کۆشـش و دڵسـۆزی و لێهـاتوویی هەزاران کەسی غەیرە حزبی کەڵك وەربگرێ و هێزی بەتەوژمی کۆمـەڵانی خەڵك لەبواری سیاسی و رۆشنبیری و حقـوق و پڕوپاگەنـدەو شـتی تـردا، بخاتە کارو لەدەوری خۆیان کۆبکاتەوە، بەڵام دیسان پشتیوانی لە بەرەی کوردستانی بەئەرکی هەموو کوردێکی ولاتپارێز دەزانم.

خوشك و برایانی بەڕێز! وەك دەزانن ئـەمڕۆ میللەتەکـەمان کەوتۆتـە بـەر لافاوی کارەساتێکی گەلێك داخدارو دڵتـەزێن، مەترسـی نـەمان و قڕبـوون هەڕەشە لە هەزاران کوردی ئـاوارە و لێقـەوماو دەکـات، مەترسـی گـەورە لەوەدایە کە لەسەر زێدو نیشتمانی خـۆی هەڵکەنـدرێ و نـاوی نـاخۆش و نەگریس و دزێوی (پەنابەری) بەسەردا ببڕێت، ناوێکی نـاخۆش و دزێـو و

سەحەتگرانە.

ئەمە لایەنێکی بەرچاوی تەکانەدەری چارەنووسی ئیمڕۆی بەشێکی نەتەوەکەمانە، بەڵام با هەر باسی لایەنی تاریك و دژوارو دڵتەزێن نەکەین، میللەتێکی لە پێناو ئازادی و رزگاری نیشتمانیدا خەبات بکا لە دنیای پڕ لە بێدادی و ملهوڕی و دووڕوویید ا ناتوانێ بە هاسانی لەبەر لافاوی قوڕاوی کارەساتدا خۆی بپارێزێ و تووشی مەینەت و ئازارو ژان نەبێ، جا هەر ئەو دەردو ئازارو کارەساتە، لەلایەك دەبێتە هۆی لەبەین چوونی خەڵکێکی زۆرو زیان و زەرەری سەروەت و سامانی نەتەوەیی و وێرانی وڵات لە لایەکی تریش دەبێتە کلیلێك کە قفڵی دەموزاری داخراوو مێشکی بەستووی ئەم دەوڵەت و دەسەڵاتدارانەی دنیای سامان و چەك و سەرمایە دەکاتەوە کە تا ئێستا لە ئاست جینایەتی سامداری سەددامی دیکتاتۆر و خوێنمژ و لە ئاست قەڵاچکردنی کورد خۆیان مات و بێدەنگ کردبوو، دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو دەوڵەتانەی بەیارمەتیدانی چەك و ڕاوێژو تەکنیکی چەکی کیمیایی و تەنانەت کەرەستەی چەکی ئەتۆمیش سەددام بکەنە دیکتاتۆرو هیتلەری رۆژ، تەریق ببنەوەو شەرم بیانگرێ و ئەمجارە باسی کورد بە شێوەی خێرومەندی بکەن و یارمەتی خێراو خێرخوازانە بۆ لێقەوماوانی کورد بنێرن، دەبێتە هۆی ئەوە کە دەزگای تەبلیغاتی حکومەتانی شەریکە بەشی تاوان و پێگەیەنەری دیکتاتۆری عێراق، باسی قەڵاچۆکردنی کورد بکات، من ئەوانە بە بەرهەمی خەباتی نەتەوەکەمان دەزانم و لە بەرانبەری فیداکاری و نەبەزیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و زام و دەردی لێقەوماوانی کورد سەردادەوێنم.

خوشك و برایانی بەڕێز! فارس گوتەنی: (تا پریشان نشود کار بسامان نرسد).

راستە کە ئێستا میللەتەکەمان تووشی کارەساتێکی شپرزەو داخدار بووە، بەڵام ئەگەر ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی قارەمان و داخدارو ستەمدیدەی کوردستانی خواروو نەبایە، ئەگەر هەڵمەتی شێرانەی ڕۆڵە چەکدارەکانی کوردستان نەبوایە نە گەلەکەمان تووشی ئەو ڕۆژە دەهات و نە دەوڵەتانی خاوەن دەسەڵات بەسەر دنیای فەقیرو هەژاراندا وەدەنگ دەهاتن و نە هاونیشتمانانی ئەوروپاو ئەمریکا ئاوا دەهاتنە مەیدان و دنیایان لە خەوی بێدادی وەخەبەر دەهێنا، ئەوە دیالەکتیکی ژیانە، من لە کاتێکدا بە دیتنی خەفەتباری هاونیشتمانەکانم لە کەژو چیا لە بەفرو سەرما جەرگم ژان دەکا، هەر لەو کاتەشدا کە دەبینم هەزاران لاوو کاڵ و ژن و مێردی کورد لە شارە دوورەکانەوە بۆ دەربڕینی بێزاری لە جینایەتی سەددام و بێدەنگی حکومەتە گەورەکان دێنە ستۆکهۆڵم و هەزاران کوردی دانیشتوی ئەم وڵاتە کەوتۆتە جموجۆڵ و لە ڕێگای وەستان و مانگرتن و مانەوەی شەوانە لەبەر سەرماو کۆکردنەوەی یارمەتی، هاوەردی خۆیان لە گەڵ برا لێقەوماوەکانیان نیشان دەدەن، کاتێك لە تەلەفزیۆن دەبینم کە ڕۆڵەکانی کورد لە شارەکانی ئەوروپا دێنە مەیدان و بە لەدەمدانەوەی پۆلیسی پارێزەری زۆرداران، لانەی جاسوسی سەددامی خوێنڕێژ داگیردەکەن و دەنگی بێزاری خۆیان بە دنیا ڕادەگەیەنن، ئاهێکم دێتەوەبەرو ئاسۆی ڕزگاریم لێ دەردەکەوێ، کاتێ هەوڵی بەربەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەبیسم، کاتێ لە

تەلەفزیۆندا کۆبوونەوەو هاوەردی خەڵکی دیاربەکری قارەمان دەبینم، کاتێ دەبیسم کە رادیۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پەیتا پەیتا داوا لەخەڵکی کوردستانی رۆژهەلآت دەکا کە یارمەتی بڕا لێقەوماوەکانیان بکەن، پێ شاد دەبم و شانازی بە میللەتەکەم دەکەم، هەربۆیەش دەڵێم نابێ سامی ناهومێدی بمانگرێ، پێویستە یەکێتی و هاوکاریمان زیاترو پتەوتر بکەینو خەباتی رزگاریخوازیمان رێکوپێکتر بکەین.

تێکۆشان و فیداکاری رۆڵەکانی گۆڕەپانی خەبات، کارەساتی دڵتەزێنی بەشێکی زۆری خەڵکەکەمان، دنیای وەدەنگ هێناوەو پەردەی کشوماتی لە سەروکاری دەوڵەتە مەزنەکان لاداوە، بەڵآم بەداخەوە دەبێ بڵێم دیسان دیانەوێ مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی (پەنابەرو لێقەوماو و پرسی ئینسانی)دا تەنگەبەر بکەن و ناوی نەگریسی (پەنابەرو ئاوارە) بەسەر مەسەلە رەوا ئەسڵییەکەدا بسەپێنن، پێویستە ئەم پەرژین و چوارچێوەیە تێك بدرێ، دەبێ بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هەنگاوی گرنگتر بهاوێژرێ، بەلای منەوە خەباتی رێك و پێك و یەککگرتوو کە وەلآمدەری بارودۆخی ئێستای جیهان و کوردستان بێ، دەستەبەری سەرکەوتنی ئەم هەنگاوەیە.

رەنگە پتر لە پێویست کاتی خوشك و برایانم گرتبێ، داوای لێبوردن دەکەم و بە سلاو بۆ گیانی پاکی کاك ئازاد و گشت شەهیدانی رێگای ئازادی وتەکانم کۆتایی پێ دێنم، با یادی شەهیدانمان هاندەر بێ بۆ

گەیشتن بە کوردستانێکی ئازادو دیموکرات و بەختەوەرو دوور لە ستەم و چەوسانەوەو بندەستی، مارسی ۱۹۹۱).

سەفەر بۆ ئەڵمان

رێکخراوی کۆمکار لە ئەڵمان داوەتی کردبووم کە لە دوازدەهەمین کۆنگرەی سالانەیاندا بەشداری بکەم، رۆژی ۱۹۹۱/٦/۲۰ چوومە کۆڵن و میوانی فەرەیدونی میتران بووم، ویستم سەرێکی غەنی بلوریان بدەم، تەلیفۆن و ئەدرێسی غەنیم نەبوو، بەڵام فەرەیدونی میتران مەحرەمی ئەسرارو تەلیفۆنداری غەنی بوو پێم گووت: تەلیفۆنێکی لێ بکە بەڵکو بچین سلاوێکی لێ بکەین، فەرەیدون هەستا زەنگێکی لێداو ۳-٤ دەقیقە قسەی کرد، پاشان هاتەوە لای من و گوتی: (لەمالێ نییە، چۆت بەرلین کن مەحەمەد سالح جومعە) بەڵام لەگەڵ دەربڕینی ئەم قسەیە ناڕەحەتییەکی لێ دیار بوو، چونکە دەیزانی ئەوەی دەیڵێ وانیە، بەڵام فەرەیدون چاری نەبوو، رازداری غەنی بلوریان بوو، یان دەبوایە بەناچاری شتێك بڵی کە بڕوای پێ نییەو بڵێ لەمالێ نیە، یان دەبوایە بە تۆزێ غیرەت و بە حوکمی پەیوەندی رابردوومان پێ لە راستی بنێ و بڵێ غەنی داوای لێبوردن دەکا، بەڵام دیار بوو گوتنی ناڕاستییەکەی پێ باشتر بوو، من هیچ گلەییم لە فەرەیدون نەکرد، چونکە لە کاتی ئاواو لە سەردەمی باداناوەو پاکانەو حاشاکردن و لە رابردوو کاری ئاوا هاسان و ئاساییە، فەرەیدون بۆ ئەوەی پاکانە بۆ دەربڕینەکەی بکا لە پڕ لە کاتی باسی روداوەکاندا گوتی: (کاك کەریم راستەو راست ئیتر من

ناسیۆنالیستم).

گوتم خۆ ناسیۆنالیست بوون کارێکی پیرۆزە، بەڵام من وەڵامی پرسیارێکم بۆ نادۆزرێتەوە، ئەویش ئەوەیە ئەوانەی پێش هەڵوەشانی سیستمی سۆسیالیستی مەوجود بۆ ئەوەی بە چەپیان بناسن خۆیان لە ئاوو ئاگر دەهاوێشت و ئێستا بە حاشاکردن لە رابردووی خۆیان دەڵێن ناسیۆنالیستین، ئەودەم چیان بۆ میللەتەکەیان کردووە، ئێستا ئەگەر بوونە ناسسیۆنالیست چ خزمەتێك بە نەتەوەکەیان دەکەن؟.

رۆژی ٦/٢٢ چوومە کۆنگرەو بە خۆشییەوە وتارێکێشیان بۆمن دانابوو، نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، فەتاحی عەبدولی وتاری خۆی بەناوی ٧ ملیۆن کوردی ئێران دەستپێکردو پاش شانازی بە ٤٠ هەزار شەهید، چەند جار ئەم فەرمایشە قالب گرتوە لەباو کەوتووی (حیزبی دیموکرات رێبەری جولانەوەی میللی دیموکراتیك لە کوردستانی ئێران) ی دووپاتکردەوە، من لە وتاری خۆمدا باسی ئەو گۆڕانکاریانەم کرد کە بەسەر رەوتی جیهاندا هاتوون و گوتم: لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانە رەنگە کاتی ئەوەش هاتبێ کە حیزبە کوردییەکانیش واز لە مەزنخوازی بهێنن و خۆیان بە نوێنەری رێکخراوی خۆیان بزانن تۆزێ زیاتر چاوو دڵ و دەروونیان ئاوەڵە بکەنەوە، سیاسەتی خۆیان لەگەڵ رەوەندی ئیمڕۆی سیاسەتی جیهان رێك بخەن.....) دوای کۆنگرە لەگەڵ کاك جەمال زارع چوینە ماڵی ئەوان و شەو چوومە خزمەت شێخ سەید تەها (شێخی گەسگەسك) کوڕەکانیش هەموویان لەوێ بوون، تا درەنگانێك بە قسەی

خۆش و پێکەنین و باسی رۆژەکانی رابردوو شەومان بردە سەر رۆژی دوابی بە میت فار (ترۆمبێلی شەخسی موسافیر بە هەزاران سوار دەکەن) .چوومە بەرلین، بەهەڵکەوت تووشی دکتۆر مەحەمەد سالّح جومعە بووم، لێم پرسی: چۆنە بەتەنیای، ئەدی میوانەکەت کوا؟

– میوانی چی؟ چ میوانم نینە

– ئەدی غەنی بلوریان میوانی تۆ نییە؟ نەهاتۆتە لای تۆ؟ گوتیان هاتۆتە لای تۆ.

– نا... ئەوە شوێنە ونکەیان کردوە، رەنگە بۆ سەرکردایەتی شۆڕش و راپەڕین چووبێتەوە کوردستان...!!

– دوورنیە ... وێدەچێ گەڕابێتەوە، بۆ کاری شۆڕش نهێنی کاری پێویستە !! پێم خۆشە خوێنەرانی بەڕێز ئاگادار بکەم کە بەرگی نۆهەمی بیرەوەرییەکانم بەشی زۆری بە نامەکانی غەنی بلووریان رەش کراوەتەوە کە بە ئیخلاسەوە بۆی نووسیوم.

رۆژی ۹۱/۱۲/۲۲ گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆڵم، کەمالی کوڕم لەگەڵ خێزانی ناردبوویانە شیمال، کەمپی (برێککە) نێزیك ئۆسترشۆند، رۆژی ۹۱/۹/۱۷ لەگەڵ سەید عەلی خوارزام چوومە سەردانی کەمالی و لەوێشەوە چووینە ئۆسترچۆند سەردانی کاك قەرەنی قادری، پێشان هەر دوور بەدوور بەنامە ناسیاریمان هەبوو، بەقەولی مامۆستا دلّزاری شاعیر نان و چێشتێکی فرە بەتام و چێژمان خوارد و تۆیەکی دۆستایەتیشمان چاند.

کۆڕێك لەسەر بارودۆخی کوردستان

ڕۆژی ٩١/١٠/٢٦ لەسەر بانگهێشتی کۆمەڵەی کوردی لۆند بۆ باسێك لە سەر مەسەلەی بارودۆخی کوردستانی خوارو چوومە لۆند، لە کۆبوونەوەکەدا ئەم مەسەلانەی خوارەوە کەوتنە بەر باس و لێکۆڵینەوە:

- مەسەلەی ڕۆژو بارودۆخی کوردستانی خوارو.
- شەڕی کەنداو نەڕوخاندنی ڕێژیمی سەددام.
- ڕاپەڕینی کوردەکان لەژێر تەئسیری شەڕی کەنداو و هاندانی ئەمریکا.
- هەل و مەرجی وتووێژی کوردەکان لەگەڵ سەددام.

ویلدان و حامیدی گەوهەریش لەلایەن فیدراسیۆنەوە بەشداریان کردبوو، برادەرانی دیکەش بە بەشدرای لە باسەکەدا کۆبوونەوەکەیان گەرمتر کردبوو، بەڵام بەداخەوە هەرچەند دەیانگوت لە لۆند و دەوروبەری کوردێکی زۆر دەژین، بەڵام زۆر کەم بۆ کۆبوونەوە هاتبوون.

لەلایەن کتێبخانەی دەوڵەتی شاری سالا داوەت کرابووم، بۆ ووتارێك لەسەر بارودۆخی کوردستان بچمە ئەو شارە.

ڕۆژی ٩١/١١/٦ چوومە سالا و میوانی ڕێزدار مەلا عومەری عەسری بووم، کوردەکانی دانیشتووی سالا بەگشتی بەشداری کۆبوونەوەیان کردبوو، بەڵام لەکاتی ئاخافتندا کابرایەکی پەروەردەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران گوتی:

(کاکە کەریم تۆ لەگەڵ غەنی بلوریان و حەمەدەمینی سیراجی لە حیزب

جیا بوویەوە چوویە لای حکومەتی کۆماری ئیسلامی، جا چۆن باسی کوردستان دەکەی..؟

لێم پرسی: کاکە تۆ خەڵکی کوێی، لە کوێوە هاتوویە سوید؟

– من خەڵکی کوردستانم ، پێشمەرگە بووم و لە کوردستانەوە هاتووم.

– وانییە... دەزانم تۆ خەڵکی کوردستان نی، بەڵام نازانم چۆن کوردی فێربووی و چۆنیان عاملاندووی؟ مەلا عومەرو برادەرانی تر بەسەری داهاتن و گوتیان کاکە تۆ کە ئاگات لە هیچ نیە بۆ وەدەنگ دێی؟ کابرا بوو بە.... نیوە زەڕ. من گلەییم لە کابرای فەقێر نەبوو، ئەو پەروەردەی حیزبی دیموکرات و گۆشکراوی عەبدوڵڵاً حەسەن زادە بوو، دکتۆر قاسملوو بە خۆڕایی نانووسێ: (ئێمە ئەخلاّق و ڕاستیمان هێنا ناو حیزبەوە....)!!

٩١/١١/٢٤ لەگەڵ برای خۆشەویستم فەردینی قادری چوومە بولّغارستان و نێزیکەی مانگێك لەوێ بووین، بەرگی شەشی بیرەوەرییەکانم دا بە چاپخانە.

شەوی ٩١/١١/٣٠ جەنابی شێخ سەید تەها تەلیفۆنی بۆ کردم و فەرمووی وا خەریکم بچمەوە ئێران، ویستم بزانم پێت چۆنەو نەزەرت چیە؟ دیارە جەنابی شێخ بڕیاری خۆی دابوو، من هەر دەمتوانی سەبارەت بەم تەلیفۆن و پرس پێکردنە و خودا حافیزییە، تەنیا یەك دنیا سوپاسی بکەم.

ڕۆژی ١٢/٢٢ گەڕامەوە بۆ سوید، کەمالیش لەگەڵ خێزانی هاتبوە

ستۆکهۆڵم، بڕیارماندا بۆ سەری ساڵی تازەی زایینی هەموومان بچینە کن شلێری کچم و چەند رۆژێك لەلای ئەوبین، رۆژی ۱۲/۲۸ کەوتینە ڕێ و شەو چووینە هۆدیکسڤاڵ میوانی کاك سولەیمانی چیرە بووین، شەوێکی زۆر خۆشمان رابوارد، بەیانی کەوتینە ڕێ و درەنگانێك گەیشتینە (بودێن) ساڵی ۱۹۹۱ مان لەوێ بەڕێکرد.

۱۹۹۲/۲/۱ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەبۆنەی کۆچی دوایی تیکۆشەر کاك عومەر مستەفا وە مەجلیسی سەرەخۆشی دانابوو، لەگەڵ چەند برادەرێك چووینە سەرەخۆشی، لەگەڕانەوەدا چەند کەس لە برادەرانی کوردستانی خواروو بانگیان کردین کە سەیری فیلیمێکی ڤیدیۆیی بکەین کە تازە لە کوردستان هەڵگیرابوو.

فیلمەکە ئەوەندە داخدارو دڵتەزێن بوو کە پەژارەی کۆڕەوی ۹۱ ی لەبیر دەبردەوە، پەژارەو خەفەتی کۆڕەوی کوردستانی خوارووبەهۆی دوژمنێکی دڕندەی وەك سەددام حوسێنەوە بەسەر کورد هاتبوو، دوژمنێك کە بۆمبای کیمیاوی بەسەر کورد دابابوو، دوژمنێك کە ۱۸۰ هەزار پیاوی کوردی بێ سەروشوێن کردبوو، بەڵام فیلمی ناوبراو بێ ویژدانی و دزی و دەست پیسی و بێ مەسئولییەتی حزبیە دەسەڵاتدارەکانی کوردی نیشان دەدا، هاوارو گازاندەی خەڵکی ئاوارەو لێقەوماوی کوردی لەچنگ کاربەدەست و بەرپرسانی حیزبە کوردییەکان بەرز دەکردەوە، مامۆستا وابوو دەیگوت: هەشت مانگە چاومان بە شەکرو چا نەکەوتووە، هاتوون ناویان نووسیوین، بەڵام هیچیان نەداوینێ، هێندێ

دەیانگوت: ئەو یارمەتییەی رێکخراوە فریاگوزارییەکان و دەوڵەتەکان بۆ کوردستان و گەلی لێقەوماوی کوردی دەنێرن، کاربەدەستانی حیزبەکان دەیدزن و نایدەن بەکەس، فیلمی ناوبراو بەڵگەیەکی زیندووی سیاسەت و کردەوەی دژی گەلی حیزبە دەسەلآتدارەکانی کوردستانی خواروو بوو، نیشاندەری ئەم دەسەلآتە نەگریسە و ئەم سیاسەتی دژی گەلییە بوو کە لەماوەی سێ ساڵی دەسەلآتی دوو حیزبی سەرەکی یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستانی–یەکگرتوو بەجوانی خۆی دەرخست و دەسەلآتی دژی گەلی ئەم دوو حیزبە بوو بەهۆی کوشتارو هەژاری و برسیەتی و چارە رەشی و زەحمەتکێشانی کوردستان و پێشێل کردنی دیموکراسی و رەشەکوژی و لەژێر پێنانی مافی مرۆڤ و شێواندنی مەسەلەی کورد لە مەیدانی جیهانیدا، سیاسەت و کردەوەی ئەم دوو حیزبە شوێنی نەگریسی حکومەتی بەعسیان لە کوردستان پڕکردەوە، ئەوە لەکاتێکا ئەو فیلمە نیشان دەدراو خەڵکی ئاوارەو لێقەوماوی کورد هاوارو گازەندەیان بوو، من ئەو ریزە یارمەتییانەم لە رۆژنامەی ئێران تایمز یادداشت کردبوو کە دەوڵەتانی جیهان بۆ کوردستانیان ناردبوو و بەشی هەرە هەرە زۆری چوبوە گیرفانی کاربەدەستانی دوو حیزبە دەسەلآتدارەکەی کوردستانەوە.

ناردنی یارمەتی بۆ کوردستانی خواروو دوای کۆڕەوی ١٩٩١ بە گوێرەی نووسینی رۆژنامەکان.

– ئەسپانیا یەک میلیۆن دۆلار و دوو فڕۆکەی باری بۆ هاتووچۆ.

– ئەڵمان ١٠ میلیۆن دۆلار دەگەڵ ١٠٠ تۆن چادرو خێوەت و تەخت و دەرمان.

– ئینگلیز ٧٧٠٠ دۆلار کۆمەکی خێرا، ٣٥ میلیۆن دۆلار بە سندوقی یارمەتی کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتووەکان، ٧٥٠ خێوەت و ٢٣ هەزار بەتانی.

– بازاڕی موشتەرەك ١٨٣ ملیۆن دۆلار.

– بەلژیکا ٣٠٠ هەزار دۆلار.

– دانیمارك یەك ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار.

– ژاپۆن ١٠ میلیۆن دۆلار و ٧٧٥ هەزار دۆلاریش کۆمەکی خێرا.

– سوید یەك میلیۆن و ٣٢ هەزار دۆلار.

– سویس ٥٥٠٠ تۆن خواردەمەنی و ٢ ملیۆن دۆلار.

– فرانسە ٢٨٠ تۆن خواردەمەنی و خێوەت و بەتانی، هەزار تۆن کەل و پەل بۆ ئەو کوردانەی پەنایان بۆ ئێران بردبوو.

– فنلاند ٢ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلار.

– هۆڵەند یەك میلیۆن و ٦٠٠ هەزار دۆلار.

وەك گوترا ئەم ژمارانە لە رۆژنامەی ئێران تایمز چاپی واشنتۆندا بڵاوکرابوونەوە.

نامەی بەڕێز مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسی

(برای بەڕێز کاك کەریمی حسامی، وێڕای سڵاوێکی کوردانە، دوور لە هەموو شائیبەیەکی چەپەڵی ئینسانی، ساغی و سەرکەوتنان بەسەر هەموو ئاواتێکی پیرۆز ئاواتمە، سوپاسی ئەو لوتف و مەحەبەتەتان دەکەم لەو دیاریە نایابەی کە ناردبوتان، فکر ناکەم هیچ دیارییەك لە کتێب بەنرختر بێت، بە بە! لەو یادگارە پیرۆزە، ئەگەر لە بەرابەر هەر حەرفێکدا سوپاسێك بکرێ لام وایە کەمە، بۆ هەمیشە سوپاس، پێم خۆش بوو ئەو قسە خۆشەت بۆ بنووسم، ساڵی ٢٤ لە دێ یەکم دەخوێند، ئاغایەکی هەبوو بێ سەواد بوو بەڵام بەقەولی مەرحومی مەلا سەید سەلام پێخۆرێکی باشی بو، رۆژێکی رەفیقێکم دەرسی دەخوێند، کتێبێك بوو بەناوی (گەڵەمبەری بورهان) کتێبێکی عیلمی مەنتیق، ئاغاش تەشریفیان هەبوو، سەری هەڵێنا روی دە مامۆستا کردو گوتی: فەرەس بە ئەسپ نالێن؟

مامۆستا فەرموی با، گوتی ئەدی ناتقیش ئینسان نیە؟ مامۆستاش فەرمووی بەڵێ، گوتی: ئەدی بۆ دەڵێن عیلمی مەنتیق گرانە بە خوا من زۆر باشی دەزانم، حەتمەن دەزانی چمگوت... عەبباسی ٢٩ /٢/٩٢.

کۆڕێك بۆ یادی دوو شاعیری مەزنی کورد هەژار و هێمن

١٩٩٢/٤/١٧ لەلایەن کۆمەڵەی کوردی شاری ئیسکلستۆنە وە بۆ کۆڕێك لەسەر دوو شاعیری مەزنی کورد مامۆستا هەژار و هێمن داوەت کرابووم، کۆبوونەوەیەکی خۆش و خەڵکێکی زۆریش بەشدرای کردبوو، کاك خەلیل دەڤکیش لەسەر شاعیری گەل جگەرخوێن و دکتۆر جەمشیدیش لەسەر

شێخ مارفی بەرزنجی قسەیان کردو کۆڕەکەیان دەوڵەمەندتر کرد، لەم کۆڕو کۆبوونەوانەدا بیروڕای جوان و سەیر خۆ دەنوێنن، من دوو خاڵم لەو کۆڕەدا یادداشت کردوون.

یەکەمیان لە باسی مامۆستا هێمندا کاتێکی گوتم: کولتوری میللەتی ئێمە هێشتا زۆر نزمە، ئەگەر وانەبایە شاعیری وەک هێمن نەدەبوایە جێگای دانیشتنی لە مالێ و گوند و شاری خۆی لێ وەتەنگ هەڵێ و دوور لە شاری خۆشەویستی لە غەریبی سەر بنێتەوە، بێگومان ئەوانەی بێ شەرمانە بەیت و باویان بۆ هێمن سازدەکردو حەپسیان دەکرد، لای کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان سەرشۆڕو شەرمەزارن، کاک سەلیم خانی بانەیی گوتی: کاک کەریم وانیەو لەم دنیایە هیچ میللەتێك لە کورد پێشکەوتوترو ئاقڵتر نیە.

چی بڵێم؟ لەوەڵامی سەلیم خاندا گوتم: کاک سەلیم راست دەکەی، ئاقڵەکانی کورد یەکیان منم و یەکیشیان ئەتۆی. !

دووەمیان لە باسی کارە ئەدەبی و بلیمەتەکانی مامۆستا هەژاردا گوتم: یەکیشیان وەرگێڕانی قورئانی پیرۆزە بۆسەر زمانی کوردی، لێیان پرسیم: مامۆستا هەژار بۆچی ئەم کارەی کردوە؟

گوتم من نازانم دەمێکە لە دیداری مامۆستا هەژار بێ بەش بووم، بەڵام خۆی گوتوویە: بۆیە ئەو کارەم کردوە تا کوردەکەش بزانێ و لێی تێبگا کە خودای تەعالا چی فەرموە؟

برادەرێك زۆر بە تونڈی وەدەنگ هات و گوتی: وانیەو نەدەبا ئەو کارەی

کردبایه، کەلامی خودا ناکرێ بە کوردی.

باشە... لەگەڵ ئەم جۆرە کەسانە تۆ دەڵێی چی، کەلامی خودایان کردوە بە ئینگلیزی و بە رووسی و فەرەنسی و فارسی و.. بەڵام نابێ بکرێ بە کوردی..!

وتوویژێکی چاپەمەنی شورت و گومکراو

٩٢/٦/١٢ کاک مەنسوری حەقگۆ ئەندام رێکخراوی فیدائییانی خەڵک (ئەکسەریەت) تیلفونی کردو گوتی: (لەلایەن رۆژنامەی کارەوە دەمانەوێ وتوویژێکی چاپەمەنیمان لەگەڵ بکەی)، گوتم تکایە پرسیارەکان بە نووسراو بێنە، تا بتوانم بەکاوەخۆ وەڵامەکان بنووسمەوە، کاک مەنسور ١١ پرسیاری هێنان و منیش وەڵامەکانم بە گوێرەی بۆچوونی خۆم ئامادەکرد و دوای چەند رۆژ وەریگرتنەوە، ماوەیەکی زۆری پێچوو وتوویژەکە چاپ نەکرا، چەند جاریشم وەبیر کاک مەنسور هێنایەوە، پاشان خۆم نامەیەکم بۆ شورای سەردەبیری رۆژنامەی کار نووسی و سەرسامی خۆم لەوە دەربڕی کە رۆژنامەی کار ئەو هەموە باسی ئازادی و دەربڕینی بیروڕای جیاواز دەکات، چۆنە وتوویژێکی کە خۆتان داخواز بوون لە رۆژنامە بڵاوناکرێتەوە؟ پاش ماوەیەک نامەیەکی هەردەمەی بێ تاریخی سەیریان بۆ ناردبووم کەوا دەقی نامەکە هەر بە فارسی بڵاو دەکەمەوە:

(اقای کریم حسامی ارجمند! باسلام خدمت شما، از سخنان تشویق کننده و محبت امیزی کەدر نامەتان مرقوم داشته اید صمیمانهه سپاس

گزاریم، در رابطه با مصاحبه ایکه برای درج در نشریه کار صورت گرفته بود به اگاهی تان میرسانیم که هر قصور و خطایی دومیان باشد صرفامتوجه ماورفیق ماست، از ان بابت متاسفیم، اما باید متذکر شویم که همکار ما هدف و نیتی جزخدمت به ارتقای اگاهی خوانندگان (کار) ازتجارب و دیدگاهای یکی از مبارزین قدیمی نداشته است، امیدواریم دروالین فرصت به طریق حضوری، کیفیت کار انجام شده و بر نشریه به نتیجه کار را به تفصیل باشما درمیان بگزاریم.

ما اگمئنان داریم که شما باتوجه به سوابق دیرینه‌تان در امر تالیف و ترجمه و روزنامه نگاری به هر نشریه ای بویژه نشریه ای که ارکان یك سازمان سیاسی باشد این حق رابدهید که در انعکاس و نیز نحوه وزمان بازتاب دیدگاههای مختلف به مجموع مصالح سیاسی روز توجه داشته باشد، باردیگر احترام خودرا به شما مبارز کهنسال مردم کردستان تقدیم میداریم، شورای سردبیر نشریه (کار).

من ئەو کارە بێ پەرەنسیپەی ئەوانم لەدڵ نەگرت، چونکە لە وەڵامەکاندا مەسەلەی نەتەوایەتی و ڕێگای چارەسەرکردنی و فیدراسیۆن و یەکێتی تەواویەتی ئەرزی ئێران و مەسەلەی یەکێتی نەتەوەیی کورد و یەکپارچەیی کوردستان و شێوەی هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانم بە ڕاشکاوی بە گوێرەی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆم باسکردبوو، دیاربوو ئەم بۆچوونە لەگەڵ سیاسەتی ئەوان نەدەهاتەوە کە دەیانەوێ لەگەڵ هەموو هێزو ناهێزی ئێرانی و لە ئێرانی ئێرانیتر بەرە پێك بێنن و

رێژیمی ئاخوندی بێ دەسەلآت نەرم بکەن! گرنگیدان بە (دیدگاههای مختلف به مجموع مصالح سیاسی) لەوە زیاتر شتێکی تر نیە.

۹۲/٦/۲۰ لەگەڵ عومەری ئەمینی چوینە دانیمارك و میوانی كاك رەحمانی خۆشابرو بووین، لە ڕادە بەدەر بەخێرهێنان و میوداندارێکی کوردانەی کردین، داوای کرد کە بیرەوەریەکانی خۆمی بۆ بنێرم و چەند دەورەی زیادیشی بۆ بنێرم بیان فرۆشێ، منیش پێنج دەورەی بیرەوەریەکانم بۆ نارد، بەلآم بەداخەوە تا ئێستاش لێی بێ خەبەر بووم و نامەو تەلیفوونیش هەر بێ وەلآم مانەوە.

۷/۱۲ لە مەهابادەوە خەبەری کۆچی دوایی وسێن مەراغەیی یان پێ ڕاگەیاندم، زۆر بە پەرۆش بووم، ناو براو تێکۆشەرێکی ڕێگای ئازادی و لە زیندانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا فەلەج ببوو، نامەی سەرەخۆشیم بۆ فەرخوندە خانمی کچی نارد، مەحەمەدی خوارزام خەبەری دامێ کە بۆ سەردانم دێتە بولغاریا، هاتنی ئێرانییەکان بۆ بولّغاریا هاسان بوو، هەموو ئێرانیەك دەیتوانی ۱۰۰ دۆلار بداو بۆ سێ رۆژان بێتە سۆفیا و هوتێلیشیان دەدایە و یا دەیتوانی خانوو بگرێ.

۹۲/۷/۲٦ بۆ دیتنی مەحەمەدی خوارزام چوومە سۆفیا، رۆژی ۷/۲۹ لەگەڵ برادەرێکی تر کە کاتی خۆی رەگەڵ لایەنگرانی کۆنگرەی چوار کەوتبوو، پەیدا بوون، دیدارێکی فرە خۆش و شادی هێنەر بوو، برادەری تاقمی حەوت کەسە عەجایب پەشیمان ببۆوە و لەعنەتی بۆ سەبەبکاران دەنارد، سێ رۆژان میوانم بوون و پاشان لەگەڵیان چوومە تورکیا، لە

ئەستەمبوڵ چووینە هوتێلێك خاوەنەکەی کورد بوو، کتێبێکی خۆم پێبوو بە کرمانجی لەسەر کۆماری کوردستان، پێشکەشی خاوەن هوتێلم کرد، لە زادەبەدەر پێ شاد بوو، دوو شەو میوانداری کردین، پارەی هوتێلی منی وە رنەگرت، رۆژی دوایی چوینە ئەنکارا میوانی برادەرێکی ئازەربایجانی بووین و میوانداریەکی شایانی کردین، کۆمەڵێك برادەری مەهابادی وەك پەنابەر لە وەزعێکی ناخۆشدا دەژیان، چوومە سەردانیان، کورشی شەهابی لە شارێکی ترەوە هاتە لام و دوو رۆژ لەلام بوو، دوکتۆر ناجی کوتلای بۆ فراوین لە رێستورانتێك داوەتی کردین، لە ئانکارا تووشی عەبدولحەمید بوومەوە کە لەبەرگی ٧ باسم کردوەو پیاوانە لە ئەستەمبوڵەوە لەگەڵم گەڕابۆوە کوردستان، ئەمجارەش شەوێك لە هوتێلێکی شاری ئانکارا داوەتی کردین و بلیتی گەڕانەوی ئەستەمبوڵی کڕی و پیاوانە بەڕێی کردم.

گەڕانەوە بۆ ستۆکهۆڵم:

٩٢/٨/١٠ گەڕامەوە بۆ سوید، پێتان وایە کابرای پەنابەری بێگانە لە سوید دەبێ ژیان چۆن ڕابوێرێ، ئەوانەی خەریکی خوێندنی زمان و یان چوونی مەدرەسەوە خۆ دەخافڵێنن، هەر چۆنێك بێ رۆژ دەبەنە سەر، ئەوانەی کارێکیان وەگیر دەکەوێ، حاڵیان باشترە و رۆژانە کاردەکەن و بە هیلاکی خۆ دەگەیەننەوە ماڵێ، بەاڵم بەشی زۆری پەنابەرانی بێگانە بێکار دەسوڕێنەوەو لە کەش و هەوایەکی ئاڵۆزدا ژیان دەبەنەسەر، ئەوەی پەیوەندی بە منەوە هەبێ سەبارەت بە خۆ خافڵاندن بە نووسین

و خوێندنەوە، نەمهێشتوە زۆر هەست بە ئازاری ئاوارەیی و لێقەوماوی بکەم، لە بارودۆخێکی ئاوادا خەریك بوون بە خوێندنەوەو نووسین باشترین یاریدەدەرە بەتایبەت ئەگەر کەش و هەوای مالّ و خێزان خۆش و بێ کێشەو هەراو ژانە سەر بێ، بەخۆشییەوە من لەو نیعمەتە بێ بەش نەبووم و هەر بۆیەش توانیومە لەبواری نوسیندا سەرەتەقەیەك بکەم و بێجگە لە نووسین و چاپکردنی بیرەوەریەکانم و چەند نامیلکەو کتێب و وەرگێڕانی چەند بەرهەمێك لە نووسینی وتاری جۆر بەجۆریشدا بۆ رۆژنامەکان بەشداری بکەم.

لەسەرەتای مانگی چواری ١٩٩٣ چاوم بە وتارێکی بەڕێز جەلال تالّەبانی کەوت کە لەژێر سەر خەتی (لەپێناو گەشەپێدانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا) لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) دا بلاّوکرابۆوە، نوسینی ئەم وتارە ببوە جێگای موناقەشەو بۆچوونی جیاوازی رووناکبیرانی شۆڕشگێڕو نووسەرانی خاوەن بیروڕا و ماوەیەك لە لاپەڕەکانی کوردستانی نوێ دا درێژەی هەبوو، سەبارەت بە هیوایەکی کە بەڕەوتی بزووتنەوەی کوردستانی خواروو هەبوو بۆ گەیشتن بە جۆرە ئازادییەك و شێوە دیموکراتیەك لە مەسەلەی کورد دا، کە پێشتریش لەم بارەوە وتارێکی بۆ کوردستانی نوێ ناردبوو، بەباشم زانی لەم موناقەشەیەشدا بەشدرای بکەم، ئەوەبوو لەژێر سەرخەتی (لەگەلّ پیاوان چوونە نێو شەڕ شایی یە) ئەم وتارەی خوارەوەم نووسی و ناردم بۆ (کوردستانی نوێ).

لەگەلّ پیاوان چوونە نێو شەڕ شایی یە

(...هاتنە نێو موناقەشەو دم بە دمەو بیروڕا گۆڕینەوەی ئەمڕۆی کوردستانی خواروو، ئەگەر خوانەخواستە دلگیری و تووڕەیی و لالوتیشی بەدواوە بێ، دیسان هەر پێویستە بەشایی دابنرێت، جا چ لەوەی خۆشترە لە کۆمەڵەی پڕ لە شەڕ و شۆڕو کێشەو پڕ لە فیزو لووتبەرزی و کەللە رەقی کوردستاندا، بارو دۆخێکی ئەوتۆ پێك بێ کە روناکبیرانی خاوەن بۆچوون و بیروڕای جیاواز بەنیازی دۆزینەوەی باشترین ڕێگاو ڕێبان، بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی کۆمەڵ و بۆ بردنە پێشی کوردستان بەرەو قۆناغێکی شارستانی و ئازادی و دیموکراسی راستەقینە، بە ئاشکراو بە هێمنی بکەونە موناقەشەو مشتو مڕی فیکری و بۆچوون و بیروڕای جیاواز بێتە سەر کاغەزو بلاوی بکەنەوە.

دەستپێشخەری ئەم باسە گرنگە دەگەڕێتەوە بۆ وتارەکەی ١٩٩٢/١٢/٦ ی بەڕێز مام جەلال و سەرفرازی بەڕێوەبردنیشی بە نسیب (کوردستانی نوێ)ی بەڕێز دەبێ کە وەك مینبەرێکی ئاوالّەو ئازاد دەرفەتی بۆ ڕاگەیاندن و بلاوکردنەوەی ئەم هەموو بیروڕاو بۆچوون و هەڵوێستی جۆر بەجۆر پێك هێناوە، هەرچەندی مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە، بە موجیزەو روداوێکی چاوەڕوان نەکراوی دێتە بەرچاو کە لە کوردستانی بەلاّ لێدراوی کاولکراوی پڕ لە ناتەبایی و تەنگ و چەڵەمەدا هەوایەکی ئاوا پەیدا دەبێ کە خەڵك بتوانێ بەسەربەستی بیروڕای خۆی دەربڕێ و لەسەر کاغەز بلاوبشی بکاتەوە، لەبیرمان نەچۆتەوە هەر لە کوردستان بەم دیوو ئەو دیوەوە، ئەندامانی حزبیی تێکۆشەرانی سیاسی و دڵسۆزانی نیشتمان دەرکراون و گیراون و دەربەدەر کراون و تەنانەت کوژراویشن.

دیارە ئەگەر هاوکاری و هاودەنگی بەرەی کوردستانی و ژیری و کاتناسی رێبەرانی حیزبە سیاسیەکان و فیداکاری و لەخۆ بوردوویی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەم بارودۆخەی دیموکراسیان پێك هێناوە، کوردستانی نوێ وەکو ئۆرگانی پرات سۆسیال دیموکرات بە بلاوکردنەوەی بیروڕای جیاواز لەسەر لاپەڕەکانی خۆی رێوڕەسمی دیموکراسی لەسەر (پاراستنی دیموکراسی و بەشداری زۆربەی خەڵك لە بڕیاردان و کاروباری کۆمەڵایەتی) دا بەجێ گەیاندوە، سیاسەت و تێکۆشان هەنگاوی گشتیان جێگای سەرفرازی و سوپاسە.

بانگەوازی مام جەلال بۆچوونی جیاواز

هەرچەندە بانگەوازەکەی بەڕێز مام جەلال پەیوەندی بە کوردستانی خواروەوە هەیە، رووی داواکەشی لە دیموکرات و پێشکەوتنخوازو چەپ و سوسیالیست و کۆنە یەکێتی و.... کوردستانی خوارەوە، بەڵام چونکە مەسەلەکە تەنیا باری رێکخستن و رێکخراوەیی نیەو بەڵکو بۆ باری فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئامانجی دواڕۆژی کۆمەڵی کوردەواریش پەڕیوەتەوەو لەبەر ئەوەش بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی رابردوو دەرکەوتووە کە وتارو دەست تێوەردانی مام جەلال تەنیا لە نێو کوردستانی خوارووداقەتیس نابن و بەشەکانی تری کوردستانیش دەگرنەوە، هاتمە سەر ئەم باوەڕە کە ئەگەر بە کەرەستەو کەل و پەلی کرچ و کاڵیش بێ، لە دووڕەوە لەم موناقەشە دیموکراتیانەدا بەشداری بکەم.

١- بەڕای من مام جەلال لەم بانگەوازەدا مەسەلەکەی فرە بەرین و بەربلاو هێناوەتە گۆڕێ و دەیەوێ دیموکرات و چەپ و شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخواز و کۆنە یەکێتی و تەنانەت کۆمۆنیستیش (ئەگەر نەڵێین کۆنە کۆمۆنیست) بە (فێرگەی جیاوازەوە) لە یەکێتی نیشتمانی کۆبکاتەوە، دیارە ئەوە مافی رەوای مام جەلالە کە بۆ بەهێزکردن و مەزن کردنی حیزبەکەی خۆی تێبکۆشێ، بەڵام ناکرێ ئەوەش لەبەرچاو نەگرین کە ئەم کاتی گۆڕی و مەقولانە هەریەکە ماناو مەفهومی تایبەتی خۆیان هەیە، ئەگەر هەموشیان لە قۆناخی ئەمڕۆی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا توانیویانەو دەتوانن لەسەر تاکتیك و سیاسەتی رۆژ یەکبگرن، لەوانەیە لەسەر ستراتیژ و شێوەی سیستمی کۆمەڵایەتی و هەڵوێستی چینایەتی فەرق و جیاوازیان لەنێواندا هەبێ.

لەلایەکی دیکەوە کۆبوونەوەی ئەو هەموو فێرگەو تاقم و دەستەو بیروڕا جۆربەجۆرانەی لە یەکێتی نیشتمانیدا، لەوانەیە بناخەی دیموکراسی لە کۆمەڵ و لە یەکێتی نیشتمانیشدا لەق بکات، ئێستا لەبەر ئەوەی دەستەو تاکی خاوەن بیروڕای جیاواز هەن، لەوپەڕی ئازادی و دیموکراسیدا موناقەشە دەکەن و ئەم بیروڕاو بۆچوونە جیاوازانە دێنە سەر کاغەزو کۆمەڵانی خەڵك دەتوانن لێ یان بکۆڵنەوەو لێکیان دەنەوەو هەڵیان سەنگێنن، ئەوەش خۆی دەبێتە هۆی بوژانەوەی بیروڕاو بۆچوونی قەتیس کراوی رابردوو، یارمەتی بەچوونە سەری پلەی زانیاری و کولتوری خەڵك دەکات، لەکاتێکدا کۆبوونەوەی هەموو ئەوانە لەنێو رێکخراوەیەکدا، بە گوێرەی ئەزمونی رابردووی حیزبە سیاسیەکانی

کوردستان، ئیتر دەرەتانی موناقەشەو مشت و مڕو بلاّوبوونەوەی بیروڕای جیاواز نامێنێ، لە سەرکردایەتییەوە یان لە دەفتەری سیاسی یەوە بڕیار دەدرێ و بڕایەوە، بۆ نموونە ئەوانەی لە ڕابردوودا یە یەکێتی نیشتمانی و لە حیزبەکانی تری کوردستان جیا بوونەوە، هەر لەسەر ئەوەبوو کە بیروڕای جیاوازیان هەبو و ڕێگای دەربڕین و بلاّوکردنەوەیان نەدراوەو بەناچار یا لە حیزبەکە دەرچوون و یان دەرکراون، لەوانەیە بگوترێ یەکێتی نیشتمانی ئێستا حیزبی سۆسیال دیموکراتەو سۆسیال دیموکراتیش بەگوێرەی سوننەت و بیروباوەڕی خۆی دیموکراسی دەستەبەر دەکات، ئەوە ڕاستە، ئولوۆ پالّمە لە نامەی خۆیدا بۆ ڤیلی برانت و بورنۆکراسیکی ١٧ ی مانگی مارسی ١٩٧٣ دەنووسێ: (ئامانجی ئەسڵی سۆسیالیزمی دیموکراتیک، واتە سۆسیال دیموکراسی هەمیشە ئەوەبووە کە لە هەموو بواریکدا دیموکراسی دابین بکاو لە کۆمەڵگای دیموکراتیکدا کاری ئازاد بکاتە جێ نشینی گوڕم و زۆرەملێ، لەهێندێ ولاّتانی دنیای سێیەمدا هەوڵ دەدەن بەشێوەی دیموکراسی ولاّتەکەیان بەڕێوەبەرن، ناکرێ چاوەڕوان لن لەم ولاّتانەدا کە سوننەتی دیموکراسی نیە، ماوەیەکی زۆر لەژێر گوڕمی دەسەلاّتی بێگانان و دیکتاتۆری خوێناویدا ژیاون و خەڵك لە هەژاریدا دەژین، شێوەی دیموکراسی هەڵبژێرن و بەکاری بێنن).

بە سەرنجدانی ئەم وتەیەی ئولوۆ پالّمە مرۆڤ ناچارە بیر بکاتەوە کە داخوا کۆمەڵی ئێستای کوردەواری و حیزبە سیاسیەکانی کوردستان گەیشتونەتە ئەم ڕادەیە کە دیموکراسی و ئازادی بیروباوەڕ بەتەواوی

سەقامگرتوو بکەن؟ تاقیکردنەوەی نە زۆر دوورمان لەبەردەستدایە ، دوکتۆر قاسملووی رەحمەتی پێش دە ساڵ، واتە پێشتر لە مام جەلال سۆسیال دیموکراسی هێنا کوردستان و حیزبی دیموکراتی کرد بە سۆسیال دیموکرات و بەهێورکردنەوەی ئەندامانی حیزب و فریودانی نوێنەرانی کۆنگرەش ناوی (سۆزیالیزمی دیموکراتیکی) لەسەر دانا، لەکاتێکدا حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان لە ساڵی ١٩٥٩ بەرنامەی (سۆسیالیزمی دیموکراتیکی) پەسند کردوە، بەڵام دکتۆر قاسملو لە (کورتە باس) دا نووسی: (ئەگەر بێژین سۆسیالیزمی دیموکراتیک، یانی رەتکردنەوەی سەمایەداری و سۆسیال دیموکراسی)، لەگەڵ ئەوەش کاتێ بە پشتیوانی مام جەلال لە کۆنگرەی شەش دا بەرنامەی سۆسیالیزمی دیموکراتی بە پەسند کردندا، هەر دوای کۆنگرە هەموو سوننەت و ئەخلاقی سۆسیال دیموکراسی ئەوروپا، لە حیزبی دیموکراتدا خرا ژێر پێ، لە ئەندامانی حیزب (تعهد) وەردەگیرا کە بە بەرنامەی پەسەند کراو وەفادار بن و دژی رێبەرایەتی قسە نەکەن، لەنێو حزبدا بیروڕای جیاواز دەرنەبڕن، دەیان کادری نیشتمانپەروەر و خاوەنی بیروباوەڕ بە حیزب هەر بەو تاوانە دەرکران.

پێویستی بە باسکردن نیە، برادەرانی کوردستانی خواروو و شەخسی مام جەلالیش باش ئاگادارن، هێنانەوەی ئەو ئەزموونە تاڵە بۆیە مرۆڤ دەخاتە مەترسی یەوە کە کۆبونەوەی دەستەو تاکی خاوەن فێرگەو بیروباوەڕی جیاواز لە رێکخراوەیەکدا ، ئەو دیموکراسییەی ئێستای کوردستان کە لە رۆژهەلاتی نێوەڕاستدا بێ وێنەیە، لە دەرەوە دەنگی داوەتەوەو جێی

شانازی گەلی کورده بکەوێته مەترسی و تەنگەبەر بکرێت.

٢- سۆسیال دیموکرات و چەپ و شۆڕشگێڕ و سۆسیالیست و....

بەڕێز مام جەلال لە بانگەوازەکەیدا، هەموو ئەوانەی سەرەوەی ڕێزکردوەو بانگیان دەکات بۆ نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دیارە ئەوەی پێوەندی بە سۆسیال دیموکراسیەوە هەیە، ئەوە ڕێبازەکەی ڕوون و ئاشکرایە، بێجگە لە (دژی چەوسانەوەو دژی شۆڤینیزم و دژی کۆنەپەرستی) هەموو ئەو خالآنە دەگرێتەوە کە لە بانگەوازەکەی مام جەلال و پڕۆگرامی یەکێتی نیشتمانیدا گوتراون، دیارە من لێرەدا مەبەستم ڕێبازی سۆسیال دیموکراسی یە بەگشتی وەك رابردووی سۆسیال دیموکراسی لە ئەوروپا، نەك بە حیزبێکی بەناو سۆسیال دیموکرات و بەلآم خاوەنی بەرنامەو سیاسەت و تاکتیکی تایبەتی خۆی، وەك یەکێتی نیشتمانی کە بەناو سۆسیال دیموکراتە بەلآم بەرنامەو ئامانج و ستراتیژییەکەی گەلێك لە ڕێبازی سەرەکی سۆسیال دیموکراسی بەرفراوانترەو وەلآمدەری هەڵومەرجی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردستانە، یان وەك حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئامانجی نهایی سۆسیالیزمی دیموکراتیکە، بەلآم لە (زانستی پێگەیشتنی کۆمەڵ) کە مارکسیزمە پەیڕەوی دەکات، یان قەوارەو ساختومانی حیزبەکە (سانتریالیزمی دیموکراتی) یە کە پەیڕەوی نێوخۆی حیزبە کۆمۆنیستەکانە، مەبەستی من تاکتیکی ئەم جۆرە حیزبە سۆسیال دیموکراتانە نیە، مەبەست بنج و بناوان و ڕێبازی سۆسیال دیموکراسی یە

کە لە سالّی ١٩١٤ ەوە دەیەوێ نیزامی سەرمایەداری بپارێزێ و باشتری بکات، نەك بیرۆخێنێ یا بیگۆڕێ ، ئولوۆ پالّمە لە دانیشتنێکدا لەگەلّ ڤیلی برانت و بورنوکرایسکی ٢٥ ی مانگی مای ١٩٧٥ لە ڤیەننا دەلّێ: (نیزامی سەرمایەداری ئێستا لە قەیراندایە گەلێك لە پایەکانی بنەڕەتی کۆمەلّی سەرمایەداری کەوتوونە ژێر پرسیار، زۆر کەس لە بواری ئەخلاق و بیروباوەڕەوە سەرمایەداری مەحکوم دەکەن.. ئێمە سۆسیالیستەکان لەگەلّ سەرمایەداری ژیانی هاوبەشمان هەیە. ئێمەش هەر ئەوەمان دەوێ کە سەرمایەداری گەرەکییەتی، دەمانەوێ ژێرخانی کۆمەلّی سەرمایەداری سەنعەتی نوێ کەینەوە، قەیرانی سەرمایەداری قەیرانی کۆمەلّی سەنعەتی یە، ئەرکی ئێمە رزگاری ئەو کۆمەلّەیە).

لە بەرنامەو رێبازی سۆسیال دیموکراسیدا، هەرچەندی بخوازی باسی ئازادی و دیموکراسی و دەربڕینی بیروباوەڕ هەیەو بە کردەوەش بەڕێوەچوە، دژی شەڕو کار بۆ هەموو کەس و یەکسانیش هەنگاو هاوێژراوە، بەلاّم نەهێشتنی چەوسانەوەی چینایەتی و گۆڕینی سەرمایەداری لەوێدا باسی نیە، کەوابوو بە بۆچونی من تێکەلّ کردنی سۆسیالیزم بە مەفهومی زانستی و نەهێشتنی چەوسانەوە لەگەلّ بەرنامەی سۆسیال دیموکراسی، ئەگەر مەبەستی سیاسەت و تاکتیك نەبێ ، لە باری زانستی یەوە بۆچونێکی تەواو نییەو جێگای موناقەشەیە.

٣- چەپ:

چەپیش تاریف و مەفهومی خۆی هەیە، لەو کاتەوە کە وشەی چەپ و

رێبازی چەپ هاتۆتە نێو ئەدەبیاتی سیاسی، بۆ چەند مەبەست و بەچەند رێباز لێکدراوەتەوە، بۆ نموونە: سۆسیال دیموکراسی لە بەرامبەر خۆپارێز (محافظة کار) و کۆنەپەرستی سەرمایەداریدا، چەپ بوە، بەلأم هەر لەو کاتەشدا بە قەولی (ماکس نادلەر سۆسیال دیموکراتی ئوتریشی) لە نێوان دوو هەلوێستی (شۆڕش و رێفۆرم) دا، بەلای راستەدا کەوتوە، هەر بۆیەش لەنێو بزووتنەوەی سۆسیال دیموکراسیدا، بزووتنەوەی چەپ سەری هەلداوە وەك سۆسیالیست و سۆسیالیستی چەپ و سۆسیالیستی ئازادیخواز و ....، رێکخراوی تایبەتی خۆیان دامەزراندوە، ئەوانەش هەر چەندە لە ئەسلی رێباز دا (شۆڕش و ریفۆرم) فەرقیان نەبوە، بەلأم لە هێندێ مەسەلەو لە سیاسەتی رۆژدا یەکیان نەگرتۆتەوە، حیزبی سۆسیال دیموکراسی ئەوتۆ هەبووە و هەیە کە زۆر جار لەگەلّ حیزبە راستڕەوی خۆپارێز و لەگەلّ پەیمان و دەستەبەندی نیزامی و سیاسی ئیمپریالیزم هاودەنگ و هاو هەنگاو بووە، جاری وا هەبووە لە هەلّبژاردنی پەرلەماندا بۆ وەدەست هێنانی دەنگی زۆر لە دروشمی بنەڕەتی خۆی لایداوە.

دەمەوێ بلّێم سەرەڕای ئەوەی کە دیموکراسی و ئازادی بیروڕا پێك هێنانی ژیانی سەردەم بۆ هاونیشتمانیان سیاسەت و کردەوەی سۆسیال دیموکراسی یە، بەلأم ناکرێ بکرێتە مەکۆو ناوەندی هەموو لایەنگرانی بیرو باوەڕی جیاوازی سیاسی و کۆمەلأیەتی، جگە لەوە، چەپی دیموکرات، چەپی شۆڕشگێڕ، چەپی خوارو، هتد، ئەوانە هەریەکە لە بواری سیاسی و کۆمەلأیەتی و تەنانەت سیستمی کۆمەلأیەتی دواڕۆژی کۆمەلّیشدا بیروڕاو بۆچوونی خۆی هەیە، بەر لە تێکچونی سیستەمی

(سۆسیالیزمی مەوجود) هەر یەکەش ئایدیۆلۆژیکی کردبوە رێنوێنی سیاسەت و پراکتیکی خۆی.

دیموکراتی شۆڕشگێڕ : ئەم تیپەش ئەگەر راستەوخۆش ناوی مارکسیستی یان لەخۆ نەناوە، لە سیاسەت و بۆچوون و لێکدانەویاندا پشتیان بە مارکسیزم بەستووە، ئەوانیش خۆیان لە سۆسیال دیموکراسی پێ چەپتر بوە.

سۆسیالیستەکان: ئەوان لە پرۆگرام و بۆچونیاندا، خۆیان بە حیزبی چینایەتی و بە هەڵگری بیروباوەڕی مارکسیتی و بە دامەزرێنەری سۆسیالیزم داناوە و تەنانەت جاری وا هەبووە دەستی کۆمۆنیستەکانیشیان لە پشتەوە بەستوەو جاری واش هەبوە تیۆڕی و کردەوەیان لەگەڵ یەك فەرقی هەبوە.

کۆمۆنیستەکان: ئەوانیش کەوتونەتە جەغزی بانگەوازەکەی مام جەلال، دیارە ئەوان هەرچەندە لە قۆناخی ئێستاو لە سیاسەتی رۆژو لە هاوکاری بەرەی کوردستانی و گیروگرفتی رۆژدا لەگەڵ هێزە سیاسیەکانی تر هاوهەنگاوبن، بەڵام ئەوان حیزبی چینایەتین و ئامانجی نیهایی ئەوان دامەزراندنی کۆمەڵی بێ چین و دادپەروەری کۆمەڵایەتی یە بە هەموو مانایەکی زانستی یەوە، باسی پرۆگرام و ستراتیژی دەکەم، کارم بەوە نیە کە ئێستا دوای سەر نەکەوتنی سیستمی سۆسیالیزمی سۆڤییەتی ولاتانی ئەوروپای رۆژهەڵات، لە سۆسیالیزم و مارکسیزم و بیروباوەڕ و تیۆریەکەی کراوەتە هەڵاو لە قاودان و بادانەوەو پاکانەو ناوگۆڕین و

وازهێنان له بیروباوەڕو ڕابردوو بۆته باوو وشکه سۆفیه کۆنەکانیش لەم مەیدانەدا لەگەڵ کۆنە پەرست و دوژمنانی ڕەسەنی سۆسیالیزم پێشبڕکێیانه و ڕاتدەگەیێنن که (کۆمۆنیزم مردوەو سۆسیالیزم فاتیحای بۆ خوێندراوه، بەڵێ ڕاستە، سۆسیالیزمی مەوجود مردوه، ئەو سۆسیالیزمەی له سۆڤییەت چاکرابوو، کفنیشی زەرد بووه بێ ئەوەی (دەستی ئیمپریالیزمی سەرمایەداریشی) تێدابێ!!. تا ئێستا لەبەر بەشه میراتەکەی که (وەدەست هێنانی مافی مرۆڤه!) پتر لە سەد هەزار کەسیش خوێنی ڕژاوه، ئەوه یەك واقیعەتە، بەڵام لەبەرامبەر ئەو واقیعەتەدا (واتە لەبەین چوونی سۆسیالیزمی مەوجود) واقیعەتێکی دیکەش هەیه که ناکرێ مرۆڤ نەی بینێ یا چاوی لێ بنوقێنێ، ئەویش نەمردنی فەقیری و هەژاری و برسیەتی ونا بەرانبەری و زوڵم و سەرە ڕۆییه له جیهاندا که زایدەو ئاوال دوانەی سیستمی سەرمایه داری یه، سۆسیالیزمی مەوجود نەماوه، بەڵام ملیۆنەها ئینسان لە سەرانسەری جیهاندا لەبەر دەستی ڕێژیمه دیکتاتۆرو کۆنەپەرستەکانی سەرمایەداری دا دەنالێنن و دەتلێنەوه.

نامەوێ لەسەر ئەم باسە بڕۆم، وا دیارە لە مەتڵەب لام داوه، داوای لێبوردن له خوێنەرانی بەڕێز دەکەم، بەڕاستی چاخکردنەوی هۆیەکانی لەبەین چوونی سیستمی سۆسیالیزمی مەوجود کارێکی هاسان نیه، بەقەولی حافیزی شیرازی: (عالمی از نو باید ساخت و ازنو ادمی).

مەبەست ئەوەیه کە کۆمۆنیست و سۆسیالیستە راستەقینەکان حیزبی

چینایەتین و لەگەڵ ئەم کاتیگۆریانەی مام جەلالی بەڕێز بۆ هاتنە نێو یەکێتی بانگی کردوون، یەك ناگرنەوە.

نەتیجە: بەرووبەرووبونکردنەوەی باسەکەو بە تێگەو بۆچوونی خۆم دەگەمە ئەو نەتیجە کە بانگەوازەکەی مام جەلال لەچەند بارەوە بۆ کۆمەڵی ئەمڕۆی کوردەواری ناگونجێ و بە قازانجیش نیە، لە بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستاندا لەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی گشتی، بەسەر بەرژەوەندی حیزبایەتی و دەستەییدا، زێدەیی هەیە.

یەکەم: هەروەك باسکرا ئەم هەموو دەستەو تاقم و تاکی خاوەن فێرگەو بیروڕاو بۆچوونی جیاواز لە بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستاندا، ە یەك ڕێکخراوەدا حەوانەوەیان دژوارەو دوور نیە جارێکی دیکەش ناتەبایی و جیاوازی ببنەوە.

دووەم: بە کۆبوونەوەی ئەو هەموو ڕێکخراوانە لە یەك ڕێکخراوەدا، دیموکراسی تەنگەبەر دەکرێ، ئەو دیموکراسییەی ئیمڕۆ لە کوردستاندا هەیەو جێگای شانازیە، لام وایە گرنگترین هۆکارو وەسیلەیە بۆ بردنە سەری پلەی کولتوری جەماوەر و دەربڕین و گۆڕینەوەی بیروڕای جۆربەجۆرو بەشداری کۆمەڵانی خەڵك لە چارەسەرکردنە گیروگرفتەکانی کوردستاندا، بە قەولی ڤیلی برانت سەرۆکی پێشوی سوسنتر و سۆسیال دیموکراسی بەناوبانگ: (سۆسیالیزمی دیموکراتیك ئەرکێکی قورسی لەسەر شانە، ئەویش بریتیە لە خەبات بۆ دیموکراسی و ئازادی و پاراستنی و بەکارهێنانی، مەبەست لە وشەی (دیموکراتی)

هەڵوەشانەوەی هەموو چەشنە سەرپشکیەك، لە پلەی یەکەمدا دەبێ ڕێگای هەموو جۆرەی پشکوتن و لێهاتوویی و لێزانی بدرێ بە هەموو کەس بەبێ فەرق و جیاوازی، دەبێ بە شکلی جۆربەجۆر خەڵك وا لێ بکرێ کە لە بڕیاردانـدا لە بەرپرسی و چارەسەرکردنی مەسەلە کۆمەلایەتییەکاندا بەشداری بکەن).

سێیەم: هەموو حیزب و ڕێکخراوو دەستەی سەر گۆڕەپانی ئیمڕۆی کوردستان لەگەڵ پێداچوونەوەی بیروبڕۆگرام و کردەوەی ڕابردوویان، پێویستە بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستان و ناوچەو جیهان بخەنە بەرچاوو لەم قۆناخەدا تێکۆشانی خۆی بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی کوردستانی خواروو بۆ سەپاندن و پتەوکردنی فیدراڵ و پاراستنی دیموکراسی تەرخان بکەن.

یەکێتی نیشتمانی هەروەك نیشانی داوە لەم چوارچێوەیەدا دەتوانێ ئەرکی گرنگ و پڕ لە شانازی خۆی بەجێ بگەیەنێ).

بەخۆشییەوە کوردستانی نوێ لە ژمارە ٣٧١– ١٩٩٣/٤/٢٣ ی خۆیدا وتارەکەی منی بەم کورتە پێشەکییەوە بڵاوکردبۆوەو نوسیبووی: (خوێنەری بەڕێز.. دوا بەدوای بانگەوازەکەی مام جەلال سەبارەت بە گەشەپێدانی ی.ن.ك ڕوپەڕی ئەم لاپەڕەمان والاّ کرد بۆ لێدوان و گفتوگۆی سەربەستانە لەو بارەیەوە کە زیاتر لەماوەی سێ مانگی خایاندو خۆبەخۆیی تەوەرەیەکی بەناوی (یەکگرتنی چەپەکانەوە) پێکهێنا، بەلاّم دواتر لەبەر ئەوەی کە موناقەشەکان بەرەو دووبارەو

لێکچوون دەچوون وەپاش ئەوەی کە زۆربەی ئەو کەسایەتی و گروپ و لایەنانەی هەڵگری تێڕوانینی چەپ بوون بیروڕای خۆیان تێیدا دەربڕی، وامان پێ باش بوو ئێتر ئەو گفتوگۆ فیکریانە لە ئاستێکدا ڕابگیرێن، بەڵام لەم ماوەیەدا وتارێکی بەڕێز مامۆستا کەریمی حسامی مان پێگەیشتوە کە تێیدا تێڕوانینی خۆی سەبارەت بە بانگەوازەکەی مام جەلال دەربڕیوە، لەلایەکەوە لەبەر ئەوەی ئەو وتارە بازنەی لێدوان فراوانتر دەکا و بەرەو بەشەکانی تری کوردستانی دەبات کە ئەمەش بایەخێکی تایبەتی هەیە بۆ نێزیك بوونەوەی بزاڤی ڕۆشنبیری و سیاسی سەرانسەری کوردستان لەیەکدی، وە لەلایەکی ترەوە بیروڕای کەریمی حیسامی وەکو سیاسەتمەدار و خەباتکەرو ڕۆشنبیرێکی دیاری کوردستانی ڕۆژهەڵات بایەخی خۆی هەیە، بۆیە بەپێویستمان زانی سەرباری درەنگ وەختیشی بیخەینە بەردەم خوێنەرانی بەڕێز و ئەوەش وا دەگەیەنێ کە ئەم وتارە تەنها دەربڕینی نووسەر خۆیەتی، کوردستانی نوێ).

ئێستا کە لە ١٩٩٥/١٢/١٨ ئەو دێڕانە دەنووسمەوە و بەدەقی وتارەکەی خۆمدا دێمەوە، دەبینم لەگەڵ هێندێ بۆچوونی ڕاست، تووشی تۆزێ گەشبینی هەڵەشەو بەپەلەش بووم، چاوەڕوان بووم کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەتایبەت کە بۆتە حیزبێکی سۆسیال دیموکراتیش، بۆ پاراستن و پەرەپێدانی دیموکراسی و ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ و داهێنانی داب و شوێنی دیموکراسی و ئازادی بیروڕای جیاوازو یارمەتی بە بلاوکردنەوەی ئەدەبیاتی سیاسی و ڕۆشنبیری سەربەستانە پێش هەنگاو دەبێ، بەڵام بەداخەوە ئەو بۆچوونەم وەڕاست گەڕا لە وتاری ناوبراودا

نوسیومە: (کۆبوونەوەی ئەو هەموو فیرقەو تاقم و دەستەو بیرو ڕا جۆربەجۆرانە لە یەکێتی نیشتمانیدا، لەوانیە بناخەی دیموکراسی لە کۆمەڵدا و لە یەکێتی نیشتمانیشدا لەق بکات) یان نووسیومە: (کۆبوونەوەی دەستەو تاکی خاوەن فێرگەو بیروباوەڕی جیاواز لە ڕێکخراوەیەکدا ئەو دیموکراسیەی ئێستای کوردستان کە لە ڕۆژەهەڵاتدا بێ وێنەیە، بکەوێتە مەترسی و تەنگەبەر بکرێت).

تاقیکردنەوەی دوای ئەم بانگەوازەی مام جەلال نیشانیدا کە تەقەلای ناوبراو بۆ کۆکردنەوەی دەستەو تاقم و گروپی جیاواز لە یەکێتی نیشتمانیدا، بۆ پەرەپێدان و پاراستنی دیموکراسی و دابین کردنی مافی مرۆڤ و ئەمنیەت و ئاسایشی خەڵک نەبوە، بەڵکو بە مەبەستی وەدەست هێنانی دەسەلآت و حکومەت کردن بووە، کە وەك دەنگوباس و بەیاننامە ئاژانسەکانی جیهانی و نووسراوی ڕۆژنامەکانی کوردستانی خواروو ڕادەگەیێنن، ئەنجامەکەی بۆتە داپڵۆسین و تالآن و کوشتن و ئاوارەکردن و ڕاونانی موخالیفەکان و ڕەشەکوژی و لەژێرپێنانی مافی مرۆڤی کورد لە کوردستاندا، دیارە هەرتك حیزبی دەسەلآتدار لەو هەموو تاوانەدا بەشدارن، بەلآم من وتارەکەم باسی موناقەشەیەکە لەگەڵ بانگەوازەکەی مام جەلال، بێجگە لەوەش کاتێ مرۆڤ نوسراوو وتوویژەکانی کاك نەوشیروان دەخوێنێتەوە کە خۆیانی پێ دیموکرات و پێشکەوتووخوازو یاسا پەروەرو پاك و بێ گوناهە و لایەکی دیکەشی پێ خێڵەکی و کۆنەپەرست و نادیموکراتە، ئەو دەم مرۆڤ ناچار دەبێ کە ڕووبکاتە ئەو هێزەی کە خۆی پێ پێشکەوتووخوازە و بڵێ ووتارو کردەوەتان یەك

ناگرنـەوە، نموونـەی ئاخریشـی کوشـتنی ١٢ پێشـمەرگە، ١٢ ئەنـدامی حیزبێکی کوردستانی بەدەست چەکدارانی یـەکێتی نیشـتمانی یەکـە کـە رۆژی ٩٥/١١/١٩ لە ستۆکهۆڵم پرسەیان بۆ دانرا.

لێرەدا مرۆڤ شیعرێکی سەعدی شیرازی وەبیردێنێتەوە کە دەڵێ:

(چو کنعانرا طبیعت بی هنر بود – پیمبر زادگی قدرش نیفزود)

مرۆڤ دەگاتە ئەو ئاکامە کە کوردستانەکەی ئێمەش سروشت و خاکەکـەی بێ هونـەرە، ئـازادی و دیموکراسـی تێیـدا گـوڵ ناکـا، تەنانـەت سۆسـیال دیموکراسیش لە کوردسـتان بـەرەو دیکتـاتۆری و ملـهوڕی و داپڵۆسـین و ڕەشـەکوژی باەداتـەوە. هـەروەك لـە وتـاری نـاوبراودا نمونـەی سۆسـیال دیموکراسـی دکتـۆر قـاسملوی شـەهیدم هێناوەتـەوە، دوای کـۆنگرەی شەشەم کە بوو بە سۆسیال دیموکرات ئەندامانی حیزبـی مـەجبور دەکـرد دەبێ (تعهد) بدەن کە زمانیان نەگـەڕێ، یـا بـە بیـانووی پڕوپـوچ کـادرە تێکۆشەرەکانی لە حیزب دەردەکرد و دەهـۆڵی نێوبـەتاڵی دیموکراسـیش لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکەیان دەنگی دەداوە.

کۆبوونەوەی بێ ناوونیشان

لەمانگی پێنجی ١٩٩٣ کاك خالیـدی عـەزیزی لـە ڤێسترۆسـەوە تـەلیفۆنی کردو گوتی: (قەارە کۆبوونەوەیەك لە کوردەکانی لای خۆمان پێك بـێ و تۆزێ لەوەزعی خۆمان بکۆڵینەوە، پێمان خۆشە تۆش بەشداری بکەی.

هەرچەندە کاك خالید مەبەستی کۆبوونەوەو پێکهێنەرانی بە ووردی ڕوون

نەکردەوە، بەڵام بەگوێرەی تاقیکردنەوەی خۆم زانیم کە مەسەلەیەکی جیدی نیە، تەنیا دیدارێك و هەندێ قسەو باسی بێ پشێوییانەیە، چونکە دوو سێ ساڵ پێشتریش چەند برادەرێك ویستبویان تەکانێك لەخۆ بدەن و گۆیا شتێك بۆ تێکۆشانی سیاسی پێکەوە بنێن، ئەودەم لەمنیان نەگێڕابۆوە منیش خۆم پێوە ماندوو نەکردبوون چونکە دەمزانی چی لێ پەیدا نابێ.

بەڵام بە کاك خالیدم گوت چ قەیدی نیەو منیش بەشداری دەکەم، خالید گوتی دەوایە لێت دەگێڕمەوە.

رۆژی ١٩٩٣/٥/١٥ کاك خالید تەلیفۆنی کردو گوتی ئیمڕۆ سەعات ٢ دوای نیوەڕۆ لە (....) کۆدەبینەوە، شوێنێکی باش دۆزرابۆوە، خەڵکێکی زۆرو هەمەجۆر بانگ کرابوو، هیچ بەرنامەیەك لەگۆڕێدا نەبوو، کۆبوونەوەکە پتر وەك لێگێڕانەوەی زەماوەندو میوانداری دەچوو تا بۆ مەبەستێکی سیاسی، دەست بە قسان کرا، بۆچوون و بیروڕای جیاواز و هەمەچەشنە ئەوەیان نیشان دەدا کە مەبەستی سەرەکی پێکهاتنی کۆبوونەوەکە کۆکردنەوەی برا کوردەکانی کوردستانی رۆژهەڵاتی دانیشتوی سویدە و ئەگەر بکرێ دامەزراندنی شێوە رێکخراوەیەکی دیموکراتی گونجاوە، وتارو بۆچوونەکان ئەوەندە جۆراوجۆرو لێك دوورو سەیر بوون، هەرچەندی بەشی زۆریانم یادداشت کردوون، بەڵام بۆ بڵاوکردنەوە نابن، کۆبوونەوەکە لەبەر بێ بەرنامەیی بێ ئەنجام کۆتایی هات، ئەوەندەبوو بڕیاردرا ئەم کۆبوونەوەیە درێژەی هەبێ، لەسەریەك قازانجی کۆبوونەوەکە دیدارو

دانیشتنی برادەران و هاوولاتیان بوو، یەك دووجاری دیکەش لە ستۆکهۆڵم و ڤیستەرۆس کۆبوونەوەکە سازکرایەوە، ئەم جارەی زۆر کەس لە بەشداربووانی هەوەڵی هەر نەهاتبوون و هێندێکی تازە هاتبوون، بەڵام هەروەك جاران لە ئاخافتن بەدەر ئاکامێکی نەبوو، بڕیادرا کۆبوونەوەیەکی دیکە سازبکرێ، من نۆرەم وەرگرتبوو کە لە کۆبوونەوەی داهاتوودا قسە بکەم، بەڵام چونکە سەفەرم دەکرد، ئەم نووسراوەیەی خوارەوەم نووسی و دام بە کاك حەمەدەمینی سیراجی لەجیاتی من بیخوێنێتەوە.

بۆ هەڤاڵانی کۆبوونەوەی بێ ناونیشان! (دوای سڵاو دەزانن نۆرەم گرتبوو منیش لەسەر کۆبوونەوەو قسەکانی شتێك بڵێم، بەداخەوە شانسم نەیهێنا، بەڵام بەباشم زانی بۆ ئەوەی هەقم نەفەوتێ بەشێك لە بیروڕاو بۆچوونی خۆم بە نووسراوە رابگەیەنم، رەنگە هەندێ لە بیرو قسەکانم تاڵ و گرژیش بن، بەڵام قسەی ئەو پیاوە گەورەتان وەبیردێنمەوە کە دەڵێ: (وشەی راست و حەقیقی جوان نین، وشەی جوانیش راست و حەقیقی نین)، هەروەك کورد گوتەنی (قسەی هەق رەقە یا تاڵە) لە سالانی رابردووشدا وەك بزانم چەند برادەرێك هەستی جولانەوەو کۆکردنەوەیان کوڵی دەکرد و لەسەر بناغەی دۆستایەتی و هاوشاریگەلی لێك کۆدەبوونەوەو دوای هێندێ قسە بلاوەیان دەکرد.

ماوەیەك بوو ئەم کۆبوونەوانە داکوژابوون، ئەوا جارێکی تر سەریان هەڵداوەتەوە بێ ئەوەی بناغەیەك بۆ کۆبوونەوە دارێژرابێ، لێگێرانەوی

ئەمجارەش وەك لە یەكەم كۆبوونەوە دەركەوت، هەر لەسەر بناغەی پێستایەتی و تاوچەگەری بوە، نە گەلاڵەیەك بۆ كۆبوونەوە هەبووە، نە پێوانەیەك بۆ لێگێڕانەوە، هەر بۆیەش لە كۆبوونەوەی دووەمدا لەكەمیان دابوو، زۆریان نەهاتنەوە.

بابزانین هاندەری پێكهێنانی ئەم كۆبوونەوە چی بوو؟ چ شتێك وكام روداوە پاڵی پێوەنابن كە لێك كۆبینەوە بڕێك قسان بكەین و خواردن بخۆین و بلاوەی لێ بكەین؟ بەبۆچونی من ئەو چەند هۆیەی خوارەوە دەكرێ بە بزوێنەری هەستی پێكهێنانی كۆبوونەوە بزانین.

١- ئێمە هەموومان ماوەیەكی زۆر لە بزووتنەوەی كوردستاندا بەشداربووین، هەركەس لەنێو رێكخراوو حیزبێكدا تێكۆشاوە، ئێستا دەبینین لافاو وەك پوش و پەلاش وەلای ناوین، لە بزووتنەوە دوورکەوتینەوە، زگمان بەخۆ دەسووتێ، هەست بەكەمایسی دەكەین، بەلام گەرای تێكۆشانیش لەناخماندا دەجوڵێ، دەمانەوێ لەم دووره پەرێزیە دەرباز بین، بێینەوە مەیدان، بێینەوە كوڕی جاران، بەزیندوو خۆمان نیشان بدەین تا بە مردوومان نەزانن، بەلام چۆن؟.

٢- گۆڕانێكی گەورە بەسەر رەوتی پێشكەوتنی جیهاندا هاتوە، ئەم گۆڕانە كوردستانیشی گرتۆتەوە، كاتێكی ئێمە لە بزووتنەوە دابڕابووین، تەمی ناهومێدی بزووتنەوەی كوردی داگرتبوو، لەهەرتەك دیواری كوردستان جولانەوە بەرەو نەمان دەچوو، وەك ئێستا هەوڵ دەدەین (دیارە هەر بە قسە) بۆ زیندوو بوونەوەو چوونەوە نێو ناوان، ئەودەمیش

هەوڵمان دەدا بۆ دوورکەوتنەوەو بەجێ هێشتنی بزووتنەوە، بۆ ڕاکردن و گەیشتن بە ئەوروپا.

هەروەك ئێستا بەڵگەو بیانوو دەبیننەوە بۆ خۆبەشدارکردنەوەی تێکۆشان ئەودەمیش بەڵگەو بیانوومان دەهێناوە بۆ ڕاکردن و دوورکەوتنەوە، من ئێستا ناچمە سەر شیکردنەوەی ئەو بەڵگەو بیانوانە، بەڵام ئێستا دەبینن لەژێر تەئسیری ئەم گۆڕانکارییەدا، بزووتنەوەی کورد پێی ناوەتە قۆناخێکی نوێ، لە کوردستانی گەرمێن پەرلەمان و حکومەت دامەزراون، مەسەلەی کورد بۆتە جێگای باسی کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکان، لە کوردستانی ئێرانیش راستە کە بزووتنەوەی چەکداری لە پاشەکشەکدایە، بەڵام دوور نیە لەم بەشەی نیشتمانیشدا ئاڵوگۆڕێك ڕووبدا، چونکە ناکرێ ڕوداوی کوردستانی گەرمێن کەم یا زۆر کارنەکاتە سەر بزووتنەوەی بەشەکانی تری کوردستان، بەدووری نازانین لەژێر تەئسیری ئەم ڕووداوانەدا کە شەڕی براکوژی لە کوردستانی ئێمەدا وەستاوە (دیارە هۆی دیکەش هەن) جاران کە مصاحەبەی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات لە پاریسەوە بڵاو دەبۆوە، ئێستا لە واشنگتۆنەوە دەنگ دەداتەوە، ئەگەر خۆشم کیسەی بۆ هەڵنادروودم، لە ئاخافتنی چەند برادەرێك لە کۆبوونەوەکانی ڕابردوودا بۆم درەکەوت کە هیوایان زۆرە ئێرانیش بکەوێتە بەر لافاوی ئەم گۆڕانکارییەو نەزمی نوێی جیهانی (دیموکراسی) مان بەسەردا ببارێنێ، جا لەکات و لە هەل و مە رجی ئاوادا ئێمەی دەرپەڕیو و دوور لە کۆڕی خەبات سەرمان بێ کلاو دەمێنێ؛ تەنانەت دەستمان بەو تالآن و بڕۆیەش ڕاناگات کە کات ڕاپەڕین لە

کوردستانی گەرمێن کرا، کەوایە تا درەنگ نەبوە با چارەیەك بدۆزینەوە.

٣- سەیرێکی پەنابەرانی دەوروبەری خۆمان دەکەین، کوردەکانی بەشەکانی تر، یا ئێرانییەکان زیندوون، چەند گۆڤارو ڕۆژنامە بڵاو دەکەنەوە، سیمینارو باسی سیاسی و فەرهەنگی سازدەکەن، چەند ڕێکخراوو ئەنجومەنی فەرهەنگی و هونەری و .... یان هەیە، بەڵام ئێمەی کوردەکانی کوردستانی ئێران لە گۆڤارو نووسین و سیمینارو باسی ئەدەبی و سیاسی و زانستی و ئەنجومەنی فەرهەنگی بێ بەشین، لەکاتێکا ئێمە بە ئەژمار لەوان کەمتر نین و هەم قسەکردنیش دانامێنین.

ئەم سێ هۆ سەرەکیانەو گەلێك وورده شتی دیکە کە بۆ باسکردن نابن، هانیان داوین کە بجوڵێین و بگەینە کاروانی لێ بەجێ ماوی بزووتنەوەکەمان، بەڵام ئەم ئامرازو کەسەرەستەو کاڵەو پێتاوەی بۆ ئەم کارە لەبەرچاومان گرتووە، تەواونین، وەڵامدەری بارودۆخی ئەم ڕێگایە نین، نامان گەیەنن مەنزڵ.

هەرچەندە پێکهێنەرانی کۆبوونەوە ساخ نەبوونەوە کە کۆبونەوەیان بۆچی سازکردوە؟ بەڵام وەك من بۆی چووبم، باسەکانیش لە دەورەی سێ خاڵ دەسووڕانەوە.

یەکەم: پێکهێنانی کۆمیتەی ئاشتی.

دووەم: سازمانێکی دیموکراتیك.

سێیەم: باسی ستراتیژی سەربەخۆیی کوردستان و یەکگرتنەوە.

دیارە باس و قسەو بۆچوونەکان هەموو سیاسین، بەڵام برادەران لە باسی ئامرازی سەپاندن و راپەڕاندنی بیروڕای سیاسی خۆدەبوێرن، بیروبۆچونی سیاسی بەکارو کەرەستەی سیاسی بەڕێوەدەچێ.

لایەنگرانی کۆمیتەی ئاشتی گەلێك ئەرکی دیکەش دیاری دەکەن کە لەگەڵ کۆمیتەکە یەك ناگرنەوە، من لام وایە کۆمیتەی ئاشتکردنەوەی دوو باڵی حیزبی دیموکرات هیچ پێویستی بە کۆبوونەوەی ئاوا نییە، دوو سێ برادەر کە بڕوایان بەوکارە هەیە و پێیان وایە رزگاری کوردستان بەستراوەتەوە بەو ئاشتبونەوەیە، دەتوانن ١٠ هەزار ئیمزا لە کوردەکان کۆبکەنەوەو بە ئیمزا تەسدیقی رێبەری میللی و مەزهەبی بگەیەنن و بچن کۆیان کەنەوەو پێکیان بێننەوە و بەڵکوو ئیشەڵا حیزبی دیموکرات ببێتەوە ئەو هێزە کە لە کرماشان هەتا ئاراز بەدەستیەوەبوو..!

لایەنگری سازمانی دیموکراتیك رووبی ناکەنەوە ئەم (سازمانە) سیاسیە یان سینفیە؟ ئەم ئەرکانەی لە قسەکان دەردەکەون، سازمانی سیاسیە، بەڵام ئەوان خۆی لێ نادەن، سەروبنی وتەی گەلێك لە برادەران دێتەوە سەر ئەو حیزبانەی کە لە گۆڕەپانی خەباتدان، گۆیا هەر ئەوانن کە قسەیان دەڕوا، هەر ئەوانن کە رێبەری بزووتنەوەن، هەر ئەوانن ناسراون، خەڵك لەگەڵ ئەوانەو ئەوانن و ئەوان.

جا ئەگەر من قەناعەتم بەو قسانە هەبێ، ئەوەتا ئەو حیزبانە تەشکیلات و رۆژنامەو کۆمیتەو رێکخراویان هەیە، بۆچی خۆ دوور رادەگرم، بۆ چاکی لێ بەلادانەکەم و ناچم کاریان لەگەڵ بکەم و لە تێکۆشانیاندا بەشداربم؟

لەنێو باسەکاندا گوترا: رەنگە لەگەڵ هەموو سیاسەتی فلاّن حیزب موافیق نەبم، هیچ حیزب و سازمانێك كە هەموو كەس لەگەڵ هەموو سیاسەتی ئەو موافیق بێ، كەسێكی لەسەر ئەو باوەڕە بێ كە كلیلی رزگاری میللەتەكەی بەدەست فلاّن حیزبە، دەچێتە ناوی، كاری لەگەڵ دەكا، رەخنە دەگرێ، پێشنیار دەكاو هەوڵ دەدا بۆ نەهێشتنی كەم و كوڕی، نەك لە دووڕەوە رەخنەگرتن، بەتایبەت نێزیكەی بەتەواوی برادەرانی بەشداری كۆبوونەوە ئەندامی ئەو حیزبانە بوون و ئێستاش هەڕەەن، خۆ وەك من دەرنەكراون، بۆ كاریان لەگەڵ ناكەن؟ جا ئەوانەی سازمانی سیاسیان گەرەكە، پێویستە لەچوونە نێو ئەو حیزبانە و لە سازكردنی حیزبی تازە یەكیان هەلّبژێرن.

بەلاّم سازمانی دیموكراتیك، ئەوەتا فیدراسیۆنی كورد هەیە، بۆ ناچنە ناوی؟ باشە! بۆ لەنێو فیدراسیۆندا هیچ دەورمان نیە، خۆ دەكرێ لەنێو فیدراسیۆندا زۆر كاری فەرهەنگی بكرێ، برادەرانی كوردی ئێرانی زۆرن، ئەگەر هەموو بێنە نێو فیدراسیۆن دەتوانن خزمەتی گەورە بە مەسەلەی كورد بكەن، دەتوانن یارمەتی بە جولاّنەوە بگەیەنن، رێگای تێكۆشانی دیموكراتیك زۆرە، بەو مەرجەی تەنیا قسە نەبێ، كاری گەرەكە، دەكرێ ئەو كۆمیتەی ئاشتی هەر لەنێو فیدراسیۆنیش ئەنجام بدرێ، پێتان وایە ئەگەر سازمانێكی دیكە دروست بكەین، بەو حاڵەی كە خۆمان دەناسین، لە فیدراسیۆن و یا لەو حیزبانە چالاكتر دەبین؟.

بیری سەربەخۆیی كوردستان، یا ڕزگاری كوردستان و بازدان بەسەر

قۆناخـە مێژوویيەکانـدا، لام وایـە ئـەم بیروبـاوەڕە ڕەسـەنە نیشـتمانیە لەناخی هەموو کوردێکدا ریشەی داکوتاوە، بەڵام هێندێ کـەس سیاسـەت وەك واقعیەت چاو لێدەکا و هێنـدێ کەسـیش ئـەو گێلمـە نـازانێ، واقیع و بارودۆخی پێ بنکەو لە هەڵکردنی ئـالأش نایەتـە خـوار، دەزانـین حیزبی سەربەخۆیی خوازی کوردستان و رزگاری کورد بەیـەکجاری، زۆرن و دروشمی سەربەخۆیی و یەکگرتنەوەی کوردستانیان هەڵگرتووە، کەوابو بەگوێرەی مەنتیق ئەو برادەرانە دەبـێ بچـنە نێـو ئـەم حیزبانـەو کاریـان لەگەڵ بکەن لەهەر شوێن و بەشێکی کوردستان بن، ناسیۆنالیستی کـورد هەقی نیە کوردستان لەت و پەت بکاو یان بەچەند پارچەی بزانێ، لەهـەر شوێنێ خەبا هەبێ، دەبێ بچنە ناوی، ئەگەر وتی من تەنیا بۆ فلاّن بەشی کوردستان هەوڵ دەدەم، ئەوە ناسیۆنالیسـت نیـە، ناوچـە گـەری دەکـا، ئەگەر ناسیۆنالیستی واقیع بین بێ، ئەودەم ئیتر بـە دروشمـی خاڵییـەوە نانووسێ.

دیارە لە کۆبوونەوەکاندا بەخۆشی یەوە دیموکراسییەکە ئەوەندە بەربلاّو بوو، ئەگەر لەسەر هەموو قسەکان چەند دێڕ بنووسـرێن، دەبێتـە کتێبـی قسان، ئەوە شتێکی باشـە هـەر کـەس هەرچـی دەخـوازێ دەیڵـێ، بـەڵام ئاکامی؟

بەبڕوای من برایـانی بەشـداری کۆبوونـەوە، بـەر لەهـەموو شـت پێویسـتە لەلای خۆیان لەسەر شەخسی خۆیان قـەزاوەت بکـەن و بـزانن لـە هـەل و مـەرجی ئیمـڕۆی خـەبات و لەکـەش و هـەوای دەرەوەی ولاّتـدا چـی یـان

لەدەست دێ و چ خزمەتێکی یان پێدەکرێ و دەتوانن چ یارمەتییەك بە بزووتنەوەی ئیمڕۆی کوردستان ئێران بکەن؟، جا ئەگەر لە وێژدانی خۆیاندا ساخ بۆنەوە، ئەودەم پێشنیاری کۆنکرێت بۆ هەنگاونان بخاتە بەردەم کۆبوونەوە.

دامەزرێنەرو دەمڕاستانی کۆبوونەوە گەلاڵە و پێشنیاری موشەخەس و کۆنکرێت بێنن و باس و ئاخافتنەکان لە دەرەوەی ئەم گەلاڵەیە بسوڕێنەوەو دوای شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن بڕیاری لەسەر بدەن، ئەگینا بێ گەلاڵەی دیاریکراو، قسەکان لە هەوادا دەمێننەوەو تەنیا قسەکردن و یەکتر دیتن و نانخواردنمان پێ دەمینێ، ئەویش خراپ نیە!

حسامی ۹۳/۹/۱۱.

من سەفەری خۆم کردو پاش من برادەران جارێکی دیکەش کۆبوونەوە، بەڵام دیاربوو نەگەیشتبوونە هیچ بڕیارێك، ئەوەندەیە چەند کەسێکیان دیاری کردبوو کە پوختەی بیروڕاو ئاخافتنی کۆبوونەوەکانی پێشوو کۆبکنەوەو لە کۆبوونەوەی داهاتوودا باسی لەسەر بکەن.

ڕۆژی ۱۹۹٤/۲/۲٦ جارێکی دیکەش کۆبوونەوە ساز بوو، ئەمجارەش چەند کەسێك نەهاتبوونن قسەیەکی عەولای بایز ئاغای مەنگوڕم وەبیرهاتەوە، عەولاغای ڕەحمەتی دەیگوت: (کورد وەك تفەنگی ئینگلیسی وایە، هەتا پێی باوێی کورتی دێنێ)، کۆبوونەوەی ئێمەش جار لەگەڵ جار لەکەمی دەدا، ئەمجارە بیروڕاکان هێندێ گۆڕانیان بەسەردا هاتبوو، هێندێ لەبەشدارانی کۆبوونەوە هاتبوونە سەر ئەو بیروڕایە کە

هێندێ سیمینارو کۆبوونەوەی باس و لێکۆڵینەوە پێك بێنین، ئاخرەکەی کۆمیتەیەکی پێنج کەسی هەڵبژێردرا کە لەسەر بنچینەی باس و ئاخافتنەکانی ڕابردوو گەلاڵەیەك ئامادە بکەن و بۆ لێکۆڵینەوە پەسەند کردن و بڕیار لەسەردانی بیهێننە کۆبونەوەی داهاتوو، باش بوو خوا چاکەیان بۆ بکا، کۆمیتەی ناوبراو کۆبوونەوەو گەلاڵەو بیروڕای بەیەکجاری گۆڕکردو تا ئێستاش کە ئاخری ساڵی ١٩٩٥ـە خەبەرو باسێکیان لێ پەیدا نەبووە.

سەفەر بۆ کوردستان

١٩٩٣/١١/٥ بۆ سەردانێکی بە ڕواڵەت کوردستانی ئازاد بەرەو تورکیا کەوتمەڕێ، لە دیاربەکرەوە بە تاکسی بەنێو تانك و زیلی دەوروبەری ڕێگادا گەیشتمە سنوورو چومە مەکتەبی جەوازاتی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە (مەکتەبی جەوازاتی ڕزگاری) پاسپۆرتەکەم داو کابرای مدیری مەکتەب بەدەنگ ناوەکەی خوێندمەوە، ڕابووم کە ٢٥ دۆلارەکەی هاتنە ژوور بدەم، برادەرێك لەوێ دانیشتبوو پرسی: (جەنابت کاك کەریمی حسامی یە؟) بەگەرمی ڕابوو ئامێزی پێداکردم و بەخێرهاتنی کردم، چوو سرتەیەکی لەگەڵ مدیری جەوازات کرد، پاسەپۆرتەکەیان لەگەڵ ئەم نوسراوەیە وێدامەوە و هەرچەندی کردم پارەیان وەرنەگرت، لە پەڕە کاغەزەکەدا ئەم رستەیە نووسرابوو: (الی من یهمه الامر ، یسمح لحامل الورقه السید عبدالکریم حسامی بالدخول الی کوردستان وغیر مشمول بدفع

الرسومات لكونه كاتب كردى ۹۳/۱۱/۱۳).

برادەرێ بەخێرهاتنى كردم زانيم كاك لوقمان بەرزنجى بوو، پێشتر بە خزمەتى نەگەيشتبووم، دياره ئەويش هەر ناوى بيستبووم، هێندێ باسى نووسين و ئەدەبيات و بارودۆخى نووسراوى كوردیمان كرد، ئيتر من لەگەڵ سوپاس مالأواييم لێ كردن و لەگەڵ كاك خەليل بێكەسى هاوسەفەرم سوارى ماشێنى كابرايەك بووين بۆ هەولێر، تاكسى كە ئەو دەم بە ۳۰ دينار بۆ هەولێر دەچوو، كابرا لە هەولێر ۱۰۰ دۆلارى لێ ئەستاندين، دەيگوت ئەمە سەيارەى كاربەدەستانى گومرگى سنووره و بەم نرخە هاتووچۆى هەولێر– سنوور دەكات.

لەهەولێر شەو لە مالّى خزمێكى كاك خەليل سەرمان كردەوه، كاك مەحەمەدى خاوەن مالّ لە ئاوارەكانى كەركوك بوو كە حكومەتى بەعس هێنابوونى لە ئۆردوگايەكى پەنا هەولێر نيشتەجێى ئيجبارى كردبوون، كاك مەحەمەد ئەو شەوە باسى جينايەتى بەعس و لێقەوماوان و دەربەدەرى ئاوارەكانى كەركوكى بۆ گێڕامەوه، دواى راپەڕين و وەدەرنانى بەعسيش، دوو حيزبى دەسەلاّتدارى حكومەتى كوردستان ، بۆ سووك كردنى بارى جەورو زوڵمى بەعس و نەدارى و لێقەوماوى هيچى بۆ نەكردبوون و لەبيركرابوون، رۆژى دوايى كاك مەحەمەد سوارى تاكسى كردين و چووينە زانكۆ دكتۆر جەمشيد حەيدەريمان ديتەوه، ويستم بچين لە هوتێلێكى ئەمين بۆ مانگێك جێگا بگرم، دكتۆر جەمشيد گوتى: (جا عەيب نييە تۆ بێيە هەولێر و بچيە هوتێل، مالّى مومتاز مالّى خۆتە، ئەوە

ژمارە تەلیفون و منیش ئێوارە دێمەوە).

ئێوارەی ڕۆژی ٩٩٣/١١/١٤ چوومە مالّی مومتاز حەیدەری و ماوەی مانگێك نەك هەر میوان بەڵکو بوومە خاوەن مالّ و میواندارێ دۆست و برادەرو خزمانی لە ئێرانەوە هاتووشم، پێی ناوێ ئەگەر بە قەدرایی هەموو تەمەنم سوپاسی هەستی برادەرایەتی و جوامێری کاك مومتازو میواندارێ و دلاّواڵەیی و میهرەبانی خاووخێزانی بنووسم ، هێشتا هیچم نەنووسیوە.

بەر لە هەموو شت ڕۆژی دوایی ویستم بچمە دیداری کاك عەزیز مەحەمەد، بارەگای حیزبی کۆمۆنیستی کوردستانم دیتەوە، بەداخەوە کاك عەزیز سەفەری کردبوو، دوای چەند دەقیقە دانیشتنێکی وشك و برنگ لەگەڵ کاك عومەر عەلی شێخ و کاك مەلا حەسەن، وەدەرکەوتم و چوومە سەردانی ڕۆژنامەی برایەتی و کوردستانی نوێ، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ژمارەی ٩٣/١١/١٦ دا، گەڕانەوەی منی بۆ کوردستان بلاّوکردبۆوە.

ڕۆژی ٩٣/١١/١٨ بەگوێرەی قەراری پێشوو لە ڕێگای (شێخ لەتیفی بەرزنجی)یەوە، لەگەڵ کاك مومتاز حەیدەری چوینە مەکتەبی مام جەلالی، دوای بەخێرهێنان و چاکوخۆشییەکی گەرم، باسی بارودۆخی ولاّت و سیاسەتی ڕۆژ و ناتەواوی کاروبارو پەیوەندی پارتی و یەکێتی–مان کرد، مام جەلال گوتی: (ئێستا کوردستان وە فایتونێك دەچێ کە دوو ئەسپ ڕایدەکێشن، بەڵام ئەسپەکان هەریەکەو بۆ لایەکی دەبەن و هەربینا لەبەر

یەکیان برد، بەڵام دەبێ نەهێڵێن وای لێ بێت، ئەو کۆبوونەوانەش هەر بۆیە دەکرێن)، پاشان مام جەلال پرسی: (ناتەوێ سەرێکی برادەرانی کۆنت بدەی؟) گوتم خەیاڵم نیە، ئەوان هاتونەتە سوید سەری منیان نەداوە، جا من بۆ سەری ئەوان بدەم؟ خۆت دەزانی کوردەواری داب و رەسمێکی هەیە و ژیانی ئەوروپاش پێم وانیە هەموو دابێکی کوردەواری بسڕێتەوە.

گوتی تۆ وەك ئەوان مەکە، پێم باشە سەرێکیان بدەی، دوو قسەی خێریش بکەی بەڵکو ڕێکیان خەیەوە، عەیبی کار لەوەدایە ئەو برادەرانەی تۆ وانازانن دنیا گۆڕانی بەسەردا هاتووە، من زۆرم هەوڵداوە پێکیان بێنمەوە، هیچم بۆ نەکراوە، بەڵکو تۆ شتێك بکەی.

گوتم جا ئەگەر تۆ هیچت بۆ نەکرابێ و شەقی زەمانەش وریای نەکردبنەوە، من چیم بۆ دەکرێ؟ ئەم برادەرانە ئێستاش لەسەر ڕێبەرایەتی بزووتنەوەی کورد شەڕیانە، ئاگایان لە ئاڵوگۆڕی دنیا نیە، گوتی پێم باشە لێرە نوێنەرانی پەرلەمان و ڕووناکبیران و نووسەرانیش ببینی و لە نێزیکەوە لە ڕووداوەکان شارەزابی، پاشان گوتی: ئەگەر بتەوێ بچیە سولەیمانی، تەلیفۆنم بۆ بکە تا پێشمەرگەت لەگەڵ بنێرم.

پاشان چوومە سەردانی حیزبی زەحەتکێشان و لەگەڵ قادر عەزیز چایەکم خواردەوەو باسی بارودۆخی ولآت و جیهانمان کرد، سەری برادەرانی پارتی کاری سەربەخۆم دا لە بارەگای حیزبەکەیان، تەلیفۆنم بۆ کاك جەوهەر نامیق و دکتۆر عیزەدین مستەفاو کاك نەژاد کرد، کاك جەوهەر

سەرۆکی پەرلەمان بوو نەدەکرا بێتە لام یان ماشێنم بۆ بنێرێ، ئەو ئیتر کاك جەوهەری پێش سەرۆکی پەرلەمان نەمابوو، عیزەدینیش ئەندامی پەرلەمان بوو، لە کوردستان ئەوە کەم نییە، گوتبوی چونکە میوانی مومتاز حەیدەرییە ناچمە لای، ئەویش هەقی بوو، لەگەڵ کاك نەژاد دانیشتین و خواسێکی گەرم و دۆستانەمان هەبوو.

رۆژی ۹۹۳/۱۱/۱۷ لەلایەن لیژنەی بالأی هاریکاری چەپە کوردستانییەکانەوە ئەم نامەیەم پێگەیشت.

(بۆ بەڕێز کەریمی حسامی- بە سلاوێکی گەرمەوە، بەڕێزتان بۆ بەشداری لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەری لێژنەی بالأی هاریکاری چەپە کوردستانییەکان سەبارەت بە راگەیاندنی هاریکاری چەپە کوردستانییەکان دەیبەستێ داوەت دەکەین.

کات و شوێنە کۆنگرە رۆژنامەگەرییەکە سەعات (۲/۳۰) دوای نیوەڕۆ پێنج شەممە ۱۹۹۳/۱۱/۱۸ لە هوتێل شیرین پالأسە، بەشداریتان مایەی سەرفرازیمانە. ۱۹۹۳/۱۱/۱۷ لیژنەی بالأی هاریکاری چەپە کوردستانییەکان.

هەنگاوێکی باش و پیرۆز بوو، وتارو وەلأمی رۆژنامەنووسەکان هومێدێکی هاریکاری راستەقینەی چەپی کوردستانی دەخستە دلأنەوە، بەلأم روداوەکانی دوایی نیشانیاندا کە هاریکارییەکە بناغەکەی ئەوەندە پتەو نەبوو نەکرا چەپی کوردستان لە رووداوەکانی کوردستانی باشوور دەوری پێویستی خۆی بگێڕێ.

رۆژی ۹۹۳/۱۱/۱۸ براده‌رانی یه‌کێتی نووسه‌رانی هه‌ولێر ئه‌م نامه‌یان بۆ ناردبووم و داوایان کردبوو له ۲۱ ی ۱۱ کۆڕێك پێك بێنین، ئه‌مه‌ش ده‌قی نامه‌که‌یه:

(هه‌ولێر ۱۹۹۳/۱۱/۱، زێده به‌ڕێزو خۆشه‌ویستمان مامۆستا که‌ریمی حسامی سلاوێکی گه‌رم.

هیوادارین هه‌میشه هه‌ر شادو سه‌رکه‌وتوو بن، مامۆستای به‌ڕێز، بۆ ئه‌وه‌ی ئه‌دیب و روناکبیرانی کورد له نزیکه‌وه بتناسن و سوود له بیروڕاو ئه‌زموونی سیاسی و فیکریتان وه‌ربگرن وامان به‌باش زانی کۆڕێکی تایبه‌تیتان له کافتریای (کوردستانی نوێ) بۆ سازبکه‌ین، دیاره کۆڕه‌که‌ش بۆ چه‌ند ئه‌دیب و رۆشنبیرێکی ناسراوو ده‌ستنیشانکراو ده‌بێت، کۆڕه‌که بۆ ته‌له‌فزیۆن تۆمار ده‌کرێت و وه‌ك ئه‌رشیفیش لای TV ده‌مینێته‌وه، هیوادارین ره‌زامه‌ندی بفه‌رموون و ئاگارمان بکه‌نه‌وه، چونکه ئێمه رۆژی یه‌کشه‌مه‌ی داهاتوو رێکه‌وتی ۱۹۹۳/۱۱/۲۱ مان بۆ کۆڕه‌که ته‌رخان کردوه، سه‌عات (۳) ی دوای نیوه‌ڕۆ.

له‌گه‌ڵ جوانترین رێزماندا هه‌ربژین، براتان سه‌عدوڵڵا پیرۆش سه‌رۆکی یه‌کێتی نوسه‌رانی کورد/ هه‌ولێر، براتان فه‌رید زامدار به‌ڕێوه‌به‌ری TV گه‌لی کوردستان که‌نالی هه‌ولێر).

به‌ر له‌وه‌ی بچمه کۆڕی براده‌رانیی کوردستانی نوێ، له مالّی کاك عه‌بدولقادر و کاك عه‌بدولڕه‌حمانی نه‌قشبه‌ندی بۆ فراوین داوه‌ت بووین، تازه‌کردنه‌وه‌ی دیدارو دانیشتن و یادی رۆژانی خۆشی رابردوو به‌راستی

بۆمن لە رادەبەدەر شادی هێنەر بوو.

لەڕۆژی ناوبراودا لە کافتریای کوردستانی نوێ بە بەشداری گەلێك نووسەرو رووناکبیرو رۆژنامەنووس کۆڕەکە دەستی پێکردو پتر لە دوو سەعاتی خایاند، هەموو برادەران لە پرسیا رو موناقەشەدا بەشداریان کرد، چەندە بۆ یادگاری هەڵگیران و تەلەفزیۆنیش فیلمی لە کۆڕەکە هەڵگرت و پاشان کاك فەرید زامدار فیلمی کۆڕەکەی لەگەڵ نامەیەکی دۆستانە بۆی ناردبوومەوە، کەمایەسی کۆڕەکە بە بۆچوونی من کە لەسەرەتای باسەکانیشدا ئاماژەم پێکرد لەوەدابوو کە یەك ژن بەشدار نە بوو، پێم سەیر بوو لە پێتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە ئەو هەمووە باسی دیموکراسی و ئەزموونی تازە دەکرا، لە کۆڕێکی سیاسی و ئەدەبیدا ژنێك بەشدار نەبێ، تۆ بڵێی کوردستان لە بەنگلادیشیش دواکەوتووتربێ؟ رووداوەکانی دوایی دەریانخست کە لە (رەوەندا)ش دواکەوتووترە.

گفتوگۆیەك لەگەڵ رووناکبیری کورد کەریمی حسامی

هەر ئەو رۆژە کاك عەبدولقادر فەرهادی* لەلایەن رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)وە هاتە لام و ئەم وتوویژەی ئەنجامدا کە لە ژمارە (٥٤٦) – ١٩٩٣/١١/٢٦ رۆژنامەکەدا بەم جۆرە بڵاوکراوەتەوە:

(گفتوگۆیەك لەگەڵ رووناکبیری کورد کەریمی حسامی، ئامادەکردنی *

---

* ئێستا کە ئەم دێڕانە ئەنوسمەوە بەداخی گرانەوە بیستوومە کە مامۆستا عەبدولقادر فەرهادی کۆچی دوایی کردووەو زیانێکی گەورە لە وشەو ئەدەبی کوردی کەوتوە.

عەبدولقادر فەرهادی*

سیاسەتمەدار و روناکبیری کورد مامۆستا کەریمی حسامی لە تافی لاویەوە لەسەردەمی کۆماری مەهاباد رێگەی تێکۆشانی نەتەوە پەروەری گرتۆتە بەر و لەم رێگەیەوە تووشی دەیان جار لە بەندیخانە پەستان و ئازارو ئەشکەنجەو دەربەدەری هاتووە، خۆشی لە بنەماڵەیەکی هەژارو چەوساوە هەڵکەوتوەو خۆی پێ گەیوە، بەچالاکی و خەباتی نەپساوە و دڵسۆزی خۆی گەیشتۆتە جێگری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران، لە ناوەڕاستی هەشتاکان چۆتە هەندەران و ئێستاکێ لە وڵاتی سوید نیشتەجێ یەو بە هەوڵی بێ وچانی بە ئەندازەی مەڵبەندێکی رۆشنبیری خەریکی کاری رۆژنامەنووسی بووەو ماوەی پێنج سالآن رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) ی مانگانە بەڕێك و پێکی دەرکردووە، بالێگەڕێین مامۆستا حسامی خۆی چەند دێڕێك لە ژیان و تێکۆشانی خۆی وردتر لەوانەی وتمان بۆ خوێنەرانی ئازیز دەربڕێ.....

* مامۆستا تۆ وەك سیاسەتمەدارێك و وەك ئەدیب و رۆژنامەنووسیش رەنگە چەند بیروبۆچونێکت دەربارەی ئەدەب و سیاسەت لا گەلآلە بووبێ، هەندێ لە روناکبیرو سیاسەتمەدارانمان سیاسەت و ئەدەب بەتەواوکەری یەکتر دائەنێن، کەچی هەندێ لە ئەدیبە گەورەکانی دنیا پێچەوانەی ئەمەن، ئێوە لەم بارەیەوە چی دەڵێن؟

– بۆچوونەکان سەبارەت بە یەکێتی و هاوآڵ دوانەیی سیاسەت و ئەدەب وەك یەك نین، چونکە زۆر ئەدیبی گەورە هەن کە خۆ لە سیاسەت نادەن

و تـەنیا بـە کـاری ئەدەبـەوە خـەریکن، بـەلاّم زۆر سیاسـی و بلیمـەت و هەلّکەوتووش هەن کە لەباری نووسین و ئەدەبیشدا دەستی بالاّیان هەیە، نووسەری گەورەی دیکەش هەن کە هەرچەندە بـە کـردەوە لـە کاروبـاری سیاسـی دوورن، بـەلاّم نووسـینەکانیان هـەمووی سیاسـییەو لـە رِێگـای نووسینەوە هەستی سیاسی خۆیان دەردەبڕن.

رەنگە تەواوکەری سیاسەت و ئەدەب بە گوێرەی بارودۆخی ولاّتەکەش تا رادەیەك جیاوازی هـەبێ، لام وایـە ئـەدیب و نووسـەری نەتەوەیـەکی ژێـر دەست و بێبەش ناتوانێ نووسینەکانی خـۆی لـە زام و ژانـی نەتەوەکـەی جیاکاتەوەو لە کارەساتەکانی نەتەوەکەی بێ لایەن بوەستێ.

* با بچینە سەر مەسەلەیەکی تر... ئێستا لـە دنیـا گۆڕانکاریـیـەکی فـرە بەسەر بارودۆخی چەپەکاندا هاتووە، چۆن دەڕوانـنە باری ئێستای فیکری و سیاسی چەپەکان لە جیهاندا بە گشتی و لە کوردستاندا بەتایبەتی؟

– چـەپ لـە جیهانـدا لـە بـاری فیکـری و سیاسـی یـەوە گـۆڕانێکی قـوڵی بەسەردا هاتوە، ئەگەر بە وردی بڕوانینە بزوتنەوەی چەپ و لە دەربڕینی واقعییەت نەسلّەمینەوە، دەبێ بلّـێین تووشـی شـکان هـاتووە، بـەلاّم بـە پێچەوانەی قاوی هێزەکانی پارێزگارو دواکەوتوو بـیری چـەپ نـەمردووە، ئیمڕۆ دەبینین کە چەپ دەیەوێ بەخۆدا بچێتەوە، رابـردووی خـۆی شـی بکاتەوەو ڕێباز و شێوەی نوێ بۆ خەبات و تێکۆشـانی خـۆی هەلّبـژێرێ، خۆی لە قـالّبی وشـك و قـەتیس نـەجات بـداو بەچـاوێکی ئاوالّـەو بیرێکـی فراوان بڕوانێتە روداوەکانی جیهان و مەسەلەکان لێك بداتەوە.

چەپی کوردستانیش هەروەك لەم قەیرانی فیکری و شکستی سیاسی چەپی جیهانی نەیتوانیوە خۆی بپارێزێ، لە دۆزینەوەی رێبازی گونجاو لەگەڵ هەل و مەرجی ولاّت و ناوچە بەکەڵك وەرگرتن لە ئەزمونەکانی رابردوو تەریك و دەستەوەستان ناوەستێ، بێگومان بۆ خەباتی رزگاریخوازی کوردستان و نەهێشتنی زوڵم و ستەمی نەتەوایەتی و چینایەتی و ئاسایش و بەختەوەری کۆمەڵانی زەحمەتکێشی کورد، شێوەی نوێ و رێگای راست و لەبار دەدۆزێتەوە، بیرو ئایدیۆلۆژیای وشك و لەقاڵبدراو ماوەیەکی دوورودرێژ لە مێشك و بۆچوونی چەپدا جێگیر بووە، نابێ چاوەڕوان بین کەوا بە هاسانی وازدێنێ و کردوەکان بە رێك و پێکی بەڕێوە دەچن، لایەنێکی دیکەش کە بۆ باسکردن دەبێ ئەوەیە، راستە کە چەپی ئێستا نابێ خاوەنی ئایدیۆلۆژیای وشك و بەستەڵەکی موتڵەق بێ، بەڵام دەبێ ئارمان و ئامانجێکی رووبی هەبێ و بەلای بەچۆك داهاتن و تەسلیم بوونداً نەخلیسکێ و نەبێتە هاودەست و هاوکاری نیزامی چەپەڵ و چەوسێنەر لە جیهاندا.

* ئەی تێڕوانینی ئێستاتان دەربارەی خەباتی حیزبایەتی لە کوردستانی ئێراندا چۆنە؟

– خەباتی حیزبایەتی لە کوردستانی ئێراندا بەردەوامە، بەڵام هەر لە قاڵب و چوارچێوەی پێشوودایە، لە نووسینەکانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان، لانی کەم ئەوانەی من جاروبار دەیانبینم، وا دەردەکەوێ هەوای نەزمی نوێی جیهانی و گۆڕانکارییەکانی کە بەسەر رەوتی سیاسی

و ئایدیۆلۆژی چەپدا هاتوە لە جیهاندا، هێشتا نەگەیشتۆتە وێندەرێ، یا کاریان نەکردۆتە سەر کەش و هەوای حیزبایەتی لەم بەشەی نیشتمانداء بۆیە دەڵێم: ٠ئیدیۆلۆژیای چەپ) چونکە حیزبەکانی کوردستانی ئێران و جەوهەری بزووتنەوەکە بەچەپ دەزانم. ئەگەر بە وردی ئاکام و هۆیەکانی ئەم گۆڕانکاری و تەئسیری سیاسەتی نەزمەی نوێی جیهانیان لێك دابایەوە، بەر لە هەموو شت بەرەو هاوکاری و یەکێتی هەموو هێزەکان هەنگاویان دەناو بە سیاسەت و کردەوە رابردوودا دەچوونەوەو ئەوانیش خاڵێکی نوێیان دەخستە سەر لاپەڕەی ژیانی خۆیان.

*** چەند هەواڵێکی جۆراوجۆر لەم لاو لادا دەربارەی لێك نزیکبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە ئارادان، ئایە بەڕای ئێوە ئەم لێك نزیکبوونەوە دەبێ لەسەر ئەساسی فیکری بێ یا شتی ترو هۆی جیابوونەوەیان چی بوو؟**

– هەوڵی لێك نزیکبوونەوەی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ ئەگەر خوا بکا ڕاست بێ، جێگای دڵخۆشی هەموو لایەکە، بەڕای من ئەگەر هەردوولا دڵسۆز بن بۆ مەسەلەی کورد کاتی ئەوە هاتووە کە بەدڵێکی فراوانەوە پێکەوە دانیشن لە چوارچێوەی بەرژوەندی مەسەلەی کوردو رێگەی هاوکاری و نێزیکی و یەکگرتنەوە بدۆزنەوە بەبۆچونی من جیابونەوەیان هیچ هۆیەکی فیکری و سیاسی نەبووە ، هۆی بنچینەیی جیابوونەوە و دووبەرەکی لە بزووتنەوەی کورد دا بەگشتی دەگەڕێتەوە بۆ هەندێ خسوسیاتی کوردەواری وەك خۆ بینی و

هەڵەشەیی لە شیکردنەوەی رووداوەکان، نەبوونی دیموکراسی لەنێو رێکخراوەکان و کۆمەڵی کوردەواریدا.

کەوابوو بەڕای من هەروەکو جیابوونەوە هۆی فیکری و سیاسی نەبووە، لێك نێزیکبوونەوەو یەکگرتنەوەشیان نابێ ببەسترێتەوە بە گرێ و گۆڵی فیکری و سیاسی و پێویستە لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی بزووتنەوەو پاراستنی یەکێتی ریزەکانی حیزب چارەسەر بکرێ.

*** لە هەندەران رۆژنامەیەکتان بە نێوی (سەردەمی نوێ) دەردەکرد، هەزدەکەین باسێکی ئەمەشمان بۆ بکەی؟**

– بۆ نیشتمانپەروەرێکی کورد کە بەناچاری دەربەدەرو ئاوارە بێ، دانیشتن و بێکاری دەردێکی گرانە، بەتایبەت بۆمن کە ژیانم بەبێکاری ڕانەبواردوە، لە ئەورووپا هەوڵێکی زۆرمدا کە رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) دەربکەم، رۆژنامەیەکی سەربەخۆی دیموکرات و کوردستانی، لام وایە دەورێکی باشی هەبوو لە ڕوونکردنەوەی رووداوەکانی کوردستان و لەقاودانی جینایەتی حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان، ٥٤ ژمارەی لێدەرچوو، یەکەم رۆژنامەیە لە مێژووی رۆژنامەگەری کورد کە لە ئاوارەیی و لە دەرەوەی نیشتماندا ئاوا بە ڕێك و پێکی دەرچووبێ، لە بەرگی ٩ ی بیرەوەرییەکانمدا بە درێژی باسی دەستپێك و وەستانی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ) م کردووەو هیوادارم بگاتە دەستی خوێنەرانی بەڕێزی کورد لە کوردستان.

*** ئێستا لە کوێی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانتی؟**

– تا ئێستا هەشت بەرگم لە بیرەوەرییەکانم چاپ کردووەو گەیشتووەتە ساڵی ١٩٨٥، بەرگی نۆیەمم بەدەستەوەیە و رەنگە لە بەرگی ١٠ تەواویان بکەم و تا ئەوان تەواو نەبن، لام وایە ناتوانم دەست بۆ هیچی دیکە بەرم.

*** ئێستا لە کوردستانی ئازاد دای و دواڕۆژی ئەم ئەزموونە تازەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستانت پێ چۆنەو چۆنی دەبینی و پێویستە چۆن بێ؟**

– بە دیدێکی فراوان دەڕوانمە ئەزمونی تازەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە مێژووی خەباتی خوێناوی نەتەوەکەماندا بێ وێنەیە، ئەزموونی تازەی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان هەموو ئەو پڕوپاگەندە ژاراوییەی دوژمنانی کوردیان پۆچەڵ کردەوە کە کورد ناتوانێ لە تەبایی و یەکێتیدا بژی و کاروباری ووڵاتی خۆی ڕاپەڕێنێ، ئەم ئەزموونە نوێ یە بەرپرسییەکی نوێ و قورسیشی خستۆتە سەرشانی بەڕێوەبەرانی حکومەتی کوردستان کە دەبێ تەنگ و چەڵەمەکان لە مستەوای ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا چارەسەر بکەن.

چارەسەرکردنی ئەزمونی نوێ، گۆڕانکاری نوێ، پێویستیان بە بیری نوێ و ئامڕازی نوێ هەیەو هیوام ئەوەیە کە بۆچوون و سیاسەت و کردەوەی پارلمان و حکومەتی کوردستان وەلآمدەرەوەی ئەو ئەزموونە و ئەم گۆڕانکارییەبن، کە بەسەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەکەماندا

هاتوه) *.

رۆژی ۱۹۹۳/۱۱/۲۲ کاك سەرۆ قادر و کاك ئاسۆ کەریم لەلایەن رۆژنامەی برایەتیەوە هاتن وتوێژێکی چاپەمەنیان هەبوو کە لە ژمارەکانی ۲۵ و ۹۹۳/۱۱/۲٦ **رۆژنامەی برایەتی** دا لەگەڵ هەڵەیەکی زۆر (کە هێندێکم ساخ کردۆتەوە) بڵاو کراوەتەوە.

---

* بەداخەوە گەشبینی یەکەم بوو بە رەشبینی، ئاواتەکەم نەهاتەدی کە ببینم جارێك کورد دەسەڵات بگرێتە دەست و دیموکراسی و مافی مرۆڤ بپارێزێ، (یازدە مانگەی کۆماری کوردستانی ۱۹٤٦ نەبێ) نەمدی جارێك زەحمەتکێشانی کوردستان لەژێر سێبەری دەسەڵاتێکی کورد دا بحەسێنەوە، نووسەرو روناکبیر بەبێ ترس بیروڕای خۆیان دەربڕن، بەپێچەوانەی بۆچوونی من پڕوپاگەندەی دوژمن وەڕاست گەڕا و کورد نیشانی دا کە ناتوانێ بەتەبایی پێکەوە بژی و بەبێ وابەستەگی بە دوژمنی کورد بۆخۆی و لەنێو خۆیدا کاروباری خۆی ڕاپەڕێنێ، ئەزموونی نوێ بە پێچەوانەی ئەو هەموو هیوایەی کە باسی دەکراو لەسەری دەنووسرا، نیشانی دا کە کورد بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات و بەرژەوەندی تەسکی حیزبایەتی، هەموو ڕێوشوێنێکی مرۆڤایەتی و بەرژەوەندی نەتەوەیی و نیشتمانی دەخاتە ژێر پێ، ڕەنگە ئەم بۆچونەم بە دڵی ئەو کەسانە نەبێ کە لەسەر لاشەی هەزاران لاوی کورد سەمادەکەن و بە حیسابی (کوردایەتی) گیرفان پڕ دەکەن، بەڵام دەردو داخەکە ئەوەندە بە ژان و ئازارە، بەسەد نووسینی ئاواش داناسەکنێ، من ئاواتم ئەوەبوو کوردستانێك ببینم کە گوڵی ئازادی تێدا بپشکوێ، دەرەتانی پێگەیشتن و لێهاتووی خەڵکی تێدا پێك بێ، ڕووناکبیرو نووسەری کورد بێ ترس لە ڕاونان و ئازارو بەندیخانە، بتوانن بەسەربەستی بیرو پێنووسیان بخەنەکار، بەڵام داخەکەم نەکرا، نەبوو، نەیانهێشت، گەشبینی یەکەم بە خۆڕایی بوو.

سەرۆ: وەك دیارە بزووتنەوەی سیاسی کوردستان ماوەیەکی زۆری لە دڕدۆنگی و ناکۆکی ناوخۆییدا گوزەراندوە و لەمێژنەبوو بە تەبایی لە بەرەی کوردستانیدا گشت پەلەکانی ئەو بزووتنەوە کۆبوونەوە کە راپەڕینی مەزنی بەسەرداهات، هێمن و تەبایی لە کوردستان جێی سەرنجی ناوخۆو دەرەوەیە، هەر ئەم هەست بە مەسئولیەت کردنە بنەمای پاراستنی ئازادی و دیموکراسیە ئەوەی بە (دیموکراسی کوردستانی) ناسراوە، حەزدەکەین بزانین جەنابت ئەم ئەزموونە چۆن هەڵدەسەنگێنن، میکانیزمەکەی چۆن و کەم و کوڕییەکانی چۆن دەبینی؟! دەڵێن لە دەرەوەش جێی سەرنجی خەڵکی دنیایە ئەو سەرنجە چ جۆرێکە؟ دواجار مۆرکی کوردی لەم ئەزموونەی دیموکراسیدا چۆن دەبینی؟

کەریمی حسامی: وەزعێکی کە ئێستا لە کوردستان هاتۆتە پێشێ بۆخۆی نموونەیەکی تازەیەو هیوادارم ئەو تەجروبەیە سەرکەوتوو بێت تا کار بکاتە سەر بەشەکانی تریش لە کوردستاندا، گۆڕانێکی کە بەسەر کوردستان و خەباتی رزگاریخوازی کورد دا هاتوە، لە مێژووی خەباتی خوێناوی کورد دا بێ وێنەیە، ئەگەر گۆڕانەکە شتێکی بێ وێنەیە، بەرهەمی ئەم گۆڕانەش لەپێش هەموو شتێکدا کە دیموکرساییەکەو هەڵبژاردنی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتە، ئەویش بۆخۆی لە راستیدا لە جوڵانەوەی رزگاریخوازیدا شتێکی بێ وێنەیە، دیموکراسیەکی کە ئەمڕۆ لە کوردستانی شەڕلێدراوو کوردستانی وێرانکراودا هەیە، بۆخۆی دەکرێ کورد شانازی پێوەبکات، بەڕاستی ئەوەی لە دەرەوەش دەنگی**

داوەتەوە، هەر مەسەلەی دیموکراسیە، لە رۆژنامەکانی دەرەوە زۆر باسی دیموکراسی کراوەو زۆر باسی دەکرێ و بە هەقیش باس دەکرێ، دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە چاوەڕوان بین ئەو دیموکراسییەی لە رۆژئاوادا هەیە لە کوردستانێکی دواکەوتوو و شەڕلێدراوی وێرانکراودا بێتە جێ.

پاشان بەشێکی تری دیموکراسی ئیمکانی پێکهێنان و دەرفەتی ئیجراکردنی دیموکراسییەکەیە بۆ خەڵک، ئەوەش ئیتر شتێك نیە هەر بمانەوێ بە ویستی خۆمان بێ، بەڵکو وەختی دەوێ، هەلومەرجی دەوێ، بارودۆخی ئابووری و ئەمنییەت و ئاسایشی دەوێ، ئێستا ئەگەر باسی دیموکراسی لە سیستمی سەرمایەداریدا بکەین، بەڵێ دیموکراسی هەیە، تۆ دەتوانی هەرچی بتەوێ بیڵێی، بەڵام تۆ ئەو ئیمکانەت نیە ئەوەی دەتەوێ ئەنجامی بدەی، زۆرت پێ خۆشە رۆژنامەیەکت هەبێ، لەوێدا هەرچی پێت خۆشە بینووسی، ئەو هەقەت هەیە، ئازادیشی، بەڵام ئەو ئیمکانەت نیە کە رۆژنامەو چاپخانەت هەبێ، واتە کە باسی دیموکراسی دەکەین، پێمان وانەبێ کە هەموو شت لە جێی خۆیەتی و ئاوی زەمزەمی پێداکراوە، ئەگەر هەمووی ئەوانە مقایەسە بکەین لەگەڵ وەزعی کوردستان کە سااڵەهای سااڵ شەڕی براکوژی تێدابوە، سااڵەهای سااڵ وێرانکراوە، ئێستاش ئەو ئاسایشەو ئەو دیموکراسیەو دەربڕینی بیروڕا هەیە، ئەوە جێی شانازی یە، مەسەلەیەکی دیکە کە دەبێ باسی بکەین ئەوەیە، نابێ پاڵی لێبدەینەوە کە لە کوردستان دیموکراسی هەیەو هەموو شتێك تەواو بوە، هەندێ کەس دەڵێن چیتان دەوێ، دیموکراسی لەوەی زیاتر؟ ئەوەتا رۆژنامە دەردەچێ و چیت پێ خۆشە بیڵێ و ئەم

وتانه.....! پێم وایه ئەوه تەواو نیه، دەبێ زیاتر هەوڵ بدرێت و بەراستی و بەهەموو ماناوه دیموکراسی جێگیر بێ تا دەگاته دیموکراسی ئابووری بۆ ژیانی خەڵك و ڕاپەڕاندنی کاروباریان، ئەوەش دیسان تا ڕادەیەك دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی نێونەتەوەیی، وەزعی کوردستان لە هەموو بارێکەوە تایبەتیە، ئەگەر دیموکراسییەکەی نموونەیە، وەزعەکەشی نموونەیە، بەتایبەتی لە بەڕێوەبردنی دیموکراسیدا کەم و کوڕییەکی زۆر دەبینرێت، لەپێش هەموو شتێکدا بەبۆچونی من ئەو گۆڕانە نەتیجەی تێکۆشان و فیداکاری خەڵکی کوردە، کەچی ئێستا زۆربەی خەڵکی کورد لە بەڕێوەبردن و لە ئیجرای ئەو دیموکراسیەدا بەشدار نیە، ئەوە خۆی نەقسێکی گەورەیە، وام دێتە بەرچاو کارەکان زیاتر لەچوارچێوەی تەنگی حیزبایەتیدا دەکرێن و بەڕێوەدەچن، خەڵکی دیکە لەو دیموکراسیەو لەم تەجروبەیەو لەم دەستکەوتە کە بەهۆی فیداکاری ئەم خەڵکە پێکهاتوە تا ڕادەیەك بێ بەشە، پێم وایە خەڵکێکی یەکجار زۆر و لێوەشاوە هەیە دەکرێ کاریان پێ بسپێردرێت، خەڵك بۆ کارو بەشداری رابکێشرێت، هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەم کە لەهەموو بەشەکانی کوردستان هەوڵ بدرێت بۆ پاراستنی وەزعی ئیمرۆی کوردستان، سەرەڕای کەم و کوڕی و برسییەتی و ناتەواوی بپارێزرێت، چونکە دەستکەوتێکی زۆر گەورەیە، ئەگەر ئەو دەستکەوتە لەدەست بچێ، نالێم کورد نامێنێ، بەڵام کورد بۆ ماوەیەکی یەکجار زۆر بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە، لەم ڕوانگەیەوە هەق بەخۆم دەدەم کە بڵێم دەسەلاتی ئێستا پێویستە کارێکی ئاوا بکات کە بەشی زیاتری خەڵکی کورد لەکاروباردا بەشدار بێت.

ئاسۆ کەریم: لێرەدا مەسەلەیەک دەخەمەڕوو، دنیا دنیای جاران نیە، گۆڕانکاری بنەڕەتی بەسەر دنیادا هاتوە، شتێک هەیە پێی دەوترێت (نەزمی نوێی جیهانی) ئایا بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان چۆن دەکرێ و لەباریدا هەیە خۆی لەگەڵ ئەم نەزمەدا بگونجێنێ تا بتوانێ کەڵکی لێ وەربگرێت کە قازانجی بەرەوپێش چوونی بزوتنەوەکەو وەدیهێنانی بەشێک لە ئامانجەکانی تێدابێ بەلایەنی کەمەوە، مەبەستم ئەمە بۆ هەموو پارچەکانەو ئەمە بەڕەچاوکردنی دوا قسەت کە وتت ئەرکی هەموو نیشتمانپەروەرێکی کورد ئەوەیە بەلایەنی کەمەوە ئەم تەجروبەیە بپارێزێت؟

کەریمی حسامی: بەڵێ راستە ئێستا نەزمی نوێی جیهانی لە سیاسەتی جیهانیدا گۆڕانێکی گەورەی پێکهێناوە، ئەو گۆڕانە کوردستانیشی گرتۆتەوە، ئەگەر لەبەر مەسەلەی کورد باسیش کرابێ قەت نەگەیوەتە ئەم رادەیە کە وەک ئێستا بۆتە مەسەلەی رۆژ، ئەم نەزمی نوێی جیهانی یە کە لەسەر مافی مرۆڤ و دیموکراسی و ئاشتی جیهانی زۆر پێ دادەگرێ، ناتوانێ لەناوچەیەکی گرنگی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست مەسەلەی میللەتێکی ٣٠ ملیۆنی بخاتە پشت گوێ، نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ ئەوانەی ئێستا خاوەنی نەزمی نوێی جیهانین هەرچی بیڵێن و بیکەن، لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئابووری و سیاسی میللەتی خۆیاندا ئەنجامی دەدەن، کەوابوو کوردیش دەبێ بەتەواوی ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە لەو پەڕی ژیریدا لەگەڵ ئەو نەزمی نوێی جیهانی یە خۆی رێک بخاو بەرژەوەندی میللەتی خۆی لەبەرچاو بێ، ئێستا ئەگەر باسی مەسەلەی

کورد بکەین، بمانەوێ و نەمانەوێ، مەسەلەی کوردستانی خواروو واتە مەسەلەی ئەم دەسەلآت و حکومەت و پەرلەمانیە کە لەلایەن خەلکەوە هەلبژێردراوە، کەوابوو ئەم دەسەلآتەیە کە دەبێ بەلەبەرچاو گرتنی بەرژەوەندی میللەتی کورد لە گەلّ نەزمی نوێی جیهانی بتوانێ خۆی رێك بخات، پاراستنی ئەم وەزعەو رێکخستنی لەگەلّ نەزمی نوێی جیهانی تەئسیر دەکاتە سەر بەشەکانی تری کوردستانیش، ئێستا بۆ رۆژئاوا کە بۆتە دەسەلآتی گەورەی دنیا، زۆرپێویستە کە بزانن کورد ئەگەر دەسلآتی هەبوو، ئەگەر سەقامگرتوو بوو لەناوچەیەکی گرنگی جیهانی و دەسەلآتیشی بەسەر بەشی زۆری نەوتی جیهاندا دەبێ، دەیەوێ چبکات؟ چ سیاسەتێك بەڕێوەدەبات؟ وەك لەبیرمە لە کۆنفرانیسی (ستۆکهۆلّم سالّی ۹۰) لەسەر مەسەلەی کورد، پرۆفیسۆرێکی ئینگلیزی گوتی: (کورد هێشتا بۆخۆی نازانێ چ دەکا، بەخەلّکی نیشان نەداوە ئەگەر رۆژێك بوو بە حکومەت و دەسەلآتی هەبوو چ دەکا؟ ئەوەی من دەزانم کورد نەوتی هەیە، نەوتیش ئیمرۆ زیانی رۆژئاوایە، من لە لەندەن دەژیم، بۆخۆم بیردەکەمەوە باشە، کورد ئەگەر بوو بە دەولّەت داخوا نەوتم پێ دەفرۆشێ؟ ئەو نەوتەی دەدا بە ئێمە؟ چی لێدەکا؟ ئەگەر ئەو نەوت نەدا، من لە لەندەن ناتوانم ماشێنەکەم باژۆم، یان مەسەلەی ئاو، کورد ئاوی هەیە، پاش ۲۵ سالّی دیکە ئاو لە رۆژهەلآتی نێوەڕاست لەنەوت گرنگتر دەبێ، کورد دەزانێ ئەم ئاوەی چ لێدەکا؟).

ئەم قسانە هێندێ راستیان تێدایە ، بەداخەوە کورد هێشتا نەکەوتۆتە سەر باری لێکۆلّینەوە، دەزگاو بنیاتی دیراساتی نیە تا بزانێ چ دەکات،

بۆیە دەڵێم دەسەلاتی ئیمڕۆی کوردستان پێویستە ئەم شتانە لەبەرچاو بگرێ و لەگەڵ نەزمی نوێی جیهانی بچێتە پێش.

سەرۆ قادر: لەم ڕۆژگارەدا لەوەدەچێ کوردستانی تورکیاو کوردستانی ئێران هەندێك بەرژەوەندی کاتیان لەگەڵ بەرژەوەندی بنەڕەتی حکومەتی هەرێم یان ئەو دەسەلاتەی کورد لە کوردستانی باسوردا هەیەتی، نەگونجێ، بەڕای تۆ ئەگەر مەسەلەی کورد بریتی بێت لە مەسەلەی کوردستانی باشوورو کورد بە گشتی بەخەم پاراستنی ئەم دەستکەوتەوە بێت، دەبێ ئەوان چۆن ڕەفتار بکەن؟

کەریمی حسامی: من کە دەڵێم پاراستنی وەزعی ئیمڕۆی کوردستانی خواروو، بڕوام پێیەتی، ئەوەندەی دوورو نزیك ئاگام لێ یە براەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، یان بڵێین بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە کوردستانی ئێران بەشێوەیەکی مەعقول و ژیرانە دەجوڵێنەوە هەرچەندە زیانیشیان تێدا دیوە، ئێمە پێویستە ئەوە بزانین هەر گۆڕانێکی لە یەکێ لە بەشەکانی کوردستاندا پێك بێ، تەئسیر دەکاتە سەر بەشەکانی دیکەش، دەمێنێتەوە کوردستانی تورکیا، وەزعی ئەوێ تۆزێك فەرقی هەیە، من شیڕزەیی و ئاڵۆزی بارودۆخی کوردستانی تورکیات، لە سیاسەتی حکومەتی تورکیا دا دەبینم، حکومەتی تورك هیچ مافێك بۆ ١٥ ملیۆن کورد قایل نیە، بەڕاستی ژەنەڕاڵەکانی تورك ئێستاش وا بیردەکەنەوە کە زەمانی مستەفا کەمالە، ئەوە لایەکی مەسەلەیە، لایەکی دیکە حیزبەکانی کوردستانی تورکیا، لەپێش هەموانیاندا حیزبی

کرێکارانی کوردستانی تورکیا (P.K.K) ئەویش دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە وەزعەکە زۆر ناسکە و کارێکی وا نەکات زیان بە وەزعی ئێستای کوردستانی باشوور و پارلەمان و حکومەتی هەرێم بگەیەنێ، ئەم ئەرکە بەلای منەوە دوو لایەنەیە، واتە حکومەتی ئێستای کوردستانیش پێویستە بێبەشی و ژێردەستی نەتەوەکەی لە تورکیا بخاتە بەرچاو، من لام وایە دەستپێشخەری زیاتر بۆ چارەسەرکردنی ئەم مەسەلەیە دەبێ لەلایەن حکومەتی هەرێم و پەرلەمانەوە بێت، دەبێ رێگای تازەی بۆ بدۆزرێتەوە، زۆر ناخۆشە لە بەشێکی کوردستان کورد حکومەت و دەسەلاتی هەبێ، بەلام پێشمەرگەی لەگەڵ کوردی برا توشی شەڕ بێ، ئەوە تەئسیرێکی نالەبار دەکاتە سەر بیرو ڕاو ورەی کورد، بۆیە هیوادارم ئەو مەسەلەیە بە ئاشتی چارەسەر بکرێت، هەرچەندە من سیاسەتی (P.K.K) ئەوەی لە دەرەوە لە برادەرانی دەبیسم، بەڕاستی نازانم، پێویستە ئەوان کارێکی وا نەکەن کە بۆ بەرژەوەندی بارودۆخی ئێستای کوردستانی باشوور زیانی هەبێ.

سەرۆ قادر: دەکرێ بوترێ قسورەکە لەوبەرە واتە لەژێر تەجرەبەیەکی ناسك لەکاری تەکوین دایە، باشە ئەرکی نیشتمانیە بەرزەکە تەرەفی قسورداری ئەو بەرە واتە (P.K.K) نابێ زیاتر بکەوێتە ژێر لۆمەی کورد کەوا بۆ جاری دووەم خەریکە ئەو حکومەتەی کە بەکاری خۆی راناگا بەشتی لابەلای تر خەریك دەکات و پاڵی پێوەدەنێ تا بکەوێتە هەندێك معادەلاتی ئیقلیمی کە لەوانەیە پێی دەرنەچێ و لە توانای دا نەبێ؟

کەریمی حسامی: ئەوە لایەکی مەسەلەیە، راستە لەوانەیە حکومەت تووشی ئەوەبێ کە نەتوانێ خۆی پێ رابگیرێ، بەلآم لەمەڕ مەسەلەی قسبوور کە باست کرد، من قسوور دەخەمە سەر حکومەتی دیکتاتۆرو شۆڤێنی تورکیا، دەزانین جارێك P.K.K ئیعلانی کردبوو کە شەڕ ناکەین و دەمانەوێ بە ئاشتی مەسەلەکە چارەسەر بکرێ، ئێستا تورکیایە نایەوێ ئاشتی هەبێ و پاڵ بە کوردەوە دەنێ کە شەڕ بکات، جەلادەکانی تورکیا بە عەمدەن وا دەکەن کە شەڕ بکەوێتە کوردستان و وەزعەکە تێك بچێ.

سەرۆ قادر: ئینجا باشە، حکومەتی کوردستان چەندە مەسئولە لە سیاسەتی حکومەتی تورکیا یان هی تاران، خۆ هەمان شت کە حکومەتی تورکیا دەیکا، کەمتر نییە لەوەی کە ئێران کردویەتی دەرحەق بە بزووتنەوەی کورد لەودیو، دەرحەق بە ئێمەش، تا ئێستا تۆپباران کردن، تەجاوز لە حدود لە عەینن کات تیرۆرو تەقینەوەی بەردەوام، بەلآم بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران وەك جەنابت ئیشارەتت پێکرد معامەلەیەکی مەعقول دەکا، لەو دیدگایە کە بەرژەوەندی بەرزی نیشتمانی لەسەرەوەی ئەم شتانەیە، یانی تۆ پێت وانیە لەم معامەلەیەدا (P.K.K) کەمێك باری سەنگینتر دەبێ؟

کەریمی حسامی: پێم وایە حکومەتی کوردستان مەسئول نیە لە راست سیاسەتی تورکیاو ئێران، بەلآم پێم وایە حکومەتی کوردستان مەسئولیەتی زیاتری لەسەرشانە، چونکە دەسەلآتی ئەوڕۆی مەسەلەی

کوردە، دەبێ نەرمیشی زیاتر هەبێ، دەبێ ڕێگای تازەتر بدۆزێتەوە بۆ چارەی ئەم مەسەلەیە، من سیاسەتی بەرەنگاربوونی (P.K.K) لەگەڵ حکومەتی کوردستان بەراست نازانم، بە سیاسەتێکی چەوتی دادەنێم، چونکە نەمانی ئێرە، نەمانی پترە بۆ ئەوانیش، من بیر لە شتێکی دیکەش دەکەمەوە، ئەویش کز بوونی ئەو هێزەیە کە لە کوردستانی تورکیا خەبات دەکا، ئەویش تا ڕادەیەکی زۆر زیانمان پێدەگەیەنێ، وەزعی ئێستای کوردستان زۆر گرێ پوچکەیە، پێویستە بەژیری لەچوارچێوەی بەرژەوەندی بەرزی نەتەوەیی کورد دا چارەسەر بکرێ.

ئاسۆ کەریم: دیارە بە حەقیقەت بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان لە قۆناخێکی تازەدایە، کە دەڵێم بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان مەبەستم سەرجەم بزووتنەوەکەیە، لەبەرچاوی خۆمانە دەبینین ئەم بزووتنەوەیە لە حاڵەتێکی تازەدایە، لە حاڵەتێکی ئیستفتایەکی تازە، لە حاڵەتی دەرسێکی تازە لەبەردەم ئەرکێکی تازە، لێرەدا دیارو ڕوونە هەوڵ و کۆشش هەیە لە کوردستانی تورکیا بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی، لە کوردستانی ئێرانیش دیسان چەند حیزب و کۆڕو کۆمەڵی دیکەی سیاسی هەن، ئێستا ئەم حاڵەتە حاڵەتی یەکگرتن و یەکگرتنەوەو لەپاش ئەو هەلومەرجەی دنیا، پاش نەمانی ئەو بلۆك بەندیە ئایدیۆلۆژییەی لە پێشان هەبوو ڕەنگە بۆتە کاری زۆڕ ئەم یەکگرتنەوەیە، دەکرێ لێرەدا بپەرینەوە بۆ کوردستانی ئەودیو، تۆچۆن لەوێ وەزعەکە دەبینی بەنسیبەت ئەوان، چۆن لەبەردەم ئەم پڕۆسەدان؟

کەریمی حسامی: بەڕای من ئێستا هێزەکانی کوردستانی ئێران لەبەردەم تەجروبەیەکی زۆر گران دان، بەر لە هەموو شت پێویستە لەگەڵ باروبۆخی نوێی جیهان خۆ ڕێکخەن، هەوەڵ هەنگاویش بۆ ئەم کارە و کەڵک وەرگرتن لە هەلومەرجی پێکهاتوو یەکێتی خۆیانە، ئێستا بەداخەوە ئەو وەزعەی پێشتر لە کوردستانی خواروو هەبوو، واتە پەرش و بڵاوی و شەڕو کێشە، ئێستا خۆی گەیاندۆتە کوردستانی لای ئێمەش، ماوەیەکی زۆرە شەڕێکی داخدارو خوێناوی لەنێوان دوو هێزی سەرەکی کوردستان، واتە کۆمەڵەو حزبی دیموکرات ساز ببوو، ئێستا بەخۆشیەوە ئەو شەڕە نەماوە، بەڵام لەنێو خۆی حیزبی دیموکرات دووبەرەکی دروست سازبوە، ئەگەر لێم بە ئیراد نەگرن و برادەران بیخوێننەوە کێشەیەکی بێ مانایە، چونکە ناکۆکی ئەوان هیچ شتێکی مەبدەئی و سیاسی تێدانیە کە لێکیان جیا بکاتەوە، پێم وایە وەختی ئەوە هاتووە ئەو برادەرانە بە دڵێکی فراوان و بیرێکی ئازاد، بەمەبەستی خزمەت بە بزووتنەوە پێکەوە دانیشن و یەک بگرنەوەو لەگەڵ هێزەکانی دیکە، گەورە یا بچووک بگەنە یەک و بە ژیرانە کەڵک وەربگرن، لەو نەزمەی ئێستا هاتۆتە پێشێ خەڵکی دیکە کەڵکی وەرگرتوە، خەڵکی واش هەیە زەرەری کردوە، بەڵام ئێمە دەبێ زەرەرو قازانجی خۆمان لەبەرچاوبێ، دەبێ ئەو خەیاڵەش وەلابنێین کە حیزبێک خۆ بەنوێنەری هەموو میللەت بزانێ، وا ئەمەریکا کە ئێستا بەسەر دنیادا زاڵە، نالێ من هەموو شتێکم، شەریکان بۆخۆی پەیدا دەکات، لە کوردستانی ئێرانیش هێزی دیکە هەن، گەورە یا بچووک، دەبێ پێکەوە بزووتنەوە لە قەیران رزگار بکەین.

سەرۆ قادر: تۆ پێت وایە بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان لە پرۆسەی تەکوینی خۆیدا خەریکە ئەو قۆناغەی پەرت و بلاوی ، دژایەتی و براکوژی، یەجێ بێڵێ، ئەو حیزبانەی کە لە رووی بەرنامەوە لێک نێزیکن و هیچ خیلافیان لەبەینی نیە مەعنای ئەوەیە بەڵگەی لێک دوور بوونیان نی یە ئەمە بە قۆناغێکی نوێ دەزانین لە تەکوینی بزووتنەوەی سیاسی کوردستان؟

کەریمی حسامی: ئەم پرۆسەیە بەخۆشیەوە هەیە، ئەگەر کوردستانی خوارووی لێگەڕێن کەوا بە کردەوە دەبینن جێی گرتوە، تەماشای کوردستانی تورکیا بکەین، کاتێک (P.K.K) لەخۆی زیاتر کەسی بە کورد نەدەزانی، ئێستا دەبینین لەگەڵ حیزبەکانی دیکە دادەنیشێ و بەیاننامەی هاوبەشیش دەردەکا، ئەوانە هەنگاوی باشن، پێم وانیە برادەرانی کوردستانی ئێران وەک برادەرانی کوردستانی تورکیا بن، لەلای ئێمە سیاسەتیان نەرمترەو مەسەلەکان وردتر لێک دەدەنەوە، بۆیە بیانوویەک بۆ ئەوە نابینم کە پێکەوە دانەنیشن، پاشان یەکگرتنەوەی ئەوان تەنیا یەکگرتنەوەی خۆیان نییە، بەهەزاران کورد لە کوردستانی ئێران ئاوارە بوون ئەوانە هەموو تێکۆشەرو فیداکار بوون، ژیانیان لەم رێگایەدا شێواوە ، بەڵام ئێستا لەبەر ناکۆکی ئەوان بێلایەن دانیشتوون، یەکگرتنەوەی ئەوان دەتوانێ ئەم هێزە مەزنە لەدەوری یەک کۆبکەنەوە، ئەوە دەبێتە هێزێکی گەورە، پێم وانیە ئەوە دەسەلآتی ئەوان کەم بکاتەوە، برادەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان زۆر هەوڵ دەدەن لەگەڵ هێزەکانی سەرانسەری ئێران بەرە پێک بێنن و نێزیک بنەوە، ئەوە

کارێکی باشە، بەڵام بەڕای من پێویستە بۆ یەکێتی هێزەکانی کوردستان پتر هەوڵ بدەن، ئەوان ئەگەر لە کوردستان بەرەو یەکێتی پێك بێنن، باشتر دەتوانن لەگەڵ هێزەکانی سەرانسەری دانیشن و قسەشیان باشتر دەڕوا، رەنگە لە سیاسەتی جیهانیشدا زیاتر حیسابیان لەسەر بکرێ.

ئاسۆ کەریم: لەم سەفەرەدا نیازتان نیە چاوت بە رێبەرانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران بکەوێ، بەتایبەت هەردوو باڵەکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

کەریمی حسامی: گەرهاتم بۆ ئێرە هیچ خەیاڵێکی ئاوام نەبوە کە سەریان بدەم، ئەوەش تا ڕادەیەك بە هەقی خۆمی دەزانم، ئەوان هاتونەتە ئەورووپا سەری منیان نەداوە، لەکاتێکا من لە ئەورووپا لە زۆر شارەکانی وەك لەندەن، پاریس، دانیمارك، ئەڵمان، پراگ، و شوێنەکانی دیکەش لە سیمینارو کۆبوونەوەکانی کوردیدا بەشدار بووم، بەڵام بێجگە لە مەلا حەسەنی رەستگار کە دووجار سەری لێداوم، ئەوانی دیکە ناهاتوونە لام، منیش بیرم لەسەردانیان نەکردۆتەوە، خۆتان دەزانن رەگی کوردانە هەر دەمێنێ.

سەرۆ قادر: لەمڕۆوە ئەورووپا هیچ کاری لێ نەکردووی؟

کەریمی حسامی: پێت وایە رووداوەکان هەروا بە ئاسانی کاربکەنە سەر کورد؟ لەم بارەوە بیرم لێ نەکردۆتەوە، هەرچەند کاك مەسعود و مام جەلالیش گووتیان کە هەر هاتوویە ئێرە، پێمان باشە سەرێکیان بدەی.

سەرۆ قادر: دوای ئەم تەجرەبە دوورو درێژە مامۆستا کەریم ، تۆ زۆر

رەخنە لە شێوەی رێکخستنی حیزبەکان و نەبوونی دیموکراسی ناوخۆیی دەگـری. ئاسـتی بزووتنـەوەی سیاسـی بـەرز نـابینی، رات لـە جـۆری کادیرەکان نیە، ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەم قۆناغەی میللەتەکەمانی تێدا دەژی، جەنابت چۆن لە حیزبایەتی دەگەی؟ بڵێی ئەم تەنزیمە ڕێك و پێك و دیموکراتە لە ولاتـانی ئێمـە مـەجالی دروسـت بـوونی هـەبێ؟ هەڵبـەت بەلەبەرچاو گرتنی ئەو هەولانەی لەم بوارەوە دراون.

کەریمی حسامی: من پـێم وایـە ئیمکـانی هەیـە کـە ژیـانی حیزبایـەتی لـە کوردستانیش بەڕاستی ببێتە ژیانێکی ڕەسەن و سـەرەکی و دیمـوکراتی، بەڵام تا ئێستا (زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم) ژیانی حیزبایەتی بەو شـێوەیەی کـە پێویسـتە لـەباری دیموکراسـی داخڵـی حیزبـی تووشـی نـەهاتووم و نەمدیوە، من نازانم سەرۆك و کادیرو برادەرانی کاربەدەستی ئەو حیزبانە، کـە تەجرەبـەی حیزبـەکانی دەرەوەشـیان هەیـە، بۆچـی هـەنگاوی زیـاتر نانێن بۆ ئەوەی گیانی حیزبایەتی بە تەواوی مەعنا سەقامگرتوو بـێ؟ لـە کوردسـتاندا مەسـەلەکە زۆر تەسـك کراوەتـەوە، لـەکاتێکا دەکـرێ زۆر فراوانتر ئیمکانی دەربڕینی بیروڕای خەڵك، کەسانی غـەیرە حیزبـی، پێـك بێنین، وابـێ خـەڵکی غـەیرە حیزبـی هەسـت بـە مەسـئولیەت بکـەن، زۆر سەیرە ئەوانـەی ئەندامی حیـزبن پێیـان وایـە هـەموو ئـەرکی میللـەت لـە ئەستۆی ئەوانـەو قـازانج و بەرژەوەنـدی خـەڵکیش هـەر ئـەوان دەیـزانن، وافێرکراوەو پێـی وایـە ئـەوەی حیزبـی نـەبێ دڵسـۆز نییـە، دیـارە ئـەوە پێویستی بە چوونەسەری پلەی کولتوری خەڵکەوە هەیە.

سەرۆ قادر: فاکتەری ئایدیۆلۆژیا لە دروستکردنی ئەو روانگەیەی جەنابت لەسەر حیزبایەتی هەست پێ دەکەیت، واتە ئایدیۆلۆژیا وا دەکات خەڵکێك حیزب بۆ ئەوە دروست بکەن نەك بۆ واقیعی سیاسی ولاتەکەی.

کەریمی حسامی: وەك فەرموت مەسەلەی ئایدیۆلۆژیاش تەئسیری هەبووە، تەجرەبە وامان نیشان دەدا کە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستاندا تەئسیری مەنفی هەبوە، ئێستا وەزعێکی تازەو قۆناغی تازە هاتۆتە پێش، بەڵام لام وایە چەپی کوردیش وەك هەموو چەپی جیهان بەخۆدا دەچێتەوەو ئاوڕێك لە ڕابردوی خۆی دەداتەوە، قۆناغی تازەی بزووتنەوە دەناسێ و ڕێبازی تازە و شێوەی نوێ بۆ خەبات هەڵدەبژێرێ.

سەرۆ قادر: لە بیرەوەریەکانی جەنابت لەوانەیە بۆ خوێنەرانی برایەتی زیاتر لە خەڵکی تر جێی پرسیار بێ یان حەز لە وەڵامەکەی بکەن، ئەویش لە نوسینەکانت، بەتایبەت لە بیرەوەریەکانت باسی بارزانیت کردوە، لەکۆتایی وا دێتە بەرچاو کە لە هەڵسوکەوتی بارزانی تۆ زۆر رازی نەبووی و من یەك بەباری خۆم تا بەرگی حەوتەمم خوێندۆتەوە، هەشتەمم نەدیوە، ئەگەر شتێك لەوێدا گوترابێ نازانم، بەڵام ئەوەی کە دیومانە بە عام وا تێدەگەین هەڵسەنگاندنێکی زۆر ئیجابی ، یان بڵێی پڕ بە پێستی خۆی لەگەڵ بارزانی نەکراوە کە ئێستا لەم قۆناغەی دوای ڕاپەڕین خەڵك پتر وەك ڕەمزێك بۆ یەکگرتنی بزووتنەوەی کورد تەماشای دەکا، وە لە هێنانەوەی ئەوو ئیدریس بارزانیشدا دیتمان کورد یەك پارچە پێشوازیان کرد، با بڵێین فەرقی هەیە لەگەڵ تەقەڵای ئەو ڕژێمە

دیکتاتۆرانەی کە سیناریۆو شانۆگەری گەورە بۆخۆیان دروست دەکەن، خەڵك خۆی پێشوازی کردو سنووری حیزبایەتیشیان بەزاند، لەناو پارتی دیموکراتی کوردستاندا بارزانی وەك رەمزێك تەماشا دەکەن، رەمزی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان.

کەریمی حسامی: لە بیرەوەریەکانمدا نەك هەر ئەوەی مەڕبوتە بە بارزانی بەڵکوو تەجزیەو تەحلیلی هیچ یەك لە مەسەلەکانم نەکردەوە.

هەڵسەنگاندنیان تێدانیە، من ژیانی خۆم نوسیوەو ئەوەی رۆژانە لەگەڵی بووم، لەبارەی بارزانیەوە، پێم وانیە سیاسەت و کردەوەکانی بارزانیم شی کردبێتەوە، لە بەرگی یەکەمدا باسم کردوە کە زۆر لە بارزانی نێزیك بووم، ئەوەندەی کە باس کرابێ سالّی ٥٩ یە لە عێراق، لەوێ لە حیزبی دیموکراتدا لەگەڵ ئەحمەد تۆفیق ئیختیلافمان هەبوو، لەو ئیختیلافەدا بارزانی گوتی من ئەحمەد تۆفیق دەناسم، ئیتر ئێمەیان لە عێراق دەرکرد، لەگەڵ ئەوەش جارێك بارزانی خۆی سواری ماشێنی کردم و بردمیە لای مدیری ئەمن (عبدالمجید) گوتی ئەوە میوانی منە، بەڵام هەر دەرکراین، پاشان لە سیاسەتی دوایی بارزانیدا ئەم وتارانەی لە رادیۆی پەیکی ئێراندا خوێندوومنەوە، تەئیدی سیاسەتی بارزانی بوە، سالّی ١٩٧٥ وەك نوێنەری حیزبی دیموکرات چووەمە لای، لە دەرەوە لە نوسینەکانی خۆمدا بارزانیم بە رەمزی میللەتی کورد زانیوە، تەنانەت لە وتارێکی خۆمدا نووسیومە: دەکرێ بڵێین بارزانی بۆتە هۆی ناسینی میللەتی کورد، دیارە نازانم نیسبەت بە شەخسی بارزانی، یا سیاسەتی

بارزانی یا شۆڕش لە هەندێك جێ نووکە قەڵەمی ڕەخنەی گەیشتبێتێ، پێم وانیە ئەوە کارێکی سەیر بێ، بەهەقی خۆم زانیوە، ڕەنگە کەمیشم نوسیبێ، پێویستە زیاتریش بڵێم سیاسەتی ئەوانم نیسبەت بە حیزبی دیموکرات و پێوەندی لەگەڵ ڕێژێمی ئێران پێ غەڵەت بوە، لە کتێبەکەی دیکەمدا (کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خودموختاری) دەوری بارزانیم لەبزوتنەوەی کوردستاندا نیشانداوە، لە سیمینارێکدا لە وەڵامی برادەرێکدا گوتوومە: بارزانی بە ڕەمزی بزووتنەوەی کورد دەزانم، ناکرێ باسی مێژووی کورد، خەباتی کورد و مەسەلەی کورد بکرێ، بەبێ باسکردنی بارزانی و تێکۆشانی لەم ڕێگایەدا، بەڵام ئەگەر بێتە مەسەلەی شیکردنەوەو هەڵسەنگاندن، ئەو دەمەی کە بارزانی سەرۆکی بزووتنەوە بووە جێی ڕەخنە هەیە، ئەوە مەسەلەیەکی دیکەیە، زۆر کەس پێم دەڵێن لە بیرەوەریەکانتدا، مەسەلەکانت شی نەکردۆتەوە هەر شتت نووسیوە، دەڵێم با خەڵاس بم نەخشەیەکی ئاوام هەیە کە لەسەر بزووتنەوەی کورد وەك پێداچوونەوە شت بنووسم و هەڵەکان دەستنیشان بکەم، ئەو پێشوازییەی لە هێنانەوەی تەرمی بارزانیش کراوە، هەقی خۆیەتی، ئەگەر ڤیزام هەبوایە بۆ بەشداری لەم پێشوازییەدا دەهاتمەوە کوردستان، ئەوە بۆچوونمە.

سەرۆ قادر: لەم دوو ساڵی دوای ڕاپەڕین، مسۆگەر بە وردی چاودێری ڕووداوەکانی کوردستان بووێت، ئێستاش دوای چەند ڕۆژ لە هەولێر چاوت بە کاك مەسعود بارزانی و مام جەلال کەوتووە، ڕای ئەو دوو سەرکردەت چۆن خوێندەوە، بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان چەند خۆش بین و

گەشبینی؟

کەریمی حسامی: یەگشتی دەبێ بڵێم خۆشبینم، من لە رابردوودا سیاسەتی یەکێتی نیشتمانی و پارتیم لە بارەی مەسەلەی کوردەوە پێ تەواو نەبووە، هێندێ جار گوتوومەو نووسیوشمە، بەڵام وەك هێز پێم خۆش بووە کە هەن و پێم خۆش بووە هەر بمێنن، لە چاوپێکەوتنی کاك مەسعود و مام جەلال بەخۆشیەوە هەستم بەوەی کرد کە هەرتکیان هەست بە کەم و کوڕی دەکەن، دڵخۆشییەکەم لەوەدایە، کاتێ هەست بە کەموکوڕی دەکەن، واتە دەیانەوێ چاریشی بکەن، هەرتکیان هەست بەوە دەکەن کە وەزعەکە ئاسایی نیە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەم دەسەلآتەی کە دابەش کراوەو دەبێ چاری بکەن، ئەگەر چاری نەکەن، لەوەش ناخۆشتر دەبێت، چونکە لە دنیادا شتی وانیە لە ولآتێکدا دوو حکومەت هەبن، ئەوەی ئێرە حکومەتیش نیە، لە راستیدا دوو حیزبن بوونە دوو حکومەت، لەنێو خەڵکدا هەست بەو ناتەباییە دەکرێ، خەڵك هەتادێ پتر ناڕازی دەبێ، ئەوەش بۆ بزووتنەوەو بۆ حزبەکانیش زیانی هەیە، من هەستم کرد کە خەریکن چاری ئەم وەزعە بکەن، دیارە کەم و کوڕیش زۆرەو هەروا بە سانایی چاری ناکرێ.

سەرۆ قادر: ئەم دابەش بوونە خەڵك لە دەرەوە نەقدی دەکەن و پێی دەڵێن حکومەتی (فیفتی –فیفتی) من نالێم جەنابت بەم دوو سەرکردەیە یان بە حکومەت و پەرلەمان بڵێ چی بکەن، بەڵام تەجرەبەی شوێنان و ئەوەی کە لە واقیعی ولآتی ئێمەش نێزیك بێ، پێت وایە دەبێ بە گشتی

لەسەر مستەوای شەعبی چۆن چاربکرێ؟

کەریمی حسامی: من پێم وایە دوو ڕێگای هەیە، ڕێگایەکیان تازەکردنەوەی هەڵبژاردنە، هەر حیزبێکی زۆربەی دەنگی بۆ درا، دەسەلآت بگرێتە دەست و حکومەت بکا، حیزبی دیکەش سیاسەتی خۆیان هەبێ، بەلآم لە سیاسەتی گشتی دا مل بۆ بڕیارەکانی حکومەت رابکێشن، وەك ولآتانی دیکەی ئەورووپا و ئەمریکا، حیزبێك حکومەت دەکا و ئەوانی دیکەش مخالەفەت دەکەن، ئەوە لایەکی مەسەلەیە، لایەکی تری مەسەلەکە ئەگەر ئەوەیان پێ ناکرێ دەبێ لە شارەکان تەنانەت لە دێهاتیش ئەنجوومەنی شار، ئەنجوومەنی گەڕەك، ئەنجومەنی ناوچە، یەکێتی نووسەران، یەکێتی قوتابیان، یەکێتی چی و چی... بە هەڵبژاردنێکی ئازاد، نەك حیزبیانە دابمەزرێنن با خەڵك کاروباری خۆی بەڕێوە بەرێ، ئەوە کارێکی دیموکراتیانەو مەعقولترە.

سەرۆ قادر: ملکەچی لەبەرامبەر هەڵبژاردندا؟

کەریمی حسامی: من وای بۆدەچم، بەلآم دیارە فارس شتێکی هەیە دەڵێ: (صلاح مملکت خۆیش خسروان دانند).

ئاسۆ کەریم: پڕۆژەی کاری فیکری- سیاسی داهاتوت ئەگەر بکرێ بڵێین چ دەبێ؟

کەریمی حسامی: هەتا لە ئەورووپا بم دەبێ بڵێم هیچ، ئەگەر ئیمکانی وا پێك بێ بچمەوە ولآتی خۆم، دیارە ئێرەش هەر ولآتی خۆمە بەلآد دیسان هەر دەبێ ئەوەی بەکاربێنم، فیکری کاری سیاسیم هەیە، ناتوانم و

هەقیش نیە لە سیاسەت کەنارەگیربم پاش ٥٠ ساڵ تێکۆشانی سیاسی، بەڵام هەتا لە ئەورووپا بم پێم وایە بۆ کاری سیاسی هیچ بەرنامەیەکم نیە.

ئاسۆ کەریم: ئەی کاری فیکری؟

کەریمی حسامی: کاری فیکری ئەگەر پێم بکرێ هەر نووسینەکەیە، جارێ هەروا خەریکی نووسینی بیرەوەریەکانم، نازانم کەنگێ تەواویان دەکەم، ئەگەر ئەوان تەواو بن، بەتەمام لەسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی ئێران، بەتایبەت مێژووی حیزبی دیموکراتی کوردستان بنووسم، ئەوەم پێ خزمەتێك دەبێ چونکە حیزبی دیموکرات زۆری خەبات کردووە لەنێو میللەت دا خۆشەویستە، بەڵام زۆر شتی لێ شێوێنراوەو هیچ لێکۆڵینەوەیەك لەسەر هەڵس و کەوت و هەڵەو ڕاستیەکانی نەکراوە، ئەمە لەبارەی نوسینەوە، بەڵام لەبارەی سیاسیەوە ئێستا لە ئەورووپا هەر دوو سێ کەس خەریکن حیزب دروست دەکەن، داوا لە منیش دەکەن بۆ ئەم کارە، بەڵام بە ڕاستی حیزب دروست کردنم بۆخۆم لە ئەورووپا ئەگەر پێ گاڵتە نەبێ پێم بازارە، هیوادارم خۆ لەکاری ئاوا نەدەم*

---

* لێرەشدا دەمەوێ ئەوەی لە دوای وتوویژی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ) نووسیومە، دووپاتی دەکەمەوە، بەداخەوە گەشبینی یەکەم سەبارەت بە ئەزموونی دیموکراسی کوردستانی باشوور و چارەسەرکردنی گیروگرفتەکان لەلایەن دوو سەرکردەی حیزبی دەسەڵاتدارەوە کەوتە ڕەشبینی، ئەوان ئەوەی بە قسە دەیانگوت، بە کردەوە جۆرێکی تر بزووتنەوە، دەستکەوت و بەرژەوەندی نەتەوەییان فیدای قازانجی تەسکی حیزبی کرد، خوێنی هەزاران زەحمەتکێشی کوردیان بە فیڕۆدا، سومعەو پەرستێژی کوردیان لە

سەردانی سولەیمانی

رۆژی ٩٣/١١/٢٤ بەڕێز مام جەلال ماشێن و دوو پێشمەرگەی ناردن، لەگەڵ کاك مومتاز حەیدەری چوومە سولەیمانی میوانی بارەگای یەکێتی نیشتمانی بووم، دیاربوو مام جەلال نامەی بۆ کاك عومەری سەید عەلی نووسیبوو، لە سولەیمانی سەرێکی مامۆستا کەریم زەندی-م داو یوسفی رێزوانیم دیتەوە، تەلەفزیۆنی پارتی دیموکراتی- یەکگرتوو وتووێژێکی تەلەفزیۆنی تۆمارکرد و کاك حەمەشوان و کاك عەلی لە بارەگای کەرکووکی حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان-عێراق میوانداریەکی برایانەیان کردو تەلەفزیۆنی ئەوانیش وتووێژێکی درێژی تۆمارکرد، لای ئێوارێ گەڕاینەوە بۆ هەولێرو لەگەڵ سوپاس بۆ هاوسەفەری کاك جەلال و کاك دارا دوو پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی لێیان جیابوومەوە.

بەخۆشیەوە کاك عەزیز مەحەمەدیش لە سەفەر گەڕابۆوەو بۆ تەشریف هێنانی بۆلام سەرفرازی کردم.

کاك عەزیز رۆژی ٩٩٣/١٢/١ لەمالّی کاك کەمال شاکر میوانداریەکی کوردانەی ساز کردبوو کە بە بوونی بەڕێز ئەبو داود سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و کاك عومەر عەلی شێخ سکرتێری حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان و کاك مومتاز حەیدەری و میوانەکانی منیش دانیشتنێکی گەرم و خۆمانەمان لەگەڵ خواردنێکی بەتام و خۆش بردەسەر.

جیهان هێنایە خوار، خەڵکیان توشی برسیەتی و بێزاری کرد، بە کورتی ئاوات و بۆچوونەکەم سەبارەت بە بارودۆخی کوردستانی باشوور بە فیڕۆ و بە هەڵە دەرچوو.

رۆژی ۹۹۳/۱۲/۲۷ سەردانی مامۆستا مەلا عەولای حاجی سمایلمان کرد، فراوینمان لای ئەو خوارد و دانیشتنەکەمان بە باسی نووسین و ئەدەبیات و هێندێ یادی رابردوو گەرم داهێنا.

مامۆستا کەریمی حسامی لەوەلامی ئالای ئازادیدا

وتووێژ لەگەڵ ئالای ئازادی

هەڵبەتە مامۆستا کەریمی حسامی پێویستی بە پێناساندن نیە، چونکە کاری دوورودرێژی سیاسی لە رۆژگاری کۆماری مەهاباد تا ئەمرۆکەو هەڵوێستەکانی و دیاربوونی قەڵەمەکەی و شوێنی لەنێو بزاڤی رۆشنبیری بە درێژایی ئەو ساڵانەی چ لە کوردستان بوەو چ لە دەرەوەی وڵات ژیاوە، دیارو بەرچاون، لەسەردانەوەی بۆ کوردستان، رۆژنامەکەمان بە دەرفەتی زانی کە لە نێزیکەوە مامۆستا کەریمی حسامی لەسەر زۆر مەسەلەی گرنگی پەیوەندیدار بە دۆزی میللەتەکەمان بدوێنێ.....

*** ئالای ئازادی: مامۆستا سەرەتا دەمانەوێ لەو مەسەلەیە دەست پێبکەین، کە لە کوردستانی رۆژهەڵات هەتا هەنوکەشی لەگەڵدابێت خودموختاری بە بەرائەت لە جوداخوازی و دڵسۆزی بۆ ئێرانچیەتی سەیر دەکرێت، بەلایەن دوژمنانمانەوە، کەچی دەبینین لە پارچەی باکورمان سەرخۆبوون دەمێکە بۆتە ئامانج و پێنگاڤ پێنگاڤ بەرەو پێش دەچێت و تێکۆشان لەپێناوی گەرمە، لە باشووریشدا لە تەمتومان و کۆت و زنجیری حوکمی زاتی دەرباز بووین روەو فیدرالیزم، رەنگە ئەو مەسەلەیەش هەر جێگای باس و لێکۆڵینەوەمان بێت لەمەڕ ئەوەی ئایە فیدڕالیزمیش هەر وا چەند ساڵی تر بەدەستیەوە بنالێنی ، یا هەنگاوی قەد بڕە بەرەو ستراتیژیەتی سەرخۆبوون؟**

– کەریمی حسامی: مەسەلەی نەتەوەیی یەکێ لە مەسەلە گرێپوچکەکانی رابردوو و سەردەمە و چارەسەرکردنی لە وڵاتی فرە نەتەوەییدا گەلێك

دژوارە، جا ئەگەر بڕوانینە مەسەلەی کورد خۆمان لە داوو بەندی خەیاڵات و ویست و پێخۆش بوون رزگار بکەین و واقیعیەتی مێژوویی و جوغرافیایی و بارودۆخی جیهانی بخەینە بەرچاو، ئەوەم دژواری چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردمان پتر بۆ روون دەبێتەوە، بەبۆچونی من بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد دوو خاڵی سەرەکیمان لەپێشە، پێویستە لەبەرچاویان بگرین:

یەکەم: خاڵی بنچینەیی، بریتیە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس، واتە دامەزراندن و پێکهێنانی دەوڵەتی سەربەخۆو ئازادی کوردی وەك هەموو نەتەوەکانی ئازادی ئەم جیهانە، ئەم خاڵە وەك ستراتیژی بزاڤی رزگاریخوازی کورد دەبێ بکرێتە بناخەی خەبات و تێکۆشان و نابێ قەت رۆژێك لە رۆژان لەبیر بچێتەوەو بخرێتە پشتگوێ، پێویستە کۆمەڵانی خەڵکی پێ گوێش بکرێ و لەباری زانستی و حقوقی و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە لەسەری بنووسرێ و روون بکرێتەوە.

دووەم: دۆزینەوەی رێگای راستی خەبات و شێوەی بەکارهێنانی ئامرازو هۆکاری لەبارو گونجاو بۆ گەیشتن بەو ستراتیژەو بەو قۆناخە، واتە تەکتیکی خەبات و تێکۆشان، لێرەدایە کە بیروڕاو بۆچوونی جیاواز لەنێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردا سەر هەڵدەداو دەبێتە جێگای مشتومڕ لەنێو هێزە سیاسیەکاندا.

من پێم وانیە هەڵگرتنی دروشمی خودموختاری لە کوردستانی رۆژهەڵات (دڵسۆزی بێ بۆ ئێرانچیەتی) بەڵکوو وەك تاکتیکی خەبات بە گوێرەی

بارودۆخی ولآت بەکار دەهێنرێ، هەڵگرتنی دروشمی خودموختاری، رەنگە بۆ هێزە سیاسیەکانی کوردستانی رۆژهەلآت، دروشمی ستراتیژی نەبێ، چونکە گەلی کورد بە گشتی وەدەستهێنانی مافی دیاریکردنی چارەنووس بە ستراتیژی خۆی دادەنێ، رەنگە کاتی ئەوەش هاتبێ کە هەنگاوی زیاتر بۆ پێشەوەو بۆ گۆڕینی دروشمی تاکتیکی قەتیس کراو باوێژرێ، چونکە هەرچی تۆ هاوار بکەی و سوێندو تەلآقان بخۆی کە خودموختاریم دەوێ و نامەوێ لە ئێران جیابمەوە، نەك هەر دوژمنی داگیرکەر، بەڵکو هێزەکانی بە ڕواڵەت دیموکراتیش بڕوات پێناکەن و بە جیاوازیخوازت دادەنێن، ئەم وشەیە وەك شیری دیموکلیس لەسەر سەرت راگیراوە، لام وایە سالّی رابردوو بوو لە بلاّوکراوەیەکی حیزبی دیموکراتدا بەبۆنەی رۆژی پێشمەرگە وتارێك نووسرابوو، بەدوای ئەوەدا جەبهەی میللی ئێران (رێکخراوی پێڕەوی موسەدەق) کە گوێا هێزی دیموکراتی ئێرانە، نامەیەکی سەر ئاواڵەی نووسیبوو لەوێدا گوتبووی: باس کردنی پێشمەرگە یانی جیابوونەوە لە ئێران، هەڕەشەی کردبوو کە نابێ هیچ هێزێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی لەگەڵ حیزبی دیموکرات بەرە پێك بێنێ و یا هاوکاری بکات.

یان لەوکاتەدا کە دوکتۆر شەرەفکەندی لە وتووێژێکدا گوتبووی: (ئێمە پتر لەهەموو کەس خۆمان بە ئێرانی دەزانین) رۆژنامەی کەیهانی لەندەن و دوکتۆر باهیری کۆنە شا پەرست بەبێ شەرمی پەلاماریان دابوو نووسیبوویان: ئەوە فریودانە و دەیانەوێ لە ئێران جیابنەوە، بە کورتی ئەم زاراوە نا پیرۆزەی (تجزیە گلبی) بۆتە چەکێکی ژەنگاوی بۆ

ترساندنی تێکۆشەرانی کورد.

نموونەی زۆر بەدەستەوەن کە لە بەرانبەر ویست و داخوازی رەوای نەتەوەی کورد دا، حکومەتی داگیرکەرو روناکبیرو هێزی راست و چەپی نەتەوەی سەردەست یەکدەگرن، بەلأم لەبەرانبەر ئەو مەترسییەدا هێزەکانی کورد لەجیاتی یەککگرتن، لێك بلأو دەبن.

بەلای منەوە لە کوردستانی دابەشکراو، دروشمەکانی خەبات ناتوانن وەك یەك بن، چونکە بارودۆخی ولأتەکان لەگەلّ یەك فەرقیان هەیە، ئەگەر لە بەشێکی کوردستان دروشمی سەربەخۆیی بەرزدەکرێتەوە، مانای وانیە کە ئەو دروشمە بۆ هەموو بەشەکانی کوردستان راستە، من ناتوانم لەگەلّ هەنگاوی قەدبڕ بم، ئەوە بە قسە خۆشە، بەلأم بەبێ رێگاو بەبێ دەرەتان، بەبێ هەلّسەنگاندنی بارودۆخی ناوچەو جیهان چۆن دەتوانی (هەنگاوی قەدبڕ) باوێژی، تۆ بلّێی لە سیاسەتدا شتی وا هەبێ؟!

بە بڕوای من دروشمی فیدڕالّی بۆ قۆناخی ئێستای بزووتنەوەی رزگاریخوازی دروشمێکی گونجاوەو لەگەلّ بارودۆخی ئێستای جیهان و تواناو دەرفەتی هێزەکانی کوردیش رێك دەکەوێ، پێم وایە دوای ئەم هەموو هەلّسوکەوت و ئەزموونی تالّ، هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەتوانن بۆ وەدەست هێنانی مافی رەوای نەتەوایەتی رێگای راست بدۆزنەوەو کاروانی خەباتی خوێناوی بگەیێنە قۆناخی سەرکەوتن.

*** ئالأی ئازادی: ئەمڕۆ دنیا لەسایەی نەزمی نێودەولّەتی تازە دوای هەرەس هێنانی سۆڤییەت، لەلایەك مۆژالّی بانگەشەی دیموکراسیەت و**

مافی مرۆڤە و لە لایەکی تریش گێژاوی گرفتە سیاسییەکان و کێشەو رووداوەکان روانگە دەگرێ؟ پێتان وایە رووداوەکان بەرەو کوێ پێ هەڵدەنێن؟

- کەریمی حسامی: ئەم زاراوە ، واتە (نەزمی نوێی جیهانی) دوای شەڕی کەنداوو هەرەس هێنانی سیستمی سۆسیالیستی پێشوو کەوتۆتە سەرزارو زمانان و لەنێو ئەدەبیاتی سیاسیدا دووپات دەکرێتەوە، بەڵام بەبۆچوونی من ئەم (نەزمی نوێی جیهانی یە) کەوا زۆر باسی دەکرێ، هێشتا بەتەواوی سەقامگرتوو نەبووەو نەکەوتۆتە جێ، ئەگەر بە وردیش بڕوانینە رەوەندی ماوەی سەرهەڵدانی (نەزمی نوێی جیهانی) تەنیا دوو خاڵی سەرەکی بەرچاو دەکەون کە بریتین لە تێکچوون و هەڵوەشانی قەوارەو سیستمی پێشووی سۆسیالیستی و نیشاندانی هەیکەلی ئیمپریالیزمی ئەمریکا وەک تاقە زلهێزی ئەمڕۆی جیهان، بەڵام نەک تاقە دەسەڵاتی بێ هاوتا، چونکە دەبینین لە هێندێ مەسەلەدا بەتەواوی ئاوی لەدوو بێڵی ناڕوات، هێزی دیکەش هەن کە دەیانەوێ لە ڕاپەڕاندنی کێشەو گرفتەکانی جیهاندا خۆ بەشدار بکەن، وەک مەسەلەکانی بازرگانی و بۆسنەو هەرزەگوێن و پێوەندی لەگەڵ ئێران و هتد.... جێگر نەبوونی نەزمی نوێی جیهانی بەر لە هەموو شت لە ڕاپەڕاندنی دوو وشەو دوو مەقوولەدا دەردەکەوێ کە زۆر باس دەکەن و گۆیا بناخەی ئەم ئەزموونە نوێیەش لەسەر ئەم دوو مەقولەیە دامەزراوە، ئەویش (دیموکراسی و مافی مرۆ)یە، بەداخەوە تا ئێستا هیچ یەک لەم دووانە لە جیهان و لە (نەزمی نوێ)دا نەهاتوونەجێ، یان ئەگەر بەبۆچوونی هەندێ کەس ئەم دوو خاڵە

بەجێ هاتبن، بە بۆچونی من لە چوارچێوەی بەرژەوەندی ئەم دەوڵەت و ئەم هێزانە بە ئەنجام گەیشتوون.

لە بواری دیموکراسیدا پێشتریش لە دنیای سەرمایەداریدا دیموکراسی سیاسی و ئازادی دەربڕینی بیروڕا هەر هەبوو، بەڵام دیموکراسی ئابووری تەواو نەبوو، ئێستاش هەر تەواو نیە، (نەزمی نوێی جیهانی) لەباری ئابووری یەوە هیچی تازەی بەدیاری نەهێناوە، هەتا فەرق و جیاوازی شیمال و جنوب هەبێ، لە هێندێ ووڵاتی جیهان خەڵک لە تێرو تەسەلیدا بژین و کۆمەڵی مەسرەفی دامەزرابێ و بەڵام لە زۆربەی ووڵاتانی دنیا خەڵک لە برسان بمرن بێکاری و برسیەتی و نەخۆشی بەسەر کۆمەڵانی خەڵکدا زاڵ بێ، قسەکردن لە دیموکراسی ئابووری تەنیا بە باداکردنی وشەیە، بەڵام لەوانەیە مەسەلەی دیموکراسی تەنیا نەبەستێتەوە بە دنیای سەرمایەداری، لە سیستمی سۆسیالیستی پێشووش دا باسی دیموکراسی دەکرا، لە کاتێکا حاشا لەوە ناکرێ کە لەم ووڵاتانەدا دیموکراسی و دەربڕینی بیروڕا پێشێل کرابوو، هەرچەندە تا ڕادەیەکی زۆر بە گوێرەی بارستایی داهاتی نەتەوەیی و دیموکراسی ئابووری رەچاو دەکرا، ئێستا ئەم مەسەلەیە زۆر باس دەکرێ کە گوایا لە سایەی (نەزمی نوێی جیهانی) دیموکراسی پێشێل کراو لەم ووڵاتانەدا زیندوو بۆتەوە، بەڵای منەوە ئەوەی دوای تێکچوونی سیستمی سۆسیالیستی پێشوو، وە لە سایەی یەکلابوونی زلهێزەکان لە جیهاندا لەم ووڵاتانەدا زیندوو بۆتەوەو پەرەی گرتوە، بریتیە لە بێکاری، برسیەتی، دزی و جەردەیی و پیاو کوژی و بێ ئەخلاقی و لەبەریەک هەڵوەشانی ژێرخانی ئابووری و تێکچوونی نەزم و

دابی کۆمەڵایەتی، پێویست ناکا زۆر لەسەر ئەم باسە بڕۆین، نموونەی هەرە بەرچاوی ئەم دیموکراسییەی کە هەموو دەوڵەتە مەزنە (دیموکراتە)کانی سەرمایەداری پشتیوانی لێ دەکەن تۆپ بارانی پەرلەمانی روسیا بوو لە مۆسکۆ لە لایەن یەلتسینەوە کە لە مێژووی سەدەی بیستەمدا جارێکی تر مەحەمەد عەلی شای قاجار بە ئەفسەرانی رووس پەرلەمانی ئێرانی وەبەر تۆپاندا.

بەڵام لەبارەی مافی مرۆڤ، لام وایە ئەویش هەروەک دیموکراسییەکە گاڵتەی پێدەکرێ و دەکرێتە جەغزی بەرژەوەندی دەوڵەتە گەورەکانەوە، شیکردنەوەی ئەم باسە زۆری پێدەوێ، من تەنیا بە کورتی مافی نەتەوەی خۆمان، نەتەوەیەکی ٣٠ ملیۆنی باس دەکەم کە بە ئاشکراو لەبەرچاوی ئەم (مافپەروەرانە) خراوەتە ژێر پێ و لەسەریشی وەدەنگ نایەن، خۆ ئەگەر ئەو مافە بەگشتیش باس نەکەین ئیمڕۆ مەسەلەی مافی مرۆڤ لە کوردستانی خواروو لە بواری سیاسی و ئینسانییەوە یەکێ لە مەسەلە گرنگ و ئاڵۆزەکانی جیهانەو هەق وایە دەوڵەتە مەزنەکان لە چارەسەرکردنی ئەو مەسەلەیەدا ساوەساو نەکەن و بۆ ئەنجامدانی مافی مرۆڤ لە کوردستان هەنگاوی خێراو شێلگیر باوێژن.

بەڕای من ماوەیەکی پێدەوێ تا نەزمی نوێی جیهانی بەتەواوی سەردەگرێ، تازە ئەوەش پێشبینی ناکرێ کە سەرکەوتنەکەی چۆن دەبێ و چۆن دەتوانن مەسەلە گرێپوچکەکانی جیهان چارەسەر بکەن؟

*** ئالای ئازادی: وەکو دەزانین بزاڤی چەپ و چەمکی چەپ دوا**

روداوەکانی ئەم دواییەی دنیا گۆڕانی بەسەردا هاتوە، چ لە بەخۆداچونەوەی خودی چەپ، چ لە فراوانبوونی هەنجەت و هێرشی ئەوانیتر بۆ سەر چەپ، ئایا بەنەزەری بەڕێزتان ئەرك و ڕۆڵی چەپ لە قۆناخی ئەمڕۆکەی کوردستان چیە؟

– کەریمی حسامی: ئیمڕۆ چەپ بە گشتی تووشی قەیرانێکی فیکری و تەنزیمی بوە، ئەو قەیرانە چەپی ئەوروپاشی گرتۆتەوە، گۆڕانکاریەکانی جیهان و نەمانی سیستمی بەناو سۆسیالیستی پێشوو تەنانەت کاری کردۆتە سەر حیزبە سۆسیال دیموکراتەکانی ئەوروپاش، دەبینین زۆربەی حیزبگەلی سۆسیالیست و سۆسیال دیموکرات لە هەڵبژاردنی پەرلەمانیدا زۆربەی دەنگیان وەدەست نەهێنا، بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە چەپ بەچۆکدا هاتووە و بە قسەی هێندێ کەس دەبێ فاتیحای بۆ بخوێنی، من لام وایە چەپ بە ڕابردووی خۆی دێتەوە هەڵەو کەم و کوڕیەکان دەستنیشان دەکات و بۆ خەبات تێکۆشانی خۆی ڕێگای تازەو شێوەی گونجاو دەدۆزێتەوە، لە قۆناخی ئێستای کوردستاندا ئەرکی چەپ بەر لە هەموو شت دراسەکردنی خەباتی رابردوو پێداچونەوەو هەڵسەنگاندن و لێکدانەوەی بارودۆخی کوردستان و داڕشتنی بناخەیەکی پتەوی تاکتیکی راستی تێکۆشانە، لام وایە چەپی کوردستان ئەگەر لەسەر ئایدیۆلۆژیای وشك پێدانەگرێ لەسەر بناخەی بەرژوەندی گەلی کورد بەرەو یەکێتی و پتەوکردنی ریزەکانی هەنگاو هەڵێنێ دەتوانێ ڕۆڵی شیاوی خۆی لەنێو روداوەکانی ئیمڕۆی کوردستاندا دیاری بکات.

*** ئالای ئازادی: ئەگەر پەیامێکتان بۆ چەپ هەیە؟**

– کەریمی حسامی: بۆ چەپی کورد پەیامێکم نیە، بەڵام ئاوات و هیوای سەرکەوتنم هەیە بۆ خەباتی چەپ لە کوردستاندا.

*** ئالای ئازادی: ماوەیەکی درێژە لە هەندەران ژیان بەسەر دەبەی و سەرقاڵی کاری رۆشنبیری، ئایە ئەقڵیەتی کۆنی حیزبایەتی واتە هی شاخ کە بەشێکی زۆری لە مێژووی سیاسیمان داگرتوە، بەتایبەتیش دوای گۆڕانەکان بەرگی دیموکراسی لەبەر زۆر رووداو دەکرێ، پێویستە بڵێین لەم حاڵەتەدا بەبێ گەشەکردن و بەرەوپێش چوونی ژێرخانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا هەمیشە دیموکراسیەتێکی رووکەش دەبێت، دەپرسین ئەو واقیعە چەند دەنگی لە بزاڤی رۆشنبیری کوردان لە دەرەوە داوەتەوە؟**

– کەریمی حسامی: مێژووی سیاسی و خەباتی ریزگاریخوازی نەتەوەکەمان بەقۆناخی جۆراوجۆر دا تێپەڕیوە، حیزبایەتی چ لە شارو چ لە شاخ بە گوێرەی بارودۆخی وڵات و دەرفەت و ئیمکانات لە کوردستان بەڕێوە چوە و رەنگە تووشی ناتەواوی و کەموکوڕیش بووبێ، لەبەر کردنی بەرگی دیموکراسی شتێك لە واقعیەت ناگۆڕێ.

مەسەلەی دیموکراسی بە چەشنی وشك و موتڵەق پێم وانیە ببەسترێتەوە بە گەشەکردن و بۆ پێشەوەچوونی ژێرخانی کۆمەڵگاوە، گەلێك هۆکاری دیکەش هەن کە لە جێگیر بوونی دیموکراسی واقیعیدا دەور دەبینن، رەنگدانەوەی ئەم واقیعە لە بزاڤی رۆشنبیری کورد دا لە دەرەوەی وڵات بەشێوەی جۆر بەجۆر خۆی دەنوێنێ، چونکە بزووتنەوەی رۆشنبیری

کورد لە دەرەوە هەروەک نێوخۆی ولآت لەسەر یەک رێبازو بۆچوون ساخ نەبۆتەوەو پتر لەژێر تەئسیری رووداوەکانی رۆژ دایە.

ئالآی ئازادی: پرسیارێك کە دیسان دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ناوەوە لە کوردستان ئایا بە بۆچوونی بەڕێزتان ئەرکی میژوویی ئەمڕۆکەی رۆژنامەنووسی لە کوردستان چۆن دەبێ؟

– کەریمی حسامی: چاپەمەنی ئەرکێکی گرنگیان لەسەرشانە، بەتایبەت لە بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستاندا ئەرکی قورستر دەکەوێتە سەرشانی رۆژنامەنووسی کە رووداوەکان بە راشکاوی و بەراستی بۆ کۆمەلآنی خەلّك روون کاتەوە، بیروڕای جیاواز بلآوکاتەوە، لە رەخنەو پێشنیاری داهێنەر نەترسێ، تەنیا لە رێگای رۆژنامەو راگەیاندنەوە کۆمەلآنی خەلّك دەتوانن لە رووداوەکانی ولآت ئاگادارین و لە چارەسەرکردنی کەم و کوڕیەکاندا بەشداری بکەن.

رێگای کوردستان لە حزوری مامۆستا کەریمی حسامی دا

وتوویژی رۆژنامەی رێگای کوردستان

۱۹۹۳/۱۲/۷ رۆژنامەی رێگای کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان –عێراق لە ژمارە ۸۱ ی خۆیدا ئەم وتوویژەی خوارەوەی بلآوکردبۆوە:

* مامۆستا کەریمی حسامی لە ساڵی ۱۹۲٦ لە بنەماڵەیەکی جوتیاری کورد لە کوردستانی ئێران لەدایك بوە، هەر لەسەرەتای ژیانیەوە خەریکی

جوتیاری بوەو ماوەیەك بۆتە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف و پاشانیش چۆتە ریزی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە و هەتا ساڵی ١٩٨٤ ئەندامی حیزبی دیموکرات بووە، هەر لە ساڵی ١٩٨٤ وە دەستی لەکاری سیاسی هەڵگرتوەو ئێستاش لە سوید دەژی، مامۆستا کەریمی حسامی لەو ماوەیەدا کە لە ئەورووپا ژیاوە لەگەڵ هێندێك لە هاوڕێ یەکانیدا بۆ ماوەی پێنج ساڵی رۆژنامەی (سەردەمی نوێ)ی دەرکردوەو تا ئێستاش هەشت بەرگی لە بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوەتەوەو بەردەوامە لە نووسینیشدا، سەرجەمی ئەو کتێبانەی کە نووسیویەتی و وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی نێزیکەی ٣٠ بەرگە. ئێستاش هەرچەندە لە جیهانی سیاسەت دوورە بەڵام خەریکی کاری فیکری و ئەدەبییە.

لەپاش گەیشتنی مامۆستا کەریم بۆ کوردستانی ئازادکراو سەرەتا سەردانی بارەگای کۆمیتەی ناوەندی حیزبمانی کردو ئێمەش بە هەلمان زانی کاتێکی لەگەڵدا دیاری بکەین و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵدا سازبکەین تاوەکوو خوێنەرانی رۆژنامەکەمان لە نزیکەوە ئاگاداری بیروبۆچوون و تێڕوانینی مامۆستا کەریم بن سەبارەت بە فیکری مارکسیزم.. ئەمەش دەقی چاوپێکەوتنەکەیە. (بەهار چاوپێکەوتنەکەی سازداوە).

پ- کارتێکردنی رووداوەکانی یەکێتی سۆڤییەتی پێشوو و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات لەسەر فیکری سۆسیالیستی چی یە؟

و- ئەو کارەساتەی بەسەر بەرەی سۆسیالیستی داهات، کارەساتێکی گەورەبوو، کارتێکردنێکی زۆریشی کردۆتە سەر هێزی چەپ و فیکری

چەپ لە جیهاندا، هەر بۆیەش چەپ ئێستا خەریکە بەخۆدا بچێتەوەو لە رابردوو تەجروبە وەربگرێ و رێگای تازەو شێوەی نوێی خەبات بۆ خۆ هەلبژێرێ کە لەگەلّ رەوتی پێشکەوتنی دنیادا بگونجێ.

من پێم وایە زۆر بەهەلّە دەچین گەر پێمان وابێ لەگەلّ تێکچوونی سیستمی سۆسیالیستی مەوجود هەموو فیکری چەپ و سۆسیالیستی لەناو دەچێ، بەلّکو ئەمە بوە هۆی ئەوەی کە رێگای تازە بدۆزێتەوەو خۆی بە شێوەیەکی نوێ رێك بخات کە لەگەلّ سیستمی ئێستای جیهانیدا بگونجێ و خەباتی خۆی بەرەو پێش بەرێ.

پ- لەپاش ئەو گۆڕانکارییانە هەلّوێستی مامۆستا کەریم لە مارکسیەت چی یە؟

و- من ئەوەندەی بیرم کردبێتەوە و تێگەیشتبم خۆم بە ئینسانێکی مارکسی زانیوەو دەزانم لە ژیانمدا هەرگیز ئەوە شاراوە نەبوە، بەلاّم لە پێش هەموو شتێکدا کەلّك وەرگرتنم لە مارکسیزم بۆ ئەو مەبەستە بوە کە ئازادی و بەختەوەری بۆ خەلّك دابین بکەم و لەپێش هەموو کەسیشدا میللەتەکەی خۆم، میللەتی کورد، ئێستاش لەدوای ئەم گۆڕانکارییانە زیاتر بڕوام بە مارکسیزم پتەوتر بوەو پێم وایە رێگای ئازادی میللەتانیش هەر مارکسیزمە، بەلاّم من لەگەلّ یەك شتدا نیم کە لەوانەیە پێشتریش وەك هەموو مارکسییەکی دیکە تووشی ئەو هەلّەیە بووبم، ئەویش ئەوەیە کە نابێ بە ووشکی چاو لە مارکسیزم بکەین، جەوهەری دیالکتیك لەوەدایە کە لەگەلّ رووداوەکاندا بڕوات و لێی دوانەکەوێ.

دەربارەی هەڵوێستم لە مارکسیزم لەم دواییەدا ناميلكەيەكم نووسیوە بەناوی (بادانەوە) هەرچەندە ناوی هیچ کەسێکم نەهێناوە بەڵام لەوانەیە هەر کەس بیخوێنێتەوە بڵێ لەگەڵ مینەتی، لەکتێبەکەدا رەخنەم لەو کەسانە گرتوە کە هەتا دوێنێ پێ یان نەگوترابا چەپ، یا کۆمۆنیست لەوانەبوو لەگەڵ پیاو بەشەڕهاتبان، بەڵام ئێستا لەگەڵ گۆڕانی سیستمی سۆسیالیستی پێشوو ١٨٠ دەرەجە بایان داوەتەوەو وازیان لە هەموو شت هێناوە.

من لەگەڵ ئەو بیروڕایەنیم ، پێم وایە چەپ دەبێ ئیستقرارو کەسایەتی خۆی بپارێزێ، بۆ دۆزینەوەی شێوەی نوێی خەبات و رێگای تازەی تێکۆشان هەوڵ بدات.

پ- بەو پێیەی کە جەنابت لە ئەوروپا دەژیت و لە نێزیکەوە ئاگاداریت ئێستا سەرمایەداری بانگەشەی کۆتایی هاتنی مێژوو دەکات، ئایە ئەم بیرە تا چ رادەیەك جێگای قەناعەتی خەڵکەکەیە؟

و- پێم وانیە ئەم بیرە لەنێو زەحمەتکێشانی ئەوروپا دا سەقامگرتوو بێت و جێی خۆی بگرێ، سەرمایەداری ئێستا لە قەیرانێکی ئەدواریدا دەژی، ئەمەش هەر ئەو قەیرانەیە کە مارکس باسی دەکات، ئێستا لە ولاتانی سەرمایەداریدا بێکاری، جیاوازی و ناکۆکی نێوان خەڵك هەستی پێدەکرێ، نوێنەری حیزبی کۆمۆنیستی ئەمریکا لە وتارێکدا دەڵێ: (لە دەوڵەمەندترین ولاتی سەرمایەداری لە زۆر شاران هەژاری بەتەواوی مانا هەیە، خەڵك بە سەف رادەوەستێ تاکو تکەو چکە شۆرباوێکی دەست

دەکەوێت، لە ولاتانی سەرمایەداری تەنیا ١٥٪ خەڵك لە خۆشیدا دەژین.

ئێمە با تەنیا سوید و ئەڵمان و فەرانسە بە سەرمایەداری نەزانین، سودان و عێـراق و ئێـران و هیندوسـتان و مەکسـیك و بـەرازیلیش ولاتـی سەرمایەدارین کە رۆژ نیە زیاتر لـە ٤٠ منـدالّ لـە برسـان نـەمرێت، بـەلای منەوە ئەوە بۆچونێکی عیلمی نیە کە بڵێی سەرمایەداری کۆتایی مێژووە، زەحمەتکێشـانی ولاتـانی ئـەوروپاش هەسـت بـەوە دەکـەن و لەپێناویـدا خەبات دەکەن، دەبێ ئەوەش لەبیر نەکەین کە سەرمایەداری جێی خـۆی گرتوەو ئەو دەرفەتەی بۆ پێکهاتوە کە لە ولاتە پێشکەوتوەکاندا هێنـدێ ژیـانی خـەڵك دابـین بکـات، ئەمـەش تـا ڕادەیـەك تەئسـیری دەبـێ لـەنێو خەڵکدا.

پ- بارودۆخی چەپەکان و مارکسییەکان لە ئێراندا چۆنە؟

و- لە ئێراندا بەخۆشیەوە یا بە ناخۆشی یەوە چەپ و مارکسی ئەوەندە زۆرە لە حیساب نایە، بەڵام گۆڕانێکی زۆر لـە فیکـری چـەپدا پێکهـاتوە، هێندێکیان هەر بـە جـارێ وازیـان لـە فیکـری چـەپ هێنـاوە، هەرچـەندە خۆیان بەناوی چەپ دەردەخەن، بەڵام لە نووسین و بیروبۆچوونەکانیاندا، تەنیا بە ڕەخنـە گـرتن لـە مارکسـیزمەوە ناوەسـتنن بـەڵکو بـیرو بـاوەڕو ئایدیۆلۆژیاکەش ڕەت دەکەنەوە، هێندێکی تریـان بڕوایـان بـە مارکسـیزم هەیە، بەڵام وەك هیچ گۆڕانێك بەسەر دنیادا نەهاتبێ بە فیکرێکی ووشـك و لەقاڵب دراوە نووسـاون، ئـەم دوو ڕەوتـە لـە چـەپی ئێرانـدا بـە ڕوونـی دەردەکەوێت.

پ- دەربارەی توانای بەرەی چەپەکان لە ئێراندا؟

و- بەگوێرەی ئەو بلاوکراوانەیان کە دەگاتە ئەوروپا، پرۆسەیەك بۆ یەکگرتنی چەپ لە ئارادایە، بەلام کام چەپ؟ هەتا ئەو چەپەی کە بە جارێك ئیدیۆلۆژیای وەلاناوەو ئەو چەپەی کە هێشتا بە بیری وشك و قەتیس کراوەوە نووساوە و لەگەڵ جەمهوریخوازان کە بیرو باوەڕیکیان نیە و لەگەڵ لایەنگرانی پاشایەتی کۆنیش دەیانەوێ یەکبگرن! دەیانەوێ بەرەیەك ساز بکرێ، ئیتر نەك لەگەڵ بیروباوەڕی چەپ یا ڕاست، بەڵکو مەبەستی سەرەکیانی ئەوەیە لە ئێراندا حکومەتێکی نوێ بێننە سەرکار، دیارە سیستمی حکومەتەکەشیان دیاری نەرکردووە کە دەبێ چۆن حکومەتێك بێن تەنیا ئەوەندەیە کە ڕێژێمی ئێستا لە بەین بچێت و هەڵبژاردنێکی ئازاد بکرێت، هەروەها لەبارەی دیموکراسیەوە زۆر دەنووسن، هەریەکەو بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی شت دەنووسێ، تا ئێستا ڕێبازێکە ئاشکراو هێڵێکی پەسەندکراو لەنێو حیزبەکانیشدا نی یە کە لە تێکۆشانیاندا پەیڕەوی بکەن.

پ- وەك جەنابتان ئاگادارن لەم ماوەی پێشوودا حزبی تودە کۆنگرەی خۆی بەست، ئایە جەنابتان بانگ کران بۆ ئەو کۆنگرەیە؟ ئەگەر ئامادەبویت چۆنی هەڵدەسەنگێنیت؟

و- من لە ساڵی ۱۹۷۰ ەوە کە لە رادیۆی پەیکی ئێران کارم دەکرد، ئیتر هیچ پەیوەندییەکم لەگەڵ حیزبی تودەدا نەماوە جارێك بە ڕێکەوت و بە کۆششی هاوڕێ (عەزیز مەحمەد) لە چیکسلۆڤاکیا لەگەڵ سکرتێری

حیزبی تـوده دانیشـتم و ئـەوەی دەمزانـی لەبارەیانـەوە پـێم راگەیانـد و رەخنەو تێڕوانینـی خـۆم بـۆ روون کـردەوە، ئـیتر ئاگـام لێیـان نیـەو لـە کۆنگرەشیاندا بەشداریم نەکردووە.

لە سالّی ١٩٦٢ وە تا ئێستا دوو سێ گۆڕانی گەورە بەسەر حیزبـی تـودە دا هاتوە، ئێستاش پاش کۆنگرەش دیسان گۆڕانیان بەسەردا هاتوە، هیچ چالاکیەکی حیزبی تودە لە ئەوروپا دیارنیە، تەنیا رۆژنامەی مـەردوم کـە جاروبار بەناوی حیزبی تودە دەردەچێ، پێم وانیە کە حیزبی تودە ئیمڕۆ هـیچ کـارتێکردنێکی لەسـەر چـەپ و ڕووداوەکـانی غـەیرە چـەپی ئێرانـدا هەبێ.

پ- گـۆڕانی هـەڕێمی کوردسـتانی حیزبـی شـیوعی عێـراق بـۆ حیزبێکـی شیوعی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

و- هەرچەندە ئەوە کاروباری نێوخۆی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقە ، بەڵام من بەو گۆڕانکارییەو بە دڕووست بـوونی حیزبـی کۆمۆنیسـتی کوردسـتان خۆشحاڵم، بـەڵام بـە بۆچـوونی مـن هێشـتا کـەم و کـوڕی هەیـە، لـەپێش بەستنی کۆنگرەدا پـڕۆژەی بەرنامەکـەم خوێندۆتـەوە، پـێم وایـە هێشـتا لەژێر کارتێکردنی هێندێك نووسین و کارتیگۆری رابردووداییـە، بـۆ نموونـە مەسـەلەیەك هەیـە دەمـەوێ بەتایبـەت دەستنیشـانی بکـەم، ئـەویش (تێکۆشانی دژی زایۆنیزمە) کە لە بەرنامەکەدا هاتوە، بـەڕای مـن بـوونی ئەو دروشمە لە بەرنامەی ئەمڕۆی حیزبی کۆمۆنیستی کوردستاندا جێگای خۆی نیە، ئەگەر لەبەر خـاتری عەرەبـە، ئـەوەتا عـەرەب لەگـەڵ زایـۆنی

رێککەوتووە.

بەبۆچوونی من ئەگەر حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان ئیمڕۆ سیاسەتی نەتەویی خۆی بەرێتە پێش و لەگەڵ رەوتی ئیمڕۆی دنیا خۆی رێك بخات، دەتوانێ لەنێو زەحمەتکێشانی کوردستاندا جێی خۆی بکاتەوە، هەروەها نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ کە حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و کوردستانیش تا ماوەیەك پێش ئێستا، یەکێ لە هێزی کاریگەرو بەرچاوی عێراق بوە، بەڵام ئێستا بەداخەوە وانیە، لەبەر ئەوە پێویستە جارێك بە سیاسەتی خۆیدا بچێتەوە، بەڵام ئەوەی کە پەرێشانی کردوم، جیابونەوەی هێندێ لە تێکۆشەرانە کە لە حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان جیابوونەوە، چونکە بەڕای من هەموو ئەو کەسانەی کە بیری چەپیان هەیە و بەناوی کۆمۆنیست کاردەکەن، لە کوردستان لە حیزبی کۆمۆنیستی کوردستاندا یەکیان بگرتایە، سیاسەتێکی نەتەوەیی باشیان پەیڕەودەکرد.

پ- داوات بۆ خوێنەران و کۆمۆنیستان بەتایبەت چیە؟

و- رەنگە من ئیجازە بەخۆم نەدەم کە شتێك بۆ مارکسیەکان پێشنیار بکەم، بەڵام هیوای خۆم دەردەبڕم کە ئەوانەی خاوەن بیری مارکسین، خاوەنی بیری چەپن، و ئامانج و ئاواتیان بەختەوەری میللەتی خۆیانە بتوانن بەشێوەیەکی مەعقول بۆ یەکگرتنەوەی خەبات و نەهێشتنی ناکۆکی و دۆزینەوەی رێبازێکی یەکگرتووی راست بۆ ئاسایش و بەختەوەری و چارەسەرکردنی مەسەلەی ئیمڕۆی کوردستان و بردنە پێشی ئەزموونی ئێستای کوردستان پێکەوە بەتێکڕایی خەبات بکەن).

رۆژی ۱۹۹۳/۱۲/۱ ئێوارەکەی سەردانی حیزبی پارێزگارانی کوردستانم کرد، لەلایەن کاك نەجمی عومەر ئاغاو دوو ئەندامی رێبەرایەتی پێشوازیمان کرا، لە دانیشتنێکی دۆستانەدا برادەرێکیان ئامانج و پڕۆگرامی حیزبی بۆ روونکردنینەوە، حیزبی پارێزگارانی کوردستان سەربەخۆیی ویلایەتی موسڵی کردۆتە بناخەی تێکۆشان و سیاسەتی خۆی، لە پڕۆگرامی حیزبدا کە بە زمانی عەرەبی نووسراوە سەربەخۆیی و مافی ئینسان و دیموکراسی بە ئامانجی حیزب دانراوە، لە بارەگای حیزب نەخشەی ویلایەتی موسڵ و مێژووی راپەڕین و شۆڕشەکانی کوردیان لە تابلۆیەکدا هەڵاواسیوە کە منیش ڕەسمم لێ هەڵگرتن.

گەڕانەوە بۆ ئەورووپا

مامۆستا هادی چاوەشلی بۆ فراوینی رۆژی ۱۲/۲ داوەتی کردبووم، بەداخەوە لەبەر تاڵۆکەی کاك خەلیلی هاوسەفەرم نەمتوانی بچمە خزمەتی، رۆژی ۱۲/۲ کە سەفەرم دەکرد، کاك قادر عەزیز بە تەشریف هێنان بۆ لام خۆشحاڵی کردم، کاك فارس باوەی ڕەحمەتی هاتەلام، نامەیەکی بەخەتی خۆی بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی و کاك مەسعود بارزانی نوسیبوو، داوای لێکردم کە تەماشایەکی بکەم و بەخەتی خۆم بۆی بنووسمەوە، نامەکەم لێ وەرگرت، لام وایە یەك دوو جێ دەستکاریم کردو بۆم نووسیەوە و ئەوەی بەخەتی خۆی نوسیبووی لای خۆم گلم داوەو لێرەشدا بلاوی دەکەمەوە چوونکە پێم وایە ئەوەش گۆشەیەکە لە ڕەوەندی خەبات و فیداکاری و چۆنیەتی ژان و ئازاری بەشێکی

گەلەکەمان.

نامەی فارس باوەی رەحمەتی

(بۆ مەکتەبی سیاسی بەڕێز وەو سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان یەکگرتوو کاك مەسعود بارزانی بەڕێز سلاوێکی گەرم.

ئەمن لە ساڵی ٦٢ لە پارتی دیموکراتی کوردستان شەرەفی ئەندامەتیم پێدرا چوومە ریزی پێشمەرگایەتی لە رێی بارزانیی نەمر خەباتم کرد تاکو مانگی پێنجی ٧٥ بنەماڵەی خۆمان ژمارەی ١١ یازدە شەهیدمان داوە چوار برام وە خوشکم وە مامم وە چوار ئامۆزام، زیاتر لە ١٠٠ سەت رەفیقی خۆشەویستتر لە برایەکانم ، ئێستاش مالّ و منداڵەکانیان لەوپەڕی ناخۆشیدا دەژین لەبەر نەبونی و برسیەتی کەسێك نیە پرسیاریان لێ بکات، لەبەر ململانێ و شتی لابەلا هەر هەموو شتێکی پێویست لەفکر کراوە، لەبەر ئەو هۆیانە ئەمن ناتوانم ئەرکی سەرشانی خۆم ئەنجام بدەم لەبەر ئەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەم عەفوم بکەن و هەر دڵسۆز دەمێنمەوە بۆ میللەتەکەم، زۆر سوپاس براتان فارس باوە... ..٩٣/١٢/١).

کاك فارس دەیویست تا زاخۆ لەگەڵم بێ، بەڵام ئەوکات دیموکراسیەکەی حکومەتی کوردستان هێشتا نەگەیشتبووە رێگری و تاڵان و کوشتن و لەژێر پێ نانی هەموو شوێنەوارێکی ئینسانی لە کوردستاندا ، بۆیە نەمویست کاك فارس زەحمەت بدەم، تاکسی یەکمان گرت و لەگەڵ کاك خەلیل بێکەس رۆژی ١٩٩٣/١٢/٢ کوردستانمان بەرەو تورکیا بەجێ

هێشت.

لە سنوور مەسەلەی حاجی شوفێرەکە سەت دۆلاری بەناوی سەیارەی گومرگ لێ وەرگرتبووین، لەگەڵ کاك مەحەمەد سلیوانی و کاك سەربەست زاخۆلیم باسکردو گوتم ئەگەر کابرا درۆدەکا و لەگەڵی شەریك نین، بیهێنن، ناردیان بیدۆزنەوە، نەیاندیتەوە، سەربەست گوتی: (دەیدۆزینەوە، پارەکەی لێ دەستێنینەوەو بەخێری تۆ دەیدەین بە فەقیران!!) گوتم مانای ئەوەیە پوش بەسەرتان کرد.

کوردستانمان بەسەدان هەست و دیتن و روداوی خۆش و ناخۆش بەجێهێشت و هاتنیە دیاربەکر، رۆژی دوایی کە سواری فڕۆکە دەبووین، لەگەڵ پۆلیسی تورکیا تووشی قڕەبووین، لە هەولێر کاك فارس باوەی رەحمەتی خەنجەرێکی دەبانی نایابی بە یادگار دابوومێ، هەرچەند جوان لەنێو نایلۆندا پێچابوومەوە، بەلأم دەزگای تەفتیش کەشفی کردو جانتایان کردەوە، پۆلیس کە چاوی پێکەوت، قوت بوو، گوتی: (بوپیچاغ در، ئادەم ئوێلدرر) (ئەوە چەقۆیە پیاو دەکوژێ).

گوتم (چەقۆ نیە، ئەوە خەنجەرەو دەبانیشە و نەك هەر پیاو کەلێش دەکوژێ، بەلأم بەدەستمەوە نیەو لە جانتا دایەو جانتاش فڕۆکە هەلێدەگرێ، گوتی: یاساغە، گوتم تۆش بیگێڕیەوە ناتوانی هەلێگری، بۆتۆش هەر یاساغە، باشترە وەك یادگار لەلای من بمینێتەوە، پێکەنی ، گوتی هەلێگرە، دیتمان تورك و پۆلیسی جوامێریش هەیە!

لە گەڕانەوەدا بەناوی (سەفەر بۆ کوردستان) خەریکی نوسین و

ئامادەکردنی بەرگی نۆهەمی بیرەوەرییەکانم بووم، جاروبار لە رادیۆ کوردیەکانی کە لە ستۆکهۆڵم بڵاو دەبوونەوە لەگەڵ چەند برادەرێکی دیکەو یا بەتەنیا سەبارەت بە باسی مەسەلە جۆربەجۆرەکانی کوردستان بەشداریم دەکرد.

٩٩٤/٣/١٢ بە تەلەفۆن خەبەری داخداری مردنی کوتوپڕی جەلالی کوڕی سەید حەسەنی هاشمی یان پێڕاگەیاندم، هەواڵێکی دڵتەزێن بوو، هەر ئەو شەوە لەگەڵ دایکی کەمالّ و کاك ناسری ئیبراهیمی و خێزانی چووینە ڤێستڕۆس، ماڵەکەیان پڕبوو لە برادەران، دیمەن و رووداوێکی لە رادەبەدەرو تەکاندەرو داخدار بوو.

٩٤/٣/١١ نامەیەکی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی دەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران – رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ–م پێگەیشت کەوا لەگەڵ وەلأمەکەی لێرەدا بڵاویان دەکەمەوە:

(بەڕێز کاك کەریمی حسامی... وێڕای سڵاوێکی گەرم، بەلەرچاوگرتنی پێڕەوی نێوخۆی حیزب لەلایەك و چلۆنایەتی خەباتی گەلی کورد و پێویستی پێداچونەوەی پەیوەندی بەنێونەتەوەییەکان و ئاڵوگۆڕی چەند ساڵی ڕابردوو لەم بوارەداو هەروەها پێویستی چاو پێداخشاندنەوەی وەزعی لەرزۆکی کۆماری ئیسلامی لەلایەکی دیکەوە، دوا پلینیۆمی کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریدا لە مانگەکانی داهاتوودا کۆنگرەی دەهەمی حیزب ببەستڕێ، لەبەر ئەوەی حیزبی ئێمە هەموو کات بیروڕای دۆستانی مەبەست بووەو بەچاوی حورمەتەوە سەیری کردوون و لەسەر ئەو

باوەڕەیە کە ئەو بۆچوونانە لە چوونە پێشی وەزعی حیزب و نزیك بوونەوە لە ئامانجەکانیدا بەکەڵکن، داوادەکەین ئێوەش وەکو کوردێکی دڵسۆزو دۆستی حیزب هەر پێشنیارو پەیامێکتان هەیە لە ڕێگەی فاکس یان ئەدرێسی پۆستی حیزب کە لە ژێرەوە دیاریکراوە، ئەو پەڕەکەی تا مانگێکی دیکە بۆ کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بنێرن، بەڕێز و سوپاسەوە، لەلایەن کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، (مۆر و ئیمزا) ٩٤/٣/٧.

وەلأمی ئەم نامەیە: بەڕێز کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی دەهەمی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ!

لەگەڵ سلاّو: لە وەلأمی نامەکەتاندا، پێم وانیە کەسێکی بەناهەق و بە پێچەوانەی پێڕەوی نێوخۆی حیزب و بە پێچەوانەی ڕەوشتی ئینسانی و هاوکاری لە حیزب دەرکرابێ، ئەگەر هیچ پرستیژو شەخسیەتی هەبێ، بتوانێ پێوەندی (پەیام و پێشنیار) لەگەڵ ئەو حیزبە ڕابگرێ، مەگەر ئەو حیزبە شەهامەتی ئەوەی هەبێ ئیعتراف بە چەوتی (بڕیاری نابەجێی خۆی بکات و هەروەك لە بەیاننامەی ١٣٦٧/١/١ دانی پێداناوە، بەلأم هەر لەسەر کاغەز ماوەتەوە بڕیاری ناڕەوای دەرکردنی ئەندامانی حیزب هەلّوەشێنێتەوە، بە سوپاسەوە. حسامی.... ٩٤/٣/١٧.

یادی شەستەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق

حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و کوردستان ١٩٩٣/٤/١٩ یادی شەستەمین ساڵی دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستیان دەکردەوە، بەخۆشی یەوە ناوی منیشیان خستبوە ریزی ئەو کەسانەی کە بەم بۆنەوە ووتاریان دەداو پیرۆزبایان دەکرد، منیش بەبۆنەی شەستەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیست ئەم ووتارەی ژێرەوەم پێشکەش کرد، ئەگەر بە گشتی ووتارەکەم لەلایەن بەشداربووانی ئاهەنگەوە پێشوازی لێکرا، هەستم کرد هێندێ لە کۆنە مارکسیستەکان بەدڵیان نەبوو، چونکە دوای ووتارەکە برادەرێکی کۆنە مارکسیست و کۆنە ئەندامی رێکخراوێکی چەپی مارکسیستی شۆڕشگێڕ گوتی: (کاك کەریم دەڵێی هێشتا پێت ماوە) گوتم (چونکە هەر پێم بوو، دام نەناوەو هەر پێمە، بەڵام تۆ کە هەر لە هەوەڵەوە پێت نەبوە، دیارە پێت نەماوە).

دەقی ووتارەکە رۆژنامەی رێگای کوردستان (ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی کوردستان لە ژمارە ١١٧-١٩٩٤/٧/٢٦ ی خۆیدا بەم ناونیشانە بڵاوی کردۆتەوە).

ئەم بابەتەی مامۆستای بەڕێز زۆر درەنگ گەیشتە رۆژنامەکەمان و ماوەیەکی زۆر بەسەر ئەو یادەدا تێپەڕ بووە، بەڵام بە پێی پێویستی بابەتەکەی مامۆستای بەڕێزەوە بڵاومان کردەوە، (رێگای کوردستان).

(لەکات و زەمانێکدا بۆ یادی شەستەمین ساڵی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق کۆدەبینەوە کە ڕەوتی مێژوو بە رێبازێك پڕ لە کەندو

کۆسپ خوارو پێچەدارا دەبرێ، گەمەی مێژوو هیچی لەگەڵ ناکرێ، حیزبی کۆمۆنیستی عێراق وەک دەزانین لەسەروبەندێکی مێژوویی ئەوتۆدا هاتە مەیدانی خەبات و تێکۆشان کە کۆنە پەرستی ڕەش بەتەواوی تواناو دەسەلآتەوە بەسەر چارەنووسی کۆمەلآنی خەلکدا زاڵ بوو، ئەندامەتی لە حیزبی کۆمۆنیستدا بۆ هەلگرانی ئەم بیروباوەڕە هاوڕێ بوو لەگەڵ حەپس و ئازارو ئەشکەنجەو لەداردانیش، ئێستا دوای ٦٠ ساڵ دیسان دەسەلآتی ڕەشی حکومەتی بەعسی عێراق بەسەر چارەنووسی ولآتەکەدا زاڵە، مەترسی پەلاماردان و شەڕو خوێنڕێژی هەڕەشە لە چارەنووسی گەلانی عێراق دەکات، حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەکاتێکدا شەستەمین ساڵی دامەزراندنی خۆی جێژن دەگرێ کە ئالۆگۆڕێکی گەورە بەسەر ڕەوتی جیهاندا هاتووە، سیستمی سۆسیالیزمی واقیعەن مەوجود کە ڕۆژێک ئیلهام بەخشی ڕزگاری مرۆڤایەتی بوو لە چنگ زوڵم و شەڕو برسییەتی و مافیا، نەمانی سیستمی سۆسیالیزمی واقیعەن بە چەشنێکی بێ وێنە کاری کردۆتە سەر ڕەوەندی پێشکەوتنی جیهان، لەلایەک سەرمایەداری ئیمپریالیستی لەسەر جەنازەی سیستمی پێشووی سۆسیالیستی هەڵدەپەڕێ و گۆرانی (ئازادی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ) دەچڕێ، ئەو گۆرانیانەی کە لە ولآتانی دواکەوتوو، وە لەنێو گەلانی بێ دەوڵەت و بەشخوراودا قەت خەلکی وەجۆش نەهێناوە، ئەو سەرمایەداریەی کە بە درێژایی مێژوو کانگاو مەکۆی شەڕو خوێنڕێژی و برسیەتی و چەوساندنەوەو ژێردەستکردنی گەلان بوە، ئێستا بەنەمانی سیستمی سۆسیالیستی دەیەوێ بەو گۆرانیانە ڕابردرووی شەڕخوازانەو

داگیرکەرانەی خۆی لەبیر خەڵک بەرێتەوە.

لەلایەکی تر ئەوانەی لەماوەی سالانی دووروودرێژدا کەوڵی مارکسیستی و کۆمۆنیستی و چەپ و پێشکەوتنخوازیان لەبەر خۆ کردبوون سالانەی سالێ لەسەر رەنجی شانی زەحمەتکێشانی ولاتانی پێشووی سۆسیالیستی ژیانیان بردبوەسەر، ئێستا بەو گۆرانیانە سەما دەکەن، ١٨٠ دەرەجە بایان داوەتەوە، بەپەلاماردانی سۆسیالیزم و جنێو بە سیستمی پێشووی سۆسیالیستی دەیانەوێ رابردووی خۆیان بشۆنەوە.

ئەوە راستە کە سیستمی پێنەگەیشتووی پڕ لە عەیب و عاری بەناو سۆسیالیستی روخاو لەبەینچوو، بەڵام ئەوە راست نیە کە پێمان وابێ دیموکراسی و بەختەوەری و خێروخۆشی جێگای سیستمی پێشووی گرتۆتەوەو خەڵک بە ئاوات گەیشتوە، ئەزمونی نەمانی سێ سالەی سیستمی سۆسیالیستی جارێ تەنیا شەپو کوشتارو برسیەتی و قوولبوونی فەرق و جیاوازی چینایەتی نیشاندەدا.

راستە کە سۆسیالیزم وەک سیستم وەک قەوارە نەماوە، بەڵام بیروباوەڕی دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەپێش پەیدابوونی سۆسیالیزمی واقیعەن مەوجود دا هەبوەو لەدوای ئەویش هەر دەمێنێ، راستە سیستمی سۆسیالیزمی هەبوو لەبەر یەک هەڵوەشا، بەڵام هەژاری و زوڵم و نا بەرانبەری و سەرەڕۆیی لەسەرانسەری جیهاندا هەر درێژەی هەیە، هێشتا ملیۆنەها ئینسان لەسەر دەستی حکومەتە دیکتاتۆرو کۆنەپەرستەکانی وەک ئێران و عێراق و تورکیا و عەرەبستانی سعودی و هیتردا دەنالێنن و

ملیۆنەها ئینسان لە سیستمی سەرمایەداریدا بە برسیەتی و هەژاری دەژین، سەرمایەداری وەک سیستمی جیهانی و ئابووری بازاڕ کە ئێستا کراوەتە بنێشتە خۆشکە، نەک هەر رنەبۆتە دەرمانی عیلاجی هەژاری و شەڕو چەوسانەوە، بەڵکو هەموو بەیت و باوی گۆرانی بێژەکانی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی مۆنۆپۆڵەکان و لەژێر ناوی (نەزمی نوێی جیهانی) دا قەتیس ماون.

حیزبی کۆمۆنیستی عێراق کە ماوەی ٦٠ سالێ بۆ ئازادی و دادپەروەری و دیموکراسی و رزگاری لە چەوسانەوە خەباتی کردوەو لە پێناو بە ئەنجام گەیاندنی دروشمی (نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار) دا هەزاران کەسی لە باشترین رۆڵەکانی کردۆتە قوربانی و تووشی هەزاران چەرمەسەری و ئێش و ئازار بوە، لە هەل و مەرجێکی ئاوادا یادی شەستەمین سالّی دامەزرانی خۆی دەکاتەوە.

راستە حیزبی کۆمۆنیستی عێراقیش وەک هەموو حیزب و بزووتنەوەکانی کرێکاری لەژێر کارتێکردن و ئالۆگۆڕو روداوەکانی جیهاندا تووشی دژواری و تەنگو چەڵەمە بووە، بەڵام ئەزموونی دوای گۆڕانکاری جیهان دەری دەخات کە سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمە – یەک لەبەرانبەر رەشەبای زەماندا نەچەمیوەو توانیویەتی ئەمەکدار بە بیروباوەڕی زانستی و بە رێبازی دادپەروەرانەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پێداچونەوە بە خەباتی رابردووداو هەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئێستای جیهان لەسەنگەری خەبات و تێکۆشاندا بمێنێتەوە، ئێستاش شان بە شانی هێزە پێشکەوتوەکانی

عێراقی و کوردستانی بۆ وەلانانی رێژیمی بەعس و بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و سەپاندنی مافی رەوای گەلی کورد لە چوارچێوەی سیستمی فیدرالێ و مافی بڕیاردانی چارەنووس دا خەبات درێژە پێدەدات.

ئەگەر هاوڕێ و ئەندام و دۆستانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق لەکەش و هەوای ئاوارەیی و دەربەدەریدا، یادی شەستەمین سالّی دامەزراندنی حیزب دەکەنەوە، بێگومان بەشی هەرە زۆری ئەندام و کادرو لایەنگرو دۆستانی هاوپەیمان و هاوسەنگەرانی خەباتی، لە کوردستانی فیدرالێ و رزگاربوو لەچەنگ رێژیمی درندەی بەعس ئاهەنگی دامەزراندی حیزبەکەیان دەگێڕن و بۆ رزگاری یەکجاری سەرانسەری عێراق و گەیشتن بە (نیشتمانێکی ئازادو گەلێکی بەختیار) پەیمان تازە دەکەنەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی عێراق سەبارەت بە سیاسەتی راستی لە ئاست مەسەلەی کورد، نەك هەر لە کوردستانی عێراق، بەڵکو لە کوردستانی ئێرانیش جێگای ڕێزو ئیحترامێکی زۆر بووە، ئێمە لە کوردستان ئێران هەمیشە بە چاوی رێزو ئیحترامەوە وەك دۆستی راستەقینەی نەتەوەکەمان روانیومانەتە حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و ئێستاش هەر لەو روانگەوە دەڕوانینە خەبات و تێکۆشانی ئەو حیزبە، بەبۆنەی یادی شەستەمین سالّی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی عێراقەوە پڕ لەدلێ پیرۆزبایی لە ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە دەکەم و سەرکەوتنی لە خەباتی دژی دیکتاتۆری و زوڵم و چەوسانەوە و گەیشن بە ئامانجی ئینسانی و دادەپەروەرانەی ئاواتەخوازم)، (کەریمی حسامی –

.(١٩٩٣/٤/٩

كۆڕێك لەسەر مەسەلەی كورد

كتێبخانەی دەوڵەتی شاری (بۆروس) بۆ كۆڕێك لەسەر مەسەلەی كورد داوەتی كردبووم، رۆژی ٩٩٤/٤/١٩ چوومە ئەو شارەو میوانی دلێر مێران برادەرێكی ناسیارو دۆستی كەمالی كوڕم بووم، شەو برادەرانی كوردی ئەندامانی كۆمەڵەی كوردی هاتن، تاشەو درەنگانێك لە كوردستان و لەنێو رووداوی نیشتمانەكەمدا دەسوڕاینەوە، كۆمەڵەكەیان نەورۆزیشی خستبوە بیستی ئەپریل و دوای كۆڕەكە تا نیوەشەو ئاهەنگێكی نەورۆزی فرە رێك و پێك و دۆستانەیان بەڕێوەبرد، ئەنیستیتۆی نووسەرانی بێگانە لەم شارە داوەتی كردم، دەورەیەكی بیرەوەرییەكانم پێشكێشی كتێبخانەكەیان كرد، لەو شوێنە كتێب و نوسراوەی نووسەرانی بێگانەی پەناهەندە لە سوید كۆكراوەنەوەو كتێبخانەیەكی زۆر دەوڵەمەندیان هەیە، جگە لەوە لە وەرزەكانی سالدا ژووری خەوتن و حەسانەوە بۆ ماوەیەك دەدەن بە نووسەران كە لێی بحەسێنەوە.

زەنگی خەتەر بۆ مەسەلەی كورد دەدات‌ەوە

لە مانگی پێنجی ١٩٩٤ ئیتر هەواڵی شەڕی كوردكوژی نێوان پارتی و یەكێتی بۆ كوردەكانی دانیشتوی سوید بوو بە مەسەلەی رۆژو جێگای داخ و كەسەرو پەژارە، كۆبوونەوەو سیمینارو ئاخافتنی سەر رادیۆكان و دەنگی بێزاری و توڕەیی و مەحكوم كردنی شەڕ دەست پێكران، بەڵام

شەڕ هەڵایسێنەران وەها بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەیان خستبوە ژێرپێ، ئەوەی بەهەندیان نەگرتبایە هاواری دڵسۆزانەی کوردە ئاوارەکانی دەرەوە بوو، بێزاری و تورەیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دەرەوەو ژوورەوە دەنگی دایەوە، نامەیەکی خاوەن کتێبخانەی سۆلاقی هەولێرم پێگەیشت کە ٩٩٤/٥/٢١ نووسرابوو.

کاك ئەحمەد جەمیل دەنووسێ: (نەفرەت لە براکوژی)

بەڕێز مامۆستای خۆشەویست کەریمی حسامی، سڵاو، سڵاوێکی گەرمت ئاراستە دەکەم... هیوادارم لە خۆشی و شادیدابی، بەڕێزان! تکایە ئێوەش دەنگی خۆتان بەرز بکەنەوە لە دەرەوەی وڵات لەگەڵ دەنگی هەزاران کوردی دڵسۆزی کوردستان کە یەك دەنگ هاوار دەکەن: (نەفرەت لە براکوژی) بڕی ئاشتی.. لەگەڵ ڕێزم).

٩٤/٥/٢٢ کۆمیتەی دژی شەڕی براکوژی سیمینارێکی بۆ مەحکومکردنی شەڕی کوردکوژی سازکرد، خەڵکێکی زۆر بەشداریان کرد و چەند کەسیش لەم بوارەدا قسەیان کرد، بڕیاردرا کە نامەیەك بۆ حیزبەکانی شەڕکەر بنووسرێ و ئەم پێشنیارانەی خوارەوەی تێدا جێ بکرێنەوە کە کاك عومەر شێخ موس لە ئەنجامی ئاخافتنەکاندا ئامادەی کردبوون:

١- ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕو دەست پێکردنی دیالۆگ.

٢- خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنێکی تازە.

٣- بەهێزکردنی حکومەت و پەرلەمان.

٤- نەهێشتنی چەکداری حیزبی.

٥- دانانی حکومەتی ئیئتلافی.

٦- نوێنەرانی دەرەوە سەر بە حکومەتی هەرێم بن نەک سەر بە حیزبەکان.

٧- ڕێزگرتن لە دیموکراسی و مافی مرۆڤ.

٨- ریفۆرمی زەوی و زار.

٩- دانانی یاسا بۆ حکومەتی فیدرالێ.

١٠- دادگایی کردنی تاوانبارانی شەڕ.

چەند کۆبوونەوەی دیکە کران و لە رادیۆکاندا بۆ راگرتنی شەڕ بانگەواز کران، بەڵام ئەوانەی ژیان و مانەوەی خۆیان لە شەڕو خوێن ڕشتنی هاونیشتمانیەکانیاندا دەبینی، گوێیان بە هاوارو پێشنیاری کۆمەڵانی خەڵک شل نەدەکرد.

سەردانی ڕێزدار قازی عەلی مەرەغانی:

دەمێك بیستبووم قازی عەلی مەرەغانی لە چنگ ئیسلامی خومەینی رایکردوەو بەناچاری ئاوارە بووەو هاتۆتە سوید، لە دەرفەتێك دەگەڕام بچمە زیارەتی و جارێکی دیکەش لە فەرمایشتەکانی بەهرە وەرگرم.

ساڵی ١٩٨٣ کاتێکی لە ناوچەی ئالانی سەردەشت بووم، لە گوندی دولکان قازی دوو جاران تەشریفی هاتە سەردانم، لە باس و گفتوگۆدا بە

زانایەکی رووناکبیرو دژ بە خورافات و نیشتمانپەروەرو ئازام ناسی.

رۆژی ١٩٩٤/٦/١٧ چوومە کن کاك سەعید کوێستانی و لەوێوە چووینە کارلستاد سەردانی قازی عەلی، میوانی سەید عوسمانی زاوای بووین و هەرکە پێیان گوتبوو حسامی هاتووە، ناردی بچینە خوارێ لای ئەو، تۆزێ نەخۆش بوو، لەتەمەنی ٩٧ سالێدا کە وە ژوور کەوتم دیتم کتێبی (عایشە)ی بەدەستەوەیەو تەماشای دەکات، ئیتر بەر لە سلاّو گوتم (ئەوە لەم تەمەنەشدا خەریکی عایشەی؟) لە وەلاّمێکی خێراو ژیرانەدا فەرمووی: (عایشەی پاش پێغەمبەری) ئیتر لەبارەی بەخێرهێنانو ئەحوالّ پرسی و دەربڕی پێ خۆش بوون هەرچی بینووسم کەمە، دوو رۆژان لە خزمەتی بووین، لەسەر راپەڕینی ئۆمەر پاشا (کوێخا ئۆمەری سوێسنی) و راپەڕینی مەلا خەلیلی گۆر ئۆمەری چەند پرسیارێکم لێکرد، ئەوەی لەبیری بوو وەلاّمی دامەوە کەوا لە بەرگی یەکەمی (پێداچوونەوە)دا قسەکانی ئەوم بلاّوکردوونەوە، لەبەر نەساخی نەمویست پتر هیلاکی بکەم ئەگینا لەسەر رووداوەکانی کوردستان گەلێك شتی بەکەلّکی پێبوو.

هەڤپەیڤینەك لەگەلّ مامۆستا کەریمی حسامی

رۆژنامەی بەڕێزی ئالاّی ئازادی لە رۆژی یەك شەممە ١٩٩٤/٨/١٤ ژمارەی (١٣٤) خۆیدا دەقی وتووێژێکی چاپەمەنی برای بەڕێز فەخرەدین تایەری بە پێشەکیەکەوە بەم شێوەیە بلاّو کردبۆوە:

(کاك کەریمی حسامی دەبێژێ: من سەبارەت بە پاشەڕۆژی کوردستان گەشبینم.... کەریمی حسامی رووناکبیرو سیاسەتمەدارو خەباتگێڕێکی

کوردو لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە کوردستانی رۆژهەلاتدا جێگەو پایەکی دیاری هەبوە لەنێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا ئەندامی دەفتەریِ سیاسی حیزب بووە، بە قەولی خۆی نزیکەی ١٠ ساڵ دەبێ هیچ پەیوەندییەکی بە حیزبەوە نەماوە، رێزدار حسامی لەم شەڕو پێکدادانەی نێوان برادەرانیِ پارتی و یەکێتی و شەڕی خۆکوژی زۆر دڵتەنگ و هەراسان بوو، هەر بۆیە بەپێویستم زانی هەڤپەیڤینێکی رۆژنامەڤانی لەگەڵدا بکەم و لە یەکێك لە رۆژنامەکانی کە لە کوردستان ئازاد دا چاپ دەکرێن بڵاوی بکەمەوە، ئەوجا با دەمی پرسیارەکانم ئاڕاستەی جەنابی بکەم و بزانین لە هەڵپەی روناکبیرو سیاسەتمەدارێکی کۆنینەو بیرێکی ئاوارەو دوورە ولاتدا چ باسە....؟).

کاك فەخرەدین زۆر سوپاستان دەکەم کە ویستوتە بیروڕای جۆربەجۆری کوردی ئاوارەی دوورە ولاّت لەسەر رووداوە دڵتەزێنەکانی خواروو کوردستان کۆبکەیەوەو بە سیفەتی شوغڵی خوێندکاری رۆژنامەگەریت لە یەکێ لە رۆژنامەکانی ولاتدا بڵاوبان کەیەوە، بەڕاستی ئەوە هەستی دڵسۆزیت و گرنگی پێدانی شوغڵەکەی خۆشت نیشاندەدا، بەڵام دەمەوێ ئەوەشی لێ زیاد بکەم کە هەرچەند ئەزموونی کۆمەڵگای کوردستان ئەوەی نیشانداوە لە کوردستان هەر کەسێکی تۆزە دەسەڵاتێکی هەبوو، یا سکرتێرو رێبەری حیزبێك بوو، ئیتر گوێ ناداتە بیروڕای کەسی دیکەو لای وایە ئەوەی ئەو دەیکات هەمووی راستەو لەهەموو کەسیش باشتر دەزانێ، لە کاتێکا رەوەندی بزووتنەوەی کوردستان لە هەموو بەشەکان عەکسی ئەوەشی نیشانداوە، هەرچۆنێك بێت ئەم کارەی دڵسۆزیت و

عەلاقەت بە خوێندنەکەت و بە کێشەی نەتەوەکەشت نیشان دەدا، با بێینە سەر وەلأمی پرسیارەکانت، فەرموو:

پرسیار: هەر وەك دەزانین شەڕی کورد کوژی لە کوردستاندا مێژوویەکی لە مێژینەی هەیە، بەدیتنی ئێوە شەڕی کورد کوژی لەنێو کورد دا هۆکارەکانی بۆچی دەگەڕێتەوە و چییە؟

وەلأم: لەسەر ئەم بابەتە گەلێك قسە کراو. بەبۆچونی من هۆکاری بنەڕەتی ئەم نەخۆشیەو ئەم برینە تەشەنە کردوە بەر لە هەموو شت دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵی کوردەواری و نزمیی پلەو رادەی تێگەیشتن و پێشکەوتوویی کولتوری نەتەوەکەمان، بەرزی پلەی کولتورو تێگەیشتوویی میللەتێك و پێشەوەچوونی کۆمەڵگایەك بە زانیاری و زانایی و لێهاتوویی ئەسڵەمینەوە ئەگەر بێژین سەبارەت بە گەلێك هۆکاری مێژوویی و بارودۆخی سروشتی (فێڵ و زۆرداری داگیرکەران و .... زۆر شتی تر، کۆمەڵەکەمان لە دواکەوتووبدا ماوەتەوەو ئەنجامەکەشی ئەم کارەساتە داخدارانەن هەروەك کارل مارکس باسی قەیرانی دەورەی سەرمایەداری دەکات، سەیری مێژووی رابردووی نەتەوەکەمان بکەین نێوە نێوە خەڵکەکە سەریان بۆ شەڕو براکوژی بێشێ و یا بە قەولی مەلا بەختیار لە (کوردستانی نوێ) دا بە قازانجی بزانن و شەڕی نێوخۆیی و کورد کوژی بۆ وریا بوونەوە بە پێویست بزانن سەرهەڵدەدا و بەرهەمی خەبات و فیداکاری و قوربانی زەحمەتکێشانی کورد دەکاتەوە هیچ و دنیایەك شین و گریان و قوڕوەسەری و مالوێرانی لەدوای خۆی بەجێ

دێڵێ.

پرسیار: شەڕی ئەم دواییەی برادەرانی یەکێتی و پارتی ئەگەر درێژەش بکێشێ، یانیش ئاکامەکەی هەر چۆن بکەوێتەوە، هەر چۆنێك بێ پێویستی بە چارەسەرێکی بنەڕەتی هەیە، بەتایبەت دوای وەستانی شەڕەکە دەبێ چی بکرێ وە هەنگاوی چۆن باوێژینن ئێوە چۆن لە ئاسۆی بارودۆخی دوای شەڕ وەستانەکە دەڕوانن؟

وەلأم: ئێستا بە گوێرەی دەنگوباسی نیوەچڵ کە دەگەنە ئەوروپا بە خۆشیەوە وا دیارە شەڕەکە وەستاوە، بەڵأم چۆن چارەسەری بنەڕەتی بۆ دەدۆزنەوە ئەوە مەسەلەیەکی تڕە، بە بۆچوونی من چارەسەری بنەڕەتی بۆ شەڕی خۆکوژی، بەر لە هەموو شت وازهێنان لە وەدەست هێنانی دەسەلأتی غەیرە شەرعی، وەلانانی ململانەی نابەجێی حیزبایەتی تەسك و پاوانخوازی، لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی میللی نەتەوەی کوردە، ئەزموونی رابردووی ئەم دواییەی کوردستان نیشانی دا کە رێبەرانی ئێستای ئەم دوو حیزبە سەرەکیەی کوردستانی خواروو ناتوانن ئەم رێگا چارەسەریە بدۆزنەوە، ئاشتبوونەوەو دانیشتن و دەرکردن و واژۆکردنی بەیاننامە، وەك لەماوەی ئەم دوو سێ ساڵەی دواییدا کراون نەیانتوانیوە ببنە چارەسەری بنەڕەتی ناکۆکی نێوان ئەم دوو حیزبە، هەر بۆیەش ئەگەر هەر وا بڕوا سەرەڕای وەستاندنی شەڕ من ئاسۆی ئەم بارودۆخە بەڕوونی نابینم، ئێمە زۆر بە ساکاری و بە گەشبینی بە ئەزموونی دیموکراسی کوردستان و بە لێهاتوویی کارگێڕانی

ئەزمونەکەمان هەلاّدەگوت، بەلاّم بەداخەوە مەسەلەکەمان بە وردی لێك نەدابۆوە.

دیموکراسی لەسەر لاپەڕەکانی دوو حیزبی سەرەکی و لە چوارچێوەی پەیف و ئاخافتنی رێبەرانی دوو حیزبی دەسەلاّتداردا قەتیس کراو رێگا نەدرا بگاتە نێو کۆمەلاّنی خەلّك، ئەم خەلّکەی کە بە فیداکاری بارودۆخی پێکهاتنی ئەزموونەکەو دیموکراسیەکەیان پێکهێنابوو لە دەسەلاّت و لە بەشداری راپەڕینی کاروباری کۆمەلاّیەتی و سیاسی و کولتوری دوورخرانەوەو لەنێو دەریای فەقیری و گرانی و برسیەتی و نەبوونی ئاسایش و تەنانەت ترسی گەڕانەوەی دەسەلاّتی شومی حکومەتی بەعس دا، بە پەلەقاژە پشتی دەسەلاّتی ئەم حیزبەیان بەرنەدا، بەلاّم بەداخەوە سیاسەتی پاوانخوازی و ملمملانێ ی حیزبایەتی و ئاخرەکەشی شەڕی خۆکوژی بە قەولی رۆژنامەی نیویۆرك تایمز هیواو ئاواتی کۆمەلاّنی خەلّکی فیداکارو زەحەتکێشی کوردستانی تێك تەپاند و خەونی کوردستانی ئازادی پوچەڵ کردەوە، بەبۆچوونی من چارەسەری بنەڕەتی دوای وەستانی شەڕ، گێڕانەوەی بڕواو هومێدو ئاواتی خەلّکە لە رێگای وازهێنانی ئەم دوو حیزبە سەرەکییە لە پاوانخوازی دەسەلاّت و زیندووکردنەوەو پەرەپێدانی بەرەی کوردستانی و پێکهێنانی حکومەتێکی گەلی بە هاوبەشی کەسانی لێهاتوی نیشتمان پەروەری حیزبی و غەیرە حیزبی لەژێر رێنوێنی و چاودێری بەرەی کوردستانیدا، ئەم دوو حیزبە سەرەکییە پێویستە هەموو تواناو دەرەتانی خۆیان بۆ بەهێز کردنی ئەو حکومەتەو چالاککردنی مەسەلەی کورد تەرخان بکەن.

پرسیار: شەڕی ئەم دواییەی برادەرانی پارتی و یەکێتی چ کاردانەوەیەکی نابەجێ دەبێت بۆ ڕای گشتی جیهان و سیاسەتی نێودەوڵەتی و دۆستانی گەلی کوردمان لە جیهاندا کە تا ڕادەیەك پشتگیریان لە کێشەی ڕەوای کورد کردوە، جەنابتان بەو سیفەتە کە لە ئەوروپا دەژین ، ئەم بارودۆخە چۆن دەبینن؟

وەڵام: شتێکی ڕوونە شەڕی خۆکوژی ئەم دواییەی کوردستان ئەوەندە لەسەر کوردا گران کەوتووە کە لە قەرەبوو نایەت، بە شێوەیەکی گەلێك نالەبار کاری کردۆتە سەر بیروڕای گشتی کۆڕو کۆمەڵی خێرخوازو دیموکرات و دۆستانی گەلی کوردو سیاسەتی ئەم هێزو ڕێکخراوانەی کە پشتگیری کوردیان کردوە، ئەگەر سەیری ڕۆژنامە گرنگەکانی دنیای سەرمایەداری بکەین، بە گشتی نەفرەت و بێزاری لە شەڕی خۆکوژی نێوان پارتی و یەکێتی دەکەن، ڕۆژنامەکانی دەرەوە بەهەق ئەم شەڕەو هەڵگیرسێنەرانی شەڕی ئەم دواییەی کوردستان بە گۆڕکەنی مەسەلەی کوردو ئەزمونەکەی کوردستان دەزانن.

دیارە دم بە دمەو شەڕە فڕ و شەڕە پلاری بێ تامی لایەنگرانی ئەم دوو حیزبەش لە دەرەوەی ولاّت کە لە بیری تەسکی حیزبایەتی زیاتر چیتریان مەبەست نییە تا ڕادەیەك زەمینە بۆ نووسینی وتاری ڕۆژنامەکانی دەرەوە دەخوڵقێنێ بە گشتی کارەساتی ئەم شەڕەی دوایی کوردستان دوژمنانی گەلی کوردی وە سەما خستوەو دۆست و لایەنگرانی مەسەلەی کوردیشی تاساندوەو سەریان لەم کارەساتە سوڕماوە.

پرسیار: هەروەك دەزانرێ پێش شەڕ هەڵگیرسان و دوای شەڕەکەش دوو بۆچوون لە کوردستاندا هەنە بۆ چارەسەرکردنی ئەم بارە ناهەمواری حکومەتی کوردستان ، یەکیان ئەوەیە کە دەبێژن دەبێ بە زووترین کات هەڵبژاردنێکی تازە بکرێتەوە، ئەوی تریان دەبێژێت دەبێ حکومەتێکی فرە حیزبی هەمە لایەنەی ئیئتلافی دیموکراتی لە کوردستان پێك بێ، بە بۆچوونی ئێوە لەم بارودۆخەی دوای شەڕدا کامەیان لە پراکتیکدا عەمەلیترە بکرێ و لەبەرچی؟

وەڵام: من لە کوردستان دوورم، لەبەر ئەوەش کە رۆژنامەکان و دەنگوباسی وڵات زۆر بەکەمی دەگەنە دەستم، بە باشی ئاگادارنیم کە داخوا بیروڕاکان لە وڵات بارودۆخەکە چۆن هەڵدەسەنگێنن، هەرچۆنێك بێ رێگای راست و عەمەلی کە بەرژەوەندی مەسەلەی کوردی لەپێش بێ ئەوەیە کە ئەم سیستمی دوو حکومەتی ئێستا هەڵوەشێتەوە هەروەك لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا باسکرا، حکومەتێکی گەلی واتە هاوبەشی کەسایەتی لێهاتووی شارەزای حیزبی و غەیرە حیزبی بێتە سەرکارو بە رێنوێنی بەرەی کوردستانی پەرە پێ بدرێ و کاربکات ، بە بۆچوونی من هەڵبژاردنی نوێی پەرلەمان وا بە کوتوپڕی لەم بارودۆخەدا نەك هەر کارێکی ڕاست نیە، بەڵکوو مەترسی گرۆژترکردنی بارودۆخەکەشی لێ چاوەڕوان دەکرێ، کەوابوو هەڵوەشاندنەوەی سیستمی دوو حکومەتی و پێکهێنانی حکومەتێکی خەڵکی کە هێورکردنەوەی بارودۆخ و پێکهێنانی هەل و مەرجی لەبار بۆ هەڵبژاردن ئامادەبکات رەنگە دنیا پەسندانەتربێ.

پرسیار: ئایا ئێستا کاتی ئەوە نەهاتوە کەوا گەلی کوردمان لەم بارودۆخە دژوارەی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کورد لە کوردستانی خواروو رێبەرێکی لێهاتوو و لێوەشاوەی هەبێ؟

وەلأم: ئەم پرسیارە چەندە سەیرە، وەلأمەکەشی هەروا سەیر دەبێ، بە بڕوای من بۆ بوونی رێبەری لێهاتوو کات و بارودۆخی دژوارو نا دژوار مەرج نیە، بزووتنەوەی رزگاریخوازی لەهەموو کات و بارودۆخێکدا پێویستی لە رێبەری شارەزاو لێهاتوو هەیە، رێبەری لێهاتوو خۆ لەدەروەرا نایە، هەردەبێ لەنێو خەڵکی خۆماندا پێبگات، وە بە پشتیوانی خەڵك پشت ئەستوور بێ، من پێم وایە رێبەرانی ئێستای کوردستانی خواروو لەهیچ بوارێکەوە هیچیان دەبەر ولأتانی تردا نیە، ئەگەر بە واقیعی بڕوانینە هەڵکەوت و بارودۆخی پڕ لە تەنگ و چەڵەمەی کوردستان و پیلان و هۆی دوژمنانی کورد و بواری جوگرافیایی ولأتەکەمان لەبەر چاو بگرین، ئەو دەم دەبینین کە رێبەرانی کوردستانی خواروو توانیویانە بە لێهاتوویی لەنگەری کەشتی لەم گێژاوەدا رابگرن و نەهێڵن نوقم بێ، دیارە ئەوە بەو مانایە نیە کە لە پراتکیی رۆژانەو یا لە دانانی سیاسەتی ستراتیژی و تاکتیکیدا قەت تووشی هەڵەو کەم و کوڕی نەبووبن، سیاسەتمەداری ولأتانی مەزن وە خاوەن دەسەلأت و توانای دیکەش دوور لە هەڵە نین، فەرقەکە لەوەدایە لە ولأتانی دیموکرات و پێشکەوتوو بیروڕای گشتی خەڵك گرنگەو بایەخی پێدەدرێ و رێبەری سیاسی لەهەر پلەو پایەیەك دابێت کە تووشی هەڵەی زەق و زیانبار بوو، وەلادەنرێ و وازدێنێ، لە کوردستان ئەوەی حیسابی بۆ نەکرێ بیروڕای

کۆمەڵانی خەڵکەو حیزبایەتی تەسك و پاوانخوازی جێی هەموو شتی گرتۆتەوە.

پرسیار: ئێوە پاشەڕۆژی کوردستان بە گشتی و حکومەتی کوردستان بەتایبەتی چۆن دەبینن، ئاکامەکەی بەرەوکوێ دەڕوات؟

وەڵام: من سەبارەت بە پاشەڕۆژی کوردستان گەشبینم، هێندێ روداوی دڵتەزێن و هەڵەی ڕێبەرانی سیاسی نابێ چاویلکەی ڕەشمان دە چاوی کا. لە دنیای ئیمڕۆدا بیروڕای گشتی جیهان ناتوانێ لە ئاست چارەنووسی نەتەوەیەکی ٢٥ میلیۆنی خۆ کڕو مات بکات و بێلایەن بوەستێ، مەسەلەی کورد لەداوی بەیت و باوی مەسەلەی نێوخۆیی دەرباز بوەو دوژمنانی کورد چیتر ناتوانن بیروڕای گشتی و کۆڕو کۆمەڵە دیموکرات و ئیسنانییەکانی جیهان بە تریاکی مەسەلەی نێوخۆیی گێژ بکەن، شێرە ژنی فەڕەنسی (دانیل میتران) بەهەق دەڵێ: (کاتێ میللەتێك لە نابودی دایەو لە بەین دەچێ، مەسەلەی دەخالەت نەکردن لە کاروباری نێوخۆیی ولاتێکدا ئیتر ماناو مەفهومی نامێنێ، کاتێ میللەتێك قەلاچۆ دەکرێ، ناکرێ بە بیانووی دەستێوەرنەدانی نێوخۆیی دەست لەسەر دەست دابنێی).

نەتەوەکەمان تێکۆشان و خەباتی قارەمانانەی گەیاندۆتە رادەیەك کە پاشەکشەی بۆنیە، بەڵام دەبێ بتوانێ بە گوێرەی هەلومەرجی جیهانی و ناوچەیی هەڵسوکەوت بکات، بەڵام لەبارەی پاشەڕۆژی حکومەتی ئێستای کوردستانی خواروو، بە بۆچوونی من شەڕی خۆکوژی ئەم دواییە بە

کردەوە کۆتایی بە تەمەنی ئەم حکومەتە هێناوە، جا یان دەبێ وەك ولاتانی دیموکرات گۆڕانێکی ڕیشەیی پێك بێ و حکومەتی گەلی دابمەزرێ، یان وەك ولاتانی ئەفریقایی بە زەبری چەکی پێشمەرگەی حیزبی بەسەر گەلێکی هەژارو فەقیر و گەمارۆدراوو برسی و ئاوارە دەسەلات بسەپێنێ.

پرسیار: ببورە کاك کەریم، بە سیفەتی ئەوەی ماوەیەکی زۆر لەنێو بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەلات دا دەورت هەبوەو لە کوردستانیش ناسراوی، دەکرێ ئەگەر بە کورتیش بێ لە وەزعی ئیمڕۆی ڕۆژهەلاتی کوردستان ئاگادارمان بکەی؟

وەلام: ماوەی ۱۰ ساڵە هیچ پێوەندیم لەگەڵ حیزبی دیموکرات نیە، بەڵام لە کوردستانی ئێران و لە ڕەوتی ڕووداوەکان بێ خەبەر نیم، بارودۆخی ڕۆژهەلاتی کوردستان بە بۆچوونی من دەبێ لە دوو ڕوانگەو دیاردەی جیاوازەوە سەیری بکرێ، یەکەمیان بارودۆخی بابەتی و دووەمیان بیروڕاو ڕوانگەی حیزبە سیاسیەکان، ئەوەی بارودۆخی بابەتییە لام وایە کوردستانی ئێران لەنێو گێژەلوکەی دوو قەیران (ئەزمە) دا ژیان دەباتە سەر.

یەکەم وەك سەرانسەری ئێران لە بێکاری و گرانی و نەبوونی ئازادی و دیموکراسی و لەژێر هێرش و فشاری پاسدارو کۆمیتەی جۆربەجۆری دەستکردی ئاخوندی دادەژی، لەگەڵ ئەوانە ستەمی نەتەوایەتی و کولتوری و قەدەغەکردنی خوێندن بە زمانی کوردی و دەسەلاتی لە یاسا بەدەری پاسدارانیشی لێ زیاد کراوەو بۆتە سەربار.

کوردستانی ئێران بە کردەوە کراوەتە ناوچەیەکی نیزامی و یاسای زەمانی شەڕ لەوێدا بەڕێوەدەچێ، **قەیرانی دووەم** بریتیە لە ناکۆکی و یەک نەبوونی ڕێبەرایەتییەکی یەکگرتوی کوردستانی، دیارە ئەم قەیرانە وەک دەزانین هەموو بەشەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، ئاکامەکەشی دابڕانە لە میللەت و خۆبەستنەوە بە هەندێ حوکم و تیئوری وشکی لە قاڵبدراو کە بە قەولی کاك مستەفای هیجری سکرتێری حیزبی دیموکرات (وە دواکەوتن و بەڕێوەبردنی سیاسەتەکانی فیکری ڕێبەرانی خۆیانە) ئەمەیان ئەم بارودۆخەیە کە بە دیاردەی یەکەمی دادەنێم، دیاردەی دووەم بۆچوونی حیزبە سیاسیەکانە.

کاك مستەفای هیجری سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سوید لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی بەربانگ دەڵێ: (... پاش چالاکیەکانی زۆری حیزب ئێستا ئێمە بە دیدەی جاشمان نەماوە، ئەمە سەرکەوتنێکی مەزنە بۆ ئێمە، دەستمان بۆ چالاکی ئاوااڵتربوە، چونکە ئیدی هێزەکانی ڕێژیم بەربەرەکانیان لەگەڵ پێشمەرگە لە نزیکەوە نیەو تەنیا بەتۆپ و خومپارە هاویشتن لە ڕێگەی دوور نەبێ کە ئەمە پێشمەرگە ناخاتە مەترسیەوە، بۆیە ئێستا ڕێژیم هێزی مەبدەئی نەماوە دەستی ئێمە لەچاو رابردوو ئاوااڵترە)، ئەم بۆچونەی کاك مستەفا قسەیەکی ئەندامی پۆلیت بیرۆی حیزبی کۆمۆنیستی ئینگلیستانی وەبیر هێنامەوە سااڵنێکیان دەچێتە مەجارستان، برادەرانی مەجارێ دەیبەنە سنووری نێوان ئوتریش و مەجارستان، کابرا تەماشا دەکا سەرانسەری سنوور تێلبەند کراوە لەلایەن مەجارستانەوە، ئەویش دەڵێ: (کارێکی

چاکتان کردوە، ئەگەر واتان نەکردبایە لەوانەبوو خەڵکی ئوتریش زۆربەیان رابکەن بێنە مەجارستان!!) قسەی کاك مستەفاش ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوەندە لە ولاتی خۆمان وەدوور کەوتوین کە لە ڕێگای دوورەوە تۆپ و خومبارەشمان ناگاتێ، بۆیە دەستمان ئاوااڵترە!).

بەبۆچوونی من تاقە ڕێگای هاتنەدەر لە قەیرانی دوایی و زاڵ بوون بەسەر گیروگرفتەکاندا کە بکرێ سەرنج وە هاوەردی بیروڕای گشتی جیهانی و کۆڕو کۆمەڵە ئینسان دۆستەکان بۆ پشتگیری مەسەلەی کورد رابکێشێ نەهێشتنی ناکۆکی و لێك نزیك بوونەوەو پێکهێنانی بەرەیەکی بەرینی نیشتمانپەروەرانی کوردو تەنانەت یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دیموکراتیشە، بەاڵم حیزبەکانی ڕۆژهەاڵتی کوردستان تا ئێستاش پێیان وانییە کە دنیا گۆڕانێکی گەورەی بەسەردا هاتوە، کاتێ پرسیاری بەرەو یەکگرتنەوە لە کاك مستەفا هیجری دەکەن لە وەاڵمدا دەڵێ: (بە دیتنی ئێمە تێکەاڵ بوونەوەی دوو حیزب بەهیچ چەشنێك بە قازانجی کوردو کێشەی نەتەوایەتی کورد نیە... پلورالیسم لە بناغەو ئەسڵەکانی حیزبی ئێمەیە...).

کاك مستەفا مەفهومی پلورالیسم روون ناکاتەوە، بەاڵم لە وەاڵمی پرسیارێکدا سەبارەت بە پێکهێنانی بەرە لە کوردستانی ئێران دەڵێ: (هیچ ڕێکخراوێکی گرنگی کورد بێجگە لە ڕێکخراوی کاك جەلیلی گادانی لە کوردستاندایە تا بەرەی لەگەاڵ پێك بێنین، کۆمەڵە لەگەاڵ ڕێکخراوە کوردیەکان بەرە پێکناهێنێ، حیزبی ئێمە لە کوردستانی ئێراندا تاقانەیە،

رەنگە ئەوە لە شانسەکانی ئێمەبێ کە هەروا تاقانەو خۆشەویستی خەڵکین).

کاتێ چاوم بە ئاخافتنی کاك مستەفای هیجری کەوت، وتەیەکی بیل کلنتۆن سەرکۆماری ئەمریکام وەبیر هاتەوە، کاتێ لەبارەی هێندێ گیروگرفتی مەسەلەکانی جیهان پرسیاری لێ دەکەن لەوەڵامدا دەڵێ: (ئێمە تەنیا ناتوانین هەموو مەسەلەکان چارەسەربکەین، ئێمە دۆست و هاوپەیمانی دیکەمان هەن کە دەبێ لەچارەسەرکردنی گیروگرفتەکاندا یارید‌ەمان بدەن)، کە قسەکانی کاك مستەفای هیجری و بۆچونی سەرکۆماری ئەمریکام بەرئاورد کرد ، گوتم: (گەلۆ تۆ بڵێی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە (رێگای دەرەوەش تۆپ و خومپارە نایگاتێ) لە ئەمەریکا بەهێزتر بێ و گیروگرفتەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بەتەنیاو بە تاقانە چارەسەربکات؟! خوا بکا وابێ!!).

کۆچی دوایی خوالێخۆش بوو قازی عەلی مەرەغانی

بەداخەوە زۆری پێ نەچوو جارێکی تر لە ٩٤/١٠/٢١ لەگەڵ کاك سەعید کوێستانی چوینەوە پرسەی قازی عەلی مەرەغانی، مامۆستا مەلا رەحیمی عەبباسیش بۆ نوێژو تەڵقینی قازی تەشریفی هێنابوو، پتر لە نیو سەعات لەسەر جەنازەی مەرحومی قازی ئایەت و حەدیسی خوێندنەوەو باسی بەهەشت و جەهەندەمی بۆ کرد، منیش لەسەر قەبران سەبارەت بە رۆشنبیری و دژ بە خورافاتی و ئازایەتی و زانایی و نیشتمانپەروەری قازی عەلی هێندێ قسەم کردن، بەداخەوە لەسەر ژیانی جەنابی قازی

شارەزاییم کەم بوو، کاتێکی چوومە فنلاند سەردانی مامۆستا حاجی مەلا مەحەمەدی شەڵماشی لەوێ باسی مەڕحومی قازی عەلی مەرەغانیمان کرد، مامۆستا مەلا محەمەد فەرمووی: (ئیستوار عەتاری بانەیی کە ئێستا لە سەردەشت دوکاندارە بۆی گێڕامەوە دەیگوت: (قازی عەلی سەردەفتەری رەسمی مارەو تەلاقی ناوچەی سەردەشت بوو، هێندێ کەس دەچنە لای سەرهەنگی ئەرتەشی وشکایەتی لێدەکەن، سەرهەنگ دەنێرێ و قازی دێنن، ئیستوار عەتاریش لەکن سەرهەنگ دەبێ، دەڵێ قازی ئەوەندە پیاوانە بەدەمی سەرهەنگی داداوە کە من لەوێ حەپەسام، سەرهەنگ بە تورەیی و لالووتی بەسەر قازی دادێ و دەڵێ: (لێت تێنگام دەڵێی چی؟).

سەرهەنگ بە ئیستوار دەڵێ: (وەرە حاڵی بکە، بڵێ چۆن بۆتە قازی و سەردەفتەری ناوچە ئەگەر فارسی تێناگات و نازانێ؟).

قازی بە ئیستوار دەڵێ: (بەسەرهەنگی بڵێ: من قازی و سەردەفتەری ئەو ناوچەو ئەم خەڵکەم کە زمانیان فارسی نیەو نایزانن، زمانی خەڵکەکەش دەزانم و بەزمانی ئەوان دەدوێم، تۆ کە هاتوویە ئەم ناوچەیەو دەتەوێ لەگەڵ ئەوان قسە بکەی، دەبێ زمانی ئەوان فێربی، ئەو هەموو خەڵکە ناتوانن زمانی تۆ فێربن)، بەڵێ قازی مەرەغانی ئەم زاتە بووە، مامۆستا مەلا رەحیمیش نیو سەعات ئایەت و حەدیسی بۆ خوێندەوە، جا نازانم لەوێ بە چ زمانێک وەڵام دەداتەوە ! ! پیاوی وەک قازی عەلی کەم هەڵدەکەون و بەداخەوە کوردەواری قەدریان نازانێ، کاک بەهرۆز

کوردەحمەدی لەیادی سالّ تێوەرسوڕانی قازی عەلیدا وتارێکی جوان و پڕ بەتام وچێژی هێنابوە سەر کاغەزو لە مانگی ڕێبەندانی ٩٦ دا بۆی ناردم، هەرچەندە نووسینی ئەم بەرگە تەواو ببوو، بەلاّم پێم حەیف بوو ئەم نووسینە جوانەو یادی ئەم پیاوە مەزنە بۆ کاتێکی نادیار بەلاوە بنێم، مالّی داتا ئاوەدان بێ و داهێنەرەکەی بچێتە بەهەشتێ، (ئەگەر مەلا ڕێگای بدەن) ئەوەندە کاری هاسان کردوە، بیانووی لەخەلّك بڕیوە، چۆنی بخوازی دەتوانی جێگا بۆ ماتریال بدۆزییەوە، منیش گەڕامەوە دوایەو لێرەداو لەباسی قازی عەلی دا ئەوا وتاری کاك بەهرۆزی بەڕێز دادەبەزێنم:

قازی عەلی راد" (ڕۆژی ١٧ ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٤ پیرێکی دلّسووتاوی کوردستان لەسەدان کێوو دەریا ئەم لاتر، لە غەریبایەتی و دوور لە نیشتمان سەری نایەوەو ئاواتی بینینەوەی خاکە پیرۆزەکەی لەگەلّ خۆی بردە بن گلّ.

قازی عەلی راد، کۆنە جوامێری ئەوێنداری گەل و نیشتمان و، ناسراو و دلۆڤانی خەلّکی ناوچەی سەردەشتی کوردستان، کە هەموو تەمەنی بە دلّپاکی و چاکی ژیاو هەرگیز قسەو ئاکاری، تەنانەت لەوپەڕی تورەیی و بەیایی دا، لە دلّسۆزی بۆ گەل و پەرستنی نیشتمانی لای نەدەدا، لە کاتێکدا قازی ژن و منالاّنی و نەوەکانی و کەس و کارو هاونیشتمانیانی بەجێ هێشت کە کوردستانە دلّبەندەکەی ئەو هێشتا هەر لە لایەن داگیرکەرانەوە پەلاماری دەدرێتێ و خوێنی کوڕو کالاّنی کوردی لێ دەڕژێ

و سێبەری رەش و قوڕسی کۆنەپەرستی و زۆرداری بەسەردا زاڵە، دەنا قازی لە کوێ و دوورکەوتنەوە لە دیمەنە وەك بەهەشتەکانی سەردەشت لەکوێ؟ دەنا قازی لەکوێ و خانوچکەیەکی گەڕەکێکی شاری (کارلستاد) لەکوێ؟ دەنا قازی لەکوێ و دەردو داخی ئاوارەیی و مااڵوێرانی و تەنیایی هەندەران لەکوێ، کە هێندەی تر ئێش و ئازارەکانی زیاد دەکردو زامەکانی دەکوالندەوە.

کاتێك باسی هەڕەتی لاوەتی و تێگەیشتن لە ژیان و کەسایەتی کوردو ژیان و گوزەرانی دەکرد، حەزت دەکرد هەموو گیانت گوێ بێ و بیبیسی، جوانی دەگێڕاوە کاتێك ناوی (مەرەغان) ی دێناو هەڵیدەدایە باسی رمبازی و سواری و جێ ژوان و هەوڵ و تێکۆشان، شیرینی باس دەکرد کاتێك دەیگوت کە چ فەرقێکی نیە تۆ لە گوندێکی کوردستان بی، لە سەردەشت بی، یان لە شاری زۆر گەورەدا، فەرق ئەوەندەیە کە خۆت لێ نەگۆڕێ و بزانی کە لە هەرجێیەك و هەچ هەل و مەرجێکدا بی، دەبێ وڵاتی خۆت خۆش بوێ، دڵت بۆی کوڵەی بێ و بیپارێزی و قەت ڕێگا نەدەی دوژمنان و ناحەزان دانی لێ چێڕکەنەوەو پەالماری بدەنێ و بە کۆت و زنجیری دیلی بتەنن، ئەوەی کردبوە رەمزی ژیانی خۆی و منداڵەکانیشی هەر بەو باوەڕە ڕاهێنابوو، بۆیە کاتێك کوردستان لەالین ڕێژیمی خومەینی یەوە هێرش کرایە سەری و ئاگری تێ بەردا، قازی راد هەرچەند بەدڵ موسڵمانێکی دڵپاك و ساکار و قورئان لەدڵدابوو و لەالیەن خەڵکەوە بە قازی و داوەرێکی دادپەروەرو دڵسۆز ناسرابوو کە زۆر جار گیروگرفتی ژیانی ڕۆژانەیان دێنا خزمەتی و چارەسەریان لێ وەردەگرت،

بەسەرو مالّەوە خۆی بەختی شۆڕش و بەرگریی کوردستان کردو لەو ڕێگایەدا مالّ و حاڵی وەك پووشێك خستە بەر بای خەبات و شۆڕش و لەماوەی یازدە ساڵاندا لەم گوند بۆ ئەو گوند و لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، منالّ بە کۆڵ و دڵ پڕ لە هیواو چاو پڕ لە نەفرەت لە داگیرکەران، کۆڵی نەداو ساردنەبۆوەو چینی نەخستە نێو چاوان و، نەك هەر بنەماڵەی بەرفراوانی خۆی بەڵکو گشت خەڵکی ناوچەی سەردەشتی هان دەدا کە: دەی لەمنتان کەوێ ! ئێوە ڕۆڵەی هۆمەر پاشان نابینن لەسەر هۆمل سەرنجتان دەدا کە پاسداران بتارێنن؟! هادەی کوڕینە ! خومەینیتان پێ لە پیرێژنیش کەمتر بێ، لێیان دەن!

بەڕاستی کە هەرگیز هیچ هەواڵێکی ناخۆش و دڵتەزێن، گرتن و کوشتنی کوردو سوتان و خاپورکردنی کوردستان نەیدەترساند، بەڵکو بە پێچەوانەوە رق ئەستورتری دەکرد و دەیگوت بۆ ئازادی پیاو دەبێ خوێنیش بدا، سەختیش بکێشێ، لێدانیش بخواو دەردو ژانیش بکێشێ، بلاّم نابێ هەرگیز کۆڵ بداو وڕەی بڕوخێ، ئێمە نەچوینە سەر زێدو خاکی خەڵك و پەلاماری کەسمان نەداوە، ئەوە دوژمنە هێرشی کردۆتە سەر خاکی باوو باپیرانمان و وازمان لێ ناهێنێ، بۆیە دەبێ بەرگری لەخۆمان بکەین و کوردستان بکەینە گۆڕستانیان، بەڵێ قازی عەلی باوەڕی وابوو، هەتا دواییش کۆڵی نەدا، لە دژوارترین هەلومەرجدا پێکەنینی لەسەر زار بوو، هەرگیز قسەی خۆشی لێ نەدەبڕا، بۆ هەر باسێك تاکە شیعرێکی کوردی یا فارسی یان عەرەبی هەڵدەداو کۆڕەکەی پێ خۆشتر دەکرد، بە شیعری ڕووت و ئاگرین خەڵاپەی دوژمنی باس دەکرد و لەقاوی دەدان.

لـە ئـاوارەیی گونـدە دوورەدەسـتەکانی کوردسـتاندا مالّەکـەی هەمیشـە لەمیوانان جمەی دەهات کەیا بۆ زیـارەتی ئـەو دەهـاتن یـان لایـان دەدلو تێرو تەسەل و رازیی و بەورە مالاّواییان دەکرد، دەلّێم بۆ زیـارەتی ئـەو، چـونکە وەك پیـاوێکی پـیرۆزو مرۆڤێکـی پـاك چـاویان لێ دەکـرد کـە بـە پێچـەوانەی شـێخ و مـەلاو رێبـەری ئـاییـنی درۆزن و دەسـتبڕ کـە دایمـە چاویان لە دەست و گیرفانی رێبـواران و موریدانـە، یـان لەسـەر حیسـابی شۆڕش و خوێنی رژاوی خەلّك دینارو دۆلاری بێ حیسابیان لەپاندوە، ئەم پیرە دلاّوایە جگە لە پێشوازی کردن و دلّنەوایی میوانان، تەنانەت ئەگـەر پێویست بایە تۆشەی لەگەلّ دەخستن و پـولی پـێ دەدان و تـەنیا لێ یـان دەپاڕاوە کە نەکەن خزمەت بە شۆڕش و نەتەوەکەیان لەبیر بکەن.

قـازی عـەلی راد، یـان وەك خـەلّکێك پێیـان دەگـوت (مامۆسـتا قـازی) بەڕاستی مامۆستای قوتابخانـەی نیشتمانپەرستی و گەلدۆستی بـوو، لـە قسەی درۆو سوێند و پەیمانی بەتالّ و ترسنۆکی و وەرە بەردان بێزار بوو، وەك شـاخ و داخـەکانی سەردەشـتێ سـەربەرزو سـەر سـەوز، بەرانبـەر بەدۆست نەرم و نیـان و داڕدارو پـەنا بـوو، هـەروەك لەبەرانبـەر دوژمنـدا گرمەی دەهات و خەبات و فیداکاری وەپێش نوێژو تاعەتان دەخست و بە زیـن و زڕینـی پـێ کـوفر بـوو، هـەتا مـا بـە شـۆڕش وەفـادار مایـەوەو پێشـمەرگەی خـۆش دەویسـت، لـەم دواییانـەدا کـە پـیری و نەخۆشـی کەنـەفتی کردبـوو، بـە پێچـەوانەی ویسـتی خـۆی و بـە هـەولّی ئەوانـەی خۆشیان دەویست و مەترسی لەش ساغی ئەویان لەدلّدا بوو، ناچار هاتـە سوید و هەر چەند مـانگ بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی کـە ئـەو بـەردە خـاراوە،

چونکە لەسەر جێگای خۆی نەمابوو خەم و پەژارەی دووری لە یارو دیار و تەمی ئاوارەیی و نەخۆشی، لەم پاییزە تەماوییەدا گەلاّی تەمەنی لەداری ژین کردەوەو دلّە ناسکە پتەوەکەی لە لێدان کەوت و لە غەریبایەتیدا سەری نایەوە، بێگومان قازی عەلی راد بە شەهیدێکی هێژای گەلەکەمان دەژمێردرێ، شەهیدێك کە لەبیرماندا زیندوەو پاش خۆی ناوی پاکی لێ بەجێ ماوە، یادی پیرۆز بێ...).

کاك بەهرۆز لەگەلّ ئەم نووسراوە شیرینە (بیرەوەرییەکی خۆشی لە مامۆستا قازی) ناردوە، پێم حەیف بوو نەینووسیمەوە:

(ساڵی ١٩٨٥ لە جەنگەی شەڕی دوو رێژیمی خومەینی و سەددام، مامۆستا قازی لە شارۆچکەی کارێزەی ناوچەی سلێمانی گیرسابۆوە، تۆپە قورسەکانی لەشکری عێراق کە لەوبەری ئاوەدانییەوە دامەزرابوون، پەیتا پەیتا شارو گوندی ئەودیوی سنوور، واتە بەشێکی تری کوردستانیان خاپوور دەکرد، رۆژێکیان کە لە خزمەت قازی عەلی دابووم و چەند کەسی تریش دانیشتبوون لە نەکاو کابرایەك خۆی بە حەسارێ ماڵەکەدا کردو هاتە ژوورێ پاش سلاّو پرِی دایە دەستی مامۆستاو دەستی کرد بە دەست ماچ کردن، مامۆستا قازی دەستی کێشایەوەو بەخێراتنی کرد گوتی: (ئەوە چی یە ڕۆڵە بۆ شڵەژاوی؟) کابرا بەپەلەو هەناسە برِکێ گوتی:

(مامۆستا گیان بە بابەوە دەبەرت مرم، دە فریام کەوە، ماڵم وێران بوو، لە قسەی ڕا وادیاربوو ئەویش خەڵکی ئەو دیو سنووڕەو ئاوارەیە،

مامۆستا گوتی: باشە ئەوە چ هات و هاوارێکتە، چ بوە، لەسەر خۆبە! پێم بڵێ بزانم چ قەوماوە؟) کابرا گوتی: (نازانم بەو قورعانەی لێت خوێندوە هەر لەزارم دەرچوو، گوویەکم خواردوەو نازانم چیبکەم)، مامۆستا تێی خوڕی: (هەتیوە ئەوە دەڵێی چی؟ گوو خواردنی چی؟ شێت بووی، ئاخر چی بوە؟) کابرا سەرنجێکی جەماعەتی داو بەدەنگێکی نەوی گوتی: (قوربان، ژنە تیوەکەم بەیانی قەڵسی کردم، هەستام و لێم ڕاکێشا، ئەویش جنێوی پێدام و نێوی بابی هێنام، منیش دەهری بووم و تەلاقم لێخوارد، ئەویش سێ بەسێ! ئێستا هاتووم لەبەر کەوشەکانت مرم بۆم چاك کەیەوە)، مامۆستا بڕێك بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: (هیچ نیە، هەر هەمان گوویە خواردووتە!) کابرا هەڵبەزیەوە: (جا چۆن قوربان! بەسەری تۆ سێ بەسێ تەلاقم خستوە، دەبێ بۆم چاك کەیەوە)، مامۆستا بە بزەیەکەوە ڕووی لە ئێمەکردو گوتی: (هیچ نیە، کەر تەلاقی ناکەوێ، جا توخوا بابم تەلاقی کەر دەکەوێ؟!) کابرا کە دیتی مامۆستا گاڵتەی پێدەکا بە هەناسە ساردیەوە گوتی: (مامۆستا گیان هومێدم هەر ئەتۆ بووی، ئەوە تۆیش ماشەلاّ بەکەرم دەزانی، ئاخر ئەمە باسی شەرعەو گاڵتەی پێ ناکرێ، باسی نامووسە!)

مامۆستا قازی ئەمجارە بە تورەییەوە گوتی: (ئاخر هەتیوە خوێرپە ئەتۆ ئاوارەبی و مالّ و منالّت بەکۆڵەوە بن، ها ئێستا ها تاوێکی دیکە تەیارە دێ و بۆمباران دەکا، کەس چاوەڕوانی خۆی نیە، دوژمن لەهەردولاوە گەمارۆی داوین، ئەوەتا تۆپی سەدامی وەکو سەگ پێمان دەوەڕن، جا لە کاتێکی وا ناسکدا چ کەسێك جگە لە کەرێکی وەك تۆ هەڵدەستێ ژنی

خۆی وەبەر شەپ و لێدان دەداو تەلاقی لێ دەخوا؟ جا با بەشەرعیش بێ، ئەم کارە هەر لە کەرو گایان دەوەشێتەوەو دیارە کەرو گاش نە تەلاق دەخۆن نە تەلاقیان دەکەوێ، هەستە برۆ ژنەکەت ئاشتکەرەوەو جارێکی دیکە گووی وا مەخۆ!).

کابرا کە دەتگوت بارێکی قورسیان لەسەر شان لابردوە، بە ئاشکرا شادیی و خۆشی لە روومەتی پەیدا بوو، هەستاو وەدەرکەوت).

سەفەر بۆ فنلاند

۹٤/۱۱/۱۰ بۆ سەردانی مامۆستا حاجی مەلا محەمەدی شەڵماشی کە ئەویش ئاوارەو ببوو لە فنلاند گیرساببۆوە، چوومە فنلاند، چەند رۆژێك لە خزمەت مامۆستا لەوپەڕی خۆشیدا بەیادی رۆژانی رابردوو باسی مەسەلەی نەتەوەکەمان رۆژمان بردەسەر، لەگەڵ کاك حوسێنی رەهبەر کە ئەویش گەیشتبوە فنلاند دیدارمان تازە کردەوە، هەروەك مامۆستا دەیگوت کاك حوسێن لە رادەبەدەر بە مالّە مامۆستاوە ماندوو بوەو ئەو رۆژانەی منیش لەوێ بووم بە ماشێنەوە رۆژێك لێمان خافڵ نەبوو، کاتێکی سالّی ۱۹۷۹ رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە ئاشی پشکاوێ خۆی گرتبۆوە، من لە مەهاباد خەریکی پەیداکردن و ئامادەکردنی رادیۆی دەنگی کوردستان بووم و مەلا عەولاّی حەیاکی لە حکایەتەکەی خۆیدا بەدرۆوە دەنووسێ: (رێبەرایتی حیزب ئاگای لە سازکردنی رادیۆ بوە..)! کاك حوسێن هەوەڵ کەس بوو لە شێوەو چۆنیەتی ئامادەکردنی رادیۆ دەنگی کوردستاندا بەشداری کرد، لەم سەفەرەدا کاك سەید حەبیبیشم

دیتـەوە کـە کـادری ناوچـەی شـیمال بـوو، بـە ئـاواتی خوێندنـەوەی بیرەوەرییەکانم بـوو، پـارەی دامـێ و هـەموو بـەرگی بیرەوەرییـەکانم بـۆ نارد. .

رۆژی ١١/١٧ کە لە فنلاند دەگەڕامەوە، مامۆستاو کاك حوسێنی رەهبەرو حـاجی کـەمالی کـوڕی مامۆسـتا زەحمـەتیبان کێشـاو هاتنـە لەنگـەرگای پاپۆڕ، دیاربوو تۆزێك دواکـەوتبووم، بـە پـەلـە مـالاًواییم خواسـت و خـۆم گەیاندە پاپۆڕ، کە سـەرکەوتم دڵم وە ژان کەوت و هەر ئەوەنەم پێکرا کـە خۆم بەسەر کورسیەك دابدەم، هەر چۆنێك بوو یەکێکم تێگەیاند کە حاڵم خەراپە، سیسترایەکی مەریەم ئاسا هات، فشاری خوێنی گرت و گوتی تۆ نـاتوانی سـەفەر بکـەی، ئێسـتا بـانگ دەکـەم هیلیکۆپتـەر بـێ و بچـیە نەخۆشخانە.

پرسیم نەخۆشخانەی سویدی یا فنلاندی؟ گـوتی تـۆ ئێسـتا لـە فنلانـدی، گوتم نایەوێ، با لە ژوورێك درێژ بم، بردمیانە ژوورێك و هەر پازدە دەقیقە دەهات فشاری خوێنی دەگرت و یەك دوو حەبی دامێ و هاتمەوە سەرخۆ، نامەیەکم بۆ مامۆستا مەلا محەمەد نووسی و ناڕەحەتی و هاتنی سێستڕام بۆ باسکرد.

لە وەلاّمی نامەی مندا ٩٤/١١/٢١ ئەم نامەی خوارەوەی بۆ نـاردووم کـەوا ئەم لاپەڕەی پێ دەڕازێنمەوە.

نامەی مامۆستا مەلا محەمەدی شەلّماشی

.. بۆ زۆر بەڕێزو خۆشەویست کاك کەریمی حسامی!

ئەوەندەی بە هاتنەکەت شادومان و خۆشحاڵ بووین دوو ئەوەندە بە خەبەری ناڕەحەتیەکانی سواربوونی کەشتی غەمبار بووین، بەڵام وەك خۆت گوتەنی فریشتەی خوا دەستی شیفایان بەسەردا هێناوی و رزگاریان کردووی زۆر شوکر، کاکە سەبارەت بە بیرەوەریەکانت بەڕاستی نازانم لەکوێوە دەست پێ بکەم. وەی ئافەرین بۆ ئەو بیرە تیژانەت کە ئەو هەموو گەوهەرە جوانانەت لە دەریای خەیاڵی خۆیاندا حەشارداوەو لەکاتی پێویستدا یەك بەیەکیان لەناو سەدەفی زینەتدا هێناوەتە سەر لاپەڕەکانی دنیای ئەدەبیاتی کوردی و رێبازێکی تازەت نیشانی گەلی کورد داو ئومێدەوارم ببێتە سەرچاوەی چاولێکەری بۆ ڕۆژانی داهاتووی نووسەران وە لە بارەی ڕەخنەو رای دەربڕینی خۆم، دیارە هیچ نووسراوەیەك بێ ڕەخنە نابێ بەڵام نە ڕەخنەی وەك ئەو برادەرانەی لای خۆت و نەوەك ئەو مەلایەی لای سەردەشت کە ڕەخنەی لە (قورئان) گرتبوو لەسەر (القرآن الحکیم) نووسیبووی (ئەلئەولا – الاولی والقران العظیم) لام وایە ڕەخنەکەی من وەك ئی هیچیان نیە، سەبارەت بە گیرانی مەلا ئاوارە چونکە لەو کاتەدا ئەمن مەلای مزگەوتی گەڕەکی سەرچاوەی شاری سەردەشت بووم و دوو ڕۆژ لەپێش گرتنیدا مەلا عەبدوڵڵای قاسمیانی کە خۆی ساواکی بوو هاتە لام و گووتی : ئەوڕۆ کۆبوونەوەیەکی شەش نەفەری کرا بە سەرۆکایەتی ئووەیسی و سەرهەنگ ئەمینی و برایم ئاغای بەریاجی و پیلانی گرتنی مەلا ئاوارەیان لە سێ جێگاوە داڕشت، یان لە (کانی بی) یالە (بێشاسب) یان لە (دیوالآن)،

منیش هەر لەدوای ڕۆییەنی مەلا عەبدوڵڵاڕ مەلا عەلی برام نارەدە کانی بی چونکە دەمزانی شەو لەوێ بووە، مەلا عەلی هاتەوە گوتی لەوێ نەماوە، ڕۆژی دوایی نەمزانی لەکوێیە، ڕۆژی سێیەم بە بەیانی زوو مەلا ئاوارەو دوو نەفەرەکەیان بە هێلیکۆپتەر هێنان بۆ سەردەشت و لەپاش چەند ڕۆژ (گوڵە دینە کەچەڵ) کە خەڵکی شەڵماشی خۆمان بوو، زوو پێشمەرگەی مەلا ئاوارە بوو بەجاش هاتەلام و گریاو گوتی: سەروان (سروش) هەر ئێوارە هەموو جاشەکان کە بریتیی بوون لە کوێخا پیرۆتی (کونە مشکە) و مەلا ڕەحیمی زێوەو هەڵمەت و قادری ڕەسو اغای بێوران و محەمەدی ڕەسوە گەورکەو گروی زەربەتی کۆکردەوەو بەرەو دیوالآن وەڕێ کەوتین و یەك سەرە چووینە ئەومالّە کە مەلا ئاوارەی لێ بوو هێنامانە دەرێ و بردمانن بۆ مزگەوت گوتی: بە مەزەندە بە دەستکیسی برایماغاو بەهۆی حەسەن سەکردەوە دوو مالّیان بەشەڕدابوون، گوتبوویان تا مەلا ئاوارە نەیە ئاشت نابینەوە، چونکە ئەوکاتە لەناوچەی سەردەشت خەڵك هەر گیروگرفتێکیان بوایە نەدەچوونە لای حکومەت و پەنایان بۆ حیزب دێنا، کاتێ مەلا ئاوارە دەچێ بۆ ناوبژیان دوو پێشمەرگە لەگەڵ خۆی دەباو ئەوانی دی لە (گەڵوێ) دەبن، دەڵێ دوو سەعاتم پێدەچێ و دێمەوە، کە دەچنە مالّەکە حەبی خەویان بۆ دەچێشتێ دەکەن و خەویان لێ دەکەوێ، کاتێ چەند سەعات تێ دەپەڕن و مەلا ئاوارە ناگەڕێتەوە دەکەونە شکەوەو دێن بۆ دیوالآن بەسەر جەیش و جاشدا دەکەون و دەست دەکەن بە تەقە، (گوڵە دینە کەچەڵ) گوتی: مەلا ڕەحیمی زێوەیی خەنجەرەکەی لە مەلا ئاوارە کردەوە لەگەڵ کوێخا پیرۆت بەسەر

سەریەوە ڕاوەستان و هەر ئێستا ئێوە دەکوژین، مەلا ئاوارە ناچار بوو نامەی بۆ نووسین تەقە نەکەن بەڵام ئەوان بە قسەی مەلا ئاوارەیان نەکرد و تەقەیان ڕانەگرت و نێزیک بوونەوە، دووبارە تینیان بۆ مەلا ئاوارە هێنایەوە نامەیەکی دییان پێ نووسی بەفەقێ ڕەحماندا ناردیان و تا ئەوەش کرا ڕۆژ ڕووناک بۆوە تەیارە گەیشتەوێ.

گرتنی مەلا ئاوارە ڕاستییەکەی ئاوابووە با ئەو ڕاستیە ون نەبێ، تکایە لەبەرگی دەدا بێتە ناو بیرەوەریەکانتەوە، لە کۆتاییدا بەقەد درێژی شەوانی پایزی (فینلندی) سلاوی خەدیجە خانم و کاك کەمال و شلێر خانم دەگەیەنین و داوای سلامەتی و سەرکەوتنتان بۆ دەکەین و لەمنەوە ڕا تا ریکان ئەحوالتان دەپرسین، برات محەمەدی شەلماشی ١٩٩٤/١١/٢٠.

نامەی مامۆستا عەبدولوەهاب تالەبانی

لە ئاخروئۆخری ساڵی ١٩٩٤ نامەیەکی بەڕێز کاك عەبدولوەهاب تالەبانیم پێگەیشت، من قەت بە خزمەت ئەم زاتە نەگەیشتبووم و نەمدەناسی، بەڵام چونکە پێوەندی بە بیرەوەریەکانمەوە هەیە، دەقی نامەی مامۆستا عەبدولوەهاب تالەبانی بلاودەکەمەوە:

مامۆستای بەڕێزو خۆشەویستم کەریمی حسامی پێشکەشە:

سلاوێکی گەرم و گوڕتان لێ بێ و ، بە ئومێدی ئەوەی هەمیشە لە تەندروستیەکی چاکدابن.

ئەوە دووساڵە هاتومەتە ئەو ولاتە، لەم سەرگەردانیەمدا کە زۆر ئازارم

دەدا، ئەو پێنج بەرگە یادداشتانەی جەنابتان هۆگری چاك و هاودەمی ئازیزی رۆژانی ئاوارەیی بوون.

بێگومان لەوانەیە گوتنی راستیی زۆر کەسی خاوەن عیلاقەت بەو روداوانەوە (کەڕ) بکات یان راپەڕێنێ و، بەناوی راستکردنەوە یان رازاندنەوەی هەڵوێستەکانیان بچن بە گژتا، دوورنیە هەندێکیان خاوەن هەق بن و، کانگای یادو بیری جەنابتان هەندێك لە رووداوەکانی زۆر بە روونی هەڵنەگرتبێ و، هەندێکیشیان لەسەر هەق نەبن.

بەڵام... ئاهەنگی راستگۆیی لەناو یاداشتەکانتاندا زەنگێکی پڕ خرۆشە وای دەبینم کە رۆمانێکی واقیعیانەن و، سەرگوزەشتەی میللەتێکە کە دەیەوێ لەنێو تەپ و تۆزو تەم و مژو ساختەچیەتی و گرێ کوێرەی (بەرژەوەندییە تێکەڵاوەکان) گوڕ بەخۆی بداو، پێ یەکانی لە زەوی توند بکات و بێ پەروا قیت بێتەوە.

جەنابتان وەکو ناوبانگ و تێکۆشەرێکی لەخۆبردووی ئەودیو دەناسم و بەشانازییشەوە دەیڵێم کە دۆستایەتیم لەگەڵ گەلێ لە تێکۆشەرانی ئەودیو هەبوەو، مامۆستای خوالێخۆشبوو عیسا زەبیحی (عولەما) لە شەستەکاندا بۆ ماوەیەکی درێژ بە شێوەیەکی نهێنی لە باڵەخانەکەی ماڵەکەمانەوە لە گەڕەکی شۆڕیجەی کەرکووك سەرپەرشتی لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستانی دەکرد... لە بەغداش تا هەڵاتنم لە کۆتایی ساڵی ١٩٩٢ دا لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاکە غەفوری شەهیدا دۆستایەتیەکی چاکمان لەنێواندا هەبوو، لە ساڵی ١٩٧٥ یشدا پاش

هـەرەس هێنـانی شـۆڕش، دیسـان جـوانترین و ڕازاوەتـرین یادگـاری پەنابردنە بەر کوردستانی ئێران لە مێشك و ویژدانمداو وێنەی پیـاوەتی و مەردایـەتی و خزمایـەتی خـەڵکی بێچـارەو دڵگـەورەی ئـەودیوی ئـازیز، جێگـای خـۆی کـردەوەو هـەرگیز ناسـڕێتەوە، یاداشـتەکانت کـە لـە ڕێـی زاواکەم و کچـەکەم (ڕۆژگـارو تـارا) گەیشـتنە دەسـتم- ئـەوان ئێسـتا لـە شاری ئیسکلیستونەی سوید دەژین، ئەو یادداشتانە وەکو زمان و دارشتە موکریانیـە بـە لەزەتەکـەی ، کەللـەی گـەرم کـردم، کـێ دەڵـێ ئـەدەب نانووسی؟ ئەی ئەدەب چۆن چۆنی دەنووسرێ؟ وەکو بەڵگەنامـەش تێـی گەیاندم کە خەڵکی کوردیش دەتوانن شەهادەتنامەی خۆیان بە جورئـەت بنووسن و (لە بنی هەمانەکەش بدەن!) وە دەستتان خۆش بێ.

ئەم نامەیە نامەی ڕەخنەو پیا هەڵـدان نییـە، بـەڵکو کـارتێکی پیرۆزبـایی لێکردنە و هیوادارم بەدڵێکی فراوانەوە قبوڵ بفەرموون.

هەربژین و هیوای ژیانێکی ئاسوودەو بەختیارتان بۆ دەخوازم، دڵسۆزتان عەبدولوەهاب تاڵەبانی- شام ١٩٩٤/١٢/١٣.

چەند دێڕێك بۆ سەرگرتنی ئەم بەرگەی بیرەوەرییەکانم

بەهیوا بووم بە نووسینی ئەم بەرگە کۆتایی بە بیرەوەریەکانم بێنم و چیدیکە خوێنەرانی بەڕێزی کورد بەو نووسینی کرچ و کاڵ هیلاك و شەکەت نەکەم. هەرچەندە رووداوەکانی ساڵی ١٩٩٥ و ئەم لاتریش بۆیە دەبن بە کورتیش بێ بێنە سەر کاغەز، هەرچی بێ ئەوانیش بەشێکن لە بیرەوەری نووسەر و رووداوی نێو بزاڤی رزگاریخوازی کوردو رووبوونی هێندێ بیروڕای جۆر بەجۆر لەسەر رووداوەکان.

لەم ئاوارەیی و دەربەدەریەدا، هێندێ جار روداوی ئەوتۆ دێنە پێش کە ناکرێ پیاو بەسەریاندا بازدا.

تازە لە نووسینی ئەم بەرگە دەرباز ببووم، دوو نامیلکە، یان دوو کتێب لە ستۆکهۆڵم بڵاو بوونەوە کە هەر یەکەی لەلایەك و بەجۆرێك و لە روانگەیەکییەوە چەند لاپەڕەیەکیان بۆ باسی بیرەوەریەکانی من تەرخان کردبوو، یەکیان کە ناوی (لێکۆڵینەوە)ی لەسەر بوو، لەبەر ئەوەی نووسەری (لێکۆڵینەوە) لە بواری (فەلسەفی و زانستی) یەو لە لێکۆڵینەوە تێ نەگەیشتوەو پێی وایە کاغەز رەشکردنەوە هەر لەخۆیەوە دەبێتە رەخنەو هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوەی بابەتەکان، شتێکی وانیە نرخ و بایەخی ئەوەی هەبێ کە باسی بکەم، ناشمەوێ لە رێگای نووسین و نووسراوەکانی منەوە خەڵك ناوی بێتە ناو نێوان، لەم بارەوە لە ڕابردوودا رەخنەی دۆستانەم هاتوونەسەرو دەرسیشم وەرگرتووە، دووپاتی ناکەمەوەو بەم شیعرەی فارسی وازی لێدێنم:

(هرکه ناموخت از گژشت روذگار – هیچ ناموزد زهیچ اموزگار)

.ئەوەی دووەمیان نووسەرەکەی مەلا عەولای حەییاکی یە کە بۆتە (عەبدوللا حەسەن زادە) و تازە سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و جێنشینی دوکتۆر قاسملوی شەهید، نووسیویەتی سکرتێر ناکرێ بێ وەلام بمێنێتەوە، چونکە حیزبی دیموکرات لەم بارودۆخ و هەل و مەرجەدا جگە لە دم بە دمەو شەڕە قەڵەم و بوختان هەڵبەستن بۆ هاوکارانی پێشوو و سووڕانەوەی سکرتێر بۆ روونکردنەوەی سەرکەوتنەکانیان هیچ کەمایەسی یەکی دیکەی نیەو ئەو کەمایەسییەش سکرتێری تازە دەبێ بە گێڕانەوەی حکایەت بۆ کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامانی تێگەیشتووی حیزب پڕی کاتەوە.

حیکایەتێکی مەلا عەولای حەییاکی (عەبدوللای حەسەن زادە) بەناوی (نیو سەدە تێکۆشان) گۆیا بەبۆنەی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان هۆندوویەتەوە، هەر لەسەرەتاوەو لەناو لێنانی حکایەتەکەیەوە لە رێبازی راستی لایداوە، حکایەتەکەی ناوناوە (نیو سەدە تێکۆشان) ، بەڵام عەولای حەسەن زادە لە ساڵی ١٩٥٣ وە دەست پێدەکات گۆیا باسی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات دەکا کە ئەودەم نە ئەندامی حیزب بوەو نە ئاگاداری چۆنیەتی تێکۆشانی حیزب، هاتوە بە کەڵک وەرگرتن لە بیرەوەریەکانی من و نووسراوەو قسەی ئەم لاو ئەولا، بێ ئەوەی ئاماژە بۆ سەرچاوەو بەڵگەیەک بکات، هێندێ شتی بەسەر یەکەوە ناوە تا گەیوەتە ساڵی ١٩٨١ و ٢٨ ساڵی کردۆتە (نیو سەدە

تێکۆشان) ، بەڵام عەولاّی حەسەن زادە ئەو هەموو قوڕە کاریەی بۆ ئەوە نەبووە کە ٢٨ ساڵ بکاتە ٥٠ ساڵ و خۆی پێ رابنێ، ئەو کە دوای دکتۆر قاسملو و دوکتۆر سەعید بۆتە سکرتێری حیزب خۆی لە دارو بەرد داوە تا بە هەڵبەستنی هێندێ بوختان و درۆ داخی کینەو بوغزو حەقدی مەلایانەی خۆی دەربڕێ، ئەویش دژی کەسێك کە ماوەی ٨ ساڵ ملی مەرایی و ماستاو ساردکردنەوەی لەبەرانبەردا لار کردۆتەوە، دژی کەسێك کە بە شاهیدی چەند ئەندامی دەفتەری سیاسی ئەو دەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان گوتوویە لینینیش لە نووسیندا هەر بەقەد کەریمی حسامی کاری کردووە، برادەرێکی دەفتەری سیاسی بەدەمی دا داوەتەوەو کاتێ بۆ منیشیان گێڕایەوە لەشەرمان تەواو ناڕەحەت بووم، هەر بۆیە هەر وەك ئەو دەمڕاستی نەدەکردو بە مەرایی وێژدانی خۆی لەژێر پێ دەنا، ئێستاش باش دەزانێ ئەوەی نووسیویەتی درۆیە، بەڵام ئەوەش دەزانێ کە کەریمی حسامی لەنێو کۆڕو کۆمەڵی دیموکرات و پێشکەوتنخوازانی کوردا بە تێکۆشەرێکی چەپ و خاوەن بیری مارکسیستی و بە خزمەتکارێکی دڵسۆزی مەسەلەی کورد ناسراوە، ئەوەش بۆ کۆنە پەرستی کورد دەردێکی بێ دەرمانە، چەپی کورد لە هەموو کات و زەمانانـدا ئامانجی تیری تـوانج و پـلارو پـەلاماری کۆنەپەرستی بووە، لە کوشتن و راونان و زیندانەوە بگرە، تا دەگاتە ساز کردنی درۆو بوختانی وەك مەلا عەولاّی حەیاکی دەست و زمانی لە هیچ نەگێڕاوەتەوە، خڵتەی کۆنەپەرستی دامرکاندنی کولّ و کۆی دەروونی لەوەدا دەبینێ کە زارکی هەنبانەی پڕ لە درۆو تۆمەت بکاتەوەو

ئاراستەی کەریمی حسامی بکات، ئەوە جاری یەکەم نیە کە عەولای حەسەن زادە بۆ ئەم شالاوە چنگ و دان نیشان دەدات، سالی ١٩٩٠ دوای شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو، عەولای حەسەن زادە بە دەرفەتی زانی لە رۆژنامەی کوردستاندا بە ناوی (دەردی دۆستانی خاریجە نشین) لە تویژی وتاریکدا داخی بوغزو کینەی مەلایەتی بەرۆژنامەی (سەردەمی نوێ) دەردەبڕێ، مەلا عەولای حەییاکی لەداخی ئەوە ئاوسابوو کە (سەردەمی نوێ) باسی مەسەلەی کورد دەکات و لەوەش زیاتر بەوە ناڕەحەت و توڕە بوو کە پتر لە هەموو کەس و لەهەموو چاپەمەنییەکی کوردی جینایەتەکانی رێژیمی عێراق لەقاو دەدا.

ئەودەم سەردەمی نوێ لە ژمارە ٤٩ ی رەشەمەی ١٩٩٠ لە وتاریکدا بە قەڵەمی کەریمی حسامی وەلامێکی پێویستی دابۆوە، عەولای حەسەن زادە لە جیاتی توندکردنی خەبات دژی دوژمنانی گەلی کورد ویستبووی لەگەڵ سەردەمی نوێ دم بەدمە درێژە پێبدا، بەڵام دوکتۆر سەعیدی رەحمەتی بە دمی دادابۆوەو بێدەنگی کردبوو، دیارە بوغزو داخی خۆ بەکەم زانینی مەلا عەولا پەنگاوی خواردۆتەوەو لەدەرفەت گەڕاوە کە ئەم کێم و زوخاوە لە دەرونی دەربکا، تا خواو راستان لە سایەی تێگەیشتوویی ئەندامانی کۆنگرەی حیزب دەبێتە سکرتێر، هەلی بۆ هەڵدەکەوێ بە قەولی کاك مستەفای هیجری ئێستا ئەوەندە کە لە پاسداران دوورکەوتونەوە تۆپ و خومپارەشیان ناگاتێ، سکرتێر دەبێ چی بکا؟ دوو ڕێگای لەبەرە، یەکەم سووکە سەفەر بۆ ئەوروپا بەمەبەستی نیشاندانی سەرکەوتنی حیزبی دیموکرات لە خەباتی دژی

رێژیمدا ! ! دووەم نیشاندانی ئاگاداری و شارەزایی خۆی لە تێکۆشان وەك لە کوردستانی ژمارە ٢٢٤ دا بە بەژن و بالأی دا هاتوونە خوارێ، بۆ ئەم خۆپیشاندانە دەبێ لەلایەڕەکانی حیکایەتەکەیدا بوختان و تۆمەتی نا ئیسنانانە بۆ کەسێك هەڵبەستێ کە نێزیکەی ١٤ ساڵ هاوکاری حیزبی بووە و نێزیکەی ٤٠ ساڵیش یەکێ لە ئەندامانی تێکۆشەرو فیداکاری حیزبی دیموکراتی کوردستان و لایەنگری مافی زەحمەتکێشی کورد بووە، دیارە ئەوە بەشێکە لەو (ئەخلاقەی کە دوکتۆر قاسملوو هێناویەتیە نێو حیزبی دیموکرات) وەك بۆخۆی گوتویەتی و دەبێ ڕێگای ڕێبەر کوێر نەکرێتەوە.

جەنابی مەلا کە هەستی بەو سەرلێشێواویە کردوە، ئەم جارە ویستویەتی بەو ئیعترافە خۆی وەپەڕێنێ و پاکانە بۆ شەتەحاتەکەی بکا بنووسێ: (لەوحەی مێشکم تۆزی لێ نیشتوەو تووشی ژەنگ هەڵێنان بوە، بە واتایەکی دیکە پەنا بۆ ئەم ئایەتەی کەلام باری تەعالا بەرێ کە دەفەرموێ (لیس علی المریض حرجاً) بەم ئایەتە خۆ وەپەڕێنێ، چارە ڕەشی گەلی کورد هەر ئەوە نییە کە بۆتە ژێر دەستی تورك و عەرەب و عەجەم و نیشتمانی داگیرکراوەو لەهەموو مافێکی ئینسانی بێبەش کراوە، بەڵکو لەوەش دەردەدارتر ئەوەیە کە چارەنووسی ئەم گەلە فیداکارە کەوتۆتە دەستی کەسانێك کە (مێشکیان تۆزی لێ نیشتووە و ژەنگی هەڵێناوە) لەجیاتی بیبەنە نەخۆشخانە و عیلاجی بکەن دەیکەنە سکرتێر ی حیزب و مەسەلەی کوردیش لە ولاتی ئێمە دەگاتە ئەم ڕۆژە کە ئێستا تێیدایە، تاقە شانازیش ئەوەیە کە (لە شین و

شەهید بوونی ئەندامانی (رێبەرایەتی) و لە بەستنی کۆنگرەکاندا پرسەو پیرۆزبایی زۆریان بۆ دەنێرن)، دیارە مەسەلەکەش هەروا سادە نیەو نابێ هەموو شت لەچوارچێوەی بەرژەوەندی بزووتنەوەدا سەیری بکرێ، کابرای دەبێتە سکرتێر هەرچەندە لەوحەی مێشکی ژەنگی هەڵێنابێ و تۆزیشی لێ نیشتبێ، وەک گوترا دەبێ وابکا چالاکیەک لەخۆی نیشان بدا، کاریشی بەوەی نەداوە ئەوەی دەیکاو دەینووسێ چەندە قازانج و زیانی بۆ بزاڤی رزگاریخوازی کورد هەیە، بە قەولی کابرا: (بانەیی یەو غار ئەکا) دەرفەتی بۆ هەڵکەوتووەو نابێ لە کیسی بدات! !

سەبارەت بە حیکایەتی عەبدوڵڵاّ حەسەن زادە لەکاتی خۆیدا نامیلکەیەکی ٥٠ لاپەڕەییم نووسیوەو نرخی ئەوەی نیە جارێ لێرەدا زیاتر باسی بکەم بەڵاّم هەر لەم بەستێنەدا نامەی دۆستێکی کوردی زانیشم بۆ هاتوە، هەرچەند ویستویەتی بە کۆمەگی دووخەتی نیشانەی سەرسوڕمان بەناهەق نەقورچی خۆی بوەشێنێ، بەڵاّم بۆ ڕێزگرتن لەبیرو بۆچوونی نووسەرو رەوتی دیموکراسی دەقی نامەی بەڕێز کاك بەهرۆزی کورد ئەحمەدی بڵاّو دەکەمەوەو سوپاسیشی دەکەم:

نامەی کاك بەهرۆزی کورد ئەحمەدی

کاك کەریمی حسامی بەڕێز!

سڵاّوێکی گەرم و سوپاسێکی گەرمتر بۆ نامیلکەی وەڵاّمی نوسینەکەی مەلا عەولاّی حەییاکی، دەستتان خۆش و دڵتان شادبێ، من پێم وایە برادەرانی بەرپرس لە حیزبدا چ جاران و چ ئێستا زۆر جار لە گێڕانەوەی

رووداوەکان و بەرەو رووبوون لەگەڵ راستییەکاندا تووشی بێدەسەلاتی و قازانج پەرستی و بەلاڕێ داچوون، بێ ئەوەی مەبەستی مەراییم هەبێ- کە ئانی کەم بۆخۆم دەزانم من وانەبووم و نیم- لەسەر ئەو باوەڕەم کە سەرجەم بیروەریەکانی ئێوە سەرەڕای کەم و کوڕی و جار بەجار چەوتی و هەڵەو پەڵەو وردە دەمارگیری و بڕێکیش زمان درێژیی!! بەڵگەیەکی تەواو حاشا هەڵنەگری بەشێکی خەباتی خوێناوی نەتەوەکەمان لەلانی کەم چل ساڵی رابردوو دایە، کارێك کە رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان و بەتایبەتی حیزبی دیموکرات نەیانوێراوە خۆی لێ بدەن و یەك دوو جاریش ئەگەر بە کورتی کارێکی وا کرابێ -بۆ وێنە نووسینی دوکتۆر قاسملووی شەهید و هی تر- وەك ئێوە بەشێکتان رووبکردۆتەوە منیش و زۆر خەڵکی تریش فرە راستی دیکە دەزانین و لەگەڵ بووین، ئەو ڕاستیانە لەو نووسینانەدا یان رەنگیان نەداوەتەوە یان بە پێچەوانەوە نووسراون، دەقی تەواوی بیرەوەریەکانی ئێوەو بەتایبەتی ناوئاخن و نێوەڕۆکە سیاسیەکەی ئەو بیرەوەریانە ئەوەندە روون و لەقاودەرن کە بەرپەرچدانەوەیان، یا بوختان هەڵبەستن بۆ نووسەرەکەیان کەمترین رەنگی نیەو نایبێ، مەبەستم ئەوەیە کە هەوێنی راستیە زەقەکانی نێو بیرەوەریەکان، وریایی و هۆشیاری ئێوە کە هەر لە زووڕا هەرچی لە ژیانی رۆژانەدا-کە هەمووی ژیانی سیاسی بوە - رووی داوە، بەکات و بەجێ و بە بەڵگەو سەنەدەوە بینووسنەوەو کۆی کەنەوە بۆخۆی گرنگترین و بەنرخترین ئەرك و کارە ئەمە بەلای خوێنەرانی بیرەوەریەکانەوە ئەوەندە گرنگە کە لە جنێودانی هێندێ خەڵك و بەرایی ئەم و ئەوو بوختانی جۆر

بەجۆر شتی وا نووکە دەرزی یەك لە نرخی بایەخ و ئەم مێژووە زیندووە کەم ناکاتەوە، بۆیە جارێکی تر دەست خۆشیتان پێ ئێژم و هیواُدارم کە لەش ساغ و تەندروستی هاوسەرو هاودەمی هەمیشەیی تان بێ (با خەجیج خانمیش هەوەیەك پەیدا بکا، چ دەبێ؟!

کاکەگیان وەك پێشتر قەولم دابوو ئەوا وتارەکەی یادی قازی عەلی راد و بیرەوەریەکی خۆشی ئەوم بۆ ناردن تا لەکاتی باسکردنی مامۆستا قازی لەبەرگی ١٠ ی بیرەوەریەکاندا ئەگەر پێتان خۆش بوو کەڵکیان لێ وەرگرن، براتان بەهرۆز کورد ئەحمەدی ٩٦/١/١٥.

بەگوێرەی شوێن هەڵگرتنی نووسینی بیرەوەریەکانم دەبوایە نامەی بەهرۆزی رابگرم بۆ بەرگی یازدەهەم، بەڵام کێ دەزانێ تەمەن مەودا دەدا بەرگی ١١ ی سەربردەی خۆم لەم ئاوارەییدا بنووسمەوە.

دوای تەواو کردنی ئەم بەرگە و چاوەڕوانی کاك ناسری ئیبراهیمی بەڕێز بۆ ئەوەی بێ و مۆنتاژی بکاو رێك و پێکی بکاو وای لێ بکا رووی مەجلیسی هەبێ، بەناچار تا هاتنی ئەو بەنێو دەفتەرو یادداشتەکانمدا دەگەڕام تووشی لاپەڕەیەك بووم کە لەمانگی ئاوگوستی ١٩٩٤ لە سۆفیا نووسیومەتەوە، پێم حەیف بوو، بەجێ بمێنێ و لاپەڕەیەکی دیکەی پێ زیاد نەکرێت، بۆیە هاتمە سەر ئەم باوەڕە کە دەقەکەی بنووسمەوە: (ئیمڕۆ گوێم داوەتە بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکا ، ئەوە کاری رۆژانەمە، بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا نەبێ لەم دنیایەدا لە کوێندەرێ باسی کورد بەگوێ دەگات، مالّی ئەمریکا ئاوەدان بێت و خوا کارگێڕانی

بەشی ئەمریکا کوردی رادیۆکەش راوەستاو کا بەتایبەت کە ئێستا دوای نامەیەکی دۆستانەی من وازیان لە بەکارهێنانی وشەی ناقۆلاّی داتاشراوی وەك (شالیارو رامیارو..) هێناوەو هیواداریشم لە پاراستنی وشەی رەسەنی کوردی بەردەوام بن، ئیمڕۆ لەگەلّ یەك دوو برادەر گوێمان لە وتەکانی عەدنان موفتی بوو کە لەسەر بیروڕای خەلّك سەبارەت بە کۆبوونەوەی نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی و پارتی لە پاریس پرسیاریان لێدەکرد، پرسیارەکە ئەوەبوو کە داخوا خەلّك لەوە ناڕازی نەبوو کە دوو حیزبی کوردی لە کوردستان شەڕ بکەن و نەتوانن کێشەی نێوخۆیان بە هاوکاری حیزبە کوردیەکان و خەلّکی کورد چارەسەر بکەن، بێن لەپاریس لەژێر چاودێری بێگانەدا ڕێك بکەون؟ کاك عەدنان موفتی لە وەلاّمدا دەیگوت: (نا... کەس بەوە ناڕازی و تووڕە نەبوە) لەکاتێکا هەر ئەودەم ئێمە چەند کوردێك کە گوێمان دابوە وتوویژەکە هەم لە کۆبوونەوەی پاریس ناڕازی بووین و هەم بۆچونەکەی عەدنان موفتیمان پێ ڕاست و بابەتی نەبوو، بێگومان بەشی هەرە زۆری کوردی ڕۆشنبیر و تێگەیشتووی سەربەخۆو دلّسۆز، کۆبوونەوەی پاریسیان بۆ دوو حیزبە سەرەکیە شەڕکەرەکە بە سوکایەتی دەزانی، ئەوە نیشانی دەدا کە کورد خۆی هەر شەڕو دوژمنایەتی و خەلّك بەکوشتدانی لە توانادا هەیە، و ناتوانێ گیروگرفتی خۆی چارەسەر بکات و دەبێ یەکی دیکە گوێچکەی بگرێ و بەکەیفی خۆی بیجولّێنێ، لە قسەکانی دوکتۆر فوئاد مەعسومیش لەگەلّ (هەنگاو) ئەم ڕاستی یە خۆی نواند کە دەلّێ: (ئێمە تەجروبەمان لە دانیشتن و ئاشت بوونەوە نەبوو، بۆیە پێویستە بێگانە فێرمان بکات)،

دوکتۆر فوئادیش راستی دەکرد کورد تەنیا تەجروبەی لە گوێ لەمستی و بەشەڕ هاتن و خۆکوژی دا هەیە.

ئیمڕۆ ٢٥ ی ئاوگوست بەیانی رادیۆ بی بی سی، بە عەرەبی و ئێوارەش دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی سیاسەتی ئەمریکایان سەبارەت بە دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ بلاو کردەوە، بیل کلینتۆن رایگەیاند: (بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و دابینکردنی دیموکراسی گەمارۆی ئابووری لەسەر کوبا تووندتر دەکات، پێش ئەو یارمەتیانەش دەگرێ کە تا ئێستا کوباییەکانی دانیشتووی ئەمریکا بۆ کەس و کاری خۆیان دەیاننارد کوبا، بە گوێرەی وتەی رادیۆکە ئەم یارمەتیانە لەسالّدا خۆیان لە ٥٠٠ میلیۆن دۆلار دەدا، ئەو کوباییانەی لەبەر دیکتاتۆری رادەکەن رێگایان نادات بگەنە دنیای ئازاد و لەچنگ کاسترۆ نەجاتیان بێت، پروپاگەندەی دژی رێژیمی کوبا زیاترو بەهێزتر دەکات، لە کۆمەلّی نەتەوە یەکگرتووەکانیش داوا دەکات کە زەختی زیاتر بخاتە سەر کوبا تا دیموکراسی و مافی مرۆڤ لەوێ بپارێزرێت.

بەڕاستی مرۆڤ لە هەنگاونانی ئەمریکا بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و بۆ سەقامگیرتربوونی دیموکراسی لە جیهان سەری سوڕ دەمێنێ، نەك هەر لە کوبا ئەدی هەر لەبەر پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی نەبوو کە رژێمی سەددام حوسێنی بەهەموو چەکێك تەیار دەکرد؟ هەر بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ نەبوو کە لە بەرانبەر بۆمبارانی چەکی شیمیایی لە هەلّەبجەی کوردستان دەنگی لەبەر نەهاتەدەر؟ هەر بۆ پاراستنی دیموکراسی و

مافی مرۆڤ نەبوو رێژیمە دیموکراتەکانی کوێت و عەرەبستانی سعودی پاراست و تەنانەت سەربازی ئەمریکایی بەکوشتدا؟ هەر بۆ پاراستنی دیموکراسیش نەبوو کە رێژیمی سەددامی هێشتەوە بوو بە تەماشاچی کوشتاری کوردو شیعە لە عێراقدا!؟

ئێستاش هەر بۆ پاراستنی دیموکراسی و مافی مرۆڤە کە کوشتارو قڕکردنی خەڵکی چیچان بەدەستی لەشکری رووس بە مەسەلەی نێوخۆیی رووسیا دەزانێ و لای وایە لە چیچان یێلتسین مافی مرۆڤ دەپارێزێ، ئەدی لە تورکیا، لەبەر چاوی خۆمان ئەوەی حکومەتی تورك لە کوردستان دەیکا، کوشتار و دەربەدەرکردنی کورد و سووتاندنی دێهاتی کوردستان ، هەمووی بەلای ئەمریکاوە مەسەلەی نێوخۆییە و دیموکراسی و مافی مرۆڤیش پارێزراوە بۆیە ئەمریکا وەدەنگ نایە!!!!

باسی دڵسۆزی ئەمریکا بۆ دیموکراسی و پاراستنی مافی مرۆڤ (دیارە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی و قازانجی خۆیدا) نەك هەر بەوەندە روونکردنەوە، بەڵکو بە کتێبێکیش تەواو نابێ، باشترە خوێنەرانی بەڕێز بۆ بەرگی ١١ و بەشێکی دیکەی سەربردەی ژیانم لە چاوەڕوانیدا ڕابگرم، بێگومان لەم دنیای پڕ لە ناتەبایی و بێ پڕەنسیپی ئینسانانی هەڵپەرست شتێك بۆ نووسین و لێکۆڵینەوە پەیدا هەردەبێ.

پێڕست

چەند وتەیەکی سەرەتایی ٢١٩٩

سالّی ١٩٨٩ ..... ٢٢٠١

کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی پاریس ٢٢٠٨

کۆنفڕانسی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانیەکان..... ٢٢١٠

کۆڕێك لەسەر بەرەی رزگاریخوازی نیشتمانی..... ٢٢١٢

هەڤاڵێکی دڵتەزێن و چەند نامە ٢٢١٤

سەفەر بۆ لهستان..... ٢٢٣٣

دیدار لەگەڵ هێژا مەسعود بارزانی..... ٢٢٣٤

شەهید بوونی دوکتۆر قاسملوو ٢٢٣٦

وتووێژێکی چاپەمەنی لەگەڵ کوردستان پرێس ٢٢٤٠

کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی پاریس و مەسەلەی مافی مرۆڤ و ناسنامەی
کولتووری کوردەکان..... ٢٢٥٨

کۆڕێك بۆ پرۆفیسۆر لازارێف..... ٢٢٦١

حەوتوی کوردستان لە بەرلینی رۆژئاوا..... ٢٢٦٢

سالّی ١٩٩٠ ..... ٢٢٧٢

دنیایەکی سەیر ٢٢٨٠

سالّی ١٩٩١ ..... ٢٢٨٣

سیمینار لەسەر شەڕی کەنداو ٢٢٨٥

کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم ٢٢٩٤
کورتەیەك لەئاخافتنی نوێنەرانی حیزبە کوردیەکان ٢٣٠٥
بەیاننامەی کۆنفڕانسی ستۆکهۆڵم سەبارەت بە مافە ئینسانیەکان بۆ گەلی کورد ٢٣١٠
نەتەوەیەکگرتوەکان:..... ٢٣١٧
کۆبوونەوەی تایبەتی کوردەکان..... ٢٣٢٠
هێرشی لەشکری عێراق بۆسەر کوردستان ٢٣٢٢
لەیادی سەرسالّی کۆچی دوایی تێکۆشەر ئازاد مستەفادا..... ٢٣٢٤
سەفەر بۆ ئەڵمان..... ٢٣٣٠
کۆمەڵەی کوردی (لۆند) کۆڕێك لەسەر بارودۆخی کوردستان ٢٣٣٣
کۆڕێك لەسەر دوو شاعیری مەزنی کورد – هەژارو هێمن. ٢٣٣٩
وتووێژێکی چاپەمەنی شورت و گومکراو ٢٣٤٠
لەگەڵ پیاوان چوونە نێو شەڕ شای یە. ٢٣٤٥
کۆبوونەوەی بێ ناونیشان ٢٣٦٠
سەفەر بۆ کوردستان..... ٢٣٧٠
وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی کوردستانی نوێ ٢٣٧٦
وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی برایەتی..... ٢٣٨٣
وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی ئالای ئازادی..... ٢٤٠٤
وتووێژ لەگەڵ رۆژنامەی رێگای کوردستان..... ٢٤١٣
گەڕانەوە بۆ ئەوروپا ٢٤٢١
یادی شەستەمین سالّی دامەزراندنی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق ... ٢٤٢٦
کۆڕێك لەسەر مەسەلەی کورد لە شاری بۆرۆس..... ٢٤٣١

زەنگی خەتەر بۆ مەسەلەی کورد دەنگ دەداتەوە..... ٢٤٣١
سەردانی ڕێزدار قازی عەلی مەرەغانی..... ٢٤٣٣
دیدارێکی ڕۆژنامەگەری ٢٤٣٤
کۆچی دوایی خوالێخۆشبوو قازی عەلی مەرەغانی ٢٤٤٦
سەفەر بۆ فنلاند و چەند نامە..... ٢٤٥٤
چەند دێرێك بۆ سەرگرتنی ئەم بەرگەی بیرەوەرییەکانم..... ٢٤٦١
نامەی بەهرۆزی کورد ئەحمەدی..... ٢٤٦٦

له بیره‌وه‌ریه‌کانم

به‌رگی یازده‌هه‌م

۱۹۹۵–۲۰۰۱

بەرهەمی ئەم کتێبە پێشکەشی دەکەم بە هاوسەری ژیانم خەجیج و منداڵە خۆشەویستەکانم شلێر و کەمال

"نووسەر"

چەند وتەیەکی پێویست:

بەڕاستی نازانم چۆن هەستی گڕگرتووی دەروونی خۆم دەربڕم!

لە کاتێکدا ئەم پێشەکییە دەنووسم کە ئاخرین بەرگی بیرەوەرییەکان و نووسینە ئەدەبی و سیاسیەکانی کاك کەریم–ە.

لێرە دا بە پێویستی نازانم بە کاك کەریم هەڵبڵێم، چونکە تێکۆشان و خەباتی سیاسی و نووسینە ئەدەبیەکانی زیندووترین بەڵگەن بۆ ئەو.

کاك کەریم هەرچەند بە بیر چەپ و لایەنگری سۆسیالیزم بوو، بەڵام هەموو کات بیر و باوەڕەکەی لە خزمەت گەل و نیشتمانەکەیدا بووە. کاك کەریم نمونەی مرۆڤێکی تێکۆشەر و ماندووبوونیش هەموو کات لای نامۆ بووە.

بەرهەمەکانی کاك کەریم چ لە باری سیاسی و چ لە باری ئەدەبییەوە ڕاستەوخۆ ڕوو بە ڕووی میللەتەکەی بۆتەوە و لە لایەکی کەشەوە تەوەژمی هەستی ئەدەب دۆستی و بەشدار بوون لە کۆڕ و دیداری سیاسی و ئەدەبیدا، وەك بارانی پەڵە، دێبەری دڵ و دەروونی هەزاران کوردی ئاوداوە.

کاك کەریم نمونەی کوردێکی بە پرینسیپ و زۆر جارانیش لەبەر بێ پرینسیپی هێندێك کوردی (شۆڕشگێڕ) خۆی خواردۆتەوە و پێ ناڕەحەت بووە. کاك کەریم وەك خۆی دەڵێت، کەسێك کە قەڵەم بە کاغەزدا دێنێ، دەبێ چاوەڕوانی هەم پێدا هەڵگوتن بێ و هەم ڕەخنە،

بەلأم نە وەك پیرێژنی بەر کۆلأن قسە و قسەلۆك بێنێ و بەرێت.

بیرەوەرییەکانی کاك کەریم جیا لەوە کە سەربردەی ژیانی خۆیەتی، دەبێ بڵێم لاپەرەیەکی لە مێژوو، خەبات و تێکۆشان و بۆچوونی ئەندامانی حیزب و رێکخراوە سیاسیەکان و کەسایەتیە سەربەخۆکانی کوردی بۆمان هەڵداوەتەوە. کاك کەریم لە بیرەوەرییەکانی، خۆی بە میللەتەکەی دەناسێنێ. هەر وەك ژان ژاك ڕۆسۆ دەڵێ: من مەبەستم ئەوەیە، مرۆڤێك بە خەڵك بناسێنم کە بە ڕاستگۆیی سروشتی دەژی. ئەو مرۆیەش منم.... نەك کەسێکی دیکە غەیری خۆم.

کاك کەریم هەرگیز کینەی هەڵنەگرتووە بەرامبەر نەیارەکانی و هەردەم بەرژەوەندی نەتەوەکەی لەبەرچاو گرتووە، بە پێچەوانەی زۆر لە کوردە (شۆڕشگێرەکان) کە هەر گفتاریان هەیە و کرداریان نەبووە ! کاك کەریم ڕەش و سپی لێك جیا کردۆتەوە، وەك دەزانین و کاك کەریمیش لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژەی پێکردووە، ئەوەی د. قاسملۆ دەگەڵ ئەوی کرد، دەبوایە کاك کەریم هیچ کات لە بیری نەچووبایەوە، بەلأم کاتێك کە دکتور بە دەستی دوژمنانی کورد شەهید دەکرێ، کاك کەریم لەسەری دەنووسێ و ڕەشی بۆ دەپۆشێ لە کۆڕ و ماتەمینیشدا شەهید کردنی د. قاسملو لە قاو دەدات و ئەو کارەساتە بە زیانێکی گەورە بۆ جوولأنەوەی کورد دەبینێ.

زۆر کەس کە لە خەباتدا دەگەڵ کاك کەریم بوون، گلەیی و گازندە لەوە دەکەن کە بۆچی کاك کەریم لە بیرەوەرییەکانیدا نەخشی ئەوانی زۆرتر باس نەکردووە و نەیهێناوەتە سەر کاغەز. یەك لەوان بەڕێز کاك جەلیل گادانیە کە لە پەڕتووکێکدا " با نەبێتە قسەی پاش مردووان" داخەکەم

وای لێهات و مەرگ مەودای وەلأمدانەوەی پێنەدا، ڕەخنە و گازندە لە کاك کەریم دەگرێ و بەم بیانووەش باسی تێکۆشانی خۆی بە درێژی دەکات.

ئێمە لەم پێشەکیەدا بۆ ئەوەی شوێن ونکە نەبێ لەم بەشە مێژووییە چەند تێبینی لەسەر نووسینەکەی کاك جەلیل لە مەڕ ڕەخنە و گازندەی بۆ کاك کەریم دەنووسینەوە. کاك جەلیل لە وەلأمی مامە غەنی کە: لەو کتێبانە کە نووسراون هەقی خۆیان نەداوەتێ "دەڵێت: هەر کەس بە پێی هەوڵ و تێکۆشان و کار و کردەوەکانی بەشێکی بەردەکەوێ و ناکرێ بە وردی و درێژی لەسەر هەر کەس و ڕووداوێك بنووسرێ..." لە هەمان نووسراوەدا ڕەخنە لە کاك کەریم دەگرێ و دەڵێت: لە هێندێك جێ هەوڵت داوە وەزعی خۆت کەڵێك بەرجەستە کەیەوە کەچی هەر لە پەنای خۆت سەرنجت نەداوەتە نەخشی هاوسەنگەر و برادەرەکەی هاوکار و هاوخەبات و زۆر بە ساکاری و بە تیژی بەسەریدا تێپەڕیوی..." لێرەدا هەوڵ دەدەم قسەکانی دڕ بە یەکتری کاك جەلیل بێنمەوە تا خوێنەر چاکتر بتوانێ لە مەبەستی کاك جەلیل بگات!

کاك جەلیل دەڵێت: مێشکی مرۆڤ ناتوانێ هەموو شت لە خۆیدا ڕابگرێ و چوونە سەری تەمەنیش لەم بارەوە شوێنی تایبەتی دادەنێ..." کاك جەلیل درێژەی پێدەدا و دەڵێت: "بە هۆی ئەوەی هەڵگرتنی یادداشت لە ژیانی ڕۆژانە ئێستاش لە نێو ئێمەدا باو نیە و بە دەگمەن کەسانێك هەڵدەکەون کە ئەوکارە لە ژیانی ڕۆژانەی خۆیاندا بکەنە بەرنامە و بایەخی پێبدەن..." سەرەڕای ئەو قسانە کاك جەلیل هەر لەو نووسینەدا لەسەر بیرەوەرییەکانی کاك کەریم دەڵێت: "زیاتر جێگەی

سەرنجم بوون تا ئەگەر هەڵەیان تێدا بێ ڕوونی بکەمەوە و ناڕاستیە عەمدییەکانیش ڕاست کەمەوە بە ڕاستی جێگای سەرسووڕمانە کە کاك جەلیل بە بێ یادداشتی ڕۆژانە و تەمەنی زۆریش دووای ئەو هەموو ساڵە ویستوویەتی ناڕاستییەکان بۆ کاك کەریم ڕاست کاتەوە !

کاك جەلیل لەسەر بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانی کاك کەریم دەنووسێ: ژان ژاك ڕۆسۆ بۆ فەرەنسەوی و لە فەرانسە نووسیویە" کۆمەڵی کوردەواریش وەك هەموو کۆمەڵی ئادەمیزاد پڕە لە دیاردەی چاك و خراپ. با بە درۆش ئاوی خاوێن بە کۆمەڵی کوردەواریدا نەکەین و وەك ناسیونالیستێکی بەرچاوتەنگ هەموو شتی کوردەواریمان پێ باش بێ. لە دووا تر کاك جەلیل دەنووسێ:" کاك کەریم خوێنەران و بینەران بەرەو ڕەشبینی دەبا و لەوانەیە هەر سەبارەت بە مێژوو تووشی بەدبینی بن". کاك جەلیل درێژەی پێدەدا و دەڵێت:" بە بڕوای من جێگەی خۆی بوو بۆ چاپکردنی ئەوانەی لە کتێبەکانتدا هێناوتن (جگە لەوانەی لایەنی فەردییان هەیە و بۆ خۆت نووسراون) پرسێك بە حیزب بکەی و پێویست بوو لە سکرتێر و دەفتەری سیاسی ئیزن وەرگری..... یەکەم دەبێ بڵێم کە کاك کەریم کتێبی نووسیوە و نەك فیلمی دروستکردووە تا بینەران بەرەو ڕەشبینی بەرێت. دووهەم ئەوە کاك کەریم نەبوو کە حیزبی دیموکراتی کرد بە دوو بەش و ڕۆڵەکانی کوردی بە دەستی یەکتری بە کوشتن دا و رێژێمی داگیرکەری پێ قەڵەو کرد. ئەوا کاك کەریم نەبوو کە بەڵگەی بە ڕاست و درۆی وەدەر نا و حورمەتی بۆ کەس نەهێشتەوە. بەڵێ ئێوە ڕۆژ نەبوو کە هەزاران جنێو و قسەی سووك بە یەکتری نەدەن و ئیزنیشتان لە کەس وەرنەگرت و

کەسیش هەقی نییە لێتان بپرسێ:" لە پێناوی چی" ئاواتان کرد. ئینجا بزانین کێ " خوێنەران و بینەران" بەرەو ڕەشبینی دەبا!

کاك کەریم لە بیرەوەرییەکانیدا بە باشی باسی کاك جەلیل و خوشکە سەعادەت دەکا کە لە مالّی خانمە خانمە بووین. بەلاّم کاك جەلیل لە وەلاّمدا هەروا کە لە نووسینەکەی دیارە، زۆر بە قەلّسیەوە دەنووسێت:" ئەمن و خوشکە سەعادەت وەك یەك دەکا کە چالاك بووین" کاك جەلیل دوایە دێتە سەر خۆی و لە داخان لە مەبەست لادەدا و بیرەوەری و چالاکی خۆی بە درێژی باس دەکات و هەر ئەوەندەیە کە ڕاستەوخۆ ناوی قارەمانی ئەو سەردەم لە خۆ نانێت. پێم وایە ئەم نووسینەی کاك جەلیل کە پەیتا پەیتا باسی خۆی و چالاکییەکانی دەکا، ناویشی ناوە " با نەبێتە درۆی پاش مردووان" هەر وەك ڕەخنە و قسەی بەشێك لە کۆنە ئەندامانی حیزبە، کە بۆ کاك کەریم نەخشی ئەوانی لەبەر چاو نەگرتووە"، پێیان وایە کە کاك کەریم دەبوایە بیرەوەری ئەوانیشی نووسیبا! ئینجا بۆیە باشتر دەبوو ئەگەر کاك جەلیل ڕاستەوخۆ دەستی دابا تۆمارکردنی بیرەوەرییەکانی خۆی! کاك جەلیل بە نووسینەکەیدا باسی کوڕی ڕەش دەکات، جێگای سەرسوڕمانە کە کاك جەلیل دەرسی لە ڕابردوو وەرنەگرتووە و ئێستاش هەر بە تەمایە عەلی قازی بکات بە قارەمان. دووای شۆڕشی گەلانی ئێران کاك جەلیل کە بەرپرسی حیزب و سەرۆکی کوردەکانی دانیشتووی تاران بوو، ڕۆژێك کوڕی ڕەشی دەگەلّ خۆی هێنا بۆ زانستگای سەنعەتی تاران. وای نیاز بوو بیکا بە قارەمان لەسەر ئەو خەلّکە، میکرۆفۆنی دایە کە قسان بۆ دانیشتوان بکات، بەلاّم خەلّکەکە

بەم دێرە شیعرە فارسییە لێیان لە قاو داو: (گیریم پدرت بود کە فاچل پدر تو را چ حاصل) هەرچەند کاك جەلیل هاواری کرد، کە خەڵکەکە ئارام کاتەوە سوودی نەبوو، نەیانهێشت کاك عەلی قازی قسان بکات.

کاك جەلیل باسی پێوەندییەکان و دابڕینی حیزبی دیموکرات لەگەڵ حیزبی تودە لەسەرەتای کۆدێتای ٢٨ی گەلاوێژ دەکات. کاك جەلیل بۆچوونەکانی کاك کەریم لەمەڕ ئەم پێوەندیانە بەرپێچ دەداتەوە و بۆچوونی خۆی دەنووسێ. تۆ بڵێی کاك جەلیل بۆ ئەو قسانە بەڵگەشی هەبێ یاخود پێوەندی ئەو دەگەڵ د. قاسملو و بەرێوەبەرانی حیزبی تودە لە پێوەندی کاك کەریم پتەوتر بووە!

کاك جەلیل یەك بەیەك بەسەر بیرەوەرییەکانی کاك کەریم هاتۆتە خوارێ، ئەگەر خوێنەر کەمێك سەرنجی بداتێ، دەزانێ کە کاك جەلیل بەم بۆنەوە ویستوویەتی بیرەوەری و قارەمانیەتی و چالاکی خۆی بنووسێتەوە، لەسەر بەرگی پێنجەم، کاك جەلیل زۆری پێ سەیرە، پێوایە کاك کەریم بە هەڵە ناوی ئەوی لە دەقی نامەیەك کە لە لایەن د. قاسملو بۆ کاك کەریم نووسراوە، نووسیویەتەوە. چاکتر نەبوو لە پێش ئەوەی کاك جەلیل ئاوا بڕیار بدا چاوێکی لە پاشکۆی کتێبەکە کردبا و کۆپی نووسینی نامەکە بە دەستخەتی د. قاسملوی خوێندباوە!

کاك جەلیل لە نووسینەکەیدا دەڵێت:" دەمەوێت هەڵەکان بۆ کاك کەریم ساغ کەمەوە" ناوەکان، ڕووداوەکان و ڕۆژژمێرەکان بۆ کاك کەریم بە پێموابێ، پێموابێ و ڕاست دەکاتەوە و نەزەری خۆی دەردەبڕێ. لە کاتێکدا کاك جەلیل دەبێ ئەوەی چاك بزانێ و هەروا کە بۆ خۆشی ئیشارەی پێکردووە، ئەوە کاك کەریم بوو کە دەفتەری ڕۆژانەی هەبوو،

و یادداشتی ڕۆژانەی هەڵدەگرت، کاك جەلیلیش خۆزیای ئەوەیە کە بریا ئەمشێوەیەی زۆر زووتر لە کاك کەریم فێر بووبایە. ئینجا هەڵەکانی چۆن ساغ کردۆتەوە، خۆی و خودای خۆی دەزانێ!.

لە بابەت پێوەندی کاك کەریم بە باڵوێزخانەی سۆڤیت و ڕۆژنامەکانی لوبنانی و چاوپێکەوتنی دەگەڵ یاسر عەرەفات و ... هتد، هەر وەك کاك کەریم بۆ خۆی باس دەکات ڕەنگە لە باری تەشکیلاتییەوە ڕەخنەیان لەسەر بێ، بەڵام لە باری سیاسیەوە بە قازانجی حیزب و جوولانەوەی کوردستان بووە. دوواتریش کارەکانی کاك کەریم لە کۆمیتەی ناوەندی حیزب پەسند کراوە.

کاك جەلیل ئاماژە بە بریارەکەی حیزب و ئیعلامیەی مامۆستا مەلا شێخ عیزەدین لەسەر تەحریمی ریفراندۆم دەکات و بۆچوونەکەی کاك کەریم کە دەڵێت:" یەکەم بەردی بناغەی ناکۆکیان لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دانا" ڕەت دەکاتەوە و لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بۆچوونەکەی مامۆستا (لە هی حیزب لێبڕاوانەتر و ژیرانەتر و شۆڕشگێڕانەتر بووە) زۆرم بە لاوە سەیرە کە ڕێبەر و تێکۆشەرێکی ماندوونەناس وەك کاك جەلیل بۆچوون و لێکدانەوەی ئاوا بێ! لە کاتێکدا کاك جەلیل دەبێ چاك بزانێ کە لەسەردەمی وتوویژ دەگەڵ کاربەدەستانی ئێرانی، شەڕ دەگەڵ کۆمەڵە، بڕیاری مادده ۸ و ... هتد مامۆستا چ دەورێکی گێڕاوە. کاك جەلیل باسی دەستەی نوێنەرایەتی حیزب بۆ لای خومەینی دەکات و دەڵێت من ئەودەم مشاوری کۆمیتەی ناوەندی بووم. بەڵام بەڕێز کاك حەمەدەمینی سیراجی کە لە ڕێبەرایەتی دەستەی نوێنەرایەتی حیزبدا بوو دەڵێت: (ئەوەی کاك کەریم نووسیویەتی ڕاستە

و ئەو چەند کەسەی خوارەوە کە لە ڕێبەرایەتی دا نەبوون و دەگەڵ کەوتن بریتی بوون لە کاك جەلیل، کاك نەبی قادری، سەننار مامەندی، ئەحمەدی قادری. لە درێژەدا کاك حەمەدەمین گوتی: ئەوەی کاك جەلیل دەیڵێت ڕاست نییە، تەنانەت زۆر دووتر ئەمن پێشنیهادم کرد کە کاك جەلیل و د. صادق شەرەفکەندی بین بە موشاوری کۆمیتەی ناوەندی و پێشنیهادەکەشم قبوڵ کرا. کاك جەلیل لە سەری نووسینەکەی کاك کەریم کە باسی پەیامەکەی ٢٦ی خەزەڵوەری ساڵی ٥٨ی خومەینی دەکا و دەڵێت:" زۆر سەیرە کە کاك کەریم پاش ئەو هەموو تاقیکارییە بڕوای بە خومەینی هەر ماوە" کاك جەلیل لە نووسینەکەیدا باسی ئەوە دەکات کە با غەرەز وەلانێین، لێرەدا دیارە کە چەندەی وەلای ناوە ! ئینجا با بزانین کە کاك کەریم لە بەرگی شەش ل.٢٣٨ چ دەڵێت:" پێویستە وەبیری خەمەوە لەو کاتەدا کە خومەینی بە درۆ و بە ناچاری پەیامی ٢٦ی خەزەڵوەری ناردبوو، گەلی کوردیش.... "لێرەدا دەبێ ئەوە بخەمەوە بیر کە ئەوە کاك کەریم نەبوو کە بڕوای بە خومەینی هەر مابوو، بەڵکو ئەوە ح.د.ك.ا و ڕێبەرانی ئەو حیزبە بوو کە بڕوا و هیوایان هەر بە خومەینی و ڕژێمەکەی مابوو. کە بە داخەوە لەسەر ئەم بڕوا پێکردنەدا شەهید کران.

لەسەر بەرگی حەفتەم کاك جەلیلی (بێ غەرەزانە ! !) مەسەلەکان دەخاتە بەر باس و کاتێك کاك کەریم لە بەندیخانەی بەغدا دەست بەسەر بووە، کاك جەلیل دەڵێت:" بە عەقڵیشم دا نایە کاك کەریم دەگەڵ ئەوان قەولی هیچ چەشنە هاوکارێکی دابێ، بەڵام بۆ خۆی لە

بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی و قبوڵی کردووە". یان چوونی کاك کەریم بۆ باڵوێزخانەی سۆڤێت. وا دیارە کاك جەلیل پێی وایە کەس کتێبی کاك کەریم ناخوێنێتەوە و تەنیا کتێبی جەنابیانە کە لە دەستان ناکەوێت و بە ئیشتیای خۆی نووسینەکانی کاك کەریم وەرگێڕێتەوە و بیکا بە بەڵگە بۆ دووارۆژ... بەڵام کاك جەلیل باسی ئەوە ناکات کە کاك کەریم بە ئیزنی کێ چۆتە باڵوێزخانەی سۆڤیەت و لە لای کاربەدەستی باڵوێزخانە چ دەڵێت:"..... پاشان هاتمە سەر سیاسەتی نادۆستانەی سۆڤێت سەبارەت بە کورد و چەوتی ئەو سیاسەتەم بە گوێرەی بۆچوونی خۆم ڕوونکردەوە". کاك کەریم لە دوو نامەشدا بۆ شەهید د.قاسملو لە مەڕ چوونی بۆ باڵوێزخانەی سۆڤێتی و حکومەتی عێراق دەنووسێ:" تکایە بە هیچ جۆرێ بڕوا بە حکومەتی عێراق مەکەن و.... مەهێڵن شەڕ پەرە بستێنێ، بە هیوای درۆ و بەڵێنی بەعس خۆ تووشی شەڕێکی قورس مەکەن. ئەوانەی ئێرە جێگای ئعتیبار نین....". کاك جەلیل لەو شوێنانەی کە کاك کەریم بە کورتی لەسەری نووسیوە، کاك جەلیل زۆر بە تێر و تەسەلی بەرپرسیارەتی و تێکۆشانەکەی خۆی دەکات. ئەمە کارێکی باشە، بەڵام دەبوایە لە کتێبێکی تایبەتیدا ئەوەی باسکردبا نە دەگەڵ ڕەخنە و گازندە تێکەڵی کردبا.

کاك جەلیل لە لاپەڕەی ٨٧دا باسی نامەیەکی شەهید د. سەعید دەکات کە گوێا کاك کەریم ئاماژەی پێکردووە. نامەکەش لەسەر فاروقی کەیخوسرەوییە کە گوێا د. سەعید دەڵێت:" بە شەق دەری بکەن، بیبەن تا دەگاتە نێو پاسداران و مەهێڵن بگەڕێتەوە" دەپێشدا کاك جەلیل پێی وایە کە بوختانە، دوایەش لە خووارتر دەنووسێ:" بەشێك

لەوەی د. سەعید لە مەڕ فاروق یا هەر کەسێك لەوکاتەدا گوتوویەتی ڕاستە.."، کاك جەلیل لە بابەت وەدەرنانی کاك کەریم لە حیزب و چاوپێکەوتنەکەی دەگەڵ ئەو لە پاریس وا بە وردی وتوویژەکەی هێناوەتەوە و ووشەی داڕشتووە کە هەر دەڵێت تۆمار کراوە ! لە بابەت حیزب و ڕژێمە داگیرکەرەکان کاك جەلیل دەنووسێ:" کاك کەریم ئەوەندەی لەسەر حیزب و ڕێبەرایەتی حیزب نووسیوە، نیوەی ئەوەشی لەسەر ڕژێمە داگیرکەرەکان نەنووسیوە". کاك جەلیل وا خۆی لە چوارچێوەی حیزبایەتیدا قەتیس کردۆتەوە، وادیارە ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە کوردیانەی کە لە دەرەوەی ولاّت و تەنانەت لە کوردستانیش چاپکراون ناخوێنێتەوە و چاوی بە مەقالەکانی کاك کەریم لەسەر ڕژێمە داگیرکەرەکان نەکەوتووە !

کاك جەلیل ئیشارە بە پەرتووکەکەی " لە پێناوی چی" کاك کەریم دەکا و بە توندی ڕەخنەی لێ دەگرێ. ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە باشە کاك جەلیل بۆ ڕوونی ناکەیەوە لە پێناوی چیدا حیزب لەتکراو ئەو هەموو جنێو و سووکایەتییە و بەکوژدانی ڕۆڵەکانی کورد و بەڵگەی ناڕەواتان بە بێ (ئیزنی حیزب و سەرکردایەتی) لەسەر یەکتری دەرکرد !

لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم کە نە تەنیا کاك جەلیل بەڵکو هیچ کەسێکی دیکەش ناتوانێ نەخشی نووسینەکانی کاك کەریم لە مێژووی خەبات و ئەدەبیاتی کوردیدا بسڕێتەوە. ئینجا زۆر بەڵگە و نامەی دیکە هەن کە کاك کەریم لەبەر بەرژەوەندی جولاّنەوەی کورد و تەنانەت حیزبی دیموکرات چاپی نەکردوون.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاك کەریم

کەمال حسامی- ناسر ئیبراهیمی

سەرەتایەك بۆ كۆتایی بیرەوەرییەكانم:

لە بەرگی دەیەمی بیرەوەرییەكانمدا ئاماژەم بەوە كردبوو كە ئەگەر تەمەن مەودا بدا، بەشێكی دیكەی سەربردەی ژیانم لە ئاوارەیی و دەربەدەریدا دێنمە سەر كاغەز و ئەگەر توانای چاپكردنیشم بۆ ڕەخسا، هەرچەندە گوڵێكی سیسیش بێ بە لە گوڵزاری ئەدەب و نووسینی كوردیدا، بخرێتە بەر دەستی خوێنەرانی كوردەوە. بیریشم لەوە دەكردەوە كەسێكی بە ناچاری لە نێو گەل و نەتەوەی خۆی دوور كەوتبێتەوە و لە كۆڕی خەبات و تێكۆشانی نێو وڵات دوور خرابێتەوە و لە شایی و شینی گەلی خۆی لە وڵاتدا بەشدار نەبێ، دەبێ باسی چی ژیانی خۆی بكا و نووسینەكەی بۆ خوێنەران و بۆ بەرەی دووا پۆژی كورد سود و تام و چێژی چی هەبێ؟

بەڵام هێندێ جار بزۆزیش مرۆڤ هاندەدا كە بگەڕێتەوە سەر وتەی پێشینان كە گوتوویانە: ((شەڕ لە بێكاری باشترە)) هەر چی بێ دادڕینی تیتۆلێك لە ژیانی دەربەدەری و لە هەڵسوكەوتی ژیانی ڕۆژانە و خەم و خەفەتی بیستنی دەنگ و باسی داخداری كوردستان و خۆشی دیدار و دانیشتن لە گەڵ دۆست و برادەرانی هاونیشتمان و هاوبیر و وەرگرتنی نامە لە دۆست و ناسیاران و هێنانە سەر كاغەزیان، لەوانەیە لە قوژبنێكی كتێبخانەی كوردیدا وەك خاڵێكی بچووك جێگای خۆیان بكەنەوە.

بەڵام ئەوەش بۆ بیر كردنەوە دەبوو كە لە كوێوە دەست پێبكەم؟ لە ماوەی ئەم دەسالەی كە بیرەوەرییەكانم نووسیوە و دە بەرگیان لێ بلاو

بۆتەوە، گەلێ کەس لە نووسەران و دۆست و ناسیاران، کورت یا درێژ لەسەر ئەم دە بەرگەی بیرەوەرییەکانم نووسیویانە و منیش لە جێی خۆیدا بۆ ڕێز گرتن لە هەڵوێست و بۆچوونی ئەو دۆستانە لە بەرگە چاپکراوەکاندا بڵاوم کردوونەوە. باسی ئەوەش ناکەم کە هێندێ کەس بە گوێرەی خەسڵەتی کەسایەتی خۆیان پاشملە ئەوەندەی دەرفەتیان بووبێ، بە وتە و لۆمە و لەقەمی بۆرە پیاوانە باسیان کردوە، غیرەتی ئەوەشیان نەبووە کە بە نووسین، بە بەڵگە و بە شێوەیەکی بابەتی و ڕووناکبیرانە کەم و کوڕی و ناتەواویەکانی نووسینەکانم بخەنە ڕوو. بەم کارە یارمەتی بدەن کە بە نووسینەکانمدا بچمەوە و ئەگەر هەڵە و ناڕاستییەکیان تێدا بووبێت ڕاستیان بکەمەوە و لەم پەندە بە نرخەی مامۆستا مەسعود محەمەد دەرس وەربگرن کە دەڵێ: ((... ئەگەر کەسێك لە نووسیندا هەڵەیەك دەدۆزێتەوە، بۆی بلوێ بە نووسین ڕاستی کاتەوە، بەوە خزمەتێکی گەورە دەکا بە ئێستا و دووا ڕۆژی میللەتەکەی، بەڵکو هەموو ئادەمیزاد، بە سڕینەوەی هەر هەڵەیەك لە مێشکی خەڵق پەڵە هەورێکی ڕەشی جەهالەت دەڕەوێتەوە و چرایەك حەقناسی هەڵدەگرێ.)) جا ئەگەر ئەم جۆرە کەسانە نەهاتوون بە بەڵگە و دۆکومێنت ئەگەر هەڵە و ناتەواویەکی لە بیرەوەرییەکانمدا بەرچاویان کەوتبێ بیهێننە سەر کاغەز و بە ویژدانەوە ڕاستیان کەنەوە، زانا و نووسەری دیکە هەبوون بەسەر بیرەوەرییەکانمدا هاتوونەوە و ڕەخنە و بۆچوونی خۆیان بۆ ناردووم و لێرەشدا بڵاوم کردوونەوە. دیارە کورد کوتەنی ((چەم بێ چەقەڵ نابێ)) دەبێ کابرایەکی وەك مەلا عەولای حەیاکی ببێتە حەسەن زادە و پاش دکتور قاسملو ئەرکی

سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە جێ بگەیەنێ و هەروەک لە مزگەوتی گەورەکان بە دوو تومەن تەلاقی قورپەسەرێك چاك بکاتەوە و یا بە مریشکێك و دوو هێلکە نوشتوو بۆ پیرێژنێك بنووسێ، لە نووسینی حیکایەتێکدا کە ناوی ((مێژووی)) لێناوە، نێزیکەی سێ هەزار لاپەڕە بیرەوەرییەکانی من بە دوو فەرمایشتی سکرتێر ئاسایی هەڵسەنگێنێ و یەکسەر بنووسێ: ((بیرەوەرییەکانی کەریمی حسامی بە هیچ جۆر سەرچاوەیەکی جێگای متمانە نین...)) و هێندێ فەرمایشتی دیکەشیان لێ زیاد بکا.

ئەوانەی پاشملە بە قسە و قسەڵۆك ڕەخنە لە نووسین و بۆچوونی خەڵك دەگرن، نە مەبەستیان ئەوەیە بە ڕاستکردنەوەی هەڵە و ناتەواوییەکان خزمەت بە دوا ڕۆژی میللەتەکەیان بکەن و نە غیرەتی ئەوەشیان هەیە ئەگەر شتێکی ڕاستتریان پێ شك دێت، بیهێننە سەر کاغەز و (چرایەکی حەقناسی هەڵبکەن.) ڕەنگە ئەو کەسانە خۆیان ڕاگرتبێ بۆ سەرنانەوەی نووسەر. پاشان قەڵەمیان (ئەگەر هەیان بێ) وەکار بخەن. چونکە بە ڕاستی کورد بۆ هەڵبەستنی درۆی پاش مردوو، دەستێکی بالای هەیە. نمونەی بەرچاوی ئەم ڕەفتارە ڕمبازێنی غەنی بلوریانە لە مەزرا و مەیدانی چۆڵی بێ قاسملوییدا، کە دەبینین پاش نەمانی دکتۆر قاسملو دەست دەداتە بەرچیغ و هەرچی دیزە و گۆزەی ڕەشی بزووتنەوەی کوردە، دە سەری قاسملوی کوژراوی دەستی پاسدارانی حکوومەتی ئیسلامیدا دەشکێنێ و بە یارمەتی خەڵکی تر (ژیاننامەی سیاسی) خۆی بە شێوەی وڕێنە پێ دەڕازێنێتەوە. لە خوێندنەوەی (ژیاننامەی سیاسی) غەنی بلوریان، مرۆڤ نووسینی ژەنەڕاڵەکانی

ناپلیۆنی وەبیردێتەوە، دەڵێن: ((پاش نەمانی ناپلیۆن ژەنراڵەکان دەستیان کرد بە نووسینی بیرەوەری خۆیان. ئەو شتانەیان دەنووسی کە گۆیا لە کاتی خۆیدا بە ناپلیۆنیان گوتوە، ئێستا پاش مردنی ئەو وەبیریان هاتۆتەوە بینووسن.))

ئێستا شتێکی دیکەش بۆتە باو. هێندێ کەس سەربردەی ژیانی خۆیان دەنووسن و یا نووسیویانە بەلأم تا خۆیان لە ژیاندان بلاوی ناکەنەوە. پاش مردنیان هێندێ دۆست و هاوبیر و یا هاوکاری سیاسیان، خۆیان لێ دەکەنە دەمراست و دڵسۆزتر لە ژن و منداڵیان، بەلأم بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان و کەڵک وەرگرتن لە نووسراوەی کابرای خوالێخۆشبوو بە قازانجی خۆیان بلاوی دەکەنەوە. جا وەرە، خۆیان و (ویژدانی پاکی خۆیان.) با نموونەیەکی دیکەش باس بکەین.

لەم دواییانەدا بیرەوەرییەکانی ئەردەشیسی ئاوانسیانم کەوتە دەست کە لە تاران لە لایەن (نشر نگرە) وە چاپکراوە. دەمێك بوو حەزم دەکرد ئەو بیرەوەریانە چاپ بکرێن و بیانخوێنمەوە. چونکە کاتی خۆی کە پێکەوە لە چێکوسلۆڤاکی دەژیاین و لەگەڵ دکتور قاسملو و کاك حەسەنی قزڵجی بە خەرجی حیزبی تودە ڕۆژنامەی کوردستانمان دەردەکرد و (مەلا عەولأی حەیاکیش بە گوێرەی ڕەوشتی ڕاستگۆیی خۆی لە حیکایەتەکەیدا، دەیکاتە ڕۆژنامەی قاسملو) حیزبی تودە ئاوانسیانی کردبووە بەرپرسی ڕۆژنامەی کوردستان کە یەك وشەی کوردی نەدەزانی، بەلأم هەرچی باسمان کردبایە، دەیگوت: ((من در کتاب خودم نوشتەام)) (واتە من لە کتێبی خۆمدا نووسیومە) هەر بۆیە زۆر بە ئاوات بووم چاوم بە کتێبەکەی بکەوێ بزانم ئەم تێکۆشەرە لە

کتێبی خۆیدا چی نووسیوە.؟

بلاوکەرەوەی کتێب کە ناوی خۆی نەهێناوە، پێشەکیەکی ٣٢ لاپەڕەی بۆ نووسیوە و ئەوەندەی لە توانای داهەبووە، بەسەر و گوێلاکی یەکێتی سۆڤێتی پێشوو و حیزبی تودە و چەپی ئێران و یەکە یەکی رێبەرانی حیزبی تودە دا هاتۆتە خوار و دەنووسێ: ((بیرەوەرییەکانی ئەردەشێر سالّی ١٩٥٨ لە لایەن حیزبی تودەوە لە ٩٠ لاپەڕە دا چاپکرا و لەبەر هێندێ ملاحزاتی حیزبی زۆر شتیان لێ دەرهاویشت. پاشان سەرهەڵدانی ناکۆکی و دەستەبەندی حیزبی وایکرد ئەردەشێر نووسینەکەی دەستکاری بکا و پێیدا بێتەوە. سالّی ١٣٦٩ (١٩٩٠) لە چوارسەد لاپەڕەدا لە لایەن حیزبی دیموکراتی مەردومی ئێرانەوە لە ئەڵمان چاپکرا. نێو ئاخنی بریتی بوو لە پەلاماردانی بەشێکی حیزب و لە قاودانی ناوەڕۆکی دژی مەردومی کەسایەتیەکانی حیزب و بڕوا بە بوون بە مارکسیزم لینینزم. نووسەری ئەم دێڕانە لەسەر ئەو باوەڕەیە ئەگەر ئیمڕۆ زیندوو بایە بێگومان مەتڵەبی تازەتر و قسەی نوێتری بۆ گوتن هەبوو. چونکە زۆر لە ڕاستیەکانی بە دەرنەبڕاوی و بە نەنووسراوی هێشتەوە و لە ئەرمەنستان بە تەنیایی سەری نایەوە. بابەکی ئەمیر خسرەوی بۆ تۆڵە ئەستاندنەوە لە سۆڤێت و لە قاودانی جەوهەری ڕێبەرایەتی حیزبی تودە کە خۆشی سەردەمێك لە ڕێبەرانی حیزبی تودە بوو، لە ١٧ لاپەڕەدا پێشەکی بۆ نووسی)) (خاترات اردشیر اوانسیان. نشر نگرە. تهران، ١٣٧٦. ل، ٢٩-٣٠. کابرا ڕاست دەکا، هەتا ئەردەشیسی ئاوانسیان زیندوو بوو، بابەکی ئەمیر خسرەوی یادداشتەکانی بلاو نەکردەوە. بەلاّم پاش نەمانی ئەردەشیس، بابەکی

ئەمیر خسرەوی بۆ سوك كردنی هاوبیرو هاوكارانی پێشووی خۆی، (هەر وەك خەسڵەتی گەلێك بە ناو خەباتگێڕانی بێ وێژدان و هەلپەرستە) دەستی داوەتە ئەم كارە و بێجگە لە پێشەكیەكی ١٧ لاپەڕەیی كە بە قەولی كابرای بلاّو كەرەوە بە سەروگوێی سۆڤێتی پێشوو و ڕێبەرانی حیزبی تودە دا هاتۆتە خوار، لەو شوێنانەی كە بە كەیفێی نەبوە، هەڵی ئاواردوە و بە سەریدا ڕۆیشتوە.

مەبەست لەم بەركولّە ئەوە بوو ئەو بیرەوەریانەی پاش مردنی خاوەنەكەیان بلاّو دەكرێتەوە، زۆر نابنە جێگای بڕوا چونكە هیچ دوور نیە كابرای بلاّوكەرەوە بە گوێرەی ویست و سەلیقەی خۆی دەستی تێوەر دا و سەر و كلكی هەڵپاچێ، وەك ئەو نمونانەی باسكران. بەلاّم لەسەر یەك نووسینی بیرەوەری و سەربردە و بەسەرهاتی كۆمەڵگای كوردی، لە لایەن هەر كەسێكەوە بنووسرێ و هەرچی بینووسن بە بۆچوونی من سودی هەیە و كەلێنێكی نەزانراو و نەناسراو لە ڕووداوەكانی پڕ لە گرێ و گۆڵی كۆمەڵی كوردەواری دەردەخات و ڕوون دەكاتەوە. گەلێك ڕووداو و شتی نەزانراو دەخاتە ڕوو، بەو مەرجەی ئیدی كابرا شووی لێ هەڵنەكێشێ و كۆمەڵێك درۆی شاخدار بەناوی (.... ڕاستی) بە خەڵك خورد نەكاتەوە. نووسینی بابەتی ڕاست لە ئەنجامدا دەبتە ماددەی خاو و یارمەتی بۆ مێژوو نووسانی بێلایەن و سەربەخۆی مێژووی سەردەمی كورد. بەڕاستی ئەگەر بیرەوەرییەكانی نەوشیروان مستەفا نەنووسرابان، خەڵك لە كوێ دەیزانی كە یەكێتی نیشتمانی كوردستان چۆن دامەزراوە و چۆن كەوتۆتە ژێر گوشاری دەزگای ئیداری سوریا چۆن ئامانج و ئارمانی سەرەكی ((دیموكراتی بۆ

عێراق و خودموختاری بۆ کوردستانی عێراق بوە و....)). بە خۆڕایی نیە نەوشیروان مستەفا دەنووسێ: ((یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە کاتی دامەزراندنیدا سوریای کرد بە بنکەی سەرکردایەتی و شوێنی خۆ ڕێکخستن و مەشق پێکردنی هەندێ لە کادر و پێشمەرگەکانی و چاپ و بلاّو کردنەوەی ئۆرگان و بەیاننامەکانی. ڕاستیەکەی ئەگەر دامەزراندنی یەکێتی و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش دوای ئاشبەتاڵ، بە سەروەرییەکی گەورە لە مێژووی کورد دا حیساب بکرێ، ئەبێ لەم سەروەرییەدا کورد بە ڕێز لێنانەوە چاکەی سوریا، بە تایبەت هی سەرۆك حافز ئەسەدی لەبەر چاو بێ)). یان کێ دەیزانی کە یەکێتی نیشتمانی لە جیاتی شەڕ لەگەڵ حکومەتی بەعسی عێراق هەزار پێشمەرگە لە کوردستانەوە دەخاتە ڕێ بۆ ئەوەی قیادە موەقەتە لە کوردستانی تورکیا بنەبڕ بکا، بەڵام بە داخەوە ١٠٠ کەسیان ئەگەڕێنەوە کوردستان. یا ئەگەر نەوشیروان مستەفا بیرەوەرییەکانی نەنووسیبایە کێ دەیزانی کە یەکێتی نیشتمانی لە جیاتی خەبات بۆ ئازادی کوردستان لەگەڵ حکومەتانی دوژمنی کورد لە گەمە و ساز و سەودا دابوە و شەڕی سەرەکی دژی هێزەکانی کورد بووە. یا ئەگەر بیرەوەری ڕێباز و سەید کاکە نەنووسرابان، کورد لە کوێ دەیزانی کە ئەوانەی بە ناوی شۆڕشی کورد و کوردستانی و کوردایەتی چوونە چیا و سالّەهای سالّە بەم ناوە پڕوپاگەندەیان کردووە، بەم جوورە ملیان دەبەر ملی یەکتر ناوە و شەڕی کورد کوژی و کورد قڕانیان کردۆتە ڕێبازی خۆیان و ئەوەندەی دژی دوژمن خەباتیان کردوە، گەلێك زیاتر خەریکی شەڕی یەکتر بوون و ئەوەی هەوڵیان بۆ داوە لە بەینبردنی لایەنێکی کورد و کوشتاری کورد

بووە نەك ئازادی کورد و کوردستان. ئەگەر کاك محەمەدی حاجی مەحمودی بیرەوەرییەکانی خۆی بەناوی ((ڕۆژ ژمێری پێشمەرگەیەك)) نەنووسیبانەوە، چۆن خوێنەرانی کورد لەو هەموو کارەساتە داخدارەی نێو بزووتنەوەی چەکداری کوردستانی عێراق بە ناوی ((شۆڕشی نوێ)) ئاگادار دەبوون. ئەم بیرەوەری نووسینانە بیروڕای کۆمەلانی خەڵك لەسەر ڕووداوەکانی کوردستان و سیاسەتی هێزە کوردییەکان ڕوون دەکەنەوە و بەڕای من خزمەتی گەورە بە تێگەیشتنی خەڵك و بەتایبەت بەرەی تازە پێگەیشتووی کورد و ڕوونکردنەوەی کارەساتەکانی کورد کوژی دەکەن و دەبنە کەرەسەیەکی بە کەڵك بۆ مێژوو نووسانی دواڕۆژ کە بیانەوێ مێژووی کوردستان وەك هەیە ئاوا بە ڕاستی و بێلایەنی بنووسنەوە.

پاش بلاّو بوونەوەی بەرگی دەی بیرەوەرییەکانم، دیسان گەلێك نووسین و بیروڕای تازەم سەبارەت بە بیرەوەرییەکانم پێگەیشتووە و بە پێویستم زانی سەرەتای ئەم بەرگە بە بلاّوکردنەوەی ئەو نووسراوانە بڕازێنمەوە و پاشان بچمە سەر باسی سەربردەی ژیانی ڕۆژانەم لە ئاوارەییدا.

نامە و وتاری د. ئەمیری حەسەنپور:

بەر لەوەی بێمە سەر باسی نووسراوەکانی ئەم دواییە، بە پێویستی دەزانم بگەڕێمەوە بۆ نامە و نووسراوەیەك کە لە ساڵی ۱۹۹۳ ڕێزدار دکتور ئەمیری حەسەنپور بۆی ناردووم و نووسیبووی جارێ بلاّوی نەکەمەوە تا وتارەکەی ئەو کە بۆ گۆڤاری (Abstracta Iranica) نووسیوە، بلاّو نەبێتەوە. پێچوو، تا لەم دواییانەدا دەقی وتارەکەی بۆ

ناردم کە بە ئینگلیسی لە گۆڤاری ناوبراودا بڵاو کراوەتەوە و نووسیبووی: ((ئەوە مەتنی چاپکراوی ئەم نووسراوەیە کە لە ساڵی ١٩٩٢ دا نووسیم و ئێستە بڵاو بۆتەوە. مەتنی وەرگێڕاوی کوردییەکەشم بۆ ناردبووی.))

لەگەڵ سوپاس بۆ دکتور ئەمیری حەسەنپور نامە و نووسراوەکەی ئەو دەکەمە پێشەنگی ئەم نامە و نووسراوانە کە لەسەر بیرەوەرییەکانم نووسراون و یا دۆستانە بۆیان ناردووم. ئەمەش نامە و نووسراوەی دوکتور ئەمیری حەسەنپور:

((... کاك کەریمی بەڕێز سلاوێکی گەرم و گوڕت لێدەکەم. هیوام وایە خۆت و براژنم ساغ و سەلامەت و بە کەیف بن. بێ سەر و شوێن چونم، دوای گەڕانەوە لە سوید، زۆرتر لەبەر گرفتاری لە ڕادەبەدەر بووە. دوو مانگ سەفەری هاوینێ بە جارێکی لە ئیش و کار وەدوای خستووم.

لەو ماوەیەدا ئەوەندەی دەرفەتم بووبێ لە بیرەوەرییەکانم خوێندۆتەوە. بەڵام هێشتا نەمتوانیوە بە کەیفی خۆم و بەوردی بیانخوێنمەوە و وەك کتێبی فەقێیان خۆشیان بکەم. دوو مانگ لەوەی پێش کورتە ئەبستراکێکی (هەڵێنجاوەی) بەرگی ١-٦م نووسی و ناردم بۆ گۆڤاری سالانەی (Abstracta Iranica) کە لە پاریس دەردەچێ و لەوانەیە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاوی بکەنەوە. ئەو گۆڤارە چاپەمەنی تازەی سەبارەت بە ئێران و ئەفغانستان و کوردستان دەناسێنێ و سەرچاوەیەکی زۆر گرنگە بۆ ئەوانەی خەریکی لێکۆڵینەوەی ئەو وڵاتانەن. لە هەر ئەبستراکێکدا (ئەمن پێی دەڵێم هەڵێنجاوە) دەبێ

ناوەڕۆکی کتێب یا نووسراوەیەک بە کورتی باس بکرێ و- بە دەردی هاوولاتیانی گەرمێنی دەڵێن- بنرخێندرێ. هەڵێنجاوەکە نابێ لە لاپەڕەیەک زیاتر بێ (لاپەڕەی چاپکراو). دیارە هەڵێنجانەوە و هەڵسەنگاندنی ٦ بەرگ کتێبەکەی ئێوە لە لاپەڕەیەکدا ئەرکێکی هاسان نیە. (باسی بەرگی حەوتم نەکردووە لەبەر ئەوەی ئەبستراکتەکەم لە ساڵی ١٩٩٢ دا نووسی و بەرگی ٧ تاریخی ١٩٩٣ی لەسەرە). جا ئەبستراکتەکەت بۆ وەردەگێڕم بزانە چۆنە.))

ئەوەش ئەبستراکتەکەیە:

((.... **حسامی کەریم. لە بیرەوەرییەکانم**.....

بیرەوەرییەکانی کەریمی حسامی (لە ساڵی ١٩٢٦ لە گوندی بەیرەم، مەهاباد لە دایک بووە)، تێکۆشەری سیاسی، وەرگێڕ، نووسەر و ئەندامی بەڕێوەبەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە. بەرگی یەک باسی دەورەی منداڵی (١٩٣٠) هەتا ساڵی ١٩٥٧ دەکا. ئەو بەرگە زانیاری سەبارەت بە ژیانی لادێ لە سالآنی ١٩٣٠و ١٩٤٠. ڕووداوەکانی دوای سەرەونخوون بوونی ڕەزاشا لە ١٩٤١، دامەزراندنی ح.د.ك و کۆماری کوردستانی ١٩٤٦، ڕاپەڕینی جوتیارانی ٥٣-١٩٥٢ لە موکریان، و باری سیاسی دوای کۆدێتای سیاسی ١٩٥٣ تێدایە.

بەرگی ٢ تا ٥ باسی ژیانی نووسەر و چالاکی سیاسی وی دوای چوونی بۆ کوردستانی عێراق و دوایە ئەوروپای ڕۆژهەلآت دەکا. ئەو بەرگانە زانیاری دەستی هەوالێ تێدایە سەبارەت بە پێوەندی نێوان ح.د.ك ی عێراق و ئێران، ح.د.ك و حیزبی تودەی ئێران، تەئسیری ناکۆکی ئێران

و عێراق لە بزووتنەوەی کوردایەتی، ڕاپەڕینی چەکدارانە ٦٨-١٩٦٧ لە کوردستانی ئێران، تێوەچوونی سۆڤیەت و ئەوروپای ڕۆژهەلآت لە چالاکیەکانی حیزبی دیموکرات و حیزبی تودە و زۆر شتی تری تێدایە. نووسەر بەڵگە و نامەیەکی زۆری سەبارەت بە چالاکییەکانی حیزبی دیموکرات بلاّو کردۆتەوە، بەڵگەکانی ڕاپەڕینی ٦٨-١٩٦٧ بە تایبەتی گرنگن.

بەرگی ٦ تەواو تەرخانکراوە بۆ ڕووداوەکانی ١٩٧٩، ئەو کاتەی ڕابەرایەتی ح.د.ك، وێڕای نووسەر، دەگەڕێنەوە کوردستانی ئێرانێ و دەبنە یەکێك لە بەشدارانی بزووتنەوەی ئۆتۆنۆمی. بەرگی ٧ کە قەڕارە لە ساڵی ١٩٩٣ دا بلاّو بێتەوە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٨٠- تا ساڵی ١٩٨٣ دەگێڕێتەوە. ئەو کتێبە لە لایەن ئەوانەی کە ڕوانگەی نووسەر پەسند ناکەن، وەلآمێکی مەنفی دراوەتەوە. ئەو کتێبە وەك هەموو ئەدەبیاتی ئۆتۆبیۆگرافی، بە ڕوونی مۆری بۆچوونی سیاسی و ئیدەئۆلۆژیکی نووسەری پێوە دیارە. لەگەلّ ئەوەشدا سەرچاوەیەکە سەبارەت بە ژیانی سیاسی کوردستان بە تایبەتی مێژووی ح.د.ك کە ناتوانی وەلای بنێی (lndispensable). ئەم چەشنە ئەدەبیاتە کەلّکی تایبەتی هەیە بۆ تێگەیشتنی خەباتی نەتەوەی کورد کە لە شەرت و مەرجی نهێنی و سەرکوتانی توندا بەڕێوە چوە. لەوە شەرت و مەرجەدا، بەڵگە و بلاّو کراوەکانی حیزبی کە زۆربەیان فەوتێنراون بە زەحمەت دەگەنە بەر دەستی تێکۆشەرانی سیاسی و مێژوونووسان. نووسەر کە زۆر سالآن لە ئەوروپای ڕۆژهەلآت ژیاوە، توانیویەتی بەڵگە و نامەی ناوخۆیی ڕابگرێ. کتێبەکە هەر لە ئێستاوە لێکدانەوە و

ڕوونکردنـــەوەی وەڕێ خســـتوە. یـــەکێك لەوانـــە نووســـراوەیەکی حەمەدەمینی سیراجی، یەکێکی تر لە ئەندامانی بەڕێوەبەری ح.د.ك ە(بەرگی ٥، لاپەڕەکانی ٣٦٨ تا ٣٨٦)ە.))

ڕەخنە و هەڵسەنگاندن، یا جنێو فرۆشی؟

یەکی تر لەو کەسانەی کە گۆیا لەسەر بیرەوەرییەکانی منی نووسیوە، کاك ڕەسوڵی ئاریایە کە لە ژیانیدا جگە لەو جنێو نامەیە هەرگیز بە لای نووسیندا نەچووە هیچی دیکەی نەزانیوە و هیچیشی نەنووسیوە. بەڵام دەبینین لە ئەوروپا لە پڕ لە جیاتی ئەوەی دە بەرگی بیرەوەرییەکانم بە شێوەیەکی شارستانیانە و بابەتی و ڕەخنەی زانستی هەڵسەنگێنێ و هەڵەکانم ڕاست کاتەوە، بە شێوەی کلتور و فەرهەنگی تایبەتی خۆی چەند لاپەڕەیەکی بەرگی یەکەمی بیرەوەرییەکانم دێنێتە سەر کاغەز و لە ئاست تێکۆشانی سیاسی و خەبات و زیندان و دەرد و خەفەتی مردنی باب و ژن و منداڵم چاوی دەنووقێنێ و لە ڕووشی هەڵنایە کە لە چاپخانەکان بە چاپی بگەیەنێت و لە ناوەندێکی کلتوریدا بیناسێنێ و بلاوی بکاتەوە و بۆ خۆشمی بنێرێ.

برادەرێکی تر جنێو نامەی ڕەسوڵی ئاریای بۆ ناردم و بۆی نووسیبووم تکایە نەکەی جوابی بدەیەوە و خۆت بێنیە ڕیزی ئەو کابرا جنێو فرۆشە. من ئەو بۆچوونەی بەڕێز مامۆستا مەسعود محەمەدم خوێندبۆوە و لە بیرم مابوو کە دەڵێ: ((من قەت خۆم ناهێنمە ڕیزی جنێو فرۆش و کابرای جنێو فرۆشیشم زۆر پێ نزمە)) من لەسەر ڕاسپاردەی ئەو برادەرە خستمە پشتگوێ و نە کابرا و نە نووسینەکەیم بە شایانی ئەوە نەزانی کە باسی بکەم. تا لە کۆبوونەوەیەکی

دۆستانەی چەند کەسیدا، برادەرێک پرسیاری کرد و گوتی: ((کاک کەریم وەلآمی ئەو کابرایە نادەیەوە)) لە وەلآمدا گوتم: من خۆم ناهێنمە رێزی کابرای جنێو فرۆش ئەو کەسانە بە ناوی نووسین هێندێ لاپەڕە ڕەش دەکەنەوە و وڕێنە دەکەن بۆ ئەوەی یەکێک وەلآمیان بداتەوە و لەم ڕێگایەوە ناویان بێتە نێو ناوان. ئەوانە بۆ وەلآمدانەوە نابن، ئەگینا بە قەولی شاعیری عارف و ناسراوی کورد مەحوی:

((لە پاداشتی قسەی ساردا هەمە ئاە و هەناسەی گەرم

ئەوەی شێتانە بەردم تێگرێ من بەڕقی تێدەگرم.))

سەیر ئەوەیە ئەو ماوەی کە من لە مەهاباد بەڕپرسی تەشکیلاتی حیزبی دیموکرات بووم و لیستە و ناوی تەواوی ئەندامانی حیزبی دیموکراتم لە ناوچەی مەهاباد لە لا بوو، ناوی ئەو کاک ڕەسوڵەم لە نێو لیستەی ئەندامانی حیزبدا بەرچاونەکەوتبوو نەمزانیبوو کە ئەندامی حیزبیش بێت و نەشمدەناسی. کە هاتمە ئەوروپا موهەندیس ئاریابە تاریخی ١٩٨٥/٦/٢ ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ ناردبووم و نوسیبووی:

((.... بۆ خۆشەویست کاک کەریمی حسامی. سڵاوت لێدەکەم و دەستەکانت دەگوشم. مەبەست لەو نامەیە ئەوەیە هێرشم بۆ هاتووە، بەنام هێناوە. ڕسوڵی برام لە عێراق وەزعی زۆر شەپێوە.... هێرشی بۆ هاتووە. لە عێراق هیچ مەیدانی هاتو و چۆیان نیە و جێگەشیان زۆر ناخۆشە. بە ڕاستی ناهومێد بووە. نە کارێک نە داهاتوویەک ئەگەر هیچی بۆ نەکەین دەچێتەوە لای ئیمام. ئەویش لە زیندان هەڵاتووە ڕەنگە وەک ئەوانی دیکە لێی خۆش نەبن و وڕەی زۆرانیشی پێ کز دەبێ و

بەڕاستی بۆ خۆشم بە سەرشۆڕی دەزانم. جا تکام ئەوەیە کە بە هۆی حیزبی کۆمونیستی عێراق و کاك عەزیز محەمەد کە ئەتۆی خۆشدەوێ و لە ڕێگەی ئەوانەوە یارمەتی بدەن بە سوریادا بێتە ئەڵمانی شەرقی لەوێڕا دەتوانین بۆ سوید بۆی جێبەجێ بکەین. بە ڕاستی وەك برایەکی دڵسۆز ئەوەی لە دەستت دێ دریغی مەفەرموو، پێشەکی زۆرتان سوپاس دەکەم.))

وەك گوتم هەرچەند لە مەهاباد، قەت ئەو برادەرەم لە حیزب و لە ڕیزی ئەندامانی حیزبدا نەدیبوو، بەڵام سەبارەت بە دۆستایەتی لەگەڵ موهەندیس ئاریای برای، زۆرم هەوڵداو تکاشم لە کاك عەزیز محەمەد کرد کە بە گوێرەی ئیمکان یارمەتی بدەن. کە دەربازیش بوو هاتە سوید بۆ بەخێر هێنانی پێیەوە چووم.

ئەو کەسانەی کە جنێو نامەی کاك ڕەسوڵی ئاریایان بینیبوو و نەیانخوێندبۆوە و خستبوویانە زبڵدانەوە، لای من نەفرەت و بێزاریان لە نووسینی ئاوا دەردەبڕی و بە زمانی پاشملە تف و لەعنەتیان دەکرد. سەیر ئەوەیە کە جنێو نامەی کاك ڕەسوڵی ئاریا زۆربەی ئەو کەسانەشی دەگرتەوە کە سەردەمێك ئەندامی سەرۆکایەتی حیزبی دیموکرات بوون و ڕەسوڵی ئاریا بە (دانشگا دیتووی قەڵا دزە ناوی هێنابوون). بەڵام ئەوانە نەك هەر بۆ بەرگری لە خۆیان، تەنانەت بۆ پاراستنی وشە و فەرهەنگی کوردیش قەڵەمیان نەچووە سەر کاغەز و دەنگیان لەبەر نەهاتە دەر. ئاخرەکەی نووسەرێك و تێکۆشەرێکی ناسراو کە نەیتوانیبوو لە ئاست سووك کردنی وشە و ئەدەبی کوردی بێدەنگ بێ، لە وەزعی سیاسی من و کاك ڕەسوڵیش ئاگادار بوو، یەك

دوو لاپـەڕەی لەسـەر نووسـیبوو نـارد بـووی بـۆ گۆڤـاری گـزنگ کـە سـەردەمێك گۆیـا بـۆ دیموکراسـی و سۆسـیالیزم رەگـەڵ کـەوتبوو، وتارەکەی بلاّو نەکردبۆوە. بە هەڵکەوت نووسینەکەی مامۆستا دارتاش کەوتە دەستی من. لەگـەڵ سوپاس بـۆ ئەمەگداری نووسـەر لـە ئاسـت بەرگری لـە کولتـور و وشـەی خـاوێنی کـوردی، دەقـی نووسـینەکەی وا لێرەدا بلاّو دەکەمەوە:

وتـاری ك. دارتـاش

وەڕاوە یا بیرەوەری)ی کاك ڕەسوڵی ئاریایی، ڕەخنە گرتن یـان شـەڕە شەق؟

ئەم چـەند دێـڕەی کـە دەکەوێتـە بـەر چـاوی پـڕ سـەرنجی خوێنـەرانی گۆڤاری گزنگ **، نە وەلاّم و پەرسێقی منە بۆ کاك ڕەسوڵی ئاریایی و نە لاگری و لایەنگری و لەسەر وەجواب هاتنیشـە کـە دەرهـەق بـە کـاك کەریمی حسامی هاتبێتە سەر لاپەڕەی کاغەز. چونکە نووسینەکەی کاك ڕەسوڵی ئاریایی لە کتێبە ناپوختەکەیدا (لە بـاری ڕێنـوس و ڕێزمـان و شێوەی ڕەخنە گرتن و چـۆنیەتی تایـپ و شـێوازی چـاپەمەنی)، بـیر و بۆچوون و چێژی تایبـەتی خـۆی دەگەیـەنێت. کـاك کـەریم–یـش خـۆی خـاوەن قەڵەمـە و دەتـوانێ لەسـەر خـۆی بـەجواب بـێ. کەوایـە مـن مەتەرێزی خۆم ڕوو بە هـیچ لایـەکیان ڕانـاگوازم و بـە پێـی چـیکڵدانەی لێکدانەوەی خۆم لەسەر ڕاستی و واقعیەت بە جواب دێم. ئەوەش بڵـێم کە لە باری بیر و باوەڕ و ڕێبازی فیکرییـەوە، مـن و دوو لایـەنی شـەڕە شەق، واتە کـاك ڕەسـوڵی ئاریـایی و کـاك کـەریمی حسـامی، تـا ئێسـتا ئاومان بە جۆباریکدا تێنەپەڕیوە. بەلاّم ئەوەی کە هاندەری من بووە و

ڕەنگە بۆ چەند کەسێکی تریش هەر هاندەر بێ و بە تەلیفوون ڕوو بە کاك ڕەسوڵ ڕاوەستابن و ڕابوەستن. تێکەڵکردن و لێکدان و شێواندنی چەندین بابەتی جیاجیای سیاسی، کۆمەڵایەتی، پیشە و کار، کەسی و کەسایەتی، ئایین و زانستگەلی ڕەوان ناسی و شیمی و مەتماتیك و چەندی تریش. کە نووسەری کتێب لێکی هاڵاندوون و کردوونی بە گۆپاڵی تۆڵە و نێوی ڕەخنەی بە بەژن بڕیون.

بە داخەوە لە نێو ئێمەی کورد دا هونەری ڕەخنە گرتن وەکی زۆربەی هونەرەکانی دیکەمان زەدەدار و نەخۆش و بریندارە. بێشك ڕەخنەگرتن دەرمانی دەردانە. بە ئاگا هێنانەوەیە، چاوی نووساوی قەڵەم کردنەوەیە، ڕێگای هەتڵەی پڕ لە کەنداڵ نیشاندانە بە ڕێبوار و مردوو زیندوو کردنەوەیە. بەڵام لە نێو ئێمە دا دەرمان کراوەتە تاڵاوێکی لە گیانان ناخۆش و بە ئەوکی بەر ڕەخنە دا دەکرێ و جگە لە ڕەنجاندن هیچی لێ چێ نابێ. خۆ دیارە ئەوە هەر کۆسپی سەر ڕێی ئێمەی کورد نیە، زۆربەی گەلانی دەر و دراوسێشمان هەر بەم دەردە گرفتارن و پێوەی دەنااڵێنن. دەرد و ئازارەکانیش سەرچاوەیان خۆیا و ئاشکرایە و دیارە لە کوێوە هەستاون و لە کوێوە هاتوون و لەکوێمان پێ بڕاون. خۆ دیارە کاڵی و نە پوختەیی و پێنەگەیشتنی خۆیشمان دەردی سەر باری هەموو دەردانە و نابێ نەدیدەی بگرین. ڕەنگە پڕۆسیسێکی ڕەوت ئاهەنگینی ژێر ئاسمانی دیموکراسیمان گەڕەك بێ بۆ دەرمانی دەردەکانمان. بە مەرجێ کە خۆمان لێی بین و بمان هەوێ. بەڵام لە پێشدا با پڕ بە زمانی قەڵەمەکەم هاوار بکەم و بڵێم مەبەستم لەم ڕستەی سەرەوە خوای نەکردە ئەوە نیە ئاستی بەرزی گەل و

نیشتمانەکەمان کزکەمەوە و بەری ڕووی هەتاوەکەی بە تۆپەڵێك قوڕ وەشێرم. گەل و نیشتمانەکەمان پڕ بە هەموو دونیا بەرزە و بەڕێزە و لە چاو و لە دڵنیشدا گەلێ ئازیزە، بەڵام بەداخەوە نەخوێشی و دەرد و ئاهۆ و ئازاریشی تێدا هەیە. دەرد و ئازار و نەخوێشییەکانیشی چونکە لە ئاڵۆزە بازاڕی سیاسەت پێ بڕاوە، کە وایە چاری هەموو دەرد و پەرێشانی و بەلەنگازی و پەرێشانییەکانیشی ئۆبالی ئەستۆی حەکیم و زاناکانمانە. حەکیم و چازان و هەتوان پێژی دەردەکانیشمان ویژدانی سیاسەتکاران، سەرۆکانی سیاسی، مامۆستایان، دەست بە قەڵەمان و زانایانی گەلەکەمانە.

لە چاخ و سەردەمی نوێ، واتە هەر بەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەری ۱۹۱۷ی ولاتی شوڕاکان (سۆڤێت)، لە زۆربەی ولاتانی پێ لە بەندی دونیا و لە نێو نەتەوە بەشخوراوەکانی مەڵبەندیشدا، بە لاساکاری لە نیشتمانی شوڕاکان، سیاسەت و حیزبایەتییەکی نوێ سەریان لە هێلکە هێنایە دەر. لە سەرەتادا هەموو حیزبە تازە پشکوتوەکان کۆترە سپی ئاشتی و ئازادی و پەیام هێنەرانی بەختەوەری و بەختیاری بوون و هیوای ئەوەیان لێ بەدی دەکرا کە بە یارمەتی و گەلە کۆمەکیی دایکی مەزنیان، ڕەنج، چەوسانەوە و غەدر و زۆرداری بە تونی ئاگردا بکەن و خەمی نان بۆ هەتا هەتایە لە دڵی خەڵکان ببڕن. سیاسەت و بیر و بۆچوونی پارت و حیزبە تازە دەرکەوتووەکان بە جەستە و بە ڕوح و بە گیان لە پەیکەری دایکێك داتاشرابوو کە هومێدی مەزن بوو. ئاکار و هەڵس و کەوتی ڕۆڵەکان بە گشتی لاسایەك بوون لە ئاکار و هەڵوێستی دایکی مەزنیان. خۆش ئەوە بوو کە ڕەوڕەوەی ڕەوتی دایك و ڕۆڵەکان

لەسەر چەرخی ڕەخنە و ڕەخنە گرتن دەگەڕا. واتە ڕەخنە گرتن لە خۆ و ڕەخنە گرتن لە تۆ، دەستێکی بە بێ وەستان بوو کە هومێد دەکرا قەت قەت نەهێڵی ئاوەکە ڕابوەستێ و بۆگەن بکا. بەڵام سەقامگیربوونی پایە و بناغەی نیشتمانی سۆڤێت و ئەستور بوونی قولاپەی پێی ئەو دایکە میهرەبانە بەسەر ئەستۆی ڕۆڵەکانییەوە، کێشی شیعرەکەی گۆڕی. دروشمی پیرۆز بوونی دایك و هەرمانی دایك، کرایە بەردی بناغەی بیر و باوەڕی ڕۆڵەکان و ڕۆڵەکانیش دەستیان لە ملدا کە لە پێناو زیندو ڕاگرتن و سەقامگیرکردنی ساختمانی سۆسیالیزمدا، وەك ئامراز و ئەسباب دەکار بکرێن و تەنانەت ئەگەر دایکی مەزنیش لە لایەن سەرۆك و سەرداران و سالارانێکەوە بەڕێوە دەچوو، کە دەگوترا ئەگەر ئەو خاوەن شکۆیانە یەکدەم دەستیان لە بەڕێوەبەرایەتی و سەرپەرشتیکردنی نیشتمانی مەزن کێشابایەوە، نە دایك دەما و زارۆکەکان و هەر هەمووی دەکەوتنەوە گەڕووی سەرمایەدارانی ستەمگەر، هەر بۆیە بە پێچەوانەی دروشمە خۆش هەڵپێچراوەکان، سەرۆکایەتی نیشتمانی مەزن کرا هەموو شتێك و دایك و زارۆکەکان بوون بە هیچ. دایك و ڕۆڵەکان بوون بە کەرەسە و ئامرازی دەستی سەرکردایەتی و جێی تاکتیك و ستراتیژی گۆڕا. بەداخەوە چونکە ڕەگ و ڕیشەی درەختی حیزبە سیاسییەکانی ولاتانی پێ لە بەندیش لە کانیاوی فەرهەنگی سیاسیی دایکە مەزنەکەیان ئاویان پێدەگەیشت، کە دایك بە داخەوە بەم دەردەچوو. ڕیشەی گیانی ڕۆڵەکانیش بەم ژاراوە سووتا و ڕۆڵی نوێ شەرعیەتی جیهانی وەرگرت و بوو بە ڕێبازی سیاسیی ئەستێرە سوورەکانی سەر پشتێنە شینەی دایە سووڕێ.

تەنانەت پاش هەڵبەزینەوەی سۆڤێت و چین لە یەکتر، و پاش دابەشبوونی لایەنگرانی یەکدەستی جاران و تەنانەت پاش خەت خەت بوونی ڕێبازەکە و پەیدابوونی دەرویشانی جەزمکراوی سۆڤێت، چین و ئەڵبانی و.... پاش وەدیهاتنی خەتی سێ، خەتی چوار، خەتی پێنج و.... هەموو پارت و حیزبە لە هێلکە دەرهاتوەکانیش بە هەموو جیاوازی و دژایەتیەکانیشیانەوە، ڕیشە و ڕەگی سیاسەتەکەیان هەر ئەو بۆرە شەڕابەی پێدا دەگرێ، کە مامۆستای یەکەمیان بە گەرووی داکردوون.

ئەگەر کراسی دەمار وشکی لەبەر خۆمان دابڕنین و لە دەروونی خۆماندا کلاوی ویژدانمان (ئەگەر ویژدانێك مابێ؟!) بکەینە قازی و بە چاوێکی بێ لایەنانە سەیری حیزب و پارت و تاقمەکانی ئیمڕۆی کوردی، ئێرانی، عەرەب، تورك و تەنانەت تەماشای حکومەتە دیکتاتۆرەکانی مەڵبەندیش بکەین، دەبینی کە بە پێی ئاوی ڕژاو و بە گوێرەی خەتی دامەزراو، خەڵك مۆرەی بێ دەست و پێی بەردەستی دەسەلاتانێکن کە ناویان حیزب—ە— لە حیزبەکانیشدا ئامانجی هەرە بەرز، سەرکاران و سەرۆکانی دەزگای بەڕێوەبەرایەتی حیزبەکانە. هەر ئەوانن کە دەیبڕن و دەیدروون و دەبەر ئەندامانی حیزب و دەبەر خەڵکانی دەکەن. بە کورتە کەلامێك، قازانج و بەرژەوەندی خەڵك و خاك و نیشتمان کراوەتە بازنەیەك و لە باسکی دەزگای سەرۆکایەتی حیزب کراوە. ویست و خواستی ڕەوای بەر هەق هەر هی ئەوانە. چوونە پێش و بادانەوە و کشانەوەش هەر بەدەستی ئەوانە. دروستکردن و خەڵك خستنە ژێر دەستی دۆست و دوژمنیش هەر لە توانای ئەواندایە. لایەنگر و

سەمپاتەکانیشیان لە قابڵەمەی حیزبی کراون و بە گشتی یەخسیری دیواری قابڵەمەکانن. ئاسمانی بەر ڕوانگەی سیاسیی قابڵەمە نشینەکانیش هەر بە قەدرایە ئەو قابڵەمەیە دەبێ کە تێی خیساندراون. بێبەختی هەرە مەزنیش لەمە دایە کە نیشتەجێیانی هەر قابڵەمەش، بە فتوای قابڵەمە بەدەستەکان، دانیشتوانی قابڵەمەکانی تریان بە لاوە لە تور و گێژەر و سیر و پیازیش کەمترە. سەیرتر لە هەر سەیر و سەمەرەیەکی تری سەر ئەم دونیایە ئەوەیە کە ئێستاش کە ئێستایە، ڕەخنە گرتن لە خۆ و ڕەخنەگرتن لە تۆ هەر ماوە. بەڵام ڕەخنە گرتنیش بە هۆی سوڕان و جێگۆڕکێی جەوهەر و قاپێلکی بەتاڵ و بۆشی شتەکە، بەداخەوە سەرەو قوت بوە و کراوەتە داری تۆڵە. داری تۆڵەیەک کە هەر بەس لە سەر و گوێلاکی کەسێک کاریگەرە. کە یەکتەن و تەنیا ماوەتەوە و لە دەسەلاتی سیاسی و نیزامی بێبەرییە. کێ لە گیانی خۆی تێر بوە با بە (بولقاسم) یێکی سەرکار ببێژێت: ((پشتی چاوگەلەکەت ئەبرۆ–س!!)).

ئەم فەرهەنگە ئاڵۆزکاوە تەشەنای کردۆتە سەر تاکە کەسان و، دانە دانەی خەڵکی کوچە و کۆڵانانیش بەم دەردە گیرۆدە بوون. قازانجی خۆمان و مالّ و مالّباتمان بۆ دەمێک بکەوێتە بەر باری نالەباری، دونیا دەشێوێنین، ئەهلی شمشێر و چەک بین، بە چەک تۆڵە دەستێنینەوە. قەڵەمە کۆڵەیەکمان هەبێ، قەڵەم تیژ دەکەینەوە و بە قەڵەم هیچی تێدا ناهێڵینەوە. هیچ لایەکیشمان نەبێ، هەر بە چەشنی مرۆی هەموو شتێک دۆڕاندوو، پاشملە زمان دەردەکێشین و قەڵەم و زمان وەگەڕ خستنەکان، بەداخەوە، جگە لە دوژمنایەتی و نێوان ناخۆشی هیچ سود

و بەهرەیەکی نەداوە و هەر بەس بۆتە هەرا. وێنە و نموونەمان زۆرن لەم هەرایانە و لەم کورتە نووسراوەیەدا ناکرێ ناویان بەرین. کاك کەریم–ی حسامی کە سەر و سەردەمێك لە بەشی هەرە بەرزی سەرکردایەتی حیزبێك دابوە و هەر ئێستا تاك و تەنیا کەوتۆتەوە و خەریکی نووسینی بیرەوەرییەکانی خۆیەتی، هاتۆتە بەر قەڵەمی پەخنەی چەند دۆست و ئاشنایەکی هاوخەباتی خۆی و کراوەتە ئامانجی نووکی قەڵەم. کتێبی (وەڕاوە یا بیرەوەری)ی کاك رەسوڵی ئاریایی کە ویستراوە پەخشانێکی ئەدەبی پڕ لە سینۆنیمی کوردی ڕوو بە کاك کەریمی حسامی ڕابگیرێ، لە یەکەمین لاپەڕەیەوە هەتا ئاخرەکەی هیچ خێر و بێرێکی نە لە بۆ کورد تێدا دەست دەکەوێ و نە لە بۆ نووسەر بۆتە دارێکی کەلله شکێن و نە سەری کاك کەریم– یشی پێ شکاوە. بەس دەکرێ ناوی تۆڵە نامەیەکی نەزۆکی لەسەر بنووسی و بە باوەشی لەبیر چوونەوەیەکی مردووی بسپێری.

کاك رەسوو. بە پێی نووسراوەکەی خۆی هەر لە کتێبەکەی خۆیدا، لەسەرەتاوە یەکێك لە سەمپات و لایەنگرەکانی ئەو حیزبە بووە کە کاك کەریم و نۆ کەسەکەی تر (بە گۆتەی کاك رەسوو) بۆ سەرکردایەتی کردنی حیزب لە گەرمێنەوە هاتوونەتەوە ئێران. نووسەری کتێب لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی کە یەکەمین ڕۆژانی دانانی بەردی بناغەی هەڵسوڕانی نوێی حیزب لە مەهاباد دا لە مالّی کێ و دەگەڵ چ کەسانێك کۆبۆتەوە و چۆن و چۆنیان هەوڵداوە کە ئەندامانی هەڵسوڕێنەری حیزب بگۆڕن و مۆرەی نوێ لە جێی مۆرەی کۆن دابنێن. تەنانەت

دەدرێن و بڵاو دەکرێنەوە. بگرە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی تریشدا گۆتاری تازەی ڕەوان ناسی لە چاپ دەدرێن. بە پێی گەشەی تەکنیك و بە گوێرەی تێهەڵچوونی زانست، زانستی ڕەوان ناسیش تووێڵکی تەنکی جارانی هاویشتوە و هەتا ڕۆژگاری بەسەردا تێپەڕێ، ئەم زانستەش بە بۆچوونی تازە و تازە ترەوە دێتە بەری مەیدان. گەلێك بیر و بۆچوونی ڕەوان ناسانی پێشوو بەرپەرچ دراونەتەوە و بیر و بۆچوونی نوێ جێی پرکردوونەتەوە. خۆ ڕەوان ناسی نە گایە لە پێستێکدا پیر ببێ و نە زانستی (ناب)ی مەتماتیکیشە کە ئاڵ و گۆڕ بە خۆیەوە نەبینێ. چ مرۆڤ لەسەر دنیادا بژی و چ نەژی، فۆرمۆڵەکانی مەتماتیك هەر لەسەر ئەساسی خۆیانن و هەر دەمێنن. بۆ وێنە، دوو جاران دوو، هەر دەبێتە چوار. هەزار ساڵ بەر لەمە لە ئەوروپا و لە نێو مەنگوڕان و لە بێساران و لە هیندستانیش هەر دەبوو بە چوار، ئێستاش هەر چوارە و نەبۆتە پێنج. بەڵام زانستی ڕەوان ناسی، زانستێکە گرێدراو بە مرۆڤ و کۆمەڵانی ئینسانی دەتوانێ لە بیچم و سیستەمە کۆمەڵایەتیە جیاجیاکاندا ڕەنگی جیا جیای هەبێ. بۆ وێنە ئەگەر بگەڕێینەوە دەوری حەفتا ساڵ بەری ئێستای شارەکەی من و کاك ڕەسوو، شاری مەهاباد، شاری چی؟ گوندێکی کەمێك پڕ حەشیمەت! پیشە و کاری خەڵکەکەی چ بوو؟ شێوەی بەڕێچوون و گوزەرانیان چۆن بوە؟ بێشك نە کارگەیەك لە گۆڕێدا بووە و نە پیشە سازی و بازرگانی و سات و سەودایەکی ئەوتۆ کە بکرێ ببێتە هۆی جیاوازیەکی مەزنی چینایەتیی

نێوان خەڵك. لە دێ و دێهاتەکانی دەور و بەریشدا دیارە چۆن بوە. نۆمادیسم و کەلك وەرگرتن لە بەرهەمی ساکار و لەبەردەستانی ناو خۆڕست، هەڵکۆڵینی شاخ و ساز کردنی چوار دیواری کورت و کەم بالاّ بۆ حاوانەوەی شەوانە، گەلەکۆمەکی و هەرەوەز کردنی کۆمەلاّیەتی، کوڕ بە قەرز دان بۆ کار بە یەکتری، کچ بە بزن و مریشك گۆڕینەوە، ژن بە ژنە و هەزاران شتی تریش ڕوومەت و ڕواڵەتی ژیانی خەڵکی ئەو سەردەمەی ولاّتەکەمان بوە. شێوەی عاملاندنی منداڵیش لاسایەك بوو لە شێوەی ڕاهێنان و پەروەردەکردنی ئیسلامی کە ئەویش خۆی لاسایەك بووە لە شێوەی تەربیەتی ئەرەستوویی (ئەرستاتالیس)ی یونانی. واتە بەسەر دادان، جەزرەبە دان، سوکایەتی پێکردن و عاملاندن. ئەم ڕەسم و نیزامە هەر بۆ کەریم و ڕەحیم–ە کان نەبوە، ئاسمانێك بووە و بەسەر دونیای هەموو خەڵکی ئەو سەردەمەی قەلاّتەکەماندا کێشراوە. ئەگەر من لە گوندی خۆمانەوە ڕەوانەی گوندێکی تر کرابم، کاك ڕەسوو پێی وانەبێ لە قاسمەڕەشەوە ناردرابێتە ستۆکهۆڵم. پێی وانەبێ ڕەحیم شەربەت و شەکراوی بە گەروو دا دەکراو من تاڵاّو! منداڵی نێری ئەو سەردەمە یاریدەری باری ئابووری ماڵی خۆیان بوون. لە کۆمەڵی ئەو سەردەمەدا، بنەماڵەی بێ بەرخی نێر بە وەجاخ کوێر ناسراوە. ئەو سەردەمەی کە هی وەك کاك کەریم دەورانی منداڵی تێدا تێپەڕ کردووە، کوڕ بە قەرزدان بۆ کار شتێکی زۆر ئاسایی بووە. لێدان و سەر کوتانەوەش ئاسایی بووە. باوك، دایك، خاوەن

زەوی، مەڕدار، پیشەوەر، مەلا، مامۆستا و هەمووی و هەمووی کوتەك بە دەست چوونە جەستەی منداڵەوە. کوتەك – بە قوربانی نەبم – دەیانگوت لە بەهەشتەوە هاتووە. لە کاتی تورپە بوونی هەر یەك لەوانەی کە ناومان بردن، هەم کوڕی خۆیانیان بێزار دەکرد و هەم یارمەتیدەرەکەیان دەکوتا. ئەو هەست بە سەرکزی کردن و شکانەوەی کەسایەتیی کە ئیرەکسۆنەکەی کاك رەسوو فەرموویەتی، لە کۆمەڵێکدا پێك دێت، کە کۆنە دەوارێك، وەك پینە کەوتبێتە سەر کەوای مەخمەری خەوانینێك و وەك پۆژی ئاسمان خۆیا و ئاشکرا بێ. ڕەنگە ئەگەر کاك رەسوو ئەو ئیرەکسۆنە بخاتە ناو شەمەننەفەرێکی خەیاڵی و بەرەو کوردستانی حەفتا ساڵ لەمەو بەری بنێرێت، حەکیم باشی لە گەڕانەوەیدا گەلێك گلەیی لە کاك ڕەسوو بکا و بڵێ: ((ئەو نوسخە و ڕێسێپتەی کە لۆ نەخۆشی ئەوروپیم نووسیوە، تۆ چ هەقێك لە بۆ خەڵکی کەس نەکێڵ و بەردەڕەقانی حەفتاساڵ لەمەوبەرت دەکارهێناوە؟!))

لە نێو کۆمەڵی مامۆستایانی شارەکەماندا، مامۆستای زانا و شارەزا لە کاری دەرس گوتنەوەمان کەم نەبوون. یەکێك لەو مامۆستایانەدا کاك ڕەسووی ئاریایی بوو. ئەوەندەی کە من بیناسم و ئەو ناسینەش لەسەردەمی منداڵییەوە دەست پێدەکا و سەراسەری ژیانی پیشەیی تا ئێستای ناوبراو دەگرێتەوە. ئەوم هەر بەس وەك مامۆستایەکی شارەزا لە کاری دەرس گوتنەوەدا ناسیوە. دیارە لەسەردەمی ڕاپەڕینی

سەرتاسەری خەڵکەکانی ئێرانیشدا کە سیاسەت ببوە شتێکی بێ زیان لە بۆ پەز، کاك ڕەسوولێیش هەر وەکی خۆی نووسیویەتی بۆرە چاو پێکەوتنێکی دەگەڵ ئەم و ئەوێك دەست کەوتووە. بەڵام بۆچی کاك ڕەسوو نەیتوانیوە ڕێی بکەوێتە بەشی سەرکردایەتی حیزب و هەر وەك ئەندامێکی سادە و ساکار ماوەتەوە.؟ پێم وایە هۆیەکەی ئەوە بووە کە ئەو بە تەواوی قۆڵی لە سیاسەت هەڵنەمالێیوە و هەم دڵی بە مالّی دونیاوە بەند بوە و هەمیش بە قیامەت. ڕەنگە لە جوابم دا بڵێ: ((نەخێر وانیە و هۆیەکەی ئەوەیە کە من گروپی سەرکردایەتی حیزبم بە دڵ نەبووە بۆیە خۆم نەداوەتە بەر.)) منیش ناچارم بڵێم: ((دەی خۆ ئەودەم گەڵ دوکانۆکەی سیاسی دیکەش هەبوون، ئەدی بۆ دەستت لەولا هەڵنەگرت و نەهاتیتە باوەشی یەکێکی پڕ بە پێستی خۆت). دیسان ڕەنگە لە جوابم دا بڵێ: ((خۆ بیر و باوەڕ کراس و کەوا و کلاّو و پشتوێن نییە کە وەك هەندە چۆخ سیاسەتبازێکی ناو خۆمان، ڕۆژیان لێ نوێ بێ و حیزبیان لە نوێ بێ و بە پێی ڕۆژ جلکی سیاسی بگۆڕن)).

لە کتێبەکەی کاك ڕەسوو دا شتێکم زۆر بە لاوە لێڵ و شاراوە و ونە، ئەویش ئەوەیە کە لەسەردەمی وتو وێژی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد دەگەڵ هەیئەتی دەوڵەتدا، ئەگەر چی کاك ڕەسوو قەت یەکێك لە ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد نەبووە و بە گۆتەی خۆی ئەندامێکی سادەی حیزبیش بووە و تەنانەت بۆ دانی هەقی ئەندامەتیی حیزبیش دەبوایە پسوڵە ڕەش بکاتەوە، نازانم بۆچی لە (ساختمانەکانی

سەددی مەهاباد) دەگەڵ هەیئەتی دەوڵەت بۆ وتو وێژ دانیشتوە ! ! شایانی باسە بڵێم کە شوێنی کاری دەبیرخانەی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد (ساختمانەکانی سەددی مەهاباد) بوو. هەر وەها ئەمەش بڵێم کە هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد بۆ وتو وێژ دەگەڵ ناردراوەکانی ئیمام، بریتی بوو لە نوێنەری هەموو حیزب و رێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەلآت کە حیزبی سەرەکیی کوردستانی ئەو سەردەمە (بە قەولی خودی حیزبی دیموکرات)، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش چەند نوێنەری لەو هەیئەتەدا بوو کە کاك کەریمی حسامی–ش یەکێك لەوان بوو.

ئەندامانی دەبیرخانە– نەك هەموو ئەندامانی هەیئەتی نوێنەرایەتی گەلی کورد– هەموو ڕۆژێ لە ساختمانەکانی سەددی مەهاباد خەریکی کار بوون و ئەوەی کە کاك ڕەسوو ئاماژەی پێکردووە، تێی هەڵەنگوتون و نەیان بینیوە. لە نووسراوەکانی کاك ڕەسوو (ئەگەر ڕاست بن)، وادەردەکەوێت کە حیزبی دیموکرات بۆ وەدەستهێنانی مافی خودموختاری، لە تاکتیکی جوراوجۆر کەڵکی وەرگرتوە و بەیارمەتی وەرگرتن لە ئەندامانی ژێڕای هەرە ژێڕاشی و، بەنەهێنیش بۆ وتووێژ دادەکشاوە. هەر چەند کە بە پێی ئەزمونی وەدەست هاتووەمان ئەوە نە کارێکی باشە، بەڵآم هەرچی هەیە و هەرچۆنێکە، بە هیواین ڕابردوو ببێتە چرایەکی ڕووناکیدەری داهاتوومان و چیدی لە تاریکیدا دەست بە چاوی بەستراومانەوە نەگرین. هەروەها هیوادارم کاك ڕەسوو–ش

قەڵەمی ڕەخنە گرتن بگرێتە دەست و لە شەڕە شەق خۆ بپارێزێت. کێشەی شەخسی و بنەماڵەیی بۆ کتێب ڕەشکردنەوە نابێ و نایهێنێ تەنانەت چاویشی پێدا بخشێنی. لە شۆڕشی تێدا چووی کوردستانی ڕۆژهەلاتدا تاکە کەسێك خستنە ژێر شووشەی بلووری ئاگرابیسمان و هەزار و یەك جوێن و نە شایست و نە بایست ڕێز کردن، کوا کەی دەرمانی دەردی ئەو میللەتەی لێ چێ دەبێ و کێهە تاوانکاری پێ سزا دەدرێت؟ پێم وایە ئەگەر کاك ڕەسوو نیاز و نەزەری خزمەت بە گەل و نیشتمانی کوردان بوایە، کەوشی ئاسنی دەکردە پێ و گۆچانی ئاسنی دەگرتە دەست و سەری خۆی هەڵدەگرت و بە دوای لێکۆڵینەوەی دەرد و ئازار و نەخۆشیەکانی ئەم چارە ڕەشە دا دەڕۆیی. دەرمانی دەردی ئەم گەلە، لێکۆڵینەوە و دۆزینەوە و دەرخستنی دایك گەرای نەخۆشییەکانە، نەك (ئەی نەنە من غەریبم)ی کاکە ڕەسوو.

کۆتەڕەی داریك بکەیتە لەمپەڕی بەر ڕوانگەی قەڵەم، دارستان و لێڕەواری مەزنت لەبەر چاو بزر بێت. دارستانەکە قەوغایە و دەیان داری خوار و سەتان درەختی ڕاستی تێدایە. کین و ڕکە بەریەتی شەخسی لە دڵ بشۆرەوە و سیلەی چاوی قەڵەمەکەت لەم تاکە دارە بگوێزەرەوە و ورد سەیری لێڕەوارەکە بکە، ئەگەر نیازی خزمەت بە دونیای دارستانەکەتت لە دڵ دایە و دەتەوێ دارستانەکە لە نەمان بپارێزی، ئەم چاویلکە ڕەشە لەبەر چاوی قەڵەمەکەت وەلابەرە و سیستەمەکان بەرکەوانی هەللاج بدە و موو لە ماست دەربکێشە، ئەگینا نووسراوەکەت

به چاره نووسی بلّقی سەر ئاو دەچێت و دەبێتەوە هیچ(*).

**

ك. دارتاش.

(*)قەرار بوو ئەم نووسراوەیە لە گۆڤاری گزنگدا چاپ بكرێت. بەلأم كاتێك ئەم نووسراوەیە گەیشتە دەستی سەرنووسەری بە ڕێزی گۆڤاری گزنگ، سەرنووسەر بە تەلەفۆن پێی گوتم كە ئەوا خەریكە بە گۆڤارەكەدا دەچێتەوە و گۆڤارەكە جێی چاپكردنی ئەم نووسراوەیەی نەماوە و بۆ ژمارەی داهاتوش چونكە كتێبەكەی كاك ڕەسووی ئاریایی بە شێوەیەكی شەخسی بلأو كراوەتەوە، كەوایە گۆڤاری گزنگ ئوبالّی ئەم نووسەراوەیە بە ئەستۆی خۆی ناگرێ و وا باشترە بە شێوەی شەخسی لۆ دۆست و ئاشنایان ڕەوانە بكرێت. ئەوا منیش دەگەلّ سوپاسێكی زۆر بۆ گزنگ و سەرنووسەرەكەی پاش پێدا چوونەوە و نەختە دەست پێدا هێنانێك، بۆ چەند دۆستێكی دەنێرم.

نامەیەکی دۆستانە کە لە لای منەوە بێ وەلأم مایەوە:

مرکز نشر فرهنك و ادبیات کردی– انتشارات صلاح الدین ایوبی.

بەڕێوەبەرانی بەڕێزی بلاّوکراوەی سەردەمی نوێ.

بە سلاّوێکی شایان ڕێزی بێ پایانەوە! لە دوورەوە دەستی گەرمی پڕ لە میهری ئەدەبدۆستانە و فەرهەنگخوازانەی یەك بە یەکی ئێوەی خۆشەویست دەگوشین و ئاواتەخوازی سلاّمەتی و ژین خۆشی هەموو تانین لە پێشگای خوای مەزندا.

دۆستان و هاوکارانی خۆشەویست و دلّسۆز! ناوەندی بلاّوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ئینتشاراتی سەلاّحەدینی ئەیوبی، بەو پەڕی شانازی و سەرفرازییەوە، تێپەڕبوونی دەیەمین ساڵی تەمەنی خۆی لە پێناو خزمەتکردن بە فەرهەنگ و ئەدەبی هەموو کوردەکانی جیهان بە گشتی و کوردەکانی ئێران بە تایبەتی، ڕادەگەیەنێ.

ئەم ناوەندە بە (تێبینی)یەوە لەسەر ئەو باوەڕەیە کە سەرکەوتنە نیسبیەوە دەستهاتوەکانمان سەبارەت بە ڕاگرتن و ڕێز گرتن لە بنەما و بایەخە فەرهەنگی – ئەدەبییەکانی گەلی کورد و هەروەها بەرز کردنەوە و پەرە پێدانیان، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر هاوکاریی یە بێ گەرد و هەمە لایەنییەکانی هەموو زانایان، هۆنەران، نووسەران، مێژوو نووسان، تۆێژکاران و هونەرمەندانی بەڕێز و خۆشەویستی خەلّکی کورد لە سەرانسەری جیهاندا. بەم بۆنەوە بەڕێوەبەرانی ئەم ناوەندە ئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانن لەم هەلە ڕەخساوەدا، لە هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لە ماوەی دە ساڵی ڕابردوو دا، بە هەر شێوەیەك یارییدەیان داوین،

لە ناخی دەرونەوە سوپاس بکەین و هەقناسینی خۆمانیان پێشکەش کەین و ڕێزی دوو بارەی خۆمانیان پێ ڕابگەیەنین.

گومانی تێدا نیە، لە جیهانێکدا کە بە داخەوە دیمەنی درزێوی گێرە و کێشە، سەرکوتکردن، خوێنڕشتن، ناتەبایی و باوەڕی بە شێوەیەکی پرژ و بلاّو هەموو لایەکی گرتۆتەوە، تێکۆشان و هەڵسوڕان لەسەر کاروباری فەرهەنگی و زانستی و لەسەر هەموویاندا خزمەتکردن بە ئەدەب و کەلەپوری گەلانی بەشخوراو- لەو نێوەدا گەلی کورد- نەك هەر بە نرخ و پیرۆزە و گرنگی تایبەتی هەیە، بەڵکو ئەم کارە دەتوانێ دیاریکەر و بوار پێکهێنەری دامەزرانی عەدل و داد و بەرابەری فەرهەنگی لە نێوان گەلە جۆراوجۆرەکاندا بێ و لە لایەکی دیکەشەوە هەڵگری پەیامی هاودڵی نەتەوەیی و نێو نەتەوەیی و هەروەها پردی زانست و تێگەیشتن لە پانایی دونیادا بێ. ئەم خاڵانە لە ڕاستیدا ئامانجی سەرەکی دامەزراندنمان و سەردێڕی بەرنامەکانمان لە بەڕێوەبردنی ئەم ئەسپاردە فەرهەنگیەدا پێکدێتن، ئەسپاردەیەك کە وەدەستهێنانی سەرکەوتنە داهاتووەکانی، دیسان لە گرێوی هاریکاری لێبڕاوانە و بێدرێغی نووسەران و ڕووناکبیرە گەلییەکانی کورد دایە. لە کۆتاییدا بەخۆمان ڕێگا دەدەین سەبارەت بەو کەم لوتفی یەی کە دەرهەق بە ئێمە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بە ئێوەی هەڵبڕینی پەیوەندیتان لەگەڵ ئێمە و خۆ پاراستن لە بەڕێکردنی بەرهەمەکانتان بۆ ئێمە (بریتی لە گۆڤار و کتێب) خۆی نواندوە، گلەیی و سکالاّی دۆستانەتان لەگەڵدا بکەین، و بە گەرمی داواتان لێ بکەین کە دەرکی دەست ڕاگەیشتن و پەیوەندی گرتنمان لەگەڵ یەکتر، لەسەر دامەخەن، کارێك بکەن کە هیچ

نەبێ لە وەلأمی نامەکانماندا یان ئەو گۆڤارە مانگانە کە دەنێرینە خزمەتتان، ئێوەش بە سەرمان کەنەوە و جارو بار لە ڕێگای هەناردنی نامە و بلأوکراوەکانتان بۆ ئێمە منەتبار و بەختەوەرمان بفەرموون. لێگەڕێن با بە هاودڵی و هاریکاری دوو لایەنە لە پێناو بەرز کردنەوەی پلەی هاوکاری یە فەرهەنگی یە بە نرخەکاماندا هەنگاوی گورج و گۆڵ هەلێنینەوە. بەڕێزەوە ناوەندی بلأوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی ئینتشاراتی سەلأحەدینی ئەیوبی.)).

بەداخەوە ئێستا کە ئەم نامەیە لێرەدا دەنووسمەوە هەست بە هەڵەی خۆم دەکەم کە بۆچی وەلأمی نامەکەم نەداوەتەوە و نووسراوەکانی خۆم بۆ نەناردوون. خۆ من بە پێچەوانەی هێندێ حیزب و ڕووناکبیری کورد لە سەرەتاوە هەنگاوی مامۆستا هێمنی ڕەحمەتیم بۆ دامەزراندنی گۆڤاری سروە بە هەنگاوێکی پیرۆز و جێگای سوپاس و تەقدیر زانیوە و گۆڤاری سروەشم پێ ئەستێرەیەکی پڕشنگدار بوە لە ئاسمانی ئەوسا و ئێستای ئەدەب و زمان و کەلەپووری کورد لە کوردستانی ئێراندا و خزمەتێکی لە ڕادە بەدەر گەورەی بە بوژانەوەی وشە و ئەدەب و کلتوری کوردی کردوە. هەزاران لاوی کوردی نەك فێری زمانی کوردی کردوە، بەڵکوو شاعیر و نووسەر و پەیجووی شارەزا و هەڵکەوتووی لەم بەشەی نیشتماندا پێگەیاندوە و بە کۆمەڵی ناساندوون. جا من کە ناتوانم بڵێم بۆچی نامەی وانم بێ وەلأم هێشتۆتەوە و خۆم بە خەتابار دەزانم و داوای لێ بووردنیان لێدەکەم. جێگای سوپاسە، ئەوان بێ لەبەر چاو گرتنی هەڵە و کەمتەرخەمی من، بە ڕێك و پێکی گۆڤاری سروەی

ئازیزیان بۆ ناردووم و لە بیریان نەبردوومەوە.

نامە و نووسینی مامۆستا دکتۆر جەمال نەبەز لەسەر بیرەوەرییەکانم:

لە ڕادیۆکانەوە ئاگادار بووم کە کۆڕێك لەسەر بارودۆخی کوردستان بۆ دکتور جەمال نەبەز ساز کراوە. من کە لە مێژ بوو بە خزمەت مامۆستا نەگەیشتبووم و لە کاتی خۆیدا لە بەغدا سالّەکانی ١٩٦٠–١٩٥٩ ئێمەی لێقەوماو زۆرجار بە خزمەتی دەگەیشتین و بەو ئیعتیبارە کە ئێمە کوردی ئاوارەین و ئەویش سوتاوی کوردستان و کورد‌ایەتییە، ڕێزی لێ دەگرتین و لوتفی هەبوو. دەرفەتێك هاتبووە پێش کە هەم لە باسەکەی کەلّك وەربگرم و هەم دیدارێك تازە بکەمەوە. دەگەلّ چەند برادەرێك چوویینە کۆڕەکە و دوای تەواو بوونی چوومە خزمەتی و یەکترمان ناسییەوە و چاك و چۆنیەکی دۆستانەمان کرد و داوەتم کرد کە بە سەردانی مالّێ سەربەرزمان بکا و سەرجەمی بیرەوەرییەکانیشمی وەك دیارییەکی ناقابیل پێشکێش بکەم. مامۆستا فەرمووی: زۆر بە پەلەم و هەر ئێستا دەبێ بگەڕێمەوە بۆ بیرلین. زۆرم پێخۆشە کتێبەکانت ببینم و ئەگەر بۆم بدەی بە کاك بورهانی مام توفیق مەمنون دەبم. گوتم سوپاست دەکەم ئەگەر پاش خوێندنەوەیان شتێکیان لەسەر بنووسێ تا لە دوا ڕۆژدا بۆ نووسینەکانی دیکەم ببێتە ڕێنوێن و دەرسی لێ وەربگرم. مامۆستا گوتی: ((پاش خوێندنەوەیان لەسەریان دەنووسم کە لە پێشەکی بەرگی دەیەمدا بلاّوی بکەیەوە.

من ٩ بەرگی بیرەوەرییەکانم تەسلیمی کاك بورهانی مام تۆفیق کرد کە بۆی بنێرێ. پاش ماوەیەك ئەم نامەیەی مامۆستا جەمال نەبەزم

پێگەیشت.

((..... بەرلین ۱۹۹۵/۵/۲۵ کاك کەریم گیان

پاش سلاوێکی گەرم و چاك و چۆنییەکی خۆمانە، سوپاسێکی پڕ بە دڵ بۆ دیارییە بە نرخەکەت. هەر نۆ بەرگەکەی ((بیرەوەرییەکان))تم بەهۆی هاوڕێی خۆشەویست کاکە بورهانی مام تۆفیقەوە پێگەیشت. جا لەبەر ئەوەی ئەدرەسەکەت نازانم، تکام لە کاکە بورهان کرد کە ئەم نامەیە بگەیەنێتە دەستت. بەڵێنی دا کە ئەو کارە خێرە بکات، مااڵی ئەویش و تۆیش ئاوا بێ. لە خوێندنەوەی ((بیرەوەرییەکان))دا جارێ گەیشتوومەتە بەرگی شەشەم. بەاڵم بە خوێندنەوەیان یەکجار دڵم خۆش بووە، چونکە ئەمانە هەر ((بیرەوەری)) تۆ نین، بەڵکوو الپەڕەیەکیشن لە مێژووی، لە گەلێك الوە بە ژێر خۆڵەوە کراوی نەتەوەی کورد، کە تۆ تۆمارت کردوە و لەگەڵ خۆت نەتکردووە بە ژێر خۆڵەوە. ئافەرمت لێ بێ. خۆزگە ئەوانەی نێوت بردوون و بەشداری ئەو کارانە بوون کە باست کردوون، ئەوانیش- ئەگەر هێشتا ماون- دەستیان دەدایە پێنووس و کارێکی وایان بە ئەنجام دەگەیاند، ئەوسا بە بەراورد کردنی بەسەرهاتی گشت الیەك، دیرۆکی سەردەمێکی پڕ لە کارەساتی بزووتنەوەی کوردایەتی ڕۆشنتر دەبووەوە. وا لەسەر فەرمودەی خۆتان بڕیارم دا پاش لێبوونەوەم لە خوێندنەوەی بەرگی نۆیەم، پێشەکییەك بۆ بەرگی دەیەم بنووسم، لەوێ دا باسێکی ئەو سەردەمەش بکەم کە لە خواروی کوردستان یەکدیمان ناسی و دوایی لە دوکانەکەی مامۆستا بەشیر موشیر لە بەغدا زوو زوو چاومان بە یەك

دەکەوت. جا تا ئەوکاتە بە شادیت دەسپێرم و هەر بژیت. برات جەمال نەبەز.))

پاش ئەم نامەیە ماوەیەکی زۆری پێچوو هیچ خەبەرێك لە مامۆستا و نووسینەکەی نەبوو. منیش بەرگی دەیەمی بیرەوەرییەکانم تەواو کرد و لە بولغارستان چاپکرا. پاشان رۆژێك کاك بورهانی مام تۆفیق تەلیفۆنی کرد و گوتی: نامەیەکی دکتۆر جەمال–م بۆ هێناوی. زۆر شاد بووم و چووم وەرم گرت. پاکەتێکی قەبە و نامەیەك و ٣٢ لاپەڕەی دەستنووسی مامۆستای تێدا بوو. گورج دەستم کرد بە نووسینەوەیان لە داتا و لە گەڵ نووسراوەیەکی خۆم بۆ ئەوەی پێیدا بچێتەوە و نەکا هەڵەی چاپی هەبێت، بۆم نارد‌ەوە. وا لێرەشدا دەقی نامەکەی دکتۆر جەمال نەبەز و نووسراوەکەشی کە بۆ پێشەکی بەرگی دەیەمی بیرەوەرییەکانمی نووسیوە بلاّو دەکەمەوە.:

((..... بەرلین ١٩٩٦/٦/٦.....

برای بەڕێز و خۆشەویست مامۆستا کەریمی حسامی.

سلاّوێکی برایانەت لێ بێ و هیوام وایە تەندروست و بێ وەی بیت. بە هۆی برای خۆشەویست کاکە بورهانی مام تۆفیقەوە ئەوە چەند لاپەڕە دەنێرمە خزمەتت کە بۆ پێشەکی بەرگی دەیەمی ((بیرەوەرییەکان))ت نووسیومە. هیوام وایە بیر و ڕاکانمت بەدڵ بێ و تکای برایانەشم ئەوەیە پاش تایپ کردن و ئامادەکردنی بۆ چاپ جارێکی دیکە ڕەوانەی بکەیتەوە تا ئەگەر هەڵە و ناتەواوییەکی تێ کەوتبێ، بتوانم ڕاستیان

بکەمەوە. هەڵەی چاپی، جار و بار مانا دەگۆڕن و دڵ تێك دەدەن.

نازانم بەرگی دەیەمت تا ئێستا تەواو کردووە، یان جارێ هەر خەریکی نووسینەوەیت. تکایە ئەگەر بەرهەمێکی دیکەشت بەدەستەوەیە بۆ چاپ، ئەوا لە گەڵ دەرچوونی لە ژێر چاپ، دانەیەکی بنێرە بۆ برای خۆت.

هەر بژیت و سەرکەوتوو بیت. برات جەمال نەبەز.))

ئەمەش دەقی نووسینەکەی مامۆستایە: ((لە جیاتی پێشەکی)):

((.... پاش ئەوەی برای بەڕێز مامۆستا کەریمی حسامی نۆ بەرگی ((بیرەوەرییەکان))ی خۆی بە چاپ گەیاند، ڕووی دۆستانەی لە من نا، پێشەکییەك بۆ بەرگی دەیەم بنووسم. بێگومان حەزم دەکرد دەستنووسی بەرگی دەیەمیشم بدایە، ئەوجا ئەم پێشەکییەم بنووسیایە. بەتایبەت ئەو بەرگە کاتێك دەردەچێ کە بارودۆخی کوردستان و خۆرهەڵاتی ناڤین پاش جەنگی عێراق و کوێت و دامەزراندنی ((هەرێمی ئاسایش)) لە باشووری کوردستاندا، و لێك نێزیکبوونەوەی عەرەب و ئیسرائیل، لە هێندێك ڕووەوە گۆڕاوە، و هەلو مەرجی نێودەوڵەتانیش پاش هەرەس هێنانی رژێمی سۆڤێت، لە شێوەی جاراندا نەماوە. بەڵام داخەکەم دەستنووسی بەرگی دەیەمم لەبەر دەستدا نەبوو. هەرچی چۆنێك بێ، هەر نۆ بەرگەکەم بە کاوەخۆ و بە هوردی خوێندەوە. ئەوەش کاتێکی زۆری برد، بەڵام خۆشی یەکی زۆریشی دا پێم.

مامۆستا کەریمی حسامی یەکێکە لە برا کوردەکانی ڕۆژهەڵات کە لە

کۆتایی پەنجاکانەوە دەیناسم. ڕاستییەکەی سەرەتای ناسیاری پەیدا کردنم لەگەڵ براکوردەکانی ڕۆژهەڵات دەگەڕێتەوە بۆ دەستپێکی پەنجاکان. لە پێش هەمووشیاندا بەڕێز غەنی بلوریانم ناسی، چونکە لەو سەردەمەدا بە نێوێکی خواستەمەنی یەوە (کە لە بیرم نەماوە) بە دزی یەوە هاتووچۆی سلێمانی دەکرد و سەری مامۆستا برایم ئەحمەدی دەدا. کە منیش هاتوچۆیم دەکرد، و پێکەوە (واتە لەگەڵ مامۆستا برایم) لە ڕێ و شوێن دەگەڕاین بۆ پێشخستنی زمانی کوردی. ئەوجا لە بەغدا و لە نیوەی یەکەمی پەنجاکاندا بەهۆی مام جەلالەوە خودی لێخۆشبوان حەسەن زیرەك و ئەوڕەحمانی هەژاریشم ناسی. حەسەن زیرەك لە هوتێلێکدا لە شەقامی ڕەشید کە خاوەنەکەی کورد بوو، بە نێوێکی خواستەمەنییەوە کاری جێ ڕاخستنی دەکرد. هەژاریش بە نێوی خواستەمەنی ((ئەزین))ەوە لە گەڕەکی فەزل ((الفضل)) لە بەغدا، لەگەڵ جەلال بێتووشیدا، دوکانێکی وێنەگری هەبوو. لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی دا لە ((بەغداد جدیدە)) بۆ ئاشتکردنەوە و لێکدانەوەی باڵی هەمزە عەبدوڵڵاڵ لەگەڵ باڵی برایم ئەحمەد لە نێو پارتیدا، کە بە دەستپێشکەری من ساز کرابوو، خودی لێ خۆشبوو ئەوڕەحمانی زەبیحیشم ناسی (کە نێوە خواستەمەنیەکەی قادر) بوو. لەو سەردەمە دا لە یانەی شەوانە –ملهی– عەبدوللاڵ سنەیی کاری دەکرد، ئەو یانە شەوانەیەی کە مامۆستا گۆران لە هۆنراوەکەیدا ((شەوێك لە عەبدوللاڵ)) باسی دەکات. لەو کۆبوونەوەیەدا مامۆستا برایم ئەحمەد (کە ئەوکاتە خۆی لە میری شاردبووەوە، لەبەر ئەوە شێوەی خۆی کەمێك گۆڕیبوو) غەنی بلوریان و حیلمی عەلی شەریف و زەبیحی و

مـن بەشـدار بـووین. لـە سـاڵی ١٩٥٦دا، کاتێـك کـە مامۆسـتا بـووم لـە قوتابخانـەی نێوەنـدیی موسـەللاّ لـە کـەرکووك، شـەهید ئـەوڕەحمانی قاسملو، لەسەر ڕاسپێری خـودێ لێ خۆشـبوو، مامۆسـتا حەمـە تۆفیـق ووردی، بە دزی یەوە هات بۆ لام. هاتنەکەی کوردستان، کـە دوایـی بـە یارمەتی ئێمە چەند ژمارەیەکی لێ دەرچوو، و کەوتە نێـو خـەڵك. پـاش کۆدەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ بـە سـەرۆکایەتی جەنـەڕاڵ عەبدولکـەریم قاسـم، و گـۆڕینی ڕژێمـی شـایەتی، و دامەزراندنی ڕژێمـی کۆمـاری لـە عێراقدا، جموجۆڵێکی ڕامیاری (سیاسی) کەوتە باشووری کوردستان، و لە ئەنجامی ئەوەوە رژێمە داگیرکەرەکانی دیکەی کوردستان، بەتایبەتی ڕژێمی شای ئێران، ترسـیان لێ نیشـت، و کەوتنـە پـەلـە قـاژە و دەسـت وەشاندن لە خەڵکی کوردستان، و بەتایبەت لەو کوردانـەی کـە چـالاکی یەکی ڕامیاری یان پـێ شـك دەبـردن. لـە ئێـران دار و دەسـتەی سـاواك کەوتنـە بگـرە و بـەردە و گـەڕ و گێـژەڵ کـردن بـە خـەڵکی ڕۆژهـەڵاتی کوردستان، و ژمارەیەکی زۆریان لێ خستنە زیندانـەوە، و ژمارەیـەکیش لە ترسی کوشـتن و بـڕین، کەوتنـە ڕەشـین و خۆیـان گەیانـدە خوشـك و براکانیان لە باشووری ولاّتەکەیانـدا، کـە پـێ یـان وابـوو ئـەو بەشـە لـە سایەی ((ئازادیخوازان))ی عەرەب و (کاکە کەریم قاسـم))ی((سـەرۆکی کورد و عەرەب))ە وە، ((رزگار))ی بووە.

ڕاسـتییەکەی ژمارەیـەك لـەو بـرا کوردانـەی ڕۆژهـەڵاتم هـەر بـە هـۆی مامۆسـتا ووردییـەوە ناسـی. یـەکێك لەوانـە خـودێ لێخۆشـبوو ئـەوڵای ئیسحاقی بوو، کە نێوە خواستەمەنیەکی ((ئەحمـەد توفیـق)) بـوو، و بەهۆی ئەویشەوە عەبدوللاّی عێزەت پوور و قاسمی سوڵتانیان (کەماڵ)

و مامۆستا کەریمی حسامی–شم ناسی، بەڵام نەك وەك کەریمی حسامی، بەڵکوو وەك ((سالّح تۆفیق)) کە ئەوە نێوە خواستەمەنیەکەی بوو. لە پێشدا وامدەزانی کە سالّح تۆفیق بۆ باوك و دایکی ((ئەحمەد تۆفیق))ە و نایەوێ لای من بیدرکێنێ. پاش کۆدەتای قاسم، کارەکەم وەك مامۆستا لە قوتابخانەی نێوەندی زوبێر (الزبیر)) لە بەسرە (بصرە)، کە لە سالّی ١٩٥٧دا لە کەرکوکەوە بۆ ئەوێ دوور خرابوومەوە، پاش چەند و چوونێکی زۆر کە ئەوەش چیرۆکی خۆی هەیە، گوازرایەوە بۆ بەغدا بۆ قوتابخانەی نێوەندی جەعفەریە (الثانوية الجعفرية الاهلية) کە قوتابخانەیەکی ئەهلی شیعەکان بوو، ((سالح)) ئەوکاتە لە بەغدا بوو، وەك هەر کوردێکی دیکە ((بەشیریست)) بوو، واتە دلّسۆزی مامۆستا بەشیر موشیر بوو، و جار و بار دەهاتە خزمەت مامۆستا بەشیر موشیر، لەوێ چاومان بە یەك دەکەوت. ئەو کوردانەی رۆژهەلاّت کە لە شاری سلێمانی گیرسابوونەوە، هەر یەکەیان لە ئاوازێکی دەخوێند. رۆژێکیان لە سلێمانی ئەحمەد تۆفیق هات بۆ لام و گوتی: ((رەوشمان (حالّمان) زۆر خەراپە و هەر یەکەمان پەرپوینەتە لایەك، بەڵکو تۆ یارمەتییەکمان بدەیت خۆمان کۆکەینەوە)) بە رێکەوت لەو رۆژانە دا مالّی کاکە رەزای کوڕی میرزا سەعیدی مارف (کە بنەماڵەی ئێمە و ئەوان لە باو و باپیرەوە تێکەڵیمان هەیە) لە سلێمانییەوە دەیانگواستەوە بۆ بەکرەجۆ، چونکە کاکە رەزا بوو بوو بە بەرێوەبەری کێڵگەی بەکرەجۆ، لەبەر ئەوە خانووەکەیان چۆڵ دەکرد. خانوەکە بریتی بوو لە کۆشکێکی هەشت ژووری و هەیوان و گەرماو و ناندینێکی گەورە و باخێك، لە کاکە رەزام وەرگرت و دامە دەست

ئەحمەد تۆفیق. ئەوانیش کردیانە ((کۆمۆنە)). بەڵام داخەکەم نەك هەر لە گەڵ یەك ڕێك نەکەوتن و بەس، بەڵکو کردیشیان بە شەڕ و هەرا لە نێو خۆیاندا و لە ئەنجامدا هەندێکیان گواستیانەوە بۆ شوێنی دیکە و هەندێکیشیان نەمزانی ملیان بۆ کوێ نا. ئەو خانوە خۆشەم بە کەلاوەیی دایەوە دەست کاکە ڕەزا. وەك لەمەوبەر گوتم لەگەڵ مامۆستا کەریمی حسامی بە زۆری لای مامۆستا بەشیر موشیر یەکدیمان دەدی. لێرەدا چیرۆکێك دەگێڕمەوە کە لام وایە مامۆستا حسامی یان بیری چووە بینووسێ، یان هەر لە بیری نەماوە. چونکە لە بیرەوەرییەکانیدا باسی نەکردووە. لە بەغدا لە گەڵ کورێکی سنەیی بوو بوومە دۆست کە لە قوتابخانەی نێوەندی و دوا نێوەندی ئێرانیەکان کە نێوی ((دبستان و دبیرستان شرافت ایرانیان)) بوو، و لە حەیدەر خانە چەند مەترێك لە دوکانی مامۆستا بەشیرەوە دوور بوو، کاری دەکرد، پاش ئەوەی مامۆستا حسامیم پێ ناساند وەکو کوردێکی پشدەری، ڕۆژێکیان ئەو برادەرە گوتی: ((فەرموون وەرن بۆ قوتابخانەکەمان. بەڕێوەبەرەکەشی پیاوێکی باشە، خۆی فارسە. بەڵام ژنەکەی خزمی ماڵە کوردێکە، و ئەویش خۆی بە دۆستی کورد دەزانێ. لەگەڵ مامۆستا حسامی پێکەوە چووینە قوتابخانە، کابرای بەڕێوەبەر بە خێرهاتنێکی گەرمی کردین و چایی و ماستاوی بانگ کرد بۆمان. پاشان باس هاتە سەر باسی کورد و ئێران. دیارە برادەرە سنەیەکەم هەردووکمانی وەك ((کوردی عێراق)) بە بەڕێوەبەر ناساندبوو. ئەویش زۆری پێخۆشبوو کە هەردووکمان بە فارسی یەکی باش قسە دەکەین لە گەڵی. لە نێزیك کابرای بەڕێوەبەرەوە گەنجێکی سمێڵ بابڕی دەموچاو ڕێوی

دانیشتبوو، هیچ قسەی نەدەکرد. هەر گوێی دەگرت و جار و بارێکیش پێکەنینێکی ژەهراوی لێدەر دەکەوت.

مامۆستا کەریم گوتی: ((حکومەتی ئێران لەگەڵ کورد زۆر خراپە دەکات. کورد هیچ خراپەیەکیان نەکردووە بەرامبەر بە ئێران. بەڵام ئێران وەک دوژمن هەڵسوکەوت دەکا لەگەڵ کورد.)) لەو کاتەدا هەستم بەوە کرد کە کابرای بەڕێوەبەر ڕەنگی تێکچوو. پاش ماوەیەک ئێمە ڕۆیشتین، بۆ سبەی برادەرە سنەیی یەکە هات و گوتی: ((ئەوە چیتان کرد؟ بەڕێوەبەرەکەم دەڵێ ئەو کابرایەی لە ژووری بەڕێوەبەر دانیشتبوو (کابرای سمێڵ بابڕ) هەر دەستبەجێ چووە بە کونسوڵی گوتوەوە کە بەڕێوەبەری قوتابخانە لەگەڵ کوردی جیابوونەوە خوازی ڕاکردووی ئێراندا نێوانی هەیە. دوێنێ کۆنسوڵ خۆی هاتۆتە قوتابخانە بۆ لێپرسینەوەی کارەکە. بەڕێوەبەر و من (کابرای سنەیی) گوتمان ئەوانە کوردی عێراقن. بەڵام کۆنسول باوەڕی نەکرد و گوتی: ((کوردی عێراق فارسی نازانن. بیشی زانن بەو جۆرەی نازانن. ئەوانە هەردووکیان سەر و زمانیان وابووە کە لەگەڵ فارسی زماندا هەر لە کۆنەوە هەڵسوکەوتیان بووبێ.)) بە ڕێکەوت چەند ڕۆژێک دوای ئەوە مامۆستا حسامی ون بوو. کە لە ئەحمەد تۆفیقم پرسی، ئەوە ((سالّح)) ی برات لە کوێ یە گوتی: ((ئەوە برای من نیە. ئەوە کەریمی حسامی بوو. سەر بە حیزبی تودەیە و هەر بە فەرمانی حیزبی تودەش ملی ڕێی نا و چوو بۆ ئەورووپا)). ماوەیەک دوای ئەوە برادەرە سنەیی یەکەم هاتە دوکانی بەشیر موشیر و گوتی: ((بە سایی تۆ و برادەرەکەتەوە ((واتە مامۆستا حسامی)) بووم بە کۆڵکێش (حەمبالّ)، ((گوتم چۆن؟))

گـوتی: ((ئێسـتە ڕێ نـادەن دەرس بڵێمـەوە، گوتیـان مانگانەکـەت وەربگرە، بەڵام تەنێ هاتوچۆی بازار بکە و شتومەك بکڕە بـۆ خێزانـی مامۆستاکان و کاربەدەستانی کونسوڵخانە. نابێ ئیتر دەرس بڵێیتـەوە. ئێستە کاتەکەی زۆر خەراپە. تودەیەکی زۆر ڕایان کردۆتە بەغدا و بەغدا بووە بە بنکەی جیابوونەوە خوازی کورد و تـودەیی یـەکان)) ئـیتر لـەو کاتـەوە مامۆسـتا حسـامیم تەنانـەت لـە ئـەوروپاش نـەدیوە، تـا لـە سـتۆکهۆڵم لـە سـیمینارێکدا کـە لـە ١٩٩٥/٣/١٨دا برادەرەکـانم لـەوێ سازیان کردبوو بۆ باسی ((ئەوڕۆی نەتەوەی کورد و وتووێژ لەسەر بار و دۆخی خواروی کوردستان)) چاومان بە یەك کەوتەوە، و فەرمووی ((حەز دەکەم پێشەکییەك بۆ بەرگی دەیەمی بیرەوەری یەکانم بنوسیت)) گوتم: ((بەسەرچـاو، بـا بیرەوەرییـەکان هـەموو بخوێنمـەوە، ئـەوجا)) ئەویش هەر نۆ بەرگەکەی ناردبۆم. ڕاستی یەکەی لە پێشـدا دەمویسـت سەرەتایەکی کورت بنووسم بۆی، بەڵام دوایـی بـیرم لـەوە کـردەوە کـە بەرهەمەکـەی حسـامی زەحمـەتێکی زۆری لەگـەڵ کێشـراوە، و ئـەوە دەهێنێ کە کەمێك بە کووری (قوڵی) بخرێتە بەر چاوی خوێندەواران.

ئـەوەی سـەرنجی منـی ڕاکێشـا لـە بیرەوەرییـەکانی مامۆسـتا کـەریمی حسامی دا ئەوەیە کە لـە بیرەوەرییەکانیـدا بـە زۆری هـەر بەسـەرهاتی خۆی و بیروڕای خۆی تۆمار کردووە، کەمتر بـەلای ئـەوەدا چـووە، وەك دیرۆك نووسێك کە لە نامەخانەکەیدا دانیشتبێ و لەبەر ڕۆشـنایی چـەند سەرچـاوە و بەڵگـە نامەیـەکی ئامـادەکراو، یـان قسـەی ئـەم و ئـەو و دەستی دووەم، بکەوێتە لێکۆڵینەوە. ئـەوبۆخۆی وەك سیاسـەتکارێکی چالاکی کورد کە لە مـاوەی پـەنجا سـاڵی چـالاکی نەپسـاوی خۆیـدا لـە

کوردستان و دەرەوەی کوردستان، خەریکی حیزبایەتی بووە و سیاسەتکارانی دەولّەتە جۆر بەجۆرەکانی دیوە، و بە گەلێك ولاّتی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژئاوا دا گەڕاوە، و پێوەندی فراوانی بە گەلێك لاوە هەبووە، و خۆی شایەتی گەلێك وتوویژی پشت پەردە و پێش پەردە بووە، و بەشداری گەلێك لەو بەسەرهات و ڕووداوانەشی کردوەوە، کە بوونەتە پارچەیەك لە مێژووی نەتەوەی کورد. بیرەوەرییەکانی بریتین لە ریزێك بەڵگەنامەی دیرۆکی ڕامیاری کوردستان و کۆمەڵگەی کوردەواری لەسەر دەمێکی چڕ و پڕی بزووتنەوەی کوردایەتی دا کە ئەمانە هەمووی چاوگەی دانسقەن بۆ لێکۆڵینەوەی زانستانەی زۆر بەنرخ، کە ئەویش لە دواڕۆژ دا لاپەڕەکانی مێژووی نەتەوەی کورد فرە تر و دەولّەمەندتر دەکەن. لەبەر ئەوە کارەکەی جێگای سوپاس و پێزانینە و مالّی ئاوا بێ.

بیرەوەرییەکانی مامۆستا حسامی پڕن لە زانیاری گرنگ و هێندێ هەوالّی وا کە لە هیچ جێیەکی دیکە دا دەست ناکەون، کە ئەو لە نەمان و توانا بوون پاراستوونی و ئازایانە خستوونیەتە بەر دەست. لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا حسامیدا دەخوێنینەوە کە چۆن داگیرکەری بەشێکی کوردستان لە دژایەتی کردنیدا بەرانبەر داگیرکەری بەشێکی دیکەی کوردستان لە کوردی بندەستی ئەو داگیرکەرەی دیکە سوودی وەرگرتوە و ڕێبەرانی کوردی ئەو بەشەی بە نێوی دۆستایەتی و هەڤالّبەندی یەوە، وەك دەسکەلاّی دەستی خۆی لە دژی دەولّەتە داگیرکەرەکەی دیکە و لە دژی کوردەکانی بندەستی خۆی بە

کارهێناوه. بەڵام هەر کاتێکیش ئەو داگیرکەرە بە ئامانجی خۆی گەیشتبێ، یان کورده ((هەڤاڵبەندەکان))ی بەر هەڵستێکی گچکەیان کردبێ، یان هەڵسوکەوتێکی سەربەخۆ دەرکەوتبێ لێ یان، ئەوا بێ سڵکردنەوە و سێ و دوو، هاوڕێی حیزبیان لە سێدارە داون، و ئەندامانی حیزبیان زیندانی کردوون (بەرگی پێنجەم ل ١٧٤–١٧٥) واتە پێوەندی هەر یەکێك لەم دەوڵەتانە بە کوردی ژێر دەستی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی دیکەوە، پێوەندیی دەستبڕین و دادۆشین و ئاغا و نۆکەری یە، نەك دۆستایەتی و هەڤاڵبەندی.

لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا حسامیدا ئەوە دەخوێنینەوە کە چۆن رێکخراوی سیاسی بەشێکی کوردستان بە هۆی پێوەندییەکانییەوە بە داگیرکەرانی بەشێکی دیکەی کوردستان، لە ترسی تێکچوونی پەیوەندییەکەیان، لە ئاست قڕ کردنی خوشك و براکانیان لەو بەشەی داگیرکەرانی کوردستاندا بێدەنگ بوون. (بەرگی حەوتەم ل ١٣١–١٣٣).

لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا حسامیدا فێڵ و تەڵەکە بازی و ناپاکی و نامەردی داگیرکەرانی فارس و هاوڕێ عەجەمەکانیان (ئازەری یەکان) دەخوێنینەوە، کە لە پشت پەردەی موسڵمانەتی سیاسی ساختە دا بە ئامانجی شۆڤێنیستانە خوێنی کورد بە ناڕەوا دەڕێژن. بیرەوەرییەکانی مامۆستا حسامی ئەوەمان پێشان دەدا کە چۆن سەرکردە کوردەکانی ژێر دەستەی دەوڵەتێکی داگیرکەر بە فیت و هاندان و بەڵێنی داگیرکەری بەشێکی دیکەی کوردستان، لەکاتی شەڕ وەستاندن و

وتوویژ کردندا لەگەڵ داگیرکەری بەشەکەی خۆیان، بە هیوای پشتگیری دەوڵەتەکەی دی، پێیان قورس داگرتووە، و لەوەوە هیچ ڕێککەوتنێك نەهاتۆتە کایە، نا شەڕ تازە بووەتەوە، و ئەو جار داگیرکەرەکەی بەشەکەی دی کە خۆی بە ((هەڤاڵبەند)) یان داوەتە قەڵەم، بەڵێنیەکانی خۆی بەجێ نەهێناوە و فتی کردوون.

لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا حسامیدا ئەوە دەخوێنینەوە کە چۆن ڕژێمی بەعسی عێراق داوای لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردووە ببێتە دەسکەلای دەستی بەعسی دژی شۆرشی باشووری کوردستان و سەرۆك بارزانی، بەڵام حیزبی دیموکرات هەڵوێستێکی مەردانەی پێشان داوە و بە قسەی بەعسی نەکردووە.

بیرەوەرییەکانی حسامی ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخا کە ئەو سالانی ساڵە باسی دەکەم و دەبێژم: داگیرکەرانی کوردستان بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد هەر یەك بەرنامەیان هەیە و بەس، ئەوەش بەکارهێنانی هێز و دەست وەشاندنە بۆ لەنێو بردنی کورد. خۆ ئەگەر ئەوە سەری نەگرت، ئەوا پەنا بردنە بەر درۆ و دەلەسە (پڕ و پاڵانتە).

لە لاپەڕەی (٤٠) بەرگی حەوتەمی بیرەوەرییەکاندا ئەوە دەخوێنینەوە کە شەهید قاسملو تەنانەت بە (خودموختاری ئیسلامیش ڕازی بووە، بەڵام حکوومەتی ئێران هەر هیچی نەکردووە).

لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا حسامیدا ئەوە دەخوێنینەوە کە چۆن حیزبە چەپاڕۆکانی ئەو ولاتانەی کوردستانیان داگیرکردوە، بە تایبەت حیزبی تودەی ئێران، دەستیان خستووەتە نێو مەسەلەی کوردەوە، هەوڵیان داوە کورد هیچ جۆرە ڕێکخراوێکی سەربەخۆی نەبێ، نە ڕامیاری (سیاسی) و نە فەرهەنگی (کولتوری). لە مەشدا هێندێ کورد یارمەتی داون. مامۆستا حسامی باسی ئەوە دەکات کە چۆن حیزبی تودەی ئێران بە بورس (پارەی خوێندن) بە هێندێ خوێندکاری چالاکی کورد، ویستوویەتی لە کوردایەتی دووریان بخاتەوە و بیانلکێنێ بە خۆیەوە و ڕێکخراوە کوردی یەکان بە دەستی ئەوانە هەڵوەشێنێتەوە. (بەرگی دووەم ل ١٢٦–١٢٧).

بێگومان ئەو هەواڵانە شتێکی تازەنین کە نەمانبیستبێ، یان باسمان نەکردبێ، بەڵام گرنگی لێرەدا ئەوەیە کە مامۆستا حسامی خۆی وەک شایەتی دەستی یەکەم و بینەری بەسەرهات. بەڵگە دەخاتە سەر مێزی دادگەری مێژوو.

مامۆستا کەریمی حسامی لە بیرەوەرییەکانیدا، و بە بۆنەی هێندێ ڕووداوەوە، پەنجە بۆ گەلێك کەسایەتی ناسراوی کورد درێژ دەکات، کە یان لە حیزبدا لە گەڵیان بووە، یان لە دانوستاندنی ڕامیاری، یان لە تایبەتیدا پێوەندی پێ یانەوە هەبووە. هێندێك لەم کەسایەتیانە کۆچی دواییان کردووە، کە دیارە ناتوانن بیر و ڕای خۆیان بەرانبەر بەو باسانەی حسامی دەربڕن، وەک شەهید دکتۆر قاسملو و دوکتۆر

شەڕەفکەندی و ئەحمەد تۆفیق (ئەولاّی ئیسحاقی). بەلاّم زۆربەی ئەوانەی دی، بە سایەی خودێ وە ماون، تەنانەت ئەوانەی نەشماون، کەسۆکار و هاورێی حیزبی و دۆستی تایبەتی یان هەن، با ئەوانیش دەست بدەنە قەلّەم و بیر و ڕای خۆیان بابەتانە و ئازایانە لەم بارەیەوە بخەنە سەر کاغەز. ئیدی کەس لەم لاو ئەولا بە پسکە پسک نەبێژێ حسامی شتەکانی بە لای خۆیدا ڕاکێشاوە و خۆی کردوە بە پالّەوان و ئەوانی دیکەش گوناهبار. ((فەرموون! ئازا گۆ و ئازا مەیدان!)) ئەو((ڕاستییە))ی کە لە لایەنە و حسامی ((شاردونییەتەوە)) پێمان ڕابگەیەنن، بەوە خزمەتێکی مێژوو ناسی کورد دەکەن. لێرەدا دەمەوێ ژمارەیەك لەو کەسانەی نێویان هاتوون بە نموونە بهێنمەوە.ئەمە هەر نموونە و هیچی دی: کە مامۆستا حسامی باسی مامۆستا شێخ عیزەددینی حسێنی دەکات، دەبێژێ: ((گومانم نەما کە مامۆستا لە بڕیارەکانیدا بە تەواوی سەربەخۆ نیە)) (بەرگی شەشەم، ل ۱۱۰) لە جێ یەکی دیکەدا، و لەبارەی کوشتنی مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندییەوە لە ۱۹۸۲/۳/۲۲ دا دەبێژێ: ((ڕۆژی ۱۹۸۲/۳/۲۲ خەبەری شەهید کردنی مامۆستا مەلا کەریمی شاریکەندی بلاّو بووەوە. دکتۆر سەعید وتارێکی توند و جوانی بەم بۆنەوە نووسی و لەگەلّ مەحکوم کردنی ئەم جنایەتە بێ شەرمانەیە داوای لە مەلا شێخ عیزەددین کرد کە بە مەحکوم کردنی ئەم جنایەتە بەیاننامەیەك بلاّو بکاتەوە، چونکە خەلّك ئیشارەیەکی دەستی ئەو لەم جنایەتەدا

دەبینن. وتارەکە دوو سێ جار لە ڕادیۆ خوێنرایەوە. بەداخەوە مامۆستا خۆی لەم جنایەتە کڕ کرد و هیچی لەسەر بڵاو نەکردەوە.)) (بەرگی حەوتەم، ل ٢١٨).

لە لاپەڕەی ١٣٣ی بەرگی نۆیەم دا هەر لە بارەی مامۆستا عیزەددینی حسێنی یەوە کە مامۆستا حسامی لە ڕۆژی ١٩٨٨/٤/١٢ دا چووەتە خزمەتی، دەبێژێ: ((بە مامۆستام گوت: ((تۆ وەك ڕێبەرێکی مەزهەبی سەبارەت بەو کارەساتە سامناکەی هەڵەبجە هیچت نەگوت، بەیاننامەیەکت بڵاو نەکردەوە. خەڵك چاوەڕوانە جەنابت لەکاتی ڕووداوی ئاوا گەورەدا هەڵوێستت هەبێ، بە تایبەت کارەساتی هەڵەبجە بۆ لێ بێدەنگبوون نابێ.)) مامۆستا فەرمووی: ((کاك کەریم خۆت دەزانی لە هەموو کات و بار و دۆخێکدا ناکرێ پیاو وەدەنگ بێت.))

کە باسی دکتۆر حەسەنی شەتەوی دەکات پەنجە ڕادەکێشێ بۆ بوختان کردن بۆ مامۆستا حسامی لای بەعسییەکانی عێراق و بە گرتن دانی)) (بەرگی حەوتەم، ١٢١).

کە باسی دکتۆر عەبدوللای مەردۆخ دەگێڕێتەوە، ئەوە باس دەکات کە فیلمی تەلەفیزیۆنی شاردووەتەوە و، لەگەڵ خۆی بردوونی و لە مەهاباد ڕای کردووە. (بەرگی حەوتەم، ل ٤٤).

کە باسی غەنی بلوریان دەکات، دەبێژێ: ((غەنی گوتی: ((لە وەزعی ئێستادا، نابێ بە خاتری مەسەلەی کوردستان شەڕ بکەین، دەبێ بە

خـاتری ئێـران شـەڕ بکـەین)) (بـەرگی شەشـەم، ل ١١٧) لـە شـۆڕشـێکی دیکەدا بەڕێز غەنی بلوریان و خودێ لێ خۆشبوو هێمنـی شـاعیر بـە ((هەڵگەڕاوە لە حیزبی دیموکرات و ڕوو کردە حیزبی تودە باس دەکات)) (بەرگی حەوتەم، ل ٧٥–٧٨).

کـە لـە بـارەی بـەڕێز سـەلاح بەدرەدینـەوە دەدوێ، وەك پێوەنـدکار (رابط)ێکی نێوان خۆی (مامۆستا حسـامی) و ڕژێمـی سـوریا (دەزگـەی ئاسایش و هەواڵگوزاری) دەیخاتە بەر چاو. (بـەرگی حەوتـەم، ل ١٤٣– ١٤٤ م ل ١٤٦).

کـە باسـی بـەڕێز سـامی عەبـدولڕەحمان (سـامی ڕەحمـان) دەکـات، دەبێژێ: ((لە ڕۆژی ١٩٨٤/٨/١٠دا سامی لە کۆنگرەی یـەکێتی لاوان و خوێندکارانی کوردستاندا، لـە وتـاری خۆیـدا ((زۆر بـە جـوانی ڕێبـازی پێشکەوتوخوازی بزووتنەوەی کوردی ڕوون کردەوە و ئەمەندەش بەلای مارکسیسـتی دا کـەوت کـە دەسـتی هـەموو کۆمونیسـت و چـەپێکی لـە پشتەوە بەست.)) (بەرگی هەشتەم، ل ١٦٧).

کـە باسـی دکتـۆر عێـزەددین مسـتەفا دەکـات دەبێـژێ: ((عێـزەددین مستەفا ڕەسوڵ لەگەڵ عەزیز الحـاج چـووبوو دژی حیزبـی کۆمونیسـتی عێراق)) کە باسی بـەڕێز حەمـەی عـەزیز دەکـات دەبێـژێ: ((حەمـەی عـەزە دۆم ویسـتی کـوردی ڕۆژهـەڵات بدرێتـەوە دەسـت حکوومـەتی ئێران.)) کە باسی دکتۆر ئەوڕەحمان قاسملو دەکات، لە پاڵ پەسـندان و تایبەتکاری باشـیدا، کـە لێـی دەگێڕێتـەوە، دەبێـژێ: ((دیکتـاتۆر)) بوو. مامۆستا کـەریمی حسـامی نامەیـەکی ڕۆژی ١٩٧٨/١/١٦ی دکتـۆر

مەحمود عەلی عوسمان بلاّو دەکاتەوە کە تێیدا هاتوە: ((ئێمە بە پێویستی ئەزانین کە بزووتنەوەی کوردستانی عێراق و بە تایبەتی کە ئێستا شێوەی چەکداری وەرگرتووە سیاسەتێکی پێشکەوتنخواز و دژ بە ئیمپریالیزم و کۆنە پەرستی هەبێت و ستراتێژیەکی ئەوتۆی هەبێ دۆست و دوژمن بە ڕوونی لە یەکتر جیا بکاتەوە و دژ بێ بە ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ئێران و صهیونیەت و بە (مالّی مەلا) کە کلکی ئەم لایەنانەن، و دۆست بێ بە کامپی سۆشیالیست و بەتایبەت یەکێتی سۆڤێت و ... هتد)) (بەرگی پێنجەم، لا ۱۹۸).

ئا لێرەدا هەر بۆ خزمەتی مێژوو دەخوازم شتێك تۆمار بکەم کە لە شوێنی دیکەشدا تۆمارم کردووە. دوکتۆر مەحمود عەلی عوسمان لە کۆتایی پەنجاکاندا سەر بە پارتی کۆمۆنیستی عێراق بوو. پاش کۆدێتای قاسم، ماوەیەك بوو بە لایەنگری مامۆستا هەمزە عەبدوللاّ. دوای ئەوەی سەرۆك بارزانی توانی بە سەر بالّی هەمزە عەبدوللاّدا زاڵ بێ و هەمزە لە گۆڕەپانی سیاسەت لابدات، دکتۆر مەحمود گێڕی گۆڕی، و چووە بنەو پالّی بارزانی، و لەو دەمەوە بە درێژایی سالاّنی سالّ واتا ((ئاش بەتالّەکە))، هەر بە بارزانیدا هەلّدا، و هەر خۆشی دووەمین کەس بوو لە سەرکردایەتی شۆڕشدا، و هەرچی یەك لە نێو شۆڕشدا ڕووی دەدا، تاکاتی ((ئاشبەتالّ)) لە ۱۹۷۵، دەستی ڕاستە و خۆی ئەوی تێدا بوو، تا ئەوکاتە بەرانبەر هەموو خراپە و هەلّە و تاوانێکیش کە لە نێو شۆڕشدا ڕووی دابێ، دەست لە دەستی ساواکدا، ورتەی لێوە نەهات، و تا ئەوکاتەی دەیزانی ((مالّی مەلا)) دەسەلاّتدارن، ((مالّی مەلا))ی بە کابەی کورد نێودەبرد. ئەوجا کە

هەرەسەکە پووپدا، ئەویش ئاشبەتاڵی پاستەقینەی کرد و کەوتە بوختان کردن و قسە هەڵبەستن بۆ بارزانی، بۆ شاردنەوەی شوێن پێی دزانەی خۆی و کەوتە خۆ نێزیک کردنەوە لە مام جەلال و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بە نێوی کۆمیتەی ئامادە کردنی کۆنگرەی ((پارتی)) یەوە ماوەیەکیش جوان ڕایبوارد، کە بۆی دەرکەوت ئەوان باش دیناسن و ڕیشی خۆیان نادانە دەستی ئەوجا بوو (حسیک) پاش ئەوەش و چەند جارێک خۆ پێشکێش کردن بە سەدام و بە دەستی ڤالاّ گەڕانەوە لە بەغدا دیشکەمی لە هەموو لایەک کرد و ڕووی کردە ئەوروپاو لێی دانیشت و ئێستەش لە دەم هەراشی خۆی نەکەوتوە و نێوی خۆی ناوە ((سیاسەتمەدار)) ! تڕهاوهەزاران تڕهالە ((سیاسەتمەدار))ی ئاوها ! ! هەر بەو بۆنەیەوە دەمەوێ ئەوەش بێژم کە ئەم دکتۆر مەحمود عەلی عوسمانە دەم هەراشە. هەر ئەو پیاوەیە کە لە ساڵی ١٩٦٩دا، کاتێ بە هۆی برادەرەکانمەوە لە کوردستان نامەم بۆ سەرکردایەتی شۆڕش نووسیبوو، داوای ئەوەم کردبوو ڕێم بدەن بگەڕێمەوە کوردستان بۆ شوێنی ژێر دەسەلاّتی شۆڕش پاش سەرۆک بارزانی فەرموو بووی: ((بە هیچ جۆرێک نابێ ڕێی بدرێ بێتەوە.)) وەک کوردستان ماڵی باوکی بێ و جەمال نەبەز مافی ئەوەی نەبێ لەوێ بژی. چونکە دوکتۆر مەحمود لە لایەکەوە لەوە دەترسا ئەگەر یەکێکی وەکو من بچێتەوە کوردستان سڕ و تڕی دەربکەوێ و لە لایەکی دیکەشەوە لەبەر ئەوە بوو چونکە ئەوکاتە دکتۆر مەحمود بە فەرمانی ساواک دەچوو بەڕێوە و، ساواکیش منی وەک دوژمنی رژێمی شاهەنشا دەستنیشان کردبوو. کە شا خۆی ئەمەی بە خودێ لێخۆشبوو

میرکامەران عەلی بەدرخان (٨٩٥–١٩٧٨) گوتبوو، و مامۆستا کەریمی حسامی–ش لە بیرەوەرییەکانی (بەرگی چوارەم ل ١٤٤) لە زمانی شەهید قاسملووە دەیگێڕێتەوە. خۆشم لە بیرەوەرییەکانی ((ڕۆژانی ئاوارەیی مدا لە سویسرە)) پەنجەم ڕاکێشاوە بۆی و بەم زوانە لە شوێنێکی دیکەدا بڵاو دەکرێتەوە. (سەرنج: لە ساڵی ١٩٩٩ دا لە سلێمانی بڵاو کرایەوە).

کە مامۆستا حسامی بە بۆنەی باسی ڕۆژنامەی ((سەردەمی نوێ)) وە کە خۆی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بووە باسی فەرهاد شاکەلی دەکات، دەبێژێ شاکەلی ڕۆژنامەی ((سەردەمی نوێ))ی بەمجۆرە لە قەڵەم دابوو: ((ڕۆژنامەیەکی سۆسیالیستی یە و شەقڵ و نیشانەی شەرقی پێوەیە.)) لەوەوە سەردەمی نوێ لە لای کاربەدەستانی سوێد کەوتبووە ((لیستەی ڕەش.)) دیارە بە پێچەوانی ئەو شتانەوە کە فەرهاد شاکەلی بڵاوی دەکردنەوە و پارەیەکی یەکجار زۆری لە حکوومەتی سوێد وەردەگرت، ڕۆژنامەی ((سەردەمی نوێ)) هیچ جۆرە یارمەتییەکی پێ نەگەیشتووە. هەر لەم بوارەشدا مامۆستا حسامی دێتە سەر باسی حەمەی مستەفا (ئازادی پاسۆك) و لە ل. ٢٣٣–٢٣٤ی بەرگی نۆیەم دا دەبێژێ: ((ڕۆژی ١٩٨٨/٤/٢٢ کاك ئازاد مستەفای ڕەحمەتی تەلیفۆنی کرد و گوتی: پێم خۆشە چاوم پێت بکەوێ. کە چووم گوتی: ((یادداشتێکمان نووسیوە دەمانەوێ بۆ باڵیۆزخانەی سۆڤێتی بنێرین، پێمخۆشە تۆش ببینی)) گوتم: کارێکی زۆر باشە. لام وایە لە بار و دۆخی ئێستادا لە هەر ڕێگایەکەوە بێ، پێویستە تێکۆشان بۆ ڕوونکردنەوەی کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی جیهان و لە قاودانی جنایەتی

سەدام گورج و گۆڵ بکرێ. لەگەڵ باسکردن گوتی: ((ئێمە دەستمان داوەتە کارێك. سەنەد و بەڵگەی زۆرمان کۆکردووەتەوە. برادەرێکمان لە بەریتانیا لەم بوارەدا کاری زۆری کردووە و خۆشم ئەوەی لە توانامدا بووبێ نووسیومە. دەمانەوێ بۆ پاك کردنەوەی پاسۆك لە هێندێ بیر و باوەڕی چەوت و وشکەڕۆ کتێبێك بڵاو کەینەوە. بەڵام ئیمکانی چاپکردنمان نیە. داخوا سەردەمی نوێ دەتوانێ یارمەتیمان بدات؟ یارمەتی دەبێ بە ڕاستکردنەوەی سیاسەتی حیزبەکەمان.)) گوتم: بۆ یارمەتی بە حیزبەکەتان و سەبارەت بە شەخسی تۆ، ئێمە هەزار دۆلار یارمەتیتان دەکەین. زۆر پێ شاد بوو. گوتی: ((حیزبی ئێمە ئەم یارمەتیە قەت لەبیر ناکات.)) دوای چەند ڕۆژ کە چووم چەند برادەری لە کن بوون. بانگم کردە دەرێ و پارەکەم دایە. ڕۆژی ٩٨٨/٥/٢١ کاك ئازاد هاتە ماڵی دوکتۆر جەمشید و لە نووسینی هێندێ قسەی پڕ و پووچی گۆڤاری (مامۆستای کورد) زۆر تووڕە بوو. وتارێکی تۆند و خەستی لە وەڵامی گۆڤاری ناوبراودا نووسیبوو، بۆی خوێندینەوە و گوتی: بە تەلیفۆن بەسەر فەرهاد شاکەلی دا هاتووم و پێشم گوتووە وتارێکم نووسیوە دەبێ چاپی بکەی. پاشان کە خۆم لەسەردەمی نوێدا وەڵامێکی ئەو بوختانە بێشەرمانەم دابووەوە، کاك ئازادی ڕەحمەتی بە دکتۆر جەمشیدی گوتبوو: ((من وتارەکەی خۆم سەحب دەکەمەوە.)) هەستم کرد لە بواری ئانتی کۆمۆنیستیدا پێوەنیدیەکە بەهێزترە. ئیتر من مەسەلەی سەحب کردنەوەم بە چاوی دانەداوە.))

نامەوێ بەسەر ئەم بیرەوەرییەی مامۆستا حسامی دا تێپەڕم، بێ ئەوەی هێندێك ڕاستی نیوە شاراوە بخەمە ڕوو. هاتنی حەمەی مستەفا

(ئازاد) بۆ ئەوروپا لە نێوەڕاستی هەشتاکاندا بۆ ئاشبەتاڵ پێکردنی ((ڕێکخراوی سۆسیالیستیانەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)) (سۆکسە) بوو، کە سەروەت عەلی (کوردۆ) کە ئەو دەمە وەک خوێندکارێکی هەژار لە ڤیەننا دەژیا و ئێستە دەزگەی بازرگانی ئێکسپۆرت- ئیمپۆرتی لە مونیخ (ئەڵمانیا) داناوە سکرتێری گشتی بوو و لە کن خۆی دەیویست بیکات بە میراتگری ((یەکێتی نەتەوەیی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا)) نوکسە). سۆکسە- Sokso لە سەرەتاوە تا دەست تێخستنی حەمەی مستەفا و دیشکەم کردنی سەروەت عەلی لە ١٩٨٥ دا، چالاکییەکی کولتوری و ڕۆشنبیری و سیاسی زۆر باشی هەبوو کە سەرنجی هەموو لایەکی لە کوردستان و دەرەوەی کوردستان بۆ خۆی ڕاکێشابوو. سەرەڕای ئەوە داو و دەزگەیەکی سەربەخۆ بوو، نە فەرمانی لە کەس وەردەگرت و نە بە نانی کەسیش دەژیا. ئەز هەر چەندە ئەندامی سۆکسە نەبووم، بەڵام کرابوومە ((برا گەورە)) و ((ڕاوێژکەر)) و ژیانی ڕێکخراوەکەش لە پارەی ئەندامەکانییەوە سەرچاوەی دەگرت و سیاسەتی سۆکسە ئەندامەکانی نەخشەیان دەکێشا، نەک داگیرکەرانی کوردستان یان حیزب و ئەو حیزب. منیش تا پێم کرا ڕێی ڕاستم پیشان دان، بێ ئەوەی دەست بخەمە کار و باری نێو خۆیانەوە، و چەند سەمینارێکیشم گرت بە بانگهێشتنی سۆکسە، کە ئەوە ڕێزێکی زۆر و قورسایییەکی زانستانەی بۆ سۆکسە پەیدا کرد. سۆکسە بوو بە چەقڵی چاوی گەلێک لایەن و هەستی خۆ پەرستی و بەرچاو تەنگی هێندێک و، ڕک و کینەی حیزب حیزبێنەی هێندێکی دیکەی هارۆژاند. یەکێک لەوانە فەرهاد شاکەلی بوو، کە شێتی نێوی

خۆی و وێنەی خۆی و گیرفانی خۆیەتی. فەرهاد شاکەلی، پاش ئەوەی ماوەیەك لە ئاشی کۆمۆنیستی و مارکسیستی کرد و پەیکەری لینینی لە مالّەکەیاندا دانا، خۆی خستە نێو یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە. ئەوجا کە دی ((یەکێتی بە دڵی خۆ پەرستانەی وی ناجوڵێتەوە، کەوتە جنێو پێدان و کردنیان بە ((جلخوار)) کە ((جلخوار)) زاراوەیەکە کوردی باشوور لەسەردەمی بەهەشتی شێخ مەحمود دا بەکاریان هێناوە بۆ نێو نانی ئەو کوردانەی دەیانویست کوردستان بکەوێتەوە ژێر دەستی تورکی عوسمانی. لە سەرەتای هەشتاکاندا زۆر هەوڵیدا دۆستایەتی لە گەڵ من دروست بکات بۆ ئامانجی خۆی، بەڵام هەر زوو ناسیم و ڕێم نەدا. ئەوجا کەوتە دوژمنایەتیم و ئەمجارە خۆی خستە پێستی ((نەتەوەیی))یەوە، و لە ژێرەوە کەوتە پێوەندی بەستن بە حەمە مستەفاوە. تەنانەت لەو نامانەدا کە حەمەی مستەفا بۆ سەروەت عەلی (کوردۆ)ی دەنارد دەینووسی: ((ڕێکخراوی نەتەوەیی بێ فەرهاد شاکەڵی نابێ.)) بەڵام سۆکسە دەرگای خۆی بۆ فەرهاد شاکەلی نەخستە سەر پشت دایبدۆشێ، فەرهاد شاکەلیش ئەمەی لە چارەی من دەناسی. لەبەر ئەوە بە هەموو توانستێکەوە پشتی حەمەی مستەفای گرت بۆ ڕووخاندنی سۆکسە. حەمەی مستەفا سکرتێری ((پاسۆك)) بوو. ئەو پاسۆکەی کە لە کوردستان بۆ گاڵتە دەیانگوت: ((هەموو ئەندامانی پاسۆك بە مەنجەڵێ یاپراخ تێر دەخۆن.)) حەمەی مستەفا دەیزانی پاسۆك هیچ دواڕۆژێکی نیە، لەبەر ئەوە ئەم حەمە مستەفایەی کە تیر و شیری لە ((یەکێتی)) دەسوو، پاش پەلاماری پشت ئاشان لە لایەن یەکێتییەوە بۆ سەر پاسۆك و چەن ڕێکخراوێکی دیکە کە

مەڵبەندەکانیان لەوێ بوو، بەیاننامەی ((یەکێتی نیشتمان فرۆشانی کوردستان))ی دەرکرد و جنێوی سارد و سوك نەما بە ((یەکێتی)) نەڵێ، مرخی لەوە خۆشکرد بچێتە کۆمیتەی نێوەندی یەکێتییەوە، بە بەڵێنی ئەوەی کە ((دەزگە نەتەوەییەکان)) دادەخا و سۆکسەش لە ئەوروپا هەڵدەوەشێنێتەوە. جا لە بەر ئەوەی منی باش ناسیبوو، دەیزانی ئەز فشە کوردایەتی ناکەم، وای خستبووە مێشکی خۆیەوە کە بە زمانی لووس و بە یارمەتی سەروەت عەلی (کوردۆ) و فەرهاد شاکەلی کە ئەودەمە خۆیان بە دۆستی من نیشان دەدا، وام لێبکەن بچمەوە کوردستان و لەوێش لە نێوم بەرن. هەرچەندە خۆم لەو کاتەدا نەمدەویست بچمەوە کوردستان، چونکە نەمدەویست لە پشت پاسدارەوە بڕۆم، بەڵام یەکێك لە برادەرەکانم کە لە نێو یەکێك لەو حیزبانەدا کاری دەکرد، ئەو هەواڵەی ڕاگەیاند پێم و ماوەیەکیش لەمەو بەر ڕۆژنامەی ((بارزان)) کە لە ئەمریکا دەردەچێ چمکێکی ئەو پیلانە تاوانبارانەیەی خستبووە ڕوو. جا کە حەمەی مستەفا هاتە بەرلین و لە پێش ئەوەش بە نامە و هەواڵ بۆناردن لە ڕێی سەروەت عەلییەوە بۆ گەڕانەوەم بۆ کوردستان هیچی دەست نەکەوت، ئەوەشم بە قسە نەکرد بچم بۆ ئێران و سوریا و لیبیا لە گەڵ سەروەت عەلی و فەرهاد شاکەلی (سەروەت عەلی چوو بۆ لیبیا و فەرهاد شاکەلی چوو بۆ ئێران، ئەوەش بابەتێکە باسێکی تایبەتی پێویستە و جێی ئێرە نیە) بۆ جاری دووەم کە هاتەوە بەرلین، لە منی پرسی: تۆ چ ئەڵێیت لە بارەی هەڵوەشاندنەوەی سۆکسەوە، یان هیچ نەبێ دەرکردنی بەیانێك بۆ پشتگری ((بەرەی نیشتمانی کوردستانی عێراق و پشتگیری ((

مەنزومەی ئیشتراکی)) و خۆ دوور خستنەوە لە بیر و باوەڕی چەوت و چەوێڵی کاژیک؟ گوتم: جاریێ ئەز ئەندامی سۆکسە نیم. هەڵوەشاندنەوەی سۆکسە بە دەستی من و تۆ نیە. سۆکسە دەزگەیەکی سەربەخۆیە و ئەندامەکانی دەتوانن بڕیار بدەن. پشتگیری بەرەی کوردستانی و عێراقی دەتوانرێ وتو وێژی لەسەر بکرێ و ئەو ولاتانەی تۆ پێ یان دەڵێیت سۆسیالیستە، ڕژێمەکانیان دیکتاتۆری یە. پەلاماردانی بیری کاژیکیش کەوا تۆ بە چەوت و چەوێلی دەزانیت، بەڕاستی نازانم. تۆش کە خۆت بە مرۆڤێکی نەتەوەیی بزانیت، چۆن دەبێ لە لایەکەوە ڕێکخراوی نەتەوەیی وەک سۆکسە هەڵوەشێنیتەوە و لە لایەکی دیکەوە قسە بە کاژیک بڵێیت. کە زانی هیچی بۆ نەکرا، هەوڵی دا بە یارمەتی سەروەت عەلی سۆکسە هەڵبوەشێنێتەوە. کە بە سەروەت عەلیم گوت- شایەتی ئاگا لێبووم هەیە- ئەو وەک سکرتێری گشتی سۆکسە دەبێ هەڵوێست بنوێنێ، گوتی:

((من هەقم نیە بەسەرەوە، من واز ئەهێنم.)) ناهەقیشی نەبوو. سەروەت و حەمەی مستەفا سڕ و تڕیان پێکەوە بوو. (چ لە بارەی سوریا و چ لە بارەی لیبیاوە). ئەوجا کە سەروەت عەلی دیشکەمی لێ کرد، زۆربەی زۆری ئەوانەی لە سۆکسە دابوون لەگەڵ حەمەی مستەفا نەبوون، نەیتوانی سۆکسە نەهێڵێ، حەمەی مستەفا چوو بەیانێکی دەرکرد لە دژی من و بەیانێکیشی دەرکرد بۆ پشتگیری بەرەی نیشتمانی کوردستان کە هەموو خۆ کەم کردنەوە و خۆ نزم دانان بوو. لە پاڵ بە بالاً هەڵدانی ڕژێمیی سۆڤێت و (مەنزومەی ئیشتراکیدا). جا لەبەر ئەوەی سۆکسەی تێکدا و ئەوانەی نەتەوەیی بوون خۆیان دوور

خستەوە لێی، ئەوەی لەگەڵ حەمەی مستەفاش بوون، دوو کەس و لەتێك بوون کە هیچ دەورێکیان نەبوو، ئەوا حەمەی مستەفا بە دەستی بەتاڵ چۆوەوە کوردستان و کورسییەکەی کۆمیتەی نێوەندی ((یەکێتی))یشی دەست نەکەوت.

ئەوجا فەرهاد شاکەلی وەك بنکداری حەمەی مستەفا لە سوید، کەوتە بلاّو کردنەوەی هێندێك لە نووسینەکانی حەمەی مستەفا کە دژی کاژیك و بیری نەتەوەیین و بلاّو کردنەوەی بیری نەتەوەیی ساختە. بەرژەوەندی پشت پەردە، حەمەی مستەفا و سەروەت عەلی و فەرهاد شاکەلی کۆ کردبوەوە، و ئەمەتە حەمەی مستەفا نووسینەکانی لە سەرەمەرگدا نەداوە بە ئەندامانی حیزبەکەی خۆی، بەڵکوو داویەتی بە فەرهاد شاکەلی، ئەویش وەك میراتگری حەمەی مستەفا بە ئاو و تاوەوە بلاّویان دەکاتەوە. بەلاّم باسی هەڵسوکەوتی خۆی لە سوریا ناکات، کە ئەوەش چیرۆکێکی ((خۆشە))!

یەکێك لە ڕەوشتە ناشیرینەکانی فەرهاد شاکەلی ئەوەیە شتێك لە گۆڤارەکە دا بلاّو دەکاتەوە لە دژی یەکێك، ئەوجا وتارێکی ئەو کەسەش کە شتەکە لە دژی بلاّو کراوەتەوە، بلاّو دەکاتەوە، مەبەستی لەمە ئەوەیە لە لایەکەوە دوو کەس بکات بە گژ یەکدا و بە هۆی ئەو شەڕە دندوکەوە گۆڤارەکەی بفرۆشێ، و لە لایەکی دیکەشەوە بێژێ: ((دیموکراتیم)) و ڕێ دەدەم بیر و ڕای جیاواز لە تەنیشت یەکەوە بلاّو ببنەوە. بەو شێوەیە دەیەوێ ((منافقی)) و دوو ڕوویی و دووەکی بە نرخی ((دیموکراسی)) بفرۆشێ. فەرهاد شاکەلی پاش ئەوەی چەند جارێك هەوڵیدا ببمە ئابوونەی گۆڤارەکەی و نەبووم، چونکە بە ڕاستی

ناتوانم ببمە ئابوونەی (٥٠) گۆڤار و ڕۆژنامەی کوردی. ئەوجا هەوڵێدا هیچ نەبێ وتار بنووسم بۆ گۆڤارەکەی. کە ئەوەشم نەکرد، ئەوجا کەوتە نووسین لە دژم، وتارێکی بە نێوی خواستەمەنییەوە بڵاو کرد بووەوە کە لەوێدا خۆی کردبوو بە ((نەتەوەییەکی تۆخ)) و منی بە خائین دابوە قەڵەم بەرانبەر بە بیری نەتەوەیی. سەیر ئەوەیە هەر خۆی بێشەرمانە گۆڤارەکەی نارد بۆم تا وەرامێ بنووسمەوە لە دژی ئەو وتارە لە گۆڤارەکەیدا، تا گۆڤارەکەی بۆ بفرۆشرێ.

ئێستە ئەو قسەیەی کە مامۆستا کەریم حسامی کردوویەتی و دەبێژێ: ((ئانتی کۆمۆنیستی)) ئەمانە بە یەکەوە پێوەند دەدا، ڕاست نیە. فەرهاد شاکەلی نە کۆمۆنیستە و نە ئەنتی کۆمۆنیست. هیچ بیر و باوەڕێکی نی یە. بەرژەوەندی خۆی نەبێ. بە کورتی: کوڕی ڕۆژ و خۆ بژێنە. ئەوجا ئەو وتارەکەی کە لە گۆڤارەکەیدا لە دژی مامۆستا حسامی بڵاو کرابووەوە، هەر فەرهاد شاکەلی خۆی نووسیبووی. حەمەی مستەفاش کە گوتویەتی وتار لە دژی ئەو وتارە دەنووسێ، و دوایە گۆیا ((سەحبی کردووەتەوە)) درۆی کردووە. ئامانجی حەمەی مستەفا چاو بەست بووە بۆ ئەوەی هەزار دۆلارەکە لە مامۆستا حسامی وەربگرێ. چونکە حەمەی مستەفا خۆی لە لای من گوتی: ((کەریمی حسامی پارەی کەی ج.بی. زۆری لە باخەڵدایە. بەڵام ئەوەشی گوت: ((پارە لە هەر کوێیەکەوە بێ باشە، بۆ خزمەتی شۆڕشە))! (مەبەستی لەو پارەیە بوو کە دەچێتە گیرفانی خۆی).

تاکە نموونەیەك بۆ بێ سەنگ و تەرازوویی فەرهاد شاکەلی لە ئاست بەرژەوەندیی هەلپەرستانە و دەسکەوتی تایبەتی خۆی ئەوەیە، کاتێ

کە باسی خوێندنەکەیم لێ پرسی گەیشتوویە چی؟ گوتی: ((خەریکی دوکتۆرام)). گوتم: ((جا پرۆفیسورەکەت لە باسەکەت دەزانێ؟)) گوتی: ((نا، بەڵام ناچارم ئەگەر وانەبێ ناتوانم دوکتۆراکەم وەربگرم.)) جا ئێستا ئەگەر کابرایەك بە دەمی خۆی بڵێ: ((مامۆستاکەم لە کارەکەم نازانێ))، لەگەڵ ئەوەشدا بچێ دکتۆر نامە لەبەر دەستیدا بکات، ئەمە مانای وا نیە دەیەوێ بە هەرزان و تاڵان شەهادەیەکی دەستکەوێ؟ ئایا بەو جۆرە کەسانە ناگوترێ: ((شرە خۆری زانست)) بەڵام لەم بارەیاندا شرە خۆری سیاسەت و پێنووس؟؟؟

دیارە مامۆستا کەریمی حسامی وەك ژمارەیەکی یەکجار زۆر کوردی خوێندەواری ئەو سەردەمە- بە پێچەوانەی منەوە- دڵسۆزی ڕژێمی یەکێتی سۆڤێتی بوو. خۆشی لە بیرەوەرییەکانیدا کە هەمووی لە سوێد بڵاو کردوونەتەوە، دانی بەمە داناوە. مامۆستا حسامی یەکێتی سۆڤێتی بە ((ماڵە گەورە)) نێو بردووە و پێی ناخۆش بووە کوردێك ڕەخنە لە ((ماڵە گەورە)) بگرێ (بەرگی سێیەم، ل ٣٤). سەرەڕای ئەم هەڵوێستە دۆستانەیەی مامۆستا حسامی و تەواوی حیزبە هوردە بۆرژواکانی کوردستان، دەبینین مامۆستا هەر خۆی ئەوە دەگێڕێتەوە بۆمان کە چۆن ماڵە گەورە تەنانەت ڕێی ئەوەی نەداون لە کۆنگرەکانی حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتدا بەشدار بن. (بەرگی حەوتەم، ل ١٨٠) و سەرەڕای هەموو هەوڵ و تەقەڵایەکی مامۆستا، ڕازی نەبوون میوانداری شەهید ئەورەحمانی قاسملو بکەن لە موسکۆ (بەرگی حەوتەم، ل ٢٥٦) تەنانەت کە کوردەکانی سۆفیا ویستوویانە لە ١٩٨١/٣/٢٠ دا جێژنی نەورۆز پیرۆز بکەن ((پۆلیس ڕێگەی نەداوە لە نێو شاردا نەورۆز

بکەن)). (بەرگی حەوتەم، ل ١٤٢).

مامۆستا حسامی هەر خۆی ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە ڕۆژی ١٩٨٨/١/١٠دا چووەتە باڵیۆزخانەی سۆڤێت، و بە سکرتێری یەکەمی باڵیۆزخانەی گوتوە، بۆچی سۆڤێت وەدەنگ نایە لە ئاست بۆمبارانی کوردستان و جنایەتی حکوومەتی سەدامدا. (بەرگی نۆیەم، ل ٢٥٣)، کەچی ئەوان هەر ((شێر و ڕێوی یان هێناوەتەوە بۆی)) (هەر ئەوێ).

مامۆستا حسامی لە شوێنێکی دیکەشدا باسی ئەوە دەکات کە ((ماڵە گەورە)) لە ١٩٨١/٢/٣دا جارێکی دیکە ڕازی نەبوون ڕێ بە دوکتۆر قاسملو بدەن بچێ بۆ مۆسکۆ بۆ چاوپێکەوتنیان (بەرگی حەوتەم، ل ١٣٣–١٣٤ و ل ١٤٢). تەنانەت کاربەدەستانی مالّی گەورە ڕێ ی مامۆستا حسامی خۆشیان نەداوە کە بچێتە کتێبخانەی لینین (بەرگی نۆیەم، ل ٤٩) کە خۆشی دەبێژێ نازانێ بۆچی (هەر ئەوێ) جا لەبەر ئەوەی ئەو خۆی ((تا ئێستەش نازانێ بۆچی)) ئەوە بۆ خۆی تێی دەگەیەنێ بۆچی. هۆی ئەمەش ئەوەیە کە ((ماڵە گەورە)) و دەست و پێوەندەکانیان کەریمی حسامیان بە ((کوردێکی تۆخ)) داوەتە قەڵەم. سەرەڕای ئەوەی کەریمی حسامی یەکێتی سۆڤێتی بە ماڵە گەورە داوەتە قەڵەم و لەسەری کردوونەوە ئەوان حسامیان هەر لە ڕیزی ((شۆڤێنی)) و ((جیابوونەوەخواز)) و پیاو خراپ داناوە. ئەوەی مامۆستا حسامی لێی تێك چووە ئەوەیە کە ((ماڵە گەورە)) بە دوای دۆستایەتی ئەودا نەگەڕاون، چونکە پێویستیان پێی نەبووە، بەڵکو ویستوویانە بیکەنە نۆکەر، ئەویش نۆکەری نەکردوون. چونکە خۆی بە مارکسیست زانیوە. پێی وابووە ئەوە بەسە بۆ ئەوەی ببێتە خزمی ((

مالّە گەورە)). چونکە مامۆستا حسامی مارکسیزمی بە کوردایەتی داوەتە قەلّەم و ((مالّە گەورە))شی بە ((کابەی مارکسیزم)) زانیوە. ئەوەتە مامۆستا حسامی دەبێژێ: ((بۆ خۆم پێم وایە کوردایەتییەکەم بۆیە تۆخە، چونکە مارکسیستی بەڕاستیم. لام وایە ئەو کەسانەی خۆ بە مارکسیست و یا کۆمۆنیست دەزانن، ئەگەر بەر لە هەموو شت و لە هەموو کەس زیاتر نەتەوەی خۆی خۆش نەوێ، ڕاست ناکەن، خەڵکی دیکەشیان خۆشناوێ.)) (بەرگی نۆیەم، ل ١٥).

ڕاستی یەکەی نە مارکسیزم کوردایەتییە، و نە مامۆستا کەریمی حسامیش مارکسیست و کۆمۆنیست بووە. مارکسیزم بریتییە لە هیپۆتێزی مێژووی شەڕی چینایەتی لە کۆمەڵگەی ئادەمیزاد دا، و ڕەوایەتی دروستکردن بۆ هێنانە سەر کاری ئەو چینەی کە بە ((پرۆلیتاریا)) نێودەبرێ، لە ڕێی بەکارهێنانی زۆر وشکاندنی داو و دەزگەی دەسەلاّتی ئەو چینەوە کە پێی دەگوترێ چینی ((سەرمایەدار))، لە ئەنجامدا داخۆیانی کردن ((اعلان))ی ((دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریا)) بەسەرکردایەتی ((پارتی کۆمۆنیست)). ئەوە کاکلّی مارکسیزمە. جا ئەوەی بیرەوەرییەکانی کەریمی حسامی بخوێنێتەوە و کەمێکیش وەک مامۆستا بەشیر موشیر دەیفەرموو، ((دیماغی)) هەبێ، دەزانێ کە مامۆستا حسامی نە مارکسیستانە بیری کردووتەوە و نە مارکسیستانەش جولاّوەتەوە. کەریمی حسامی خەریکی کوردایەتی بووە، نەک مارکسیزم، و لە هەمان کاتدا ویستوویەتی کوردایەتی بە نرخی مارکسیزم بە ((مالّە گەورە)) و دەستو پێوەندەکانی بفرۆشێ، کە ئەوان خۆشیان فرێیان بە مارکسیتی یەوە

نەبووە، ئەوجا بەچی و چۆن؟ بە چەند قسەیەکی خۆش و زمانلووسی و یەك دوو پەسن دانی ((مالّە گەورە)) لەسەر ڕادیۆ و سەکۆی ڕۆژنامە. کە دیارە ئەو زمانلووسیەش لە ناسیاوە فارسەکانی فێر بووە. ئەگەرنا کە لە کۆتایی پەنجاکاندا ناسیم، زمان لووس نەبوو. وەك لە قسەکانیدا بەرانبەر بە بەڕێوەبەری قوتابخانەی ئێرانییەکان لە بەغدا دەرکەوت. ڕاستی یەکەی ((مالّە گەورە)) و دەست و پێوەندەکانی ئەو قسە لووسانەیان بە نرخی خۆی کڕیوە لێی. ڕێیان بە کەریمی حسامی و چەند کوردی هەلاّتووی دیکە داوە کە لە وەلاّتەکەیاندا بژین و بخوێنن، و هێندێك داخوازی سوکەلّەشیان بۆ مامۆستا حسامی جێ بە جێ کردووە وەك دانی ڤیزە بە چەند کوردێك لەبەر خاتری حسامی. بەلاّم نە چوون ڕێیان بدەن لە ولاّتەکەیاندا خەریکی سیاسەت بن. یان نەچوون تۆپی فڕۆکە شکێن بدەن بە حسامی لە دژی لەشکری شا یان خومەینی بە کاری بهێنن، یان نەچوون دلّی ڕژێمی ئێران بشکێنن لەبەر خاتری زمانلووسی کەریمێکی حسامی. چونکە مەسەلە مەسەلەی بەرژەوەندیی ماددی و مانایی یە و دەستخستنی دەسەلاّت و پاراستنێتی، نەك مەسەلەی ((بەلّێ و قوربان قوربان)) و فەرمایشتەکەی جەنابتانە))ی وشك و برنگی کەریمی حسامی. مامۆستا حسامی خۆشی ئەمەی باش زانیوە، چونکە لە ل ١٨٣-١٨٤ و ١٩٥ی بەرگی حەوتەمی بیرەوەرییەکانیدا دەبێژێ: ((هێندێك لە کورد ناسیۆنالیستە تۆخەکان تەواوی دیزە و گۆزەی ژێر دەستی و بەشخوراوی کورد لەسەری ولاّتانی سۆسیالیستیدا دەشکێنن و گۆیا ولاّتانی سۆسیالیتی لەبەر خاتری بەرژەوەندی سیاسی و بازرگانی خۆیان یارمەتی بە گەلی کورد ناکەن.

ئەو کەسانە لەبەر هەستی دڵسۆزی و بێکەسیی گەلەکەیان لە لایەک و لەبەر ورد نەبوونەوە لە مەسەلە سیاسیەکان و نەناسینی نێو نەتەوەیی ولاتانی سۆسیالیستی لە لایەکی تـرەوە تووشـی ئـەو بۆچوونە چـەوتە دەبن و دەیانەوێ هەر وا بە ئاسانی خـۆ لـە چـنگ بـیر کردنـەوە پزگـار بکەن و بۆ ناسینی هۆیەکانی ژێر دەستی گەلی کورد خۆ ماندوو یا پیـاو خەراپ نەکەن. لە نێو گەلانی دواکەوتوودا زۆر باوە بـۆ ئـەوەی خـۆ بـە مەسەلەکانەوە ماندوو نەکەن، تاوانی پوورداوەکان دەخەنە سەر ئەستۆی بێگانە و خۆیان بە خەتابار نازانن. خاوەنی ئـەم جـۆرە بـیر و بـاوەڕە، یەکەم پێویستە ئەوەندە بزانن کە ولاتانی سۆسیالیستیش وەک هـەموو گەل و ولاتێك سیاسـەتی تایبـەتی خۆیـان هەیـە و پـێش هـەموو شـتێك قـازانجی نیشـتمانی خۆیـان لەبـەر چـاو دەگـرن. دووەم ئەگـەر بـە ئینسافەوە تەماشا بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە پاش شـەڕی دووەمـی جیهانی هـیچ گـەل و نەتەوەیـەك نـەبووە کـە بـە بـێ یارمـەتی ولاتـانی سۆسیالیســـتی ئـــازاد بـــووبێ و لـــە خـــەباتی ڕزگـــاریخوازی دژی ئیمپریالیستیدا سەرکەوتبێ. ئەم سیاسەتەی ولاتانی سۆسیالیسـتی بـۆ هەموو کەس ڕوون بۆتەوە گەلی کوردیش بە نۆرەی خۆی تا ئەودەمـەی سیاسەتێکی ڕوون و ئاقلانەی هەبووە لە یارمەتی مـاددی و مەعنـەوەی ولاتـانی سۆسیالیستی بـێ بـەش نـەبووە. کـەوابوو لـە جیـاتی ئـەوەی خەڵکی تر تاوانبـار بکـەین بـا غیرەتـی ئـەوەمان هـەبێ پـێ لـە هەڵـە و چەوتی یەکانی خۆمان بنێین، برایانە ڕەخنە لە خۆمان بگرین لە وەزعی خۆمان بکۆڵینەوە و ڕێگای چارە بدۆزینەوە.)) دیارە قسەکەی مامۆستا حسامی ڕاستە کە دەبێژێ: ((خاوەنی ئەم جۆرە بیر و بـاوەڕە یەکـەم

پێویستە بزانن کە ولاتانی سۆسیالیستیش وەک هەموو گەل و ولاتێک سیاسەتی تایبەتی خۆیان هەیە و پێش هەموو شتێك قازانجی نیشتمانی خۆیان لەبەر چاو دەگرن.)) باشە کەوایە ئیدی جیاوازی چی هەیە لە نێوان ولاتێکی سۆسیالیستی و ولاتێکی سەرمایەداریدا، کە هەردووکیان لە بارێ سەرنجی ((قازانجی نیشتمانی)) خۆیانەوە بۆ مەسەلەکان بچن و قازانجی نیشتمانی گەلانی ژێر دەستە بکەن بە قوربانی دەستکەوتی خۆیان، وەک بە کردەوەش کردیان. ئەوەش ڕاست نیە کە مامۆستا دەبێژێ: ((پاش شەڕی دووەمی جیهانی هیچ گەل و نەتەوەیەک نەبووە کە بە بێ یارمەتی ولاتانی سۆسیالیستی ئازاد بووبێ و لە خەباتی ڕزگاریخوازی دژی ئیمپڕیالیستی دا سەر کەوتبێ.... گەلی کوردیش بە نۆرەی خۆی تا ئەودەمەی سیاسەتێکی ڕوون و ئاقلانەی هەبووە لە یارمەتی ماددی و مەعنەوی ولاتانی سۆسیالیستی بێبەش نەبووە.)) ڕاستییەکەی تا ئێستا هیچ گەل و نەتەوەیەکی ژێر دەستە نەبووە کە بە یارمەتی ولاتانی سۆسیالیستی ئازادی خۆی دەستکەوتبێ. تەنێ پاش هەرەسهێنانی ڕژێمی سۆڤێت بوو کە نێزیکەی دە دەوڵەتی سەربەخۆ لەسەر دار و پەردووی کۆنە سۆڤێت و دەسکەلاً ئەورووپایی یەکانی دامەزران. ئەوجا نازانم مەبەستی مامۆستا لە ((سیاسەتێکی ڕوون و ئاقلانە))ی کورد چی یە کە ((یارمەتی ماددی و مەعنەوی ولاتانی سۆسیالیستی وەرگرتبێ.)) ئەوەی لە هەموان ئاشکرایە ئەوەیە ٥٠ ساڵی ڕەبەق ((ڕۆشنبیران))ی کورد. وەک دەرۆیشی حاڵ لێهاتوو. چەپڵەیان بۆ یەکێتی سۆڤێت و دەسکەلا ئەورووپایی یەکانی لێدا، ئەوەتا مامۆستا حسامی خۆشی دەنووسێ کە خۆی و چەند کوردێکی دیکە لە

ڕۆژی ١٩٦٧/٥/٩دا ((جێژنی تێشکانی فاشیزم))یان لە باڵیۆزخانەی چیکۆسلۆڤاکیا گرتوە (بەرگی پێنجەم، ل١٥٦) لە کاتێکا ئەوە تێشکانی فاشیزم نەبوو، بەڵکو تێشکانی ڕاپەڕینی گەلی چەوساوە و زەحمەتکێشی چیکوسلۆڤاکیا بوو بە تانگ و تۆپ و لەشکری دەستدرێژکەری سۆڤێت و هێندێك لە دەسکەلا ئەوروپاییەکانی.

(لێرەدا مامۆستا جەمال نەبەز ڕاست بۆ نووسراوەکەی من نەچووە. من نووسیومە: ((ڕۆژی ١٩٧٧/٥/٩ باڵیۆزخانەی چیکوسلۆڤاکیا بە بۆنەی ئازادی پراگ و تێك شکانی فاشیزم جێژنی گرتبوو، ئێمەشیان داوەت کردبوو.)) کەوابوو: یەکەم ((خۆی و چەند کوردێك (وەك مامۆستا جەمال دەفەرموێ) جێژنیان نەگرتوە.)) بەڵکوو داوەت کراوون. ئەوەش داب و ڕەسمێکە و داوەت کردن شتێکی ئاساییە. دووەم ١٩٤٥/٥/٩ ڕۆژێکی زۆر ئاشکرایە، ڕۆژی تێشکانی فاشیزمی هیتلەری یە و ڕۆژی بڕانەوەی شەڕی دووەمی جیهانی یەك ڕۆژی تێکشکانی ڕاپەڕینی گەلی چەوساوە و زەحمەتکێشی چێکوسلۆڤاکیا)) وەك مامۆستا دەفەرموێ. هەموو ساڵێش نەك هەر ولاتانی پێشووی سۆسیالیستی بەڵکوو ولاتانی سەرمایەداریش ئەم ڕۆژە یاد دەکەنەوە.)) —حسامی).

بەڵام ئەوەتا ماڵە گەورە ئەوەشی لەبەر چاو نەبووە کە مامۆستا حسامی و چەند کوردێکی دیکە بۆ ڕاگرتنی دڵی کردوویانە. بە کورتی: یەکێتی سۆڤێت پاداشتی پەنجا ساڵ بە بەژن و بااڵی هەڵدانی لە لایەن خوێندەوارانی کوردەوەی بەمانەی خوارەوە دایەوە. چونکە سیاسەت بەرژەوەندییە نەك ماستاو سارد کردنەوە:

١- داننانی ڕەسمی لینین بە حکومەتی دیکتاتۆری ئەتاتورک لە ساڵی ١٩٢١دا، بەر لەوەی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بە ڕەسمی دان بە بوونی دابنێن.

٢- بوختانکردنی بە شۆڕشی کورد و سەرکردەکەی شێخ سەعیدی مەزن، وەک ((دەستندە خۆری بەریتانیا)) ساڵی ١٩٢٥دا.

٣- هەڵوەشاندنەوەی کۆماری ئۆتۆنۆمی داری ((کوردستانی سوور)) لە ساڵی ١٩٢٧دا و لکاندنی بە ئازەربایجانەوە، کە ئێستەش هەر دانەمەزراوەتەوە.

٤- پشتگیریکردنی ڕژێمی تورک بۆ کوژاندنەوەی شۆڕشی ئارارات لە ساڵی ١٩٢٨دا.

٥- خەڵەتاندنی کورد لە کاتی کۆماری کوردستاندا بە سەرۆکایەتی پێشەوا قازی محەمەد لەبەر خاتری نەفت لە ساڵی ١٩٤٦ دا و ڕوخانی کۆمار هەر لەو ساڵەدا بەهۆی ئەو ناپاکییەوە.

٦- پشتگیریکردنی شای ئێران بە هەواڵگوزاری لە ساڵی ١٩٥٤دا و، ڕێ نەدانی بە سەرکەوتنی کۆدەتا و ڕژێمی شا لەو ساڵەدا.

٧- پشتگیریکردنی ڕژێمی بەعسی عێراق بە چەک و تێکنۆلۆژی و دیپلۆماسی لە ساڵی ١٩٧٠وە تا ڕوخانی ڕژێمی سۆفێت.

مامۆستا حسامی هەر خۆی دەنووسێ کە ((ولأتانی سۆسیالیستی و حیزبە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان)) حکوومەتی بەعسی عێراقیان بە حکوومەتێکی پێشکەوتوو ناسیوە. (بەرگی پێنجەم، ل ١٩٣) (مامۆستا جەمال لێرەشدا بە باشی سەرنجی دەقەکەی نەداوە. ئەم بڕگەیە نووسینی دکتۆر قاسملوی شەهیدە بەناوی (بەرنامەی کار) بۆ

کۆبوونەوەی رێکخراوە کوردستانییەکان کە دەبێژێ: ((لە دەرەوەش حکومەتی عێراق لە لای ولاتانی سۆسیالیست و حیزبە سۆسیالیست و کۆمۆنیستەکان بە حکوومەتێکی پێشکەوتە ناسراوە.)) حسامی).

جا ئەگەر حکوومەتێکی وەک حکوومەتی بەعس لای وان ((پێشکەوتوو)) بووبێ، دەبێ رژێمێکی ((دواکەوتوو)) لای وان چۆن بووبێ؟

مامۆستا حسامی هەر خۆی دەبێژێ: ((لە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورددا، حیزب و رێکخراوی میللی و پێشکەوتووخواز و لایەنگری سۆسیالیزم کەم نین. بە داخەوە یارمەتیان پێ ناکرێ و پێوەندی یان لە گەڵ ناگیرێ. ئەم سیاسەتە دەبێتە هۆی ئەوە کە ناوەندی بڕیاردان بکەوێتە دەست کەسانی هەلپەرست و بزووتنەوەش بۆ ڕۆژئاوا بکێشن.)) (بەرگی هەشتەم، ل١٨٤-١٨٥) بەڵام سەیر ئەوەیە کە مامۆستا حسامی ئەم هەڵوێستە ئیمپریالیستە بازرگانانەیەی یەکێتی ی سۆڤێت و دەوڵەتە ((سۆسیالیستەکانی خستووەتە سەر ئەستۆی حیزبە کۆمۆنیستەکانی ولاتانی داگیرکەری کوردستان، بۆ وێنە حیزبی تودەی ئێران، وەک ئەوەی حیزبی تودە سەرکردەی یەکێتی سۆڤێت بووبێ، نەک نانخۆر و نۆکەری ئالقە لە گوێی سۆڤێت. مامۆستا حسامی لە لاپەڕە ١٨٥-١٨٦ی بەرگی هەشتەمدا دەنووسێ: ((بە پێویستی دەزانم کوردستان وەک نمونەیەکی کۆنکرێت باسبکەم. لە ساڵی ١٩٧١وە کە حیزبی دیموکرات بە پرۆگرامێکی پێشکەوتخوازانەوە تێکۆشانی خۆی زیندوو کردەوە، سەرەڕای ئەوەی هەوڵێکی زۆر درا کە لە گەڵ حیزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤێتی پەیوەندی بگیرێ، هیچ

ئاکامێکی نەبوو. دوای ڕووخانی ڕژێمی شا لە ئێران، حیزبی دیموکرات بوو بە گەورەترین حیزبی سیاسی ناوچە. دەبووایە کێتی سۆڤێتی بۆ ناسین و یارمەتیدان و ڕاوێژ کردن لەگەڵ حیزبی دیموکرات هەنگاوی نابایە. بە داخەوە سیاسەتی چەوتی حیزبی تودە، کار بەدەستانی سۆڤێتی توشی هەڵوێستی چەوت کرد و مەسەلەی ناسین و یارمەتیدانی حیزبی دیموکراتی خستە پشتگوێ. نەك هەر ئەوە ڕێبەرایەتی حیزبی تودە بۆ پشتیوانی لە حکومەتی کۆنەپەرستی ئاخوندە، ڕێگای دوژمنایەتی لەگەڵ حیزبی دیموکراتی گرتە پێش و چەند کەسی بێ ئەزموون و ساویلکە و فریو خواردووی لە حیزبی دیموکرات جیا کردەوە و ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی بۆ لایەکی دیکە پاڵ پێوەنا. لەم بارودۆخە دژوارەدا کە خەڵکی کوردستانی ئێران تووشی هاتبوو، ولاتانی سۆسیالیستی دە فریای ئەم میللەتە لێقەوماوە نەکەوتن. یارمەتی بە ئاوارە و دەربەدەری کورد نەکرا. دەزگای خەبەری ولاتانی سۆسیالیستی لە ئاست جنایەتی حکوومەتی خومەینی لە کوردستان دەنگی لەبەر نەهاتە دەر. چاپەمەنی ولاتانی سۆسیالیستی خەبەری کوشتاری زەحمەتکێشانی کوردستانیان بلاۆ نەکردەوە. تەنانەت گۆڤاری ئاشتی و سۆسیالیزمیش کە ئۆرگانی حیزبە کۆمۆنیست و کرێکارەکانی جیهانە و ئەرکی زۆڵم و زۆرداری یە. تاقە جارێکیش جنایەتی ڕیژێمی خومەینی یان لە قاو نەدا. تەنانەت نامەیەکی منیشیان لە بارەی بارودۆخی کوردستان و گەلی کوردەوە بلاۆ نەکردەوە. ئاشکرایە کە زەحمەتکێشانی کورد ناتوانن ڕەزامەندی خۆیان لە ئاست ئەم سیاسەتە دەربڕن. ئەنجامی سیاسەتی ناڕاست و لالوتی سۆڤێت

سەبارەت بە بزووتنەوەی کوردستانی ئێران بوو بە هۆی ئەوە کە ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بەرەو عێراق و بەرەو ڕۆژئاوا و بەرەو سۆسیال دیموکراسی بڕوا کە بۆ گەلی کورد لە نامرادی بەدەر ئەنجامێکی نابێ. بەداخەوە بزووتنەوەی ئێستای ڕزگاریخوازی کورد تووشی قەیران بووە. ناکۆکی دوژمنانە لە نێوان هێزە کوردستانییەکان، شەڕی براکوژی فشاری لە ڕادەبەدەری حکومەتە جنایەتکارەکانی ئێران و عێراق و تورکیا، یارمەتی نەدانی ولاتانی سۆسیالیستی بزووتنەوەی کوردی تووشی نسکۆ و هەڵەنگوتن کردوە. ولاتانی سۆسیالیستی و بەتایبەت یەکێتی سۆڤێتی بە گوێرەی سروشتی داد پەروەرانەیان، لە بەرانبەر چارەنووسی نەتەوەی کورد دا بەرپرسییان لە ئەستۆیە. کاتی ئەوە هاتووە کە لەگەڵ ڕێبەرانی حیزب و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد پێوەندی بگیرێ و یارمەتی ماددی و مەعنەویان پێ بکرێ و لەم ڕێگایەوە ڕێبازی پێشکەوتنخوازی و سۆسیالیستی نەک هەر لە کوردستان، بەڵکوو لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست بەرەو پێش بەرن، ٢٥ میلیۆنی بندەست و بەشخوراوی کورد لەم قۆناخە ناسکەدا هەقیەتی ئەم نووسراوەی ڕۆژنامەی پراڤدا وەبیر ڕێبەرانی ولاتانی سۆسیالیستی بێنێتەوە کە لە ٢٨ی یونی ١٩٦٥دا نووسیبووی: ((یەکێتی سۆڤێتی بە هەموو شێوەیەک یارمەتی بەخەباتی ڕزگاریخوازی میللەتان دەکات، مافی نەتەوەکان لە پێناو ئازادی و سەربەخۆییدا، چ لە ڕێگای هێمنانە و چ لە ڕێگای خەباتی چەکدارانەوە، خەباتێکی پیرۆزە.))

ئەوەی کە مامۆستا حسامی دەفەرموێ: ((بە بۆچوونی من (واتە بۆچوونی مامۆستا حسامی) فەلسەفە و ڕێگای لینین تاقە ڕێگای

ڕزگاری میللەتانە لە چەوسانەوە)) (بەرگی هەفتەم، ل٢٢١)، ئەوا کورد ئەو ڕێگەیەی ٥٠ ساڵی ڕەبەق تاقی کردەوە و ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە دیمان. بە بیرو ڕای من ڕێی ڕزگاری گەلان، ڕێی خۆ ڕزگارکردنە لە مۆتەکەی بیری خۆ بەستنەوە بە کلکی خەڵکەوە. و گەڕانە بە دوای ڕێ و شوێنێکدا کە لەگەڵ بار و دۆخی گەلەکەی خۆی و هەل و مەرجی دەرەوە بگونجێ. ئەمەم پێش ٤٠ ساڵێك گوتوە و نووسیوە و قسەی ئەوڕۆم نیە.

(بۆچوونەکانی مامۆستا دکتۆر جەمال نەبەز جێگای موناقەشە و لێدوانن. مامۆستا دەفەرموێ: ((.... ٥٠ ساڵی ڕەبەقە ((ڕۆشنبیران))ی کورد، وەك دەروێشی حاڵ لێهاتوو، چەپڵەیان بۆ یەکێتی سۆڤێت و دەسکەلا ئەوروپاییەکانی لێدا..... بەڵام یەکێتی سۆڤێتی پاداشتی پەنجا ساڵی بۆ خوێندەوارانی کورد ئەو ٨ خاڵەیە کەوا مامۆستا لە لاپەڕەکانی پێشوودا باسی کردوون. مامۆستا باسی ئەوەش ناکا کە ٥٠ ساڵیشە کۆمەڵێکی دیکەی ڕۆشنبیر و سیاسیەکانی کورد دژی یەکێتی سۆڤێت و پەسنی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا شان دەکوتن. ماوەی ٤٠ ساڵیشە مامۆستا کاژیکنامەی نووسیوە، باشە ئەوانە لە چاو ڕۆشنبیرانی کە مامۆستا بە (ماستاو سارد کەرەوەیان) ناو دەبا و ڕەخنەیان لێ دەگرێ، چی یان کردوە.؟ کام دەستکەوتیان بەم سیاسەت و بۆچوونانە بۆ کورد بە دیاری هێناوە، ئەوە نیزیکەی دە ساڵیشە ئەو سیستەمەی کە بە قسەی مامۆستا (بۆتە هۆی چارەڕەشی کورد) تەفر و تونا بووە، ئامۆژگاریەکانی چل ساڵەی مامۆستا جەمال نەبەزیش هەر وەك خۆی لەکاردان، کورد لەم دە ساڵەدا بەچی گەیشتوە؟ کام دەستکەوتی

وەدەست هێناوە.؟ قسە زۆرن، من لە بیرەوەرییەکانمدا پەخنەم لە هەڵوێستی ڕابردوو گرتووە. ئێرە جێگای ئەم دەم بە دەمەیە نیە، ئەم کورتە پەراوێزە تەنیا بۆ ئەوە بوو کە بڵێم لام وایە ڕۆشنبیرانی کورد نابێ هەر بەوە کات بەرنە سەر کە بڵێن ڕابردوو چۆن بوە و چیم گوتوە. دەبێ بۆ ئێستا پڕۆژەیان هەبێ و کاری بۆ بکەن. کورد بە قسە ڕزگار نابێ.) حسامی.

سەیر ئەوەیە کە بەڕێز غەنی بلوریان کە لەوە پێش دەیگوت: ((نابێ بە خاتری کوردستان شەڕ بکەین. دەبێ بە خاتری ئێران شەڕ بکەین)) (بەرگی شەشەم، ل ١١٧)، هەر ئەو غەنی یە لە ١٩٧٨/١٢/٣٠دا نامەیەک دەنووسێ بۆ مامۆستا حسامی و دەبێژێ: ((کۆڕ و کۆمەڵ بیری لێ وەکەن و ڕێبازی دوا ڕۆژی نەتەوەی خۆ دیاری بکەن. جا بۆ ئەو کارە دەبێ لێزانی سیاسی کاری کورد کۆ وەبن و بیری لێ وەکەن. هەتا زووتر باشتر. بەداخەوە خۆ بەستنەوە بەم و بەو کەڵکی بڕاوە. بەڵام ئێستا کە هیچ دەگۆڕێدا نیە چار چیە، هەر کەس مەجبور دەبێ بۆ لایەک ڕایکێشێ. بەڵام ئەوەندەی کە ئەزموونی ژیان سەلماندوویەتی لام وایە کورد دەبێ بۆ خۆی بێت و لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ و پشت بەکەس نەبەستێتەوە، کە جێگای متمانە نیە جگە کورد بۆ خۆی. (((بەرگی نۆیەم، ل ٢٠٧–٢٠٨) ئەوجا ئەو قسانە جیاوازیان چی یە لەو قسانەی کە لە ساڵی ١٩٦١دا لە ((کاژیکنامە))دا نووسرا بوون و یەکێک لەوانە ((پشت بە خۆ بەستنە لە کاتێکدا ئەو سەردەمە و سی ساڵێکیش دوای ئەوە ((کۆمۆنیست و مارکسیستەکانی کورد)) ئەوەیان بە بیری ((تەسکو تروسکی شۆڤێنیانە دەدایە قەڵەم))؟

لێرەدا دەبێ ئەوەش بخەینە بەرچاو کە مامۆستا حسامی، هەر چەندە ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە کە دروشمەکە ((ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران و دیموکراسی بۆ ئێران)) بووە (و ئێستاش هەر ئەو دروشمەیە)، بەڵام لە لاپەڕە (١٣٣ی بەرگی نۆیەمی بیرەوەرییەکانیدا ١٩٨٥) کە لە ساڵی ١٩٩٥دا لە چاپ دراوە دەبێژێ: ((ئەگەر دیموکراسی لەم ولاتەدا (ئێران) هەبێ، هیچ پێویست ناکا بۆ خود موختاری ٤٠-٥٠ هەزار کەس بە کوشت بدەن. خود موختاری چی دەوێ؟ هەر ئەوە نیە کە داوا دەکات لە جیاتی عەجەمێکی تارانی، با کوردێکی مەهابادی بکرێتە فەرمانداری مەهاباد.)) بێگومان مامۆستا حسامی لەم قسانەدا لە هێڵی حیزبەکەی لایداوە و دێتە سەر بیر و ڕای من کە هەر لە پەنجاکانەوە یەکێك لە ناکۆکیەکانم لە گەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان (عێراق) و حیزبی دیموکراتی کوردستانی (ئێران) و هەموو هوردە بۆرژوای مارکسیستی کورد ئەوە بوە کە ئەوان بۆ ئۆتۆنۆمی هەموو وزەیان بەخت کرد و سالانی سالێ کاتیان بەو ئاواتە بردە سەر کە ئۆتۆنۆمی دەست بکەوێ و، سەد هەزاران کەس لەو پێناوەدا کوژران و هیچیش بە هیچ نەکرا. لە سەمینارێکدا کە لە ڕۆژی ١٩٨٥/٥/١١دا لە ستۆکهۆڵم لە ژێر نێوی، دۆزی ناسیۆنالی کورد: ((ئۆتۆنۆمی یان کوردستانێکی سەربەخۆ؟ یان بڕیاری چارەنووس لە ئازادیدا بۆ ئازادی)) بۆ من ساز درا بوو (دەقی سێمینارەکە هەر لە ساڵی ١٩٨٥دا چاپ و بلاو کرایەوە) بە تێر و تەسەلی باسی ئۆتۆنۆمیم کرد و ئەمەم خستە ڕوو کە ئۆتۆنۆمی شتێکە نە لە باری تێئۆری یەوە بەکاری کورد دێ و نە لە باری کردەوەش سەر دەگرێ. ئەوەتە دەبینی

هێندێك لـه كۆمەڵـه سیاسـی یـەكانی كوردسـتان سـتراتیژی خۆیـان لـه ئۆتۆنۆمی پەوە كردوە بە فیدراسیۆن كە هیـوام وایـە فیدراسـیۆنەكە وا نەبڕنەوە كە كوتومت وەك ئۆتۆنۆمی بێ.

سەیر ئەوەیە هێندێك لەو بێگانانەی كە بار و دۆخی گەلەكەیان لە بار و دۆخی كورد دەچێ ئەمەیان بە مامۆستا حسامی ڕاگەیانـدوە. مامۆسـتا حسامی لە لاپەڕە (١٤٥)ی بەرگی هەفتەمـدا دەفـەرموێ كـە: ((ئـەبو ئەیادی)) فەلەستینی پێی گوتوە: ((دەبێ حیزبی دیمـوكرات درۆشمـی خـۆی لـه خـود موختارییـەوە بگـۆڕێ و داوای سـەربەخۆیی كوردسـتان بێنێتە گۆڕێ.))

لەم بوارەدا دەمەوێ بێژم كە لە داواكردنی ئۆتۆنۆمی خراپتر ئەوەیە كە سنووری ئەو ئاخە (خاك)ەی دەچێتە چوارچێوەی ئەو ئۆتۆنۆمییەوە بە دەنگی دانیشتوانی دیاری بكرێ، وەك لە پڕۆگرامـی حیزبـی دیمـوكراتی كوردستاندا باسكراوە. (مادەی ٢ لە بەرنامەی ٢٦مادەی خود موختاری دەسـتەی نوێنەرایـەتی خـەڵكی كـورد كـە لـە شـەش مـادەدا كـورت كراوەتەوە: ناوچەی جوغرافیایی كوردستان بە گوێرەی دەنگی زۆربەی دانیشتوانی خەڵكی ناوچە- بەرگی حەوتەم- لە بیرەوەرییەكانم ل٢٧). بێگومان ئەم بەندە بە دڵی داگیركەرانی كوردستانە، بۆیە لە ((گەلاڵەی پڕۆژەی خودموختاری كوردستانی ئێران، كە لە ١٧ی ڕەزبەری ١٣٦٢دا لە لایەن شـورای بـەرگری نیشـتمانی (جبهـه مقاومـت ملـی) ((مجاهـدین خلـق))ەوە بـلاّو كراوەتـەوە، لـە مـادەی یەكەمـدا دەبێـژێ: ناوچـەی خودموختاری تـەواوی كوردسـتان دەگرێتـەوە، مەڵبەنـدی جوغرافیـایی ئەم ناوچەیە لە ڕێگەی دەنگدانی گشتی خەڵكی ناوچـەی كـورد نشـینی

ولاتەوە دیاری دەکرێ)) (بەرگی هەشتەم، ل٢٢١).

دەنگ وەرگرتن لە بارەی زاگۆنی (قانونی)یەوە بۆ پەیدا کردنی ڕەوایەتی یە (شەرعیەت) بۆ بار و دۆخێکی نادیار. ئەو بار و دۆخانەی کە خۆڕسکین، ڕەوایەتی خۆیان بە خۆیانەوەیە. بۆ وێنە کە تۆ بەردێکت بەرەو ئاسمان هەڵدا، ئەگەر بەرهەڵستێك نەبێ بیگرێتەوە، دەکەوێتە سەر زەوی. ئەوجا ئەگەر هەموو خەڵکی ئەم جیهانە دەنگ بدەن و بڵێن ناکەوێتە سەر زەوی، ڕەوایەتی بۆ قسەکەیان دروست ناکەن. هەروەها تۆ کوڕی چ دایکێکیت، بە دەنگ وەرگرتنی تۆ یان هەموو جیهان ڕەوایەتی بۆ ژنێك پەیدا ناکەن ببێتە دایکی تۆ ئەگەر بەڕاستی دایکی تۆ نەبێ. کوردستان ڕاستینەیەکی مێژوویی و جوگرافیایی و ژیاری یە کە بە درێژایی هەزاران ساڵ دروست بووە، بە پێچەوانەی دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە کە هەموو پاش جەنگی جیهانیی یەکەم بە شێوەیەکی دەستکرد دروست کراون، سنووری کوردستان ٤٠٠ ساڵ لەمەوبەر لە شەرەفنامەی بیتلیسیدا دیاریکراوە کە ئەوکاتە هیچ گەلێك باسی سنووری ناسیۆنالی خۆیان نەکردووە. دوای ئەمەش ئایا هیچ گەلێك تا ئێستا ڕازی بووە بەوەی بە دەنگ وەرگرتن سنووری ناسیۆنالی خۆی دیاری بکات تا کورد بەوە ڕازی بێ؟ لە ترس یان لە ژێر کارکردی پڕو پاگەندەی دژ بە کورد و یان لەبەر هەر هۆیەکی کاتی دیکە با بێژین بەشێك لە کوردستان ناکەوێتە سنووری دەسەلاتی بەڕێوەبەرییەتی کوردستانەوە، ئایا ئەمە ڕەوایەتی بۆ جیا بوونەوەی ئەو بەشەی کوردستان دروست دەکات؟ کێ دەبێژێ هەر ئەو خەڵکە خۆیان پاش چەند ساڵێك نایانەوێ لەگەڵ کوردستانە ((

ئۆتۆنۆمییەکە)) یان ((سەربەخۆکە)) یەک بگرن. لە کاتێکدا لەوانەیە ئەو هەڵەیان جارێکی دیکە دەست نەکەوێتەوە، یان نێوچەکەیان هێندە ناکوردی تێ ئاخندرابێ، کە لە دەنگداندا زۆربەیەتی نەهێنن! ئەمانە شتێکن دەبێ زۆر بە هوردی بیر بکرێتەوە لێیان.

نووسینەکەم درێژەی کێشا و دەبێ بە سوپاسێکی گەرمی بۆ بەڕێز مامۆستا کەریمی حسامی کۆتایی پێ بهێنم، کە ئەم دەرفەتەی دا بەمن، بیر و ڕا خۆم لە بارەی بەرهەمەکەیەوە کە پوختەی بەسەرهاتی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی پەنجا ساڵەیەتی دەر ببڕم. لە دوا وشەدا دەبێژم: ((مێژوو بریتیە لە کۆمەڵێك ڕووداو کە تێپەڕ بوون و کەس ناتوانێ وایان لێ بکات کە تێپەڕ نەبووبن، ئەگەر ئەوانەی لە نێزیکەوە ئاگایان لێ بووە، نەیخەنە سەر کاغەز، ئەوا وەك ئەو گۆرانی بێژانەیان لێ دێ کە لە ژیانیاندا بەخت نەبووەتە یاریان، تا لەبەر دەم دەزگەیەکی تۆمارکەر دا گۆرانی بڵێن. ئەوانە دەنگەکەیان لەگەڵ خۆیان دەبەنە بن گڵ. مامۆستا کەریمی حسامی لەمەدا بەخت بووەتە یاری.

ئاهوڕا مەزدا بێ وەیی کات و تەمەنی درێژ کات. بەرلین ١٩٩٦/٦/٦ جەمال نەبەز.

ئەم نووسینەی مامۆستا جەمال نەبەز درەنگ گەیشتە دەستم و پێڕا نەگەیشت کە لە بەرگی دەیەمی بیرەوەرییەکانمدا چاپی بکەم. مایەوە تا ٢٠٠٠/١/٧ چوومە بەرلین و چاوم بە مامۆستا کەوت و لە شوێنێکی فرە شازی بەرلین بۆ قاوڵتی داوەتی کردم. تکام لێکرد ڕێگا بدا نووسراوەکەی لە بەرگی یازدەهەم دا بلاو بکەمەوە. گوتی پێم خۆشە لەگەڵ بەرگی دەیەم بۆم بنێرییەوە، چاوێکی پێدا بخشێنمەوە و

شتێکی کورتیش لەسەر بەرگی دەیەم بنووسم. نووسراوەکە و بەرگی دەیەمی بیرەوەرییەکانم بۆ نارد. ئەویش لەگەڵ چاو پێدا خشاندنەوە و بڕیاری هەڵەکان ئەم چەند لاپەڕەیەشی لەسەر بەرگی دەیەم بۆ ناردمەوە و وا لێرەدا بڵاوی دەکەمەوە:

پاشگۆتەیەکی پێویست:

ئەم چەند لاپەڕەی سەروو کە لە جیاتی پێشەکی یەک بۆ بەرگی دەیەم نووسیبووم، فریای بەرگی دەیەم نەکەوت و، دەبێتە ((بەشێك)) لە بەرگی یانزەهەم، جا لەبەر ئەوەی بەرگی دەیەمم نەدیبوو، پێویستە لێرە دا باسێکی بەرگی دەیەمیش بکەم کە نێو ئاخنەکەی لە ساڵی ١٩٨٩ەوە تا ساڵی ١٩٩٥ دەگرێتەوە و، سەردەمێکی یەکجار گرنگە لە مێژووی نەتەوەی کورد دا چونکە هەمووی ساڵێك لەوە و بەر بوو (مارتی ١٩٨٨) کە دەوڵەتی عەرەبی عێراقی داگیرکەر بە سەرۆکایەتی سەدام حسەین بە گازی ژەهراوی شاری هەڵەبجەی بۆمباران کرد و هەزاران کوردی بێ گوناهی لە چاو تروکاندنێکدا کوشت. لە مانگی ئابی هەر ئەو ساڵەدا (١٩٨٨) خومەینی و سەدام جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێرانیان ڕاوەستاند و، ئەوجا دەستی هەردوو ڕژێمەکە بەرەللاّ بوو بۆ تەفر و تونا کردنی کورد. مامۆستا حسامی لەم بەرگەدا، لە پاڵ بلاّو کردنەوەی هێندێك هەواڵ و نوچەی سەرنج ڕاکێشدا پەنجەی بۆ کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی زۆر گرنگ ڕاکێشاوە کە لە ١٩٨٩/١/٧ دا لە پاریس لە لایەن نوێنەرانی ١٤٩ دەوڵەتەوە بەسترا، وەك کاردانەوەیەك بۆ ئەو دڵە ڕاوکەیەی کە گازی ژەهراوی و چەکی کیمیایی عێراق

خستبوویە دڵی دەوڵەتە گەورەکانەوە کە هەر خۆیان یارمەتی سەددامیان دابوو بۆ دروست کردنی ئەو چەکە. حسامی زۆر بە ڕوونی پەردەی لە دووڕوویی و درۆزنی ئەو دەوڵەتانە لابردووە کە لە کۆنفرانسەکەدا بەشدار بوون، بەڵام نە عێراقیان تاوانبار کرد و نە باسی گەلکوژی دەوڵەتی عەرەبی عێراقیان کرد بەرامبەر کورد، تا وایان لە سەددام کرد، بێ ترس و لەرز لە مانگی هەشتی ١٩٩٠ دا پەلاماری کوەیتی دا و بەرژەوەندی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و هەڤاڵبەندە عەرەبەکانیانی خستە مەترسییەوە. ئەوجا سەددام لە شەو و ڕۆژێکدا بوو بە شەیتان و دێوو، لە بەهاری ١٩٩١دا بە هێزی لەشکر لە کوەیت دەرکراو، ئەوە بوو جۆرج بوش، سەر کۆماری ئەمریکا، داوای لە خەڵکی عێراق کرد کە دژی سەددام ڕاپەڕن. کە خەڵکی باشووری کوردستان لە بەهاری ١٩٩١دا گەلێرانە ڕاپەڕین و ٪٨٠ی خاکی باشووریان ڕزگار کرد، پێیان وابوو ئەمریکا دەکەوێتە فریایان، بەڵام ئەوە بوو سەددام وەک بەرزەکی بانان لە کۆتایی مارتی ١٩٩١دا گەڕایەوە کوردستان و کەوتەوە قڕ کردنی کورد و، لەوەوە گەلڕەوەکە دەستی پێکرد، کە ئەوەش کارەساتێکی جەرگ بڕ بوو لە مێژووی ئادەمیزاد دا و، بوو بە هۆی دامەزراندنی ((هەرێمی ئاسایش)) یان ((هەرێمی نەفرین)). ڕاستی یەکەی ((کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان)) کە بڕیاری دامەزراندنی ((هەرێمی ئاسایشی)) دابوو، لەوانەبوو گەلێك بڕیاری دیکەی باشتریش بدا، ئەگەر بهاتایە و سیاسەتکارانی کورد هەر وا زوو بە هەرزان نەچوونایە لای سەددام.

دیارە دامەزراندنی ((هەرێمی ئاسایش)) هەلێکی باش بووە بۆ مامۆستا

حسامی کە سەرێکی کوردستان بداتەوە، بۆیە لە ١٩٩٣/١١/١٣دا لە ڕێی ئەستەموولّ و باکوری کوردستانەوە چووەتەوە باشوور و لەوێ زۆر بەڕێزەوە بەخێرهاتن کراوە و، چاوی بە سەرکردەی حیزبەکان و سیاسەتکاران و نووسەران کەوتووە و، لە بەرگی دەیەمدا چەند نامەیەکی سیاسەتکاران و چەند هەڤپەیڤینێکی بلاّو کردووەتەوە کە ڕۆژنامەکانی ئەوێ کردوویانە لە گەلّی و، بیر و بۆچوون و ڕەخنەکانی خۆشی بێ ڕووپامالّی خستووەتە بەرچاو. لەوانەی کە ڕەخنەی گرتووە لێیان، بەڕێز مەلا ئەولاّی حەیاکی (ئەولاّی حەسەن زادە) سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران. بەلاّم مامۆستا کەریم لەمەدا دەریخستووە کە ناتوانێ دەوری ((مەلا بەزێن)) ببینێ، چونکە ئەو وەك مەلا ئەولاّی حەیاکی و من (جەمال نەبەز) بەختی ئەوەی نەبووە دەرسی مەلایەتی بخوێنێ. ئەگەنا ئایەتی قورئانی بە هەلّە نەدەگواستەوە نێو ((بیرەوەرییەکانی)) لە لاپەڕە (٢٧٧) دا دەنووسێ ((لیس علی المریض حرجا)) ڕاستی یەکەی ئایەتەکە کە لە سورەتی (الفتح)دا هاتووە بەم جۆرەیە: ((لیس علی الاعمی حرج و لا علی الاعرج حرج و لاعلی المریض حرج"((نەك حرجا)).

ئێستە بەر لەوەی کۆتایی بەم ((لە جیاتی پێشەکی))یە بهێنم خۆم ناچار دەبینم کە سەرنجێکی زۆر کورت بەرامبەر بەوە دەربڕم کە مامۆستا لەم جێیەدا فەرموویەتی: ((جەمال نەبەز باسی ئەوەش ناکا کە ٥٠ سالّیشە کۆمەلّێکی دیکەی ڕۆشنبیر و سیاسیەکانی کورد دژی یەکێتی سۆڤێت و پەسنی دەولّەتانی ڕۆژئاوادا شان دەکوتن.... هتد))

بە ڕاستی ئەز بەش بە حالّی خۆم هیچ کۆمەلّێکی ڕۆشنبیر یان

سیاسەتکارانە کورد ناس ناکەم کە لە ماوەی پەنجا سالّی پێشوودا پەسنی دەولّەتانی ڕۆژئاوای دابێ. حەز دەکەم بزانم ئەو کۆمەلاّنە و ئەو سیاسەتکارانە کێن یان کێ بوون و چ کارە بوون. ئەوەی دیار و ڕۆنە ئەوەیە هەموو کۆمەلّە و حیزبەکانی کوردستان (ڕێبازی کاژیکی لێ دەرکەین) چەپلّەیان بۆ ڕژێمی سۆڤێت لێدەدا، هەلّوێستەکانی کاژیکیش بەرانبەر بە هەموو هێزەکانی جیهان، چ ڕۆژهەلاّت و چ ڕۆژئاوا هەلّوێستێکی زانستانە و بابەتانە و ڕەخنەگرانە بووە و بە هیچ لایەکدا داینەتاشیوە. بەلّگەکانیش هەموو ماون. ئەوجا ئەوەی کە مامۆستا فەرموویەتی ((جەمال نەبەن)) چلّ ساڵێکە کاژیکنامەی نووسیوە....))، دەمەوێ ڕاست بکەمەوە. کاژیکنامە بەرهەمێکی نێو کۆیی یە، کە لە ئەنجامی لێکۆلّینەوە و توێژینەوە و دەمە تەقەی دەستەیەك ڕۆشنبیرەوە هاتووەتە کایە. ڕاستە کاژیك نامە بەشی جەمال نەبەزیشی تێدایە، بەلاّم کارێکی گەلەمپەڕییە.

دوا وشەم لەم بوارەدا ئەوەیە، ئەم ((بیرەوەرینامە)) یەی کەریمی حسامی سەرەڕای هەموو کەم و کورتی و ناتەواویەکی، خزمەتێکی مەزنە بە مێژووی نەتەوەی کورد و ڕۆژهەلاّتی ناڤین. دەستی خۆش بێ و چاوی ڕۆن بێ و تەمەنی درێژ بێ. بەرلین ٢٠٠٠/٢/٢٢ جەمال نەبەز.

هەرتك بەشی نووسینەکەی دکتۆر جەمال نەبەز لێرەدا تەواو دەبن. هەرچەند بە بۆچوونی من مامۆستا جەمال هێندێ بۆچوون و نەقورچی تایبەتی خۆی خستوونەتە نێو نووسینەکەی کە پێوەندێکی ئەوتۆیان بە هەلّسەنگاندن و یا ڕەخنەی بیرەوەرییەکانی منەوە نیە، بەلاّم سەبارەت بە ڕێز و سوپاسم بۆ زەحمەتەکانی مامۆستا جەمال نەبەز، وا دەقی

نووسینەکەی بلاّو دەکەمەوە و هەر وەك خۆشی داوای کردبوو دیسکی داتا و وێنەیەکی نووسینەکەشی بۆ دەنێرمەوە.

هەڵسەنگاندنێك، لە بیرەوەرییەکانم، لە نووسینی مامۆستا کەریمی حسامی جەلال دەباغ

لە سەروبەندی دەستپێکی نووسینەوەی ئەم بەرگەی بیرەوەرییەکانمدا، بۆ بەڕێز مامۆستا جەلال دەباغ-یش زەحمەتی کێشاوە و پاش خوێندنەوەی سەرجەمی بیرەوەرییەکانم بۆچوون و بیر و ڕای خۆی بە ڕەخنەی دۆستانەوە هێناوەتە سەر کاغەز و بۆی ناردووم. لەگەڵ سوپاس بۆ سەرنج و بۆچوون و زەحمەتەکانی کاك جەلال کە بە قەولی دکتۆر جەمال نەبەز نەیویستووە ((بە پسکە پسك و پاشملە)) بیرەوەرییەکانم بە هیچ دابنێ و باسیان بکا، دەقی نووسراوەکەی خۆی بۆ ناردووم. منیش وا لێرەدا لەگەڵ هێندێ ((وردە پەراوێز و ڕوونکردنەوەی خۆم سەبارەت بە هێندێ بۆچوونی مامۆستا جەلال دەباغ کە بە دانانی ژمارەی لاتینی لە ئاخری نووسراوەکەی مامۆستا جەلال دەباغدا، دیاریکراون بە سوپاسەوە دەقی نووسینەکەی وەك خۆی بلاّو دەکەمەوە:

((نووسەری ناسراوی کورد و برادەری بەڕێزم کەریمی حسامی لە ساڵانی ٨٤ تا ١٩٩٦ دە بەرگی بیرەوەرییەکانی بەسەردێڕی (لە بیرەوەرییەکانم) چاپ و بلاّو کردەوە و دڵ و دەروونی خوێنەری کوردی پێ ڕوون کردەوە. ئەم بیرەوەرییانەی نووسەر لەسەردەمی منداڵییەوە تا ساڵەکانی کۆتایی ٩٠ دەگرێتەوە.

لە ڕاستیدا (لە بیرەوەرییەکانم) بۆ یەکەمین جارە نووسەرێکی کورد لە دە بەرگی قەشەنگدا کتێبخانەی کوردی پێ دەڕازێنێتەوە. گەلێك بابەتی بە نرخ و، داب و نەریتی کۆمەلایەتی کوردەواری و گەلێك بەسەرهات و قسەی خۆش، بە زمانێکی کوردی ڕەسەن و ڕاست و ڕەوان و پڕ لە پەندی بەنرخ و بەسەرهاتی سیاسی و کۆمەلایەتی و ڕووداوی جۆر بەجۆر و بەڵگەنامەی گرانبەها، دڵ و دەروونی خوێنەران دەگەشێنێتەوە و مێشکیان زاخاو دەدا...

نرخی بیرەوەرییەکانی پتر لە گشت لەوە دایە کە بە ڕاشکاوی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی خۆی و دەور و بەری دەگێڕێتەوە و بە زمانێکی ڕەوان، خوێنەران وا لێدەکا کە تێکەڵ بە ڕووداوەکان بن و وەك خۆیان بەشدار بن وا بۆ خوێندنەوەیان ڕایان بکێشێت... دیارە ئەمەش ئەوە ناگەیێنێت کە ئەم دە بەرگە بێ کەم و کوڕیین.

جا خوێنەری بەڕێز...! با پێکەوە، داوا لە مامۆستا بکەین، ڕێگەمان بدا گەشتێکی ڕەخنە گرانە، بە ناو ئەم دانراوە بە نرخانەی نووسەردا بکەین و بزانین لە چ دنیا و دەوروبەرێکدا ژیاوە و چۆن بۆ ڕاستی ڕووداوەکان قەڵەمی هێناوەتە زمان و چەند خزمەتێکی گەورەی، لە تێکۆشانی گەل و نەتەوەی بەشخوراوەکەیدا تۆمار کردووە.

بەرگی یەکەمی گەلێك بابەتی بە نرخی گرتۆتە خۆی، داب و نەریت و ڕەسم و عادەتی کۆنی کوردەواری و، پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵی دەرەبەگی – خێڵەکیدا و سەرەتای پەیدا بوونی بۆرژوا و، گەلێك بەسەرهاتی ڕۆژانە کە بۆ لێکۆڵینەوەی بار و دۆخی ئەو سەردەمەی بەشێکی کوردستان بایەخی خۆیان هەیە. هەروا باس و

خواسی سەرەتای رێکوپێکی سیاسی کورد و باری ئەو سەردەمەی سەروبەندی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە مەهاباد.

ژیانی ئەمدەمی لادێ، پەیوەندی کڕین و فرۆشتن، پەیوەندی بەرهەمهێنان لە کۆمەڵی نیمچە دەرەبەگیدا، ڕەوشت و خوی سەردەم، نەخوێندەواری و نەزانین، هیوا و ئاوات لە دڵی خەڵکیدا. کار و کردەوەی ژاندارم و مەئمور و کار بە دەستان و شێوازێکی چەوسانەوەی چینایەتی. کارتێکردنی ئایین و ڕۆچوونی بە ناو ڕیزەکانی گەلدا، بەناو دڵ و دەروونی خەڵکدا لەسەر بناغەی ترس لە دوا ڕۆژ و ئەو دنیا و هێزی نەریت، نەک تێگەیشتن و هۆشمەندی.

توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لەو سەروبەندەدا و زوڵم زۆرداری و بەرتیل خۆری کاربەدەستان و شڕە خۆرانی ڕژێم و هاتوچۆی بڕینی سنووری دەستکرد و قسەی خۆش و باسی عەشایری ئەودەمی کورد و ژیانی زەحمەتکێشان، هەمووی ئەو بابەتەن کە لە بیرەوەرییەکانی حسامیدا بە چڕڕ و تامێکی تایبەتیەوە باسیان هاتوە.

نووسەر لە بەرگی دووەمی (لە بیرەوەرییەکانم)دا نووسیویەتی: بیرەوەرییەکانی ((کەرەسەیەکن بۆ ئەو کەسانەی بیانەوێ لە ڕووداوەکانی کوردستان بکۆڵنەوە.)) من لەسەری زیاد دەکەم و دەڵێم: ((بۆ ئەو کەسانەش کە بیانەوێ لە کۆمەڵی کوردستان بکۆڵنەوە)).

((دەربەدەری و دووری لە نیشتمان)) بەسەرهاتێکە وەک کاک کەریم، سەدان هەزار کەسی ئەم کوردستانە لەسەر دەستی داگیرکەرانی کوردستان تووشی هاتوون، بە دەیان تێکۆشەر و نووسەریش کە ئەو

بیرەوەرییانە دەخوێننەوە، وایان بە بیر دا دێ وەک باسی خۆیان بێ، هێندە شارەزایانە باسی ڕووداوەکان دەکا.

کاک کەریم لە گێڕانەوەی قسەی کاک جەلالی بێتوشیدا کە گوتوویە: ((دەچمە شیمال)) نووسیویەتی: ((دیار بوو جەلال شیوعی بوو، وا تێگەیشتبوو گەر بڵێ کوردستان زمانی لاڵ دەبێ)) ! ئەمە وا نیە و ئەو بۆچوونەی ناوبراو هیچ پێوەندی بە شیوعییەتەوە نییە، خۆ حیزبی شیوعی عێراق ئەودەم ڕێکخراوەکانی لە باکوری عێراق ناوی (لقی کوردستان) بوو. هەروا هەرێمی کوردستان لە ڕاستیدا گەلێک لە ((شیمالی عێراق)) فراوانتر و زۆر شوێنی ناوەندیش دەگرێتەوە. بە دەیانو سەدان شیوعی نمونەش هەن کە نووسەر و شاعیر و ڕۆژنامەنووس و مامۆستا بوون و لە بەرهەمەکانیاندا (کوردستان) بە چاکی ڕەنگی داوەتەوە. ڕەنگە بۆ نمونەی ڕاستی ئەم قسەیەش تەنیا گۆرانی شاعیر بەس بێ. لە بەڵگەنامەکانی عیزبدا هەر لە ساڵانی ١٩٤٥ەوە و زووتریش وشەی کوردستان بەکارهاتوە. کەوابوو ئەو پلارەی کاک کەریم لە جێی خۆیدا نییە و هەڵوێستەکەی کاک جەلال بێتووشی کە گوتوویە ((دەچمە شیمال)) لە شیوعییەتەوە هەڵنەقوڵاوە.)) (١)

نووسەر دەڵێ ((کاک حەسەنی قزڵجی و کاک عەلی گەلاوێژ لە بەشی کوردی ڕادیۆی پەیکی ئێران کاریان دەکرد، هیچ شتێکیان لەسەر کورد و مەسەلەی کورد بلاّو نەدەکردەوە.)) ڕاستیەکی بەو جۆرە نیە. پێش هاتنی نووسەریش بۆ پەیکی ئێران زۆر شت لەسەر کورد و مەسەلەی کورد بلاّو دەکرایەوە. بەلاّم لە ئاستی پێویستدا نەبوو منیش کە

ئەوکات نووسەر و وتاربێژی بەشی کوردی (دەنگی گەلی عێراق) بووم و لەگەڵ مامۆستا حەسەنی قزڵجی برادەری نێزیک بووین و گوێگرتن لە پەیکی ئێران و بەدیتنی بەرنامەکانی ڕۆژانە کە ئاڵۆ گۆڕمان دەکرد، دەزانم کە زۆر شت لەسەر کورد و مەسەلەی کورد بلاو دەکرایەوە. (١١)

کاک کەریم نووسیویەتی: ((نامەکانی د. ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ گەلێک زۆرن)) دیارە بلاو کردنەوەی هەموویان لە توانا دا نەبووە و جێگاشیان لەوێدا نەبووە و لە ڕاستیدا بیرەوەرییەکانی نووسەر بلاو کردنەوەی زۆر نامەی دوور و درێژ لاسەنگکراون، بۆیە پێشنیار دەکەم نووسەر گرنگترین بابەتەکانی سیاسی و فیکری نامەکانی د. ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ کە دەڵێ یەکجار زۆرن، لەگەڵ هێندێ نامەی تری گونجاو لە بەرگێکی تایبەتیدا بلاو بکاتەوە. لێرەدا دەمەوێ لە نووسەر بپرسم: ئاخۆ نەدەکرا تۆزێک دۆستانەتر باسی د. ڕەحیمی قازی و عەلی گەلاوێژ بکرایە؟ یان نەدەکرا بە هەموویان دەورێکی کاریگەرتر و بەرنامەڕێژتر لەناو حیزبی تودە دا بگێڕن کە لە بواری سیاسەتیدا سەبارەت بە مەسەلەی کورد و گەلی کوردستان زۆرتر بهاتایە پێش؟

هەر لە بەرگی دووەمی (لە بیرەوەرییەکان)دا لە باسی دکتۆر قاسملودا هێندێ شت باسکراون خۆمەلاس دانیان لە دژی پێوە دیارە. لەوێدا نووسراوە: ((پاش ئەوەی دەگەڕێتەوە تاران ساڵی ١٩٥٥ لە تاران دەگیرێ، ((پاش چەند ڕۆژ مانەوە لە زیندان مەعلوم نەبوو چۆن ئازاد دەکرێ! هەروا نووسراوە: ((لە گەڵ شەریعەتی و ئیسحاقی و بلوریان و یوسفی بڕیار دەدەن هەموو پەیوەندییەک لەگەڵ حیزبی تودە بپچڕێنن و وەک تەشکیلاتی سەربەخۆ کار بکەن. قاسملو ئەوەی بۆیە ساز

کردبوو که به نێوی حیزبی دیموکرات بتوانێ لـه ئێـران وەدەر کـەوێ)) دەنا هەروەك ئەندامی حیزبی تودە مابوو. هەروا نووسراوە: ((قـاسملو لە جیاتی ئەوەی لەگەڵ ئێمەدا بژی، لەگەڵ خسـرەو و نیـژاد و هـەمزە عەبدوللاّ ڕایدەبوارد)) هەر لەوێدا نووسراوە ((ئەحمەد تۆفیق دەیگووت ڕەحمان بە حیزبـی نـازانم...)) هتـد بەڕاسـتی ئـەم نووسـینانە دژی د. قاسملو تا ڕادەیەك بێ پێزن. چونکە: مەعلوم نەبوونی چـۆنیەتی ئـازاد کردنـی قـاسملو لـه سـاڵی ١٩٥٥دا لای نووسـەر شـتێك لـه مەسـەلەکە ناگۆڕێ و لێرەدا ئەمە دێتە کایەوە کە ئایا بۆچی لەخۆی ئەو پرسـیارە نەکراوە و ئایا ڕابردووی دوای ئەوەی قاسملوو بەس نیە بۆ سـەلماندنی پـاکیی ئـەو تێکۆشـەرە.؟ ئایـا دەرکـەوتنی قـاسملو بـەناوی حیزبـی دیموکرات لە ئێران و چوونە دەرەوەی لە وڵاّت تاوانە؟ ئایا وەك تودەیی چوونە دەر لە ئێران ئاسانتر نەبوو؟ ئەی بۆ ناوەکانی تر (شـەریعەتی و ئیسحاقی و بلوریـان و یوسـفی) کـە پێکـەوە تەشـکیلاتی سـەربەخۆیان دامەزراندوە دەبێ چی بگوترێ؟ لە کاتێکدا لەو سەروبەندەدا خۆیان لە قـاسملو بـە کـەمتر نـەزانیوە. هـیچ مـەرج نـەبوە قـاسملو لەگـەڵ برادەرەکانی بژی. کە لەگەڵ کەسـانی بـەڕێزی وەك خسـرەو و نیـژاد و هەمزە عەبـدوللاّ ژیـاوە دەبـێ کەمایـەتی چـی تێـدابێ و باسـی کـام ((ڕابواردن دەکرێ؟! ئەحمـەد تۆفیـق کـە گوتوویـە ڕەحمـان بـە حیزبـی نازانم، ئەوە هێندەی تۆزێك لە شان و شکۆی قاسملو کـەم ناکاتـەوە.؟ (١١١)

لە بەرگی سێیەمدا هەندێ ڕەخنە لە سەرکردایەتی حیزبی تودە گیراوە، تێبینییەکی وا دەداتە خوێنەر کە ئەم حیزبە گوایە ڕوو بە ڕووی کورد و

مەسەلەی کورد بۆتەوە و ڕاستە و خۆش وا نووسراوە. بەڵام باسەکە یەک لایەنەیە. لە تاقە بەڵگەیەک سیاسەتی حیزبەکە خۆی نەخراوەتە بەر چاو کە دەیان وتار لەسەر مەسەلەی کورد نووسیوە و بۆ پشتگیری کورد چالاکیان پێشان داوە و کردنەوەی بەشی کوردی ڕادیۆی پەیکی ئێران لەو ڕۆژگارەدا و دانانی ڕۆژنامەی (کوردستان) و پشتگیری خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی عێراق، سێ نمونەی بەرچاوترن لەناو گەلێک هەڵوێستی تردا کە دەبوو سەرەڕای هەڵە و ناتەواوییەکان، نەخرێنە پشتگوێ. تاقە وشەیەک لە نامە و بەیاننامە و دۆکومێنتەکانی ئەو حیزبە سەبارەت بە مەسەلەی کورد، بۆ نمونە لە کۆڕ و کۆبوونەوە جیهانیەکاندا، نەخراوەتە ڕوو.

ڕاستە نووسەر بیرەوەری خۆی نووسیوە، بەڵام لەو باوەڕە دام کە دەبوو هێندێ پتر بایەخ بە ژیان و تێکۆشانی ئەدیبی گەورە و ڕۆڵەی ئازا و دڵسۆزی حیزب و گەل مامۆستا حەسەنی قزڵجی بدرێت کە قارەمانانە شەهید کرا. مایەی شانازیمانە کە بۆ یەکەمین جار ئێمە دوای مەرگی ئەو شەهیدە قارەمانە، بە یارمەتی کاک حەسەنی ماوەرانی لە ڕۆژنامەکانی خۆماندا (چاپەمەنیەکانی ح.ش.ع) شەهید بوونیمان لە ژێر ئازاردا ڕاگەیاند و بە جوانترین وشە مالئاوایی و کۆچی دواییمان ڕاگەیاند. نووسەری بەڕێز ئاگادارە کە هێندێک شارەزای ئەو قۆناغەی خەبات و ژیانی مامۆستا قزڵجی هەم، بۆیە لەو باوەڕە دام کە دەبوو زووتر باسی لێوە بکردایە و بیرەوەرییە زۆرەکانی لەگەڵ ئەو پیاوە دڵسۆزە بخستایە سەر لاپەڕەکانی (لە بیرەوەرییەکانم). (1v)

لە نامەی سولەیمانی موعینیدا کە نووسیویە: ((تۆ پێویست بوو

پێوەندیت لەگەڵ من بە هۆی برایانی فەرعی عێراق گرتبا)) ڕاستیەکەی لقی کوردستانە و ڕەنگە بۆ ڕێگە ونی وا نووسرابێ. کە ناوی سولەیمانی موعینی شەهید (فایق) هاتە پێشەوە و نووسەر دەڵێ ماوەیەکی زۆر لەگەڵ سیراجی لە سلێمانی ماونەتەوە، بەڵام باسی نەکردووە لە کوێ بوون و کێ یارمەتی داوون کە بێگومان ئاگاداریشە.... باشە منیش ئەو شایەتیە بدەم – کە ئەودەم سکرتێری ناوخۆی سلیمانی بووم – لە نێزیکەوە ئاگادارم کە (موعینی و سیراجی) میوانی حیزبی شیوعی بوون، نەک لایەنێکیتر. لە ماڵێکەوە لە نزیک گەڕەکی برایم پاشا کە شوێنیان باش نەبوو گواستمنەوە بۆ ماڵێک لە گەڕەکی کانێسکان. کاتێکیش زانیمان پەیوەندیان لەگەڵ قادر تەگەرانی گرتووە، پێمانگوتن ((ئەو پیاوە سەرێکی هەیە و هەزار سەودا.... هتد)) و حیزبی ئێمە دەتوانێ زۆربەی داواکانیان جێ بەجێ بکات، لە جل و بەرگی پێشمەرگە و جامانە و پێڵاو و شتیوا، هەروا پێوەندیمان بە قاچاخچیەکی دۆستەوە گرت کە چەند هەزار فیشەکیان پێویست بوو بۆیان پەیدا بکات، بەڵام لە کاتێکدا من سەفەرێکی بەغدام کرد و گەڕامەوە، تەماشام کرد کاك سولەیمانی شەهید بە هاریکاری ((قالە تەگەرانی)) دەرچووە و ئەوەی بەسەر هات کە ڕوویدا، لە کاتێکدا پێیان وترابوو کە ئێمە بە هاوکاری شێخ لەتیفی حفید و پێشمەرگەی خۆمان بۆ هەر خاڵێکی سنوور بخوازن بەڕێیان دەکەین. پاشان لە هەواڵی شەهید بوونی سولەیمانی موعینی، کاك کەریم و پەیکی ئێرانمان ئاگادار کرد. (بڕوانە نامەی جوامێر لە ڕۆژی ١٩٦٨/٥/٢٩دا: ل ١١٠–١١١ی بەرگی سێیەم (لە بیرەوەرییەکانم).

نامەیەکی کاك ئیدریس بارزانی کە بە ناوی باوکییەوە بۆ کاك فایقی نووسیبوو، دوای شەهید بوونی کاك فایق لەناو بەڵگەنامەکانیدا کەوتە لای ئێمە کە گەیاندمانەوە کاك کەریم، بەڵام لە بیرەوەرییەکانیدا ئەو نامە دیار نیە.

لە نامەی سیراجی و لە باسی ئامادەیی هێزەکانی شۆڕشی کورد بە سەرۆکایەتی بارزانیی نەمر بۆ چوونە ئێران بۆ لێدانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران گوتراوە: ((نزیکەی ٣٠٠ کەس کە لە سنوورەکاندا مۆڵیان خواردووە و چاوەڕوانی ئەمری سەرۆکن بۆ لەسەر ڕاخۆ دەئێران کوتانەوە: دەستەی ملازم ئەحمەد.... هتد)).

لە ڕاستیدا مەبەست ملازم ئەحمەدی جبوورییە کە بەرپرسی پێشمەرگەکانی حیزبی شیوعی بوو لەسەرچاوەی لای ڕانیە و بۆ کارێکی ئاوها ئامادە نەبووە و لە لایەن بارزانیی نەمرەوە تەکلیفیش نەکراوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ڕاستی لە ڕۆژی ٥/ ئەیلولی ١٩٩٧دا قسەمان لەگەڵ هاوڕێی بەڕێز ملازم ئەحمەد جبوری کرد، لەو بارەیە گوتی: ((هێزی پێشمەرگەکانی حیزبمان لە سەروچاوە سەر بە بەتالیۆنی بێتواتە بوو کە حەسۆ میرخان فەرماندەی بوو. ئێمە ئاگادار کراین کە لەسەر فەرمانی شۆڕش دەبێ مەفرەزەیەك بۆ ناوچەی پشدەر بنێرین... بێ ئەوەی کەس پێمان بڵێ بۆچییە... خۆمان وامان دانابوو کە بۆ سەر ئاغاکانە... مەفرەزەیەکی ئێمەش کە خۆم لەگەڵیاندا بووم لەگەڵ چەند مەفرەزەی شۆڕش گەیشتینە ناوچەکە و ماوەی ٥–٦ ڕۆژ لەوێ ماینەوەو پاشان گەڕاینەوە ناوچەی خۆمان. نە شەڕ ڕووی داوە و نە کەسمان زانیومانە گوایە بۆ سەر پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات

بووبێت... سیاسەتی حشع لەو بوارەدا ڕوون بووە و سیراجی بۆ خۆشی دەزانێ ئێمە چەند هاریکاری حیزبی دیموکراتمان کردووە. (V)

لە نامەیەکدا ناوی کاکە شوان هاتووە کە دیارە مەبەست لە حیزبی شیوعی عێراقە، بەڵام ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە))

نووسەر بیر و ڕای خۆی تا ڕادەیەك بە درێژی باسکردووە. بەڵام بیر و ڕای تودە و د. ڕاد مەنش یان هەر دەرنەبڕیوە یان خۆد سەری بڕیون. هەر بڕیارێك درا بێ دوایی بۆ جێبەجێ کردنی وای نیشان داوە کە لە لایەن تەرەفی تودەوە هیچ نەکراوە! بەڵام ئەو هەل و مەرجەش بە تەواوی ڕوون نەکراوەتەوە کە ڕەوشی مەسەلە و بەسەرهاتەکان چۆن بووە و لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە کارەکە چۆن ڕۆیشتووە، ئەوەشی ڕوون کراوەتەوە بەس بۆ ئەوەی جۆرە پاکانە کردنێك بێ بۆ سیاسەتی حیزبی تودە. نووسەر دوای دیدەنی د. ڕاد مەنش و سەردانی لە بارزانیی مستەفا نووسیویە: د. ڕاد مەنش لە گەڕانەوەدا بێجگە لەوە کە لە چاوپێکەوتنی مەلا مستەفا ڕازی و دڵخۆش بوو، دەتگوت جەبهەی شەڕی شکاندوە... هتد)) ئەمەش نوقورچێکە نووسەر لە دکتۆر ڕاد مەنشی سکرتێری گشتی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی تودەی گرتوە. لە پاداشی ئەوەدا کە وەك بایەخدانێك بە مەسەلەی کورد و شۆڕشەکەی هاتۆتە سەردانی بارزانی. لە کاتێکدا نووسەر دەڵێ کە بارزانی داوای سەردانی لە خۆی کردووە نەچووە و گەڕاوەتەوە بۆ سۆفیا.

لە باسی هاتوچۆکانیدا، بە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی تودەی ئێران وا دەردەکەوێ کە هێندێ جار پۆتیان شکاندوە، سەربەخۆ بە بێ ئاگاداری و بڕیاری سەرکردایەتی حیزب بەم لاو بەولادا هاتوو چۆیان کردووە کە

ئەمەش لە گەڵ ڕێو شوێن و نەریتی حیزبایەتی و پەیڕەوی ناوخۆی ئەوکاتەی حیزبدا یەك ناگرێتەوە. نووسەر لە زۆر هەڵسوکەوت و چالاکیدا وای پیشان داوە کە ئەندامی حیزبی تودەیە. بەڵام کە بڕیارێکی ئەوانی بەدڵ نەبووبێ، ئیتر خۆی بە ئەندامی ئەوان نەزانیوە. وەك تودەیەك لە مەدرەسەی حیزب لە چیکوسلۆڤاکیا خوێندوویەتی و لە ڕادیۆکەشیان کارمەندێکی چالاك بووە، بەڵام ئەوەتا کاتێ ڕێبەرایەتی حیزب پێیان ڕاگەیاندوە نەچیتەوە بەغدا دەڵێ: من ئەندامی حیزبی تودە نیم!!

نووسەر لەسەر پشتگیری و میوانداری و هاوکاری کوردانی کوردستانی عێراق شتێکی وای نەنووسیوە. بەڵام لە بەرگی چوارەمدا دانی پێدا ناوە کە دەڵێ: ((ئەگەر خۆم لە قەرەی ئەو باسە دابایە، دەبوایە بەرگێکی تەواوی بۆ تەرخان بکەم)) خۆ کە هەر نەبێ باشتر دەبوو چەند لاپەڕەیەکی لەسەر بنووسیایە. (VI)

بارێکی سەرنجی گرنگ ئەوەیە کە بیرەوەرییەکان، بە بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەکان، هێندێکیان دوو جار، واتە بە چاپ لەناو بەرگ و بە دەقەکەی خۆیان لە پاشکۆدا – لاسەنگکراون. یان چ پێویستە وتاری دەستەی نوێنەرایەتی (حدکا) بۆ کۆنگرەی هەشتەمی (پدك) کە هەر بەشداریش نەبوون بڵاو بکرێتەوە؟ گەلێك کار و باری تەشکیلاتی کە نووسەر مەسئولی تەشکیلاتی (حدکا) بوە، لە بیرەوەرییەکانیدا باسکراون کە ئەمانە نهێنی حیزبین و نەدەبوو ئاوا بەناو بردن و بە درێژی باسیان بکرێت. ئەمە لەگەڵ کاری نهێنی حیزبی ناگونجێ و دوای دەرچوونی نووسەریش حیزبی دیموکرات هەر نهێنییە.

لە دوو تـوێی بیرەوەرییەکانیـدا، نووسـەر جـار و بـار لـە پەخنـەی تێپەڕاندووە و گەیشـتۆتە پادەیـەکی زیـاتر دەرهـەق بـە د. قـاسملو و سـیڕاجی و حەسـەنزادە و ئـەوانیتر، بـەڵام بەگشـتی بـیر و ڕا و ڕێبـازی خۆی ڕاست پیشانداوە کە هەڵەی تێدا نەبوە. (v11)

زۆر جار نووسەر بە چەشنێکی پەخنە گرانەی سەخت بیر و ڕای ئەم یـا ئەو هاوڕێی سەرکردایەتی حیزبی دیمـوکراتی بـە هەڵـە نیشـانداوە. بـێ ئەوەی کڕۆکی ڕای ئەوان و هۆیەکەی ڕوونکردبێتەوە. بۆ نمونە بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی کە هەندێ لـە هاوڕێیـان بگەڕێنـەوە بـۆ کوردسـتانی ئێران، بەڵام ((کاك حەمەدەمینی سـیراجی بـە تـەنیا دژی ئـەو بڕیـارە بووە)) بـێ ئەوەی تاقە ڕستەیەك لە درێژی بیر و ڕایەکەی بنووسێت کە بۆچی و لەبەر چی و چۆن دژی ئەو بڕیارە بووە. لەو شوێنەشدا کە بـیر و ڕایەکەی سیراجی نووسراوە، وا دەردەکەوێ کە دژی گەڕانەوە نەبووە و بەس، بەڵکو چۆنیەتی گەڕانەوەی دیاری کردوە. (v111).

نووسەر هێندێ وشەی بەکار هێناوە کە زۆر سەختە وشـەی لـەو جـۆرە بەرانبەر هاوڕێیان و ئەندامانی سەرکردایەتی بەکار بهێنرێ، وەك وشەی سەر سەری و شتی وا کە لەگەڵ شوێن و مەقامدا ناگونجێن. نووسەر لە کاتێکدا سزای حیزب دراوە، بۆ چاری کێشـەکان پێشـنیاری کـردووە ((لە ماوەی حەوتوێکدا کۆنفرانسێك لە کادر و ئەندامانی حیزبی ببەسترێ و چاری ئەم وەزعە بکا))!! کام حیزبە دەتوانێ ئەو پێشنیارە بێنێتـە دی؟ دوای حەوتوێك ئینجا پێشنیاری کۆنفرانسی تازەی کردۆتەوە بـە بێ دیاریکردنی ماوەیەك. لەو بـاوەڕە دام زۆربـەی تێبینییـەکانی مینـە ١٩٨٩/٥/١ لـە جێـی خۆیـدان و دوور نیـە هـەر کەسـێك لـە ڕابـەران و

هاوڕێیانی حیزب بتوانن کۆمەڵێك سەرنج و تێبینی و ڕەخنە بخەنە سەر بیرەوەرییەکان. تێبینییەکانی نووسەر لەسەر نووسینەکەی مینە تا ڕادەیەك کورتیان هێناوە و دیسان سەرنجەکانی پەسند نەکراون! ڕاستە نووسەر بیرەوەری خۆی دەنووسێ بەڵام دەبێ پەراوێزێکیش بۆ ئەو باسانە بهێڵێتەوە کە خۆی یەك لایەنە ئاگادارییانە و کەسانی تریش هەن لە هەندێ لایەنیتر ئاگادارن. ڕوونکردنەوەکانی کاك حەمەدەمین زۆر پێویستن بۆ دەرخستنی ڕاستی. بەڵام نووسەر نزیك بە تەواویانی داوەتەوە دواوە کە دەڵێ ((یارمەتی نەغد و باش)) مانای یارمەتیەکی زۆرە لە لایەن ڕاد مەنشەوە دراوە بە مینە... ئیتر بۆچی نووسەر دەڵێ: ((خۆ من باسی زۆر و کەمی یارمەتیم نەکردووە؟!

نووسەر ڕەخنەیەکی قورسی لە سەلاح بەدرەدین گرتوە، لەبەری ئەوەی لە ترسی تەقە و ڕەقەی ئەو کاتی بیروت لە گەڵی نەچووە بۆ باڵیۆزخانە تا فیزایەك وەربگرێت. لە کاتێکدا ئەمە بەڵگەی ترس نیە بەڵکو خۆپاراستنە، کەی ڕاستە سکرتێری ڕێکخراوێك لەو ڕۆژگارەی بیروت دا ژیانی خۆی بخاتە مەترسی و دوای نووسەر بکەوێت بۆ ناو گوللە باران بۆ وەرگرتنی ڤیزا؟

نووسەر لە پێش باردا دەنووسێ: ((بەڵام ئێستاش هێندێ کەسی خوێندەواری کورد لای وایە نووسەری بیرەوەری نابێ باسی خۆی بکا و سەربردە و شێوە بۆچوون و چەند و چوونی بەشداری خۆی بنووسێتەوە. گوایە ئەوە (خۆهەڵکێشان و یا بە زەق نیشاندانی دەوری خۆیەتی). لێرەدا نووسەر لەخۆڕا بیر و ڕای ((هەندێ خوێندەواری کورد)) دەر دەبڕێ، بێ ئەوەی بزانین ئەو خوێندەوارانە کێن و لە کوێدا

وایان نیشان داوە کە ((نووسەری بیرەوەری نابێ باسی خۆی بکا و سەربردە و شێوە بۆچوون و چەند و چۆنی بەشداری خۆی بنوۆسێتەوە)) نووسەر دەتوانێ ئەوەش بنووسێ و تا ڕادەیەکیش دوور بێ لە ((خۆ هەڵکێشان و یا بە زەق نیشاندانی دەوری خۆی)) نووسەر لە زۆر شوێندا دەڵێ: بۆ ئەو مەبەستە: ((بەڵگەم بە دەستەوە هەن و لە ولأت پارێزراون)) ئاخۆ نەدەکرا ئەو بەڵگانە دەستکەونەوە؟ خۆ مادام بەڵگەکان لە شوێنێك شاردراونەوە و لەبەر دەست نین نابنە بەڵگە. نووسەر ئەگەر چی شارەزاییەکی چاکی لە زمانی کوردی و پەندی پێشینیاندا هەیە، بەڵأم نووسیویەتی دەڵێ: ((کتێبخانەش بە نان و ئاودا چوو)) ڕاستی ئەمەیە کورد دەڵێ: ((بە نان هات و بە ئاو دا چوو) ڕەنگە لە سولەیمانی وابڵێن. ! !

لە شوێنێکی تردا دەڵێ: ((چونکە بۆ حیزبی دیموکرات فیداکاری و خزمەت بە گەل و نیشتمان ئەوەندە جێگای بایەخدان نەبوو، ماستاو سارد کردنەوە و ڕیایی و مەرایی و دووزمانی بەرەوی پتر بوو..)) جێگەی داخە ئەو هەڵسەنگاندنە دەرهەق بە حیزبی دیموکرات بگوترێ. حیزبی دیموکرات وەك هەر حیزبێکی تر گیر و گرفت و کۆسپ و تەگەرەی خۆی هەبوە و هەیە. بەڵأم ڕاست نیە ئەمە بگاتە ڕاستی ئەو هەڵسەنگاندنەی یەکێك لە ڕابەرانی کەوا وێدەچێ لە گۆشەی ئازار چەشتنی خودی تاقە کەسی خۆی یا زیاترەوە گەیشتۆتە ئەو هەڵسەنگاندنە.)) (1x)

((.... نووسەر زیاتر لەوەی کە پێویست بێ، بەرگی هەشتەمی بیرەوەرییەکانی بە کار و باری تێکۆشانی تایبەتی و دەرکردنی لە

حیزبەوە گرتووە... دیارە کورد واتەنی ((کەس بە دۆی خۆی نالێ ترشە)) هەر لەو بەشەدا دەڵێ: ((ئەم سیستەمە لە نێو حیزبی دیموکراتیشدا دەگەڕێتەوە بۆ سیستەمی ڕێبەرایەتی ستالینی کەوا ئێستا گەندی دەرهاتووە و بە هەق دنیا زاری لێکردۆتەوە...)) لەمەش هەر مەبەستی ئەوەیە ((ڕێبەرایەتی ستالینی)) ناو بەڕێ و ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی پێ بکوترێ! لە کاتێکدا ستالین گوتەنی: ((زەمەن زامنە بۆ ئەوەی هەموو ئەو پۆخڵەواتانە ڕامالێ کە دوای مردنی دەهاوێژرێنە سەر گۆڕەکەی)) یان هەوڵی بەدناو کردنی دەدرێ.

هەروا نووسەر دەڵێ: ((چونکە قەوارەی حیزبەکە تەنانەت دوای سەپاندنی ناوی سۆسیال دیموکراتیش هەر ((سانترالیزمی دیموکراتیە)) واتە ئەو یاسایەی کە دیموکراسی پێ سەرکوت دەکرێ. ئەمە لە لایەن ڕێبەرایەتییەوە، بەڵام لە لایەن ئەندامانی دڵسۆزەوە، پاراستنی یەکێتی بووە لەسەر حسابی پێشێلکردنی دیموکراسی))

لێرەدا چەند بابەتێك جێگای سەرنجە:

یەکەم: جا ئەگەر وابێ حیزبی دیموکرات ((سانترالیزمی دیموکراتی)) پەیڕەو کردبێ، چۆن ئەو پەشێویەی توش دەهات کە نووسەر لە بیرەوەرییەکانیدا باسیان لێوە دەکات.

دووەم: بە پێی لێتێگەیشتنی ئەو باوەڕە چۆن حیزب دەکرێ بە سێ بەشەوە:

ڕێبەرایەتی و ئەندامانی دڵسۆز و، دیارە نادڵسۆزیش، کێ ئەوە بڕیار دەدا؟

سێیەم: بۆچی بە سانترالیزمی دیموکراتی ئەگەر ڕاست وەك خۆی پەیڕەو بکرێت، دیموکراسی سەرکوت دەکرێت؟ پاشان کەی ئەوە یاسایە؟!

چوارەم: بۆچی دەبێ ((پاراستنی یەکێتی)) کە کارێکی باش و پەسندە. لە سەر حیسابی ((پێشێلکردنی دیموکراسی)) بێ؟

ئینجا لەم بەرگەدا نیشانە بە نووسراوی (ئیگۆر کلیامکین) ناوێك کە گوایە کەمایەتی لە حیزبی شیوعی سۆفێیتدا سەرکوتکراوە و دیکتاتۆری پرۆلتاریا بە ((دیکتاتۆری ستالین)) ناو براوە و گوایە ((ئەسڵی دیموکراسی لە ژێر ئەسڵی یەکێتیدا پێشێلکراوە)) بێ ئەوەی سەرچاوەی وتارەکە بنووسێت. (X)

با لێرە دا بابدەینەوە سەر قاسملوی شەهید کە نووسەر چەندان جار ناوی هێناوە. قاسملو کەسێکە وێڕای هەموو کەم و کورتی و ناتەواویەك، شەهید کراو، ژیانی خۆی لە پێناو مەسەلەی ڕەوای گەلی کورددا بەخشی. وێڕای ئەوەی زانا بوو، خۆ ئەگەر تەنیا وەك نووسەر تەماشای بکەین، جگە لەوەی کە ڕابەریشە بۆ ئەوە نابێ وا بە توندی هێرشی ببرێتە سەر کە هەندێ جار لە سنووری ڕەخنەی دەرکردوە و گەیشتۆتە ئاستی هێرش و تاوانبار کردن. باسی چەندان ئەندامی حیزبی کردووە کە قاسملو کردبوونیە ئەندام، وەك بەو کارە هەڵە یان تاوانێکی کردبێ. ئاخۆ نەدەکرا لە کات و شوێنی خۆیدا، ئەگەر بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی حیزب وانەبێ ئەو بوارەی نەدرێ و بە ڕێگەی ڕاست ئەندامان وەربگیرێن. وێڕای ئەوە چەند جار وشەی ((قاسملو و نۆکەرەکانی)) نووسراوە. ئاخۆ ئەمە زیادە ڕەوی نیە؟ یان ئەوەی دەڵێ: ((بۆم

دەرکەوت قاسملو خائینە)) بێ ئەوەی مەلا ڕەسوڵ کە ئەوەی نووسیوە ئەو خەیانەتەی قاسملو بسەلمێنێ.

بەڵام لێرەدا سەرنج دەدرێ کە مەلا ڕەسوڵ دوو مەبەستی بەرەو ڕووی برای نووسەری بیرەوەرییەکان کردۆتەوە. لە لایەکەوە پێی دەڵێ ((دەبنەوەڕا ئاگام لێت بوو هێندێك وردە نەزمت هەبوون)) ئینجا دانی پێدا ناوە کە ((کێشەی من و تۆش: مەبەست خۆی و کەریمی حسامیە– زۆر کەمی لەسەر شتی سیاسی بوو)).

لەبەرگی نۆیەمدا باسی ئەوەی کردووە کە ڕۆژی ۷/۱۰ دایکی سەلیم (خێزانی کاك کەریم ئەحمەد بە بۆنەی سەری ساڵی شەهید بوونی سەلیمی کوڕی داوەتێکی گەورەی ساز کردبوو) لێرەدا پێویستە بگوترێ: هاوڕێ کەریم کوڕی نیە بەناوی سەلیم بەڵکو لەسەر نەزمی عەرەبی کەریم بە (ئەبو سەلیم) ناو دەبرێ. یان بەناوی کوڕی گەورە. دەبێ ئەوەش بگوترێ کە کوڕی دووەمی هاوڕێ کەریم کە ناوی بۆتان بوو شەهید کرا.

نووسەر نامەی گەلێك کەسی بلاّو کردۆتەوە کە هەمووی پڕ لە هێرشە بۆ سەر حیزبی دیموکرات و بە هەڵە دەرکردنی سیاسەتەکەی. لە کاتێکدا خودی نووسەر و ئەو کەسانەش دەیانتوانی ڕۆڵێکی گرنگ لە خەباتی نێوخۆییدا بگێڕن، بەڵام زیاتر کاتێك دەنگیان بە هاوار و هێرش بەرز کردۆتەوە کە لە دەرەوەی حیزب دابوون. مامە غەنی زۆر ڕاستی هێناوە کە دەڵێ: ((پێویستە ئەوەش بڵێم ئێمەش تاوانبارین لەناو حیزبدا لە جیاتی یەکترگرتن و ڕێگای چارە دۆزینەوە، گۆڕەپانی ولاّتمان بۆ ئەوان خاڵی کرد تاکو تیا ڕمبازی بکەن و بە شێنەیی خۆ تەیار کەن و لە

ژێرەوە ڕای خەڵک سەبارەت بە ئێمە بگۆڕێن)) دیارە ئەم بەرگە زیاتر نامەکانی مامە غەنی گرتۆتەوە. (x1)

نووسەر ڕەخنەی ئەوە لە کاک عەبدوللاّی حەسەنزادە دەگرێ کە ((مەلا عەولاّی حەیاکی کە بۆتە عەبدوللاّ حەسەن زادە)) نازانم ناوبراو لەو دوو ناوییەدا و لە گۆڕینیدا – ئەگەر بووبێ دەبێ چ تاوانێکی کردبێ؟ نووسەر وەلاّمی نووسینەکەی حەسەن زادە دەداتەوە کە بەسەردێڕی (نیو سەدە لە تێکۆشان) نووسیویەتی، دەڵێ: ((عەولاّ حەسەن زادە لە ساڵی ۱۹۵۳وە دەست پێدەکات گۆیا باسی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات دەکا کە ئەودەم نە ئەندامی حیزب بوە و نە ئاگاداری چۆنیەتی تێکۆشانی حیزب)) بەلاّم ئەگەر لە ڕایەکەی کاک کەریم ورد بینەوە بۆمان دەردەکەوێ کە تەنانەت ئەندامەتی حیزب مەرج نیە بۆ نووسینەوەی مێژووی تێکۆشان. لە کاتێکدا بە پێی نووسینەکەی کاک کەریم، عەبدوللاّ لەساڵی ۱۹۵۳وە ئەندامە، کەسانی وا زۆرن کە مێژووی تێکۆشانی چەند حیزب و بزووتنەوەیان نووسیوە و زۆر چاکیش تێیدا سەرکەوتوون، بێ ئەوەی ئەندامی حیزبەکەش بووبن. ئاخۆ عەبدوللاّی حەسەن زادە مێژووی تێکۆشانی خۆی نووسیوەتەوە تا وەک حسامی دەڵێ ۲۸ ساڵ بکاتە نیو سەدە، یا مێژووی تێکۆشانی نیو سەدەی حیزب.)).

لە شوێنێکیتردا لە باسی حەسەن زادەدا دەڵێ: ((کینە و بوغزی حیقدی مەلایانەی خۆی دەر ببڕێ...)) بەش بە حاڵی خۆم ئەمەم زۆر پێ سەیر بوو، چونکە تا ئێستا نەمبیستوە مەلایان ((کینە و بوغز و حیقدی مەلایانە)) یان هەبێ! (x11)

هەر لەم بەرگەدا ئەوە بیرەوەری کراوە کە لەناو پاپۆڕدا، توشی چەند کوردێکی دانیشتووی لوند بوە و هەر لەوێ یەکتریان ناسیوە، ئاخافتنەکەیانی بلاّو کردۆتەوە، بە جۆرێك وەك ویسکی خواردنەوە و یاریکردنەکەیان بۆ کاتی ناو پاپۆڕ بەسەر بردن تاوانبێ... سەرنجی ئەوەشی نەداوە کە ((لەکاتی خواردنەوە قسە گومرگی لەسەر نیە)) لەوێدا دەلّێ: ((لە دەریای بەلّتێکەوە لە قوماری پۆکەردا رێگای چارەنووسی کوردیان دەستنیشان دەکرد و بیر و ڕا و پێشنیاری جۆر بەجۆریان دەردەبڕی)) ! ! نووسەر هێشتا داخی ئەوەش دەخوا کە دەلّێ: ((نەکرا قسەکانیان یادداشت بکەم و بۆ سەرگەرمی خوێنەرانی بەڕێز لێرەدا بلاّویان بکەمەوە)) ! هتد... لە ڕاستیدا ئەمە کارێکی نەگونجاوە و لە خانەی تانە و تەشەر بلاّو کردنەوە بەولاوە ناخرێتە خانەیەکی تر.

نووسەر وتەیەکی مامە غەنی نووسیوە کە لە نامەیەکی وەرگرتووە و دەلّێ: ((بەیانی حەقیقەتی تەئریخی بۆ هەمیشە حەشار نادرێ و مرۆ دەبێ بە (صەداقەت) و ڕاشکاوی ڕاستیەکان دەرخات.)) لێرەدا دەبێ بە هەلّەی چاپ (صراحەت) بوو بێ بە (صداقەت) و هەر دەبێ هەلّەی چاپ بێ کە هەوالّێکی دلّتەزێن بۆتە ((هەڤالّێکی دلّتەزێن)). نووسەر تەنیا لەبەر ئەوەی دوو کورد لە شاری ئارهوس لە دانیمارك ڕەخنەیەکیان لێ گرتووە دەلّێ: ((جارێکی دیکەش بۆم ڕوون بۆوە کورد با چەند سالّیش لە ئەوروپا بژی، زەحمەت وایە بێتە سەر ڕێ و شوێنە باشەکانی ئەوروپا و واز لە کەللە ڕەقی کوردی بێنێ...)) من لای خۆمەوە ئەمە بە هێرشێکی ناڕەوا دەزانم بۆ سەر کورد و دوو

نمونەی تایبەتی نابێ بکرێتە گشتی و حوکمی پێ بدرێ و ((کەللە ڕەقی)) خاسیەتێکە دوژمنەکانمان بە سەریاندا بڕیوین چونکە هەردەم بەرەنگاریان بووینەتەوە.

لە لایەکی تریشەوە نووسەر، جگە لە کەللە ڕەقی هەندێ عادەتی سەیری داوەتە پاڵ کورد کە دەڵێ: ((پتر لە هەڵە و ڕەخنە و کەم و کوڕی دەگەڕێ و لە نێو هەزار لاپەڕە نووسیندا چاوی تەنیا هەڵەیەک و ناتەواویەک دەبینێ و لە ئاست ۹۹۹ لاپەڕەکەی تر چاوی ڕێپۆق دەکا....)) جارێکی دیکەش ڕوون بۆوە کورد با لە ئەوروپاش بژی و کار بکا، نابێ واز لە خەسڵەتی بێ قەولی خۆی بهێنێ.)) بێگومان ئەو جۆرە بۆچوونەی نووسەر بەرهەمی هەڵچوون و داخ لە دڵیە. ئەگەر نا کەی دەبێ بە چاوی ڕەخنە گیری تەماشا کردن ببێتە شورەیی یان کورد ((بە بێ قەولی)) ناوببرێ بە چەندان نموونەی تاك تاکیشمان بەدەستەوە بێ؟ (x111)

نووسەر ڕەخنەی لە پرۆفیسۆر لازارێف گرتووە کە لەسەر مێزی خواردنەوە لە گەڵ دوو ژنی ڕووس و ژنەکەی د.ج. حەیدەری کە ئەویش هەر ڕووسە، باسی ((بار و دۆخی ئێستای کورد))ی بۆ نەکردووە کە کەلکی لێ وەربگرێت! جا ئایا ئەم ڕەخنەیە لە جێی خۆیدایە؟ نووسەر گەلێك نامەی بلاّو کردۆتەوە. لە کاتێکدا باشتر وابوو لە شوێنی خۆیدا لە باسێکی بیرەوەرییەکاندا کەڵك لە نامە وەربگرێ... لە وتاری سێ مانگ لە شەهید بوونی د. قاسملودا نووسەر هێرشێکی توندی بردۆتە سەر مەلا عەولاّی حەیاکی کە گوایە ((بە درۆ فرمێسکانی بۆ هەڵدەوەرێنێ...؟ داخوا ئەو هێرشە لە جێی خۆیدایە؟

بلاّو کردنەوەی دەقی وتوویژی چاپەمەنی و گەلێك بەرهەمی تر شوێنی زۆریان لە بیرەوەرییەکان گرتووە. لە کاتێکدا جێگای ئەوان تەواوی بەرهەم و نووسراوەکانی نووسەرە. نووسەر لە وتوویژەکەیدا لەگەلّ کوردستان پرێسدا باسی ((ستراتیژی یەکگرتوو)) بۆ هەموو کورد و کوردستان دەکا، لەگەلّ هەولّدان بۆ هێنانەدی مافی چارەنووس وەك درۆشمی رۆژ. ڕاستە ستراتیژی یەکگرتوو مافی چارەنووس هیوا و ئامانجی بەرز و پیرۆزن. بەلاّم ئاخۆ ئەمە بازدان نیە بەسەر هەل و مەرجی کورد و کوردستاندا کە نیشتمانەکەی بە چوار پارچە بەسەر چوار دەولّەتدا دابەشکراوە و هەر پارچەیە هەل و مەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتی.... هتد تایبەتی خۆی هەیە؟ ئایا نابێ حیزب و هێزە سیاسیەکانی هەر پارچەیەك بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە کار و باری تێکۆشان لە بەشەکەی خۆیاندا بدات و دەست نەخەنە کار و باری ناوخۆی پارچەکەی تر‌ەوە؟... هتد.

نووسەر لە باسی کۆنفرانسی پاریسدا دەنووسێ: ((بەلاّم واش نیە کە مرۆڤ نە کارێ بە گوێرەی بۆچوون و تێڕوانینی خۆی بە چاوێکی واقیع بینانە نەڕوانێتە کۆنفرانس و خالّە لاوازەکانی نەخاتە بەرچاو)) بێگومان لەم بڕگەیەدا (نەڕوانێتە) و (نەخاتە) هەلّەن و دەبێ بگوترێ: نەکارێ: (بڕوانێتە) و (بخاتە) بەرچاو... هتد.

دواجار دەلّێم بیرەوەرییەکانی حسامی، وێڕای هەندێ کەم و کورتی و ناتەواوی شوێنی خۆیان لە نامەخانەی کوردیدا گرتووە و بایەخێکی گرنگیان هەیە. بەتایبەتی کە بۆ یەکەمین جارە نووسەرێکی کورد وا بە فراوانی و ڕاشکاوی ڕاستیەکان بخاتە ڕوو. تاقیکردنەوەی وا بەنرخ

بخاتـە سـەر خـەرمانی تاقیکردنـەوەکانی گەلـە لێقـەوماو و نیشـتمان داگیرکراوەکەی و بە چـەکی ڕەخنـەی تیـژ و بـڕای سیاسـەتی حیـزب و ڕێکخراوە و بیر و ڕای کەسایەتیەکان شـی بکاتـەوە. هیـوادارم نووسـەر ڕەخنەکانم بە دڵێکی فراوانەوە وەربگرێ، بە تایبەت کە بە هیچ جـۆرێ لـە نرخـی بیرەوەرییـەکانی کـەم ناکەنـەوە. هیـوادارم تەمـەن درێـژ و پارێزراو بێ و بە بەرهەمی دیکەی بـە نـرخ، بـە نووسـین و وەرگێـڕان و نووسـینی لاپـەڕەی تـر لـە بیرەوەرییـەکانی، نامەخانـەی کـوردی دەوڵەمەندتر بکات. جەلال دەباغ- ١٩٩٧/٩/٥.

پەراوێزەکان:

١- بەرگی ٢ ل٣، ٥٩، ١٤٤ ، بەرگی ٣ ل ٦٠،٥٩، ١٠١، بەرگی ٤، ل ب- پێش دەستپێك، ل ١٤، ١٧

٢- بەرگی ٥، ل ١٤٩، ل ٢٢٢، ل ٢٦٨- ٢٨٦، بەرگی ٦، ل ٢، ل ١٢٩، ل ١٥٣، ل ١٨٧، بەرگی ٧ ، ل ١٠٠، ل ١٥١.

٣- بەرگی ٨ ، ل ١٦٢، بەرگی ٩، ل ٢٤٨، ٢٥٠ ، ل ٢٤٩، ل ٢٥٠ ، ل ٤٦.

٤- بەرگی ١٠، ل ١٣، ل ١٢، ل ٢٤، ٣٤، ٥١، ٦٠، ٢١٤، ٢١٥.

لێرەدا ئیتر (هەڵسەنگاندنەکەی) کاك جەلال دەباغ تەواو دەبێ. من لە شێوەی ڕەخنەی ئەدەبی و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی بابەتی ئەدەبی زۆر شارەزا نیم. ئەوەندەی بزانم لام وایە ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بابەتێکی ئەدەبی، سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، لقێکن لە ڕۆشنبیری گشتی کە هەر یەك لەوانە پسپۆڕ و شارەزای خۆیان هەیە و لەگەڵ ڕێنوێنی و مامۆستایی و شوێن دیاریکردنی دەقی نووسەر تۆزێ فەرقیان هەیە. من دەقی نووسینەکەی کاك جەلال دەباغم لێرە داهێناوەتەوە. بەڵای منەوە کاك جەلال ویستوویەتی لە سۆنگەی بەناو (هەڵسەنگاندنی بیرەوەرییەکاندا) هێندێ بەڕپرسیاریەت خۆی لە کاری حیزبی و ئاگاداری هێندێ ڕووداوە بخاتە ڕوو. وەك پسپۆڕێکی ڕەخنە و هەڵسەنگاندنیش ڕێنوێنی نووسەر بکا کە: (فلآن شت جێگای ئەوە نەبووە، یا فلآن شت بۆ وا نووسراوە، یان موناقەشەی مەسەلەیەك بکا کە چەند سالێ لەمەوبەر باسم کردووە، یا دەبوایە نامە لە شوێنی خۆیدا

بلاّو کرابایەوە و یا بۆچی باسی فلاّنکەس نەکراوە و یا دەبوایە پتر کرابایە و یا... و یاو ... هتد.) لەوەش زیاتر ویستوویەتی ئەرکی پارێزگاری و بەرگریی نا بە هەق لە حیزبی تودە و حیزبی دیموکراتی کوردستان و دوکتۆر قاسملو و عەولاّی حەیاکیش بگرێتە ئەستۆ و بە دیفاعیش لە تاوان و جنایەتەکانی ستالین و (سانترالیزمی دیموکراتی) قەپاتی بکا. بە بۆچوونی من ئەوانە نە ئەرکی وبین و نە پەیوەندیان بە هەلّسەنگاندنی بابەتێکی ڕەخنەییەوە هەیە. بەلاّم دیسان گەلێ سوپاس بۆ زەحمەتی کاك جەلال هێندێ بۆچوونی خۆم کە بۆ ڕوونکردنەوەی کاك جەلال بە پێویستم زانیون لە ژێرەوە بە گوێرەی ژمارە دانانی نێو دەقەکەی کاك جەلال دەباغ دەیان نووسمەوە و هیوادارم خوێنەر ڕوونکردنەوەکانی منیش هەروەك دەقی هەلّسەنگاندنەکەی کاك جەلال بخاتە بەرچاو.

١- کاك جەلال دەباغ لە باسەکە لایداوە و شتەکانی تێکەلێ کردووە. ((شیوعیەت)) و شیوعی لێ تێکچوە. فەرقی نێوان ((شیوعیەت)) وەك مەرام و بیر و باوەڕ لە گەلێ ((شیوعی)) وەك تاکێکی ئەندامی حیزبێکی شیوعی فەرقی زۆرە. من نەمگوتوە ئەم قسەی کاك جەلال بێتوشی پێوەندی بە (شیوعیەتەوە) هەیە. من گوتوومە ((جەلال بێتوشی شیوعی بوو)). ئیتر بەلّگە هێنانەوەی کاك جەلال دەباغ لە جێی خۆی نیە. خۆ من باسی شیوعیەت ویا سیاسەت و هەلّوێستی حیزبی شیوعیم نەکردووە. وتەی برادەرێکی شیوعیم بیستوە و گێڕاومەتەوە. خۆ کاك جەلال ناتوانێ بلّێ جەلال بێتوشی ئەودەم شیوعی نەبوو. بۆ کاك جەلال پێی وایە کابرای شیوعی قسەی بێ جێ ناکا و تووشی هەلّە نابێ.؟

ئەگەر کابرایەك ویا تەنانەت حیزبی شیوعی هەڵەیەکی کرد- کە زۆر کراوە – لام وانیە پێوەندی بە شیوعیەتەوە هەبێ. منیش باسی ((شیوعییەت))م نەکردووە.

٢- پێم سەیرە کاك جەلال دەباغ بۆچی پستەکەی نووسینەکەی منی تەواو نەکردووە. من نووسیومە ((نامەم بۆ کاك حەسەنی قزڵجی نووسیوە و داوام لێکردوە کە لەسەر وەزعی کوردستان و بێبەشی خەڵك و زوڵم و زۆریی ژاندرمە و سیاسەتی دەوڵەت بەرانبەر بە گەلی کورد وتار بڵاو بکاتەوە)) کاك حەسەن لە وەڵامدا نووسیبووی ((ئێمە دەبێ وتارە فارسییەکان بکەین بە کوردی و بڵاویان بکەینەوە هەقی هیچی دیکەمان نیە.)) کاك جەلال دەباغ ئەم قسەیەی کاك حەسەنی قزڵجی پاشقول داوە و دەڵێ: ((زۆر شت لەسەر کورد و مەسەلەی کورد بڵاو دەکرایەوە، بەڵام ((لە ئاستی پێویست نەبووە)) سەیرە، هەر لەم لاپەڕەیەدا باسی نامەی من ناکا کە لەسەر بڵاو نەکردنەوەی دەنگ و باسی کوردستان و وتار لە بارەی وەزعی کورد و یادی ڕۆژە مێژوویییەکانی گەلی کورد لە ((پەیکی ئێران)) دا، ڕەخنەم لە حیزبی تودە گرتووە و ئیرەجی ئەسکەندەری بەرپرسی تەبلیغاتی حیزبی تودەی ئێران لە تاریخی ١٩٦١/٨/٢ بە ژمارەی ٢٩٣ نامەیەکی بۆ نووسیوم و دەڵێ: ((بیرخستەوەی تۆ لەم بارەوە کە وتارەکانی ڕادیۆی ئێمە بە زمانەکانی ئازربایجانی و کوردی دەبێ مەتڵەبی تایبەت بە ئازربایجان و کوردستان بڵاو بکەنەوە، بیر خستنەوەیەکی تەواو ڕاستە. تا ئێستا نەمانتوانیوە ئەم نوکتەیە لە تەبلیغاتی ڕادیۆیی خۆماندا لە بەرچاو بگرین...)) ئێستا بۆچوونی کاك جەلال ڕاستە کە دەڵێ: ((زۆر

شت لەسەر کورد و مەسەلەی کورد بلاّو دەکرایەوە)) یا ئیعترافی بەرپرسی تەبلیغاتی حیزبی تودە ویا نووسینەکەی من؟

٣- لە وەلاّمی ئەو هەموو ((ئایا)) یانەی کاك جەلال کە دیار نیە دەکەونە کام خانەی ((هەلّسەنگاندن)) من لە کاك جەلال دەپرسم: لە کویّ و کیّ باسی ((ناپاکی قاسملوی کردوە کە تۆ مەسەلەی پاکی)) باسدەکەی؟ لەم بارەوە کە دەنووسیّ: ((هیچ مەرج نەبوو قاسملو لەگەلّ برادەرەکانی بژی. کە لەگەلّ کەسانی بەرپژی وەك خەسرەو تۆفیق و نیژاد و هەمزە عەبدوللاّ ژیاوە دەبیّ کەمایەتی چی تیّدابیّ و باسی کام ((راپواردن)) دەکریّ)). دەبیّ بلّیّم من ((راپواردن)) بە مەفهوم و تیّگەی خەلّکی سلیّمانی بەکار ناهیّنم. سەرجەمی ژیان چاك و خراپ، خۆشی و ناخۆشی، خەو و بیّداری، گشتی بە راپواردن دەژمیّردریّن. بەلاّم ئەوەی کە دەلّیّی: ((ژیان لەگەلّ ئەو بەرپژانە دەبیّ کەمایەتی چی تیّدابیّ)) بە قەولی کاك محەمەدی راپانی ئەوە مەسەلەیەکە دەبیّ تیّی بگەی. کەمایەتی ئەوەی تیّدا بوو کە تووشی هاتین کە لە عیّراق وەدەریان ناین. خۆ من لە بەرگی دووەمی بیرەوەرییەکانم باسی ئەو کەمایەتییەم کردووە. کاك جەلال ئەو بەشەی نەدیوە. ئەو کەمایەتیەی تووشی هاتین کاك جەلال لیّی تیّناگا، من پتر هەست بەو کەمایەتیە و بەو زیان و ئازارە دەکەم کە لە سۆنگەی هاتوو چۆی ئەو بەرپژانەوە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی ئەوکاتی حیزب توشی هات. ئەم دەردە من هەستی پیّدەکەم نەك کاك جەلال.

٤- کاك جەلال کەوا ئەوەندە لە سیاسەتی لەباری حیزبی تودەی ئیّران سەبارەت بە مەسەلەی کورد ئاگاداراە، دەبوایە لانی کەم یەك دوو

بەڵگە و دوکۆمێنتی ئەو حیزبەی وەك نمونە باسکردبایە. من ئەگەر باسم نەکردوون ڕاستە بەهەڵە چووم. دەبوایە ئەو نووسراوانەی حیزبی تودەم باسکردایە کە داوای لە کوردەکانی ئێران دەکرد، واز لە حیزبی دیموکرات بێنن و بێنەوە نێو حیزبی دایك. کە حیزبی دیموکراتیان بە ((چد انقلاب)) دادەنا و بوختانیان پێ دەکرد کە نۆ میلیۆن دۆلاری لە ناتۆ وەرگرتوە و لە جەنگەی خەباتی دژوار و پەلاماری حکومەتی ئاخوندیدا ڕیزەکانی حیزبی دیموکراتیان تێکدا و ئەندامانی حیزبی دیموکراتیان بردەوە نێو حیزبی دایك. بەڵام کاك جەلال دەباغ ئەوساش وەك عادل حەببە هەر (حیزبی برای) پێ ڕاست و لەسەر هەق دەبوو، دیفاعیشی لێدەکرد. تۆ بڵێی بە قەولی دکتۆر رادمەنشی ڕەحمەتی (مارکسیستە کوردەکانی کوردستانی ئێران) ڕێبەرایەتی حیزبی تودە لە کاك جەلال دەباغ باشتر نەناسن؟!!

٥- هێندێ لەم ڕوونکردنەوانەی کاك جەلال پێم وانیە پێوەندیان بە ((هەڵسەنگاندنی)) بیرەوەرییەکانی منەوە هەبێ. لە بارەی ((مەفرەزەی ملازم ئەحمەد)) من دەقی نامەی حەمەدەمینی سیراجی -م بڵاو کردۆتەوە. کاك حەمەدەمین نەیگوتوە: ((دەستەی ملازم ئەحمەد لە لایەن بارزانیەوە تەکلیف کراوە)) کاك حەمەدەمین دەڵێ: ((لە سنوورەکاندا مۆڵیان خواردوە و چاوەڕوانی ئەمری سەرۆکن)). ئەمە فەرقی زۆرە لەگەڵ تێکەڵکردنی کاك جەلال. کاك جەلال دەنووسێ: ((لە نامەیەکدا ناوی کاکە شوان هاتووە کە دیارە مەبەست لە حیزبی شیوعی عێراقە بەڵام ئەوە ڕوون نەکراوەتەوە.)) پرسیار ئەوەیە. دەبوایە چی ڕوون بکرێتەوە؟ بۆچی نووسەر مەجبوورە بڵێ ئەوە

حیزبی شیوعی عێراقیە کە ڕەمزێك بووە بۆ گۆڕینەوەی نامە لە نێوان برادەرانی خۆیانەوە، تۆ بڵێی ئەم بۆچوونەی کاك جەلال ڕەخنە و هەڵسەنگاندنی بابەتی بێ؟

٦- نازانم خوێنەری کورد لەسەر ئەم هەڵسەنگاندنەی کاك جەلال دەبێ ڕای چۆن بێ؟ بە بۆچوونی من بوون و نەبوونی ئەندامەتی من لە حیزبی تودە دا هیچ پێوەندی بە کاك جەلال و ((هەڵسەنگاندن))ەوە نیە. من قەت دەرویش نەبووم. سەربەخۆیی خۆم لە هەزر و کردەوەدا پاراستووە. بە شانازی دەزانم کە بە قسەی ڕێبەرایەتی حیزبی تودە پشتم دە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کورد نەکردووە. کاك جەلال پێی وایە نقورچ گرتن لە سکرتێری گشتی حیزبێك کوفرە و نابێ بە گاڵتەش باسی بکرێ. پاشان دەڵێ: ((وای نیشان داوە کە لە لایەن تەرەفی تودەوە هیچ نەکراوە)) من کە سەر و کارم لەگەڵ سیاسەتی حیزبی تودە هەبووە ئەوەم نووسیوە و ئێستاش دەڵێم کە هیچ نەکراوە و حیزبی تودە لە سەر مەسەلەی نەتەوەیی سیاسەتێکی ڕوونی نەبووە و سیاسەتێکی تێکدەرانەشی هەبووە. کاك جەلال کە ئەندامی حیزبێکی دیکەیە و دیارە لە مەسەلەکانیش ئاگاداڕە، بەڵام ئاگای لە هەڵوێستی ڕێبەرایەتی حیزبەکەی خۆی نیە کە لەسەر حیزبی دیموکرات ڕەخنەی توندتریان لە حیزبی تودە گرتوە، پێم خۆش بوو ڕوونی کردبایەوە کە حیزبی تودە بۆ کورد و بەتایبەت بۆ قۆناغی باسکراو چی کردوە؟

٧- ڕوون نیە کە کاك جەلال دەیەوێ بڵێ چی؟ دەنووسێ: ((نووسەر لەسەر پشتگیری و میواندداری و هاوکاری کوردانی کوردستانی عێراق شتێکی وای نەنووسیوە. بەڵام لە بەرگی چوارەمدا دانی پێدا ناوە...))

نازانم کاك جەلال دەیەوێ بڵێ چی؟ من نووسیومە: ((ئەگەر خۆم لە قەرەی ئەم باسە دابایە (واتە میواندارى بۆ کوردەکانى کوردستانى عێراق) دەبوایە بەرگێکى بۆ تەرخان بکەم.)) بەڵام کاك جەلال لێرەدا چاکى بۆ چووە. ڕاستە کوشتارى کوردەکانى ئێرانم بە دەستى کوردەکانى کوردستانى عێراق بە تەواوى باس نەکردوە. کاك جەلال با پەلە نەکا لەم بەرگەدا هیوادارم بتوانم باسى میواندارى هێندێ هێزە سیاسیەکانى کوردستانى عێراق بکەم کە چۆن تێکۆشەرانى کوردستانى ئێرانیان بە دەستبەستراوى داوەتەوە بە حکومەتى ئاخوندى ئێران و خۆشى دەیتوانى باسى ئەوە بکات کە پتر لە سەت کوردى کوردستانى ئێران لەژێر دەسەلاتى کوردایەتى کوردستانى عیراقدا بە بێتاوانى کوژراون.

٨- دەکرێ لە کاك جەلال بپرسین کە چ پەیوەندییەکى بە ڕەخنە گرەوە هەیە کە نووسەر نامە یا وتارێکى دەستەى نوێنەرایەتى حیزبێك ویا نهێنى حیزبێکى تر کە کاك جەلال ئەندامى وى نیە، بەڵێ دەکاتەوە.؟ نووسەر بۆ سەربەست نیە لەوەدا کە چ شتێك بنووسێ ویا بڵێ کاتەوە. تۆ بڵێى کاك جەلال لە من زیاتر لە بارەى نهێنى و کارەکانى حیزبى دیموکراتى هەبێ؟

٩- وادیارە کاك جەلال سەبارەت بە هەستى تونديى ئینترناسیۆنالیستى ئەرکى بەرگرى لە سەلاح بەدرەدین و قاسملو و حەسەنزادە و سیراجى و حیزبى دیموکراتى گرتۆتە ئەستۆ کە دەنووسێ: ((کەى ڕاستە سکرتێرى ڕێکخراوەیەك ژیانى خۆى بخاتە مەترسییەوە)) دیارە کاك جەلال مەترسى بۆ سکرتێر بە ڕەوا نازانێ،

بەڵام بۆ تێکۆشەرێکی تر ئەگەر سکرتێر نەبوو، بکەوێتە بەر گوللە بارانیش قەیناکا..! یان دەنووسێ: ((کام حیزب دەتوانێ ئەو پێشنیارە بێنێتە دی... یان ((داخوا بەڵگە هەن یا نین و چۆن ناگەنەوە دەست!)) .... یا داخ لەوە دەردەبڕێ کە ((ئەو هەڵسەنگاندنە دەرهەق بە حیزبی دیموکرات بگوترێ!)) نازانم کاك جەلال چۆن ڕێگا بە خۆی دەدا کە خۆی لە ئەندامی سەرکردایەتی حیزبێك سەبارەت بە نهێنی کاری ئەو حیزبە و کەم کوڕی تەشکیلاتی بە شارەزاتر بزانێ و قسەی لێ بکات؟ڕوونکردنەوەی ئەو هەموو ((ئایا)) نە کاتێکی زۆری گەرەکە. خۆ کاك جەلال خەڵکی سلێمانییە و وەك خۆشی دەڵێ بە ئێرانیشدا تێپەڕیوە و لێشی لاداوە، چۆن ئاگاداری ئەم شیعرە پڕ بایەخەی سەعدی شیرازی نەبووە و نیە کە دەفەرموێ:

---- نهاد طفل بد را دایه داند---- بدی همسایه را همسایه داند

کاك جەلال هەر بەوەندە کە وەك خۆی دەڵێ: ((هێندێ جار لە نێزیکەوە لە مەهاباد بووم و یان ڕاگوزەر بە شار و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی ئێراندا تێپەڕ بووم زۆرم دەخوێندەوە...)) پێی وایە ((حیزبی دیموکرات سەرقاڵی شتە ورد و بچووکەکان بوە بایەخی بە مەسەلە گەورەکان نەداوە دەنا دەیتوانی لەوە زیاتر ڕۆڵی هەبێ نەك تەنیا بۆ کوردستان بەڵکو بۆ تەواوی ئێران.)) کاك جەلال کە هەڵسەنگاندنی بیرەوەری گەیاندۆتە شارەزایی لە کەم و کوڕییەکانی حیزبی دیموکراتیش. دەبوایە ((مەسەلەی گەورە و شتی بچوك و ڕۆڵی جیاوازی)) ڕوونکردبانەوە تا حیزبی دیموکرات بۆ ئێستا کەڵکیان لێ وەربگرێت، !

١٠- کاك جەلال دێتە سەر دیفاع لە ((سانترالیزمی دیموکراتیك و جینایەتەکانی ستالین.)) و دەنووسێ ئەگەر وابێ حیزبی دیموکرات سەنترالیزمی پێڕەو کردبێ چۆن ئەو پەشێویەی توش دەهات کە ....)) جا من لە کاك جەلال دەپرسم: حیزبە کۆمۆنیستەکانی ولآتانی خەریك بوژانەوە و سەرمایەداری و بەناو سۆسیالیزم ((سانترالیزمی دیموکراتی)) یان وەك ئایەتی قورئان پێڕەو دەکرد، ئەدی ئەوان بۆ تووشی ئەم ڕۆژە هاتوون و ناچار بوون لێی پەشیوان بوونەوە وازیان لەو ((ئایینە)) هێناوە. لام وانیە حیزبێکی کۆمۆنیست هەبێ ئێستا ((سانترالیزمی دیموکراتی)) لە پێڕەوی خۆیدا هێشتبێتەوە، حیزبی دیموکرات نەبێ. لە بارەی ڕوونکردنەوەی ئەوە کە ((دیکتاتۆری پرۆلتاریا)) بۆتە دیکتاتۆری ستالین و ٢٩ ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و پۆلیتبیرۆی حیزبی کۆمونیستی سۆڤێتی پێ ئیعدام کردووە، داوای سەرچاوە دەکات. لام وایە سەرچاوەی باوەڕ پێکراوی حیزبە کۆمونیستەکان یەکجار زۆرن ئەگەر کاك جەلال حەوسەڵەی هەبێ بیانخوێنێتەوە. ئەوەی من لە قەولی (فیلسوف ئیگۆڕگلاٚمکین) لە بەرگی هەشتەمدا هێناومەتەوە، لە گۆڤاری ((دنیای تازەی)) چاپی ڕووسیادا بلاٚو کراوەتەوە. ڕۆژنامەی (کار ژمارە ٣٢ ئۆرگانی سازمان چریکهای فیدایی خلق ئەکسەریەت) کە سەردەمێك قەت لە کاك جەلال کەمتر پابەندی (سانترالیزمی دیموکراتیك و دیکتاتۆری پرۆلتاریا) نەبوون، بلاٚوی کردۆتەوە. بە ڕاستی پێم وانیە لە ڕۆژگاری ئیمڕۆدا جگە لە کاك جەلال دەباغ کەس زات بکا دیفاع لە تاوان و جنایەتەکانی ستالین بکات و سەنترالیزمی دیموکراتیش کە لەسەردەم و بارودۆخێکی تایبەت دا

لێنین هێنایە نێو پیرەوی حیزبی کۆمونیست، بیر و هزر و باس و ڕادەبڕینی لە نێو حیزبدا پێ لە کۆت و قاڵب بدات.

١١- کاك جەلال باسی (پێڕەوی ناوخۆی حیزب) دەکات کە بیر و ڕای ئەندامانی حیزب و دیموکراسی نێو حیزبی پێ خەفە کراوە. دەبێ لە کاك جەلال بپرسین: داخوا تۆ ئاگات لەوە هەیە کە ئەندامانی کۆنگرەی چواری حیزبی دیموکرات چەندە بە گوێرەی (پێڕەوی ناوخۆی حیزب) بەشدار بوون و ئەوانەی بوون بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی چەندەیان ئەوەم ئەندامی حیزب بوون؟ پاشان من لەکوێ باسی خیانەتی دکتۆر قاسملوم کردووە کە تۆ وا بەهەڵە دەیخەیە نێو کەوانەوە.؟ کەی ئەوە دەربڕینی ڕاستی و هەڵسەنگاندنی بابەتی و زانایانەیە.؟ کاك جەلال! بێگومان زۆر لە تۆ زیاتر دکتۆر قاسملو دەناسم، زۆر لە تۆش زیاتر ڕێزم بۆی هەبووە، زۆر لە تۆش زیاتر هەست بە زیانی نەمانی دکتۆر قاسملو دەکەم. بەڵام فەرقەکەمان لەوەدایە من سەبارەت بە بەرژەوەندی بزووتنەوەی میللەتەکەم خەرقەی دەروێشیم فرێداوە. بە فکری خۆم بیردەکەمەوە و بە توندی بوتپەرستی مەحکوم دەکەم و بە قازانجی بزوتنەوەی کوردی نازانم. ئێمە حەفتا ساڵ بە ناهەق بە ستالینمان هەڵاڵ گوت و قەت جارێك لە ئاست چەوتی و هەڵە و نەبوونی دیموکراسی لە وڵاتانی سۆسیالیستی و لە ئاست سیاسەتی چەپەڵی وان لە پەیوەندی لەگەڵ ڕژێمە فاشیست و دیکتاتۆرەکانی ئێران و عێراق و تورکیادا، زارمان هەڵنەپچڕا و زمانمان نەگەڕا. تۆ بڵێی کاتی ئەوە نەهاتبێ ئەم ڕەوشە ڕەش بکرێتەوە و بە ڕاستی و بێ دەمار گیری وشکە ڕۆیی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵك ڕاست بین و بێینە زمان.؟

کاك جەلال دەڵێ: ((لە کاتێکدا خودی نووسەر و ئەو کەسانەش دەیانتوانی ڕۆڵێکی گرنگ لە خەباتی نێوخۆییدا بگێڕن))

باشە ! کاك جەلال تۆ چوزانی لە نێو حیزبدا دەنگ بەرز نەکراوەتەوە.؟ لە نێو حیزبێکدا کە تۆ ئەندامی نەبووی. چۆن دەزانی ڕێگای خەباتی نێوخۆی حیزب هەبوە یان نا؟ چۆن ئەو نامانەت نەدیوە کە لەسەر کەم و کوڕی کاری سیاسی و تەشکیلاتی بۆ کۆمیتەی ناوەندی نووسراون.؟

کاك جەلال دەڵێ: ((تا ئێستا نەمبیستوە مەلایان کینە و بوغز حیقدی مەلایانەیان هەبێ))

بەڕاستی منیش پێم سەیردەبوو ئەگەر کاك جەلال شتی وای زانیبایە. چونکە کاك جەلال زیاتر بەکاری تیۆڕی مارکسیزم و کاری سیاسییەوە خەریك بووە شارەزای کۆمەڵی کوردەواری نیە. لە هەموو کوردستان بە شاز هەڵدەکەوێ دوو مەلا بە ڕاستی و لە ناخی دڵەوە پەسنی یەکتر بکەن. تۆ بڵێی کاك جەلال نەیزانیبێ و نەیبیستبێ کە هەر لەم قۆناخەدا کە ئەو باسی دەکات، مەلایەکی نیشتمانپەروەر و زانا بە دهۆ و هاندانی مەلایەکی تر تیرۆر کرابێت و حیزبی دیموکراتیش لەسەری نووسیبێت؟

١٢- کاك جەلال بەکار هێنانی وشەی ((کەللە ڕەق و بێ قەول)) بۆ کورد بە ((هێرشی ناڕەوا)) دەزانێ. کاك جەلال ڕاست دەکا، بەڵێ داخە، داخ لە دڵییە، داخە بۆ بار و دۆخ و ((خاسیەتێك کە دوژمن بەسەریاندا بڕیون)) کە ((کەللە ڕەقە، فریو دەدرێ، درەنگ تێدەگات، بێ قەولە، ئاخرەکەیشی بە قەولی زانای نیشتمانپەروەر و بەناوبانگی کورد مەلای گەورە:

فەقیر و جاهیل و ناخوێندەوارن- لە لای نەوعی بەشەر بێقەدر و خوارن

لەگەڵ یەك بەد ڕەوشت و بەد نیهادن- لە بۆیە وا کەساد و بێ مرادن

من لە .کاك جەلال دەپرسم بۆ ئێستا کوردی وا کەمن کە لە ئەوروپاوە دوور لە کۆڕی خەبات ڕێگای چارەنووسی کورد دەستنیشان دەکەن و جنێو و قسەی بێ تام لە نووکی خامەیان هەڵدەوەرێ.؟ دەربڕینی ئەم ڕاستیە، با تانە و تەشەریش بێ بۆ ناگونجێ؟ من ئەو کەسە نیم بە درۆ بە شان و باڵی کورد هەلاّ بڵێم و ئیمپڕاتۆڕی خەیاڵی بۆ دروست بکەم و بیکەمە ئەشڕەفی مەخلوقات و لە کەم و کوڕی و ناتەواوی و بێ مەبدەئی و بێ پڕەنسیپی چاو بپۆشم. بەشی پەسن و پێهەڵاگوتن بۆ کاك جەلال بەجێ دێڵم. من لام وایە کوردیش وەك هەموو نەتەوەکانی جیهان ئینسانی باش و زانا و نیشتمانپەروەر و جوامێر و تێکۆشەری تێدایە و چەندی بڵێی نا ئینسان و خۆ فرۆش و بێ بیر و باوەڕ و هەلپەرست و نۆکەر سیفەت و ترسەنۆك و درۆزانیشیتێدایە.

١٣- بەداخەوە کاك جەلال جگە لەوە کە مەسەلەکان لە جێی خۆیدا باس ناکات، دەستیش دەگەیەنێتە دەقی نووسراوەکانی من. ساڵی ١٩٩٨ لە وتووێژێکدا کە کاك جەلال باسی دەکات گوتوومە: ((بەلای منەوە بۆ کوردستان مافی دیاری کردنی چارەنووسە کە دەبێتە دەوڵەتێکی ئازاد و سەربەخۆ و ئەشێ لە ئامانج و ستراتیژیدا ئەوە دیاریبکرێت. ئەو ستراتیژییە پێویستە ناوەندێکی لە دەرەوەی وڵات هەبێ و مەسەلەی کورد لە جیهاندا بێنێتە گۆڕێ. هەموو حیزب و ڕێکخراوی کوردیش کۆمەکی پێ بکەن و ڕێبەرایەتی سیاسی دەرەوەی لە ئەستۆ بێت.)) ئیتر من نەمگوتووە ((وەك دروشمی ڕۆژ)) بڕوانە

کەریمی حسامی لە بیرەوەرییەکانم بەرگی دەیەم لاپەڕەی ٤٢.

کاك جەلال ((دروشمی پۆژی)) لە قسەکانی من زیاد کردووە تا مەیدان بۆ قسەکانی دوایەی خۆش بکات. کاك جەلال ئەوەشی لە ((هەڵسەنگاندنەکەی)) زیاد کردوە دەڵێ: ((وتوویژی چاپەمەنی و گەلێك بەرهەمیتر شوێنی زۆریان لە بیرەوەرییەکانی گرتووە))

بەلای منەوە وتو وێژی چاپەمەنی و بەرهەمیتر بەشێکن لە ژیان و بیرەوەری نووسەر و لە هەر شوێنێ بلاوبیان بکاتەوە، مافی خۆیەتی و خۆی دەزانێ داخوا بۆ بلاو کردنەوە دەبن یا، نا و لە کوێیان بلاو دەکاتەوە. بەڵام ئەوەی نازانم کە داخوا هەڵسەنگێنەری بەرهەمێك مافی ئەوەی هەیە کە شوێنی بلاو کردنەوەی نووسراوەی نووسەرێك دیاری بکات، یا، نا؟

لە گەڵ هەمووی ئەوانە یەك دنیا سوپاسی کاك جەلال دەباغ دەکەم کە خۆی ماندوو کردووە بیرەوەرییەکانی خوێندۆتەوە و ڕەخنە و بۆچوونی خۆی سەبارەت بە دە بەرگی بیرەوەرییەکانم هێناوەتە سەر کاغەز. مالّی ئاوەدان بێ چاك نیە وەك مەلا عەولاّی حەیاکی یەکسەر بە فتوای مەلایانە نەیگوتوە: ((بیرەوەرییەکانی کەریمی حسامی جێگای بڕوا نین)) فەرقی ڕووناکبیری پێشکەوتنخواز لەگەڵ مەلای پاشکەوتنخواز هەر لەوە دایە.

وەلاّمی نامەیەك پاش ٧ ساڵ

وەك لە دەقی نامەکەدا دەردەکەوێ پێش ٧ ساڵ بیرەوەرییەکانم بۆ

دۆستی خۆشەویست و شاعیری بوێر و ناسراو ((پەشێو)) نارد و داواشم لێکرد بوو ئەگەر بە زەحمەتی نەزانێ پێم خۆشە بە چەند دێڕێك تێشکێك بخاتە سەر بیرەوەرییەکانم. بەڵێ پاش ٧ سالّ ٢٠٠١/٢/١٨ بە خۆشییەوە پەیدا بوو، نەك هەر خۆی بەڵکوو ئەم نووسراوەی خوارەوەشی لە وەڵامی نامەکەی منداڵەکەی خۆی هێنا بوو. منیش وا بە سوپاسەوە بڵاوی دەکەمەوە:

بڕای گەورە و خۆشەویستم کاك کەریمی حسامی

وا لە خوارەوە وەڵامێکی نامەی ڕۆژی ١٩٩٤/٢/١٥ت دەدەمەوە کە تێیدا گلەییت لە بێدەنگیم کردووە و شانازی ئەوەت پێ بەخشیوم بیر و ڕای خۆم دەربارەی بیرەوەرییەکانت بنووسم.

چبکەم بریا هێندە دوژمنی نامە نووسین نەبام.! بەڵام تۆ بڵێی مەسەلەکە هەر تەمبەڵی و تەوەزەلی بێ، یاخۆ لادان و ترسێکە لە وەڵامدانەوەی ئەو هەموو پرسیار و وردبوونەوە و هزرە جۆراو جۆر و پڕ جەسارەتانەی، کە لە تۆێی چەند هەزار لاپەڕەیەکدا قەڵەمی تۆ دەیانهاروژێنێ؟

جارێ دەبێ ئەوە بڵێم کە بە دەگمەن وا ڕێککەوتووە ئاوا یەك نەفەس ماتریالێك، وەك بیرەوەرییەکانی تۆ، بخوێنمەوە. من پێم وایە بە نووسینی ئەم بیرەوەرییانە پاکانە بۆ هاتنە دنیای خۆت کردووە. بەڵێ، بۆ ئەنجامدانی کارێکی وا، ئەوە دەهێنێ پیاو لە دایك بێ. زانایان و نووسەران و هونەرمەندان، بە گشتی، هەمیشە لەناو کارەکانیاندا شاکارێك هەیە، کە پێی دەگوترێ ((کاری ژیان)) من بە خاتر

جەمییەوە دەڵێم ((بیرەوەرییەکانت)) شیلە و کاکڵی کارەکانی ژیانی تۆیە. دەسهەقی ئەو هەموو کوێرەوەری و دەربەدەری و مااڵبەکۆڵییەیە کە تا ئێستا چێشتووتە. تاکە ئەنجامێکی کۆنکرێت و بەرچاوی پەنج و خەباتێکی درێژ خایانە. بەاڵم ئەمە کەمە؟

هەڵبەتە، چەند کەسێك پێش تۆ بیرەوەرییەکانی خۆیانیان لە چاپ دابوو، بەاڵم کەسیان ئەو هەراییەیان نەنایەوە، دنیایان لە خۆ نەهاروواژاند وەك تۆ. هەر لەبەر ئەوەش، نووسینی تۆ، جورئەتی تۆ (بە چاوپۆشی لەو رەخنانەی کە ئاڕاستەت کران) بووە سەر مەشق بۆ نووسەر و سیاسەتمەدارانی تر پەنا ببەنە بەر قەڵەم هیچ نەبێ بۆ لەسەر خۆ کردنەوە. ئێستا دەتوانین بڵێین، یادداشت یا بیرەوەری، یەکێکە لە ژانرە دیارەکانی ئەدەبیاتی کوردی، کە ڕەنگە زۆرترین ژمارە خوێنەری هەبێ، تۆ دەستێکی باڵاٌت هەبووە لە رسکاندنی ئەو ژانرە. ئەگەر ئێستاش کەسانێك هەبن لە بایەخی ئەو کارە مەزنە نەگەیشتبن، ئەوا دڵنیام لەدواڕۆژدا تێدەگەن و هەقی خۆت دەدەنێ.

مخابن زۆرجار لە خۆتم بیستووە، کە تۆ نووسەر نیت. گوتم ((مخابن))، چونکە پێم وایە (بیرەوەرییەکانت) بریتیە لە ئاوێتەیەکی نایاب لە هەموو توخم و ڕەگەزەکانی ڕۆمان، چیرۆك، ڕۆژنامەوانی. فۆلکلۆر، پەند و قسەی نەستەقی کوردەواری، نوکتە، بەڵگە و سەنەد، دیرۆك، سیاسەت، ریپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی ... هتد، بەڵێ، ڕاستە، نووسینەکەت هیچ یەك لەمانە نییە. بەاڵم هەمووشیانە! پێشانگای سەرجەم ژیانی کوردەواریە، بە هەموو ڕەندی و دزێوییەکیەوە. تێیدا کۆمیدیا و تراژیدیا پەنجەیان تێکهەڵکێشاوە و هاوێر ناکرێن. کاتێ باسی مام عەلی

عەجـەم، کـە دوازدە ئیمـامی بـە جێهێشـتووە و بـووە بـە کـورد، دەخوێنیتـەوە، نـازانی نـە بگرییـی نـە پێبکـەنی. ئـەو چایچـییەی لـە پیرمەم، دووای دوو جار تکا لێکردن هەر چای خەست دێنێ، پاشان کە جاری سێیەم تکای لێ دەکرێ چایەکی سووك بێنێ. تورە دەبێ و هـەر سێ تەلاق دەخوا کـە حـەیای چایەکەی خـۆی نابـا! پیـاو نـازانێ ئـەو چایچییەی خۆش بوێ یا رەقی لێی هەلسێ! حەیف نەبوو، ئەو وێنانـە ون بـن و کـەس نەیانخاتـە سـەر کاغـەز؟! جگـە لەمـەش بەرهەمەکـە گەنجینەیەکی کەموێنە و سەرچاوەیەکی لە بن نەهاتووە، بۆ ئەو مێژوو نـووس و فۆلکلۆریسـت و ئێتنـۆگراف و فەرهەنگسـازانەی، کـە سـبەی دەیانەوێ مەتریالێ و فاکتـەکانیان لـە دەسـتی یەکـەم وەرگـرن. ئەگـەر نـەوێرم بڵـێم سـەدان، ئـەوا بـە دڵنیاییـەوە دەڵـێم دەیـان دەکـومێنتی گرنگت تۆمار کردوون کە تەمی گومان لەسەر هەنـدێ مەسـەلەی گـرنگ دەرەوێننـەوە، نـە خاسمـە ئەوانـەی پەیوەنـدیان بـە (ژ.ك) و حیزبـی دیموکرات و ئەقەلییەتی سیاسی کوردانەوە هەیە، کە ڕەنگە تا ڕادەیەك وەلامی ئەو پرسیارەشیان تێدا بـێ کـە بۆچـی کـورد نـەبوو بـە هـیچ و سەدەی بیستەم بە تەکماندا تێپەڕی و ئاگامان لێی نەبوو! بتەوێ یا نا، ئاگادار بی یا نا، هۆیەکانی کەم بڕشتی و تا ڕادەیـەك ڕەنجبەخەسـاری سیاسەتمەدارانی سـەدەی ڕابـردووی کـوردت هەڵخسـتووە. بـەڵێ، لێـت ناشـارمەوە، کـاتێ بیرەوەرییـەکانی تـۆ و کەسـانی خـەباتگێڕ و قوربانیدەری وەك بانیخێلانی و بلوریان و سەید کاکە و حەمەی حـاجی مەحمود و ... هتد دەخوێنمەوە، بەدەست خۆم نییە، وەچـەی ئێـوە و تـا ڕادەیـەکیش خۆمـانم بـە ((ڕەنجبەخەسـار)) دێتـە بەرچـاو. ئەمـە

حەقیقەتێکی زۆر تاڵە، بەڵام چارمان نیە، دەبێ دانی پێدا بنێین و لە بن پێوە تا تەوقی سەر بە ووردی بە خۆماندا بێینەوە تا ئەمە نەکەین ناتوانین تاکە هەنگاوێك بەرەو پێشەوە هەڵێنین. نابێ بیر لەوە نەکەینەوە، بۆچی ئاش هەمیشە گرمەی هاتووە و باراشیش دیار نەبووە ! دەسمالێکمان ویستووە و لە پێناویدا ئاگرمان لە سەراپای قەیسەرییەکە بەرداوە، ئەویش قەیسەری خۆمان ! هیچ کاتێك هاوسەنگی نەبووە لە نێوان ئامانجی بچووك و قوربانی بێ سنووورمان. سادیستانە لەزەتمان لە خودی پرۆسەی ((خەباتی درێژخایەن و خوێناوی)) وەرگرتووە، بێ ئەوەی زۆر خۆمان بەو ئەنجامانەوە خەریك بکەین کە لەو خەباتە دەکەونەوە. لە پەراوێزەکاندا تەقوتۆقمان کردووە بۆ ئەوەی ئارامی و دیموکراسی لە سێنتەرە بێگانەکاندا بەرپا بکەین. چما ئەمە هەمووی شایانی ئەوە نییە، ئێمە لە هەقیقەتە موتڵەقەکان بپرینگێینەوە و بە قەولی خۆت ((بادەینەوە))؟! تۆ لەمەشدا، لە بادانەوەشدا، هەر دەستپێشکەریت کردووە. پێش ئەوەی کۆتایی بەم نامە کورتیلە وەدرەنگکەوتووە بێنم، ڕاستییەکی تر هەیە، ناکرێ لە سەری باز دەم، ئەویش ئەو زمانە پاراوە پڕ نەبزەیە کە تۆ پێت نووسیوە. هیچ گومانم نییە لەوەی کە بەڕێزت یەکێکی لەو نووسەرانەی ڕۆژهەلاتی کوردستان (هەژار، هێمن، قزڵجی، عەبدوللای حەسەنزادە، زەبیحی، هێدی و ئەوانی دی)، کە لەسەردەمی کۆماری کوردستانەوە، بە تایبەتیش لە حەفتاکانەوە، شۆڕپێکی قوولیان بەسەر زمانی ئەدەبیمانەوە بەجێهێشتووە و ئەو زمانەی ئەمڕۆ پێی دەنووسین کەمو زۆر قەرزاریانە.

بادانەوەیەکی پێویست و کارێکی نەکراو لە نووسینی گوردیدا :

هەر چەندە بە جیددی دژی بادانەوەم و بادانەوە بە تایبەت لە بواری بیر و باوەڕ و هەڵوێستی مەبدەئی و بەڵێن و قەول و قەرار، بە کردەوەیەکی بێ پرنسیپی و بە هەڵپەرستی دەزانم، کە بە داخەوە لە کۆمەڵی کوردەواریدا کەم نیە. بەڵام بە ناچاری وا هەڵکەوت کە بۆ سەر کارێك بادەمەوە کە دەبوایە لە بەرگەکانی پێشوودا ئەنجام درابایە. بەداخەوە هێندێ هۆی بێ هودە و لێ ورد نەبوونەوە وای کردوە کە لە کاتی خۆیدا ئەنجام نەدرێ. بەڵام کارێکی دڵت گرتوویەتی و دەتەوێ بیکەی، با وەدرەنگیش بکەوێ نابێ چەتی تێخەی. چەندیش دەبێتە جێگای پەسندی خاوەن هەزر و شارەزایانی ئەدەب و نووسین ئەوا مەسەلەیەکی دیکەیە. من لە تەواوی ژیانی سیاسی و لە نووسینەکانمدا ئەوەی قەناعەتم پێهێنابێت و بڕوام پێ بووبێت و بە بۆچوونی خۆم لە باش و ڕەوام زانیبێت، کردوومە و نووسیومە و بڵاوم کردۆتەوە. جا ڕەنگە لای زۆرکەسیش بە کارێکی ڕەوا نەزانرێ، یا کەم و کورتی زۆریشی تێدابێ، ئەوەش شتێکی سەیر و نەگونجاو نیە. خۆ ناکرێ مرۆڤ شتێك بنووسێ و یا کارێك بکات، بە کەیفی هەموو کەس بێت. ئەو دەم ئەم جۆرە نووسینە هەر بایی و نرخیشی نابێت.

لە سەفەری مانگی ئاوگوستی ١٩٩٥ بۆ سۆفیا، لە نێو جانتا و چەمەدان و دەفتەر و کارت و کۆنە کاغەزاندا پاکەتێکی قەبەی هەڵمساوم دیتەوە کە کردمەوە هەموو ئەو کارت و نامانە بوون کە لەو سالأنەدا لە لایەن دۆست و برادەرانەوە بۆمان هاتبوون و دایکی کەمال کۆی کردبوونەوە و تاقەتی کردبوون. لە نێو ئەواندا چەند نامەم دیتنەوە کە کاتێ لە عێراق

و لە کوردستانی ئێران بووم، بۆ دایکی کەمالّم نووسیون و یا ئەو بۆ منی ناردوون و یا منداڵەکان نووسیویانە. چەند نامەیان تێدا بوو کە بە پیتی ڕووسی و بە زمانی کوردی بۆ منداڵەکانم نووسیون و یا ئەوان بە ڕووسی بۆ منیان نووسیون. نامەیەکی شلێری کچمی تێدابوو کە بۆ هەوەڵین جار بە کوردی نووسیبووی. زۆری پێ شاد بووم. تەلەفۆنم کرد بۆ شلێر و پێم گوت: نامەیەکی تۆم بە کوردی دیوەتەوە. گوتی: ((بابە نەیفەوتێنی. ئەو نامانەی دایکم و بۆ ئێمەت نووسیبوو هەڵیان بگرە و هەموویان نرخی خۆیان هەیە.))

وتەکەی شلێر مێشکی جولاّندم. گوتم جا کەوایە بۆچی ئەو نامانە لە ئاخرین بەرگی بیرەوەرییەکانمدا کە (ڕەنگە لە ئاخری تەمەنیشمدا بێ) بلاّو نەکەمەوە. دەبێ چی لەم بەرگەدا بنووسم کە بۆ من خۆشتر لەو نامانە بێت. بۆچی بۆ ڕێز گرتن لە خەم و خەفەتی تەنیایی خێزانم و پێناسینی وەفاداری و سوپاسی بۆ عاملاندنی منداڵەکان و فێرکردنی زمانی کوردی و پاشان خۆ فێر کردنی نووسین و خوێندنەوەی زمانی کوردی و چێکی و بوڵغاری ئەو نامانە بلاّو نەکەمەوە. ئەو نامانە بەر لە هەموو شت نمونەی پەیوەندی ژن و مێردێکن کە سەبارەت بە تێکۆشانی سیاسی و خزمەت بە گەل و نیشتمانەکەیان و تێکۆشان لە حیزبی دیموکراتدا، لە نیشتمانی خۆیان ئاوارە دەبن و لە بوڵغاریا دەگیرسێنەوە. نەك هەر ئەوە بەڵکو سەبارەت بە درێژە پێدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی لە حیزبی دیموکراتدا، ماوەی نیزیك دە ساڵێك هەڵدەبڕین و بە نامە و تەلەفۆن ئاگاداری ژیانی یەکتر دەبن. ڕەنگە بۆ پیاوێك ئەوە زۆر گران نەبێ. بەڵاّم بۆ ژنێکی جوان و جحێڵ و غەریب لە

ولاتێکی ئەوروپایی لە گەڵ دوو منداڵ، بێگومان ژیانێکی سەخت و دژوارە. بیرم لێکردەوە، گەیشتمە ئەو قەناعەتە کە مەگەر تەنیا بە بلاّو کردنەوەی ئەو نامانە بتوانم تۆزقاڵێک پاداشی زەحمەت و خەم و خەفەتی تەنیایی و ئینسانیەت و میهرەبانی و ئەمەکداری دایکی کەمال بدەمەوە. بە ڕاستی ئەگەر غیرەت و لێبووردەیی و ئیجازە و دڵسۆزی ئەو نەبایە بۆ گەل و نیشتمانەکەی، من نەمدەتوانی لە بۆژاندنەوەی ڕێکخراوەکانی حیزبی دیموکراتدا خزمەتێکی بچووک بکەم و نە ئەو کەسەش دەبووم کە دە بەرگی بیرەوەرییەکانم بە تێکۆشان و سەربردەی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ڕەش بکرێنەوە و یا لە بواری نووسین و تێکۆشانی ئەدەبی و ڕۆژنامە گەریی جۆر بەجۆردا خزمەتێکی بچووک ئەنجام بدەم. خۆ ڕەنگە کوردی ئەو تۆش پەیدا بن بڵێن: ((ئەوە لەگەڵ خەسڵەتی کوردەواری نایەتەوە)) ! بەڵام هیچ شتێ لەوە خۆشتر و باشتر نیە کارێکی خۆت بڕوات پێ هەیە و خۆت بڕیاری بۆ دەدەی، بیبەیە سەر و ئەنجامی بدەی بەو مەرجەی بۆ خەڵکی دیکە نەبێ. مەرجیش نیە ئەوەی دەینووسی و دەیکەی بە دڵی هەموو کەس بێ. هەر ئەوە کە کارەکەت دەبێتە جێگای دم بە دمە و بیر و ڕای جیاواز، خۆی شتێکە و نرخی خۆی هەیە.

بڕیارەکەم لێبڕاو بوو. بەو مانایە بەر لەوەی بێمە سەر نووسینەوەی یادداشتەکانم لە ساڵی ۱۹۹۵وە نامەکانی باسکراو بێنمە سەر لاپەڕەی ئەم بەرگەی بیرەوەرییەکانم و ئەو نامانەشی لێ زیاد بکەم کە بە بۆنەی جۆر بە جۆرەوە لە لایەن دۆست و برادەر و ناسیارانەوە بۆم هاتوون. ڕەنگە تەمەنیش هەر ئەوەندە مۆڵەت و مەودا بدا. خۆ ئەگەر عزارئیل

ئەوەندی پیاوەتی هەبێ وەك حكایەتی شێخی سەعدی مەودا بدا یەك دوو شتی تر بنووسمەوە، بۆ دەست ماچكردن دەبێ. دوور نیە، با عیزڕائیلیش بێ، ڕەنگە ئەوەندە پیاوەتیەی هەر لەدەست بێ، ! چونكە خەڵكی تر هەیە بۆ گەیشتن بە بەهەشتی بەرین سەریان دێشێ و زۆریش بە پەلەن. من ماڵەكەی خۆم پێ لە بەهەشتی بەرین خۆشترە، با بچێ ئەوان بنێرێ.

لە سەیر كردنی نامە و نووسراوەكان دەركەوت كە هەمووی نامەكان كۆ نەكراونەوە. چونكە من لە هەوەڵی ساڵی ١٩٧١ منداڵەكانم بە جێ هێشتووە و نێوە نێوە نامەشم بۆ نووسیون، بەڵام ساڵی ١٩٧٢ و ١٩٧٣ تەنیا نامەیەكی من و نامەیەكی مەلا ڕەسوڵی پێشنماز یان لە نێو دابوو، منیش بە لەبەر چاو گرتنی تاریخی ساڵ و ڕۆژ دەیانكەمە پێشەنگی سەرجەم نامەكان كە ڕەنگە كەمیش نەبن:—

نامەی مەلا ڕەسوڵی پێشنماز بۆ خەجیجی حسامی:

((بۆ خوشكی بەڕێز و خۆشەویستم براژنە خەجیج پێشكەش بێ. لە گەڵ سڵاو و جێژنە پیرۆزەی نەورۆزی پیرۆز هیوام خۆشی و بەختەوەریتانە و چاوی كەمال و شلێرێ ماچ دەكەم. دایكم و وەستا بەسێ زۆر سەلامتان لێ دەكەن و منداڵەكان بە تێكڕایی هەواڵتان دەپرسن و بە دایم لە ماڵی ئێمە باس هەر باسی ئێوەیە. مامۆستا شەپۆلیش زۆر باشە و ماوەیەكە هیچ نەخۆش نیە. بەسێ ڕۆژێ هەر دەڵێ ئەو جووتە گونەت بە زارم. هەتا ئاواش بڵێ ئەتۆی وەبیر دێتەوە چونكە ئەو قسەت زۆر پێ سەیر بوو. براژن ئەوە هێندێك كەشكم بۆ

کاك حەسەن نارد لەسەر داوای خۆی. دەشزانم زەحمەتەکە هەر بۆ تۆیە. تکایە دوعای بە خێرمان بۆ مەکە. ئەوە کاك کەریم بە خۆی و سەیارە کوێتەوە هاتەوە جا دەبێ هاوین وەختی تەعتیلات بۆ ماوەی ٣ مانگ بێن دەنا ئەگەر کەمتر بێ هیچ فایدەی نابێ. جا نازانم دەعوەتەکەی من و وەستا بەسێش کەنگێ سەر دەگرێ بۆ مالّی ئێوە. دەرمانەکانی کە بۆت ناردبوو نازانی چەندە باش بوو ئێستا هێندە جوان بووە هەر دەبێ بڵێم لە چاوی پیس بەدوور بێ بە یەکجاری لە ژن هێنانیش پەشیمان بوومەوە. وەستا بەسێ دەڵێ هەر چییەك کە لێرە هەیە و لەوێ نیە ئەگەر پێویست بوو ئاگادارمان بکە ئامادەم بۆتان بنێرم. ئیتر بە کاك کەریمتان دەسپێرم. بڕات مەلا رەسوڵ عەبدوڵڕەحمان، ١٩٧٢/٢/٢٠.

نامەی من بۆ دایکی کەمال. ١٩٧٣/١٠/٢٥

خەجیج گیان ڕۆژ باش: چاوەکانت ماچ دەکەم. سلاّمەتی و خۆشی تۆم ئاواتە. دەمێکە لێتان بێخەبەرم. خەتی تەلەفۆن نەبوو. نامەشم نووسیوە، ڕێگا نەبوو. چابوو کاك ئەمیر هات. تەلەفۆنەکەی تۆ نیگەرانی کردم. نامەکەتم پێنەگەیشتوە. ئێستا زۆر ناڕەحەتم. با نامەکەت بێ بزانم بۆچی داوات کردووە بگەڕێمەوە. مەسەلەی کەمالیم پێ ناخۆش بوو. دیارە ئەگەر من لە مالّ نەبم، کەمال چاك ناخوێنێ. ئەگەر قەرار بێ بێمەوە، بۆم بنووسە چیتان دەوێ بۆتان بێنم. ئێستا حالّم باشە. لەگەڵ سەید ڕەسوڵ خانووم گرتووە و تەلەفۆنی هەیە و ئەوەش ژمارەکەیەتی (٧١٥٨٤١) قەرارە منەوەر سەری مانگ

بگەڕێتەوە. کونیاکێك و دوو ڤۆدکام بۆ بنێرە. چاوەڕوانی نامەکەت دەبم بزانم چی تێدایە. ahoj kerimi to ١٩٧٣/١٠/٢٥

تێبینی: کاتی سالّی ١٩٧١ گەڕامەوە عێراق، لەگەلّ دایکی کەمال قەرارمان دانا لە ئاخری هەموو نامەیەکدا وەك ڕەمزێکی نێوان خۆمان بنووسین (ahoj) ئەم وشەیە لە چیکوسلۆڤاکیا وەك سلاّو و خوا حافیزی لە نێوان دۆستی نێزیك و یار و کیژ و کوڕی لاو دا بەکار دێت و نیشانەی لێك نێزیکی و خۆشەویستییە. بۆیە ئەویش و منیش هەمیشە بۆ دلّنیایی لە ڕاستی نامەکان ئەم وشەیەمان لە کۆتایی نامەکاندا نووسیوە.

نامەی کاك هاشمی کەریمی بۆ دایکی کەمالی نووسیوە. ١٩٧٣/١٢/١٦

خوشکە خەجیجی بەڕێز! دوای سلاّو و ئەحوالّپرسی هیوادارم هەمیشە لە خۆشیدا بن. ئەگەر لە ئەحوالّی ئێمە بپرسن، زۆر چاکین. برادەران هەموو سلاّوتان لێدەکەن و ئەحوالّتان دەپرسن. زۆر ئەحوالّی کاك کەمال و شلێر خانم دەپرسم. هیوادارم ئەوانیش ساغ و سلاّمەت بن و لە دەرس خوێندندا سەرکەوتو بن، کاك خالید و دادە زلێخا زۆر سلاّوتان لێدەکەن و عەلی و شیرین دەستتان ماچ دەکەن. ئێتر خۆشیتان ئاواتمە. برات حەسەن.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٤/٢/٢٤

خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. ئاواتمە بە خۆشی بژی.

خۆت ناڕەحەت نەکەی. ئەگەر بچیە خەستەخانە، هەر بە ئادرێسی پۆست تێلگراف بکە. نامەکەت زۆر شادی کردم. نووسیوتە کەمال باش دەخوێنێ، پێم خۆش نەبوو نووسیوتە، تەلەفۆن بۆ جەوادی ناکەم. (جەواد نوێنەری حیزبی تودە بوو لە بولّغارستان) دەبێ بزانی (پیاو ئەگەر دەچاڵێ کەوت دەست دەکلکی سەگ دەگرێ) لام وایە هیچ عەیبی نیە ئەگەر تەلەفۆنی بۆ بکەی. دەنا خۆت دەگەڵ منداڵەکان بچۆ مەدرەسەی شورەوی. بڵێ دەچمە کن مێردەکەم، دوو مانگ منداڵەکانمان بۆ ڕابگرن. بەڵکو دوو مانگان بێیە کن من. ئێستا بە پەلە ئەم نامەیە دەنووسم. پاشان نامە بۆ منداڵەکانیش دەنووسم. مجەلەی فوتبۆڵ وەگیر ناکەوێ بۆ کەمالی بنێرم. ئاگات لێبێت با کەمال زۆر جوان فێری گیتار بێ. هەموو ڕۆژێ تەماشای دەفتەرەکەی بکە. ئەگەر تۆ سلاّمەت بی و کەمال باش بخوێنێ، من لێرە خەفەتم کەمتر دەبێ. ئەوڕۆ دوو بەستەم لە کتێبەکان پێگەیشت زۆر سوپاس. جارێکی تر چاوی خۆت و منداڵەکان ماچ دەکەم.

Ahoj kerimi to ١٩٧٤/٢/٢٤

نامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان بۆ دایکی کەمالّ

حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران) کۆمیتەی ناوەندی

ژمارە: ٢٣٩

ڕۆژ: ١٩٧٤/٥/٨

خوشکی بەڕێز خەجیجی حسامی! سلاّوێکی گەرمی برایانەت پێشکێش

دەکەین.

نامەی تاریخی ١٩٧٤/١/١٢ ی تۆمان پێ گەیشت. زۆر سوپاست دەکەین و پێمان خۆشە پێت ڕابگەیەنین کە کۆمیتەی ناوەندی داوای تۆی بۆ ئەندامەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان پەسند کرد. بەم جۆرە پیرۆز بایيت لێ دەکەین و هیوادارین وەك خوشکێکی دڵسۆز بۆ بەجێ گەیاندنی ئامانجەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە ڕزگاری و بەختەوەری گەلە زۆرلێکراوەکەمانە تێبکۆشی. داوای سەرکەوتنت بۆ دەکەین. کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان. عەبدولڕەحمان قاسملو.

نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٤/٥/٨

خوشکی بەڕێزم. پڕ بە دڵ سلاوت دەگەیەنم و هیوامە هەر لە خۆشیدا بی. چاوی کەمال و شلێر ماچ دەکەم و داوای دەرچوونیان دەکەم. خوشکە خەجیج. ئەوا کاك کەریم دوای دوو سێ حەوتوو دوا کەوتن گەڕایەوە لاتان. بە خۆشی ئەو ماوەیەی کە لەوێ دەمێنێتەوە ڕایبوێرن و ئێمەش گەرمای ناخۆشی ئەمساڵ قبوڵ دەکەین و ئەگەر دەرەتان بوو هەر چەند بۆ ماوەیەکیش بێ خۆ لە گەرمای ئێرە دەشارینەوە. ئەمساڵ هاوین نەهاتووە بەڵام گەرمای ئێستا لە گەرمای هاوین دوا ناکەوێ. جا بەو پێیە بەهار وابێ، هاوین دەبێ چۆن بێ؟

ڕوونـاك زۆر هـەوالّت دەپرسـێ. ئێسـتا لـە نەخۆشـخانەیە. پـاش ناڕەحەتیـەکی زۆر کچـێکی بـوە، ناومـان نـاوە ((مـوژدە)) هیوامانـە مـوژدە، مـوژدەی سـەرکەوتن بـێ. دەی خوشـکە خـەجیج هـەر لێمـان

ناپرسی خۆ تۆ بۆ نامە نووسین وەختێکی زۆرت هەیە. لە زمان منەوە گەلێك لە دۆڕە و سامی بپرسە، هەروەها لە ئاغای دانیش و جیرانەکانت. پیرۆزبایی ئەندامەتی حیزبت لێدەکەم و لەمەش بەدوا دەبێ مانگانەی ئەندامەتیت لە بیر نەچێ بۆمان بنێری. براژن! بە کاك کەریمدا بڕێکم حەریر بۆ ناردی بۆ کراس. تازانم بە دڵت دەبێ یان نا! سەلیقەم ئەوەندەی بڕ کرد. بۆ دکتۆرە ژنە باشەکەی کە دەدانمان لەلای کێشا، پەپولەیەکم نارد. تکایە زۆری سڵاوی بگەیەنە و لەگەڵ کاك کەریم ئەگەر ڕێگاتان دەوێ کەوت ئەو دیاریە چکۆڵەشی بدەنێ. ئیتر خۆشی و سەرکەوتنتان. برات محەمەد ئەمین ١٩٧٤/٥/٨.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٤/٩/١٧

خەجیج گیان شەو باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. ئەو شۆ نامە و فۆتۆ ئاپەڕاتەکم وەرگرت. زۆر سوپاس. نامەی منداڵەکانیش چاویان ڕوون کردمەوە. منداڵەکان داوای دوو چەرخەیان کردووە. پەڕۆشی دراوم نیە. بەڵام دەترسم ئەگەر دوو چەرخەیان هەبێ، وەماڵێ نەکەونەوە. پەکی دەرسیان بکەوێ. زۆرم پێ خۆشە ئەگەر ڕازیان بکەی ئەوساڵ دوو چەرخە نەکڕن. کێشەی دەکەن، دەچنە دەرێ، تۆش نیگەران دەبی. ئەگەر هەر پێت خۆشە بۆیان بکڕە.

خەجیج گیان! کەمال دەبێ بچێتە گیتاری. ئەو ساڵ دەرسی زۆرە، دەبێ زۆر خەریك بێ. خوشکە بەسێ ژنی مەلا ڕەسوڵ لێرەیە. نەخۆشە. زۆر سڵاوت لێدەکا. برادەران هەموو سڵاوت دەگەیەننێ. ئێمە جارێ باشین. هێشتا نازانین چۆن دەبێ. ئێستا هەموومان پێکەوە

دەژین. کەسم پەیدا نەکردوە شاروالێ بۆ کەمال بنێرم. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم. نامەیان بۆ دەنووسم. ئیتر خۆشی تۆم ئاواتە. Ahoj kerimi tò ١٩٧٤/٩/١٧.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٤/١٠/٥

خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوام وایە ساغ و سەلامەت بی. من حاڵم باشە. تەنیا دەفیکری تۆ دام و تەنیایی تۆ ناڕەحەتم دەکا. تا ئێستا هیچ نامەی تۆم پێنەگەیشتووە. زۆر نیگەرانم. ئەوڕۆ پێنجی مانگ بە هۆی چیچۆدا کارتێکی جوانم بۆ ناردی. نامەیەکم بۆ کاك ڕەحمانی (د.قاسملو) نووسیوە دەگەڵ کارتەکەی تۆ لە پاکەت دایە. تکایە زوو بۆی بەڕێ بکە. دوو قەبزە بۆی بنێرە. دوو شاڵوارم بۆ شلێر و کەمال نارد، هیوام وایە بە کەیفێیان بێ. ئێمە حاڵمان باشە جارێ ناخۆشیمان نەهاتۆتە پێش. ئەو ڕۆژانە سەفەری سەرێ دەکەم بۆ سەردانی برادەران ئەگەر گەڕامەوە نامەت بۆ دەنووسم. خەجیج گیان! هەر لە ئێستاوە دەفیکری ئەوە دابە کەسێك پەیدا بکەی ئاگای لە منداڵەکان بێ. تۆ بێی سەرێکی من بدەی. بۆ مانگێکیش بێ هەر باشە. نازانم کەمال چۆن دەخوێنێ؟ بۆم بنووسە بزانم دەچێتە گیتار یان نا؟ دەفتەرم بۆ منداڵەکان ناردوە، نازانم گەیشتوون یان نا؟

خەجیج گیان! خۆت ناڕەحەت مەکە. دەگەڵ منداڵەکان هەموو یەك شەمۆیان بچۆ سینەما و بچۆ دەرێ. زۆر خەریکی دەرسەکانت بە، ئەوە مامۆستا هێمن کتێبی ((تاریك و ڕوون))ی شیعرەکانی خۆی بە دیاری پێشکێش کردووی بۆت دەنێرم، زۆریان بخوێنەوە. ئەگەر حەسەنی

برات نامەی نووسی خەبەرم بدەیە. بە بۆنەی ڕۆژی لە دایك بوونت پڕ بەدڵ پیرۆز باییت لێدەکەم. جارێکی تر چاوت ماچ دەکەم. چاوی منداڵەکانی ماچ دەکەم. Kerimi to ahoj ١٩٧٤/١٠/٥.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٤/١٠/١٠

خۆشەویستم خەجیج گیان ڕۆژ باش! جارێکی دیکەش پڕ بەدڵ ڕۆژی لە دایك بوونت پیرۆز بایی پێدەڵێم. دوای زۆر چاوەڕوانی ئەوڕۆ دەی مانگ نامەکەی تۆم پێگەیشت. چاوم ڕوون بۆوە. زۆر شاد بووم چەند ڕۆژ بوو زۆر نیگەران بووم. هەر نامەت نەدەهات. من چوار نامەم بۆ نووسیبووی. جارێ حاڵم باشە. هەموومان سلاڤمەتین و کار و بارمان باشە. کارم زۆرە. نەمتوانیوە بچمە بازاڕ و شەڵوار بۆ کەمالی بکڕم.

خوشکە بەسێ چاك بۆتەوە و ناردمانەوە سەرێ. زۆر سلاڤی لێدەکردی. مالّی خوشکە شەمێ زۆر سلاڤت لێدەکەن.

خەجیج گیان! نامەکەت زۆر جوان و بێ غەڵەت نووسیوە. هیوام وایە زۆرتر بنووسی و بخوێنییەوە. شیعرەکانی مامۆستا هێمن بخوێنەوە. زۆر خەریکی دەرسەکانت بە. هەموو ڕۆژێ یەك دوو سەعات بخوێنەوە. فۆتۆ ئاپەراتەکەم پێگەیشت. زۆر سوپاس. ئەنگوستیلەیەکم بۆ کڕیوی، با لە ژیانت دا تۆش ئەنگوستیلەیەکی جوانت هەبێ. کچی چیچۆ لێرەیە بۆت دێنێ... تکایە دەگەڵ شلێر بچۆ کن دیرێکتۆری مەدرەسە و داوای لێبکە بەڵکو بۆ دوو مانگ شلێرێ ڕابگرن. ئەگەر نەبوو با ((لێلە ئێمی)) ئاگای لە منداڵەکان بێ، تۆ لایەنی کەم مانگێك بێیە ئێرە. لەمەودوا هەوای ئێرە خۆش دەبێ. زۆر ئارەزووت دەکەم. لە سەر

کەمالی هیچت نەنوسیبوو. تۆ دەزانی هەموو فیکر و خەیاڵم خوێندنی کەماڵە. دەمەوێ تۆ لێی ڕازی بی. نامەی کاك ڕەحمانی تکایە گیر مەکە و زوو بۆی بنێرە. جارێکی تر چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوام وایە بە سلاّمەتی و بە خۆشی بژی. زوو نامەم بۆ بنووسە. سلاّوی کاك حەسەنی دەگەیێنم. ئاگات لە کاك حەسەنی بێ، فەقیرە کەسی دیکەی نیە. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم. Ahoj, kerimi to ١٩٧٤/١٠/١٠

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٤/١٠/١٦

خۆشەویستم خەجیج گیان ڕۆژ باش! ئەم نامەیە دەست بەجێ بۆ کاك ڕەحمانی بنێرە. هیوادارم بە سلاّمەتی و سەربەرزی بژی. نامەی تۆ و منداڵەکانم پێگەیشت. زۆر شاد بووم. من حاڵم باشە. جارێ لەگەڵ ئەوانەی ئێرە نێوانمان تێك نەچوە. بەڵام وەزعی سەرێ هەر چەندی بڵێی ناخۆشە. کوردستان وێران کراوە. چۆڵ بوە. شەڕ زۆر تونده. نەتەوەکەمان توشی ڕۆژێکی ڕەش هاتوە. لەو دونیایە کەس باسی ناکا و لەسەری وەدەنگ نایە. برادەرانی ئێمە جارێ حاڵیان باشە. دەستیان لێ نەدراوە. ماڵە خوشکە شەمێ زۆرت لێ دەپرسن. ئەو قایشە سەیفی بۆ کەمالی ناردووە. بەڵکوو ئەو ژنەی ماڵ بۆ کاك حەسەنی خاوێن دەکاتەوە، مانگێك ئاگای لە منداڵەکان بێ، زۆرم پێخۆشە بۆ مانگێك بێیە لام. بەڕاستی دووری لە تۆ و تەنیاییت زۆری ناڕەحەت کردووم. تکایە زوو زوو نامەم بۆ بنووسە. خۆت ناڕەحەت مەکە. ژیانی ئێمە وای لێهاتووە و نازانم چۆنیش دەبێ. ئەو شەڕە کوردستان لە بەین دەبات و ئێمەش چارەنووسمان ناڕوونە. بە خۆشی بژی. چاوی منداڵەکان ماچ

دەکەم. Ahoj kerimi to ١٩٧٤/١٠/١٦.

تێبینی: لەو نامانەدا لە هەر شوێنێ ناوی کاك رەحمان هاتووە، مەبەست دکتۆر قاسملوە.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٤/١٠/٣٠

خەجیجی خۆشەویستم پۆژ باش. چاوەکانت ماچ دەکەم. نامەکەی بە کچی چیچۆدا ناردبووت، دوێنێ بۆی هێنام. ئەوڕۆش ئەو نامەیە گەیشت کە بە پۆستەدا ناردبووت. چاوم ڕوون بۆوە. زۆرم پێخۆشبوو کە لێلە ئێمی ئاگای لە منداڵەکان دەبێ. چەند خۆشحاڵم کە دێی سەرم دەدەی ئەگەر بتوانی ١٦ی مانگی ١١ بێی، تا سەری ساڵی تازە لە لای من بی. ئەگەر دەشزانی منداڵەکان دەحاوێنەوە تا وەڕەز دەبی لێرە بە. دەشزانم لە کن من وەڕەز نابی. دەچینە کوردستانیش سەری برادەرانی سەرێ دەدەین. هەرچەند بە داخەوە کوردستانەکە بەرەو کاول بوون دەڕوا و میللەتەکەمان تووشی بەڵایەکی سامداربوە. هەر لە ئێستاوە پاسپۆرتەکەت بدە با ڤیزای هاتنە دەرت بدەنێ. ئەگەر هاتی دوو بوتڵ وێسکی بێنە. سیغارێکی زۆسمەنی پانیش بۆ من بکڕە. ئەگەر پارەت هەبوو، دوو کیلۆ پەنیر و شووشەیەك هەنگوین بێنە.

ئەو پاکەتە دەست بەجێ دوو قەبزە بۆ کاك رەحمانی بنێرە. چاوەڕوان دەبم زوو خەبەرم بدەیەی و زوو بگەیە لام. ئەگەر حازر بووی تێلگراف بکە تا بلیتت بۆ بنێرم. خوشکە شەمێ دەڵێ: قابلەمەیەکی زوو گۆشتی بوکڵێنێ، بۆم بێنێ. لە مەتاڕ شوشەیەك نیسکافە بکڕە زۆر سڵاو بۆ کاك حەسەن و چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم. خۆشی تۆم ئاواتە. Ahoj

.kerimi to

نامەی سەید ڕەسوڵی بابی گەورەی بە ناهەق شەهید کراو بۆ دایکی گەمالێ: ١٩٧٥/١/٢٧

بەڕێز خوشکی بە نرخ، براژنە خەجیج. دەگەڵ زۆر سلاوی دوو قۆڵی هیوامان وایە هەر شاد و کەیف ساز بی و دڵتەنگ نەبی. براژن ئێستا کە کاك کەریم وا لە کۆیە میوانی ئامانە خانە و منیش هەر میوانم، زۆرمان یادی تۆ کرد و زۆریش بە خۆشی ڕامانبوارد. هیوامان وایە دەگەڵ ئێوە خۆش بین. ئامانە خان ئەمنی کردۆتە وەکیل لە جیاتی ئەویش بۆتِ بنووسم. حاڵ و ژیانی منداڵەکان زۆر باشە. لە کاك کەریم بپرسە. چونکە دەزانم زۆرت مەبەستە ئامان و منداڵەکان باش بن، منیش چش. ئامان زۆر سلاوت لێ دەکا، چاوە جوانەکانت ماچ دەکا. پڕ بە دڵ ئاواتەخوازی دڵخۆشیتە. ناشزانم بەو زوانە قەت چاومان پێت دەکەوێت یان تازە لە یەکتر دیدار ئاخرەت دەبین. لەبەر پەلە پەلی کاك کەریم و بارانە خۆشم نەمزانی چۆنم نووسیوە هەر بە خۆشی بژین. کۆیە سەید ڕەسوڵ. ١٩٧٥/١/٢٧.

نامە بۆ دایکی کەمال: ۱۹۷۵/۲/۷

خەجیجی خۆشەویستم ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم بە خۆشی و سلامەتی و سەربەرزی بژی. نامەکەت چاوی ڕوون کردمەوە. دەمێك بوو چاوم لە ڕێگا بوو. ڕەسمەکانیش گەیشتن، زۆر جوانن. ئەو پیرە گورگە چیە لە کن خۆت ڕاگرتوە، پیاو لێی دەترسێ. نازانم بۆچی لەکەمال ڕازی نیی؟ ئەوە نامەم بۆ نووسیوە. لە کن خۆت پێی بخوێنەوە. زمانی کەمالی بدۆزەوە. قسێکی پێت گوت، قسەی خۆت بەرەسەر، لێی قبوڵ مەکە. ئەوە چییە نووسیوتە لێم وەڕەز بووی. لەبەر منداڵەکان نەبایە چۆن دەمهێشت بچیتەوە. بە تەنیا ئەوە قڕ دەبم. دەزانی منداڵەکان لە تەمەنێك دان، ئەگەر چاوی تۆیان لێ دیار نەبێ، خۆت نەیانعاملێنی، نازانم دەبنە چی. دەبێ منداڵەکانمان لە کوردایەتی نەشۆرێن. ئەوەش بەبێ تۆ ناکرێ. ئەگەر وا نەبێ، من ژیانی بەبێ تۆم بۆ چیە. ئێستا دمم زۆر ناڕەحەتە. قەراڕە بچمە خەستەخانە و عەمەلی بکەن. ئێمە جارێ حاڵمان باشە. دەستیان لێ نەداوین. برادەران هەموو سلاوت دەگەیەنن. ڕەحمان هیچی نەکردووە، تۆ و کاك حەمەدەمین لێتان تێکداوە. ئێستا بۆتە سەی تفەنگێ، ناوێرێ ڕوو دەوێکات. چەند ڕۆژ بوو خەریك بووم تەلەفۆن بکەم خەت نەبوو ئەو نامەیە خێرا بۆ کاك ڕەحمان بنێرە. کاك ڕەحمان ئەوە دوو جارە دەنووسێ و داوای کردووە بۆ لای ئەو سەفەر بکەم. ئەگەر برادەران پێیان باش بێ و لێرە ڕێگا بدەن ئەودەم لەوانەیە سەرێکی ئێوەش بدەم.

خەجیج گیان! زوو زوو نامەم بۆ بنووسە. خۆت ناڕەحەت مەکە. دەگەڵ

منداڵەکان بچۆ سینەما، بچۆ دەرێ. ڕۆژی یەکشەمۆیان بچنە ڤیتوشا. کەمال دەبێ زۆر خەریك بێ، ئیجازەی مەدە زۆر بچێتە دەرێ. مامۆی خوشکە شەمێ زۆر سلاوت لێ دەکەن. بە خۆشی بژی. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم. Ahoj kerimi to ١٩٧٥/٢/١٤.

نامەی دایکی کەمال بۆ من: ١٩٧٥/٢/٢٠

کەریم گیان ڕۆژ باش. هیوادارم ساغ و سلامەت و بە کەیف خۆشی بژی. هیوادارم لە ژیانتدا دڵشکا و و غەمبار نەبی. نامەکەتم پێگەیشت، زۆر سوپاست دەکەم. ئێمەش حاڵمان باشە. کەمال چاك دەخوێنێ. نووسیوتە جارێ وەزعمان نەگۆڕاوە. وانیە. حیزبێکی ئەگەر نەتوانێ ڕۆژنامەی چاپ بکا و نەتوانێ تەبلیغات بۆ میللەتەکەی خۆی بکا، چۆن وەزعی نەگۆڕاوە. کاك حەسەن دەچێتە ئەڵمانی، کاك عەلی لێرەیە لە جیاتی ئەو کار دەکا، شتەکانم پێگەیشت زۆر سوپاست دەکەم، کەریم گیان هیچ بە پۆستەدا مەنێرە. بەشی کۆتێك مەخمەری کەسك بۆ کەمالی بکرە. سێ نامەی تۆم بە یەك ڕۆژ پێگەیشت. کاك ڕەحمان تەلەفۆنی بۆ من کرد، دەیگوت پارەم وەرگرتوە یان نا. منداڵەکان حاڵیان باشە. من حاڵم باش نیە. دەبوایە ڕۆژی شەشی مانگ بچمە مەریزخانە. بەڵام لەبەر منداڵەکان نەچووم. زۆر سلاو لە هەموو برادەران دەکەم. هیوادارم بە ساغ و سلامەتی بژین. زۆر سلاو لە خوشکە شەمێ و کاك ڕەحمانی دەکەم. کەریم گیان بوردەی مانگی ١٠ و ١١ دەم بۆ بکرە. هەر بژی بە خۆشی و بە سلامەتی. Ahoj- tvuje cha didj ١٩٧٥/٢/٢٠.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/٣/١٤

خۆشەویستم خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. لە دووری تۆ هەراسانم. نازانم کەنگێ چاوم پێت ڕوون دەبێتەوە و لە ئامێزتدا دەحەسێمەوە. بە قەت هەموو دنیا بە ئاوات بووم بۆ نەورۆز بێمەوە و لەگەڵ ئێوە جێژنە بکەم، بە داخەوە ئێستا دەرەتانی گەڕانەوەم نیە. تۆ نیگەران مەبە. زۆر لەمێژە داوای ڤیزام کردووە. وەلآممان نیە. ئێستا وەزعەکە گۆڕاوە. ڕێگامان نیە بۆ سەردانی برادەران بچینە کوردستانیش. بەعس لەسەر حیسابی میللەتی کورد لەگەڵ ئێران ڕێککەوتووە. بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە نابێ هیچ تێکۆشانمان هەبێ و نابێ بچنە کوردستانیش. برپیار وایە ئەگەر ڤیزام بدەنێ، بچمە بێروت و لەوێ ڕا بچمە یەمەنی دیموکراتی، جا پاشان بۆ دیتنی کاك ڕەحمان بێمە ئەوروپا. هیوادارم بە دیداری ئێوەش چاوم ڕوون بێتەوە. ئەوە هەر هیوایە و نازانم چۆن دەبێ. تۆ خۆت ناڕەحەت مەکە، زوو زوو نامەم بۆ بنووسە. لە نامەی پۆستەدا باسی سیاسەت مەنووسە. بە ڕێگای خۆماندا هەموو شت بنووسە. ڕێگایەکی ئەمینە.

دوو مجەلەی فوتبالّم بۆ کەمالی نارد لەگەڵ تەقویمێکی ژاپۆنی. تەلەفۆنم کرد هیچتان لەمالّ نەبوون، ڕەنگە چووبنە کن کاك حەسەنی. نازانم پارچەی کۆت و شالّواری کەمالّت کڕیوە و بۆت بەدرووین داوە یان نا؟ کەمال بۆ سالّێکی دیکە لیباسی جوانی دەوێ، دەبێ دەستێك کۆت و شەلّواری جوانی بۆ ساز کەی. تکایە ئەم نامەیە هەر دەست لەجێ بۆ کاك ڕەحمانی بنێرە. زۆر بە پەلەیە. ئامانە خان لێرەیە. کوڕەکەی لاقی شکاوە، زۆر سلاّوت لێدەکا. نامەکەم درێژ بوو. دەمەوێ زۆرتر قسەت لەگەڵ بکەم. بەلاّم دەبێ نامەکە بگەیەنمە چیچۆ. هیوادارم چاو

و دڵم پێتان ڕوون بێتەوە. جارێکی تر چاوە جوانەکانت ماچ دەکەم. لە باتی من منداڵەکان ماچ کە. Ahoj kerimi to ١٩٧٥/٣/١٤.

نامە بۆ دایکی کەماڵ: ١٩٧٥/٤/٤

خۆشەویستم خەجیج گیان ڕۆژ باش. چاوەکانت ماچ دەکەم. ئەوڕۆ چواری مانگ تەلەفۆنم بۆ کردی لە ماڵ نەبووی. زۆر نیگەران بووم، هیوام وایە سلاّمەت و بێ دەرد و بەلاّ بن. نامە کورتەکەی کاك ڕەحمانم پێ گەیشت، تکایە گورج ئەو نامەیە بۆ کاك ڕەحمانی بنێرە، نووسیبووت وەزعی خۆمانت بۆ بنووسم، دڵم نایە وەزعی پەرێشانی کوردستانت بۆ بنووسم. میللەتەکەمان لە عێراق لە وەزعێکی دژوار دایە. ئێمە تا ئێستا وەزعمان ڕوون نەبووە. هەوەڵی مانگی چوار بانگیان کردین و گوتیان وەك جاران پێوەندیمان بەرقەرار دەبێ و با برادەرانتان هەر لە شوێنی خۆیان بمێننەوە. ئەگەر هەروا بمێنێ باشە. تۆزێ هاتووینەوە سەر خۆ. برادەران هەموو سلاّمەتن. نووسیبووت لەوێ مەبن باش نیە. تۆش هەر وەك کاك ڕەحمان دەڵێی لەوێ مەبن. کاك ڕەحمان خۆی لە پراك مات کردووە و برادەری بە جێ هێشتوون و دەنووسێ لەوێ مەبن. باشە، لە کوێ بین، چ دەوڵەتێکی دیکە ڕامان دەگرێ و یارمەتیمان پێ دەکا؟ ئەو هەموو برادەرانەی حیزبی بێ کار و برسی چییان لێ بکەین؟ خۆ مەسەلە هەر ئەمن نیم. من دەتوانم بێمەوە، بەلاّم ئەدی ئەو برادەرانە چ بکەن؟ من چۆن دەتوانم لە کاتی تەنگانەدا برادەران بەجێ بێڵم و بێمەوە ئەوروپا وەك کاك ڕەحمان خۆ لە ئەوروپا قایم بکەم و لە دوورەوە فەرمان بدەم؟ دەزانم تۆ تەنیای، بێکەسی.

بەڵام ئەو برادەرانەش حاڵیان باش نیە. ئێستا مانەوەمان لێرە لە هەموو شوێنێ باشترە ئەگەر دەستمان لێ نەدەن و هیچمان دژی شۆڕشی کورد و بارزانی پێ نەنووسن. بڕیارمان داوە دژی بارزانی و شۆڕشی کورد هیچ نەنووسین ئەگەر توشی دەردە سەریش بین. بۆیە دەڵێم باشترە، چونکە جێگای دیکەمان نیە. کوردەکانی دەگەڵ شۆڕش بوون، وا وردە وردە دەگەڕێنەوە. بەڵام دوا ڕۆژیشیان ڕوون نیە. ئێمە ئێستا دەبێ قازانجی حیزبی خۆمان لەبەر چاو بگرین. لە بیرت ماوە کە دەمگوت کوردەکانی عێراق بە هەڵە چوون و بە قسەی شای ئێران شەڕ دەکەن و توشی شکان دەبن. ئەودەم کاك ڕەحمان سیاسەتی وانی تەئیید دەکرد. ئەوان بە قسەی ئێران توشی چارە ڕەشی بوون. خەجیج گیان! دەرد و داخ زۆرە. تۆ خۆت ناڕەحەت مەکە. تێکۆشانی سیاسی ئەو قۆرتانەی لە پێشە. هیچ ناکرێ. هیوادارم دڵ شکاو نەبی. منداڵەکان وەك خۆت بعاملێنی و پەروەردەیان بکەی. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم.

Ahoj, kerimi to ١٩٧٥/٤/٤.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/٤/٢٦

خۆشەویستم خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم بە سلامەتی و بە خۆشی لەگەڵ منداڵەکان ژیان بەریە سەر و قەت دڵشکاو نەبی. من حاڵم باشە، واتە نەخۆش نیم. بەڵام خەمی دووری ئێوە و بارودۆخی خەفەتباری ئێرە و لێقەوماویی برا کوردەکانی عێراق، خۆشییان بۆ نەهێشتووم. لە هەوەڵی مانگی مارسەوە پاسپۆرتم داوە

کە ڤیزام بدەنێ سەفەر بکەم. تا ئێستا جوابمان نیە. نەك هـەر جـوابی پاسپۆرت نیـە، بـەڵکو هـەموو کارێکمـان پـەکی کـەوتووە. هیچـمان بـۆ ناکرێ. دوا ڕۆژیشمان ڕوون نیە. برادەرانی سەرەوە جارێ هەر لە جێی خۆیانن. بەڵام مەعلوم نیە دوایە چۆن دەبێ. ناتوانین چاومان بە کـەس بکەوێ کە قسەی دەگەڵ بکەین. لـە بـار و دۆخێکـی ئـاوادا مـن نـاتوانم برادەران بەجێ بێڵم. برادەران بڕیاریان داوە سەفەر بکەم، بەڵام کەنگێ ڕێگام دەدەن، نازانم. ئێوە خۆتـان ناڕەحـەت مەکـەن، نیگـەران مەبـە، هیچ ناکرێ. دەبێ چاوەڕوان بین بزانین چۆن دەبێ. هیوادارم منداڵەکان باش بخوێنن. زۆرت ئاگا لێیـان بـێ. مەهێڵـە بـە خـۆڕایی بسـوڕێنەوە. خۆت لە ژوورێدا حەپس مەکە. بچۆ دەرێ، بچۆ سینەما. ئەگەر پـارەت نەبوو شتەکانت بفرۆشە. ئەم نامەیە خێرا بۆ کاك ڕەحمانی بنێرە. نامە و ڕەسمەکانم پێ نەگەیشتوون. بچۆ لە پۆست داوایان بکەوە. کەمال بە تەلەفۆن داوای شتێکی زەردی کرد، حاڵی نـەبووم. بـۆم بنووسـە بـزانم چی دەوێ.

خەجیج گیان! خەریکی خوێندن بە. وەختـت زۆرە. زوو زوو نامـەم بـۆ بنووسە با لێتان بێ خەبەر نەبم. برادەران هەموو سلاوت پێدەگەیـەنن. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم، خۆشی تۆم ئاواتە. Ahoj kerimi to
١٩٧٥/٤/٢٦.

نامەی دایکی کەمال بۆ من ١٩٧٥/٥/١٠

کەریم گیان ڕۆژ باش. هیوادارم ساغ و سلامەت و کەیف خۆش بی. ئێمە حاڵمان باشە. کـەریم گیـان دوو نامـەی تـۆم پێگەیشـت. زۆر سوپاسـت

دەکـەم. بـە پەفیقـی دۆڕەدا نامـەم بـۆ نـاردی دەگـەڵ نامـەی کـاك پەحمانی. کەریم گیـان کـەمال سـەگی کڕیـوە زۆر جوانـە، وەك گـورگی دەچـێ، ٤٠ ڕۆژە لـە دایـك بـووە. کـەمالّ چـاك دەخـوێنێ. دەچـێتە دانیشگا، کاك حەمە کەریم بۆی جێ بەجێ کردووە.

خۆشەویستم کەریم نامەی حەسەنی برام پێگەیشت. بـەڵام بـە داخـەوە زۆر کەمی لێ حاڵی بووم. کەریم گیان دەبـێ بـۆم تەرجومـە بکـەی، بـە کوردی بۆم بنێـرەوە هەرچـی تێـدابوو چـاك یـان خـراپ. زۆر سوپاسـت دەکەم. کەریم گیان بلوزی پارچەم بـۆ بکـڕی. قـەولت پێـدابووم. لیمـۆ عەمانی و شوشێك عەمبەمان بۆ بنێرە. کەریم گیان جێژنی کرێکارانت لێ پیرۆز بێ، هیوادارم جێژنی کرێکاران بەختـەوەری و سـەرکەوتن بـێ بـۆ میللەتەکەمان. سڵاو لە هـەموو بـرادەران دەکـەم، هیـوادارم هـەموویان ساغ و سڵامەت و کەیف خۆش بن. ئیدی بە خۆشی و بە سڵامەتی بژی.
Ahoj خەجیج ١٩٧٥/٥/١٠.

ئەوەش نامەی کەماڵە بۆی نووسیوی. (نامەی کەماڵی بە ڕووسیە و بە پێویستم نەزانی چاپی بکەم.)

نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/٥/١٢

خوشکە خەجیجی خۆشەویست. سڵاو لە خۆت و لە کاك حەسەن هیوامە هەر لە خۆشی دابن. چاوی کـەمال و شـلێر مـاچ دەکـەم و بـە ئـاواتی سەرکەوتنیانم لە خوێندن و ژیاندا. چاوم بە ڕەسمە جوانەکانتان کەوت. دیارە هەر لەسەر ڕژێم دەڕۆن و شوکر بە کەیفن. بە کەیفی ئێوە و زوو زوو نامە نووسینی ئێوە دوو قازانجی هەیە، یـەکێك بـۆ کـاك کـەریم بـە

تەنیایی و یەکێکیش بۆ دۆست و برادەرانی. جا بە تایبەتی ئەو نامانەی باس و خەبەری خۆشی و سلاّمەتی ئێوەی تێدا بێ، هەموومان دەخاتە خۆشیەوە.

خوشکە خەجیج داوامە بۆ مەسەلەی جەمەدانی ژنی دکتۆر مراد تۆش لە گەلّ کاك حەسەن و کاك حەمەکەریم هەلّپێچن بۆ ئەوەی بەلّکو بتوانێ بۆمان ڕەوانە کاتەوە. نازانی کچە دکتۆرەکەی زۆر خزمەتی نەخۆشەکانی ئێمە دەکا و ئێمەش با ئەو چاکەیەمان بۆیان ببێ. ئیتر شادی و سەربەرزیت بە ئاوات دەخوازم. برات مینە ١٩٧٥/٥/١٢.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/٥/١٢

خۆشەویستم خەجیج گیان ڕۆژ باش. چاوە جوانەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم لە دەرد و بەلاّ بە دوور بی. دەگەلّ منداڵەکان بە خۆشی بژی. دوێنێ بە کچی چیچۆدا نامەیەکم بۆ ناردی، نامەی کاك ڕەحمانیشی لەگەلّ بوو، هیوام وایە بۆت ناردبێ. کوتو پڕ زانیم کە دۆڕە دێتەوە. ئەو نامەیەم بۆ کاك حەسەنی نووسی، بیدەیە. ئێمە حاڵمان هەر وەك خۆیەتی. جارێ هیچمان لێ مەعلوم نەبوە. لەوانەیە لەم ڕۆژانەدا شتێکمان لێ ڕوون بێتەوە، ئێستا زۆر بیرتان دەکەم. لە دووریتان هەراسانم. برادەران زۆر سلاّوت لێ دەکەن. مالّی خوشکە شەمێ سلاّویان هەیە. ئەو قاحبە دایکە نەی وێرا نامەت بۆ بێنێ، بۆیەمە بیناسی.! بۆم بنووسە منداڵەکان بۆ هاوینێ چیان دەوێ. منداڵەکان لە جیاتی من ماچکە. جارێکی دیکەش ماچت دەکەم. بە خۆشی بژی.
Ahoj, kerimi to ١٩٧٥/٥/١٢.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/٥/٢٤

خۆشەویستم خەجیج گیان! چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم بە خۆشی و سەربەرزی بژی. دڵشکاو نەبی. ئەو حەوتوەش نامەت نەهات. زۆر چاوەڕوان بووم. ئێمە حاڵمان باشە. ئێستا قەرار وایە پاسپۆرتەکەم بدەنەوە. ئەگەر وابێ، برادەران بڕیاریان داوە سەفەر بکەم. هیوادارم بە دیدارتان چاوم ڕوون بێتەوە. نازانم بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی شلێرێ دەگەڕێمەوە یان نا. ئەو بلوزە جوانە مەلا ڕەسوڵ بۆی کڕیوە بۆم نارد. کراسێکیشم بۆ کەمالّی نارد هیوادارم پێی جوان بێ. من بۆ چەند ڕۆژێك دەچمە کوردستان سەری برادەران دەدەم. پاشان ئەگەر پاسپۆرتەکەم ساز بوو، دەچمە بێروت، تەلەفۆنت بۆ دەکەم. بە کچی چیچۆدا نامەم بۆ بنووسە، بزانم چیتان دەوێ. هیوادارم منداڵەکان بە سەرکەوتوویی مەدرەسە تەواو بکەن. نامە بۆ کاك ئەمیر بنووسە ئەگەر دەتەوێ با کەمال بۆ مانگێك بچێتە لای ئەو. ئەگەر نەچێ، با فیکری ئەوەی بکا، هاوینێ مانگێك کار بکات. چاوەڕوانی نامەت دەبم. وابزانم دوا نامەت دەبێ. هیوادارم بە زووبی چاوم پێتان ڕوون بێتەوە و لە ئامێزتدا بحەسێمەوە. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم. Ahoj kerimi to ١٩٧٥/٥/٢٤.

نامەی مەلا عەولای حەیاکی بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/٨/٨

خوشکی بەڕێز و خۆشەویست براژنە خەجیج لەگەڵ سڵاوێکی گەرمی برایانە لەو کاتەدا کە بەرەو ماڵ دەگەڕێمەوە، دەمەوێ بەو بۆنەوە گەرمترین ڕێز و سوپاسی خۆمت پێشکەش بکەم بەرامبەر ئەو هەموو خزمەت و میوانداریەی کە بۆ منت بەکار هێنا. هیوادارم هەر خۆش بی

و خوشـــکی وەك تۆمـــان زۆر بـــێ. بـــرات عەبـــدوللاّ حەســـەن زادە.
١٩٧٥/٨/٨.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/١١/١٥

خەجیج گیان ڕۆژ باش. چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم بە سلاّمەتی لە مەریزخانە هاتبیە دەر و نەخۆشییەکەت دوایی هاتبێ. نامەکەت چـاوی ڕوون کردمەوە. دەزانی نامەکەی بە زمانی چیکیت نووسیبوو، خەڵەتی زۆر بوون. ئەوەی کوردیت هەڵەی نەبوو. هەر بە خەتی کوردی بنووسە. زۆرم پێناخۆشبوو ئەو کابرا ناپیاوە شتەکانی بـە جێهێشـتووە. نـازانم ئەنگوستیلەکەی بۆ هێناویەوە یان نا؟ درۆ دەکا، براکەی لەوانەیە هـەر نەیە. نازانم بۆچی گلەییت لە کەمالی هەیە.؟ کەمال هێندێ جولاّنـەوەی هەیە، ڕەنگە هـی خەراپـەی نـەبێ، کـەمال منداڵـە و تۆسـنە، زۆرم پـێ خۆشە کەمال بە دڵی تۆ بێ و بە کەیفی تۆ بجوڵێتەوە.

مـن ئێسـتا حـاڵم باشـە. چـووبوومە کوردسـتان، شـەش ڕۆژم پێچـوو. برادەرانـی سـەرێ هـەموو باشـن. زۆر سـلاّویان دەگەیانـدی. مـاڵ مـەلا ڕەسوڵی زۆر سلاّویان لێدەکردی. ئامانە خان بە قەد هەموو دنیا سلاّوی دەگەیاندی. سەید ڕەسوڵ سەیارەی لێخوڕیوە، وەری گێـڕاوە و شـانی شکاوە. ئێستا لـە بەغدایـە. ماڵـە مامۆسـتا مـەلا محەمـەدی شەڵماشـی زۆریان سلاّو دەگەیاندی. خوشکە شەمێ پۆستە و چای بۆ داناون بۆتان بنێرێ. خەجیج گیان! ئەگەر وەزعمان هەر وابێ، سەری ساڵی تازە هەر دەبـێ سـەرێکم بـدەی. بەداخـەوە سـاڵی تـازە چیچـۆ بـە یـەکجاری دەگەڕێتەوە، زۆرم پێناخۆشە. ئەو هەموو زەحمەتـەمان بـۆ دەکێشـێ.

نازانم کێ دێتە جێگای. تۆ پاسپۆرتە بولغاریەکەت نوێ بکەوە. لەوانەیە من سەفەرێکی دەرەوە بکەم. ئەو نامەیە بۆ کاك ڕەحمانی بنێرە. هێندێ کتێب بە پۆستەدا دەنێرمەوە، ئی خۆمانن. ئەگەر گەیشتن بۆم بنووسە. خەجیج گیان! خۆت لە ژوورێدا قەتیس مەکە. دەگەڵ منداڵەکان بچۆ سینەما و بچۆ گەڕانێ. ئەو نامەیەش بدە بە کاك حەمە کەریمی. نامەی کاك ڕەحمانی ئێکسپرێس بنێرە. برادەران هەموو سلاوت دەگەیەنن. لە جیاتی من منداڵەکان ماچ کە. جارێکی تر چاوە جوانەکانت ماچ دەکەم. بە خۆشی بژی.

. Ahoj, kerimi to

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/٦/١٠

خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. پازدە ڕۆژ بوو لە کوردستان بووم. سەری هەموو برادەرانم دا. زۆر ماندوو بووم، بەڵام زۆر شاد و کەیف خۆش بووم، چونکە هەموو برادەرەکان هەتا چوونی من زۆر نیگەران بوون. بە چوونی من دڵیان خۆش بوو. هەموو لە جێگای خۆیان ماونەوە، ئێستا ئیتر لە بارەی ژیان و مانەوەیان نیگەرانیمان نەماوە.

لەو سەفەرەشدا شەو و ڕۆژ هەر دە فیکری تۆ و تەعتیلی منداڵەکاندا بووم، هەر بەو هیوایە بووم بەڵکو بگەڕێمەوە چاوم بە نامەی تۆ ڕوون بێتەوە. بە خوێندنەوەی نامەی تۆ بحەسێمەوە. گەڕامەوە. برادەرانی سەرێ هەموو سلاویان دەگەیاندی. بە ڕاستی سوپاسیان دەکردی کە ڕێگات داوە من لێرە لە ناویاندا بم و لە گەڵیان بژیم.

گەڕامەوە، چیچۆ نامەکەی هێنابوو، لە مالّێ بوو. دە پێش هەموو شتێکدا مزگێنی نامەی تۆیان دامێ. هەر بە پێوە نامەکەم وەرگرت کە دیتم جەرگ و دڵم بەر بۆوە. هەموو تێمگەیشتن کە تێکچووم. تاقە دوو خەتت نووسیوە و دەڵێی: ((وەرەوە لە دەست کەمال و کاك حەسەن شێت بووم.))

خەجیج گیان! من دەزانم تۆ چەندە ناڕەحەتی. دەزانم هەقتە. دەزانم جوان و جێڵی تۆ بە تەنیا لە ژوورێدا بەسەر دەبەی. دەزانم من لە ئاستی تۆ چەندە خەتا بارم. دەزانم بە ڕاستی لەو چەند ساڵەی دواییدا بۆ تۆ هاوسەرێکی باش نەبووم. خەجیج گیان زۆرجار فیکر لە وەزعی تۆ دەکەمەوە، خۆم بە خەتا بار و خەجاڵەت دەزانم. بەڵام چبکەم. ئەو ڕێگایەی ئێمە گرتوومانەتە بەر، ئەو کۆسپ و تەنگ و چەڵەمەی لەبەرە. هێشتا ڕۆژی دژوارتر و تاڵتری لە پێشە. هەرچی بێ خۆمان ئەو ڕێگایەمان هەڵبژاردووە. خەتای کەس نیە. ڕاستە تۆ تەنیای، ناڕەحەتی، کەمال بە قسەت ناکا، بەڵام پێت وانەبێ منیش لە دووری تۆ بە ڕەحەت بم. بڕوام پێدەکەی شەو و ڕۆژ مەگەر دە خەوێدا ئێوەم لە بیر بچێتەوە. دەزانی و باش دەزانی من دەگەڵ تۆ و منداڵەکان هەمیشە خۆشم ڕابواردووە. قەت نەمویستووە سەعاتێك لە ئێوە دوور بم. دەزانی لەو تەمەنەدا دووری لە تۆ بۆ من چەندە دژوارە. باش دەزانی من دنیام سەبارەت بە تۆ و بە کەمالّ و شلێر پێخۆشە. بەڵام چبکەم؟! نەتەوەکەمان زۆر بەشخوراو و لێقەوماوە. لە کەمالّ و شلێران پتر پێویستی بە خزمەت و هەولّ و تەقەلای ئێمە هەیە. خۆ ڕەنگە من هیچم لە دەست نەیە. دەرد و داخی دووری لە ئێوە هەر بە خۆڕایی بچێ،

بەڵام هەر ئەوەندەش جێگای شانازیە کە برادەران پێیان خۆشە لە ناویان بم و بە جێم نەهێشتوون. چاك یان خراپ ئاگامان لە دەرد و مەرگی یەکتر هەیە. دەزانی دووری لەوانیش هەر دەرد و داخە.

خەجیج گیان! تۆ خۆت چەند جار گوتووتە نابێ دەست لە حیزب و لە برادەران هەڵبگری. لە نامەی ئەو دواییەشدا هەر نووسیبووت. برادەران هەموو لێرە بوون و نامەکەیان خوێندەوە. سوپاسیان کردی. نامەوێ پتر لەسەری بڕۆم. تەنیا دەمەوێ وەبیرت بێنمەوە کە وەزع و ژیانی ئێمە ئاوایە. تۆش ئەوانە باش دەزانی. بۆیە قەت چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە ئاوا دوو دێڕم بۆ بنووسی و باسی هیچم بۆ نەکەی. ڕەنگە بزانی ئێستا وەزعمان چۆنە؟ خۆ هاتنەوە بە دەستی من نیە. من هەوەڵی مانگی مارس داوای ڤیزام کردوە، جوابیان نەداوینەوە. قەولیان داوە ٢١ی مانگی مای پاسپۆرت و ڤیزام بدەنێ. هەتا ئێستا هیچ خەبەر نیە. دیارە ئەگەر ڤیزایان دامێ گیر نابم. من لە دووری ئێوە وا شێت دەبم. بەڵام پێم خۆشە ئەوەندەش بزانی، بەڵکو هەر نەیانهێشت بێمەوە. ئیتر هەق نیە تۆ پتر ناڕەحەتم بکەی. زۆر کەسی وەك من لەم ڕێگایەدا سەر و مااڵیان تێدا چووە. تێکۆشان و خەبات لە پێناوی ڕزگاری نەتەوە و نیشتماندا فیداکاری دەوێ.

خەجیج گیان! لە وەتا نامەکەی تۆم دیوە نەخۆشم. بۆ دەبێ لە دەست کەمالی ناڕەحەت بی؟ بۆ دەبێ کەمال جوابی نامەی من نەداتەوە؟ دەزانی کەمال چەندە منی خۆشدەوێ؟ ئێستا بەڵام نامەم بۆ نانووسێ. تۆش بۆم نانووسی مەسەلە چیە. ئەگەر کەمال وای لێبێت تۆ ناڕەحەت بکا و نامە بۆ من نەنووسێ، نەمانی باشترە. شلێریش نەینووسیوە

بۆچی کەمال نامەی نەناردوە؟ من خەم و ناڕەحەتی ئێرەم کەم بوو، ئێستا ئی ئێوەشی هاتە سەرێ. هیچیش ناکرێ. هەر دەبێ ڕاوەستم تا ئیجازەم دەدەن سەرێکتان بدەمەوە. خەجیج گیان! خۆت ناڕەحەت مەکە. لە کەمالیش عاجز مەبە. تەمەنی ئێستای کەمال جۆرێکە، ڕەنگە هەموو شتێکی بە کەیفی تۆ نەبێ. ئێستا من زۆری لێ تووڕەم. من هەر گوتوومە کەمالم بۆیە دەوێ، خزمەتی تۆ بکا. بەڵام جار و باریش کەر دەبێ. پێویستە بە زمانی بزانی. تۆ خۆت دەتگوت: کەمال کوڕی چاکە.

بۆیە ئەم نامەیەم نەنووسیوە ناڕەحەت بی. هیوادارم هەر خۆش و سڵامەت بی. بەسەربەرزی و بە خۆشی بژی. ئێستا وەزعی ئێمە باشترە. هیوام وایە بەم زوانە چاوم بە دیدارتان ڕوون بێتەوە و لە ئامێزی گەرمی تۆدا بحەسێمەوە. لە بارەی کاك حەسەنی. دەزانم هەراسان بووی. لە بابی خۆت پتر خزمەتت کردوە، مەجبور نی چێشتێ بۆ کاك حەسەن لێ بنێی. هیچ شەرمی پێناوێ. ئێستا منداڵەکان تەعتیلن. دەگەڵ ئەوان بچۆ دەرێ، بچنە ڤیتوشا نامەکەم تەواو دەکەم. جارێکی تر چاوە جوانەکانت ماچ دەکەم هیوادارم وا بێمەوە جێژنی لە دایك بوونی شلێر و کەمال پێکەوە بگرین. لە جیاتی من منداڵەکان ماچ بکە. خەجیج گیان ئەو نامەیەم زووتر نووسیبوو. ئێستا پاسپۆرتیان دامێ. هێندێ کاری خۆمان ماوە. ئەگەر تەواو بوو دەچمە بێروت، بە تەلەفۆن پێت ڕادەگەیەنم. ئیتر خۆشیت. Ahoj, kerimi to
.١٩٧٥/٦/١٠

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/١١/٢٩

خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم سلامەت بی و

دڵشکاو نەبی. نازانم چوویە خەستەخانە یان نا؟ زۆر نیگەرانم. هیچ نامەی تۆم بۆ نەهاتووە. قەرار وابوو خەبەری ساغ و سڵامەتی خۆتان بە پۆستەدا بنێری. نازانم نامەکانت پێگەیشتوون یان نا؟ چونکە کاك ڕەحمانیش نامەی نەنووسیوە. من حاڵم باشترە، بەڵام زۆر دەخەمی ئێوەدام و زۆر بیرتان دەکەم. جارێ حاڵمان باشە. برادەران سڵاوت دەگەیەنن. لەوانەیە ئەو ڕۆژانە سەفەرێك بکەم. بۆ ئاگاداریت ئاخری عابیدەمان بۆ ڕەحمانی خواست. جێگات خاڵی، سبەی شەو دەچینە شیرینی خواردن. نازانم مەسەلەی سەفەرت ساخ کردۆتەوە یان نا؟ زۆرم پێخۆشە ئەگەر کەست وەگیر کەوێ ئاگای لە منداڵەکان بێ، زستانێ بێیە لای ئێمە. نازانم کەمال چۆن دەخوێنێ؟ نێوانتان چۆنە؟ ئاواتم ئەوەیە کەمالێ لە قسەت دەرنەچێ و خزمەتت بکا و تۆش لێی ڕازی بی. تکایە نامەی کاك ڕەحمان ئێکسپرێس بنێرە. ئەگەر دکتۆر سوڵتان نامەی نووسیوە، بە ڕێگای چیچۆدا بۆم بنێرە. چاوەڕوانی نامەت دەبم. منداڵەکان ماچ دەکەم. بە خۆشی بژی. Ahoj, kerimi to
.١٩٧٥/١١/٢٩

نامەی دایکی کەمال بۆ من: ١٩٧٥/١٢/١١

کەریم گیان ڕۆژ باش! هیوادارم ساغ و سڵامەت و کەیف خۆش بی. نامەکەتم پێگەیشت و چاوم پێ ڕوون بۆوە وە زۆر سوپاست دەکەم. کەریم گیان ئێمە حاڵمان باشە. من نامەم بۆ نووسیوی کە هاتومە دەر لە مەریزخانە و دەگەڵ نامەی کاك ڕەحمان بۆم ناردبووی. کەمال چاك دەخوێنێ. منیش زۆری لێ ڕازیم. کەریم گیان ئەمن چم لێتان ڕازی بم یان نا؟ مەسەلەی سەفەرەکەم ساغ کردۆتەوە، لێلە ئێمی ڕازی یە

ئاگای لە منداڵەکان دەبێ. بەڵام دەترسێم بێمەوێ ناڕەحەتت کەم. لە هەمووی چاترە با دەژووریدا بمرم. بۆ خۆت دەزانی ئەوسا کەمال ئاخریەتی دەبێ کۆنترۆڵێکی زۆر گەورەی لەسەر بێ. نامەی کاك ڕەحمانیشم جێبەجێ نارد. کاك ڕەحمان تەلەفۆنی کرد گوتی دەبێ لەوێ نەبن، باشترە عێراق بەجێ بێڵن. نازانم بۆ وای گوت. کاك سوڵتان هیچ نامەی نەهاتوە. زۆرم پێخۆش بوو کە عابیدەت بۆ ڕەحمان خواستوە. ئەگەر دەتوانی دیاری بۆ منداڵەکان بنێرە بۆ سالێ تازە سلاو لە هەموو برادەران دەکەم هەر بژی بە خۆشی و بە سلامەتی.

Ahoj- tvij chadj

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/١٢/٢٧

خەجیج گیان ڕۆژ باش. دەپێشدا لە دووڕەوە چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوام وایە سلامەت و لە بەڵایان بەدوور بی. ئەمن نەخۆش نیم، حاڵیشم باش نیە. لە سەر یەك برادەران حاڵیان باش نیە. ئەوە مانگێك دەبێ قەرار بوو سەفەر بکەم. پاپۆرتم داونێ، بەڵام هەر خۆمان لێ دەشارنەوە. ئێستا دانیشتووین و لە چاوەڕوانیدا ڕۆژ دەبەینە سەر. تۆ نیگەران مەبە و خۆت ناڕەحەت مەکە. بەو حاڵە ناتوانم بڵێم وەرە ئێرە. لەوانەیە پاشان ڕێگات نەدەن بگەڕێیەوە. وەك ئەو سەگبابانە دەستیان بە کورد قڕان کردووە. خەریکن کوردستان چۆڵ بکەن. بەڵایەکی گەورە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە. زۆریشی خەتای کوردەکە خۆیەتی. بە هیوای شای ئێران تێکەوتن کە خۆی دوژمنی کوردە. دوا ڕۆژی ئێمەش لێرە مەعلوم نیە.

ئاگای لە منداڵەکان دەبێ. بەڵام دەترسێم بێمەوێ ناڕەحەتت کەم. لە هەمووی چاترە با دەژووریدا بمرم. بۆ خۆت دەزانی ئەوسا کەمال ئاخریەتی دەبێ کۆنترۆڵێکی زۆر گەورەی لەسەر بێ. نامەی کاك ڕەحمانیشم جێبەجێ نارد. کاك ڕەحمان تەلەفۆنی کرد گوتی دەبێ لەوێ نەبن، باشترە عێراق بەجێ بێڵن. نازانم بۆ وای گوت. کاك سوڵتان هیچ نامەی نەهاتوە. زۆرم پێخۆش بوو کە عابیدەت بۆ ڕەحمان خواستوە. ئەگەر دەتوانی دیاری بۆ منداڵەکان بنێرە بۆ ساڵی تازە سلاو لە هەموو برادەران دەکەم هەر بژی بە خۆشی و بە سلامەتی.

Ahoj- tvij chadj

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٥/١٢/٢٧

خەجیج گیان ڕۆژ باش. دەپێشدا لە دوورەوە چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوام وایە سلامەت و لە بەڵایان بەدوور بی. ئەمن نەخۆش نیم، حاڵیشم باش نیە. لە سەر یەك برادەران حاڵیان باش نیە. ئەوە مانگێك دەبێ قەرار بوو سەفەر بکەم. پاپۆرتم داونێ، بەڵام هەر خۆمان لێ دەشارنەوە. ئێستا دانیشتووین و لە چاوەڕوانیدا ڕۆژ دەبەینە سەر. تۆ نیگەران مەبە و خۆت ناڕەحەت مەکە. بەو حاڵە ناتوانم بڵێم وەرە ئێرە. لەوانەیە پاشان ڕێگات نەدەن بگەڕێیەوە. وەك ئەو سەگبابانە دەستیان بە کورد قڕان کردووە. خەریکن کوردستان چۆڵ بکەن. بەڵایەکی گەورە بەسەر نەتەوەکەماندا هاتووە. زۆریشی خەتای کوردەکە خۆیەتی. بە هیوای شای ئێران تێکەوتن کە خۆی دوژمنی کوردە. دوا ڕۆژی ئێمەش لێرە مەعلوم نیە.

خەجیج گیان ئەگەر نامەی کاك ڕەحمان هات، بیدە بە چیچۆ، بڵێ زوو بگاتە دەستی کەریم. ڕێگای دیکەمان نیە. هەر دەبێ لە ڕێگای ئەوانەوە نامەکانمان بێن و بچن. مالّیان ئاوا بێ. مامۆستا هێمن دامێنێکی بۆ شلێر کڕیوە، ئەوە بۆم نارد. با بە کوردی نامەی سوپاسی بۆ بنووسێ. یەك دوو دەفتەری مەدرەسەشم بۆ ناردن. خوشکە شەمێ ئەوە چایی و پۆستەی بۆ ناردن هێندێ کتێبم بە چیچۆدا ناردنەوە، هی خۆمانن. ئیتر خۆشیت. Ahoj- kerimi to

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٦/٢/٨

خۆشەویستم خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم لە ژیانتدا خەمبار و دڵشکاو نەبی. من حاڵم باشە. لە بارەی سەفەر و هاتنەوەم ئەوەی کاك ڕەحمان دەیڵێ هەر خەیاڵە. ئەو خۆی لە ئەوروپا دوور لە ژان و دەردی برادەرانی حیزبی ڕۆژ دەباتە سەر و لە وەزعی ئێمە ئاگادار نیە. من چۆن دەتوانم برادەرانی ئێرە بەجێ بێڵم؟ وەزعی نالەباری برادەران بۆیە نابێ خۆیان لێ بشارمەوە. خەریکم پارەی ماشێنەکەتان بە کەسێکی ئەمیندا بۆ بنێرمەوە. چونکە بەڕاستی هەقی خۆتانە. لە بیرتە لە خواردنی خۆمان دەگێڕاوە، دۆلارمان دەکڕی بەڵکو ماشێنێك بکڕین. ئێستا ماشێنمان کڕی. بەداخەوە نەمانتوانی پێکەوە لەگەڵ منداڵەکان سواری بین و وەك خەڵك بژین. ناچار لێرە فرۆشتمەوە. پارەکەی لای منە و هیوادارم بۆتانی بنێرمەوە. بەبێ ئێوە سواربوونیشی بۆ من تامی نیە. تکایە ئەو نامەیە بە پەلە بۆ کاك ڕەحمانی بنێرە. خۆت ناڕەحەت مەکە. چەندی بتوانی خەریکی خوێندن

و خوێندنەوە بە. لە جیاتی من منداڵەکان ماچ کە. خۆشیتان ئاواتمە. ماچت دەکەم. Ahoj- kerimi to ١٩٧٦/٢/٨

نامەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ دایکی کەمال

حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)

ژمارە: ٢٧١

ڕۆژ: ١٩٧٦/٢/١٥

هاوڕێی بەڕێز خوشکە خەجیج! وێڕای سلاّو.

نامە جوانە پیرۆز باییەکەت بە هۆی سی هەمین ساڵی دامەزراندنی کۆماری مەهاباد گەیشتە دەستمان. تێکۆشانی خوشکی وەك تۆی بەڕێز بۆ ئێمە جێی شانازییە. هیوادارین بە خەباتی تێکڕای هەموو لایەکمان بە ڕابەرایەتی حیزبە پێشڕەوەکەمان پشتیوانی هەموو گەلانی ڕزگاریخواز و پێشکەوتوو، بەسەر ڕێژیمی دیکتاتۆری شادا زاڵ بین و بتوانین لە سالاّنی داهاتوودا لە نیشتمانی خۆشەویستمان بە خۆشییەوە ئەو جێژنە بکەین. ئیتر هەر خۆش بیت. کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

نامەی مەلا ڕەسوڵ بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٦/٩/٩

بۆ بەڕێز و خۆشەویست خوشکە خەجیج! ئەو کاتەت باش. پێشەکی سلاوت لێ دەکەم و هیوام وایە هەر لە خۆشیدا ژیان بەرنە سەر. چاوی کەمال و شلێر ماچ دەکەم و بەسەر کەوتنی کەمال لە وەرگرتنی دیپلۆم یەکجار خۆشحاڵ بووم. بەسێ و دایکم و منداڵەکان زۆر سلاوت لێدەکەن و چاوی کەمال و شلێر ماچ دەکەن. ڕەنگە هێندێ گلەییم لێ بکەی کە لەو ماوەیەدا نامەی تایبەتیم بۆ نەناردووی بەڵام هۆیەکەی ئەوە بووە کە هەر جارێک نامەم بۆ کاک کەریم نووسیوە هەواڵم پرسیوی و تەقریبەن نامەکە بۆ هەردوکتان بوە. تکایە سلاو و ئیحترامات بە خزمەت کاک حەسەن بگەیەنە و هیوام وایە نەمرین هەتا جارێکی دیکەش بە خزمەتی دەگەم. بەڕاستی لەو سەفەرەدا هەمووی ئێمەت مەمنون کرد. بەو هەموو خزمەت و ماندوو بوونە، ئەگەر بەخێر بە یەکجاری هاتن بۆ ئێرە تۆڵەت بۆ دەکەینەوە. ئیتر هیوام خۆشی و بەختیاریتە. برات بۆ هەمیشە ڕەسوڵ عەبدوڵڕەحمان. ١٩٧٦/٩/٩.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٦/٩/٢٥

خەجیج گیان ڕۆژ باش. چاوەکانت ماچ دەکەم. ئاواتم سلامەتی تۆیە و هیوادارم قەت دڵشکاو نەبی و بەخۆشی لەگەڵ منداڵەکان ژیان بەریە سەر. دەتوانم هەر ئەوەندە بڵێم جارێ چارەنووس لێکی جیا کردووینەوە و داخێکی گرانە. خەبات بۆ ئازادی ئەم کۆسپانەی لەسەر ڕێگایە. نامەکەت چاوی ڕوون کردمەوە. زۆر جوان و بێ غەڵەتت نووسیبوو. هیوادارم کاتی خۆت بە خوێندنەوەی کوردی و بە نووسین

ڕابوێری. پێم خۆشبوو کەمال ئاگرۆنۆم دەخوێنێ. برادەرانیش لێرە پێیان باشە. هیوادارم نامە و شتەکانت پێگەیشتبن و نامەی کاك ڕەحمانیشت ناردبێ. ئەو نامەیەش زوو بۆ کاك ڕەحمانی بنێرە.

چەند ڕۆژە سەید ڕەسوڵ و ئامانە خان لێرەن، سلاّوت دەگەیەنن. مالّی مەلا ڕەسوڵیش سلاّویان لێدەکردی. پێم خۆشە ئەگەر کەست وەگیر کەوێ ئاگای لە شلێر بێ، بۆ دوو سێ مانگ بێیە ئێرە و منیش بڕێك بحەسێمەوە.

خەجیج گیان! لێرە برادەرانی کۆمیتەی ناوەندی بڕیاریاندا هەموو مانگێ ١٥٠ دۆلارت یارمەتی بکەن. سوپاسیان دەکەم، ئیتر لەبارەی ژیان و بەڕێوەچوونەوە خەمت نامێنێ و منیش تا ڕادەیەك فیکرم ئاسودە دەبێ.

چاوم بە شیرینی کچی مستەفا خۆشناو کەوت. زۆر سلاّوی دەگەیاندی. بلوزێکی جوانی بۆ شلێرێ کڕیوە کە بۆی بنێرم. حەزی دەکرد چاوی بە تۆش بکەوێ. مالّیان لە نزیك کەربەلایە، بەلّێنم پێداوە بچم سەریان بدەم. جارێ چیدیکە نیە بۆتان بنووسم. ئەو ڕەسمەش ئی کوڕی خوشکمە بۆت دەنێرم. خۆشیتان ئاواتەخوازم. لە بیرت نەچێ ئادرێسی کەمالم بۆ بنووسە. ماچت دەکەم. Ahoj- kerimi to
١٩٧٦/٩/٢٥.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٦/١٠/٤

خۆشەویستم خەجیج گیان ڕۆژ باش. لە دوورەوە چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم ساغ و سلاّمەت بی. پێش دوو ڕۆژ دەرمانەکانم

وەرگرت. زۆر سوپاس. بەڵام وا دیارە قەڵەمەکەم ون بووە، زۆرم پێ ناخۆش بوو. لەگەڵ نامەی تۆ نامەیەکم بۆ کاك ڕەحمان ناردبوو، هیوادارم بەڕێت کردبێ. من ئێستا حاڵم باشە، بەڵام زۆر دەفیکری تۆدام. پێم خۆشە فیکرێك بۆ شلێر بکەیەوە، یەکێك ئاگای لێ بێت، بۆ چەند مانگ بێیە ئێرە. نازانم کەمال بڕیاری چی داوە. باوکی فێنك پێی باشبوو ئاگڕۆنۆم بخوێنێ. زۆر سلاوی لێدەکردی. دەیگوت تا درەنگ بێ، باشترە و دەعوەتەکە گەورەتر دەبێ، ئێستا قەرارە جارێ من بانگێشتن کا. گوتم ڕادەوەستین تا دایکی کەمال دێت. فەرمووی: ئەوەیان وەبەر دەعوەتی دایکی کەمال ناکەوێ. برادەران هەموو باشن و سلاوت دەگەیەنن. مامۆستا عەبدە ئەوە ژن دێنێ و نۆی مانگ دەیگوێزێتەوە. زۆر سلاوت لێ دەکا. بە قەت هەموو دنیا باسی چاکەی تۆ و منداڵەکانی کردوە و ئێرەی پڕ کردووە.

خەجیج گیان! حەمەی حاجی سەعیدی لێرەی سەر وەدەر ناوە. ئەو ناپیاوە هاتووە، میوانی تۆ بوە، ڕانك و چۆغەی کەمالی لە ئێوە وەرگرتوە، بەڵام بە تۆی نەگوتوە دەچمە بەغدا. کارتان هەیە یان نا؟ لە بەغداش خۆی لە ئێمە ئاشکرا نەکردووە. من لە سولەیمانی توشی بووم. لە گەڕانەوەدا کە بێتە وێ، هەر ڕووی مەدەیە. وا دیارە نازانێ پیاوەتی و دۆستایەتی چییە. پێم خۆشە نامەیەك بۆ کۆمیتەی ناوەندی حیزبی خۆمان بنووسی و سوپاسیان بکەی بۆ ئەوەی یارمەتیەکی مانگانەیان بۆ تۆ و منداڵەکان دیاری کردووە. منیش سوپاسیان دەکەم. نامەی کاك ڕەحمانی زوو بنێرە. خەبەری کەمالیم بۆ بنووسە. ئەو دوو نامانە بدە بە کاك حەسەن و بە کاك حەمە کەریمی. بابی ئەوین هەر

لێرەیە و سلاوت دەگەیەنێ. منداڵەکان لە جیاتی من ماچ کە و خۆشم ماچت دەکەم، بە خۆشی بژی. Ahoj- kerimi to ١٩٧٦/١٠/٤.

نامەی بۆ شلێری کچم. ١٩٧٦/١٠/٢٢

شلێری خۆشەویستم، چاوەکەم، ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم سلاڤەت بی و بە خۆشی بژی. لە خوێندن و ژیاندا سەرکەوتوو بی و دایکت هەمیشە لێت ڕازی بێ.

ڕۆڵە گیان! من زۆرم پێخۆشە دایکت بۆ چەند مانگ بێتە لای من. بەڵام نامەوێ تۆ بە تەنیا لە ماڵەوە بی. دڵم ناحەسێتەوە. ئەگەر تۆ بە تەنیا بی، دایکیشت دڵی ناحەسێتەوە.. دڵی نایە بە تەنیا بە جێت بێڵێ، ئێستا کەمالیش لە ماڵ نیە. هیچ نەبێ کچە ڕووسەکەی ڕەفیقت ڕازی بکە با لە کن تۆ بژی، شەو و ڕۆژ پێکەوە بن. ئادرێسی کەمالم بۆ بنووسە، زوو نامەم بۆ بنێرە بزانم دەڵێی چی؟ دایکت ئیزن دەدەی یان نا؟ چونکە تا یەکێك لە کن تۆ نەبێ، دایکت دڵی نایە بەجێت بێڵێ. لە ڕەسمە تازەکانی خۆت دانەیەکم بۆ بنێرە. لە جیاتی من دایکت ماچ کە. خۆشیت ئاواتەمە. بابی خۆت. کەریم. ١٩٧٦/١٠/٢٢.

نامەی دکتۆر قاسملو بۆ دایکی کەمال ١٩٧٦/١١/٣

خوشکی بەڕێز. خوشکە خەجیج چۆنی؟ زۆر ئەحواڵت دەپرسم و زۆر سلاوم هەیە بۆ کەمال و شلێر. هەر وەها سلاوم هەیە بۆ کاك حەسەن و هیوادارم حاڵی باشتر بووبێ.

ئەوە نەسرین لێرەیە و زۆر سلاوی هەیە. زۆر تووشی زەحمەت بوو

بەڵام ئێستا حاڵی باشترە.

خوشکە خەجیج. تکام ئەوەیە ئەو کاغەزانەی کە بۆمن دەنێری بە سفارشی مەنێرە. هەروا وەکو کاغەزی مەعمولی بنێرە. زووتر دەگا و زەحمەتی کەمترە. زۆر سوپاس. برات ڕەحمان.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٧/٣/١٦

خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوام بە سلامەتی بژی و قەت دڵشکاو نەبی. نامەکەت ئەورۆ گەیشت. کاتێك لە خەستەخانە هاتبوومە دەر، چاوی ڕوون کردمەوە. سێ ڕۆژ بوو لە خەستەخانە بووم، لوتیان عەمەل کردم و ئێستا ئاسوودە ترم. جارێ حاڵم باشە. بەڵام بیری دووری تۆ و تەنیایی تۆ قەت ناهێڵێ ئاسودە بم. نامەکەت زۆر بە پەلە نووسیبوو، خەڵەتی هەبوون. ئەوەی باسی خۆتە تێنەگەیشتم. نازانم چییان پێگوتووی و کێ گوتوویە.؟ ئێستا کە پاسپۆرتەکەی بولغاریان وێداویەوە، ئیتر کەس کاری پێت نیە. تۆ خۆت ناڕەحەت مەکە. ئەگەر بتوانی سووکە کارێك بدۆزیەوە، ڕەنگە خەراب نەبێ. ئەگەر نەشت توانی و کەس باسی خانو و کاری نەکرد ئەوە لێگەڕێ. بۆت نەنوسیبووم کاك حەسەن چدەکا؟ چی دەدەنێ؟ دەڵێ چی؟ مەسەلەی سەفەرەکەم هێشتا ساغ نەبۆتەوە. نازانم کەنگێ جواب دەدەنەوە. ئەگەر ڕێگایان دام لەوانەیە یەکسەر بچمە پاریس. پاشان بێمەوە لای ئێوە. تکایە زوو نامەم بۆ بنووسە. بە شلێرێ بڵێ زوو نامەم بۆ بنووسێ. نامەکەی بە چیچۆ دا ناردبووم، با شلێر بچێ وەری بگرێ. نامەی کاك ڕەحمانی زوو بنێرە. بە مەسەلەی پاسپۆرتەوە

ناڕەحەت مەبە. با کەمال نامەم بۆ بنووسێ. بزانم لە چی ئیمتحانی داوە. بۆ خۆت چاو لە دەفتەرەکەی بکە. ئەگەر بتوانی بچیە پلۆڤدیڤ، بزانی کەمال چۆن دەخوێنێ. نازانم ئەوەندەی لە مالّێ بوو لێی ڕازی بووی یان نا؟ هەر ئەوەندەم دەوێ کەمال بە کەیفی تۆ بێ و لە قسەت دەرنەچێ. کەمال بۆی نووسیبووم کە بە برادەرێکی خوێندکاری کوردی عێراقیدا دوو بوتڵ ڤۆدکای بۆ ناردووم. هیچم پێنەگەیشتووە. پێی بڵێ بە کوردەکانی عێراقدا هیچم بۆ نەنێرێ. چونکە دەیخۆنەوە و لێرە (ببورە و العفو)م تەحویل دەدەن. وەک ئەوەی ئەنوەر دڵسۆز لە مۆسکۆ بۆی ناردبووم و کابرا لە پراگ (العفو)ی بۆ هێنابووم. سەید مریەم و مێردەکەی زۆر سڵاوت دەگەیەنن. هەموو ڕۆژی جومعان بانگێشتنم دەکەن و سوپاسیان دەکەم. کەوەکەمان زۆر باشە و دەستت ماچ دەکا. خۆشی و سڵامەتیت ئاواتمە. ماچت دەکەم. Ahoj kerimi to ١٩٧٧/٣/١٦.

نامە بۆ دایکی کەمال ١٩٧٧/٣/٢٥

خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. ئاواتم ئەوەیە بە سڵامەتی و بە خۆشی بژی. کارتەکان هەموو گەیشتن. زۆر سوپاس. کە دەنووسی، پاشان جارێک نایخوێنیەوە. دوویان خەڵەتیان هەبوو. بۆ مەلا عەولاّ و عەولاّ شلێر نەت نوسیبوو. تەلەفۆن و قسەکانت ئەگەر دڵیان گەشاندمەوە. ناڕەحەتیشیان کردم. چونکە لە کەمال تورە بووی. تۆ دەبێ زمانی کەمال بدۆزیەوە. ئێستا لە تەمەنێکی تایبەتی دایە و هەر دەبێ دایک تەئسیری بکاتە سەر. من لە دووڕەوە هیچم لەدەست

نایە. دەمەوێ لە بارەی شلێرەوە بۆم بنووسی. ئەگەر شلێر بە قسەی بابی خۆی بکا، پێمخۆشە شوو بە کوردێك بکا. پێم خۆشە وەزعی ئەوروپا کاری تێنەکا. نموونەی کیژە کوردێکی خوێندەواری بە شەرەف بێ وەك شیرینی کچی مستەفا خۆشناو بێ دایك و باب لە ئەوروپا نموونەی ئینسانیەت و شەرەفە. هەر وەك تا ئێستا پێت گەیاندووە، هیوادارم لەمەو دواش هەر لە ژێر تەربیەت و تەئسیری تۆدا بژی. من ئێستا حاڵم باشە. خەریکی دووبارە نووسینەوەی (دایك)م. تۆش تکایە لە نووسین و خوێندنەوە خافڵ مەبە. زوو نامەم بۆ بنووسە با خەتەکەت باشتر بێ. سڵاوی کاك حەسەنی دەگەیەنم. Ahoj kerimi to ١٩٧٧/٣/٢٥.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٧/٤/٩

خەجیجی خۆشەویستم ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. دوێنێ بەر لەوەی نامەکەت بگا، تەلەفونم کرد، کەس لە مانێ نەبوو. وادیارە لە کار بووی. نازانم کارەکەت چۆنە و چدەکەی؟ لە نامەکەتدا دیسان باسی پۆلیس و پاسپۆرتت کردوە. لە خۆڕا خۆت ناڕەحەت مەکە. زۆرم پێخۆشبوو لە شلێرێ ڕازی. بەڵام پێم ناخۆشە لە کەمالی تورەی. تکایە ئەو نامە و پاکەتە بۆ کاك ڕەحمان بنێرە. هەتا زوو بینێری درەنگە. من لەسەریەك باشم. چەند ڕۆژ بوو مەعیدەم ناڕەحەتی کردبووم. ئەگەر ئەو شتانەت بۆ کاك ڕەحمان نارد، تکایە بۆم بنووسە چ ڕۆژێك ناردووتە. نازانم لەگەڵ کارەکەت چۆنی. هیلاك دەبی یان ڕۆژ دەبەیە سەر.؟ ئەوەشم بۆ بۆتە فیکر. وادیارە ژیانەکەی من هەر دەبێ بە فیکر

و پەژارە بڕواتە سەر. باوکی فێنك زۆر سلاوت دەگەیەنێ. کەوەکەمان زۆر باشە. وەك سەگی هاری لێهاتووە. مالّە دکتۆر ڕەشید و ڕوونـاك خانْ سلاوت دەگەیەنن. برادەران هەموو سلاویان هەیە. پێمخۆشە جانتا دەستیەکەم بۆ بنێری. با کەمال بیدا بە کچی چیچۆ. ئەگەر نەبوو خۆتی پێوە ماندوو مەکە. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم. خۆشیت ئاواتە خوازم. Ahoj kerimi to ١٩٧٧/٤/٩.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٧/٤/٢٢

خەجیج گیان ڕۆژ باش. چاوەکانت ماچ دەکەم. سلاّمەتی و خۆشیت ئاواتمە. خەجیج گیان تۆ لە ناڕەحەتی من خۆت ناڕەحەت مەکە. دەزانی چەندەم پێناخۆشە کە تۆ دڵت ناڕەحەت دەبێ. با جارێ نەختێ لەسەر کەمال و شلێر بۆت بنووسم. دوایە دێمە سەر باسی خۆمان، بەلاّم نابێ خۆت ناڕەحەت بکەی.

کەمال نامەیەکی جوانی بۆ نووسیوم. دەڵێ دەچمەوە سەری دایك و خوشکم دەدەم. دەرسەکانم کەمن، وەختم زۆرە، دەحەسێمەوە. نووسیویە خۆشم نازانم پارە چۆن دەفڕێ. بەلاّم هەوڵ دەدەم کەمێك پاشەکەوت بکەم، بەلاّم هەموو مانگێك ناتوانم. نامەیەکی درێژم بۆ کەمال نووسیوە، دایبنێ، پێی بخوێنەوە.

لە بارەی شلێرێ. من پێم خۆشە و بۆم نووسیوە مێرد بە کورێکی کوردی باش بکات. دایك و باب وەزیفەیانە ڕێگای ڕاست بە منداڵەکانیان نیشان بدەن. جا ئەگەر بە قسەیان نەکەن، ئەوە ئیتر شتێکی دیکەیە.

خۆزیا نامەی چارلی چاپلی–نت خوێندبایەوە کە چی بۆ کچەکەی

نووسیوە. باش بوو وەسیلەمان دیتەوە، ئێستا دەمەوێ لە وەزعی خۆمان ئاگادارت بکەم. پێش چەند ڕۆژ حکومەتی بەعس لە کۆیە برادەرانی ئێمەیان کۆ کردەوە و دە ماشێنی سەربازیان ئاخنین و بردوویانین بۆ (ڕومادی). چەند ڕۆژ لێیان بێ خەبەر بووین. پێمان وابوو داویاننەوە بە ئێران. پاشان خەبەرمان زانی کە لە (ڕومادین) من چوومە لایان. ئەو هەموو مالێ و ژن و منداڵە یان لەبەر سووڕەتاوی ڕومادی بێ جێگا و شوێن لە ستادیۆنێکی وەرزشیدا هەڵڕشتوە. شتومەکی زۆریان لێ دزیون و مالّیان لێ پەرش و بلاّو بوە. بە برادەرانی سولەیمانی و قەڵا دزەشیان گوتوە کە ناوی خاو و خێزانیان بدەن بە حکومەتی بەعس. جارێ دەستیان لێ نەداون. نازانین چۆن دەبێ. نامەمان بۆ ڕێبەرایەتی بەعس نووسیوە.

خەجیج گیان! بەر لە هەموو شت دەمەوێ خۆت ناڕەحەت نەکەی. ئامانە خان و خوشکە بەسێ زۆر بە غیرەت بوون. زۆر سلاّویان دەگەیاندی. تۆش دەبێ وەك ئەوان ئازا بی. ژیان و تێکۆشانی سیاسی ڕووداوی دژوار تریشی بە دواوەیە. تکایە ئەو نامەیە بدە بە حەمە کەریم و بلاّوی بکەنەوە کە حکومەتی بەعس کوردەکانی حیزبی دیموکراتی لە کوردستانیان ڕاگواستوە. بە منداڵەکان مەڵێ، با ناڕەحەت نەبن. باوکی فێنك سلاّوت دەگەیەنێ. دەیگوت لە بارەی خانو و ژیانی ئێوە نامەیان بۆ حیزبی کۆمۆنیستی بولغارستان نووسیوە و دەستیان لێنادەن. پێم وانیە دەست لە ئێمە بدەن ئەگەر دەستیشیان لێداین هیچ ناکرێ. تۆ منداڵەکان چ لێدەکەی و چۆن ژیان دەبەیە سەر، خۆت دەزانی، بە خۆشی ژیان بەرە سەر. هەر ئەوەندەم لە تۆ دەوێ، منداڵەکان وا

بعاملێنـه خۆیـان بـه کـورد بـزانن و تێبگـەن پۆلـەی نەتەوەیـەکی بەشخوراون. ئەوەندەش بزانن بە رێگای سۆسیالیستیدا نەبێ کـورد لـه چەوسـانەوە رزگـار نـابێ. دەزانـی ئـازادی بـۆ مـن ئەوەیـه کـه زەحمەتکێشانی کورد له چەوسانەوە و ستەم و بندەستی رزگار بن. بۆ من ئەوە ئازادی نیـه کـه تاقمێك بـەناوی کوردایـەتی دەسـەلآت بگرنـه دەست و زەحمەتکێش و خەڵك وەك داگیرکەر بچەوسێننەوە.

خەجیج گیان! بەو نامەیە خۆت ناڕەحەت مەکە. دەبوایە تۆ لە وەزعـی خۆمـان ئاگـادار بکـەم. ئـەو نامەیـه زۆر زوو بـۆ کـاك ڕەحمـان بنێـرە. تەلەفۆنەکەمان گۆڕاوە. ئێستا ئاوایە (٧٦٦٠٤٤٤). جـارێکی تـر ماچـت دەکەم خۆشیت ئاواتمە. منداڵەکانم بـۆ مـاچ کـە. کـەریمی تـۆ. Ahoj ١٩٧٧/٤/٢٢.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٧/٥/١٣

خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم سلاّمەت و بە خۆشی بژی. من حاڵم باشـە. بـەلاّم زۆر مانـدووم. لـە بـارەی فیکـرەوە ناڕەحەتم. حەوتووی دووجـار دەبـێ بچـمە ڕومـادی و سـەری بـرادەران بدەم، زۆر ناڕەحەتن. جێگایان زۆر پـیس و ناخۆشـە. ترسـی ئـەوەمان هەیە برادەرانی سولەیمانی و قەلاّدزەش داگیرنە خوارێ. جا بـەم حاڵـە من قەت ناتوانم و نابێ برادەران بەجێ بێڵم. قەرار وابوو کاك ڕەحمان و کـاك ئـەمیری قـازی بگەڕێنـەوە، بـەلاّم حکومـەتی عێـراق ڕازی بـە هاتنـەوەیان نـەبوو. نـازانم وەزعمـان بـەرەو کـوێ دەچـێ. تـۆ خـۆت ناڕەحەت مەکە. چاوم بە باوکی فێنـك کـەوت، سـلاّوی دەگەیانـدی. بـۆ

بولغارەکانیان نووسیوە کە دەست لە خانوو ژیانی تۆ نەدەن. دیارە ئەگەر وەزعمان ڕوون بێتەوە و برادەران ئیجازە بدەن، بۆ سەردانێکی کورتیش بێ هەر دێمەوە. ئەگەریش نەهاتمەوە کە زۆرم پێ ناخۆشە، تۆ لەگەڵ منداڵەکان چۆنی دەتەوێ بەرنامەی ژیانی خۆت ڕێك بخە... هێندێ کتێبم بە پۆستەدا ناردوونەوە ئەگەر گەیشتن بۆم بنووسە چاوی شلێرێ ماچ دەکەم. ڕێگام نەبوو نامەی بۆ بنووسم. برادەران سلاوت دەگەیێنن. خۆشی تۆم ئاواتە. Ahoj kerimi to ١٩٧٧/٥/١٣.

نامەی دایکی کەمال بۆ من: ١٩٧٧/٥/٢٤

کەریم گیان ڕۆژ باش. هیوادارم ساغ و سلامەت و کەیف خۆش بی. کەریم گیان کەمال هاتبۆوە مانێ، حاڵی زۆر باشە. شلێر دوو ڕۆژ بوو نەخۆش بوو. من نەدەچوومە کارێ، لە مانێ ئاگام لێبوو. منیش نەخۆشم. پشتم دێشێ... کەریم گیان نامەی کاك ڕەحمانی دەگەڵ پاکەتەکە پێم گەیشتن، جێ بەجێ ناردم. دوو ڤۆدگا دەگەڵ جانتاکەی دەستی دام بە برای خۆشەویست کاك نادر کە بۆت بێنێ... ئەو شتانە بۆ منداڵەکانی مامۆستای، بۆ گەلاوێژ و محەمەدی. کەریم گیان تۆ خۆت ناڕەحەت مەکە. دەفیکری ئێمەدا مەبە. ئێمە هەر چۆنێکی بێ بەڕێدەچین. دەمانەوێ هەر ئەتۆ و برادەران ساغ و سلامەت بن. کەریم گیان تۆ نابێ ئەو برادەرانە بەجێ بێڵی، هەتا بە یەکجاری جێگایان بۆ پەیدا نەکەی. تۆ دەخەمی ئێمەدا مەبە. کەریم گیان جێژنی کرێکارانت لێ پیرۆز بێ. ناتوانم چیدیکە بنووسم. دەستم دەلەرزێ. پێم خۆشە تەلەفۆنم بۆ بکەی. زۆر ناڕەحەتم. زۆر سلاو لە برادەران دەکەم. کەریم

گیان ئەوە لوکانکەم بۆ ناردی بۆ مەزە. دەپێشدا پاکی دەکەن و ورد وردی دەکەن. بە سلاّمەتی بیخۆن دەگەڵ مامۆستا هێمنی. کەریم گیان لێرە قەندی کلّۆ وەگیر ناکەوێ، بە جەلالی بلّێ، هێندێك قەندم بۆ بشکێنێ، بۆم بنێرە. هیوادارم بە کەیف خۆشی بژی. Ahoj خەجیجی تۆ.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٧/٦/٥

خۆشەویستم خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. هەرچەند دەزانم زۆر ناڕەحەتی، بەلاّم چار نیە. نابێ خۆت ناڕەحەت بکەی. من حاڵم باشە و نەخۆش نیم. بەلاّم بێجگە لە ناڕەحەتی و دژواری وەزعی ئێرە و کاری زۆر و خەمی برادەران، خەفەتی دووری و تەنیایی تۆش بۆتە سەربارێك و هەمیشە بیر و فیکری داگیر کردووم. زۆر بە ئاواتم دەرفەت هەبێ، سەرێکتان بدەم و ماوەیەك لە ئامێزی گەرمی تۆدا بحەسێمەوە.

وەزعی ئێمە هەر وەك خۆیەتی. برادەران هەر وا لە ڕمادین و ڕێگای گەڕانەوەیان نیە. بە بۆنەی تەواو بوونی مەدرەسەی شلێرێ حەرفێکی sh و زنجیرێکم بۆ نارد، هیوادارم پێی جوان بێ. لە بارەی کارەکەت ئەگەر زۆر ناڕەحەت و هیلاکی، وازی لێ بێنە. ئەو هاوینەی کاك عەزیز لەگەڵ منداڵەکانی دێتە سۆفیا و بێگومان سەردانی تۆش دەکا، دکتۆر عەبدولڕەحمانیش قەرارە بە ژنەوە بێ و میوانت بێ. زۆرم پێخۆشە و بێگومان لە میواندارێت خۆشحاڵ دەبن. تکایە ئەو نامەیە زۆر زوو بۆ کاك ڕەحمانی بنێرە. هیوادارم بەو زوانە بە دیدارتان شاد بم. ماچت

دەکەم. Ahoj kerimi to ١٩٧٧/٦/٥.

هەوەڵین خەتی کوردی شلێری کچمە، بێ تاریخە:

ڕۆژ باش بابە گیان. نامەکەتم پێ گەیشت زۆر سوپاس بۆ بلوزەکە. من باشم. باش دەخوێنم. بابە گیان ئەگەر شاڵواری شینت وەگیر دەکەوێ بۆ لێنە، شاڵواری دیکەی ئی کاوبۆی بۆ بنێرە، من لەسەر مەگنێتۆفۆن ڕاوەستاوم، ئەگەر بتوانی دامێنێکی درێژی وەکو ئی دایکم بۆ من بنێرە. ئەمیش ئەوە فێری کوردی بومە زۆر سلاو لە برادەرەکان دەکەم. خوا حافیز، کچی خۆت شلێر.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٧/٦/٢٥

خەجیج گیان شەو باش. چاوەکانت ماچ دەکەم ئێستا شەو لەگەڵ دکتۆر ڕەشید لە ماڵی چیچۆم. یەکی ئەمین دەهاتەوە سۆفیا، دەرفەت بوو نامەت بۆ بنووسم. زۆر بەداخەوەم نەمتوانی لە جێژنی دیپلۆم وەرگرتنی شلێردا بەشدار بم. هیوادارم بە خۆشی دیپلۆمی شلێرتان وەرگرتبێ. من هێشتا پاسپۆرتەکەیان نەداومەوە. بە بۆنەی تەواو بوونی مەدرەسەوە لە جیاتی من شلێرێ ماچ بکە. ئێستا خواردوومەتەوە، ناتوانم نامەی بۆ بنووسم. بە شلێرێ بڵێ، با خۆ ماندوو بکا و بە بۆچوونی زانستگا ئیمتحان بدا و مەمنوونی کەس نەبێ. خەجیج گیان! لەوانەیە لێرەوە بچمە فەڕانسە بۆ دیتنی کاك ڕەحمان، دوایە بێمەوە سۆفیا. ئەگەر ڕۆژنامەی کوردستانت بۆ هاتوون، بۆمان بنێرە. هیوام وایە زوو چاوم بە دیدارتان ڕوون بێتەوە و لە ئامێزت دا

بەسێمەوە. زۆر ماندووم. وەرگێڕانی کتێبی (دایکی ماکسیم گۆرگی)م تەواو کرد. داومە بە سانسۆر لەوانەیە کۆپی زانیاری کوردی بۆم چاپ بکا. لەبەر ئەوەی لێرە میوانی دیکەش هەن، نەمتوانی نامە بۆ منداڵەکان بنووسم. لە جیاتی من ماچیان بکە. سڵاوی کاك حەسەنی دەگەیەنم. بڵێ نامەکەی گەیشتووە. بە خۆشی بژی. Ahoj kerimi to ١٩٧٧/٦/٢٥

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٧/٧/١٤

خەجیج گیان پۆژ باش. چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم بە خۆشی بژی. من حاڵم باشە و بە ئاواتی ئەو پۆژەم بگەمەوە لات و تێر بەسێمەوە. خەجیج گیان! پۆژی بیست و چواری مانگ، ئێمە بەیانی بە فڕۆکەی بولغاری دەگەینە سۆفیا. برادەران هەمووی لەگەڵ من دەبن. پۆژی دوو شەمۆ دەچینە پاریس. شەو لە سۆفیا وەك ترانزێت لە هۆتێل سەردیکا دەبن. بەڵام دیارە بۆ نان خواردن هەر دەبێ میوانی تۆ بین. بێگومان وەك پێویستە میوانداریمان دەکەی. تەلەفۆن بۆ کەمالیش بکە پۆژی شەمۆ بیست و سێی مانگ بێتەوە، بێتە فڕۆکەخانەش. تۆش ئەگەر بتوانی بێی پێم خۆشە. دیارە من پاش گەڕانەوە لە پاریس چەند پۆژێك لە سۆفیا دەمێنمەوە. بە کەسی دیکەش مەڵێ برادەران دێن و دەچنە پاریس. من ئێستا دەچمە کوردستان. کە گەڕامەوە تەلەفۆنت بۆ دەکەم. چت پێویستە بۆ خۆت و بۆ منداڵەکانت خۆمان دەیهێنین. ماچت دەکەم. Ahoj kerimi to ١٩٧٧/٧/١٤

نامە بۆ دایکی کەمال: ۱۹۷۷/۱۰/۱

خەجیج گیان رۆژ باش. چاوەکانت ماچ دەکەم. من وا بە سلاّمەتی گەیشتمەوە بەغدا. برادەران هەموو هاتبوونە فڕۆکەخانە. خوشکە ڕوناك و موژدەش هاتبوون سوپاسیان دەکەم. بەلاّم لە ڕێگا و لێرەش هەر دەفیکری تۆ دابووم دیسان بە تەنیا مایەوە و هەر لە ژوورێدا حەپس دەبی. تکایە خۆت ناڕەحەت مەکە. بچۆ دەرێ، بچۆ گەڕانێ. لە مالّێ بە نووسین و خوێندنەوە، تۆلّەی تەنیاییەکەت بکەوە. ئەگەر کاری شلێرێ وەدرەنگی کەوت، خۆت وەدوای کەوە. شەرمێ مەکە و خۆشت تووڕە مەکە. ئێمە حالّمان باشە، برادەران هەموو سلاّوت دەگەیەنن. هێشتا هەوا زۆر گەرمە. ئیتر خۆشیت. Ahoj kerimi to ۱۹۷۷/۱۰/۱.

نامە بۆ دایکی کەمال: ۱۹۷۸/۲/۲۸

خەجیج گیان رۆژ باش! چاوە جوانەکانت ماچ دەکەم هیوادارم ئێستا چاك بووبیتەوە و دەنگت کرابێتەوە. من حالّم باشە. بەلاّم دووری لە تۆ و تەنیایی تۆ، بۆ من بۆتە خەمێکی دایمی و هیچیش ناکرێ. تا ئێستاش هیچ جوابیان نەداوینەوە. نازانین مەسەلە چیە و چ نەخشەیەکیان بۆ کێشاوین.. پێم خۆشە ئاگادارت بکەم کۆڕی زانیاری کوردی کتێبی (دایکی) چاپ کرد و پارەی کتێبەکەشی دامێ. سەتی بیستی پارەکەم داوە بە حیزب. نیوەم بۆ تۆ ڕاگرتوە. کەمال و شلێر هەر یەکەی ۵۰ دۆلارم بۆ داناون. بۆ برادەرانی ئێرە کە پێکەوە دەژین، بە تێکڕایی دیاریم بۆ کڕیون و بۆ ژنەکانیش. پێم وایە ئەو کارەت پێخۆش دەبێ. بوردەی ژمارە ۱۱م بۆ ناردی. بۆ ئاگاداریت بابی کاك مستەفای شێخی

کۆچی دوایی کردوە و کچی ئاغا بێوەژن بۆتەوە. بەداخەوە لێرەش نی بچیە سەرەخۆشی کچی ئاغا. برادەران هەموو سڵاوت دەگەیەنن. ئەو نامەیە زوو بۆ باوکی مینا بنێرە. ماچت دەکەم. Ahoj kerimi to ١٩٧٨/٢/٢٨.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٨/٧/٢

خەجیج گیان پۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم بە خۆشی بژی و قەت دڵشکاو نەبی. پاش گەڕانەوەی تۆ زۆر هەست بە تەنیایی دەکەم. ئەو بەینە هەر لە مانێ وەدەر نەکەوتووم. زۆر بە جیددی خەریکی نووسینەوەی چیرۆکەکانم. ٢٦ چیرۆکی کە کردبوومن بە کوردی، ئێستا پاکنوسیان دەکەم و دەیاندەم بە مامۆستا هێمن تەماشایان دەکا، خەریکم بیاندەم بە ڕەقابە، بەڵکوو موافەقەت بکەن چاپ بکرێ. ڕەنگە ڕۆشنبیری کورد چاپیان بکا. دەستم کردوە بە وەرگێڕانی کتێبێکی دیکە بەناوی (ئەفسانە کوردییەکان) ٤٠٠ لاپەڕەیە. ئەگەر تەواوی بکەم لەوانەیە کۆڕی زانیاری کوردی چاپی بکا. کتێبێکی باشە. کتێبی (دایك) لە بازار تەواو بووە. خەڵك بەدوایدا دەگەڕێن. داومە بە مانّی باوکی سامان کە چاپی بکەنەوە. پارەشم لەوان ناوێ. هەر دەمەوێ بڵاو بێتەوە و بگاتە دەستی کوردان.. تۆش ئێستا بێکاری، دەست بکە بە خوێندنەوەی تا تەواوی دەکەی. نامەکەت چاوی ڕوون کردمەوە. هاتنەوەی من جارێ مەعلوم نیە. هیچ کارتێکت بۆ مانّی سەید مریەم و کەریم حەداد نەنووسیوە. خۆ نووسینی کارت هێندەی پێناوێ. لە بارەی سەفەری شلێرێ بۆ مانّی کاك سەلاحی، وەزعی

لوبنان زۆر ئالۆزە. پێم خۆش نیە سەفەری وا بکا. بۆ خۆشم نامەی بۆ دەنووسم. ئەگەر بتوانم زۆرم پێ خۆشە بۆ ڕۆژی لەدایکبوونی کەمالی بێمەوە. ئەو ساڵ کەمال دەبێتە ٢٠ ساڵ. دیارییەکی باشی بۆ بکرە و جێژنی بۆ بگرە. جارێ بۆ ئەم حەوتوە ڕەنگە بەسبێ. چاوەکانت ماچ دەکەم. خۆشی تۆم ئاواتە. Ahoj kerimi to ١٩٧٨/٧/٢.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٨/٩/٢٧

خەجیجی خۆشەویستم ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. بە بۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونت پڕ بەدڵ پیرۆز باییت لێ دەکەم. سڵامەتی و بەختەوەری و خۆشی و شادیت بە ئاوات دەخوازم. هیوادارم لە ژیانتدا هەمیشە سەربەرز و بێ خەم و دەرد و کوێرەوەری بی. چەندەم پێ خۆش بوو ئەم ڕۆژە لە کن تۆ بام و پێکەوە ئەو جێژنەمان گرتبایە، بەڵام بە داخەوە ژیان جارێ لێکی دوور خستووینەوە و خەبات لە ڕێی بەختەوەری نەتەوە و نیشتمانداا ئەوەی بە دواوەیە. لێرە بە خۆشی تۆ جێژن دەگرم. خۆشیت بە ئاوات دەخوازم. جارێکی تر ماچت دەکەم. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم. Ahoj kerimi to.

نامە بۆ شلێری کچم کە دوای گەڕانەوە بۆ ئێران لە تارانەوە بۆم نووسیوە.

شلێر گیان ڕۆژ باش. چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم لەگەڵ دایکت بە خۆشی بژین. شلێر گیان هاتنەوەکەم زۆر خۆش بوو. بریا ئێوەش لەگەڵ من بان. تا زانیبات بابی تۆ لە لای خەڵکی خۆمان چەندە خۆشەویستە. لەگەڵ دایکت ڕەسمی تازە بە جیاواز بکێشن، بۆم بنێرن.

بـزانن ئەگـەر بـرادەرە ئێرانیـەکان، ئێستا چـوونە سـەفارەتی ئێـران، ئێوەش بچن و داوای پاسپۆرتی ئێرانی بکەن. هیوادارم ئێوەش بتـوانن هاوینێ بێنەوە. ماڵە خاڵت و پورەکانت. بێنەوە نێو میللەتی خۆتان.

زوو بە ئادریسی خاڵت نامەم بۆ بنووسە هەوڵ دەدەم شریتی قسەکانی خۆمت بۆ بنێرم کە لە نەغەدە لەکاتی پێشوازی خەڵکدا تۆمـار کـراوە. ئێستا لە تارانەوە ئەو نامەت بۆ دەنووسـم. دوو ڕۆژی دیکـە دەچـمەوە کوردسـتان. وەزعـی کوردسـتان زۆر خۆشـە. هیـوادارم زوو دەرس و مەدرەسەتان تەواو بێ و لەگەڵ دایکت و کەمالی بگەڕێنەوە. لـە جیـاتی من دایکت و کەمالی ماچ کـە. نامـەم بـۆ دایکـت و کـەمالیش نووسـیوە. بەخۆشی بژی. بابی خۆت کەریم. ١٩٧٩/٣/٢٩.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٩/٤/١٠

خەجیج گیان ڕۆژ باش. چـاوەکانت مـاچ دەکـەم. هیـوادارم بـە خۆشـی بژی. کارت و نامـەی دوور و درێـژم بـۆ نووسـیوی، نـازانم کـەنگێ پێـت دەگات. من حاڵم باشە. دووری تۆ نەبێ، خەمی دیکەم نیە. چـەندە بـە ئاوات بووم لەو سەفەرە لە گەڵ من بای. لە کانگـای دڵمـەوە سوپاسـی ئەو خەڵکە وەفاداڕە دەکەم کە چەندە ڕێزیـان لێ گرتـووم. مـاڵی بابـت شوکر حاڵیان باشە. هەر شەوێك لە نەغـەدە بـووم. کـاك سمـایلی بـرات خەریکـە پاسـپۆرت وەرگـرێ و بـێ سـەرتان بـدا. ئەگـەر مەدرەسـەی منداڵەکان تەواو بوو، ئێوەش هیوادارم بێنەوە. تاران شارێکی گەورە و پیس و شلۆقە. شت زۆر گرانە. بە ئادرێسی نەغەدە ماڵی بابت، عەکسی خۆت و کەمال و شلێرم بۆ بنێرە، بەڵکوو سجلی ئێرانیتان بۆ وەربگرم.

نازانم سجل و کتێب و شتەکانی ئێرەمان چییان بەسەر هاتووە. بچوونە سەفارەتی ئێران و داوای پاسپۆرتی ئێرانی بکەن. خەریك بە بە باشی لێخۆڕینی ماشێن فێر بی. بە ئادرێسی تۆ ڕۆژنامەم بۆ کاك حەسەنی ناردوە، جا نازانم کەنگێ دەگاتێ. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم و هیوادارم قەت خەمبار و دڵشکاو نەبی. ئەسعەدی کوری کاعەلی لێرەیە. لە مەدرەسەی فرۆکەوانی دەخوێنێ، ڕۆژانە دێتە لام. زۆر سڵاوت لێدەکا. سڵاوی کەمال و شلێر دەگەیەنێ. بە خۆشی بژی. Ahoj kerimi to ١٩٧٩/٤/١٠

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٩/٤/١٥

خەجیج گیان ڕۆژ باش. چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم بە خۆشی بژی. من حاڵم باشە. بەڵام کار زۆرە و هیچ ئیسراحەتم نیە. ئێستا وەزعمان باشە. ئەو نامەیە لە شاپورەوە، شارێکی نێزیك سنووری تورکیا بۆت دەنووسم. بۆ کاری حیزبی هاتوومە ئەو شارە. تا ئێستا هیچ نامەی تۆم پێنەگەیشتوە. مااڵی کاك ئەحمەدی زۆر باشن. چەند جار چوومە سەردانیان و یا بۆ کاری حیزبی چوومە نەغەدە. چاوەڕوانن لەگەڵ منداڵەکان بگەڕێنەوە. کاك سمایل کوڕێکی زۆر باش و پیاوە. بۆم بنوسە بزانم بۆ هاتنەوە فیکری چیت کردۆتەوە؟. پێم وایە دەبێ پاسپۆرتی بولغاری وەربگرن. چاوەڕوانین کاك حەسەنیش بگەڕێتەوە. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم. بەخۆشی بژین. Ahoj kerimi to ١٩٧٩/٤/١٥.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٩/٥/٢

خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم.هیوادارم سلاّمەت بی و بە خۆشی بژی. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم. لە بێخەبەریت زۆر نیگەرانم. بەکاك جەلالم گوتبوو تەلەفۆنت لێ بکا، ئەویش تەلەفۆنی کردبوو، هەر شلێر لە ماڵێ ببوو.. ئەو کاك جەلالە بۆ حومێڕایە کە دەیناسی. ئێستا ماڵیان لە تارانە. لە وەزعی نەغەدەی نیگەران مەبە. مانگی بابت هەموویان سلاّمەتن. کاك ئەحمەد لە مەهابادە و ژن و منداڵەکانیان لە شنۆیەن. شەڕی نەغەدە بەڵایەکی زۆر گەورە بوو بە ملمان داهات و زیانێکی گەورە بوو. کوردەکان هەموو ئاوارە و دەربە دەر بوون. من پێنج ڕۆژ لە نەغەدە لە گەڵ مامۆستا مەلا سالّحی لە گەمارۆ دابووین. دەورەمان گیرابوو. بەڵام خۆمان ڕاگرت. ئێستا حاڵم باشە. بەڵام کارم زۆرە و زۆریش هیلاکم. نامەی تۆم هیچ پێنەگەیشتوە. نازانم بۆ پاسپۆرتی ئێرانی چیتان کردوە.؟ من هێشتا بێ خانووم و هەر بوومەتە سەر باری مانگی و سێناغا و ئەوانیش هێندەم خزمەت دەکەن لە نووسین نایە. دەمەوێ ئەوەشت پێ بڵێم لە کوردستان لە نێو خەڵکدا جێگای ڕێز و ئیحترامم. چۆنی تۆ پێت خۆشبێ ئاوایە. خوشکم و کوڕەکانی چاوتان ماچ دەکەن و سلاّوت دەگەیەنن. کاك ئەحمەد و سمایل و حەسەن چاوت ماچ دەکەن. ئێستا لە ورمێ ڕا ئەو نامەت بۆ دەنووسم. وەك نوێنەری حیزب لە کومیسیۆنی کاری نەغەدە لە تێکۆشاندام. چاوی منداڵەکان ماچ دەکەم. جارێ خۆشیتان. Ahoj kerimi to ۱۹۷۹/٥/۲.

نامە بۆ شلێری کچم لە مەهابادەوە: ۱۹۷۹/٥/۱۹

شلێری خۆشەویستم ڕۆژ باش. ڕەسمە جوانەکەت و نامە شیرینەکەت چاویان ڕوون کردمەوە. خەتە کوردییەکەت زۆر جوان بوو. شلێر گیان حاڵم باشە و بەڵام کارم زۆرە. زۆر ماندووم، خەڵك زۆر دێنە لام و خۆشیان دەوێم. لەو بارەوە چۆنی دایکت پێی خۆشە وایە. کاك ئەحمەد و خاڵت چاوت ماچ دەکەن. نازانم بۆ هەر سێ ڕەسمت ناردبوون. جێبەجێ لێیان هەستاندم. زۆر دەفیکری ئێوەدام. بەتایبەت زۆرم پەرۆشی دایکتە. دەزانم زۆر بە تەنیایە. تۆش هەر لە زانستگای. مەگەر هەر خۆی بە ماشێنەوە خەریك بکا. زۆرم پێخۆشە باش فێری لێخوڕین بێ. هیوادارم لە ئیمتیحانەکانتدا سەرکەوتووبی، هاوینێ لە گەڵ دایکت و کەمالی بێنە لای من. ئێرە زۆر خۆشە. ئەو هەموو خزم و دۆست و برادەرە چاوەڕوانن ئێوەش بێنەوە. شلێر گیان زوو نامەم بۆ بنووسە. بە دایکت بڵێ زۆر بنووسێ و بخوێنێتەوە، با خەتی خۆش بێ. لەوانەیە خاڵت بێ سەرتان بدا. لە کەمالیش هەر بێخەبەرم. نازانم بۆ نامەم بۆ نانووسێ؟ ئەوجار بە ئادرێسی مەهاباد نامەم بۆ بنووسە. ئێستا لە ماڵێکی دەژیم گەلێك لە ماڵی خۆمان باشترە. ژوورێکیان بۆ فەرش کردووم و بە هەمووان خزمەتم دەکەن، وەك تۆ قاپانم پێ ناشۆن.

شلێر گیان زۆرت ئاگا لە دایکت بێ. زۆر جار لە گەڵی بچۆ دەرێ، بچنە سینەما. کتێبی ئەلف و بێی چەکی و بۆڵغاری و ڕووسیم بۆ پەیدا کەو بۆم بنێرە. کتێبی کلاسی یەکی منداڵان. لە جیاتی من دایکت و کەمالی ماچ کە. بەو ئادرێسە دا نامەم بۆ بنێرە (ایران ازربایجان غربی– مهاباد. کوچە سە اشان منزل اقای حسین احدی– کریم حسامی. ئیتر ماچت دەکەم بە خۆشی بژین. بابی خۆت ، kerim ۱۹۷۹/٥/۱۹.

نامەی مامۆستا حەسەنی قزڵجی بۆ دایکی کەمال، بێ تاریخ

خوشکە خەجیجی بەڕێز و موحتەرەم ڕۆژ باش. هیوادارم سلاّمەت و دڵخۆش و شاد بی. لە نەخۆشی و دەرد و بەلاّیان دوور بی. منیش حاڵم باشە. زۆر سوپاست دەکەم کە منت یارمەتی دا و بەڕێت کردم. هەر بژی خوشکی خۆشەویست. چاوی کەمال و شلێر ماچ دەکەم. ئیتر خۆشیتان دەخوازم برات حەسەن قزڵجی.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٩/٧/١١

خەجیج گیان ڕۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. نامەکەت کە پاش ١٨ ڕۆژان گەیشت، چاوی ڕوون کردمەوە. بە دیتنی ڕەسمە جوانەکانتان دڵم گەشایەوە. نووسیوتە نامەم بۆ نانووسی. خەجیج گیان تا ئێستا چەند نامەم بۆ نووسیوی. نازانم بۆ نەگەیشتوون. نامەم بۆ کەمال و شلێریش نووسیوە. خەتای پۆستی ئێرەیە... نازانم ئێوە چتان کردوە. لەبەر ئەوەی ئیدارەی سجلی نەغەدە سووتاوە، نەمتوانی سجلت بۆ وەربگرمەوە. نامەیەکی ئیدارەی سجلی مەهابادم بۆ ناردی، ڕەنگە پێت گەیشتبێ. هیوادارم بتوانن پاسپۆرتی ئێرانی پێ وەرگرن و بێنەوە.

من خەریك بووم پاسپۆرت وەرگرم. نەیاندامێ. ڕاستە لێرە شۆڕش کراوە و ڕێژیمی شا ڕووخاوە، بەلاّم دام و دەزگایەکە هەر وەك خۆیەتی و ئێستاش هەر بە قانوونی زەمانی شا کار دەکەن. چونکە زەمانی شا چوونە دەرێ من لە ئێران یاساغ بوە، ئێستاش ئیدارەی پاسپۆرت هەر ئەوەی دەڵێن. دیارە هەر خەریك دەبم، بەلاّم زەحمەتە پاسپۆرتم بدەنێ.

خەجیج گیان لێرەدا بە پۆست ناتوانم هیچتان بۆ بنێرم، دەبێ قەرزدار بم. لێرە کارمان زۆرە. زۆر ماندووم و زۆریش کز بووم. مالّە بابت شوکر هەموویان باشن. هەر چاوەڕوانن کەنگێ دێنەوە. خوشکم و منداڵەکانی چاوت ماچ دەکەن. ئێستا لە تەلفیزیۆنی مەهاباد. حەوتووی جارێک لەسەر مێژووی کورد قسان دەکەم. ئەگەر پیاو لە خزمەتی میللەتەکەی دابێ، نازانێ هیلاکی و ماندوو بوون چیە، دەنا من زۆر هیلاکم. ئەوەش بزانی خانووم نیە. هەر لە مالّی وسێن مەراغەییم. بەڕاستی خەجاڵەتیان کردووم، ئەوەندە خزمەتی خۆم و میوانانم دەکەن، لە نووسین نایە.

خەجیج گیان! چیرۆکەکانی منداڵانیان بەناوی شلێر و کەمال لە عێراق لە گۆڤاری بەیاندا چاپ کردوە و رەسمی کەمالیشی تێدایە. نازانم بۆ ئێوەیان ناردوە، یان نا؟ بە بۆنەی ڕۆژی لە دایکبوونی کەمالی پڕ بەدڵ پیرۆزبایی لێدەکەم. جارێکی تر چاوە جوانەکانت ماچ دەکەم. خۆشی و سلاّمەتی ئێوەم ئاواتە. تکایە کتێبی (لازارێف) بە ڕووسی (کورد و مەسەلەی کورد)م بۆ بنێرە. بە ئادرێسی مەهاباد. ۱۹۷۹/۷/۱۱ ahoj کەریمی تۆ.

نامەی مەلا ڕەسوڵی پێشنماز بۆ دایکی کەمال: بێ تاریخە:

بۆ زۆر بەڕێز و خۆشەویست براژنە خەجیج پێشکەش بێ. دوای سالّەها دەربەدەری و ئاوارەیی لە ولاّتی ئازیزەوە جوانترین سلاّوت پێشکەش دەکەم و هیوام وایە ئێوەش وەک ئێمە بگەڕێنەوە باوەشی دایکی نیشتمان و لە نێزیکەوە بە چاوی خۆت ببینی کە ئێرانی زەمانی شای خائین و خۆفرۆش لە گەلّ ئێستا کە ولاّتەکەمان ئازادە و دیموکراسی بە

تەواوی چەسپاوە. چاوی کەمال و شلێر ماچ دەکەم. مالّی ئێمە بە تێکڕایی سلاّویان هەیە. کاك حەسەنی قزلّجیش هاتۆتەوە و ڕۆژێك چوومە لای بەلاّم وادیارە ئەوێی پێخۆشترە. لەگەلّ کاك کەریمیش وەك جاران یەکمان گرتۆتەوە و هەردووکمان هاتووینەوە دۆخی جاران و هەر گوڕەمان دێ. سلاّوم هەیە بۆ کاك حەمە کەریم و هەوالّی جیرانەکانت دەپرسم بە تایبەتی ئەوەی بنەوەتان ژنی کابرا عەرەبەکەی. مالّی ئێمە بە تێکڕایی سلاّویان هەیە و لەبەر گەڕان و میواندارێ هۆشی هیچیان نیە. ئیتر هیوام خۆشیتە، شەپۆل گون هەمبانە سلاّوی هەیە بۆ کەمال. شنە و پنەش لێتان دەپرسن. دلّسۆزت رەسولّ پێشنماز.

نامەی دایکی کەمال بۆ من: ۱۹۷۹/۸/۲۲

کەریم گیان ڕۆژ باش. هیوادارم هەمیشە ساغ و سلاّمەت و کەیف خۆش بی. نامەکەتم پێ گەیشت زۆر سوپاست دەکەم. کەریم گیان ڕۆژی شازدەی مانگ سجلم وەرگرت. بەلاّم بۆ منداڵەکان دەڵێ، دەبێ دوو شاهیدان بەرم بۆ سجلی منداڵەکان. منیش نازانم شاهید چۆن پەیدا بکەم. چونکە ئێرانیەکان لێرە نەماون و هەموویان گەڕانەوە.

کەریم گیان دەبێ بچیە وەزارەتی ئۆموری خاریجە لە تاران لەوێ مۆڵبای بنووسی داوای پاسپۆرت بکەی بۆ من و منداڵەکان. دوایە مۆڵباکەی بنێرە بۆ سەفارەتی ئێران لە سۆفیا. هیوادارم تا ئێستا کاك جەلال پێی گوتبی کە من تەلەفۆنم کردوە.

کەریم گیان ئەوڕۆ بە ڕادیۆ گوتیان حیزبی دیموکراتی کوردستان قەدەغە کراوە و زۆریان لێ گرتوون. زۆر ناڕەحەتم. زوو نامە بنووسە و

یا تەلەفۆن بکە. زۆر سلاو لە سمایلی خۆشەویستم دەکەم. سلاو لە دۆست و خزم و برادەران دەکەم. ئێمە حاڵمان باشە. ئیدی هەر بەخۆشی و بە سلامەتی بژی. Ahoj خەجیجی تۆ. ١٩٧٩/٨/٢٢.

نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٩/٩/٧

خوشکی بەڕێز خەجیج خاتوون.

لە دوورەوە گەرمترین سلاوت پێشکێش دەکەم. چاوی کەمال و شلێر ماچ دەکەم و هیوادارم بە خۆشی و سەربەرزی بژین. زۆر لە مێژە نە نامەت بۆ نووسیوین و نە ئێمەش لەبەر گرفتاری توانیومانە نامەیەك بنێرین. ماوەیەکی زۆرە مان گرتنی کارمەندانی پۆست و دوایەش گرفتاری ئێمە بە جارێك پێوەندی پێشووی پچڕاند. هیوامە لەمەوبەدوا نێوە نێوە بتوانین بەهۆی نامە ئاگاداری یەکتر بین. سلاوی جیرانە ناسیاوەکان دەگەیەنم. ڕوناك و خزم و کەس و کاری ئەو و خزم و کەس و کاری ئێوە هەموو سلامەتن و سلاویان هەیە. لەگەڵ ئەم نامەیە نامەی کاك کەریمیشم بۆ ناردی هیوامە خەم ڕەوێنت بێ و دڵنیاش بە زۆر سلامەت و بە کەیفە و هەر دوێنێ برادەرێك دیتوویە و هەواڵی پرسیوە هەر خۆش بی. برات محەمەدئەمین. ١٩٧٩/٩/٧.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٩/٩/١٣

خەجیج گیان ڕۆژ باش. چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم سلامەت و قەت دڵشکاو نەبی. ئەو نامەیەت لە چیاکانی کوردستانەوە بۆ دەنووسم. دەگەڵ پێشمەرگە کەوتووینە چیا. وا دیارە چارەنووسی

ئێمە هەر وا هاتووە کە هەر دەبێ لێك دوور بین و ژیانی تەنیایی بەسەر بەرین. سەرەڕای پەرێشانی و هیلاکی ئێرە، شەو و ڕۆژ دەفیکری ئێوە دام و بیر و هۆشم هەر لە لای ئێوەیە. دەمەوێ ژیانێکی ئارام لەگەڵ منداڵەکان بەریە سەر. خۆت نیگەران و ناڕەحەت نەکەی. با منداڵەکانیش ناڕەحەت نەبن.

خەجیج گیان! خۆمان ئەو ڕێگایەمان هەڵبژاردووە و ئەو ژیانە بۆتە بەشی ئێمە و چارەنووسمان. دەمێکە لە مانگی کاك ئەحمەدیش بێ خەبەرم. نازانم لە کوێن. خەڵکەکەمان ئاوارە و دەربەدەر بوون. دێهات چۆڵ بووە. شەڕێکی ناڕەوا و قورسیان بەسەر دا سەپاندووین. کاك حەمەدەمین ئێستا لە بەغدایە. پێم گوتبوو ئادرێسی خۆی بۆ تۆ بنووسێ. بێگومان ئادرێسی بۆ ناردووی. بە ئادرێسی ئەو نامەم بۆ بنووسە. بێجگە لەوە ئەگەر بە ئادرێسی کاك عەبدولڕەحمانی شێخی نامەم بۆ بنووسی. لە پیاوەتی ئەو ڕادەبینم کە بۆم بنێرێ. یان بۆ قەڵادزە، ئادرێسی مانگی کاکە شێخەت هەیە. بۆ ئەوانی بنێرە. بانگێسەی کوڕی سەید ڕەسوڵی بریندارە. ئامانە خان و برادەرانی دیکە سڵاوت دەگەیەنن. لە جیاتی من منداڵەکان ماچ کە و بە گیانی نیشتمانپەروەری و ئینساندۆستی پەروەردەیان بکە. چونکە ئەوە ئامانج و ڕێبازی ئێمەیە. جارێ لە دوورەوە چاوت ماچ دەکەم. هەرچی ویستت بۆ کاك حەمەدەمینی بنووسە. خۆت لە ژوورێدا قەتیس مەکە. بچۆ سینەما و گەڕان و جار و بار سەری کەمانگی بدە. لە نووسین و خوێندنەوەش خافڵ مەبە، دەبێ تا ئێستا لێخوڕینی ماشێن باش فێر بووبی. دەمەوێ بە خۆشی بژی. Ahoj کەریمی تۆ. ١٩٧٩/٩/١٣.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٧٩/١٠/١٠

خەجیج گیان رۆژ باش! چاوە جوانەکانت ماچ دەکەم. ئەوڕۆ یادی ئەوە دەکەم کە ڕۆژی لە دایك بوونتە و بە بێ من و بێ دیاری من هیوادارم دەگەڵ منداڵەکان جێژن بگری و هەمیشە بە خۆشی ڕابوێری. من حاڵم باشە و نەخۆش نیم. لە چیا و لە دێهات دەژیم. بەڵام چونکە لە نێو خەڵکێکی فیداکار و باشدام، ژیانێکی خۆشە. هێندێ کوڕی زۆر باش و پیاوم لە گەڵن. جەعفەری کوڕی خوشکم لە لامە و زۆر خزمەتم دەکا. هیچ نیگەران مەبە. ژیانەکەمان ئاوایە.. من تەنیا خەمی دووری ئێوەم هەیە. پێم خۆش بوو لێرە لەگەڵ من بای تا فیداکاری ئەو میللەتە باشەت دیبایە. دەمێکە لە سمایلی برات بێخەبەرم.

خەجیج گیان! ئەگەر دەتەوێ پاسپۆرتی بولّغاری وەرگرە. بچۆ سەفارەتی عێراق و داوای ڤیزا بکە. ئەگەر ڤیزات بدەنێ و بچیە عێراق، دەتوانم بێم چاوم پێت بکەوێ. تەلەفۆن بۆ کاك حەمەدەمین و یا مامۆستا عەبدە بکە، ئەوان خەبەرم دەدەنێ و دێمە لات. دەتوانی بۆ تارانیش بە ئادرێسی کاك جەلالی پاکزاد نامەم بۆ بنووسی. لە باتی من منداڵەکان ماچ بکە و خۆتان ناڕەحەت مەکەن. ئیتر خۆشی تۆم ئاواتە. هیوادارم ئەو سەفەرەت بۆ ڕێککەوێ و بە دیدارت شاد بم. خۆشیتان.
Ahoj kerimi to ١٩٧٩/١٠/١٠.

نامەی کاك سەلاح بەدرەدین بۆ دایکی کەمال: ۱۹۷۹/۱۰/۱۸

خوشکی بەڕێز دایکی کەمال.

زۆر سلاڤ، پرسی هەڤالی ئێوە دەکەم. کاك ئەمیر لێرە بوو، وەزعی برادەران زۆر باشە. کاك کەریم سلاڤمەتە.

دیارە ڕۆژێك هات، جارێکی تر دێتەوە. ڕەنگە کاك کەریمیش بێت. زۆر پێمان خۆشە تۆش بێیتە بێروت. دایکی ئەڤین زۆر سلاڤی هەیە. زۆر سلاڤ بۆ کەمال و شلێر. دیارە کاك محەمەد ئەمین لە بەغدایە و ڕووناکیش لەوێیە. من بۆ وان نارد کە تەلەفۆن بۆ تۆ بکەن نازانم بووە یان نا. زۆر سلاڤ باوکی ئەڤین.

نامەی کاك حەمەدەمینی سیراجی بۆ دایکی کەمال: ۱۹۷۹/۱۰/۲۰.

خوشکە خەجیجی بەڕێز! دوای سلاو، تا ئێستا چەند نامەی خۆم و بابی کەمالم بۆ ناردووی کەچی هیچ خەبەرێکت نیە. هیوامە لە خێر و خۆشیدا بی. چاوی کەمال و شلێر ماچ دەکەم. سلاوی دایك و باوکی نادا و ئاری و باقی دۆست و ئاشنایان دەگەیەنم. ڕووناك گەلێك سلاوتان دەگەیەنێ و چاوی منداڵەکان ماچ دەکا.

خوشکی من! داوایە خەبەری ساغ و سلامەتی خۆت و منالەکانمان بۆ بنووسی. نیگەرانی ئێمە مەبە. بابی شلێر زۆر باشە و هەر ئێستا لەو شارەیە کە لێی لەدایك بووین و هاتووین. هەواڵی ساغی ئێوە نیگەرانی ئێمە و باقی خزمان لە بارەی دووری و بێ خەبەری ئێوە لە ناو دەبا. چاوەڕوانین دەست بدەیە قەڵەم و لە سەری تووری هەتا بنی گێزەر لە

بارەی ساغ و سلاّمەتی و وەزعی خۆتانەوە بنووسی بۆ ئەوەی بە باشی ئاگاداری وەزعت ببین و بە تایبەتی بابی شلێر خەفەتی لای ئێوە و بێ خەبەرێتانی نەمێنێ. خزمەکانتان سلاّمەتن و ئەحوالّت دەپرسن. سەرلەنوێ سلاّو. برات مینە. ۱۹۷۹/۱۰/۲۰.

نامە بۆ شلێری کچم: ۱۹۷۹/۱۰/۲٦

شلێر گیان ڕۆژ باش! لە دوورەوە چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم بە خۆشی بژین و هەموتان سلاّمەت بن. من حالّم باشە. نەخۆش نیم. بەلاّم دووری لە ئێوە و بێخەبەرێتان بە ڕاستی بۆتە دەردێکی سەخت و هەراسانی کردووم. چەند نامەم بۆ ناردوون، نازانم بۆ جواب نادەنەوە. ئێستا چەند ڕۆژە هاتوومەوە نێو شار. بەلاّم هەر لە ژوورێدام و وەدەر ناکەوم. وەزعمان باش و نیگەران مەبن. نامەم بۆ دایکت ناردووە ئەگەر بتوانێ بێتە کن کاك حەمەدەمین، دەتوانم بچم ببینم. ئەگەر ئێستا نەتوانێ، بەفر چیاکان دەگرێ و دەرباز بوون دژوار دەبێ. ئەگەر تەمبەلّی نەکەن و نامەم بۆ بنووسن، لەوانەیە هەر لە مەهاباد پێم بگات. ئەگەر لە شاریش نەبم، هەر دەگاتە دەستم. هەموو ڕۆژ برادەران دێنە لام. کەمالیش نامەی بۆ نەنووسیوم. لەوانەیە بابی خۆتان لە بیر چووبێتەوە. هەر چەندە باوەڕ ناکەم. من ئێستا بە خەیاڵ و فیکری ئێوە دەژیم و زۆریش لە خەمی دایکت دام. نازانم چدەکا، چۆن دەژی. هیوادارم ئێوە وەك هەمیشە دڵی دایکتان ڕابگرن، لە باتی من دایکت و کەمالی ماچ کە بەو ئادرێسە نامەم بۆ بنووسە: (ایران– مهاباد– خیابان زند– منزل اقای حسین احدی.) جارێکی تر ماچتان دەکەم. بە خۆشی

بژین. Babi ot kerim ١٩٧٩/١٠/٢٦.

نامه بۆ دایکی کەمال: ١٩٨٢/٤/٧

خۆشەویستم خەجیج گیان رۆژ باش! چاوەکانت ماچ دەکەم. پاش ماوەیەکی زۆر بێ خەبەری و خەمی دووری رۆژی حەوتی ئەپریل کارتە جوانەکە و نامە شیرینەکەم پێگەیشت. پێش چەند رۆژ پشتی چاوم دەپەڕی. هەر چاوەڕوان بووم خەبەری خۆشی ئێوەم پێبگات. باش بوو بە هاتنی نامەکەت گەشامەوە، چاوم ڕوون بۆوە. بە تایبەت ئەو هەموو خەبەرە خۆشەی تێدا بوون. سلاّمەتی خۆت و خوێندنی کەمالێ و کۆرسەکەت. هیوادارم بە سلاّمەتی و بەسەرکەوتووی کۆرسەکەت تەواو بکەی. کارێکی باشە چەند رۆژ پێش برادەرانی باوکی فێنک لە لام بوون. قەرارە نامە بۆ باوکی فێنک بنووسن لەسەر خوێندنی کەمالی. چاکە شوکر ئەوا دەستی بە دانشگا کردووە. بە نەچوونی کەمالی بۆ دانشگا زۆر ناڕەحەت بووم.

خەجیج گیان بۆت نەنووسیبووم کە شلێر چۆتە خەستەخانە. خۆشی نەینووسیبوو. نووسیوتە دوو مانگە نامەم پێ نەگەیشتوە. لانی کەم مانگێ دوو نامەم نووسیون. وا دیارە لە عێراقەوە نامە ناگەن. نازانم باسی خۆم چیت بۆ بنووسم. حاڵم باشە. تەنیا خەمی تەنیایی تۆ ناڕەحەتی کردووم و پەرۆشی کەمال و شلێرمە و عەجایب ئارەزووتان دەکەم. زۆر شەو خەونت پێوە دەبینم. ئێستا کوڕی مریەمی خوشکەزام لە لامە. کوڕێکی باش و ژیرە. خەتی زۆر خۆشە. کوردی باش دەنووسێ. دووری ئێوە نەبێ خەمی دیکەم نیە. خەریکی نووسین و

وەرگێڕان و کاری ڕادیۆم. لە هەموو کوردستان بڕادەران دێنە لام و سەرم دەدەن. شتم بۆ دێنن. لەو شاخە مالێکی خۆشم بۆ ساز بووە. دوو لبادیان بۆ هێناوم. برادەرێك سەماوەری بۆ هێناوم. باوکی سەرباز. لە برادەرانی باوکی فێنکە چرای بچوکی گاز و فتیلەی گازی بۆ هێناوم. نوێن و شتی تریان بۆ هێناوم. برادەران دێن لە کن من دەحەسێنەوە. زۆر سەیرە ژوورەکەم پڕ بووە. بەڵام بە بێ تۆ هەر تەنیام و هەر ناخۆشییە.

خەجیج گیان! لەوە ناڕەحەت مەبە کە نەچوومە کۆنگرە و بەشداریم نەکردووە. نەچونم بۆ کۆنگرە ئیحترام و خۆشەویستی من لە لای خەڵك ناهێنێتە خوارێ. بەداخەوە فڕ و فێڵ و نابەسامانی سەرانسەری حیزبی داگرتوە. بەو حاڵەش چار نیە و دەبێ خەبات درێژە پێ بدرێ. مالّە کاکە شێخە زۆر نامەم بۆ دەنووسن. نووسیبوویان نازانین چۆن خواردنت بۆ بنێرین.

لەمەودوا نامە بۆ پاریس بنێرە. کاك عەزیزی ماملێ لەوێیە، ڕایان ناگرێ و بۆم دەنێرێ. نامەکەم بە ئاواتی دیتنەوەتان کۆتایی پێدێنم. بەو هیوایە بتوانم بە زووبی بە دیدارتان شاد بم و لە ئامێزی گەرمی تۆدا تێر بحەسێمەوە. بە دیتنی کەمال و شلێری خۆشەویستم خەم و پەژارەی دووریم لە بیر بچێتەوە. خۆشیتان ئاواتمە. Ahoj kerimi to ١٩٨٢/٤/٧

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٨٣/٤/٢٢

خەجیج گیان ڕۆژ باش! لە دووڕەوە چاوت ماچ دەکەم. هیوادارم ساغ و

سلاّمەت و دوور بی لە دەرد و بەلاّ. چەند رۆژ پێش لەگەلّ کارتێکی پیرۆزبایی رۆژی لە دایکبوونی شلێر نامەم بۆ ناردووی، بۆ کەمالیشم تووسیبوو. هیوادارم تا ئێستا بە دەستت گەیشتبێ. من حاڵم باشە. بەلاّم زۆر لەمێژە لە ئێوە بێخەبەرم و نامەتان نەهاتووە. نیگەرانی وەزعی ئێوەم. لە نامەی پێشوودا خەبەری کوردستانم بۆ نووسیبووی. لە سەرانسەری کوردستان شەڕ تونده. حکومەتی ئێران ئەرتەش و پاسدار و جاشی بە کوردستان وەر کردوە. هەر ئێستا کە ئەو نامەت بۆ دەنووسم خەبەرمان بۆ هات لە لاجان و شنۆ پێشمەرگە لەگەلّ پاسداران و پێشمەرگەی پارتی تووشی شەڕێکی گەورە بوون. لە سەقزی پێشمەرگە چوونە نێو شار و دەستی باشیان لە پاسداران وەشاندووە. خەڵک بە هەموو تواناوە پشتی پێشمەرگە دەگرن. ژن و پیاو نان و ئاو بۆ پێشمەرگە دەبەنە چیا. ئێستا وەک نووسیبووت، کەمال دەبێ لە مالّێ بێت. هیوادارم وەک من دەمەوێ کورێکی باش بێ و باش بخوێنێ و لە خزمەت تۆدابێ. من ئێستا بێجگە لە کاری ڕادیۆ و وەرگێڕانی کتێب، خەریکم زمانی ئینگلیزی دەخوێنم. مامۆستایەکی یەکجار زۆر باشمان هەیە. بۆ شلێرێم نووسیبوو (سلّۆڤەر)ی فەلسەفی و سیاسیم بۆ بنێرێ. بینێرن بۆ فەڕانسە بۆ لای کاک عەزیز ئەو بۆم دەنێرێ.

خەجیج گیان خۆت ناڕەحەت مەکە. لەگەلّ کەمال بچۆ دەرێ. بچۆ گەڕانێ. کەمالی فێرکە لەگەلّت سواری ماشێن بێ. نازانم وەزعی ماشێنەکەتان چۆنە؟ لە وەزعی ژیانی خۆتان ئاگادارم کە. لە جیاتی من منداڵەکان ماچ بکە و بەخۆشی بژین، سەربەرزیت ئاواتمە. Ahoj kerimi to ۱۹۸۳/٤/۲۲.

نامە بۆ دایکی کەمال: ١٩٨٣/٦/٣

خۆشەویستم خەجیج گیان پۆژ باش! لە دووڕەوە چاوەکانت ماچ دەکەم. هیوادارم ساغ و سلامەت و قەت دڵشکاو و خەفەت بار نەبی. مە حاڵم باشە. نەخۆش نیم. بەڵام زۆر لە ئێوە بێخەبەرم. زۆر لەمێژە هیچ نامەتان نەهاتووە. نازانم نەتان نووسیوە، یان ناینێرن. تا ئێستا چەند نامەم بۆ کەمال و شلێریش نووسیوە، نازانم گەیشتوون یان نا؟ بۆم نووسیبووی خەریکم کتێبێك دەکەم بە کوردی. لەو ماوەیەدا کە من بە ٢٦ پۆژ نامەی ٧١ پارتیزانی نیشتمانپەروەری فەڕانسەییم کردووە بە کوردی، لە کوردستانی ئێمە ٦٧ پێشمەرگەی حیزب لە شەڕدا شەهید کراون. لە شەهیدانی کۆمەڵەش ئاگادار نیم. بەداخەوە مەگەر هەر خەبەری کوشتار و دەربەدەری خەڵکت بۆ بنووسم. دوژمن لە هەموو لایەکەوە هێرشی بۆ کوردستان هێناوە. ئێمەش بە داخەوە لە جیاتی شەڕ بخەینە نێو جەرگەی دوژمن، هەر بەرەو عێراق دەکشێینەوە. من لەو بارەوە نامەشم بۆ دەفتەری سیاسی نووسیوە. شەڕێکی قورسمان بەسەردا سەپاوە.

خەجیج گیان! ئەوڕۆ پۆژی لەدایك بوونی شلێرێ بوو. مریشکێکم کڕیبوو، یەك دوو برادەرم بانگ کردبوون. خواردنەوەمان نەبوو. بەڵام بەیادی شلێرێ نانێکی باشمان خوارد. مالێك دۆی ترش و خۆشی بۆ هێنابووم. ئەگەر بزانی چەندە خۆش بوو. دەمێك بوو دۆمان نەخواردبۆوە.بووینە کوردی دۆ نەدیو. جا نازانم کەمال چۆن بەڕێ دەچێ؟ داخوا بابی خۆی لەبیرە و بە سلامەتی من دەخواتەوە؟ ئەو پۆژانە فەرخوندە نامەی بۆ نووسیوم و ئەحوالێ تۆی پرسیوە. نامەم بۆ

بنووسە، بزانم کەمال لەگەڵ ئەسپێرانتورەکەی چیکردوە. کاك ڕەحمان سلاوتان لێدەکا. دەڵێ کەمال ئاگڕۆنوم بخوێنێ، بۆ تێزی دکتۆراکەی بێتە ئێرە یارمەتی دەدەم. بەڵام نازانم وەزعی ئێمە چی لێدێت؟ لە مااڵی خوشکم و کاك ئەحمەدیش بێخەبەرم. بە تەنیا لە ژوورێکدا دەژیم و مااڵێکی خاوێن و خۆشم هەیە. بە تۆندی خەریکی نووسین و وەرگێڕانی کتێبم. ئیتر کۆتایی بە نووسینەکەم دێنم. لە جیاتی من منداڵەکان ماچ کە. خۆشی و سلاڵمەتی تۆم ئاواتە. چاوەڕوانی نامەت دەبم. بە هیوای سلاڵمەتی و دیدارت. بە خۆشی بژی. ماچت دەکەم. Ahoj kerimi to ١٩٨٣/٦/٣.

نامەی غەنی بلوریان بۆ دایکی کەمال: ١٩٨٧/٥/٢١

بەڕێزی خۆشەویست خوشکە خەجیج.

پاش ڕۆژ باش بۆ خۆتان و منداڵەکانی ئازیزت بە هیوام بەختەوەر بن. ماوەیەك لەمەوبەر کاك هوشیاری ئیمامی شاری مەهاباد و ئەندامی فدائیانی خەڵك نامەیەکی بۆ نووسیبووم داوای لێ کردبووم یاریدەی بدەم کە براکەی و سالحی نانەوازادە ئەندامی فدائیان لە تورکیا ڕا بچنە ولاتێکی غەربی منیش چی دەبوایە بکەم. تەنیا توانیم جوابی بدەمەوە کە پێیان ڕابگەیەنێ بێنە سۆفیا و کاك سەعید بدۆزنەوە یاریدەیان بدات بۆ ئەوە ژمارە تەلەفۆنی مااڵی ئێوەم بۆ نووسی کە ئەگەر هاتن بتوانن کاك سەعید بدۆزنەوە تکایە ئەو مەسەلەیە بە کاك سەعید ڕابگەیێنن ئەوا نامەیەکی کورت بۆ کاك سەعید دەنووسم بێ دەرێ بەڵکوو ڕێنوێنیان بکات. پاشانیش گەرەکمە بیرتان خەمەوە کە عەکسی

مامۆستای نەمر هێمن کە لێم شکاوە بۆم ڕەوانە بکەی دەگەڵ تاریک و ڕوون و ئەوەکەی تری ئەگەر مومکین بێت دیارە زوڵمە هی خۆتانم بۆ بنێرن، بەڵکو کاك سەعید بتوانێ پەیدایان بکات ئیتر هەر ساخ و بەختیار بن. برات غەنی ١٩٨٧/٥/٢١ ئادریس.

نامەی غەنی بلوریان بۆ دایکی کەمال: ١٩٨٨/١٠/٣

بەڕێز خوشکە خەجیج! پاش ڕۆژ باش بە هیوای ساخی و سلاّمەتی خۆت و منالّەکان. ماوەیەکە لەبەر چەرمەسەری ڕۆژگار و سەفەر بۆ ئەم لاو ئەولا و شەڕە شەقەی ناوخۆ نە پڕژاومە سەر ئەمە یادی دۆستان و هاوڕێیان بکەم. بە هیوام دەمبووری. خێزانم زۆر بە گەرمی سلاّوتان لێ دەکا ئاواتەخوازی سەر کەوتنتانە. ماوەیەکە ئێمەش لە ولاّت خەبەرمان نیە جگە لەو خەبەرە دڵتەزێنانەی لەمەڕ کوردستان و کوشتاری نەتەوە بەستەزمانەکەمان بە دەستی ڕێژیمی چەپەڵی بەعس و ڕێژیمە خوێن خۆرەکانی مەڵبەند. بەڵام کوژانەوەی شەڕی ئێران و عێراق کە بەناحەق ملیۆنها مرۆ لە ناو چوو دیسان جێگای خۆشیە. بەڵام بە داخەوە کورد و هەموو خەڵکەکانی ئێران بەدەست ئەو ئاخوندە چڵپاوخۆرە کۆنە پەرستانە قەت ناحەسێنەوە. پەنا بردن بۆ هیڕۆئین و خۆ کوشتن لە ناچاری ڕۆژ بە ڕۆژ پەرە دەستێنێ جا کەی ئەو ئێرانە لە چەنگ ئاخوندان ڕزگار دەبن نا دیاریە. ئیتر سەرت ناهێشێنم و بە ئاواتی بەختەوەریتان مەبەستم هەر هەوالّ پرسین بوو هومێدم وایە هەل هەڵکەوێ جارێکیتر وێکڕا لە شوێنێك چاومان بە یەك شاد بێت. ئیتر هەر بڕی برات غەنی ١٩٨٨/١٠/٣. ئادرێسی تازەم مۆقەت لە پشتی پاکەت نووسیوە.

ئەو نامانەی کە لە ماوەی نێزیك بە ١٢ ساڵ دووری لە خاو و خێزانم بۆ یەکترمان نووسیون و نامەی هێندێ لە برادەرانیش کە بۆ دایکی کەمالیان نووسیوە، لێرەدا تەواو دەبن. گومانم نیە کە زۆریش لە نامەکان هەڵنەگیراون، دیسان سوپاسی دایکی کەمالی دەکەم کە ئەوانەی پاراستوە. ئەم کارە چاکەی ئەو دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەم بەرگەی بیرەوەرییەکانم شێوازێکی تازە لە ئەدەبیاتی کوردی یا لە نەریت و ژیانی کوردەواری بە خۆوە بگرێ ئەگەر لە لایەن خاوەن نەزەرانەوە بە ئەدەبیات حیساب بکرێ. فۆرمێکی تازەیە و نەمبیستوە لە کوردەواریدا لە نێوان ژن و مێرد دا نامە ئاڵوگۆڕ کرابن و بە چاپ بلاوبکرابنەوە. دوور نیە هەلیش بۆ بۆچوون و دەربڕین و قسە و قسەلۆکی پاشملە و یا باس و نووسینی کەسانی جۆر بەجۆر بڕەخسێنێ. ئەوەش خۆی هەر شتێکە.!

هەروەك لە سەرەتای ئەم نووسینەدا ئاماژەم پێکردووە، بەر لەوەی بێمە سەر نووسینەوەی بیرەوەری و یا سەربردەی ئەم دواییەی ژیانم هێندێ لەو نامانەش بلاو دەکەمەوە کە لە ساڵی ١٩٩٥وە لە لایەن ناسیار و برادەرانی نیشتمانپەروەرەوە پێم گەیشتوون.

برادەرێك بە ناوی دڵشاد قادر هەینی ئەم نامەی خوارەوەی بۆ ناردووم:

((خۆشەویستی هەمووان و تێکۆشەری ناو دێڕ و ڕۆژانی ڕەش و کوێرەوەری مامۆستا کەریم حسامی.

سڵاو ئومێدی تەمەن درێژیت بۆ دەخوازم. نازانم تا چەند ئامادەی کاغەزێکی ئاوا و هی کەسێکی سادە بخوێنیتەوە. بەڵام پێم وایە ئەگەر

تەنها وەك مەسەلەکەی هەوای تایەری ماشێنەکەش بێت، ئەوە هەر هیچ نەبێ دەیکەیتەوە و تەماشایەکی دەکەیت. لە دوا سەردانت بۆ کوردستانی باشور. لە باژێڕی هەولێر لەبەردەم دەفتەری سیاسی حیزبی زەحمەتکێشان سوکە تەعاروفێکمان کرد و لە ماشێن دەرمانهێنای و چەند قسەیەکی سەرپێییمان کرد. دیارە کارت هەبوو بۆیە نەمانتوانی زۆر بئاخڤین و پاشانیش هەر ڕێك نەکەوت بتبینمەوە.

مامۆستای بەڕێز. لام وایە یەکێك لە دەردەسەرییەکانی نەتەوەی کورد ئەوەیە کە مێژووی خۆی بە چاکی نازانێ، بە داخەوەش تا ئێستا حیزبەکانی خۆمان لە بڕی خەمخواردن بۆ ئەم مەسەلەیە، خەریکی شەڕن. بۆیە ئێمەی تامەزرۆی مێژووی خۆمان نەك تەنها لە مێژووی پارچەکانی دیکەی کوردستان ئاگاداری تەواومان نیە، بەڵکە لە هی پارچەکەی خۆشمان بێ ئاگاین.

دوای گەڕان و سوڕانێکی بێ هودە بە دوای خوێندنەوەی (لە بیرەوەرییەکانم)ی جەنابتان، مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست (مومتاز حەیدەری) دەستی بەزەیی بەسەرماندا هێناو هەر ٩ بەرگی داینێ و خوێندمەوە. بڕوات هەبێ لە ناو پاس و شوێنە گشتیەکان و لە کاتی خواردنیشدا بە تامەزرۆوە دەمخوێندەوە، تا ئەمشەو کاتژمێر ٣ی سەرلەبەیانی ١٩٩٥/٥/٦ دوا دێڕم تەواو کرد. لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە تایبەت پاش تەواو کردنی ئەو شاکارە بە نرخە کە سوپاسی گەرم و مەزنتان لێبکەم، چونکە بەڕاستی خەمێکی گەورەت لە ولآت لە کۆڵ کردوومەوە بەوەی کە لە ماوەیەکی کورتدا شارەزاییەکی بەرچاوم لە مێژووی خەباتی قۆناغێکی گرنگی بزاڤی رزگاریخوازی گەلەکەمان لە

ڕۆژهەلآت وەگیر کەوت، هەروەها مێژوو و ڕۆڵی تێکۆشەرانەی جەنابت هەم وەك تاکە کەس و هەم لە ریزی (ح.د.ك.ا).

ڕەنگە زۆر شت دوای خوێندنەوەی سەرنجی ڕاکێشابم، بەلآم لە هەمووی گرنگتر ئەوە بوو کە لە مێژووی حیزب حیزبانێی حیزبەکانی کوردستان و دونیا بە تایبەتیش لە ڕۆژهەلآتی ناوەڕاست و ولآتە پاشکەوتووەکان کەم وا ڕێکەوتوە کە لێپرسراوێکی مەزنی حیزبی لە کاتی سزادان یاخود دەرنەچوونی بە لێپرسراو یان بە هۆی هەر شتێکی دیکەوە ئامادە بووبێت وەك ئەندام کاری کردبێت. یان وازی هێناوە. یاخود کاری دیکەی کردووە. بەلآم لە مێژووی ڕووداوەکانی تایبەتی ژیانی سیاسی جەنابت ئەو یاسا تەسك و سلبیەی شکاندوە. پێم وایە ئەو هەلوێستانەت گەر ئێستاش نرخی نەبووبێت ئەوە بێگومان لە داهاتوودا بۆ نەوەکانی دیکە بایەخی تایبەتی دەبێت.

مامۆستای بەڕێز! بەهۆی ئەو بیرەوەرییانەوە گەلێ ڕووداو و کەسایەتیمان ناسین کە چۆن و بە چ شێوەیەك ڕوویانداوە و کاریان کردوە. من خۆم ڕێزم بۆ هەموو تێکۆشەرێکی کورد و غەیرە کورد هەبوە و دەبێت. بەلآم ئەوەی کە تۆ لە سەر هەندێ بەرپرسیارانی کوردستانی خوارو و ڕۆژهەلآت نووسیوتە، بە هەڵە چووبووین. من دیسان لێرە دووپات و هەزار پاتی دەکەمەوە کە ڕێزی بێ پایانم بۆیان هەیە بەتایبەت ئەوانەی چوونەتە ڕیزی نەمرانەوە و لە پێناوی ولآتەکەیان گیانیان بەخت کردووە. کتێبەکان هەڵەی چاپی زۆری تێکەوتووە، ئەگەر لە کوردستان با و بوارت بدایە ئەوا ئەرکی ڕاستکردنەوەم لە ئەستۆی خۆم دەگرت، بە سوپاسەوە. کتێبەکانی

جەنابت و لوتفی مامۆستا مومتاز تۆزێك باری خەم و ئارەزووی لێ کەم کردمەوە. سوپاسی هەرتکتان دەکەم. لەگەڵ هیوای ساغ و سلامەتی و تەمەن درێژیت بۆ تەواوی نەتەوەی کورد. بۆ بچوك و دڵسۆزتان دڵشاد قادر هەینی ١٩٩٥/٥/٦.

نامەیەکی سەر ئاواڵە لە لایەن کۆمەڵێ لە کوردەکانی دانیشتووی سوید.

لایەنی هەرە خەراب و تاڵ و داخدار ژیانی ئەم دواییە لە ئەوروپا ناکۆکی و کێشەی نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردبوە بە تایبەت شەڕی کورد کوژی دوو حیزبی چەکداری کوردستانی عێراق کە ناخی هەموو نیشتمانپەروەرێکی هێناوەتە ژان و بازاڕی بۆ شەڕفرۆش و مشەخۆر و دوو زمانان کردۆتەوە و بۆتە هۆی سەرشۆڕی کورد لە هەندەران و دوژمنانی کوردی بە خۆ خۆش کردووە.

شەڕی کورد کوژی نێوان پارتی و یەکێتی نەك هەر خوێنی لاوانی کوردی بە خۆڕایی دەڕشت و دەسکەوتی ڕاپەڕینی خەڵکی فیداکار و زەحمەتکێشی دەخستە مەترسییەوە، بەڵکوو پڕیشکی پەڕیبوە نێو کوردەکانی دەرەوەی ولاتیش و ڕوناکبیر و نیشتمانپەروەری دڵسۆز و بێلایەنی زامدار کردبوو. پاش پێوەندی تەلەفۆن و دیتن و لێدوان کۆمەڵێك لە کوردەکانی دانیشتووی سوید ڕۆژی ١٩٩٤/٥/٢٩ کۆبوونەوە و پاش باس و داخ دەربڕین لە هەڵوێست و سیاسەتی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئەم نامەیەی خوارەوەمان نووسی و دامان بە نوێنەرانی دوو حیزبی ناوبراو:

ئەمەش دەقی نامەکەیە:

حکوومەتی هەرێمی کوردستان

پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو

یەکێتی نیشتمانی کوردستان.

ئێمە بۆ ئەو شەڕە خۆکوژییەی کە لە جەنگی دەستە و یەخەی حیزبەکانتانەوە کە لە دوا ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا سەریهەڵداوە، ئێوە بە بەرپرس دەزانین. ئەم شەڕەش ئەوە دەسەلمێنێ کە هەردوو حیزب (یەکێتی و پارتی) بە هەموو ئەندامان و هەڵسوڕێنەرانییەوە ئەو ئەمانەتە پیرۆزەی کە بە خوێنی هەزاران ئاوارە و دەربەدەر هاتۆتە دی و شەڕەفی پارێزگاری کردنی بەم حیزبانە درا، بۆیان ناپارێزرێ. ئەگەر چی تابووری پێنجەم وەک خۆ دزینەوەیەکە لەو هەموو گفتوگۆیانەی لە گەڵ ئەو حیزبانەدا دەکرێ بۆ شاردنەوەی ئەو ناتەباییە نافیکری و عەقڵیەتە ئاینییەی کە سالانێکی دوور و درێژە لە هەڕەمی حیزبایەتی هەر دوو لایەنەوە بۆ ناو دەروون و فیکری هەموو کوردێکەوە شۆڕ بۆتەوە، بە چەشنی ئەو دابەشکردنی لایەنی حیزبییەش بۆتە هۆی دوو کەرتبوونی هەست و فیکری مرۆڤی کورد، کە هەر لە دنیای منداڵێکەوە ئەو تێکدان و دوو کەرتکردنە دەست پێدەکات تا دەروونی کەنەفتێکی سەرجێ.

ئێستا کوردستان بۆتە گۆڕەپانی ڕمبازێنی زەرد و سەوز کە لەو پەلاماردانەدا گۆڕەپانێك لە خوێن نەخشێنراوە، تا بێت سنووری ئەو گۆڕەپانە فراوانتر دەبێت، لە شاخەوە بۆ شار و لە شارەوە بۆ دۆزەخ.

دوا ڕۆژی هەموو کوردێك پێوەندی بە ئەنجامی زۆرانبازی ئەو دوو حیزبەوە هەیە یەکە یەکێکیان ئەویتریان لە ئەردی دۆڕاندن بدا کە ئەمەش هەروا ئاسان نیە و حەمامێکی خوێن بەرپا دەبێ. لە چ مێژوویەکدا بیستراوە کە لە شەڕی برا کوژیدا براوە هەبێ؟ چ جای ئەوە شۆڕش لە نێوان دوو حیزبی کوردی هاوزمان و هاو خەباتدا بێت. زۆرتر بەدەنگەوە هاتن بۆ وەستاندن و بەربەستکردنی ئەم جەنگە زیاتر فریاکەوتنی هەرەس نەهێنانی ئەو هەیبەتی حیزبایەتییەتانە.

با چیتر عەقڵی شاخ و بەربەرەکانی بۆ مانەوەی تاکە حیزبی نەمێنێت. ئێستا ڕاستی هەموو ئەو ڕووداوانەی لە چیادا ڕوویان دەدا لە شاردا دەبینرێن. میللەت برسێیتی و دووبارە بوونەوەی حیزبایەتیتان تا ڕادەیەك قەبوڵ دەکات ئەگەر شەڕەف و کەرامەتی بپارێزرێت و پارێزگاری لە بوون و مانەوەی بکرێت. ئێستاش شەهیدەکان ئێسقانی ناو گۆڕەکانیان گەرمە، ئێوەی هەردوو حیزبی زەرد و سەوز بەرپرسیارن بەم قۆناغەی کە چارەنووسی هەموو کوردێکی پێوە بەستراوە. دەبێ هەموو ئەندامان و کادیرانی هەردوو حیزبتان بزانن کە ئەو ڕاپەڕینەی ڕوویدا، ڕاپەڕینێکی زێڕین بوو، میللەت ئەڕەفی پارێزگاری کردن و سەروەری خۆیدا بە ئێوە. ئەگەر ئەم دەستکەوتە لە بەین بچێ، ئەوە هەر گیز چاوەڕوانی ئەوە مەکەن کە ئەو شەڕەفەتان پێ ببەخشرێتەوە ئێستا ڕووداوەکان لە شاخدا نین و لەبەر چاوی میللەتدا ڕوو دەدەن. ئەم تاعونە لە شاخەوە هات بۆ شار، ئێستاش لە شاردا لە دەرگای هەموو خێزانێکی کورد دەدا. شەڕی خۆ کوژی بوەستێنن و ڕەگی شێر پەنجەی برا کوژی ببڕنەوە، با چیتر خوێنی

کـورد بـە دەسـتی کـورد نەڕژێتـە سـەر خـاك و ئـەرزی کوردسـتان.
١٩٩٤/٥/٢٩.

سیمینارێك لەسەر ئەرکی لاوانی کـورد لـە دەرەوەی ولاّت لـە کـاترین هۆڵم.

کۆمەڵەی لاوانی کورد لە باژێڕی کاترین هۆڵم لە ڕێگای کتێبخانەی ئـەم شارەوە داوەتی کردبووم کـە سـەبارەت بـە ئـەرکی لاوان لـە دەرەوەی ولاّت باسـێك بەڕێوەبـەرم. ڕۆژی ١٩٩٤/١٢/١٧ چـوومە ئـەو شـارە و میوانی کاکە برا و حەمیدی تەیموری ئەندامانی حیزبی دیموکرات بووم. ئـەوان پێشـتر هێنـدێ پلاکاتیـان لـە بـارەی سـیمینارەکە و ژیـان و تێکۆشانی من بلاّو کردبۆوە. سیمینارەکەمان بە بەشداری کۆمـەڵێك لـە لاوانی کوردی دانیشتووی ئەم شارە و زۆر لە نیشتمانپەروەرانی دیکەی کورد بە وەستانی دەقیقەیەك بۆ ڕێزگـرتن لـە گیـانی پـاکی شـەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان دەستپێکرا. من بـە گـوێرەی توانـا نێزیکـەی سەعاتێك سەبارەت بە ئەرکی لاوانی کورد لە ئاوارەیی سەریانم یەشاند. وەك: گرنگـی دان بـە فێربـوون و خوێنـدن، ناسـاندنی هەویـەت و نـاو و نیشانی کورد، پاراستنی داب و نـەریتی جـوانی کـوردەواری، ناسـاندنی خەبات و تێکۆشانی کورد بۆ ڕزگاری، ڕێـز گـرتن لـە خـەباتی مێـژوویی کورد لە ڕابردوودا، ناساندنی کولتور و ئەدەب و داب و نـەریتی کـوردی بە لاوانی خۆجێیی ئەم ولاّتانـەی تێیـدا دەژیـن، لـەبیر نـەکردنی زمـانی زگماك، ڕێز گرتن لە دایك و باب و هۆگری بـە مێـژوو و زمـان و شـێعر و ئـەدەب و موسـیقای کـوردی، وەرگرتنـی شـتە باشـەکانی ئـەوروپا بـۆ

خزمەت بە دواڕۆژی نەتەوەکەمان و خۆ پاراستن لە شتە خەراپ و بلّحەکانی ئەوروپایی، تێکۆشان بۆ یەکێتی و کۆبوونەوە و ئالّو گۆڕی بیر و ڕا لە گەلّ کوردەکان و بەشداری لە شایی و شینی هاونیشتمانیەکان و ... هتد.

زۆربەی بەشداربوانی سیمینارەکە پرس و پەیڤیان دەهێنا سەر باسی ڕووداوەکانی خواروی کوردستان کە تووشی شەڕی کورد کوژی ببوو و خەلّکی بە گشتی داخدار و بریندار کردبوو. داوایان دەکرد کە هەلّسەنگاندنێك، پێکگرتنێك لە نێوان کار و کردەوەی کۆماری کوردستانی ١٩٤٦ و حکوومەتی فیدڕالّی خواروی کوردستان بکرێ.

وەلاّمی ئەم پرسیار و داوایە هاسان نەبوو. بە گوێرەی یاسای گەشە و پێشچوونی کۆمەلاّیەتی، دەبوایە لەو ماوەیە دا نەتەوەکەمان لە هەموو بارێکەوە بەرەو پێش چووبایە. بەلاّم بە داخەوە دەبینین لە بواری بەڕێوە بردنی شێوازی دەسەلاّتداری و پێکهێنانی کۆمەلّی شارستانی و لە بەر چاو گرتنی بەرژەوەندی گشتیی مەسەلەی نەتەوەیی، نەك هەر نەچۆتە پێش، بەلّکو بۆ دوایەش گەڕاوەتەوە. ساڵی ١٩٤٦ لە ماوەی یازدە مانگ تەمەن و دەسەلاّتی کۆماری کوردستاندا، تەنیا یەك تیرۆری سیاسی کرا. لە کاتێکا کۆمەلّگای ئەودەمی کوردەواری لە چاو ئێستا بە ڕاستی کۆمەلّگایەکی دواکەوتووی عەشایری نەخوێندەوار بوو. لە هەموو کوردستانی ئێران سێ کەس لە زانستی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئابوریدا دوکتۆرایان نەبوو. ئێستا دەبینین لە خواروی کوردستان بە سەدان زانا و پسپۆڕ و دکتۆرای جۆر بەجۆرمان هەیە. بەلاّم ئەوەش دەبینین کە پاش ٥٠ ساڵ لە ژێر دەسەلاّتی حکوومەتی فیدڕالّدا پتر لە دەیان

تیرۆری سیاسی کراون. بە سەدان کەس کوژراوە. دزی و ڕێگری هەر باسی ناکرێ. دەزگا و کەرستەی خەستەخانە و ئامڕازی کشتوکاڵ و هەرچی سامانی نەتەوایەتی هەبوو، دوای ڕاپەڕین و بە ڕواڵەت ئازاد بوون، هەمووی دزرا و تاڵان کرا و ئاودیو کرا. شورەیی و قەباعەتی ئەم کارە دزێوە لەوەدایە کە بەشی هەرە زۆری ئەم تاوانە لە لایەن کاربەدەستانی حیزبەکانی دەسەڵاتدار و فەرماندەکانی پێش مەرگە و چەکدارانەوە بەڕێوە چووە.

لە یازدە مانگی تەمەنی کۆماری کوردستاندا مەئمورێکی گومرگی حکومەتی میللی بەناوی ئەحمەدی بابانزادە جەوازی ساختەی بۆ هێنانی شتوومەك لە کوردستانی گەرمێنەوە دابوو بە ئاشنایەکی خۆی. لێی ئاشکرا بوو، ڕۆژنامەی کوردستان لەسەری نووسی، ڕایانکێشا بۆ دادگا و دەرکرا و سزا درا. ئێستا دزی و گیرفان پڕ کردن لە نێو دام و دەزگای حیزبەکانی دەسەڵاتدار و حکومەتی کوردستان و چەکدارەکاندا بۆتە کردەوەیەکی ناشەریفی ئاسایی. بۆ کورد زۆر شەرم و جێگای داخە کە هێزی سیاسی دەسەڵات بگرێتە دەست و بەسەر چارەنووسی وڵات و نەتەوەی خۆیدا زاڵبێ، بەڵام کارێکی ئاوا بکا و یان وڵات بە شێوەیەك ئەو تۆ بەڕێوە بەرێت کە ئەمنێستێ ئینترناسیۆنال کتێبێ ٤٠٠ لاپەڕەیی لەسەر جنایەت و ئینسان کوژی و دەستدرێژی و زوڵم و زۆری لەسەر بڵاو بکاتەوە.

لەسەردەمی کۆماری کوردستان ساڵی ١٩٤٦ مەهاباد ببوە قیبلەگا و پەنا و نیشتمانی هەموو کوردێك لەهەر بەشێکی کوردستان. کوردێك ڕووی کردبایە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە لایەن خەڵك و حکومەتی میللی

کوردستانەوە بەبێ فەرق و جیاوازی پێشوازی لێ دەکرا و بە گوێرەی لێهاتوویی لە هەموو کار و باری ئیداری و کۆمەلایەتی سەربازی و کولتوریدا بەشدار دەکرا و کاری حکوومەتی پێ دەسپێردرا. بەشداری بارزانیەکان لە هێزی بەرگریدا بەخشینی پلەی ژەنرالّی بەسەرۆك بارزانیی نەمر، نمونەی بەرچاو و جێگای شانازی کۆماری کوردستانن. بەلاّم ئێستا کوردەکانی ڕۆژهەلاّتی کوردستان و بەتایبەت ئازادیخوازان و تێکۆشەرانی ڕێگای ڕزگاری لە کوردستانی فیدراڵ و بەتایبەت لە مەلّبەندی ژێر دەسەلاّتی یەکێتی نیشتمانیدا دەکوژرێن و دەگیرێن و دەدرێنەوە بە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی و کەس لە سەر و مالّی خۆی ئەمین نیە. جا بەمحالّە پێکگرتن و هەلّسەنگاندنی ئەم دوو ڕووداوە گرنگانەی کوردستان تۆزێ زەحمەتە و هەر کەس خۆی دەبێ بیری لێبکاتەوە.

سیمیناڕەکە بە باسی خەست و بەشداری بەشداربوانی کۆبوونەوە کۆتایی پێهات و گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆلّم.

یەکێتی نووسەرانی کوردستان.

دەمێك بوو لە نێو ڕووناکبیرانی دانیشتووی ستۆکهۆلّم بۆ پێکهێنانی یەکێتی نووسەرانی کورد باس و گفتوگۆ لە گۆڕێدا بوو. پێشتر یەکێتی نووسەران هەبوو. گۆڤارێکیشی بەناوی چرا دەردەکرد. هەر چەندە نێزیکەی ٥٠ کەس وەك ئەندام ناوی خۆیان نووسیبوو، بەلاّم لە ڕاستیدا گۆڤارەکە تەنیا بە زەحمەت و تێکۆشانی دوو کەسی نیشتمانپەروەر، کاك خەبات عارفی شاعیر و کاك ڕزگار بەڕێوە دەچوو. هەموو کار و هەلّسوڕانی یەکێتی و نووسین و بلاّو کردنەوەی گۆڤارەکە کەوتبوە سەر

ئەستۆی ئەم دوو برادەرە و زەحمەتیان دەکێشا. یەک دوو جار ئەندامانی یەکێتی بۆ کۆبوونەوە بانگ کران، جاری وا هەبوو سێ کەس ئامادە دەبوون. ئیتر ئەم دوو برادەرەش لە توانایاندا نەما کە بەتەنیا گۆڤار دەربکەن و یەکێتی بەڕێوە بەرن و یارمەتیشیان پێ نەکرێت و ئەندامانیش تەنانەت بۆ کۆبوونەوەش ئامادە نەبن. یەکێتی ئیتر نەیتوانی درێژە بە ژیانی بدا و هەڵوەشایەوە.

پاش ماوەیەک برادەرانی کوردی کرمانج هەڵەسوونەیان هێنایەوە کە یەکێتی زیندوو بکەنەوە. داوایان لە شاعیر و نووسەرانی کورد کرد کە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا بۆ دامەزراندن و هەڵبژاردن و دیاریکردنی دەستەی نووسەرانی گۆڤار کۆبنەوە. ڕۆژی ١٩٩٥/١/٢٢ کۆ بوونەوە بۆ زیندوو کردنەوەی یەکێتی نووسەرانی کورد نێزیکەی ٣٠ کەسێک ئامادە بوون. لە برادەرانی کوردی کوردستانی خواروو و ڕۆژهەلاتی کوردستان بێجگە لە نووسەری ئەم دێڕانە و کاک سەعید کوێستانی یەک کەس نەهاتبوو. کۆبوونەوە دەستەی بەڕێوەبەری و نووسەرانی گۆڤاری هەڵبژارد و چەند ژمارە گۆڤاری چرا بە کرمانجی پیتی لاتینی دەرچوو. من وەک ئەندامی دەستەی نووسەران یەک دوو وتاریشم بە پیتی لاتینی تێدا بلاو کردەوە و سالێکی بردە سەر، بەلام لە برادەرانی سۆران کەس بەشداری نەکرد.

لە کۆنگرەی سالانەدا بڕیاریاندا کە یەکێتی نووسەران ببێتە ئەندامی فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکان لە سوید. من ئیتر وازم لێ هێنا و نەمویست ببم بە ئەندامی بەناو ڕێکخراوەیەکی بێ ناوەڕۆک و بێ کەڵک و بە دەرەتان. ڕێکخراوەیەک کە ببێتە مەیدانی ململانێ حیزبە

سیاسییەکانی کورد و سەرەڕای ئیمکاناتێکی زۆری مادی هیچ سود و کەڵکی نەبێ. یەکێتییەکە بوو بە یەکێتی نووسەرانی کوردەکانی باکوری کوردستان و لێرەشدا دابەشبوونە مێژوویییەکەی نەتەوەیی لە بواری ئەدەب و کولتور لە دەرەوەی ولاتیشدا بەردەوام مایەوە.

سیمینارێك بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی دامەزراندنی کۆماری کوردستان: ١٩٤٦

کۆمەڵەی کوردی لە سونسڤاڵ داوەتی کردم کە بە بۆنەی پەنجایەمین ساڵی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بچمە ئەو شارە و لەسەر ئەو ڕووداوە گرنگە باسێك بکەم. ڕۆژی ١٩٩٥/١/٢٦ سواری فڕۆکە بووم و شەو لە نێو برادەرانی وێندەرێ دانیشتنێکی خۆشمان بردەسەر. ڕۆژی دوایی لە ساڵۆنی کۆمەڵەدا بە بەشداری زۆربەی کوردەکانی دانیشتووی سوندسڤاڵ بە گوێرەی توانا لە سەر بار و دۆخی ئەو دەمی کوردستانی ئێران و هەل و مەرج و چۆنیەتی دامەزراندنی کۆماری کوردستان و دەستکەوتەکانی نەتەوەیی و شێوازی بەڕێوەبەری و گیرو گرفتەکانی سەر ڕێگای حکومەتی میللی و... هتد قسەم کرد. بەشداربوانی کۆڕەکە بە تایبەت کاك حەسەنی قازی لە باسەکەدا بەشداری گەرمیان کرد و وەڵامی پرسیارەکان درایەوە. تەلەڤیزیۆنی سوندسڤاڵ پێشنیاریان کرد چاوپێکەوتنێك و (وتوێژێك)یش بۆ تەلەفزیۆنەکەیان بەڕێوەبەریش لەو چاوپێکەوتنە تەلەڤیزیۆنیەدا کاك حەسەنی قازیش بەشداری کرد. بەڕێوەبەرانی تەلەڤیزیۆنەکە بەڵێنیاندا کە کۆپییەکی فیلمەکە وەك یادگارێك بۆ خۆم بنێرنەوە، پاش چەند سالآنیش بە دەیان جار کە چاومان پێك دەکەوتەوە، بە تۆزێك ئارەقەوە دەیانگوت ئەوجار فیلمەکەت بۆ دێنینەوە، یا بۆت دەنێرینەوە. بەڵام نەتیجەکەی ئەوە

بوە کە مەجبور بووم بڵێم درۆیان کرد و تا ئێستاش بەڵێنی خۆیان نەبردە سەر. جا نازانم ئەگەر خولاّ بکات کاك جەلال دەباغ بەوە ناڕەحەت نەبێ کە بڵێم کورد کەمتر قەول و بەڵێنی خۆی دەباتە سەر و نەیکاتە ڕەخنە.!؟

نامەیەکی دۆستانە

١٩٩٥/٢/٢ لە لایەن (دکتۆر گوڵ مراد مرادی)یەوە ئەم نامەیەی خوارەوەم پێگەیشت. من ئەو بەڕێزەم نەدەناسی و قەت بە خزمەتی نەگەیشتبووم. نامەی (دکتۆر گوڵ مراد مرادی) کە بە کوردی و فارسی تێکەڵ نووسراوە بۆیە دەبێ لاپەڕی ئەم نووسراوەی پێ بڕازێنمەوە. ئەوەش دەقی نامەکەیە:

((... دوهمی مانگی فوریە ١٩٩٥. مامۆستای هێژا و مەزن مام کەریمی حسامی.

ئیجازە فرمون نامەکەم لە تەك شیعرێك (هەڵبەستێك) لە شاعیری نەمر مامۆستا هێمن هاورەزم و هاو خەباتکەری خۆتان کە لە شیلان ئاوی ١٣٢١دا وتویە، دەسپێك بکەم

کوردم ئەمن

گەرچی تووشی ڕەنجەڕۆیی و حەسرەت و دەردم ئەمن
قەت لە دەس ئەم چەرخە سپڵە نابەزم. مەردم ئەمن
گەر لە برسان و لەبەر بێ بەرگی ئیمرۆ ڕەق هەڵێم
نۆکەری بێگانە ناکەم تا لەسەر هەردم ئەمن

مامۆستای بەڕێز، بەداخەوە پێویستە ئیدامەی نامەکەم بە زمانی

فارسی بنوسم. چونکە لە منداڵی لەبەر هەژاری نەتوانستم حتێ بڕۆمە مەکتەوی فارسیش (کوردی! دکە شتێك مەیێژە) هەموو زمانە بێگانەکانیش لە مەکتەوی شەوانە خۆم فێر کردووم. لێرەوە ئیتر نامەکە بە فارسیە و وەرگێڕاوەی دەنووسمەوە.

مامۆستای بەڕێز و گەورەم! گیر و گرفتی کورد هەر لێرەوە دەست پێدەکات، کە تا ئێستا شانسمان نەبوە لانی کەم بە زمانی دایکی خۆمان خوێندن و نووسین فێر بین. ئیمڕۆش لە سەرانسەری کوردستان، زیاتر لە نیوەی منداڵەکانمان دەرەتانی ئەوەیان نیە بچنە مەدرەسە کە لانی کەم نەك بە زمانی دایکیان بەڵکوو بە زمانێکی بێگانەش بخوێنن. جگە لەم گیر و گرفتە بنچینەییە و سەدان تەنگ و چەڵەمەی تری گەورە و بچوك، بە داخەوە دەبێ خەم و خەفەتی گیر و گرفتی ئەوتۆ بە گیان بکڕین، کە بە دەستی خۆمان دروستمان کردوە، واتە دەبێ شاهیدی شەڕی نێوخۆیی تایفەیی و دەستەیی و تەنانەت فەردی بین لە بەشەکانی کوردستان و لە ئەوروپاش.

لە بارەی تەواوی مەسەلەکانی دوایی و کێشەکانی کۆن بێگومان ئێوە زیاتر ئاگادارن و پێویست نیە دووبارە بکرێنەوە. جگە لەوەش مەبەستی من لە نووسینی ئەم دێڕانە ئەوە نیە کە خوێ بە برینان دابکەم، بەڵکوو مەبەستی بنچینەییم لە قۆناخی هەوڵدا تەنیا تازە کردنەوەی عەرزی ئیرادەت و سەرەتای پێکهێنانی پێوەندیی بەردەوام لەگەڵ مامۆستای بەڕێز و تێکۆشەری وەك ئێوە بووە، نەك کردنەوەی سفرەی دەردی دڵ. کە وابوو دەردی دڵەکان ڕادەگرین بۆ کاتێکی تر کە ئەگەر تەمەن وەفای کرد و نەکەوتینە بەر نیشانەی تیرۆریستەکانی

حاکمه مێشك ویشکەکان.

هـەر وەك بـە تەلـەفۆن ڕامگەیانـد ئـەوە نامیلکـەی مێـژوو وڕیوایـاتی نەورۆزتان بۆ دەنێرم. زۆر شـاد دەبم ئەگـەر ڕۆژێـك بتـوانین بـە زمـانی کوردی بـلاّوی بکەینـەوە. تـا ئێستا لـە چـوار گۆڤـاری ئەڵمانیـدا و لـە گۆڤاری ئارش–ی فارسیشدا بـلاّو بۆتـەوە. لـە ڕێگـای دۆستی بـەڕێزم دکتۆر عەزیزی فەیز نژادەوە ئاگادار بووم کە مامۆستای بـەڕێز سـێ لـە چواری سەدەی ژیان و خەباتی کۆڵنەدەرانەتان تێپەڕاندوە، بەم بۆنەوە سەرلەنوێ حەفتاو پێنج سـاڵەی ((لـە دایـك بوونتـان)) پیرۆزبـایی پـێ دەڵـێم. هیـوادارم ڕۆڵـەکانی خـەڵکی بێبـەشمان سـالاّنی درێـژی تـر لـە زانیاری و ئەزموونی خەباتی بێ وچانتان کەڵك وەربگرن. لەگەڵ سلاّوی زۆر و ئاواتی سلاّمەتی و لەش ساخیت و بە هیوای ئاسـۆیەکی ڕوون بـۆ گەلەکەمان. گوڵ مراد مرادی.))

دکتۆر گوڵ مراد مرادی یـەك لـە ڕووناکبیر و زانایـانی برایـانی گۆڕانـە. دکتۆرای لەسەر کۆماری کوردستان ١٩٤٦ بە زمانی ئەڵمانی وەرگرتـوە و هەر وەك نووسەرانی بەرچاو تەنگی فارسی ئێرانی و هێندێ نووسەر و ڕووناکبیری ترسـەنۆکی کـورد کـە نـاوێرن خـۆ لـەو ڕاسـتیە بـدەن کـە کۆمـاری کوردسـتانی ١٩٤٦ بـیر و ڕیشـەی سـەربەخۆیی هـەبووە و بـۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان دامەزراوە، لە هەموو کتێبەکـەی و لـە نووسراوەی دیکەشیدا، کۆماری کوردستانی بـە خودموختـاری دانـاوە و لـە لێکۆڵینـەوەی زانسـتی و لێکدانـەوەی ڕووداوەکـان و سیاسـەت و کردەوەی حکوومەتی میللی کوردستان خـۆی بـواردووە. لـە سـێمینارە جیاوازەکـانی باسـی ئێـران و کوردستانیشـدا هـەر بـەم بۆچـوونەوە

بەشداری کردوە و لە خودموختاری زیاتر هیچی تری بۆ کۆماری کوردستان پەوا نەدیوە. لەسەر ئەهلی حەق و بابەتی تریش گەلێك وتاری بە زمانی فارسی بلاّو کردۆتەوە.

نەورۆز

ئەمسالّیش دوور لە نیشتمان نەورۆزی ١٣٧٤ی هەتاوی (١٩٩٥)مان لە مالّەوە لەگەلّ چەند دۆست و برادەر پێشوازی لێکرد. ئەمسالّیش کوردەکانی ستۆکهۆلّم نەورۆزی کوردیان وەك نیشتمانەکەیان لەت و پەت کرد. هەر دەستە و تاقمی سیاسی و کۆمەلّەی کولتوری کورد بە جیا نەورۆزیان پیرۆز کرد!. لە بەرانبەر لێکبلاّوی و ناکۆکی کوردەکاندا، نێزیکەی ٢٠ هەزار ئێرانی بە بیر و بڕوا و دەستە و حیزب و ڕێکخراوی جیاوازەوە، پێکەوە لێك کۆبوونەوە. کوردیش یەك نەورۆزیان وەك بەشە گۆشت دابەش کرد و هەر حیزب و دەستەیەك، نەورۆزی بە هی خۆی دەزانی، نەك بە هی نەتەوەی کورد و گۆیا (پیرۆزی دەکرد.)!!

١٩٩٥/٤/٣٠ لە مالّەوە خەریکی نووسینم و گوێ دەدەمە رادیۆی هەمبەستەگی فارسی. ئەم جۆرە ڕادیۆیانە بە فارسی و کوردی و زمانەکانی تری بێگانەی پەنابەر، خوا نەیبڕێ چەندی بلّێی لە سوید زۆرن. مرۆڤ هەر پێچی ڕادیۆی بادا، دەتوانێ قسە و باسی سەیر و سەمەرە گوێ بداتێ. هێندێکیان بۆیە دەبن جار و بار مرۆڤ گوێیان بداتێ، هیچ نەبێ لەبەر گۆرانییەکان.

بەلّێ: ئیمڕۆ لە ڕادیۆی فارسی ((همبستگی)) پتر لە هەشت ڕێکخراو و تاقم و دەستەی ئێرانی بە بۆنەی ڕۆژی یەکی ئەیارەوە، ڕۆژی

نێونەتەوەیی کرێکارانی جیهان، بە نوێنەرایەتی چینی کرێکاری ئێران، پێرۆز بایی لە کرێکارانی ئێران دەکەن. بە ڕاستی بە بیستنی دەنگی ئەو هەموو نوێنەرانەی چینی کرێکار و ئەو هەموو پێرۆزباییە، مرۆڤ بۆ چینی کرێکاری ئێران و زەحمەتکێشانی ئەم ولاتە خەفەت دایدەگرێ کەوا خۆی لە ژێر دەسەلاتی حکوومەتی مەلاتاری و سەرمایەی هار دا، دەتلێتەوە و دەچەوسێتەوە و لە ئەوروپاش ئەو هەموو نوێنەر و حیزب و پێشڕەوەی هەیە و بەردی چینی کرێکاری ئێران لە سەنگی دەدەن...!

بێزاری و نەفرەت لە شەڕی کورد کوژی لە کوردستانی عێراق

شەڕی نەفامانە و ماڵوێرانکەرانەی نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی یەکگرتووی کوردستانی عێراپ نەك هەر کۆشکی ئاوات و تاسەی خەڵکی سەبارەت بە درێژەپێدانی تەمەنی پارلمان و حکومەت و هیوا بە دوا ڕۆژی دەسەلاتێکی سەقامگرتوویی نەتەوەیی لەم بەشەی کوردستان ڕماند و توشی نسکۆ و ناهومێدی کرد، بەڵکوو مەسەلەی کوردیشی بە چەشنی گشتی لە نێو کۆڕ و کۆمەڵ و دەوڵەتانی جیهاندا سوك و بێ بایەخ کرد. شەڕی هێزە چەکدارەکانی خواروی کوردستان کە ڕاستەوخۆ بە فیتی دوژمنانی کورد و بۆ بەرژەوەندی تەسکی ناڕەوای حیزبایەتی سازکرا، ئەم بەیت و باوەی دوژمنانی کوردیشی وەڕاست گێڕا کە: کورد ناتوانێ کار و باری خۆی خۆی بەڕێوە بەرێت و هەر دەبێ بێگانە بە مەیلی خۆی و بۆ بەرژەوەندی خۆی هەڵیسوڕێنێ و کایەی پێبکات.

ئەگەر لە کوردستان شەڕ بوو بە هۆی کوژرانی هەزاران خەڵکی بێتاوان و خەڵەتاو و بەفیڕۆ چوونی میلیۆنها دۆلار سامان و سەروەتی کوردستانی وێرانکراو، لە ئەورووپا و ئەمریکا و وڵاتانی دیکەش پڕیشکی دووبەرەکی و کێشە و ناتەبایی پەرانده نێو کوردەکانی ئاواره و دەربەدەر و مەیدانیشی بۆ تاقمێکی زڕە ڕۆشنبیر و بێ کولتور و جنێوفرۆش و ماستاو سارد کەرەوە خۆشکرد و لە نێو خەڵکی ئەورووپا وای بێ ڕێز و سوك کردن کەم کەس لە ڕووی هەڵدەهات خۆی بە کورد بناسێنێ. لەسەر کارکردی شوم و نەگریسی ئەم شەڕەی دەستکردی دوژمنانی کورد، زۆر گوتراوە و نووسراوە لە تام چۆتە دەر و لێرەشدا هەرچی بگوترێ زیادییە و لە چاو بێزاری و نەفرەتی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کورد (جگە لە تاقمێکی هەلپەرستی شەڕ خۆشکەری بێ پەرنسیپی دم هەراش) وەك قەترە بە دەریا وایە.

ڕۆژی ١٩٩٥/٣/٢٧ دۆستی بەڕێز و خۆشەویستم قەرەنی قادری تەلەفۆنی کرد و گوتی: ((لام وایە جگە لەوەی کە لە ڕادیۆکانی ئێرە جار و بار قسە دەکەین، دەبێ هەڵوێستێکی سەربەخۆشمان لەسەر شەڕی وێرانکەری کوردستانی عێراق هەبێ. مەسەلەکە زۆر ئاڵۆز بوە، تورکیا و ئێران هەر یەك لە لایەکەوە دەستیان خستۆتە نێو مەسەلەی کوردستان و بە کردەوەش لە شێواندن و گەرمکردنی شەڕی کورد کوژیدا دەوریان هەیە.)) گەیشتینە ئەم ئەنجامە کە من شتێك بنووسم و لەگەڵ دۆست و برادەرانی کوردستانی ئێران پرس و ڕاوێژ بکرێ و ئەوانیش هاوەنگ بن لەگەڵمان، ئیمزای بکەن و بڵاوی بکەینەوە و نوسخەشی بۆ سەرکردایەتی دوو هێزی شەرکەر بنێرین.

تەلەفۆنم کرد بۆ کاك حەمەدەمینی سیراجی زۆری پێ باشبوو. شتێکم نووسی و لەگەڵ کاك حەمەدەمین پێیدا چووینەوە و نەختێ دەستکاریمان کرد و بە تەلەفۆن دەگەڵ دۆست و برادەر و چەند کەسێتر باسکرا و کاك حەمەدەمین و کاك قەرەنیش هەر یەکە لە گەڵ دۆست و برادەران باسیان کرد و دەست کرا بە کۆکردنەوەی ئیمزا و لە ماوەی چەند رۆژاندا پتر لە ١٠٠ کەس لە کوردەکانی رۆژهەلاتی کوردستان ئیمزایان کرد و یا بۆ نووسینی ناویان دەنگیاندا. نوسخەمان نارد بۆ مەکتەبی نوێنەرایەتی پارتی و یەکێتی. لە رادیۆ کوردییەکانی ستۆکهۆڵم خوێنرایەوە. لەگەڵ کاك حەمەدەمین و کاك قەرەنی قادری چووینە مالّی کاك خەلیل بێکەس کە ئەودەم لە نێو ئێمەدا پیاوی خاوەن فاکس هەر ئەو بوو. نووسراوەکەمان بە فاکس نارد بۆ رادیۆ کوردی دەنگی ئەمریکا. بەداخەوە کارگێڕانی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا وەك دەقەکەیان بە کەیفێ نەبووبێت، نەیانخوێندەوە و تەنانەت بە قەدرایی حەیرانێکی کوردی و یا ژینگەیەکی ئەمریکا و یا گۆرانی لادێی ئەمریکاییش گرنگیان بە تێکۆشانی ١٠٠ ڕۆناکبیر و نیشتمانپەروەری کورد نەدا کە بانگەوازی شەڕ ڕاگرتنیان بەرز کردبۆوە.

ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە:

١٩٩٥/٤/٧

مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

دوای سلاّو: بە پێویستی نازانین دەرد و ژانی ئەم زامە باس بکەین کە لە سایەی سیاسەتی چەوتی خۆکوژی ئێوە و لە ژێر پێنانی مافی ئینسانی و بەرژەوەندی نەتەوەیی، جەستە و قەوارەی باشووری کوردستانی بە خەڵك و ئاخەوە ڕەزیل کردوە و پڕیشکی نەگریس و چەپەڵی ئەو شەڕە داوێنی بەشەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتۆتەوە.

شەڕی بێجێ و ناڕەوای ئێوە لە کوردستانی باشوور، دم بەدمەی سوکی تەبلیغاتی ئێوە نەك هەر بۆتە هۆی ڕیسوایی و سەرشۆڕی کورد لە دەرەوەی ولاّت، نەك هەر بۆتە هۆی سارد بوونەوە و پاشگەز بوونەوەی ئەو بڕوکە پشتیوانیەی کۆڕ و کۆمەڵە سیاسیەکانی جیهان، بەڵکوو بۆتە هۆی ئەوەش کە دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان بە ئاشکرا و بە زۆرەملێ بەرنامەی کورد قڕانی خۆیان لە کوردستاندا پیادە بکەن.

ئاکار و سیاسەتی ڕووخێنەرانەی ئێوە جگە لە بە فیڕۆدانی خوێنی سەدان ڕۆڵەی ئازاد و فیداکاری کورد، بۆتە هۆی ئەوەش کە لە لایەك حکومەتی تورکیا بە کەڵەگایی بە بیانووی ڕاونانی پێشمەرگەی پارتی کرێکارانی کوردستان لەشکر بێنێتە نێو خاکی ژێر دەسەلاّتی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کەڕامەت و سەروەری دەسەلاّتی نەتەوەیی کورد بخاتە ژێر پۆستاڵی عەسکەری وەحشی تورك و لە لایەکی دیکەشەوە کوردە پەنابەر و لێقەوماو و نیشتمانپەروەرانی ڕۆژهەلاّتی کوردستان لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاّتی دوو حیزبی ئێوەدا

ڕووت بکرێن و بکوژرێن و بەدەست بەستراوی بدرێنەوە بە حکوومەتی ئیسلامی ئێران و نەك هەر ئەوە، بەڵکو بۆ ڕازی کردنی ویستی دەوڵەتی ئازادیکوژی تاران ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران دابخەن و چەن میلیۆن کورد لە بیستنی دەنگێکی ڕەوا و ئازادیخوازی کوردی بێبەش بکەن. ئێمە کۆمەڵێك نیشتمانپەروەری کوردی ڕۆژهەلاتی کوردستان کە لە پێناو ئازادی و ڕزگاری لە ژێر دەستیی و زۆرداریدا دەربەدەر بووین و سەر بە هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیش نین، سەرەڕای ئەوە کە لە پشتیوانی کردنی بزووتنەوەی کوردستانی باشور درێخیمان نەکردوە و لە هاوەردی و ڕەخنە و بێزاری کوردەکانی ئەوروپاش دژی سیاسەتی خۆکوژی ئێوە بەشدار بووین، ناتوانین لە ئاست کارەسات و ڕووداوە داخدارەکانی نیشتمانەکەمان بێدەنگ و بێ لایەن بوەستین. ئێمە لە گەڵ مەحکوم کردنی پەلاماری درندانەی حکوومەتی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان، هەموو جۆرە دەست تێوەردان و ڕەشە کوژی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانیش لە کوردستانی عێراق مەحکوم دەکەین. هەروەها هەموو جۆرە زەخت و فشارێك بۆ سەر هێزە سیاسی و کوردە پەنابەرەکانی بەشەکانی تری کوردستان لە لایەن هەر کەس و هەر ڕێکخراوەیەك بێ، بە کارێکی دژی نیشتمانی و دژ بە دیموکراسی و مافی ئینسانی دەزانین و بە تونڈی مەحکومی دەکەین. ئێمە لەگەڵ دەربڕینی بێزاری لە شەڕی کورد کوژی نێوان پارتی و یەکێتی، داواتان لێدەکەین تا دەرفەت لە کیس نەچووە، بە وەستاندنی شەڕ و چارەسەر کردنی ناکۆکیەکان لە ڕێگای وتوویژی ئاشتیانە و ڕێز گرتن لە بیر و ئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و واز هێنان لە سەپاندنی دەسەلآت

بـە زۆرەملـێ و هێـزی چـەك، پیلانـی دوژمنـانی کـورد گـۆڕ بکـەن و نیشتمانپەروەری و لە خۆ بوردوویی خۆتـان بەرانبـەر بـە بەرژەوەنـدیی گەل و نیشتمان بە دنیـا ڕابگـەیێنن. ئـەزموونی ڕابـردووی بزووتنـەوەی کورد چەوتی و زیانی سیاسەتی پشت بەسـتن بـە دوژمنـانی بـە جـوانی دەرخستوە، دڵنیاین مێژوو لە تاوانی هیچ کەس خۆش نابێ.

لە لایـەن ١٠٠ کـەس لـە نیشـتمانپەروەران و ئـازادیخوازانی کوردسـتانی ئێران لە سوید.

پارلمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵآت

لـە سـەرەتاکانی مـانگی ئەپریلـدا کومیتـەی ئامـادە کردنـی پارلمـانی کوردسـتان داوەتـی کـردم کـە لـە ڕێـو ڕەسمـی دامەزراندنی پارلمـانی کوردستان لە دەرەوەی وڵآتـدا بەشـداری بکـەم. ڕۆژی حـەوتی ئـەبریل کاروان سەعید کارتی داوەتی بۆ هێنام.

ڕۆژی ١٠ی ئەپریل سەعاتی ١٢ و ٢٠ دەقیقە بە قەتار بـەرەو بروکسێل (بەلژیکا) کەوتمە ڕێ. چەند گۆڤار و ڕۆژنامەم لەگەڵ خۆ هەڵگرت و لام وایە بۆ سەفەری وا درێژ باشترین هاوڕێ کتێب و ڕۆژنامەیە... من لـەم بـارەوە ئـەزموونی بـەنرخم هەیـە. لـەو جـۆرە سـەفەرانەدا کـە کەمیش نەبوون، چەند کتێبم خوێندوونـەوە. سـەعاتی هەشـتی بـەیانی گەیشتمە برۆکسێل. لە قەتار هاتبوومە خوار، گوێم لێ بوو یـەکێ بـانگم دەکات، ئاوڕم داوە خوالێخۆشبوو، دۆست و هاوڕێیی بـەڕێز کـاك نـەبی قادری بوو. ئەویش داوەت کرابوو. یەکترمان گرتەوە و تەلەفۆنمان کـرد بۆ ئەو ئادرێسەی لە کـارتی داوەت دا هـەبوو. پـاش ماوەیـەکی نەکـەم

برادەرێك هات و بردیانین بۆ دەفتەری کۆمیتەی ئامادە کردن. پاش نان و چایەکی پارتیزانی سواری ترۆمبێلیان کردین بۆ لاهە. برادەرێکی دیکەی کوردی باکوریشمان لەگەڵ سوار ببوو. لە تەواوی ڕێگادا ئەم برادەرە لەگەڵ شۆفێرەکە (کە هەرتکیان کوردی باکور بوون) لە تورکی بەدەر یەك وشەیان بە زماندا نەهات. پاش ماوەیەك ئاژوان برادەری شۆفێر سیغارێکی داگیرساند و ڕووی لە من کرد و گوتی: ((مامۆستا تۆ پێ ناڕەحەت نابی ئەز سیغار دەکێشم؟)) گوتم: نا، بیکێشە. هەر بە قەدرایی ئاخافتنی تورکیەکەت پێ ناڕەحەتم. فەرقی نیە. تورکی بپەیڤی و یا سیغار بکێشی.)) کاك نەبی ڕەحمەتی زۆر پێکەنی و چەند ڕۆژ پێکەوە بووین، کاك نەبی لە بیری نەدەچۆوە. ئێمەیان گەیاندە لاهە. میوان زۆر بوون و بە شێوەیەکی لەڕادە بەدەر ڕێك و پێك و باش کارەکان تەرتیب درابوون. دەبوایە هێندێ لە میوانان بەسەر مالآندا دابەش بکەن. کاك نەبی گوتی: کاك کەریم! ئەوەندە بەسەر مالآندا دابەش کراوین، بێتام بوە. تۆ وەدەنگ وەرە و بڵێ ئێمە لە هوتێل دەبین.

برادەری بەرپرس هاتە لام و گوتی مامۆستا هون چدبێژن؟ گوتم ئێمە دەخوازین لە هوتێل بین ئەگەر جێگا هەبێ. گوتی جێگا هەیە، لە هوتێل (بیل ئایر) ژوورێکی دوو ژووری خاوێنیان پێ نیشاندراین و چووینە هوتێل. ئەوەی بۆ من سەرنج ڕاکێش بوو، ئاخافتنی نێو خۆی برادەرانی کوردستانی باکور بوو. لام وابوو هەموویان کوردیان دەزانی و یا بڕێکیان هەر دەزانی. بەڵام جگە لە (ڕۆژ باش) یەك وشەی دیکەیان بە کوردی نەدەگوت. باسی گیر و گرفتی زمانمان دەکرد، کاك نەبی

گوتی: لێیان گەڕێ، بەتۆ چار ناکرێ، تورکی خۆیان پێ باشترە. لە سالۆنی هوتێلەکە دانیشتبووین، دوو برادەر بە تورکی قسەیان دەکرد. خوا لێخۆشبوو دکتۆر حەسەنی حسامی یەک بە خۆی نەڕاندی و گوتی: تۆ ئەوە پارلمانی کوردستانم بۆ تەشکیل دەدەی و (هەر گێدەر سەن)م بۆ دەڵێی. بڕێکیش بەوە پێکەنین.

ڕۆژی ١٩٩٥/٤/١٢ لە سالۆنێکی گەورە کاتژمێری ١٠ (پارلمانی کوردستان لە دەرەوەی ولآت) دەستی بەکار کرد. میوانی زۆری بێگانە لە نووسەر و سیاسی و پارلمانتاریست و کەسایەتی سیاسی و کۆمەلآیەتی ولآتانی ئەوروپا (ئەڵمان، ئیتاڵیا، ئوتریش، ئینگلستان، بیلژیك، دانیمارك، ڕووسیا، سویس، سوید، فرانسە، قبرس، هوڵەند، یۆنان) بەشداری کۆبوونەوە بوون. خەڵکێکی یەکجار زۆری ڕەمەکی کوردیش لەسەرانسەری هوڵەند و بەلژیك و ئەڵمان و دانیمارك و سوید هاتبوونە بەشداری ئەم ڕووداوە گرنگە. چونکە هەوەڵجار بوو کە کورد لە دەرەوەی ولآت بە ئاشکرا پارلمانێکی دابمەزرێنێت. دیارە لە ژێر ناوی (پارلمانی کوردستان لە دەرەوەی ولآت) ڕووداوەکە بەڕێوەدەچوو. بەلآم لە ڕاستیدا دەبوایە بەناوی: (پارلمانی کوردستانی باکور لە دەرەوەی ولآت) ناودێر کرابایە. چونکە کوردەکانی باکوری کوردستان ئەویش پارتی کرێکارانی کوردستان و کەسانی سەر بەو حیزبە ئەم پارلمانەیان دادەمەزراند. هیچ حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتی سیاسی و ناسراوی نەك هەر بەشەکانی دیکەی کوردستان، تەنانەت هی باکوری کوردستانیش بەشداری ئامادەکردن و بەڕێوەبردن و دامەزرانی نەبوون. ئەو ئەندامانەی کە بە ناوی نوێنەری پارلمان سوێندیان

دەخوارد، خۆیان دیاریان کردبوون و لە لایەن کۆمەلانی خەلکەوە هەلبژێردرابوون بێجگە لە یەك دوو کەسی پەڕیوەی باشووری کوردستان کە خۆیان پێوە هەلاوەسیبوو، کوردی هیچ یەك لە بەشەکانی تر بەشدار نەبوون.

ئەوانەی بۆ پارلمانیان دیاری کردبوون بەم چەشنەی خوارەوە سوێندیان دەخوارد:

Sond------ di bin hemu mercan de, eze iradeye gele xwe bingeh bigirim, ji bo azadiya kurdistane bixebitim, tu cu dahiye nexim navbera gelen kurdistane u biawaye ki layiq nuneriya berjeweenddiyen

We bikim u mafe we biparezim. Ji bo gelen kurdistane armanca min damezrandina civateke demokratik wekhewi u azade

Eze di xebaten xwe de, tu berjewendiyen sexsi nedim ber cav, wekhevi u yekitiye netewi biparezim, eze bi sehid u nixen kurdistane ve giredayi bim. Li hember dirok u mirovahye, le hember gel u wwelate xwe, binamus u serefaa xwe sond dixwwim. Sox didim.

پێکهێنانی ئەم پارلمان و دەزگایە لە بواری تەبلیغات و پڕ و پاگاندەوە یەکجار زۆر گرنگ و دەنگێکی زۆری دایەوە. دامەزرانی پارلمانی کوردستان حکومەتی تورکیای یەشاند. بوو بە هۆی دەربڕینی ناڕەزایی و پڕۆتێستی ڕەسمی دەوڵەتی تورکیا لە حکومەتی هۆڵەند، بەلاّم

دەوڵەتی هۆڵەند وەلامی نەدایەوە. دەوڵەتانی ئێران و عێراق و سوریا کە سەبارەت بە مەسەلەی کورد و خەباتی کورد هەمیشە سڵ و لەسەر هەستن و زوو دژکردەوە نیشان دەدەن، لە بەرانبەر دامەزرانی پارلمانی کوردستان لە دەرەوەی وڵات، گوێچکەی خۆیان کپ کرد و هەر وەك هیچ شتێك ڕووی نەدابێ هەر باسیشیان نەکرد.

دوو مەسەلە لەم کۆبوونەوەیە و لەم ڕووداوە گرنگەدا سەرنجیان ڕاکێشام و لە دەفتەری یادداشتەکانمدا جێگای خۆیان کردەوە.

یەکەم: نەزم و تەرتیبات و ڕێك و پێکی بەڕێوەبردنی کارەکان و بەشداری خەڵکێکی زۆر و شادی خەڵکی بەشدار بوو، لە پێکهاتنی ئەم پارلمانە کە بە ڕاستی جێگای پێزانین بوو.

دووەم: هەڵوێست و بۆچوون و سیاسەتی دامەزرێنەرانی پارلمانی کوردستانی لە دەرەوەی وڵات. وەك باسکرا گەلێك کەسایەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پارلمانتاریستی وڵاتانی جۆر بەجۆری بێگانە داوەت کرابوون و بە نۆرە و لەکاتی خۆیدا داوایان لێدەکرا کە بێنە پشتی میکرۆفۆن و (ماساژێ خۆ) پێشکێش بکەن. واتە بێن وتاری خۆیان بخوێننەوە.

ئەوەی پێوەندی بە کوردەوە هەبێ، نەك هەر هیچ حیزب و هێز و ڕێکخراوی سەرەکی سەر گۆڕەپانی خەباتی کورد بانگ نەکرابوون، بەڵکوو ئەوانەی داوەتیش کرابوون، ڕێگایان پێ نەدرا کە وتاری پشتیوانی بخوێننەوە و یا بیر و ڕای خۆیان دەربڕن. ئەو کەسانەی کە داوەت کرابوون و هێندێکیان نوێنەری حیزبی کوردیش بوون: وەك: کاك

نەبی قادری نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستان ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕی (ڕەحمەتی)، کاك حوسێن کرمانج نوێنەری پارتی سەربەخۆی کوردستان) مامۆستا شێخ خەلیل جندی نوێنەری پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان) عەلی قازی، دکتۆر حەسەنی حسامی و کەریمی حسامی...) ئەوانە هیچیان ڕێگا نەدران کە هیچ نەبێ پشتیوانی خۆیان لەم ڕووداوە گرنگە ڕابگەیێنن. بۆیە دەڵێم ڕێگا نەدران چونکە من خۆم دوو جاران داوام کرد و گوتم من بۆ سەیران نەهاتووم. کە داوتتان کردووم، دەبێ ڕێگاش بدەن هێندێ بۆچوونی خۆم لەسەر ئەم ڕووداوە گرنگە دەربڕم. جارێك گوتیان: ئەوە کاری دەستەی بەڕێوەبەرییە. جاری دوایە لەگەڵ بەڕێز ڕەمزی کارتال وەك ڕەخنە داوام کرد. لەگەڵ محەمەدەمین پێنجوێنیش کە (بە کەڕەمی خودای مەزن و لە سایەی تێکۆشانیەوە و بە دەنگی کۆمەڵانی خەڵك) گەیشتبوە پلەی ئەندامەتی پارلمانی کوردستان باسم کرد. ئەویش گوتی: وا دیارە وتاریان هەر بۆ بێگانان داناوە.!

قەیدی نەبوو. بڕیاری خۆیان بوو. بەشداری و وتاری ئەوروپاییەکانیش گرنگی خۆی هەبوو. بەڵام لە پڕ دیتمان کابرایەکی سریلانکایی لە بزووتنەوەی (تامیل) هاتە پشتی میکرۆفۆن و پشتیوانی خۆی لە پارلمان و لە کورد ڕاگەیاند و چەپڵەی زۆری بۆ لێدرا. جارێکی دیکەش بۆم ڕوون بۆوە کە خوێنی بێگانە پەرستی و خۆیی بەکەم دانان لە جەستەی کورد دا بلاّو بۆتەوە و فەرهنگیشی نیە کێ بێت و لە کوێ بێت. ئەگینا فەرمایشتی کابرای تامیلی ئەوسەری دنیا بۆ دەبێ باندۆڕی (تەئسیری) لە وتار و پشتیوانی حیزبێك و هێزێك و کەسایەتیەکی کورد،

بۆ کورد کەمتر بێ؟

پاش کۆتایی ئاهەنگی پارلمان چوومە بۆن میوانی کاك جەمالّی زاریع بووم برای خۆشەویست هێدی شاعیریش لەوێ بوو، لەسەر پێکهاتنی پارلمانی کوردستان و سەفەرەکەم وتو وێژێکی چاپەمەنی پێکهێنا و ناردبووی بۆ گۆڤاری گزنگ و لە ژمارە .... بلاّو کراوەتەوە. ١٦ی مانگ چوومە دانیمارك سەردانی مام عەزیز و کاکۆی قادری و شەو خوشکە خەیالّی خێزانی خوالێخۆشبوو کاك نەبی قادری میوانداریەکی کوردانە و خزمانەی لێکردین. ڕۆژی ١٧ی ئەپریل گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆلّم.

گەڕانەوەی کاك عومەری قازی بۆ ئێران:

کاك عومەری قازی پاش ماوەیەکی زۆر زیندان و ئەشکەنجە و ئازاری بەر دەستی حکوومەتی ئاخوندی دەرباز ببوو، گەیشتبووە کوردستانی عێراق. وەك بۆی باس دەکردم مانەوەی لە عێراقیش زۆر لە ژیانی زیندانی کۆماری ئیسلامی خۆشتر نەبوە. هەر چۆنێك بوو کاك عومەر گەیشتبووە سوید. بەو بۆنەوە کە ماوەیەکی زۆر لە مەهاباد پێکەوە لە تەشکیلاتێکی حیزبی دیموکراتدا هاوکار بووین و دۆستایەتیمان لە برایەتیشی تێپەڕاند بوو (بڕوانە لە بیرەوەرییەکانم بەرگی شەشەم کەریمی حسامی) لە سوید زۆر جار یەکترمان دەبینی و ئەگەر ڕۆژێك یەکترمان نەدیبایە تەلەفۆنی دەکرد و دەیگوت: ((لە کوێی؟ کەسم وەگیر ناکەوێ دوو قسەی خۆمانەی لەگەلّ بکەم.))

کاك عومەر پڕۆژەیەکی هەبوو کە ژیانی زیندان و ئازار و ئەشکەنجە و سەربردەی خۆی بنووسێتەوە. بەداخەوە خێزانی کاك عومەر توشی

نەخۆشی شێرپەنجە ببوو. پاش ئەوەی لە سوید نۆژداری کرا، ئیتر هیوا بە ژیانی نەمابوو. دەیویست بچێتەوە لە ولآت مالآوایی لە نیشتمان و کەس و کاری بکات. ئەو مەسەلەیە بۆ کاك عومەر ببوە داخ و دەردێکی بەژان و قورس. دامابوو، لەگەڵ خێزانی بچێتەوە زیندانێکی سەر ئاواڵە و بەرفراوانی وەك ئێرانی ئێستا، یا خێزانی بەتەنیا بنێرێتەوە و خۆی لە سوید بمێنێتەوە.

ڕۆژی ١٩٩٥/٤/٢٢ تەلەفۆنم لێکرد گوتم با بچین لە ڕەستورانێکی چینی نانێکی باش بخۆین. گوتی: جا ئەو سەگبابانە نانیان هەیە؟ قەت لە بیرم ناچێ. لەسەر نانخواردن کاك عومەر گوتی: ((کاك کەریم توشی ئاستەنگێکی دژوار بووم. هیچم بۆ ناکرێ. مینا خانم تازە تەواو بوە، دەزانێ نازی. پێشی داگرتوە بەم حاڵە بچێتەوە مەهاباد. دەزانم ئەگەر ماوەیەك ڕاوەستێ، تەواو دەبێ. بەڵآم بۆ گەڕانەوە بە پەلەیە. ناشتوانم تەنیا بینێرمەوە، هەرچەند لەوێ کەس و کاری هەنە و پێشوازی لێ دەکەن، بەڵآم ئەگەر بەتەنیا بچێتەوە، بۆ من دەبێتە داخ و دەردێك هەرگیز لە بیرم ناچێتەوە و بەرم نادا.))

گوتم: بەڵکوو منداڵەکان ڕازی بکەن کە بۆ گەڕانەوە تاڵوکە نەکات. با لێرە لە کن منداڵەکان بێ.

گوتی فایدەی نیە. بڕیاری داوە بگەڕێتەوە. منیش دڵم بڕوانادا هیچی پێ بڵێم. پێم خۆشە تۆ کە سەری دەدەی، بەجۆرێك حاڵی بکەی کە گەڕانەوە هیچ دەردێکمان دەوا ناکات. بەڵکوو بە قسەی تۆ قەناعەتی بێت. ڕۆژی دوایی لەگەڵ دایکی کەمال چووینە سەردانی کە لە خەستەخانەوە بردبوویانە شوێنێکی حەسانەوە کە پاش برینکاری

هێندێ نەخۆشی لێ دادەنێن. زۆر بە پارێز لەگەڵم باس کرد. دیار بوو بڕیاری گەڕانەوەی دابوو. قسەکانی کاك عومەر و بار و دۆخی ژیانی ئەوان کاری تێکردم و زۆر ناڕەحەت بووم. ئەو کاك عومەرەی ئازا و بە هیممەت و بە شەخسیەت بەدەست چارە نووسێکی تەماوییوە دامابوو هیچی بۆ نەدەکرا.

ڕۆژی ١٩٩٥/٤/٢٧ چووینە فڕۆکەخانەی ستۆکهۆڵم کە کاك عومەر و مینا خانم بەڕێ بکەینەوە. گەلێك لە دۆست و برادەران تەنانەت لە شارەکانی دیکەشەوە هاتبوون بەشداری لەم ڕووداوە داخدارەدا بکەن. تەم و خەفەت بەسەر برادەرانی بەشدار ووڈا باریبوو. هەوڵجار بوو عومەری قازیم دەبینی لە کاتی مالاوایدا ئاوی لە چاوان بگەڕێ. تۆزێك بەوە هاتمەوە سەرخۆ کاتێ دایکی کەمال دیاربیەکی بچوکی دۆستانە و برایانەی لە پاکەتێکدا بۆ میناخانم دا بە کاك عومەر و ئەویش سوپاسی کرد. نازانم برادەرانی دیکە، بەڵام بە ڕاستی ئێمە چەند ڕۆژ ئەو دیمەنە داخدارەمان لە هزر و بەرچاو بزر نەدەبوو. پاش ماوەیەکی کەم خەبەر هات کە مینا خانم دوور لە منداڵەکانی سەری ناوەتەوە و کاك عومەری قازی ئەمجارە بە داخ و کەسەرێکی زیاترەوە بە تەنیا لە مەهاباد ماوەتەوە. لە سوید دۆست و برادەران و منداڵەکانی ١٩٩٥/٦/١١ پرسە و سەرەخۆشیان بۆ دانا و بەم هاوەردییە ڕەنگبێ خەم و خەفەتی کێ و کوڕەکانی تۆزی کەم بووبێتەوە، بەڵام بێگومان بۆ کاك عومەر کارەساتێکی دڵتەزێن بوو و زەحمەت لە بیری بچێتەوە.

لەم سەرەخۆشیەدا پێشنیارم بە کاك ئەمیری قازی کرد کە هەر لە ئێستاوە بۆ یادی ٥٠ ساڵەی دامەزرانی کۆماری کوردستان بیر لە

پێکهێنانی کۆمیتەیەك بۆ سازدانی سێمینار و شیکردنەوە و ئاهەنگێکی شایان بکەنەوە. بەڵام پێشنیارەکەم بە هەوادا ڕۆی.

١٩٩٥/٤/٢٩ لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە کۆبوونەوەیەك لە (کوردستان سەنتەر) پێکهاتبوو، زۆر کەس بەشداریان کردبوو. برادەرێکیان تەلەفۆنی کرد و داوای کرد منیش بەشداری بکەم. برادەرێکی بەرپرسیان بە شێوەی ئاخافتن و بۆچوونی خۆیان لەسەر کۆنگرەی پێنجەمی پارتی کرێکاران (پ.ک.ک) بە درێژی قسەی کرد و گوتی: ساڵی ١٩٩٥ ساڵی وەدەست هێنانی ئیقتدار و ساڵی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردییە. پارلمانی کوردستانیش لە دەرەوەی وڵات خشتی بناغەی ئەم دەوڵەتە و دەسەڵاتەیە. دیارە خەبەرێکی خۆش بوو. برادەر بە شێوەی ئاخافتنی سەرۆك دایگیرساند بوو، دەتگوت بۆ خەڵکێکی نەخوێندەواری دوا کەوتووی گوندەکانی چیا دەپەیڤێ و نۆرەی نەدەدا. کاك حەمەدەمینی سیراجی هێندێ پرسیاری لێدەکردن، بەڵام ئەو لە ئاشێکی تری لێدەکرد و بەڵای وەڵامی ڕاستی پرسیارەکانی کاك حەمەدەمیندا نەدەچوو. من لەبەر نەساغی نەمتوانی تا ئاخر دابنیشم.

پاشان زۆر درەنگ بیرم لێ کردەوە وە کە بە خۆڕایی نیە ئەو برا کوردانەی کوردستان عێراق و ئێران وا بێ هەڵبژاردن و بێ دەنگدانی خەڵك دەبنە ئەندامی پارلمانی کوردستان و کۆنگرەی نەتەوەیی لە دەرەوەی وڵات، هەر وەك مریەمی ڕەجەوی دەبێتە سەر کۆماری ئێران بێ ئەوەی کەس لە ئێران دەنگی بۆ دابێت. چونکە ئێستا کە هیچ لە گۆڕێدا نیە دەبن بە نوێنەری پارلمان، سبەی کە دەوڵەتی کوردی لە ژێر

دەسەلاتی پارتی کرێکارانی کوردستانەوە پێکهات، بێگومان پلەی وەزارەت و وەزیری هەر قسەی لێناکرێ. ! !

هەر ئەو ئێوارەیە، واتە ٤/٢٩ ڕادیۆم کردەوە برادەرێکی ئێرانی لە ڕادیۆ (چەرەند پەرەند) لەسەر بار و دۆخی ئێران قسەی دەکرد. ڕژێمی ئاخوندیی تارانی هێنابوە سەر لوتکە هەڵدێران و قڵبووونەوە. بەڵگەشی ئەوە بوو کە لە ئێران قیمەتەکان لە ڕادەبەدەر چوونە سەر و گرانی حەشر دەکا و خەڵك توانای کڕینی شتو مەکیان نەماوە و حکوومەتیش ناتوانی نرخەکان کۆنترۆل بکات و دەڕووخێ و خوداش ناتوانێ دەربازی بکا. دیار بوو کابرا هێندێ کۆنە کتێبی لە بارەی قەیرانی سەرمایەداری خوێندبوونەوە، کاوێژی دەکردنەوە. بۆم دەرکەوت نەخۆشییەکە تەنیا هەر لایەنێکی نەگرتۆتەوە. ئێمەش لە کوردستانی سەردەمێك هەموو ڕۆژی دووشەمۆیان کە لە سالۆنی بارەگای دەفتەری سیاسی قسەمان بۆ خەڵك دەکرد لە کۆتایی وتارەکەماندا لە کۆتایی وتارەکەماندا حکوومەتی ئێرانمان لاواز نیشان دەدا و دەمان ڕووخاند. تا ڕۆژێکی کاك سمایلی بایزیدی کە فەرماندەی یەکێ لە هێزانەکانی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بوو، هاتبۆوە دەفتەر و هاتە کن من و لەگەڵ قسە و باسی خۆش گوتی: ((ئەرێ کاك کەریم ئێستاش ئێوارەی دووشەمۆیان هەر دەیڕووخێنن؟

-بەڵێ... لە ئاخری وتارەکاندا دەبێ بڕووخێ!

-وەللاهی بە ماڵە شێخی نایبینن.

قسەی کاك سمایلی وەڕاست گەڕا. تا ئێستا نەماندیوە، بەڵام لای

هێندێ حیزب دروشمی ڕووخان هەر وەك بیست ساڵ لەمەوبەرە. وادیارە فەرمایشتی مەلای مەزبووریش ڕاستە کە دەفەرموێ: ((قسەی پیاوان هەر یەکە!)) هەر دەیڕوخێنن بێ ئەوەی بزانن چی دێتە جێ کە بۆ کورد باش بێ.!!

سیمینار لە یۆتۆپۆرگ لە سەر ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران

کاك شەماڵ برادەرێکی کوردستانی عێراق لە یۆتۆبۆرگەوە تەلەفۆنی کرد و بە ناوی کۆمەڵەی کوردی لەو شارە داوای لێکردم کە ڕۆژی ١٩٩٥/٥/٧ سەبارەت بە بار و دۆخی کوردستانی ئێران سیمینارێکمان هەبێ. ڕۆژی ١٩٩٥/٥/٦ بە قەتار بەرەو یۆتۆبۆرگ کەوتمە ڕێ. کاك شەماڵ و یەك دوو برادەر لە ئیزگەی قەتار چاوەڕوان بوون. شەو میوانی کاك شەماڵ بووم و ڕۆژی دوایی لە بارەگای کۆمەڵەی کوردی بە بەشداری پتر لە ١٠٠ کەسێك لە کوردەکانی دانیشتووی ئەو شارە کۆڕەکەمان دەستپێکرا.

لە سەرەتادا داوام لە بەشداربووەکان کرد با شێوەی سیمینار و کۆبوونەوەکان بگۆڕین، بەو مانایە، با تەنیا کەسێك نەیە لە پشتی مێز دابنیشێ و قسان بکا و دوایەش چەند کەس پرسیار بکەن و وەلامیان بدرێتەوە. باشتر وایە کە برادەرانی دیکەش لە باسەکەدا بەشداری بکەن و بیر و ڕای خۆیان دەربڕن، با بۆچوون و بیر و ڕای جیاواز بێنە گۆڕێ و کەلك لە باسەکان وەربگرین. برادەران پێشنیار و ویستیان ئەوەیە کە لە کۆڕی ئیمڕۆماندا بار و دۆخی ڕۆژهەلاتی کوردستان بخەینە بەرباس. مەسەلەیەکی دژوارە، پیاو نازانێ لەسەر بارودۆخی ئیمڕۆی کوردستانی ئێران باسی چی بکات؟ تەواوی دام و دەزگا ڕاگەیێنەرەکانی جیهان لە

ئاست ڕووداوەکانی کوردستانی ئێران و لە ئاست سیاسەتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان قوڕ و قەپیان کردوە و باسی ناکەن.ئەوەش لام وایە تا ڕادەیەکی زۆر بۆ خودی بارودۆخی هێزە سیاسیەکانی گۆڕەپانی خەباتی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەگەڕێتەوە. ئەوەش فەلسەفەی ژیانە. ئەگەر جموجۆڵ و چالاکی و هەڵسوڕانت هەبوو، ئەوە دەنگ و باسیشت بلاو دەبێتەوە و دەنگیشت دەبێ و حیسابیشت بۆ دەکەن.

من لە باسەکەمدا لە پێکهاتنی کۆمەڵەی ژێکافەوە تا کۆماری کوردستان و قۆناغەکانی دوای ڕوخانی کۆمار و تێکچونی ڕژێمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری حکوومەتی مەلایان و سیاسەت و ستراتێژی و دروشمی هێزە سیاسیەکانی کوردم بە درێژی باس کرد و کەم و کوڕییەکانم ڕوون کردەوە و لە سەر یەك باسەکە بۆ بەشداربوان سەرنج ڕاکێش بوو. زۆر لە بەشداربوانی کۆبوونەوە بە دەربڕینی بیر و ڕا و بۆچوون و پرسیاری جۆر بەجۆر بەشداریان کرد و لە کەش و هەوایەکی دۆستانەدا کۆڕەکەمان کۆتایی پێهات. شەو کاك شەماڵ لە مالّی خۆیان میوانداریەکی کوردانەی ساز کرد و تا درنگانێك دانیشتنێکی خۆشمان بردە سەر. ڕۆژی ۱۹۹۵/۵/۸ بۆ ستۆکهۆڵم گەڕامەوە.

۱۹۹۵/۵/۱۰ لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیڕاجی چوومە خەستەخانەی کارۆلینسکا تا باسی چۆنیەتی نۆژداری دڵم بۆ بکەن. دیمەنێکی سەیر بوو. پتر لە ۳۰ کەس لە نۆرە دا وەستابوون بۆ ئەوەی ڕوونیان بکەنەوە کە چۆن سنگیان دەقەڵێشن و دڵیان وەبەر نەشتەر دەدەن. سێستراپەك بە وردیی ڕەوەندی برینکاری دڵت بۆ باس دەکا. جا وەرە بە پێی خۆت

بچوو گوێ ڕابگرە کە چۆن دڵت شەقار شەقار دەکەن.

١٩٩٥/٦/١٢ پاش ماوەیەک کار و هەڵگێڕ و وەرگێڕ و پێداچوونەوە، بەرگی یەکەمی (پێداچوونەوە)م ئامادەی چاپکرد. دایکی کەمال کە سەفەری بوڵغارستانی دەکرد لەگەڵ خۆی بیباتە وێندەرێ و بە یارمەتی برا و دۆستی بەڕێزم دکتۆر محەمەد کەریم شکاکی ڕێگایەکی چاپکردنی بۆ بدۆزێتەوە. ئێوارێ کاک حەمەدەمینی سیڕاجی هات و تەماشای سەر بەرگی کتێبەکەی کرد. یەک دوو هەڵەی زۆر زەقی لێ دیتەوە کە من و دۆستی خۆشەویستم بەڕۆژ ئاکرەیی نووسیبوومان و سەرنجمان نەدابوویە. بەڕاستی سەرنجی کاک حەمەدەمین نەبایە بە هەڵەیەکی زەق و ناحەز تێدەپەڕی. بوڵغاریش تێی نەدەگەیشتن.

ئیمڕۆ ١٩٩٥/٦/١٤ محەمەدی خوارزام لە ئامەستەردامەوە تەلەفۆنی کرد کە لە تایلەندەوە گەیوەتە هۆڵەند. محەمەد ماوەی دوو ساڵ بوو بە ژن و منداڵەوە لە کوردستانی عێراق و لە تورکیا سەرگەردان مابۆوە و بۆ ئەورووپا دەردەچوو. ئاخرەکەی ڕێگای تایلەند و هولەندی دۆزیبوەوە و دەرباز ببوو. تەلەفۆنم بۆ خوالێخۆشبوو نەبی قادری کرد کە بە نامەیەک بە ئەندامی حیزبی بناسێنێ بۆ ئەوەی وەری بگرن. دەبێ سوپاسی هەڵوێستی دۆستانە و ئینسانانەی کاک نەبی بکەم کە بە فاکس محەمەدی بە پۆلیسی هۆڵەند ناساندبوو، پاش ماوەیەک وەریان گرت و ئەویش لە ئاوارەکانی کورد لە هەندەران زیاد بوو کە ئێستا پەشیمانە.

١٩٩٥/٦/٢٤ دەنگبێژ و هونەرمەندی ناسراوی کورد ناسری ڕەزازی بە بۆنەی ٤٠ ساڵەی ڕۆژی لە دایکبوونی داوەت و ئاهەنگێکی لە ڕادەبەدەر شاز و خۆشی ساز کردبوو. کۆمەڵێکی زۆری لە دۆست و برادەرانی کورد

داوەت کردبوو. تا بەیانی شەوەکەمان بە قسەی خۆش و گۆرانی و بە شادی بردە سەر. من دانەیەك کتێبی ((دایکی ماکسیم گۆرکی)) وەرگێڕاوەی خۆم بەم بۆنەوە پێشکێش کرد. پێم وابوو بۆ ناسر دیارییەکی بە نرخ بێت. چونکە ناسری پەزازی هەر هونەرمەند و دەنگبێژی سەر کەوتوو و ناسراوی کورد نیە. ناسر لەگەڵ نووسین و شیعریش سەر و کاری هەیە و کاری بە وەجی کردوون. لە پشتی کتێبەکە ئەم ڕستەیەم بۆ نووسیبووە کە ئامانج و دروشمی ژیانم بوە: ((هیوادارم وەك هونەرمەندێکی کورد هەرگیز هەژار و زەحمەتکێشانی کورد فەرامۆش نەکات.))

سیمینارێك لەسەر کۆماری کوردستان.

برادەرێك بەناوی سادق سالح بەرپرسی لقی med tv لە یۆتۆبۆرگ داوای لێ کردم کە ڕۆژی ١٩٩٥/٧/٨ لە شاری ئۆرێبرۆ لە سیمینارێکدا لەسەر کۆماری کوردستان لە مەهاباد بەشداری بکەم.

ڕۆژی ١٩٩٥/٧/٦ چوومە ئۆرێبرۆ و میوانی کاك سەعید کوێستانی بووم. شەو تەماشای تەلەڤیزیۆنی med tvمان دەکرد کە چەند کەسیان بانگ کردبوو سەبارەت بە (یەکێتی نەتەوەیی) باس بکەن. وەك زۆربەی باس و دیالۆك و موناقەشەی کوردیی ئەسڵی باسەکە لە خەتی خۆی لایدابوو، زیاتر ببوە دمبەدمەی نێوان نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و مابەینی نوێنەرانی (پە.کا.کا) و کۆمکار و کوك، حیزبەکانی کوردستانی تورکیا. مەلا شێخ عیزەدینیشیان بانگ کردبوو باسی مەم و زینی خانی دەکرد ئەویش بە

کەم و کورتی. نوێنەرانی پارتی و یەکێتی لە جیاتی باسی مەسەلەی (یەکێتی نەتەوەیی) بە بەکارهێنانی وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆیان کاتیان دەبردە سەر.

بەشار کەیا سەرۆکی پارلمانی کوردستان لە دەرەوەی ولاّت و ماشەلاّ نوێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان لایان وابوو کە لە تورکیا (یەکێتی نەتەوەیی) پێکهاتوە. کەسی دیکەش لە تورکیا نیە یەکێتی لەگەلّ پێك بێنن. نوێنەرانی کۆمکار و کوك. دوو رێکخراوەی کوردستانی تورکیا رەخنەیان لە هەلّوێستی پە.کا.کا ئەوە بوو کە لە گەلّ حیزبەکانی تری کوردی کوردستانی تورکیا وتووێژ ناکەن و یەکێتی پێك ناهێنن. بەشارکەیا و ماشەلاّ لە هەلّوێستی هێزەوە قسەیان دەکرد و دەیانگوت: هەر کەس دەخوازێ بلاّ بێتە ژێر دەسەلاّتی ئێمەوە.

خوالێخۆشبوو کاك نەبی قادری کە نۆرەی هات گوتی: ئێوە لێرە رێگا نادەن کە خەلّکی تر بە تەواوی ئاخافتنی خۆی پێشکێش بکا، کەوابوو چۆن داوای دیموکراسی و یەکێتی نەتەوەیی دەکەن. کاك ئەمیری قازیش کە بەشداری کۆبوونەوەکە بوو، قەلّەمێکی رەشی بەسەر خەبات و بزووتنەوەی ٥٠ سالّەی کوردستانی ئێران داهێنا و گوتی: ((ئیمرۆ رێبەر و سەرکردە و شۆڕش، هەمووی لە پارتی کرێکارانی کوردستاندا ساخ بۆتەوە و دەبێ هەموو لەژێر ئالاّی ئەودا بۆ سەربەخۆیی خەبات بکەین. کاك ئەمیری قازی لە قسەکانی خۆیدا حیزبە کوردییەکانی بە حیزبی کوردی و کوردستانی دابەشکرد و پارتی کرێکارانی کوردستانیشی بە تاقە رێبەر و هیوا و هومێدی کورد دەستنیشان کرد...

ڕۆژی ١٩٩٥/٧/٧ سیمینارەکە بە بەشداری کۆمەڵێك خەڵکی ئۆرێبرۆ دەست پێکرا، جگە لە مامۆستا مەحمودی مەلا عیزەت کە نووسراوەی بەنرخی زۆری هەن لە سەر کۆماری کوردستان، مامۆستا مەلا ڕەحیمی عەبباسی و کاك مەلا حەسەنی نوزهەت زادەش بانگ کرابوون. مەلا ڕەحیم گوتی لەسەر کۆماری کوردستان هیچ نازانم، من باسێکی دیکە دەکەم. بەڕێوەبەری تەلەڤیزیۆن گوتی: ئەم سێمینارە بۆ باس لەسەر کۆماری کوردستان گیراوە. کەوایە بۆ جەنابت پرسێکمان نیە. بەڵام مامۆستا وازی نەهێنا و لە جیاتی باسی بزووتنەوەی کورد چەند سڵاوەتێکی بۆ خۆشەویستی خودا (د.ر) محەمەدی عەرەبی نارد و بێدەنگ بوو.

کاك مەلا حەسەنی نوزهەتزادەش چەند شیعرێکی ئەحمەدی خانی خوێندەوە. منیش لەگەڵ مەحمودی مەلا عیززەت بە کورتی لەسەر کۆماری کوردستان و گرنگی ئەو لە مێژووی خەباتی نەتەوەی کورد دا قسەمان کرد. بەڵام بەڕاستی کات نەبوو کە بە تێر و تەسەڵی باسەکە شی بکرێتەوە. شەو لە مالّی کاك حوسێنی ئازەری میوان بووین، دکتۆر محەمەدی ڕەحیمی–یش تەشریفی هات و شەوێکی خۆشی دۆستانە و پڕ لە قسە و باسمان بردە سەر.

سیمینارێك لەسەر شەڕی کورد کوژی

ڕۆژی ۱۹۹۵/۷/۲۱ لەسەر داوای تەلەڤیزیۆنی med tv بۆ بەشداری لە کۆڕێك لەسەر بار و دۆخی کوردستان چوومە برۆکسێل. برادەرێك لە فڕۆکەخانە چاوەڕوان بوو. یەکترمان دیتەوە و چووینە دەفتەر. جا وەرە سیغارت بۆ بکێشن و گوێت لە تورکی بێت. من لەبەر نەخۆشی دڵم لە سیغار بێزارم و ناڕەحەت دەبم. ناچار لەگەڵ برادەرێك کە دەچوە لاهە، سواربووم و چووم لە کەمپی پەنابەران محەمەدی خوارزام دیتەوە و تاوێك لە لایان دانیشتم و شەو درەنگانێك گەڕاینەوە بۆ برۆکسێل.

ڕۆژی ۱۹۹۵/۷/۲۲ بە بەشداری دکتۆر کەمال میراودەلی، دکتۆر جەبار قادر، برادەرێکی کوردی سوریا بەناوی محەمەد دەوران، نوێنەری ئەرەنەکا، سەعدی پیرە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی، دکتۆر کەمال کەرکوکی نوێنەری پارتی لەسەر شەڕی نێوان پارتی و یەکێتی باسەکە دەست پێکرا. لەو دیماتەدا ڕێزدار کاك عەزیز محەمەد، هادی مەحمود، وریا سەعید بە تەلەفۆن بەشداریان کرد. من لە ئاخافتنی خۆمدا گوتم: برادەران دەڵێن شەڕی براکوژی. من ئەوە بە شەڕی کورد کوژی دەزانم با لەمەودوا بە شەڕی کورد کوژی ناو بەرین. چونکە برا یەکتر ناکوژن مەگەر دوژمنی کورد بە گژ یەکیان دابکەن. ئەوە شەڕێکە دوژمنانی کورد بۆ لە بەینبردنی کورد بە دەستی کورد سازیان کردوە. لە هەمووی خۆشتر دمبەدمەی نوێنەرانی پارتی و یەکێتی بوو کە هیچیان پێیان لە ڕاستی نەدەنا و یەکترییان تاوانبار دەکرد. پێشنیار کرا کە هەیئەتێك پێك بێت و بۆ ناوبژیکەری بچێتە کوردستان. من گوتم: نە باسەکەی

ئێمە لێرە و نەچوونی هەیئەت بۆ کوردستان فایدەیان هەیە، باشتر ئەوەیە هەیئەتێك ساز بکرێ و بچێتە تاران، داوا لە حکوومەتی ئێران بکات، بانگیان بکاتە تاران و بە .... ئاشتیان بکاتەوە. ئەم کۆبوونەوانە هیچ فایدەیان نەبوو. دوژمنانی کورد وەها دەستیان خستبوە نێو کێشەکە و ئاگریان خۆش کردبوو، مەگەر خۆیان کوژاندبایانەوە ئەگینا بە تێکۆشەرانی کورد خامۆش نەدەکرا.

ڕۆژەکانی نەخۆشخانە:

وەك پێشتر بۆیان دیاری کردبووم دەبوایە دڵم بکەوێتە بەر نڕدەریی دکتۆران و ڕوونیش نەبوو ئەنجامی چی دەبێت. ڕۆژی ١٩٩٥/٨/٢ چوومە نەخۆشخانەی کارۆلیبسکا. برادەرێکی وەرگێڕی کوردیشیان بانگ کردبوو کە قسەکانی دکتۆرم بۆ بکا بە کوردی. یەك لە هەڵەکانی گەورەم ئەوەیە کەوا چەند ساڵە لە سوید دەژیم، نەچوومە مەدرەسە و زیاتر لەبەر کاری ڕۆژنامەی (سەردەمی نوێ) و نووسینی بیرەوەرییەکانم و شتیتر خۆم پێوە خەریك نەکرد و فێری ئەو زمانە نەبووم. هەر چۆنێك بێ تازە گوزەراوە تووشی هەڵەیەکی گەورە بووم.

دکتۆر هات و دەستی پێکرد و گوتی: ((تۆ دەبێ دڵت عەمەل بکرێ. نوژداری دکتۆر پێنج سەعات دەخایەنێ. لە پێشدا بێهۆش دەکەن. پاشان پێنج ڕەکی دڵت دەبڕن و دەمارێك لە قاچی چەپت دێننە دەر و لە دڵت پێوەندی دەکەن. ئەو ڕەگەی لاقی چەپت جگە لەوە هیچ ئەرکێکی دیکەی نیە. ئەوەش یەك لە کارەکانی خودای مەزنە. ئێستا لێرە دەبی تا بەیانی و سێستڕا ئامادەت دەکەن. لە دوای سەعات

١٢ەوە، نابێ هیچ بخۆی و بخۆیەوە.

ڕۆژی دوایی ١٩٩٥/٨/٣ کاتژمێری هەشتی بەیانی لەسەر تەختێك دڕێژیان کردم و کچۆڵەی شلك و ناسك دەوریان دەدام و ئازاری بەدەنم هەر نەختەی بە دەست یەکێکیانەوە بوو. کاتێ کە چاوم هەڵێنا، گوێم لێ بوو یەکێك دەیگوت: سەعات حەوتی بەیانیە. بەم حیسابە نێزیکەی ٢١ کاتژمێر بێهۆش و یا لەبەر دەستی دکتۆر و لە ژێر چاوەدێری دابووم. گوێا وەهۆش هاتبوومەوە، بەڵام وەهۆش هاتنەوەیەکی وا نەبوو. زمانم نەدەگەڕا. زار و لێوم وشك ببوون. جار و بار چەند دڵۆپە ئاویان بە زاریدا دەکردم. نازانم کەنگێ هێنایانمەوە ژووری ئاسایی نەخۆشخانە. ئەوەندە دەزانم کیژگەلی مریەم ئاسا، دەوریان دەدام و بە دەقیقە لێم خافڵ نەبوون.

هەڵوێست و ڕەفتار و ئەخلاق و میهرەبانی و پێڕاگەیشتن و دڵسۆزی ئینسانانەی ئەو جوانچاکانە ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر وڕە و گیانی نەخۆش. مەگەر هەر مامۆستا دڵزاری شاعیر بە قەڵەمی سیحراوی باسی جوانی و ڕەفتار و ئەخلاقی (لوسا و سوزانە و ماریا و نانینکا و ئۆڤا و ...) بکا و خوێنەری پێ بێنێتە زەوق و هەقی خۆیان بداتێ. جا ئەگەر مرۆڤ بێت و ژیانی سەردەمی هەرزەکاری خۆی بنوسێتەوە، کابرایەکیش کە بە دزینی چیرۆکی فارسیی منالآن، دم لە نووسین وەربدا، خۆی هیلاك و شەکەت دەکا تا لە نێزیکەی ٣ هەزار لاپەڕەی بیرەوەری ئەم چەند دێڕە بدۆزێتەوە و بنووسێ: دەستی کچۆلانی گوشیوە.!

لەوانە خۆشتر لە خەستەخانە عەجەمێکی شاسەیوان (شەیاغی)* نەخوێندەواری تۆزی لە کوردی حاڵیبووی خەڵکی (قزقەلآ و دەلکداش)

لە پەنا تەختەکەت شین بێتەوە و پشووت پێ نەدا.

جارێ تا بادەدەمەوە سەر (یەدولای شەیاغی) با لە کانگای دڵمەوە سوپاسی هەستی برایەتی و دۆستایەتی ئەو دۆست و برادەر و هاوڕێ و هاوواڵتیانە بکەم کە ماوەی ١٣ ڕۆژ مانەوەم لە نەخۆشخانەدا، بۆ یەک ڕۆژیش چ بە هاتن و چ بە تەلەفۆنی ڕۆژانە لە ستۆکهۆڵم و لە شارەکانی سوید و ووڵاتانی ترەوە نەیانهێشتوە هەست بە تەنیایی و بێ خەبەری لە دەنگوباس و قسەی خۆش و باس و خواسی هەمە چەشنە بکەم و لێم خافڵ نەبوو.

*- شەیاغی لە مەڵبەندی موکریان و ناوچەی شامات بەو شاسەیوانە عەجەمانە دەگوترێ کە نیشتەجێ نین. مەڕ و ماڵاتیان هەیە و هاوینان دەچنە کوێستانەکانی سەهەند و ماینبلاغ و زستانان دێنەوە شاماتی نێزیک میانداو و لە زنج (خانووی قامیش) دا دەژین. حوشتریان هەن و کرێباری دەکەن. بەشی هەرە زۆریشیان دزی دەکەن و بەدزی بەڕێدەچن.

بە تایبەت کاک حەمەدەمینی سیڕاجی کە یەک ڕۆژیش نەبوو نەیەتە لام. یەک جاریش نەبوو کە بەدەستی بەتاڵ بێتە لام و وەک هێندێ کەس بە وشەی (ببورە گوڵ وەگیر نەکەوت)، شان لە ژێر داب و ڕەسمی سەردانی نەخۆش و یا دۆست و برادەران خاڵی بکات. خۆ دەسکە گوڵ و یا پوشکەیەک لە خەستەخانە چ بریتی نەخۆش دەوا ناکات. بەاڵم دابێکی جوان و ڕەچاو کردنی داب و نەریتی کۆمەاڵیەتیە. ئەوانەی گوێ نادەنە داب و نەریتی باو، بڕوا مەکە گوێ بدەنە هیچ شتێکی تریش.

کاك حەمەدەمین نەك هەر قەت بە دەستی بەتاڵەوە نەدەهات، بەڵکوو هەمیشە دنیایەك دەنگ و باسی ئاژانسەکان و قسەی خۆشی بۆ دەگێڕامەوە. لەوانەش خۆشتر یەك جاریش نەبوو کە خەستەخانە و ئاسایشگای چەپرەکی چێکۆسلۆفاکیای داگیرکراوی وێرانکراوی شەڕی دووهەمی جیهانی لەگەڵ خەستەخانەی ڕێك و پێك و جوان و خاوێنی سوێدی ٢٢٠ ساڵ شەڕ نەدیتووی پێشکەوتویی سەرمایەداری پێك نەگرێ و بەراوردیان نەکات.

هەر چۆنێك بێ سەردانی بەردەوامی کاك حەمەدەمین وایکردبوو کە هەست نەکەم لە خەستەخانەم و بە تەنیام. چونکە بەڕاستی کاك حەمەدەمین ئەو سێزدە ڕۆژە نەك هەر نەیهێشت بە تەنیابم، نەیهێشت لە ڕووداوەکانی جیهان و کوردستانیش بێ خەبەر بم، ناخۆش ئەوەیە ئەو هەموو دڵسۆزی و محەببەت و مرۆڤایەتییەی دۆست و برادەران، تەنیا بە وشەیەکی سواوی (سوپاس) قەرەبۆ دەکرێتەوە و جێی هیچیش ناگرێت و دیسان لە سوپاسیش بەدەر هیچی دیکەم لەدەست نایە. و هیوادارم ئەم دۆستایەتیە لە نێوان هاونیشتمانان و دۆستانی ولاتەکەماندا هەر وا بەردەوام بێت.

با خوێنەری بەڕێز تەنیا بە شتی جددییەوە هیلاك نەکەم. قسەی خۆشیش لە نووسیندا چێژی خۆی هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە هەمیشە خەریکی خوێندنەوەی فەلسەفە و کاری تیۆریکی نین. کاك ڕەحیمی محەمەد زادە لە ئۆرێبرۆوە تەلەفۆنی دەکرد و دەیپرسی. پاش ١٣ ڕۆژ بۆ دەورەیەك حەسانەوە و هاتنەوە سەرخۆ، بردیانمە خەستەخانەیەکی دیکە، بەڕاستی چەپرەك و ناخۆش بوو، بە قەولی کاك حەمەدەمینی هەر

دەتگوت خەستەخانەی چیکوسلۆڤاکیایە. نەوێستام تا ماوەکە تەواو دەبێ لەوێ بم، بەجێم هێشت و هاتمەوە مالێ. ڕۆژێك كە هێشتا هەر لەوێ بووم، كاك ڕەحیم دیسان تەلەفۆنی كرد و گوتی: ئەوە دوو ڕۆژە تەلەفۆن دەكەین نات دۆزینەوە، بۆ كوێیان بردووی؟ گوتم كاك ڕەحیم شوێنێكی زۆر ناخۆشە. هەر دەڵێی نەخۆشخانەی بەغدایە. لای خۆی بۆ حەسانەوە هێناویانمە ئێرە.

كاك ڕەحیم گوتی: قەیناكا. پیاوی چاك بە، بزانە لە كن خۆت دوو تەختانیش بۆ من و بۆ كاك ڕەحیمی ئەمیری پەیدا ناكەی، بەڵكوو ١٥ ڕۆژان بێینە وێ و پشوێكمان بێتەوە بەر و بحەسێینەوە.!!

با. بادەینەوە سەر عەجەمی شاسەیوان (شەیاغی). كابرا دوو سێ كچ و كوڕی لە سوید بوون. خۆشی لە تاران دەژیا و هاتبوە سوید و پەنابەریی وەرگرتبوو،

لە پەنا تەختی من دڕێژیان كردبوو، شوكر حاڵیشی باش نەبوو. هەموو ڕۆژێ برادەر دەهاتنە لام و بە كوردی دەپەیڤین، تومەس كابرای عەجەم لە كوردی حاڵی دەبوو، ڕۆژێك هاتە تەنیشت تەختەكەم و بانگی كرد:

–حاجیاغا! من خەڵكی قزقەڵا و دەلكداش و سمایلەكەتم. من كوردیم دەزانی، لە بیرم نەماوە.

–تۆ خەڵكی تارانی. گۆیا بۆ سەردانی منداڵەكانت هاتوویە ئێرە. وەك هەموو عەجەمان ئیقامەشت وەرگرتوە. هاتوچۆی تارانیش دەكەی. لە تەڕی دەخۆی و لە وشكی دەنووی. چۆن خەڵكی قزقەڵا و دەلكداشی؟

–ڕاستە! حاجیاغا من بەدبەختم. لە تاران خانووم هەیە. ٢٦ میلیونیان پێداوم نایدەم. خومەینی هەموو کەسی کوشت. کورد و عەجەم و کۆمەڵە و موجاهید و تودەی کوشت. تۆ ئاگات لێ نیە. هەمەراصف میکردند و میکشتند. برایەکی من لە کوردستان کوژراوە.

–نەکا براکەت پاسدار یا ژاندارم بووبێ؟ دەنا بۆ لە کوردستان دەکوژرێ.

–نا. ئەوە کۆنە. تۆ حەمەدەمین حاتەمی دەناسی؟ ئەو دوو ساڵ لەگەڵ من زیندانی بوو.

–نەکا لەسەر قاچاغی و هیرۆئین گیرابی.

–حاجیاغا ئادەم تا دەژی دەبێ کاسبی بکا. حەمەدەمین پیاوی باش بوو.

کابرا پشووی پێ نەدەدام. کەمالی کوڕم هاتبووە لام و کابراش درێژەی پێدەدا. کەمال گوتی: بابە چەغەی کەیە با لە کۆڵت بێتەوە. بۆ خۆت ئیسراحەت بکە. پێم گوت ببورە. من گوێ دەدەمە دەنگ و باس. بێدەنگ بوو، دە دەقیقەی پێ نەچوو بانگی کرد:

حاجیاغا تۆ خاڵەمین دەناسی؟ شێخ مەحمودی قزقەڵا برای خاڵە مین دەناسی؟ پێدا دەهاتە خوارێ و ناوی ئەو برادەرە حیزبیانەی دێنا کە کاتی خۆی لەگەڵ من لە پێوەندی دابوون لە پڕ گوتی: تۆ سوڵتان قۆیتاس دەناسی؟

ناچار لە ژێر لێوانەوە سەگبابێکم دەقەبەڵ کرد. من لە کتێبی (کاروانی شەهیدان)دا بە درێژی باسی سوڵتان قۆیتاسی تێکۆشەر و کۆڵنەدەرم

کـردوە. یـەك لـەو تێکۆشـەرانە بـوو، تـا مـردن لـە پێنـاو ئـازادی زەحمەتکێشاندا خەباتی کرد. یەك لە دۆستانی خۆشەویستی مـن بـوو. ئێستا سەگباب لێم دەپرسێ: دەیناسی؟

بێدەنگ دەبوو... من کتێبم دەخوێندەوە. لە پڕ دەستی پێدەکردەوە. منیش سەگبابێکم لێ قایم دەکرد وەها جێی خۆی دەگرت، مەگـەر مـەلا عـەولای حەسـەنزادە لـە ((گێلـە پیـاو)) دا (سـەگبابی) ئـاوای چەسپاندبێت.

لە باسی شامات و شاروێرانەوە لـە پـڕ دەچـوە سـەر باسـی سـەهەند و ماینبلاغ نەشارەزایان بووم و نە یەکیان دەگرتەوە.

-حاجیاغا! تۆ عەبدولکەریم-ت دەناسی؟

-عەبدولکەریم کێیە؟

-لە مەهاباد دوکانی هەبوو...

باشە. ئەگەر سەگبابێکم لێ قایم نەکردبایە. دەبوو چی لێبکـەم؟ هـەزار عەبدولشەیتان لە مەهاباد هەبوە، من چوزانم عەبدولکەریم کێیە!

فارسیەکەی لە فارسی من قۆرتر بوو. گوتم تۆ بۆچـی بـە تـورکی خـۆت ناپەیڤی؟

-لە بیرم چۆتەوە، منداڵەکانم هەر بە فارسی دەپەیڤن. لە تاران گەورە بوون. تاران.... ئاخ...ئاخ بۆ ئەو ڕۆژە بەیانی زوو حوشترێکم لە شوتی باردەکرد و لە قزقەڵا هەیدێم لێدەکرد بۆ مەهاباد. دەزانی.... مەیـدانی ئاردی هەبوو. قاوەخانەی ڕەشە هەبوو. دەتناسی؟ شووتیم دەفرۆشت.

هەموو شتێکم دەکڕی، ڕۆژئاوا دەچوومەوە قزقەلاّ. ئەو شێخ مەحمود بەڕاستی شێخ بوو. خاڵەمین لە بەر ئەو ڕۆی چوە مەهاباد، چوە نەبغەدە. دەزانی؟

-سەگبابێکم دە قەبەڵ دەکرد. ئەوانەم هەموو دەزانین، چیم لێکردبایە؟

ڕۆژێکیان هات لەسەر سەرم وێستا و بێ ئەوەی چاك و چۆنی بکات، گوتی:

-حاجیاغا! تۆ حاجی تاغی دەناسی؟ حاجی تاغی ... ها....

-دەمناسی.... پیاوێکی زۆر باش بووە.... دەڵێن هەر کەسێك بۆ پێداویستیەك چووبێتە مالّی حاجی تاغی، قەت بە ناهومێدی نەگەڕاوەتەوە.

-نا. ناینناسی... ئەو حاجی تاغی لە دنیا هەر یەك بوە ڕاوەستە بۆت باسکەم.

سەگبابێکم حەوالّە کرد و لەبەر خۆمەوە گوتم لە چارە ڕەشی کورد بە دوور نیە. کورد قەت مێژووی خۆی نەنووسیوە، و نایزانێ. هەر بێگانە بۆی نووسیوە. دوور نیە منێکی کە خەڵکی ناوچەم و جگە لەوەی حاجی تاغی لە کوردستان بەناوبانگە، هیچ نەبێ ئەو شیعرەی سەیفی قازیم لەبەرە کە دەڵێ:

((تاغی لە کوێیە ئەو چادری جوانی: تیپ تیپ بێ میوان سەر سفرە و خوانی)).

دوو جارانیش میوانی مالّی حاجی تاغی بووم. ئێستا عەجەمی شەیاغی دەڵێ نایناسی. گوتم بێژە، بۆم باسکە،

-ئەو حاجی تاغی ١٢٠ سەگی هەبوو. مەڕ و ئاژەڵی بە چەند مێگەل دابەش کردبوو. تەپە ڕەش دەزانی؟ لە خوار تەپە ڕەش... لە بیرم چوو... تۆ بڵێ ناوی چیە؟

-پایین.... ئەو شوێنەی کە دەچوون گەزیان لێ دەبڕی بۆ سوتاندن.

-ها.... ڕاست دەکەی... وەللاّ تۆ شارەزای .... مێگەلی حاجی تاغی لەوێ دەلەوەڕان. ٢٥ حوشتری حاجی تاغی تەواوی سالّ لە ڕێگا دا بوون. ١٢٠ حوشتر گەنمیان بۆ ئاش دەبرد و ١٣ حوشتر ئاردیان دەهێناوە. شوانێکی عەجەمی هەبوو، مالّی لە قزقەلاّ بوو. عەجەم مرد. کۆشێك منداڵی هەبوو. حاجی تاغی لە خورخورە دوو عارەبەی ئارد و دانەوبڵە و ڕۆن و خواردەمەنی بارکرد و خۆی بە سواری وەپێشیان کەوت و بردی بۆ منداڵەکانی شوانەکەی. دەزانی عارەبە چیە؟

-سەگی سەگباب چۆن نازانم عارەبە چیە. لای خۆی سەردەمێك جوتبەندە بووم و کەلّ و عارەبەم هەبوو.

-منداڵەکانی ئەو شوانە هەتا گەورە بوون هەر حاجی تاغی بەخێوی کردن. ئێستا گەورە بوون، لە عەجەبشێر دەژین، هەر بە (بچەهای حاجی تاغی) دەناسرێن.

بێدەنگ دەبوو، دەچوو ڕادەکشا. حەجمینی نەبوو. دەهاتەوە لە پێش تەختەکەی من ڕادەوەستا.

-حاجیاغا عەجەمێك لە قزقەلاّ دەژیا ناوی عەلیشا بوو. حنما نەمی

شناختی، بێگومان نەتدەناسی.

—پیاوی ناچار دەکرد سەگبابێکی پێ بڵێی. ئاخر من عەلیشای عەجەمی دز لەکوێ دەناسم، من لەکاتی خۆیدا عەلیشای زەمبیلم بیستبوو، بەڵام ئەو عەجەم نەبوو. ئەو شێخ بوو. وەك عەجەمی شەیاغی دزی نەدەکرد. ئەو لە ڕێگای خەلیفە و کۆڵکە مەلا و نوشتە و خەرافاتەوە ڕەش و ڕووتی هەژاری کوردی دەڕووتاندەوە. بە ئاشکرا دزی و ڕێگری پێ نەدەکرا.

حاجی تاغی بانگی عەلیشای کرد و گوتی واز لە دزی بێنە، چیت گەرەکە دەتدەمێ. دزی مەکە.

—ناتوانم حاجی. دزی نەکەم خەوم لێ ناکەوێ.

—تۆ دزی لە فەقیران دەکەی. ئەگەر توانیت دزی لە شوانەکانی من بکەی، هەر چەند مەڕی بیدزی بۆ خۆت.

حاجیاغا! شوانەکانی حاجی تاغی هەموو تفەنگیان پێ بوو. عەلیشا دەچێ ساردی پایز لە پایینی تەپە ڕەشی خۆ لە مێگەلێکی حاجی تاغی مات دەکا. هێندێ گۆشت لەگەڵ خۆی دەبا و دەیهاوێتە پێش سەگەکان. شوان لە پەنا ئاگر خەویان لێ دەکەوێ. زارکی ئاغەڵ دەکاتەوە و مێگەل دێتە دەر وەدوای خۆی دەدا بۆ خورخورە کن حاجی تاغی. دەڵێ ئەوەتا ئەو مێگەلەم دزیوە. حاجی تاغی مێگەلەکە دەدا بە عەلیشا و دەست لە دزی هەڵدەگرێ.

١٣ ڕۆژان لە پەنا من بوو. جگە لە منداڵەکانی خۆی سەگبابێك دەرگای لێ نەدەکردەوە. برادەرانی ئێمەش هەموو ڕۆژە ئێوارە و سبەی لای من

بوون. عەجەم سەری سوڕمابوو. هاتە سەر سەرم.

– حاجیاغا! کورد هەموو پیاوی باشن. عەجەم هەموو سەگ و سەگبابن. من بابم مواللاّ (مەلا) بوو. دەیگوت: عەرەب بە شەق ئیسلامیان لە ئێمە چەپاند. پاشان گوتیان ئێمە ئیممان هەیە. بەوە فریویان داین. باوکم مەلایەکی باش بوو، دەیزانی درۆیە، مەلا هەموو درۆ دەکەن وەك خومەینی کە دەیگوت هەموو ئێرانیەك پوڵی نەوت وەردەگرێ. خەڵکی ئێرانی کەر کرد تا بەدەستی خۆیان شایان لابرد. ئیمامیان هێنا، ئەویش ئەو هەموو خەڵکەی کوشت.

پاش ۱۳ ڕۆژ لە دەست عەجەمی شەیاغی و لە خەستەخانە دەرباز بووم، بیرەوەری خۆش و شیرینم لەگەڵ خۆ هێنانەوە مانّ و تا مردنیش لە دایکی کەمال و کەمالّ و شلێر و کاك حەمەدەمین و هەموو برادەرانی کە لە خەستەخانە لێم خافلّ نەبوون و سەریان داوم و لە دوکتۆر و سێستڕا جوان و میهرەبانەکان سوپاس دەکەم.

سەفەر بۆ بوڵغارستان

ڕۆژی ۱۹۹۵/۹/۲۰ چوومە سۆفیا بۆ ئەوەی ئەو کتێبەی بۆ چاپکردن ناردبووم بزانم چی بەسەر هاتوە. من لە سۆفیا بووم، کۆمکار بۆ بەشداری لە یادی ۳۰۰ ساڵەی حەزرەتی خانی نەمردا، داوەتنامەیەکی بۆ ناردبووم کە ۲۱ و ۲۲ی ئۆکتۆبەر لە ئەڵمان بەڕێوە دەچوو، بە داخەوە لەبەر ئەوەی بۆ سەردانی جەعفەری خوارزام دەچوومە تورکیا، شانازی بەشداری ئەو یادە پیرۆزەم بە نسیب نەبوو.

ڕۆژی ۱۸ی ئۆکتۆبر لە سۆفیاوە بەرەو تورکیا سواری ئوتوبوس بووم و

لە تێرمینالّی ئەستەمبولّ لە ئوتوبوسی قەیسەریەم دەپرسی، لاوێکی ڕێشداری قوت گوتی: تە کرمانجی؟

ئەرێ کرمانجم.

–ئەزیش کرمانجم.

دەستی کرد بە پرسیاران. کاتێ گوتم لە سویدەوە هاتووم و دەچمە قەیسەریە، پرسیارەکانی کردە سیاسی. لە چالاکی کوردەکانی سویدی دەپرسی. پاشان پرسیاری ئاپۆی دەکرد. هێندێ جنێوی بە چیلیری سەرۆك وەزیری تورکیا دا و لەگەڵم هات پاسی قەیسەریەی نیشان دام و بلیتی بۆ کڕیم و گوتی

–ئەز لە ور دەبم. کاتی گەڕایەوە دەبێ میوانی من بی.

لەگەڵ سوپاس مالاّواییم لێکرد و شەو درەنگ گەیشتمە قەیسەریە. جەعفەری خوارزام ماوەیەکی زۆر بوو لە تورکیا مابۆوە و هەر چەند دەفتەری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان وەری گرتبوو، بەلاّم دیار نەبوو بۆ کوێی دەنێرن. لەگەڵ کاك ئەحمەدی نەخشی و کاك محەمەدی مەحزونی بانەیی لە تەرمینالّی قەیسەریە چاوەڕوانم بوون.

چووینە مالّی جەعفەر و تا درەنگی دوای نیوەشەو دانیشتین و لەو دانیشتنە خۆشانە بوو. کاك محەمەدی مەحزونی و کاك ئەحمەدی نەخشی لە توێی باسەکاندا هەر یەکەی شتێکیان گێڕایەوە کە هەر لەوێ لە دەفتەری یادداشتەکانمدا تۆمارم کردن.

کاك محەمەدی مەحزونی گوتی: ((ئەکرەم بەگی ئەحمەدی کە ماوەیەك لە عێراق لە زیندانی بەعس دابوە گوتوویە: لە زیندانی ئەبو

غریب لەگەڵ لاوێکی کوردی ئێران لە زووریکدا زیندانی بوە. پۆژێك ناو و نیشانی یەکتریان پرسیوە. گوتوویەتی: من ئەحمەدی تۆفیقم. دوای چەند پۆژ هاتوون بانگیان کردوە. گوتوویە: ئاگادار بە ئەوە دەمبەن ئیعدامم دەکەن.))

کاك ئەحمەدی نەخشی-یش لە قسەکانیدا گوتی: ((دوای شۆڕشی گەلانی ئێران نێزیکەی ٢٠ کەس لە خەڵکی ناوچەی سەردەشت کۆبووینەوە بچین لە توژەڵە سەری مام جەلال بدەین. گەلێکی بەخێر هێناین و قسە زۆر کران و مام جەلال گوتی: واز لە حیزبی دیموکرات بێنن. مەلا مستەفایەکی دیکە لە کوردستان ساز مەکەن. بچنە لای مەلا شێخ عیزەدین و پشتیوانی لێبکەن. دیکتاتۆر دروست مەکەن. ئێمە لەو قسانە واقمان وڕما. گەڕاینەوە و گوێمان نەدایە و بە خڕی ڕەگەڵ حیزبی دیموکرات کەوتین.))

پاش بەسەر بردنی چەند پۆژی خۆش مانەوە لای جەعفەری خوارزام و منداڵەکانی و دەرباز بوون لە بەلایەکی لابەلا گەڕامەوە بۆ بوڵغارستان. بەلایەکەش ئەوە بوو: لە ستۆکهۆڵم لایەنگرانی پارتی کرێکارانی کوردستان بە نیشانەی هاوەردی لەگەڵ گیراوە سیاسیەکانی تورکیا مانیان گرتبوو. منیش چوو بوومە سەردانیان لەوێ ڕەسمی ئاپۆیان هەلاوەسیبوو. من ڕەسمی مانگرتوەکانم گرتبوو، ڕەسمی ئاپۆشیان ڕەگەڵ کەوتبوو. لە قەیسەریە ڕەسمی منالەکانی جەعفەریشم گرت و فلیمەکەمان دا بە ڕەسامێك بیشواتەوە و چاپیان بکا. کابرا ڕەسمەکانی ئامادە کردبوو، داینابوون. کە وەرمان گرتەوە، جەعفەری خوارزام وەریگرت و ڕەسمەکانی لە پاکەت هێنا دەرێ و دەستی منی گرت و

گوتی: خالّە با برۆین. خێرابە. گوتم چیە؟ با سەیریان بکەین بزانین چۆنی چاپ کردوون.

–هەستە با برۆین. چاو لێکردنیان ناوێ. هاتینە دەر، گوتی خالّە ئەوە ڕەسمی ئۆجەلانە. کابرا نەیناسیوە، یا سەیری نەکردوە، لێمان بگەرن، نەجات بوون نیە. ئیتر نەیهێشت سەیریان بکەم غاریدا، دوور سندوقێکی زبلّی دیار بوو، ڕەسمەکانی دڕاند و هاویشتیە زبلّدانەوە و خێرا دوور کەوتینەوە.

لە بولّغاریا بەرگی یەکەمی پێداچوونەوەم چاپکرد و بە پۆستەدا هێندێ کتێبم ناردنەوە سوید خۆشم گەڕامەوە.

١٩٩٥/١١/١٨ لە کۆبوونەوەیەکدا بەشداریم کرد کە هێندێ لە کوردە پولّدارەکانی سوید بە مەبەستی ساز کردنی ئەنستیتۆییێکی کوردی لە سوید سازیان کردبوو. گەلێك کەسیان لە ڕووناکبیرانی کورد بۆ ڕەستورانێك داوەت کردبوو بە میواندارییێکی تەواوەوە. وەك لە بیرم بێ چەند کەسیان هەر یەکەی بەلّێنی ٢٥ هەزار کرۆنیان دابوو کە بناغەی ئەنیستیتوییێکی کوردی کە بە (وەقف)یان ناو دەبرد، پێ دابمەزرێنن. باسێکی زۆر لەسەر پێکهاتنی ئەنیستیتۆ و کتێبخانەی کوردی کرا، بیر و ڕای جۆر بەجۆر لەم بارەوە هاتنە گۆڕێ. بەلاّم بەداخەوە وەك زۆربەی کۆبوونەوە و سێمیناره کوردییەکان لە گۆڕینەوەی قسە و دەربڕینی بیر و ڕا بەدەر، هیچی لێ شین نەبوو. دانیشتنەکە لە ئاخریدا بە قسەی خۆش و گۆرانی گوتن کۆتایی هات. سەعاتی چواری دوای نیوەشەو، پۆلاّی نانوازادە، تەلەفۆنی بۆ سالّحی برای کرد، هات من و کاك حەمەدەمینی سراجی گەیاندەوە مالّێ.

١٩٩٥/١٢/٣١ کاك ئەحمەدی کاکە مەمی نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سوید تەلەفۆنی کرد و گوتی: ((کاك کەریم مامۆستا مەلا عەولاّ لێرەیە و سبەینێ کۆبوونەوەیەکی خۆمانیی پێك دێنین و ئەوانەی بەشداری دەکەن پێیان ڕادەگەیێنین. بەم بۆنەوە داوا دەکەین جەنابیشت بەشداری بکەی.))

گوتم کاك ئەحمەد من ئەندامی حیزب نیم و لە کۆبوونەوەکانی حیزبی دیموکراتدا بەشداری ناکەم. نامیلکەیەکم لە وەلاّمی درۆ و بوختانی بێشەرمانەی مەلا عەولاّدا نووسیوە و بۆ ئێوەشم ناردووە، لە کۆبوونەوەکەدا لە جیاتی بەشداری من ئەوی بخوێنەوە.

دوای نیو سەعات دیسان کاك ئەحمەد تەلەفۆنی کردەوە و گوتی: ((کاك کەریم ببەخشە. من بە هەلّە چوو بووم. دەبوایە تەلەفۆن بۆ کاك کەریمی پورقوباد بکەم، بەلاّم لێم تێکچووبوو.))

پێم شتێکی سەیر نەبوو، دەمزانی ڕاست ناکا. سیستمی لە قالّبدراوی ئەم جۆرە حیزبایەتیە شتی ئاوای بەداوەیە. پاش ئەوەی من جوابی ((نا))م داوەتەوە، ئەمجار پێیان گوتوە، بچۆ بلّێ تۆمان بانگ نەکرد بوو، من بە هەلّە حالّی ببووم. ئەحمەدی کاکە مەمی کەسێك نیە بە هەلّە حالّی ببێ و تێنەگا. من پێشتر خەبەرم هەبوو کە بە ئاسۆیان گوتبوو بە کەریمی پور قوباد بلّێ بچێتە کۆبوونەوە. ئاسۆ خۆی بەمنی گوتبوو کە بە کەریم پورقوبادم ڕاگەیاندووە. جارێکی دیکەش ئەوەم بۆ ڕوون بۆوە کە لە سیستەمی لە قالّبدراوی ئەم جۆرە حیزبانەدا کە ئاوی دیموکراسی و ئازادی فەردیان بەبەردا نەچووە، شەخسیەتی مرۆڤ چۆن تێك دەشکێ و بە خۆڕایی و بە ناچاری تووشی درۆ و تەنانەت سوکە

ئارەقە کردنێکیش دەبێ. من گومانم نەبوو کاك ئەحمەد لە تەلەفۆنی دواییدا ناڕەحەت بوو، بەڵام ئەندامی (حیزب) بوو، (حیزب) ئەمری پێکرد بوو، دەبوایە ئەنجامی بدات. دەبوایە بە شەرمەوە درۆ بکات. ئەدی (سانترالیزمی دیموکراسی) مانای چیە؟!! ئەو ڕۆژە چەند میوانم هەبوون، ئەوانیش لەو تەلەفۆن و کارە حیزبیانە واقیان وڕ مابوو. ئەوەش نموونەیەکی ئەو ئەخلاقە بوو کە دکتۆر قاسملوی شەهید هێنابوویە نێو حیزبی دیموکرات. من ئەحمەدی کاکە مەم-یم دەناسی، ئەگەر ئەمری (حیزبی) نەبایە لەوانە نەبوو تووشی درۆیەکی وا بێت کە لێی بێزار بوو. لە ماوەی ناسیاریمان و یا خۆ هاوخەباتیماندا پێکەوە دۆست بووین و نامەیەکی لەسەر بیرەوەرییەکانمی نووسیوە نیشانەی دۆستایەتیمان بووە. بەڵام چیبکات؟ ئەمری (حیزبە) و هیچ نەدەکرا، بۆیە منیش هیچم لێ لەدڵ نەگرت.

ساڵی ١٩٩٦

ساڵی ١٩٩٥مان بەڕێکرد، بێ ئەوەی هیچی خۆش و بەکەڵك و پڕ بایەخی بۆ مەسەلەی کورد و ڕزگاری نەتەوەکەمانی لەگەڵ خۆ هێنابێت. تەنیا خۆشیەکی لە سەرەتای ساڵی ١٩٩٦ ماڵە بچکۆلەکەی ئێمەی داگرتبوو، بریتی بوو لە بەشداری خوارزاکانم لە دانیشتنی شەوی هەوەڵی ساڵ بە ماڵ و منداڵەوە. بەڕاستی ماڵەکەمان هەرچەندە دوو هۆدە و متبەق بوو، بەڵام وەك گەورە ماڵێکی ڕیش سپی تایفەی لێهاتبوو. بەتایبەت زڕەی تەلەفۆنی یەك دوو دۆستی خۆشەویست لە ولاتەوە ئیتر کەش و هەوایەکی خۆشتری بە شەوەکەمان بەخشیبوو. تۆ بڵێی هیچ شتێ لەوە خۆشتر بێ کە پاش نزیکە ٢٠ ساڵ دۆستێك و

تێکۆشەرێکی وەک (کەریمی خامچی) لە ولاتەوە تەلەفۆنت لێ بکا و لێت بپرسێ و داوای پێداچوونەوە و بیرەوەرییەکانت لێبکات.؟

چەند میوانی بەڕێز

١٩٩٦/١/١٦ پرۆفیسور عیسمەت شەریف و دکتۆر جەبار قادر کە بۆ دامەزراندنی ئەنستیتۆی کورد لە سوید هاتبوونە ستۆکهۆڵم، شەو شانازی میواندارییان دابوو بە من ئەم ئەنستیتۆ ساز کردنەش لە ئەورووپا بۆ کوردان وەک گەمەی لێهاتوە. ئەوەی لە بیرم بێ هەوەڵجار دکتۆر کەمال فوئاد ئاکادیمی کوردی لە ئالمان دامەزراند، پاشان لە ستۆکهۆڵمیش شتێکیان بەناوی ئەنستیتۆی کورد دامەزراند. وەک بزانم لە بۆن و لە بەرلین و لە بەلژیکا و دیسان لە ستۆکهۆڵم و ڕەنگە لە شوێنی دیکەش وەک چاولێکەری ئەنستیتۆی کورد دامەزرابن و هیچیشیان بۆ کورد لێ پەیدا نەبووە. لەم دانیشتنەدا دکتۆر جەمشید حەیدەری و کاروان سەعیدیش بەشدار بوون. شەومان بە قسەی خۆش و باسی سیاسی بردە سەر. دیارە لە دانیشتنی ئەو تۆدا کاتی لێو تەڕ کردن، قسەکان خۆشتر دەبن.... پرۆفیسۆر عیسمەت شەریف هێندێ قسەی سەیر و نەزانراوی لەسەر پەیوەندی مامۆستا برایم ئەحمەد بە ئیسرائیلییەکانەوە بۆ باس کردین کە تا ئەودەم نەمزانیبوون.

یادی پە نجا ساڵەی کۆماری کوردستان لە تەلەڤیزیۆنی مەد دا.

ڕۆژی ١٩٩٦/١/١٨ لەسەر داوەتی تەلەڤیزیۆنی med بۆ بەشداری لە یادی کۆماری کوردستان دەبوایە بچمە برۆکسێل. سەعاتی شەشی ئێوارە لەگەڵ کاك نەجمەی غولامی و چوار برادەری دیکە کە ئەوانیش

بۆ بەشداری لە یادی سالّڕۆژی کۆماری کوردستان بانگ کرا بوون، سواری فڕۆکەیەکی قوڕازە بووین و سەعاتێك درەنگتر گەیشتینە بروکسێل. برادەرانی تەلەڤیزیۆن چاوەڕوانمان بوون. شەو بردیانین بۆ ڤێلایەك کە میوانیان دەوێ دەکردن. وەك کاروانسەرایەکی شارەکانی کوردستان دەچوو کە هەر کەس بۆ خۆی تەختێك و پێخەفێکی چەند کەس تێدا نوستووی وەبەر دەکەوت و سەری لێدەکردەوە. بەیانیش کە هەڵدەستا هەرکەس یا دەستەیەك بۆ خۆی دەیتوانی نان و چای ساز بکا. هێلکە و ڕۆن و نان و پەنیر و ماست و خەیار و تەماتەش چەندی بڵێی لەوێ ئامادە بوو. جگە لەوەش وەك بچیە هوتێل و یا کاروانسەرایەکی ئەستەمبوڵ، یەك وشەی کوردیت گوێ لێ نەدەبوو. تەنیا ئەگەر میوانی کوردی خواروو لەوێ بان، بە کوردی قسەیان دەکرد. ئەگینا برادەرانی سەر بە تەلەڤیزیۆن و پارتی کرێکارانی کوردستان و پارلمانی کوردستان بە زمانی تورکی خۆیان قسەیان دەکرد و کوردی و موردی لە گۆڕێدا نەبوو. لەو سەفەرەدا بوو، لە دەفتەری بروکسەل دانیشتبووین، برادەرانی بەرپرس لێیان پرسیم: ((مامۆستا بیر و ڕای تۆ چیە، ئەم چبکەین؟ پێشنیارت چیە؟

– مەکتەبێکی تورکی دابنێین، بۆ ئەوەی ئێمەی کوردەکانی سۆران فێری تورکی بین.

– چوا؟ حەنەك دەکەی.

– نا حەنەك ناکەم. ئێوە ئیشەلاّ دەبنە حکومەت و دەوڵەتی هەموو کوردستان دادەمەزرێنن، زمانی ڕەسمیش دیارە ئەودەم تورکی دەبێ و ئێمەش مەجبورین ئەشێ فێری بین. من ئەوە دوو ڕۆژە لێرەم، لە

ڕۆژباش زیاتر یەك وشەی کوردیم گوێ لێ نەبوو. هەمووش کوردی دەزانن، بەڵام تورکیەکەتان پێ خۆشترە.

ئێوارەی ١٩٩٦/١/٢٠ ئاهەنگی یادی ٥٠ ساڵەی کۆماری کوردستان لە سالۆنێکی مەزنی بارەگای تەلەڤیزیۆنی med بە سرودی میللی ئەی ڕەقیب، بە کەمە دەستکارییەکی بێ جێوە دەستپێکرا. یەشار کایا سەرۆکی پارلمانی کوردستان لە دەرەوە، عەلی قازی، جەلیلی گادانی و عەبدولاّ ئۆجەلاّنیش بە تەلەفۆن هەر یەکەیان بە گوێرەی بۆچوون و تێگەیشتنی خۆیان بە بۆنەی دامەزرانی کۆماری کوردستانەوە قسەیان کرد. مەلاّ عەولاّی حەسەنزادەش بە تەلەفۆن وەك سکرتێری حیزبی دیموکرات تۆزێ بە حیزبەکەی هەلاّ گوت و مێژووی نەتەوە و حیزبەکە و کۆماری کوردستانی بە پێلاّوی مەلایانە پێشێل کرد و بێ ئەوەی تۆزێ لە ڕەوتی بەسەرهاتەکانی کوردستان و پێکهاتن و لە بەینچوونی ئەم ڕووداوە گرنگە ئاگادار بێ، کۆماری کوردستانی بە فەتوایەکی مەلایانە کردە خود موختاری.

من بە درێژی بە پێچەوانەی فەرمایشتەکانی جەنابی مەلا بە گوێرەی ئەو سەنەد و بەڵگانەی کە سەربەخۆیی کۆماری کوردستان نیشان دەدەن، هەل و مەرج و گرنگی پێکهاتنی کۆماری کوردستانم ڕوونکردەوە، بە جۆرێك کە سکرتێرێکی دیکەی بەشێکی تری حیزبی دیموکرات کە (شۆڕشگێڕیشی) لێ زیاد کردبوو کاك جەلیلی گادانی لە وتاری خۆیدا گوتی: ((هەموو قسەکانی کاك کەریم پشت ئەستور دەکەم)).

کاك نەجمەی غولاّمی و هونەرمەندامی دیکە بە گۆرانی و مۆسیقی

خـۆش، ئاهەنگەکـەیان ڕازانـدبۆوە. شـەو بردیانینـەوە کاروانسـەرای گۆڕین. ڕۆژی دوایی نەدەبوایە سەفەر بکەم، چونکە دەیانویست لەسەر چەند مەسـەلە بـۆ تەلـەڤیزیۆن وتـوو وێـژم لەگـەڵ بکـەن. تـەواوی ڕۆژ بێکـارم. باشـبوو لای بـاوە زۆ دلێـر و سـیروان خـۆم بـە خوێندنـەوەی ڕۆژنامان خەریك دەکەم. جێگای ڕاکشـان و ئیسـراحەتیش نیـە. لەگـەڵ سیروان و میرحەم بە قسە و بـاس ڕۆژ دەبەمـە سـەر. بـاوەز و سـیروان خەڵکی ناوچەی کەرکوکن. دوای ئەوەی حکوومەتی بەعس لـە کـەرکوك دەری کـردوون، لـە چەمچـەماڵ گیرسـاونەوە. پاشـان هـەر وەك هـەموو ڕووناکبیر و نیشتمانپەروەرانی خواروی کوردستان لەبـەر بـار و دۆخـی داخداری شەڕی کورد کۆڕی ڕوویان کردۆتە ئەوروپا و لە بەشی سۆرانی تەلەڤیزیۆنی med کار دەکەن. لەسەر کارەکەیان زۆر چالاکن و باشـی لێدەزانن. لەگەڵ میوانانی med tv زۆر میهرەبانن.

سەعاتی ١٩ی ئێـوارە دەچـینە سـتۆدیۆیەکی دیکـە. پـتر لـە سـەعاتێك سـەبارەت بـە هـەل و مـەرجی دامـەزرانی کۆمـاری کوردسـتان و کـار و دەسـتکەوتەکانی و هۆیـەکانی تێکچـوونی و دەوری بـارزانیی نـەمر، وەلأمی پرسیارەکانی سیروان دەدەمەوە. بە دوای سـیرواندا، بـاوەز لـە سـەر کـۆنگرەی نەتـەوەیی پرسـیار دەکـا و وەلأم وەردەگرێتـەوە. مـن کـۆنگرەی نەتـەوەییم بـە بـێ بەشـداری هـەموو حیزبـە سـەرەکییەکانی کوردستان پێ شـتێکی فۆڕمالیتـە و بـێ سـەرئەنجامە. نـەمزانی داخـوا دەقی وەلأمەکانی منیان بلأو کردەوە یـان نـا. پاشـان میرحـەم لەسـەر ڕۆژنامەگەری کوردی پرسیار دەکا. سەعاتی ١٢ی شەو تـەواو دەبـین و دەمنێرنەوە بۆ ڤێلای گۆرین. ئەمجارە تەنیام یـەك کـوردی سـۆرانی لێ

نیە. گوێم داوەتە تورکی و بێدەنگم. ڕۆژی ١٩٩٦/١/٢٢

دەگەڕێمەوە بۆ ستۆکهۆڵم.

یادی پەنجا ساڵەی کۆماری کوردستان لە ڤالشۆپینگ

١٩٩٦/١/٢٦ لەسەر داوەتی کۆمەڵەی کوردی لە شاری ڤالشۆپینگ بۆ سیمینارێك لەسەر کۆماری کوردستان بەرەو ئەو شارە کەوتمە ڕێ. هاوڕێ عەزیز محەمەد و مەهاباد قەرەداغی شاعیر و برادەرێکی دیکە بەناوی کاك ئەحمەد لە ئیزگەی قەتار چاوەڕوان بوون. جگە لە نرخی سەفەرەکە و خۆشی دیداری هاونیشتمانان، زەحمەتی پێشوازی کاك عەزیز محەمەد بۆمن جێگای شانازی بوو. لە ئیزگەی قەتارەوە یەکسەر چووینە ماڵی کاك عەزیز. لام وایە بڵێم ماڵی دایکی فێنك تەعبیرێکی ڕاستتر بێ. چونکە کاك عەزیزیش لای دایکی فێنك هەر میوان بوو. گەمەی دەورانە و هیچی لەگەڵ ناکرێ. خودای گەورە هەر خۆی دەزانێ چەند جوان کارەکان ڕێك دەخا و دەیان ڕەنگێنێ.! بە قەولی مەلایەکی باڵەکی کە دەیگوت: ((خودای تەعالا کاری وا دەکات ئەزی لێ خەجاڵەتم))

ڕۆژی دوایی بە گوێرەی بەرنامەی داڕێژراو، سەعاتی ٣ی دوای نیوەڕۆ بە بەشداری زۆربەی زۆری کوردەکانی دانیشتوی ئەو شارە سیمینارەکە دەست پێکرا. لە هەمووی خۆشتر ئەوەبوو لە وەتا لە ئەوروپام، بۆ هەوەڵینجارە ببینم کۆبوونەوەی کوردەکان ڕاست لە کات و سەعاتی دیاریکراودا دەست بەکار بکا. باسێکی چڕ و بەکەڵك لەسەر کۆماری کوردستان دەست پێکرا. زۆربەی برادەرانی ئامادە لەوێ، بە پرسیار و

موناقەشەی بابەتی بەشداریان لە باسەکەدا کرد.

میواندارێی ڕێزدار مەهاباد قەرەداغی و کاك مستەفا ئەم یەك دوو شەوە فەرامۆش ناکرێ. ڕۆژی دوایی کاك فەهمی کاکەیی بە پیتزایەکی خۆمالّی کە خۆی دروستی کردبوو داوەتی کردین کە تام و چێژی تایبەتی هەبوو. جگە لە نووسینەکانی شیرینی کاك فەهمی و شێوەی جوانی دەرسگوتنەوەی بە زارۆکان، دوو کاری فرە گرنگی کاك فەهمی سەرنج ڕاکێش بوون و لەبیر ناکرێن.

یەکەم: شانازخانی خێزانی لە کرمانجی کوردەکانی سوریاوە فێری سۆرانی کردوە. بە لەفزێکی ئەوەندە شیرین و پاراو کوردی دەگوت، هەر خۆش بوو بیدوێنی و بە سۆرانی وەلاّمت بداتەوە. خۆ ئەگەر شاعیر و نووسەر و مامۆستاکانی خواروی کوردستان هەریەکەی خانمێکی کرمانج ئاوا فێری سۆرانی بکا، زمانەکەمان بەرەو یەکێتی و ساخ بوونەوە هەنگاو دەنێ.

دووەم: شێوەی داهێنانی کاك فەهمی بۆ دەرسی زارۆکان. ئەو ڕەسمی شتی جۆر بە جۆری بە زرۆکان نیشان دەدا، منداڵ لە ڕووی ڕەسمەکەوە پیتەکان دەناسێ و بە کوردی ناوەکەی دەڵێتەوە و لە بەری دەکات.

ئەو سەفەرە خۆشە ڕۆژی ١/٢٩ بە زەحمەتی بەڕێکردنی کاك عەزیز و خوشکە مەهاباد قەرەداغی، بە دنیایەك بیرەوەری خۆش و لەبیر نەکراو کۆتایی هات و گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆڵم.

١٩٩٦/٢/٥ ڕێزدار مامۆستا عەبدولعەزیز تەیب ئوستانداری دهۆك لە

سەفەری ئەمریکا دەگەڕایەوە لەگەڵ چەند کەس لە برادەرانی هاتە سەردانم. یەك دوو سەعات بە باسی سەفەرەکەی و بارودۆخی کوردستان و پێڕاگەیاندنی سلاوی کاك مەسعود بارزانی شادی کردم.

١٩٩٦/٢/١١ لەسەر داوەتی کۆمەڵەی کوردستانی شاری ئیسکلیستونا بۆ سیمینارێك لەسەر کۆماری کوردستان ١٩٤٦ چوومە ئەو شارە. باردەرانی کۆمەڵە پێشتر ڕۆژ و کاتی سیمیناریان بە شاردا بڵاوکردبۆوە و زۆرکەس بەشداریان کردبوو. من بە گوێرەی زانیاری و بۆچوونی خۆم، هەل و مەرجی دامەزرانی کۆماری کوردستان و دەستکەوت و کەم و کوڕییەکان و بارو دۆخی نێو دەوڵەتی و هۆیەکانی تێکچوونم باس کرد. کۆبوونەوەکە بە باس و پرس و بەرسیف و موناقەشەی دۆستانە کۆتایی هات. ئێوارێ لە ماڵی باوکی تارا بە قسەی خۆش و میوانداریەکی کوردانە شەومان بردە سەر.

شەوی ١٩٩٦/٢/١٤ بۆ ئێمە شەوێکی خۆش و بەلاّم هەر لەو کاتەشدا ناخۆشی بەدواوە بوو.

خۆشیی و شادمانییەکە لەوەوە دا بوو بە بۆنەی گەڕانەوەی کاك عەزیز محەمەدی بەڕێز شانازی میوانداری کاك عەزیز و باوکی سەربازمان بە نسیب ببوو. کاك حەمەدەمینی سیڕاجی و ڕووناك خانی خێزانی و هونەرمەندانی خۆشەویست مەرزیە و ناسری ڕەزازی و کاك فەهد گەردەوانی و کاك خۆشناو-یش بەشداری ئەم دانیشتنە بوون. دانیشتنەکەمان بە چەند گۆرانی خۆمانەی بێ مۆسیقای ناسر و مەرزیەی بەڕێز گولّباران کرا.

بەڵام ناخۆشییەکەی بۆ ئێمە قورس بوو. چونکە کاك عەزیز سەرەڕای ئەوە کە بارودۆخی سڵامەتی تەواو نەبوو، بە تەنیا سەفەری دەکرد و دەگەڕایەوە بۆ کوردستان. بە ڕاستی تا خەبەری گەیشتنەوەی بە ساخ و سڵامەتیمان پێگەیشت، هەر لە دڵە ڕاوکێ دا بووین.

١٩٩٦/٢/١٧ پارتی کرێکارانی کوردستان کۆبوونەوەیەکی بۆ هێندێ ڕووناکبیری کوردی دانیشتوی سویدی پێکهێنا و کۆمەڵێك لە نووسەر و ڕووناکبیری هەموو بەشەکانی کوردستانی داوەت کردبوو. برادەرێکیان بە ناوی سینا پتر لە سەعاتێك بێ ئەوەی نۆرەی کەس بدا قسەی کرد. ئەو برادەرە وەك بۆ کۆمەڵێکی نەخوێندەواری گوندێکی دواکەوتوو تەبلیغات بکا قسەی دەکرد. لەبەر ئەوەی هیچی لێ تێ نەدەگەیشتم و بەو جۆرە تەبلیغاتەش گوێم پڕ ببوو، بەر لەوەی کۆبوونەوە تەواو بێت، وەدەر کەوتم. کاك حەمەدەمینی سیڕاجی باسێکی بابەتی لەگەڵ دامەزراندبوو، من بە جێم هێشت و نازانم بۆ کوێ گەیشت.

١٩٩٦/٣/١٦ کاك حەمەدەمینی سیڕاجی خەبەری داخداری مردنی حەسەنی باباتاهیری بە تەلەفۆن پێڕاگەیاندم و گوتی: سەرەخۆشیان بۆ داناوە. پێشتر لەم ڕووداوە ئاگادار نەبووم وادەیەکی دیکەم هەبوو دەبوایە بچم و بە داخەوە نەمتوانی بچمە پرسەی کاك حەسەنی بابا تاهیری و نەشم زانی کێ پرسەی بۆ داناوە. کۆچی دوایی کاك حەسەنی بابا تاهیری بەڵای منەوە خەسارێکی گەورە بوو. ڕەنگە کاك حەسەن لای خەڵك بە مرۆڤێکی ئاسایی ناسرابێ و تەنیا حسابی سابلاغی گەری بۆ کرابێ کە نەخۆشییەکی تەشەنە داری بێتامە. بەڵام مرۆڤی ئازا و نیشتمانپەروەر کاتی ترس و تەنگانە لە خەڵکی تر جیا دەکرێنەوە و

کاك حەسەنی بابا تاهیری بەو خەسڵەتانە لەگەڵ خەڵکیتر فەرقی هەبوو.

من پێش ڕۆیشتنم لە کوردستان ساڵی ١٩٥٨ کاك حەسەنم وەك قوتابیەکی دەبیرستان دەناسی و بە گوێرەی بار و دۆخی خەباتی ئەودەمی جار و بار سلاوێکی دۆستانەمان لێك دەکرد. کاتێکی ساڵی ١٩٧٩ گەڕامەوە کوردستان، کاك حەسەنی بابا تاهیری فەرماندەری مەهاباد بوو. بەڵام فەرقی نەکردبوو. ئەمجارە لێك نزیکتر بووین. هەڵوێستێکی کوردانەی نیشتمانپەروەرانەی هەبوو. لە ڕووداوەکانی کوردستاندا هەمیشە بەرەو پشتیوانی لە داوا و مافی ڕەوای کورد هەڵوێستی دەگرت. هەوڵی دەدا ئاسایشی شار بپارێزێ. ئازایەتی و کوردایەتی کاك حەسەنی بابا تاهیری لە کێشەی شەڕی نەغەدەدا خۆی نواند. لە کۆمسیۆنی ئاشتی شەڕی نەغەدە لە ورمێ، لە بەرانبەر ئوستاندار و فەرماندەی لەشکردا هەڵوێستی گرت و ئازایانە بەرپەرچی قسە و بۆچوونی ئوستانداری دایەوە. کاتێ ئوستاندار گوتی: تۆ مەئموری دەوڵەتی، وەزیفەت نیە ئاوا هەڵوێست وەربگری. لە وەڵامدا گوتی: من خزمەتکاری میللەتی خۆمم. ئەگەر دەفەرمووی هەر ئێستا ئیستعفا دەنووسم، بەڵام ناتوانم لە فەرمایشتە ناهەقەکانی ئێوە بەرگری بکەم. لەو کۆبوونەوەدا تەنیا کاك حەسەنی بابا تاهیری بوو کە پشتی وتار و بۆچوونەکانی منی دەگرت. ئەودەم ئازایەتی و نیشتمانپەروەری کاك حەسەنی بابا تاهیریم زیاتر بۆ دەرکەوت کە لام وایە خەڵك ئاوایان نەناسیبوو. پاش سارد بوونەوەی کێشەی نەغەدە ڕۆژێك تەلەفۆنی کرد و گوتی: ((قەولێکم پێ بدە تا شتێکت پێ بڵێم.

قەولم پێدا بێ ئەوەی بزانم چیم پێ دەڵێ: گوتی: سبەینێ لە سەعاتی دەی بەیانیەوە دەچینە مااڵی عەزیزی حسامی. هەتا وەدەر دەکەوین، جگە لە تەختە و قسەی سەیر و خۆش، یەك وشە باسی سیاسەت ناکەین. با ڕۆژێك مێشکمان بحەسێتەوە.)) بڕیارەکەمان بردە سەر و لە میواندارى دۆستانە و کوردانەی کاك عەزیزی حسامی کۆنە دۆستی خۆم، چێژمان وەرگرت. جێگای داخ بوو نەمتوانی لە پرسەی ئەم ڕۆڵە نیشتمانپەروەر و ئەم دۆستە خۆشەویستە دا بەشدارى بکەم و بە یەك دوو وشە لە بارەی ئازایەتی و نیشتمانپەروەری ئەو لە دوورەوە مااڵوایی لێبکەم.

سەفەر بۆ بوڵغارستان

١٩٩٦/٤/١٧ بۆ چاپکردنی بەرگی ١٠ی بیرەوەرییەکانم چوومە بوڵغارستان. لە بوڵغارستانیش وەك ستۆکهۆڵم هەموو ڕۆژێ گوێم بۆ بەشی کوردی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا ڕادەگرت. ڕۆژێك بە بۆنەی دە ساڵەی کۆچی دوایی شاعیری میللی و ناوداری کورد مامۆستا هێمن قسەکانی کاك ئاوات عەلیاری نوێنەری حیزبی دیموکراتی کوردستانی بااڵو کردەوە کە تۆزێ سەرنج ڕاکێش بوو. ڕۆژی ١٩٩٦/٤/٢٣ ئەم نامەی خوارەوەم بۆ بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا نووسی، بەاڵم کارگێڕانی بەشی کوردی نە بااڵویان کردەوە و نە وەاڵمێکیان دامەوە. ئەمەش دەقی نامەکەیە.

((.... تێکۆشەرانی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا !

لەگەڵ سااڵو، خۆشیتان و سەرکەوتنتان لە پاراستنی شێوەی

دیموکراسی بەرنامەکانی ڕادیۆ دا بە ئاوات دەخوازم. داوا کارم ئەم کورتە نووسراوەی منیش لە چوار چێوەی باسی شاعیری ناوداری کورد ((هێمن)) دا بلاّو بکەنەوە.

ڕوونکردنەوە و یا نووسراوەی کاك ئاوات عەلیاری بەڕێزم سەبارەت بە باس لە یادی ١٠ ساڵی کۆچی دوایی هێمن بیست. لە پێشدا ئەگەر ئەو بۆچوونەی کاك ئاوات بۆچوونی حیزبی دیموکرات بێ، جێگای دڵخۆشیە کە حیزبی دیموکرات گەیشتبێتە ئەم بۆچوونە کە کاك ئاوات لە بارەی هێمنەوە باسی کرد. بەڵام تۆزێ ورد بوونەوە لە نێوەڕۆکی قسەکانی کاك ئاوات مرۆڤ دەخاتە گومانەوە، لە بەر دوو تێبینی:

یەکەم: کاك ئاوات دەڵێ: ((نەزەری حیزبی ئێمە لە بارەی هێمنەوە هەر ئەوەیە کە دکتۆر قاسملو لە پێشەکی تاریك و ڕوونـدا نووسیویەتی.)) دیارە ئەو دەمەی کە مامۆستا هێمن ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزب و خۆشەویستی بێهاوتای هەموو کوردستانی خواروو بوو، قاسملو زۆر لەوە باشتری لەسەر هێمن دەنووسی. بەڵام کاك ئاوات ئەم بەیاننامە دزێوە بە ژێر لیچەوە دەکات کە بە ناهەق و ناڕەوا بە خەتی مامۆستا مەلا عەولاّ و ڕێنوێنی دکتۆر قاسملو و بە ئیمزای دەفتەری سیاسی، هێمن بە جاش ناو دەبات. ڕەنگە لەوەش ئاگادار نەبێ کە کەریمی حسامی وەك بەرپرسی تەشکیلاتی مەهاباد، دوای جیابوونەوەی تاقمی ٧ کەسە لە دۆڵی شێخان لەگەڵ برادەرانی تەشکیلات چوە دەفتەری سیاسی و لەسەر وشەی جاش بۆ هێمن و غەنی بلوریان لەگەڵ دکتۆر قاسملو و مەلا عەولاّ تووشی دمبەدمەی تونـد بـوو. من لە نووسینی وشەی جاش لە بەیاننامەکەدا ڕەخنەم گرت و ئەوانیش

دەیانگوت جاشن. بە پێچەوانەی بۆچوونی دەفتەری سیاسی، تەشکیلاتی مەهاباد کارەکەی ئەوانی مەحکووم کرد، بەڵام بە جاشی ناو نەبردن. بۆ کاك ئاوات بەرگی حەوتی بیرەوەرییەکانی کەریمی حسامی بخوێنێتەوە.

ئێستا ئەگەر ئەو بۆچوونە تازەی کاك ئاوات بۆچوونی حیزب بێ، هەڵوێستێکی باشە، بەڵام حیزبی دیموکرات بەم ڕوونکردنەوەیەی کاك ئاوات ناتوانێ پاکانە بۆ گرتنی هێمن و ئاوارە کردنی و بە جاش ناوبردنی بکات. دەبێ غیرەتی ئەوەی هەبێ لە گیانی پاکی هێمن و لە خەڵکی کورد کە هێمن دەپەرستن داوای لێبوردن بکەن.

دووەم: گومانەکە ئەودەم بەهێزتر دەبێ کە مرۆڤ گوێی لە پلار و پەلاماری کاك ئاوات دەبێ بۆ سەر ئەو شاعیر و کەسانەی کە لەسەر هێمن و کردەوەی حیزبی دیموکرات لەگەڵ هێمن قسەیان کردوە. لام وایە ئیتر ئەم جۆرە ئاخافتن و بوختان و لاتاوانە باویان نەماوە. بە تایبەت کاك ئاوات ئێستا لە ئەمریکا دەژی. بوختان و لاتاوی (داخ لە دڵی و نەزانی و چوونە ئامێزی دوژمن و ئەم جۆرە قسانە...) کۆن بوون و تەنیا لە ژێر لولەی تفەنگی پێشمەرگە و لە کن ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتدا دەگوترا. کاك ئاوات باش دەزانێ، چوونە ئامێزی دوژمن و پاڵ دان بە دوژمنەوە بە بالأی ڕێبەرانی کورد بڕاوە و باسکردنی ئیتر باوی نەماوە. ڕێز گرتن لە دیموکراسی کە کاك ئاوات باسی دەکا، ئیتر نابێ ئەم جۆرە بەیت و باوە سواو و کۆنانەی بە دواوە بێت.

نووسینەکەم درێژ بوو. بەڵام باسەکە لە ڕادیۆی ئێوەدا هاتۆتە گۆڕێ و منیش وەك کەسێکی نێو جەرگەی ئەم باسە بە پێویستم زانی بەشداری

بکەم.

خۆشیتان. براتان کەریمی حسامی. ١٩٩٦/٤/٢٣

من ئێستا لە بولّغاریاوە ئەو نامەتان بۆ دەنووسم. بەلاّم ئادرێسم لە سوید ئاوایە:

p.box, 7066 16407 kista, sweden. Tel: 08 752 99 05

لە سۆفیا هەموو بەرگەکانی بیرەوەرییەکان و بەرگی یەکەمی پێداچوونەوەم بە کتێبخانەی میللی بولّغارستان پێشکێش کرد. دیرێکتۆری کتێبخانەی ناو براو نامەیەکی سوپاس و پێزانینی بۆ ناردبووم کەوا بولغارییەکەی ئەو نامەیە لە پاشکۆدا بلاّو دەکەمەوە.

داوەتێکی حیزبیانە

رۆژی ١٩٩٦/٦/١٩ گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆلّم. فاکسێکی سەیرم لە لایەن رێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان- عێراق-وە پێگەیشت. دەقی فاکسەکە بەم جۆرەیە: (زمانەکەی دەسکاری نەکراوە)

((.... بۆ بەڕێز کاك کەریمی حسامی. سلاّو و ڕێز- وەزارەتی ڕۆشنبیری هەلّئەستێ بە یاد کردنەوەی (٣٠٠) سێ سەد سالّ تێپەڕ بوون بەسەر داستانی ((مەم و زین)) شاعیر و فەیلەسوفی گەورەی کورد ((ئەحمەدی خانی)) لە ڕۆژانی (٢٠-٢٢/ ٦) فیستیڤالّێك بۆ ئەم مەبەستە ئامادە کراوە لە دهۆك، ئەوەی شایانی باسە دەعوەت نامە بێ گوێ دانە هەلّوێست و پەیوەندی سیاسی بۆ ڕۆشنبیران و نووسەرانی

کورد چوه.

بەڕێزیشتان لە لایەن لیژنەی بەرزی فیستیڤاڵەکەوە دەعوەت کراون بۆ ئەم یادە بەرزە، هیوادارین بە ئامادە بوونتان یادەکە دەوڵەمەند و سەرکەوت بکەن.

تێبینی:

- خەرجی هاتوچۆ لەسەر بەڕێزتانە
- لێژنەی ڤیستیڤاڵەکە خەرجی میوانداریتان ئەخاتە ئەستۆی خۆی.

تکایە بۆ زیاتر زانیاری پەیوەندی بەم تەلەفۆن و فاکسەی خوارەوە بکەن لە لەندەن.....

جگە لەوە کە ئەم فاکسەی ڕێکخراوی پارتی پتر لە دێرەکانی هەڵەی زەقی ڕێزمانی کوردی تێدابوو، ئیتر بۆ ئەوەی (خەرجی میوانداری) نەکەوێتە سەر ئەستۆی ئەم وەزارەتە ڕۆشنبیریە بێ پارە و فەقیر و بێ داهاتە و تووشی ئەو خەرجە گەورەیە نەبێ کە لە دهۆك مرۆڤ بە نان و ماستیش ڕۆژ دەباتە سەر و پارەی زۆری ئەم (خەرجە میوانداریە) بۆ کاری گرنگی (حیزبی و سیاسی) سەرف بکەن، ئیتر نە پەیوەندیم پێوە گرتن و نە ئامادەی (فیستیڤاڵە)کەش بووم.

لە ماڵەوە خەریکی ئامادە کردنی بەرگی دووەمی پێداچوونەوە بووم.

داوەتێکی دۆستانە:

ماوەیەك دەنگتر ئەم داوەتنامەی لیژنەی بالای یۆبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستان–م پێگەیشت کە ١٩٩٦/٦/٢٣ نووسرا بوو:

پارتی دیموکراتی کوردستان– یەکگرتوو. مەکتەبی سیاسی. لیژنەی بالای یۆبیلی زێڕین.

بۆ کاك کەریمی حسامی بەڕێز. سلاوێکی گەرم.

بە بۆنەی یۆبیلی زێڕینی (یادی پەنجا ساڵە)ی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان خۆشحاڵین داوا لە بەڕێزتان بکەین بۆ بەشداریکردن لە ئاهەنگەکانی ئەم بۆنە پیرۆزە کە لە ڕۆژانی ١٠/١٦ی ئابی داهاتوو بەڕێوە دەچێت کە ڕۆژی بیرەوەری دامەزراندنی پارتیمانە. لەم بارەیە هەر دوو لقی ئەورووپا و ئەمریکای پارتیمان هەر یەکە بە پێی کاری خۆی هەڵدەستێت بە جێ بەجێ کردن و دابینکردنی پێداویستیەکانی هاتنتان بۆ کوردستان. لەگەڵ ئەوپەڕی ڕێزماندا...
لیژنەی بالای یۆبیلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستان، ١٩٩٦/٦/٢٣

بە خۆشییەوە چاوەڕوانی کاتی سەفەر و ڕۆیشتن بۆ کوردستان بووم. داوەتەکە بۆ بەشداری لە ئاهەنگی پەنجا ساڵەی پارتی جگە لەوەی مەغزای خۆی هەبوو، چوونەوەی کوردستان و چاوپێکەوتنی دۆست و برادەری خۆشەویستیش نیعمەتێك بوو کە بە ڕاستی بە ئاواتی بووم. بەڵام جاری واش هەیە شتێکی لابەلات لێ پەیدا دەبێ و ڕیسەکەت لێ دەبێتەوە خوری. وەك لە سەفەری من پەیدا بوو و نیعمەتەکە بۆوە بە زەحمەت.

مامۆستا مەلا محەمەد ساڵحی ئیبراهیمی (شەپۆل) بۆ سەردانی کوڕەکانی هاتبوە ستۆکهۆڵم. بەڵام هەر سەردانی کوڕەکان نەبوو، بەڵکوو بۆ دۆست و برادەرانیشی سەفەرەکەی شادی هێنەر بوو.

بەتایبەت بۆ من وەك بەتایبەتی بۆ سەردانی من هاتبێ ئەوەندە بە دیداری شاد بووم.

١٩٩٦/٧/١٧ مامۆستا برا چوکەی خۆی بەسەر کردەوە و لە مالێ دانیشتبووین باسی دەرد و داخی کوردمان دەکرد و باسی سمایلاغای سمکۆش هاتە گۆڕێ. مامۆستا فەرمووی: ((مەلا ئەحمەدی تورجانی زادە لە قەولی مەلا محەمەدی کاکی کەسەر نووسەری ڕۆژنامەی ((کورد)) بوە لە وەرمێ بۆی گێڕاوەتەوە: ((سمکۆ خەبەری داوە کە ڕۆژنامە دەرچوو، چەند ژمارەیەك بۆ چاریە بنێرن. ئەویش بە مەلا ئەحمەد دا چەند دانە لە ژمارەیەکی ڕۆژنامەی (کورد)ی بۆ دەنێرێ. ئێوارە دەگاتە وێ و سمکۆ بەخێرهاتنی دەکات. سمکۆ عادەتی وا بووە کە بەیانان قاوەلّتی لە ژووری خواردوە و نەهاتۆتە کن میوانان، بەلاّم ئەوڕۆژە بەیانی هاتۆتە دیوەخان و لەگەلّ میوانان کە پڕبووە لە ئاغا و سەرۆك عەشیرەتی کورد قاوەلّتی کردوە و پاشان بە مەلا ئەحمەدی گوتوە: کوا ڕۆژنامەکان بێنە هەر کەسەی دانەیەکی لە پێش دابنێ. پێدا هاتووە هەر یەکەی ڕۆژنامەیەکی لە پێش داناون، دانەیەکیشی لە پێش سمایلاغا داناوە. سمکۆ لیرەیەکی هاویشتۆتە سەر ڕۆژنامەکە و بەوانی دیکەشی گوتوە هەرکەس لیرەیەك لەسەر ڕۆژنامەکە دابنێ. پاشان گوتوویە ئەوە بۆیە نیە خەرجی چاپی ڕۆژنامەکە دابین بکات، بەلّکو لەبەر ئەوەیە ڕۆژنامەیەکی لەم هەل و مەرجەدا بە زمانی کوردی دەربچێ، دەبێ لە زێڕ بقەبلّێندرێت.))

هێرشی پاسدارانی ئێرانی بۆ سەر بنکەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە دەڤەری کۆیە.

١٩٩٦/٧/٢٨ ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سوید ئەم بەیاننامەیەی خوارەوەی بۆ فاکس کردم.

((...:... ڕاگەیاندراوی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

هاونیشتمانە بەڕێزەکان!

خەڵکی بە شەرەفی کوردستان!

ئازادیخوازانی سەرانسەری جیهان!

هەروەک چاوەڕوان دەکرا و پێشتریش هۆشدارمان دابوو، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پیلانی خائینانی خۆی بۆ لێدانی بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بنەماڵەی کوردە ئاوارەکانی کوردستانی ئێران و پێشێل کردنی حورمەتی خاکی ولاتێکی دراوسێی دەست پێکرد.

شەوی ٥ لەسەر ٦ی گەلاوێژی ١٣٧٥ ڕێکەوتی ٢٦ لەسەر ٢٧ی ژوئیەی ١٩٩٦ هێزێکی چەند هەزار کەسی سوپای پاسدارانی ئێران بە هەموو جۆرە چەکێکی قورس وەک تۆپخانە، کاتیۆشا و تانکەوە لە سنووری مەریوانەوە هاتە نێو خاکی کوردستانی عێراق و هەر ئەو شەوە گەیشتە سولەیمانی و لە ((مەعەسکەر سەلام)) جێ گیر بوو. کەمتر لە ٢٤ سەعات دوای گەیشتنی، بەرەو ناوچەی کۆیە کە بنکەی دەفتەری سیاسی لێیە، وەڕێکەوت و شەوی ٢٨ی ژوئیە لە زۆر نوختەی ستراتیژیی دەور و بەری کۆیە دامەزرا.

هێزە پەلاماردەرەکان لە سەعاتی ٦/٥ ی بەیانی ئەمڕۆ ٢٨ی ژوئیەوە

بـە خەسـتی تۆپبـارانی بنکـەکانی حیـزب و ئۆردوگـای کـوردە ئـاوارە ئێرانیەکانی دەست پێکردوە کە تا ئێستا بەردەوامە و لە سـەعات ١٠ی ئـەم بەیانییەشـەوە پـەلاماری زەمینـی دەسـت پـێ کـردووە و ئێسـتا شـەڕێکی قـورس لـە نێـوان پاسـدارانی کۆنـە پەرسـتی ئێـران و پێشمەرگەکانی حیزب بەردەوامە.

ئێمە لە کاتێکدا ئـەو پـەلاماڕە دڕندانەیـە ئاشـکرا دەکـەین، لـە هـەموو هاونیشتمانان، لە تێکڕای حیـزب و ڕێکخـراوە سیاسـیەکان و لـە گشت کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان داوا دەکەین، بە هەر ڕێگایەکدا بۆیـان دەکرێ بۆ ڕاگرتنی هێرشی ڕێژیمی ئێران تێبکۆشن و نەهێڵن ئەو تاوانە دژی ئینسانییەی بەسەردا تێپەڕێ.

دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.

١٣٧٥/٥/٧ (١٩٩٦/٧/٢٨

خەبـەرێکی دڵتـەزێن و تەکانـدەر بـوو. هەرچـەندە یـەکێتی نیشـتمانی کوردستان بۆ پینە کردنی وابەستەگییەی خۆی بە ڕێژیمی کـورد کـوژی ئێرانەوە هێندێ نووسراوەی بلاّو کردنەوە، بەلاّم هیچیان نەیانـدەتوانی ئەم پەڵە ڕەشە لە داوێنی یەکێتی نیشتمانی بسڕنەوە.

بـە دوای بـلاّو بوونـەوەی بەیاننامـەی حیزبـی دیموکراتـدا، کۆمـەڵێك ڕوناکبیر و نیشتمانپەروەری کورد لە سوید کۆبوونەوەیەکیان پێکهێنا و ئەم نووسراوەی خوارەوەمان ئامادە کرد و نێزیکەی ٥٠٠ ئیمزا و دەنگی پشتیوانی و مەحکوم کردنـی ئـەو پـەلاماڕە دڕندانەیـە کـۆ کرایـەوە لـە ڕادیۆ کوردییەکانی لۆکاڵ لە ستۆکهۆڵم خوێندرایەوە.

ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە :

بەپێی هەواڵەکانی واڵات و دەرەوەی واڵت، لەم دواییانەدا هێزەکانی دەوڵەتی ئێرانی داگیرکەر، سنووری باشوری کوردستانیان بەزاندووە و لە ناوچەکانی بندەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە گەیشتوونەتە سولەیمانی و لەوێشەوە چوونەتە کۆیە. لە ئەنجامدا سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٩٦/٧/٢٨ پەلاماری بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ئۆردوگای پەنابەرانی کوردی ئێرانیان داوە و ژمارەیەک لە تێکۆشەران و هاو واڵتیان کوژراو و بریندار و دەر بەدەر کراون.

هێنانی سوپای پاسداران، بە کۆڵی لێپرسراوانی ناوچەکە، بۆ لێدانی حیزبی دیموکرات لە قولایی باشوری کوردستاندا، خەیانەتێکی نەتەوایەتی و بێ وێنەیە. ئەم دڕندایەتییەی کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەو تیرۆر و کوشتار و فشارەی کە لە ماوەی دوو ساڵی شەڕی ناوخۆیی لە باشور دا دژی حیزبی دیموکرات و هێزە سیاسییەکانی تری ڕۆژهەڵات و پەنابەرانی کوردی ئێران ئەنجام دراون، گەیاند بە لوتکە. شەڕی ناوخۆیی تەنیا پڕۆسەکەی باشوری کوردستانی تێک نەشکاند و بەس، بەڵکو زەبری لە پارچەکانی تری واڵتەکەشمان وەشاند. بێگومان سەودا کردن بە حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەشێکە لە بەرهەمی شەڕی ناوخۆیی.

ئێمە کۆمەڵێك لە ڕۆشنبیران و کەسایەتییەکانی کوردی دانیشتووی سوید:

یەکەم- بەزاندنی سنوری باشوری کوردستان لە لایەن دەوڵەتی

داگیرکەری ئێران و پەلاماری وەحشیانەی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دیموکرات و ئۆردوگای پەنابەرانی کوردی ئێران، بە توندی مەحکووم و ڕیسوا دەکەین.

دووەم- داوا لە un و هێزە هاوپەیمانەکان دەکەین کە باشوری کوردستان لە پەلاماردانی دەوڵەتی ئێران و دەوڵەتەکانی تری ناوچە بپارێزن.

سێهەم- داوا لە کۆمەڵانی گەلەکەمان و هەموو هێزە کوردستانییەکان ئەوانەی کە لەم تاوانەدا هاوبەش نین- دەکەین کە بە هەڵوێستی عەمەلی خۆیان پشتیوانی لە هێزە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران بکەن و گیانی ژن و منداڵ و پەنابەرانی کوردی ئێران بپارێزن و هەر چییەکیان پێدەکرێ دژی هێزە داگیرکەرەکانی ئێران، ئەنجامی بدەن.

١٩٩٦/٧/٣٠ ستۆکهۆڵم.

دیارە ڕادیۆی یەکێتی نیشتمانی لە سوید بە شێوەی تەبلیغاتی خۆی و بە پێی کولتوری قسەکەرەکانی بەرپەرچی ئەم هەڵوێستەی دایەوە و حاشاشی لەو کارەساتە داخدارە دەکرد.

کریس کۆچێرا ڕۆژنامە نووس و کوردۆلۆگی ناسراوی فەرانسەیی لە کتێبی تازەی خۆیدا بەناوی ((خەباتخوازی کورد)) کە لە ساڵی ١٩٩٧ دا چاپ کراوە و بەشی کوردستانی ئێرانی لە لایەن ئاسۆ حەسەن زادەوە کراوە بە کوردی، لەم بارەوە دەنووسێ: ((.... ڕۆژی ٢٦ی ژوئیەی ١٩٩٦ دوو هەزار پاسداری شۆڕش لە نێزیک پێنجوێن سنوور دەبەزێنن و دەچنە سولەیمانی و شەو لە مەعەسکەر سەلام) کە یەکێک

لەو قەلاّ گەورانەیە کە سەدام لە ساڵەکانی ١٩٨٠ دا دروستی کردبوو دەمێنێتەوە. ڕۆژی دوایە ئەو هێزانە کە بە سەد کامیۆن و تۆپی ١٣٠ملم و ١٥٥ملم، مووشەکی کاتیوشا و مووشەك هاوێژی ((حسین)) کە ١٢٠کم بوردی هەی تەیار بوون و لە لایەن سێ سەد پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە ئیسکۆرت کرابوون، وەڕێ دەکەون. ئەوان کاتێك دەگەنە بەرزاییەکانی هەیبە سولّتان کە بەسەر دەشتی کۆیەدا زاڵە، لە ڕۆژەکانی ٢٨و ٢٩ی ژوئیەدا دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە لە کۆنەوە قەلاّیەکی ئەرتەشی عێراق و لە چەند کیلۆ میترێك شاری کۆیە هەلّکەوتوە لەگەلّ پێنج ئۆردوگاکەی حیزب لە دەور و بەر بۆردوومان دەکەن. پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات کە چوونە پێشی هێزەکانی ئێرانیان هەنگاو بە هەنگاو خستبووە ژێر نەزەر، توانیبوویان سەنگەر بگرن و خۆیان پەنا بدەن، بەلاّم لەو تۆپ بارانەدا مالّی بنەماڵەکانی پێشمەرگە و نەخۆشخانەی یارمەتیە دەرمانییە نێو نەتەوەییەکان و ڕێکخراوی پزیشکانی جیهان وێران دەبن و تەنیا ئەو قوتابخانەیەی فرانس– لیبرتێ سازی کردبوو، هیچی لێ نایە.

تۆپخانەی ئێران هەروەها ئۆردوگای جێژنیکان لە نێزیك شاری هەولێر کە سەدان کوردی ئێرانی لێ دەژین وە بەر تۆپ دەدا. ڕۆژی ١٨ی ژووئیەی ١٩٩٦ سەعات ١٠ی بەیانی یەکەیەکی پاسدارانی شۆڕش لە هەیبە سولّتان دێنە خوار بۆ ئەوەی هێرش بکەنە سەر دەفتەری سیاسی، بەلاّم پێشمەرگەکان پاشەکشەیان پێ دەکەن. پێشڕەوی ستوونەکانی ئێران گەیشتبووە دەروازەی کۆیە و چەند پاسدارێك بە

لیباسی یونیفۆرمی خۆیان چووبوونە نێو شار... دوای ئەوە کە فڕۆکەی هاوپەیمانەکان لە پاش نیوەڕۆی ٢٩ی ژووئیەی ١٩٩٦ بەسەر سەری هێزە ئێرانییەکاندا دەفڕن، شەوێ ئەو هێزانە هەر بەو ڕێگایە دا کە پێی داهاتبوون دەگەڕێنەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان قبوڵ ناکا بەشێکی ستوونەکە بە ڕێگای حاجی ئۆمەراندا بگەڕێتەوە. ئێرانییەکان لە هاتنیشدا ویستبوویان بەو ڕێگایە دابێن.))

باسێکی لاوەکی

ئیمڕۆ ١٩٩٨/٩/٩ کە ئەم یادداشتانە ڕێکوپێك دەکەم و دەیانهێنمە سەر لاپەڕەی کۆمپیوتەر، بەردەوام ڕادیۆش کار دەکا و گوێ دەدەمە دەنگ و باس. ئەوەش شێوە کاری منە کە پێی ڕاهاتووم و بەبێ ڕادیۆ یا گۆرانی کوردی، بە تایبەتیش حەیرانی ڕەسوڵ گەردی و ئازیزە و پایزەی حاجی سمایل و گۆرانی مامڵێ و ناسر و مەرزیەی ڕەزازی، ناتوانم کار بکەم. دەنگ و باسی سەرنج ڕاکێشی ئیمڕۆ، بەشی زۆری هەر باسی قەیرانی ڕووسیایە. ڕووسیا توشی قەیرانێکی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی بووە، تەنانەت چوونی سەرکۆماری ئەمریکاش نەیتوانی چاری بکات. کلینتۆن لە سەفەری خۆیدا بۆ مۆسکۆ هەوڵ و تێکۆشانەکەی هەر ئەوە بوو کە لە زانستگای مۆسکۆ بە خوێندکاران بڵێ: پشتی یەلتسن بگرن با کۆمونیزم نەگەڕێتەوە. لە باڵیۆزخانەی ئەمریکاش لە مۆسکۆ لەگەڵ نوێنەرانی هێزە سیاسیەکانی ڕووسیا هەر ئەو فەرمایشتەی دوو جار کردەوە. برسیەتی و بێکاری و دزی و مافیا و لەبەر یەك هەڵوەشانی بنکە و بنەمای ئابووری ڕووسیا کە بەرهەمی

هەولّ و تەقەلاّی چەند ساڵەی ئەمریکایە، بۆ کلینتۆن و یەلتسن گرنگ نەبوو، ئەوەی گرنگ و جێگای مەترسی بوو، تەنیا گەڕانەوەی کۆمۆنیزم بوو، سیستمێکی کە ساڵەهایە بە فەوتاو و مردوو و لە بەین چوو ناوی دەبەن.

لەگەلّ گەڕان بە نێو یادداشتەکانمدا تووشی ئەم کورتە نووسراوەش بووم کە ڕۆژنامەی (doma) چاپی بولّغارستان لە ژمارە ١٩٩٦/٥/١٤ دا نووسیبووی. من ئەودەم لە بولّغارستان بووم و دەقی نووسراوەکەم لە دەفتەری یادداشتەکانمدا تۆمار کردبوو. ئەمەش دەقی وەرگێڕاوی نووسراوەکەیە:

((١- ژەنەڕال (بۆریس گرومۆڤ) کە یەلتسن بۆ تەبلیغاتی هەلّبژاردن بۆ شارەکانی ناردوە، ڕایگەیاند کە پشتیوانی لە یەلتسن دەکات. چونکە هاتنە سەر کاری کۆمۆنیستەکان گەڕانەوەیە بۆ دواوە. ناوبراو هەروەها گوتی: ئەگەر یەلتسن لە هەلّبژاردندا سەر بکەوێ، هیوادارە بکرێتە وەزیری بەرگری.

٢- پاتریخا ئەلیکسێی دووەم (گەورەترین قەشەی ڕووسیا) داوای لە خەلّکی ڕووسیا کرد کە پشتیوانی لە یەلتسن بکەن و لە مەترسی کۆمۆنیستان وریایی دا بە خەلّك. ناوبراو گوتی: گەڕانەوەی کۆمۆنیستەکان بۆ دەسەلاّت مەترسییەکی گەورەیە.

بە دیتنی ئەم قسانەی گەورەترین قەشەی ڕووسیا تێلگرافی پاپی دوازدەهەمی واتیکانم وەبیر هاتەوە کە بە بۆنەی سەرکەوتنی فرانکۆی فاشیست لە شەڕی نێو خۆی ئەسپانیا و کوشتاری دەیان هەزار کەس

بۆ فرانکۆی ناردبوو. لە تێلگرافەکەدا دەڵێ: ((دڵ و گیانی خۆم لە بارەگای خودای تەعالا دەکەمە قوربانی لەگەڵ ئەو جەنابە سەبارەت بە سەرکەوتنی ئیسپانیای کاتۆلیك. سوپاسی دەکەین.))

یا پیرۆزبایی ڕێبەری میللی و مەزهەبی کوردستانی ئێران لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە بۆنەی کوشتاری کۆمۆنیستەکانی کورد و عەرەبی عێراقی بەدەستی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پشت ئاشان. دیتم فەرقی نیە، چ قەشەی ڕووسیا بێ و یا پاپی کاتۆلیك و یا مەلای موسڵمان دەبێ پشتی سەرکەوتوو بگرن هەر چەند جنایەت و تاوانیش بێ.

٣- گۆڤارێکی تازەی ڕەنگی دەستی کرد بە بلاوبوونەوە. لە ١٠ میلیۆن تیراژ بە خۆڕایی و بە بێ پارە لە ڕووسیا بلاو دەکرێتەوە. ناوی گۆڤارەکە ئەوەیە: (خودا بمانپارێزێ) ٢٠ ڕۆژنامە نووسی ٣٠-٤٠ ساڵە کاری تێدا دەکەن. گۆڤارەکە بە یارمەتی سەرمایەی شەخسی دەردەچێ کە دیار نیە خاوەنی کێیە و پارەی ئەم گۆڤارە لە کوێوە دێت..))

لەگەڵ دیتن و بیستنی قەیران و بارودۆخی ئیمڕۆی ڕووسیا، لام وابوو چ قەیدی نیە ئەم باسە لاوەکیە بێتە نێو یادداشتەکانم و ڕەنگە بۆ پەزیش زیانی نەبێ. نەك هەر ئەوە لەوانەیە بۆ لێ ورد بوونەوەی سیاسەت و ڕووداوەکانی جیهان و شارەزایی لەگەڵ گەمەی پشتی پەردەی سیاسەتی جیهانیش بێ کەڵك نەبێ. دوور نیە بۆ ئەو کەسانەش کە سەردەمێك خۆیان بە خەباتگێڕی ڕێگای ئازادی چەوساوەکان دەزانی، ئێستا کە بە زەوق و بەرقی بەهەشتی سەرمایەداری چەوسێنەر شاد

بوون، ببێتە مایەی توانجێك و بڵێن حسامی ئێستاش هەر لەعنەت لە زۆردار و چەوسێنەر و فریودەر و هەلپەرست دەکات.

گەڕانەوە بۆ سەر دەفتەری یادداشتەکانم

پاش ئەوەی برادەرانی ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو لە سوید ڤیزای سوریا و بلیتی چوون و گەڕانەوەیان بۆ ئامادە کردم، ڕۆژی ١٩٩٦/٨/١٢ بۆ بەشداری لە ئاهەنگی پەنجا ساڵەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەگەڵ کاك حەمید بەرواری و کاك ڕەشید عارف و کاك لوتفی باکسی سەعاتی ٧/٣٠ بەیانی بەرەو ڤێینا کەوتینە ڕێ. پاش ماوەیەك وێستان لە فڕۆکەخانەی ڤێینا، سواری فڕۆکەیەکی سوری بوین و نیزیك بە نیوەڕۆ گەیشتینە فڕۆکەخانەی شامی شەریف.! لە مەرکەزی جەوازات وەرەقەمان پڕ کردەوە و کاك ڕەشید عارفیش لێمان بووە چاو ساغ و دەمڕاست کە لام وابوو هیچ پێویستی نەدەکرد. کاتێ پاسپۆرتیان لە من وەرگرت و کابرا خستیە نێو کۆمبیوتەر، پرسی: ئەسڵی. بە ئەسڵ خەڵکی کوێی. بەر لەوەی من وەڵامی بدەمەوە، کاك ڕەشید عارف هەڵیدایە و گوتی: ئێران. ئەوەندە بەس بوو بۆ ئەوەی کە من و کاك لوتفی باکسی لە برادەرانی عێراقی جیا بکەنەوە. کوردە عێراقیەکانیان بۆ لایەکی دیکە برد و ئەمەشیان ڕاگرت. تازە هیچ نەدەکرا، کاك ڕەشید عارف لە خۆوە کارەکەی تێکدابوو. پاش نووسین و چاو لێکردن بۆ پارە، تێپەڕ بووین و سەربازەکەی پەنا کابرای نووسەر، بێ ئەوەی هیچ شەرم بکا گوتی: بەخشش. پێنج دۆلارم دایە سوپاسی کرد. لە سوریا نەبێ، پێم وانیە لە

هیچ دەوڵەتێکی دنیا ئاوا بە ئاشکرا داوای پارە لە موسافیر بکەن. دیارە کوردستانی باشوریش چونکە دراوسێی تورکیا و سوریایە، لەم دابە درێو و شەرمەزارییە بە دوور نیە و بەڵگەی زیندووم بەدەستەوەیە و خودا بکا یەکێك بڵێ وانیە. تورکیاش ناکرێ لەم گەریانە هەڵباوێژرێت.. سەیر ئەوە بوو لوتفی گوتی: زۆرت دایە. یەك دۆلاریشی وەردەگرت. چووینە ژوور. فڕۆکەخانەی چی. کاروانسەرایەکی چۆڵ و هۆڵ. چەند کەسی گومرگ و حەمبالێ دەهاتن و دەچوون و چاویان لە دەستی موسافیران بوو، شتێکیان بدەنێ. جانتا و کیفمان هەڵگرت و کەس نەبوو باسی گومرگ و پشکنین بکا، چووینە دەرێ.

برادەرانی دیکە لەوێ و لە گەرمای سووتێنەردا چاوەڕوان بوون. سواریان کردین بۆ (هوتێل النخیل). لای ئێوارە درەنگ کاك عومەر بۆتانی نوێنەری پارتی لە سوریا پەیدا بوو، شەو بردینی بۆ ڕەستورانێکی خۆش و میوانداریەکی شایاز. پاشان کاك عومەر گوتی: ناوی ئێوە لەسەر ڕووبارە بۆ پەڕینەوە. بەڵام تا چەند ڕۆژی تر بۆ قامیشلی فڕۆکە نیە. باشترە بە ماشێن بڕۆن تا وەدوا نەکەون. ئێمە لە خوامان دەویست زووتر بگەینە قامیشلی و لە ڕووبار بپەڕینەوە و بگەینە ئاهەنگی پارتی کە ٨/١٦ دەست پێدەکرا.

ڕۆژی ٨/١٣ سواری ماشێنێکی لەندرێوەر بووین و بەرەو قامیشلی. لە ڕێگا لە ڕەستورانی ئەلبورج لاماندا. شوێنێکی تا بڵێی جوان و پاك و خۆش و خاوێن. نان و ماست و پەنیر و هەنگوێن و کەرەیەکی خاوێن و خۆشمان خوارد. لەوێوە کەوتینە ڕێ و دوای ٦ سەعات ڕێگا گەیشتینە کۆبانی. ناوچەیەکی کوردانە و وەك دەیانگوت ٣٦٠ گوندی کوردان لەو

ناوچەیەدا هەیە. لە پێش چایخانەیەك ڕامانگرت. دەنگی گۆرانی کوردی دەهات. ئێمە هاتینە خوار و چووین لەبەر هەیوان لەسەر مێزێك دانیشتین. براەدرێك هات بە کراسێکی درێژ و پێلاوێکی سەرپێیانی عەرەبی ئاسا، (ئەگەر کاك جەلال دەباغ پێی ناخۆش نەبێ). دەرکەوت کوردە و خاوەن چایخانەیە. بەخێراتنی کردین و ناوی خۆی گوت: حوسێن– باوی هۆگر. پاشان ڕووی کردە من و گوتی: ناوی تە چیە. تە لە تەلەڤیزیۆنی med دەرچووی.

گوتم: ئەز هەڤاڵی سەلاح بەدرەدینم، تە ئەو ناس دەکەی؟

– ئەرێ ناس دەکەم. ئەو سەرۆکی هاوگرە. تە نە هەڤاڵی وی.

– گوتم ئەو سەرۆکی هەموو کوردی سوریایە.

– بلاّ ئەو سەرۆکی خۆی بێ بەسە.

هەموو پێکەنین. کاتێ ویستمان پارەی چایخانە بدەین. پارەی لێ وەر نەگرتین.

بە کورتی پاش ۹ سەعات ڕێگا و گەرمایەکی بێتام، گەیشتینە قامیشلی پێتەختی کوردان.! هەر لە سوریا ناوی هوتێلێکیان بە شۆفێر گوتبوو. براەدرانی مەکتەبی قامیشلی هوتێلێکی دیکەیان ڕێزێرڤ کردبوو. چووینە هوتێلی یەکەم لە سوریا ناویان دابوو. لەگەڵ تەویلە هیچ فەرقی نەبوو. من گوتم من لێرە نابم. چوار پێنج کورد لە دەورەمان کۆبوونەوە و هاتن منیان بە خێراتن کرد و گوتیان تە لە تەلەڤیزیۆن دەرچووی. هوتێلی باش هەیە و هەڤاڵان هەموو لەوێ دێنە خوار. گوتم ئێمە میوانی پارتین، ئیتر ڕۆیشتن. بردیانین بۆ هوتێلەکەی تر. تۆزێ بە ناموستر بوو. یەکێ

لە برادەرانی مەکتەبی پارتی لە قامیشلی هاتە لامان و گوتی مەحمود لەسەر ڕووبارە، خەڵکی تر ڕەوانە دەکا دەبێ ئەو بێتەوە ناوەکانتان بدا بە بەرپرسی موخابەرات. گوتمان عومەر بۆتانی گوتوویە ناوەکانتان لەسەر ڕووبارە و سبەی دەپەڕنەوە.

کابرا گوتی: عومەر بە ئێمەی گوتوە کە لیرە ناوەکان تەقدیم بکەین، دەبێ مەحمود بێتەوە ناوەکان بدات.

شەو لە چێشتخانەیەکی شاز میواندارییان کردین، بەڵام تامی نەبوو، چونکە وەک ئەوان باسیان دەکرد، دەبوایە ناوەکان بچنەوە دیمەشق و لەوێوە موافەقەت بکرێ. چەند ڕۆژێکی دەکێشا و ئێمە نەدەگەیشتینە ١٦ی مانگ کە ڕۆژی جێژنەکە و دامەزرانی پارتی بوو.

بەیانی بردیانین بۆ مەکتەبی پارتی لە قامیشلی. مەحمود ناوەکانی نووسین و گوتی هەوڵ دەدەم. عومەر ناوەکانی نەداوە، دەبێ من لیرە تەقدیمیان بکەم. سەر لەنوێ ناوەکانمان نووسی و دامان بە مەحمود.

٨/١٤ هەموومان زۆر ناڕەحەتین. عومەر بۆتانی درۆی لەگەڵ کردووین. ناو و ئیجازەی پەڕینەوەی نەناردوە. تازە مەحمود قایمەی نوێ کردۆتەوە تا بیدا بە موخابەرات و ئیجازەی پەڕینەوە وەربگرێ.

من لە ڕێگای مەکتەبی پارتیەوە برادەرانی کاك سەلاح بەدرەدینم دیتەوە. حەمەدەمین هاتە هوتێل و بردمی بۆ ماڵی خۆیان. کاك مستەفا جومعە و دکتۆر عەبدولکەریمی بۆ کاك سەلاح و یەک دوو برادەری دیکەیان لەوێ بوون و ئەوانیش داوەت کرابوون و چاوەڕوانی پەڕینەوە بوون. دکتۆر عەبدولکەریم پێی دادەگرت کە لە هوتێل نەبم و بچم لە

مالّی ئەوان بمێنمەوە. بۆ ئێوارەش دکتۆر عەبدولکەریمی بۆ کاک سەلاح داوەتێکی گەورەی ساز کرد و چەند برادەری داوەت کرد بوون و باس و برسیارێکی زۆر هاتنە گۆڕێ.

ڕۆژی ٨/١٥ بەیانی دەسکۆی مێردی موعتەبەر شێروانیم لە هوتێل چاو پێکەوت. هاتە لام و گوتی لە دووڕەوە دەتناسین. ئەویش لە ئەمریکاوە هاتبوو بۆ بەشداری لە ئاهەنگی ٥٠ سالّەی پارتیدا دەچوە کوردستان. هێندێ کتێبم لە گەلّ خۆ بۆ برادەرانی هەولێر بردبوو، گوتم بەم حالّە وا دیارە ئێمە ڕێگا نادرێین. کتێبەکانم دا بە دەسکۆ بۆ موعتەبەری خوشکی کاک قەرەنی قادری وەک دیاری. تەلەفۆنم بۆ عومەر بۆتانی کرد و گوتم ئەم ئۆینە چیە.؟ ئێوارە مەحمود هات و گوتی: موافەقەت کراوە، بەلاّم بەرقیە نەهاتوە. سبەی دەڕۆین. شەو دکتۆر خەلیل ڕەشید داوەتی کردین. دکتۆر خەلیل ڕەشید کوردێکی سوریا و سالّی ١٩٨٤ لە ئەستەمبولّ لەگەلّی ببومە ئاشنا و لە سۆفیا هاتبوە مالّمان، پیاوێکی دلّسۆزی جوامێری نیشتمانپەروەری تێگەیشتوو. مالّێکی سەر ئاوالّە و میوانداریەکی تەواو کوردانە و دانیشتنەکە ئەوەندە خۆمانە و دۆستانە بوو، خەمی سەفەری لە بیر بردبووینەوە. برادەرانی لەگەلّم بوون، پێیان سەیر بوو، دەیانگوت ئێمە لێرە پتر میوانی تۆین تا میوانی پارتی. ڕۆژێکی دیکە دکتۆر عەزیز فەرمان داوەتێکی پیاوانەی کرد ئەویش سەردەمێك لە سۆفیا دەیخوێند و نێوانمان خۆشبوو. چوو بووە سۆڤێت و هاتبۆوە لە قامیشلی خەستەخانەی تایبەتی دانابوو. لە هەمووی خۆشتر کاك لوتفی باکسی بوو. کاتێ ئەو برادەرە کرمانجانەی قامیشلی وا لە دەورەم دەبوون و داوەت و میوانداریان دەکرد، کاك

لوتفیم هەر لەگەڵ بوو، لەگەڵ زۆریان بە خزم دەرچوو کە یەکتریان نەدەناسی. بنەچەکە و بنەماڵەی خۆیان دەبردەوە سەر یەک و دەرکەوت هەموو ناسیار و خزمی یەکترن و هەمووش لە تورکیاوە هاتوون. عەبدولاّ ئۆجەلان بە خۆڕایی نەیگوتوە: ((لە سوریا نە کورد هەیە و نە کوردستان ئەو کوردانەی سوریا هەموو لە تورکیاوە هاتوون.)) !

ڕۆژی ٨/١٦ بەیانی مەحمود هات. کاك حەمید بەرواری و کاك ڕەشید عارفی سوار کرد کە بەڕێیان بکات و بە ئێمەی گوت: ((بەرقیەی ئێوە نەهاتووە بەلاّم دێت،)) نامەیەکم بۆ کاك مەسعود نووسی و دام بە ڕەشید عارف و گوتم ئەوە چەند ڕۆژە لێرە ڕایان گرتووم. هەر وەها ئەم وتارەی خوارەوەش کە بۆ پێشکێش کردن لە یادی ٥٠ ساڵەی پارتی نووسیبووم، لەگەڵ نامەکە ناردم بەڵکو لەوێ بیخوێننەوە، ئیتر لێشی بێ خەبەر بووم کە داخوا خوێندرایەوە یان نا، بەلاّم دیار بوو ناخوێندرێتەوە، چونکە ئەوان ڕۆژی ١٦ ڕۆیشتن و ئاهەنگەکە تەواو دەبوو. بەلاّم ئێستا کە نوسخەی وتارەکەم ڕاگرتوە لێرەدا بلاّوی دەکەمەوە. ئەمەش دەقی وتارەکەیە:

پیرۆز بایی لە دامەزرانی پەنجا ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان

((زۆر بە شانازی دەزانم کە لەسەر داوەتی لیژنەی بالآی یوبێلی زێڕینی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم ئاهەنگە پیرۆزەدا بەشدارم و دەتوانم لە نێزیکەوە سااڵرۆژی پەنجا ساڵەی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، پارتی بارزانیی نەمر بە سەرۆکی پارتی و بە ئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و بە هەموو ئەندام و لایەنگر و دۆستانی پارتی پیرۆز بایی بڵێم.

بەشداری لە ئاهەنگی سااڵرۆژی دامەزرانی پارتی و نێزیکی زیاتر لە پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو، بۆ ئێمە کوردەکانی کوردستانی ئێران مانا و مەفهومێکی تایبەتی هەیە. لە بیرمان نەچێ کە بیری دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەژێر تەئسیری حیزبی دیموکرات و لەناو جەرگەی کۆماری کوردستان، هەوەڵین دەسەاڵتی نەتەوەی کورد هەڵقوڵاوە و پاشانیش ماوەی پەنجا سااڵ خەباتی بێ وچانی خۆی لە پێناو ئازادی و سەربەستی کورد دا درێژە پێداوە. بەداخەوە ئێستا ئێمە پاش پەنجا سااڵ لە هەل و مەرجێکی زۆر دژوار و نالەباری خۆجێییدا یادی ئەو رۆژە پیرۆزە دەکەینەوە. من چەندە دڵشاد دەبووم کە ببینم هەموو هێزەکانی کوردستان بە تێکڕایی و بە یەك دەنگ پەنجا ساڵەی دامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستان پیرۆز بایی دەکەن.

بێگومان گەلی کورد بە گشتی و بە تایبەت کوردەکانی کوردستانی خواروش چەندە شاد دەبوون کە دیتبایان ئیمڕۆ لەم کۆبوونەوە و لەم

تریبونەدا مام جەلال وتارێکی پڕۆزبایی و بانگی یەکێتی یەکی ئەو تۆی پێشکێش کردبایە کە بە بۆنەی یادی سالڕۆژی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر دا لە کۆبوونەوەی جەماوەری هەولێر، بە خەڵکی ڕاگەیاند. هەقیش هەر وابوو. چونکە هەمووی ئەو کەسانەی کە ئێستا لە کوردستانی خواروو بە سیاسی و ڕێبەر و تێکۆشەر دەناسرێن، لە ئامێزی ئەم حیزبەدا پەروەردە بوون و لەژێر سێبەری هەوەڵین سەرۆکی پارتیدا پێگەیشتوون و هەڵیانداوە.

برایانی بەڕێزی پارتی دیموکراتی کوردستان– یەکگرتوو!

لە یادی ٥٠ ساڵەی پارتیەکەتاندا، لە بەرانبەر گەلی کورد، نەک هەر لە کوردستانی خواروو، بەڵکوو لە هەموو بەشەکانی کوردستان ئەرکێکی گرنگی مێژوویيتان دەکەوێتە سەر شان، چونکە هێزی سەرەکی پڕ ئەزموون و خاوەن خەباتێکی دوور و درێژی کورداینە. هەر بۆیەش گەلی کورد ئیمڕۆ چاوی بڕیوەتە بارودۆخی داخداری کوردستان و هەڵوێست و کردەوە و سیاسەتی ئەم دوو هێزە سەرەکیەی کوردستانی خواروو کە کوردستانیان لە گەلی کورد کردۆتە جەهەندەم و کارێکی وایان کردوە کە خەڵك ئاوات بە کفن دزی هەوەڵێ بخوازێ. کوردستانی عێراق کە هەمیشە پەناگەی کوردی ئاوارەی بەشەکانی دیکەی کوردستان بوە، ئێستا کراوەتە کوشتارگای پەنابەر و ئازادیخوازانی کورد و لەشکری حکوومەتی داگیرکەر لەنێو دڵی کوردستان و لەژێر ناوچەی دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ئاوارە و پەنابەری کورد وەبەر تۆپ و خومپارە دەدات.

دوژمنانی نەتەوەی کورد دەستیان خستۆتە نێو کار و باری نێوخۆی

کوردستانی ئازاد و لە رێگای جۆر بەجۆرەوە خەریکن ئەم دەسکەوتە مێژوویییەی نەتەوەکەمان لە بەین بەرن و جارێکی دیکەش گەلەکەمان بخەنەوە ژێر نیری کۆیلەتی و ژێر دەستیی. پوونـاکبیرانی کورد لە دەرەوەی ولآت کاتێکی دەنگ و باسی ولآت سەبارەت بە کردەوەی چەپەڵ و لە ژێر پێنانی ماف و کەرامەتی مرۆڤ و کوشتنی ژنان و تالآن و دەرکردن و ڕەشە کوژی دەبیسن، شەرم دەیانگرێ.

هیوادارم پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو، لەژێر تیشکی گۆڕانکارییەکانی ئیمڕۆی جیهاندا، لە باری کردەوە و تەبلیغات و ڕێز گرتن لە مافی مرۆڤ و لە دەربڕینی بیر و ڕای موخالیف و شێوەی ڕێبەرایەتی گۆڕانێکیی ئەوتۆ پێك بێنێ کە ببێتە ڕێکخراوێکی بەڕاستی دیموکرات و کورد شانازی پێوە بکات.

جارێکی دیکەش سەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و سەر بەرزی پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو بە ئاوات دەخوازم.))

ئەوان ڕۆیشتن و من و کاك لوتفی ماینەوە. تەلەفۆنم بۆ عومەر بۆتانی کرد، لە وەلآمدا گوتی: مەحمود گەرەك چێ بکا. مەحمودیش دەیگوت عومەر نەیویستوە. بە کورتی سەفەری من لە سۆنگەی ناتەبایی نێوان عومەر بۆتانی و مەحمود گەرگەر سەری نەگرت. برادەرانی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق دەیانگوت: بە ئێمەت گوتبا، یەك ڕۆژ دەمان پەراندییەوە. بە مەحمودم گوت خۆم دەڕۆم و ١٠٠ دۆلاریان دەدەمێ لەوانەیە بە سەیارەی خۆیان بمگەیەننە هەولێریش. مەحمود دەیگوت فێری ئەوەمان نەکردوون. لە کاتێکا درۆی دەکرد. هەم خۆیان فێر

ببوون و هەم ئەوانیشیان فێر کردبوو وەک خەڵک لەوێ باسی دەکردن.

لەگەڵ حەمەدەمینی برادەری کاک سەلاح چووینە مالّی خوا لێ خۆشبوو جگەر خوێن و لە پەنا قەبرەکەی پەسمێکمان گرت. خێزانی پیر و کەوتوو لە جێدا بوو. کیژەکەی بە خێراتنی کردین و قاوەی ساز کرد. عەبدولڕەحمان بەرزنجی ئەندامی پارتی پێشکەوتن لەوێ بوو، گەلێکی پرسیار کردن. سەعاتی ١٢ دەگەڕاینەوە هوتێل. هیچ خەبەر نەبوو. بۆ فراوین چووینەوە مالّی حەمەدەمین. بۆ نەگبەتیان تاقمی ددانم کە لە بولّغارستان بۆیان دروست کردبووم شکا. ڕۆژی هەینیش بوو. حەمەدەمین گوتی برادەرێکمان هەیە لە بولّغارستان تەواوی کردوە و دکتۆری ددانە و ناوی شەلالە. گوتم تەلەفۆنی بۆ بکە دەیناسم. حەمەدەمین تەلەفۆنی بۆ کرد و دکتۆر شەلال هات. چووینە مەتەبەکەی. ددانەکانی بۆ چاک کردمەوە و ئێوارەش شایی بوو، ژنی بۆ برای دەگوێزتەوە. دەگەڵ کاک لوتفی لەوێش هێندێ خزم و ناسیاری کۆنی دیتنەوە.

ڕۆژی ٨/١٧ مەحمود گوتی بەرقیە هاتوە. بڕوام بەو نەکرد، تەلەفۆنم کرد بۆ عومەر بۆتانی، گوتی بەرقیەیان ناردوە. دوای نیوەڕۆ چوومە سەردانی عەبدولاّی مەلا عەلی، یەک لە کەسایەتیە ناسراوەکانی کوردی سوریا کە ٩ سالّ لە زیندانی بەعسی سوریا دابوە. باسی زیندانی بۆ گێڕامەوە کە ٩ سالّیان گرتوە و پرسیاریان لێ نەکردوە، گازندەیەکی زۆری لە سیاسەتی حیزبە کوردییەکان هەبوو. دەیگوت: بە شاندوویانین و دەمان بەشێنن. ٥٠ هەزار کەس پێشوازی لە مەسعود بارزانی دەکا، هیچ نالّێن. بەلاّم ئەگەر وشەی (ڕێزان) لە سەر دەرگای دوکان

بنووسین، دەیهێننە خوارێ و ڕێگا نادەن ئەم وشە کوردیە لە دیواریش بنووسرێ. گوتی: کاتێ لە زیندان بووین نامەیەکمان بۆ مەسعود بارزانی نووسی و گوتمان: ئێمە بۆ فیداکاری ئامادەین، لەسەر ئێمە پێوەندیی خۆتان تێك مەدەن. بەلأم جارێك سوپاسیشیان نەکردین و لێیان نەپرسین. مەسعود و جەلال لەسەر حیسابی کوردی سوریا ڕێکخراویان لێرە دامەزراند. گلەیی زۆر بوون و هەر ئەوەندەم پێ یادداشت کرا و بە پێویستم زانی لێرەشدا تۆماریان بکەم. ئەو ڕۆژەش تا ئێوارە هیچ خەبەر نەبوو. تەلەفۆنم بۆ عومەر بۆتانی کرد و گوتم: من دەگەڕێمەوە و چیتر لەسەر درۆی ئێوە گیر نابم. هەر لەو برادەرانەی لەوێ دۆزیبومنەوە، یەکیان بەناوی مراد داوەتی کردین بۆ دیرکێ و عین دیوار لەسەر دەجلە. سەفەرێکی خۆش بوو. لەوبەری دەجلە جزیرە دیار بوو، لە مالّی مرادی تەلەفیزیۆن هەبوو، تەلەفیزیۆنی پارتی وەردەگرت. ئێمە لە تەلەفیزیۆن تەماشای ئاهەنگی شوان پەروەرمان دەکرد لە دهۆك. هەموو خەلّکی گوندەکە گەورە و بچوك لە حەساریّ هاتبوونە سەیری تەلەڤیزیۆن. بەشی زۆری گۆرانی و قسەکانی بە سۆرانی نیشان دەدا. منیش بە گالّتە گوتم: ئەرێ ئەوە چیە، ئەوانە بۆ بە کوردی گۆرانی نالّێن هەمووی هەر سۆرانییە ! . تێکڕا جەماعەتەکە گوتیان وەلاّ بڕا ڕاست دەبێژی، ئێمە هیچ فامناکەین. !

ڕۆژی ٨/١٩ بەیانی مەحمود و سەلاّح هاتن، لە جیاتی بەرقیەی پەڕینەوە، بەرقیەی کاك مەسعودیان پێبوو کە بۆ مەکتەبی دیمەشقی ناردبوو. مەحمود بڕێکیش توڕە بوو کە بۆچی نامەم بۆ کاك مەسعود نووسیوە. گوتم کۆپیەکی بەرقیەی کاك مەسعودم بدەیە. کۆپیەکیان بۆ

هێنام و ئەوەش دەقی بەرقیەکەیە:

((الی م. دمشق/ م. القامیشلی. من /م.ب ١٣٣٥-١٨/٨/١٩٩٦

لقد كان السيد كريم حسامی مدعوا من قبلی شخصيا و جا الی القامشلی، لكنة لم يستطيع العبور بسبب عدم اهتمامكم بـه حسـب مـا اخبرتـی فـی رسالته اطلب توضيحا عن هدة الموضوع و انا متاثر جدا.))

پاش ئەوە مەحمود گوتی: تازە عومەر بۆتانی گوتوویە کە چونکە عێراقی نین، ناتوانن بچەرنەوە. هەروەها گوتوویە تا بلیتی فڕۆکەتان بۆ بکڕین بۆ دیمەشق و لەوێڕا بگەڕێنەوە. گوتم نامەوێ بچمەوە دیمشق و بلیتی تەیارەشمان ناوێ. هەر ئێستا پاس هەیە بۆ حەڵەب، سوار دەبین و دەڕۆین. دکتۆر خەلیل و دکتۆر عەبدولکەریم و محەمەد عەلی و حەمەدەمین و یەک دوو برادەری دیکەی کوردی سوریام لەگەڵبوون. دکتۆر خەلیل دەیویست چەند ڕۆژێك لای ئەو بمێنمەوە. سەبارەت بە درۆ و فریوی نوێنەرانی پارتی، سوریاشم لە پێش چاوان کەوت. هەر لە ڕۆژی هەوەڵەوە عومەر بۆتانی درۆی لەگەڵ کردبووین. هەر ئەو ڕۆژە سواری پاس بووین و بەرەو حەڵەب کەوتینە ڕێ. حەمەدەمین تەلەفۆنی کرد بۆ کاك مستەفا جومعە لە حەڵەب لە تەرمینالێ چاوەڕوانمان بن. دیارە مەحمود پارەی ئوتوبوسی دا، هەر چەند دکتۆر خەلیل دەیویست بلیتمان بۆ بکڕێ. بەڵام مەحمود نەیهێشت، بلیتی ئوتوبوسی کڕی و سوار بووین بۆ حەڵەب. لە حەڵەب کاك مستەفا جومعە لە تەرمینالێ چاوەڕوانمان بوو، چووینە ماڵی کاك مستەفا. شەو برادەرانی کاك مستەفا لێمان وەکۆ بوون و بە باسی سیاسی و قسەی خۆش شەوێکی

خۆشمان بردە سەر. بەیانی سواری فڕۆکە بووین و هاتینەوە ستۆکهۆڵم.

کە هاتمەوە مالێ نامەیەکی برادەرێکی نە ناسراوم بۆ هاتبوو بەناوی دکتۆر نوری هێرش. هەر وەك بۆ خۆم کردۆتە باو، لێرەدا نامەی ئەو برادەرەش بلاو دەکەمەوە. بۆچوونی برادەرێکە و زیانی بۆ کەس تێدا نیە، ئەمەش نامەی دکتۆر نوری هێرش:

((... مامۆستای بەڕێز و هەڤاڵی تێکۆشەر کاك کەریم. ڕۆژ باش!

لە کانگای دڵمەوە هیوادارم لە خۆشیدا و لەش ساغ و بێ وەی بیت. ماوەیەکی زۆرە نیازمە چەند دێڕێکت بۆ بنووسم، بەڵام لەبەر نەخۆشی و گیر و گرفتی ناهەموار و کار و پاشان نەخۆشی جەنابتان دوا کەوتم، بێ ئەوەی لە یادتان بکەم.

بەڕێز! ئەوە ساڵێك ئەبێت لەگەڵ دوو برادەری کوردا لە بەرلین پیاسەمان ئەکرد و بە کوردی ئەدواین لەبەردەم دوکانێکا کابرایەك سەوزە و میوەی ئەهێنا بەر دەم دوکانەکەی کە ئێمەی دی بە کوردی وتی: ڕۆژتان باش. چووینە دوکانەکەی گوتی خەڵکی کوردستانی ئێرانە. دوای ئەمە چەند جارێك شەمۆیان ئەچووینە لای ئەم برادەرە شتمان لێ ئەکڕی، ڕۆژێك دیم خەریکی خوێندنەوەی نامیلکەیەکی کوردی یە. لێم پرسی ئەوە هی کێیە؟ وتی بیرەوەرییەکانی (کەریمی حسامی) یە. وتم ئەتوانی بمدەیەی بیخوێنمەوە؟ وتی نە. بەڵام ئەگەر ئەتەوێت داوا ئەکەم بۆت بێت. منیش پەسندم کرد. دوای چەند هەفتەیەك کە چوومە لای بە زەردە خەنەوە وتی: بیرەوەرییەکان هاتن و دەستی برد پتر لە دە کتێبی دەرهێناو وتی: نرخیان سەد مارکە.

منیش هەرچەندە ناوی جەنابتانم بیستبوو وەکوو یەکێك لە سەرکردەکانی دیموکرات و هەندێ گلەییشم هەبوو کە ماوەیەك لە بەغدا بوون لای دەولّەتی عەرەبی عێراق. بەلاّم لەمە زیاتر هیچی ترم بەرانبەر بە جەنابتان نەئەزانی: (جا ئێستا ئەو هەموو کتێبە چۆن ئەخوێندرێنەوە، خوا ئەزانێ چی تیایە و سەد مارکیش بدە. من ئەوکاتەم کوا بۆ ئەو هەموو بیرەوەرییانە) لەگەلّ خۆم بە خۆم گوت. بەلاّم سەد مارکم دا و کتێبەکانم هەلّگرت و هاتمەوە مالّ لەوێ لەسەر مێز دامنان، چەند هەفتەیەك هەر سەیرم نەکردن.

ڕۆژێك دەستم دایە یەکێکیان و دەستم کرد بە خوێندنەوەی، کاتێ سەرم هەلّبڕی نیوەم تەواو کردوە. جا ئیتر دەستم کرد بە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکان لە ژمارە یەکەوە. ئەوەندە جوان و خۆش و بە زووبانێکی کوردی سروشتی نووسراون کە پیاو حەز ناکات خوێندنەوەکە بەجێ بهێلّێت، ناوەڕۆکەکەی ئەوەندە دەولّەمەند و بە پیتە کە خوێنەر هەست بە ماندوو بوون و ئۆقرە گرتن ناکات.

مامۆستای بەڕێز: بیرەوەرییەکانت نەك (١٠٠) مارك بەلّکوو نرخیان بە پارە تەواو نابێت و خۆی لە خۆیانا قوتابخانەیەکی فرە گەورەن لە خەبات و بەرخۆدانی گەلی کوردستان لە پێناو ئازادی و یەکێتی و سەربەخۆبوون.

بەلای منەوە ئەم نامیلکانە ئەبوایە بکرانایە بە بلاّوکراوەیەك و سەرچاوەیەك بن کە کورد لە گشت هەندەران بیخوێننەوە بۆ ئەوەی تێبگەن جولاّنەوەی کوردایەتی چۆن و بەرەو کوێ ئەڕوات. هەر چەندە من هەندێ ڕوون کردنەوە و نیمچە ڕەخنەم لەسەر هەندێ شت هەیە

بەڵام ئەمە شتێکی سروشتییە. هەزار ئافەرین کاك کەریم. پیاوی وەکو تۆ لە ناو گەلانی خوێندەوار و خاوەن (فەلسەفەی نەتەوایەتی) هەر بە زیندوویی پەیکەریان بۆ ئەکرد وەك قارەمانێکی نەتەوایەتی، بەڵام هەزار داخ بۆ گەلی کوردی هەژارمان. لەگەڵ جوانترین سلاّوم هەر بۆی. دکتۆر نوری هێرش. بەرلین ١٩٩٦/١٠/٢٢))

دکتۆر نوری لوتفی کردوە. من خزمەتکارێکی ئەوتۆی نەتەوەکەم نیم کە شایانی ئەم لوتف و پەسنە بم، بەڵام ئەوە بۆچوونی خۆیەتی و منیش پڕ بە دڵ سوپاسی دەکەم.

کارەساتێکی دڵتەزێن

١٩٩٦/١٢/١ خەبەری کۆچی دوایی کاك نەبی قادری-م پێگەیشت. خەبەرێکی تاڵ و دڵتەزێن بوو. کاك نەبی قادری ئینسانێك بوو هێدی، بێ فیز، نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز و تێکۆشەرێکی کۆڵنەدەر. لە نێو دۆست و هاوسەنگەرانیدا خۆشەویست و بەڕێز بوو. کاك نەبی لەسەردەمی دیکتاتۆری پاشایەتیدا هەرچەندە لە باری شەخسی و بنەماڵەیی لە کەش و هەوایەکی نا سازگار و چەوساوەییدا نەدەژیا، بەڵام بە قوولّی هەستی بە ژێردەستی و ستەمدیدەیی نەتەوەکەی دەکرد و سەری لە جمو جۆڵ و تێکۆشانی سیاسی دەخورا و هەوڵی دەدا کە ڕێگای خەبات بدۆزێتەوە و بە گوێرەی توانا بۆ ئازادی و ڕزگاری گەلەکەی تێبکۆشێ. لە سەفەرێ ئەوروپا لە پاریس لەگەڵ دوکتۆر قاسملو پێوەندی دەگرێ و دێتە ڕێزی تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی و لە گەڕانەوە دا بە گوێرەی هەلومەرجی ئەوێ ڕۆژێ بۆ ڕوون

کردنەوەی کەسانی بڕوا پێکراوی دەور و بەری خۆی دەست بەکار دەبێ. دوای ڕووخانی ڕژێمی شا و ئاشکرا بوونی تێکۆشانی حیزبی دیموکرات کاك نەبی وەك کادری خاوەن پێشینەی ناوچەی شنۆ دێتە نێو کۆڕی کار و باری سیاسی و تەشکیلاتی حیزب و لە دەستەی نوێنەرایەتی حیزبی دیموکراتدا بۆ چاوپێکەوتنی خومەینی و بەڕێوەبەرانی ئەوسای حکوومەتی جەمهوری ئیسلامیدا بەشدار دەبێ. کاك نەبی لە خەبات و تەنگ و چەڵەمەکانی کوردستاندا لە ناوچەی شنۆ و دەور و بەر بەشداری دەکا. لە کۆنگرەی پێنجەمی حیزبی دیموکراتدا بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێ و تا ڕۆژی مالاوایی لە گەل و نیشتمان و خۆشەویستەکانی لەم پلەیەدا درێژە بە تێکۆشانی دەدا. کاك نەبی هەرچەند ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات بوو، بەڵام کەسایەتی خۆی دەپاراست و درۆیشێکی مێشك بەستەڵەك نەبوو. ڕەنگە بۆ نیشاندانی سەربەخۆیی فیکری و شەخسیەتی کاك نەبی قادری ئەوە کەم نەبێ کە لە چاو هەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات لە ئەوروپا تا هاتبێتە سوید سەردانی منی دەکرد و پێوەندی دۆستانەی لەگەڵ من پاراست و چەند نووسراوەیەکی پێویست و بە کەلکی دامێ کە بە کاری نووسینەکانم دەهاتن. بە داخی گرانەوە ١٥ ڕۆژ پێش ئەوەی دڵە گەورەکەی لە لێدان بکەوێ، بە تەلەفۆن قسەمان کرد و گوتی ئەوە نایەی سەرم بدەی؟ پێم خۆشە بتبینم و هێندێ قسان بکەین. جارێکی دیکەش بە داخەوە ئەم ئاواتەی خۆم و کاك نەبی نەهاتە دی و خەبەری داخدارم پێگەیشت.

لەگەڵ سەرهەنگ قادری و خوشکە مریەم و کوڕەکانی چووینە دانیمارك

هاوەردی و بەشداری خۆمان لە داخ و کەسەرە ڕابگەیەنین. لە هەموو ئەوروپا دۆستان و هاو سەنگەر و هاو ولاتانی کاك نەبی بۆ بەڕێکردنی لە دانمیارك کۆبوونەوە و مالاوایان لێ کرد. لەسەر قەبران بە چەند وشەیەکی کورت و بە دڵێکی داخدارەوە خوا حافیزیم لێ کرد.

ڕۆژی دوایی لەگەڵ صالح خان و صادقخانی زەرزا بۆ سەردانی محەمەدی خوارزام چوومە هۆڵەند. لە مالی سالح خانەوە تەلەفۆنم کرد بۆ محەمەد و لەگەڵ بەڕێز مەلا فەرمان برادەرێکی یەکێتی نیشتمانی هاتن و چووینە شاری دریختند. شەو ڕێزدار مەلا فەرمان داوەتی کردین و لە میوانداریەکی کوردانە دا، دانیشتنێکی خۆشمان بردە سەر هەرچەندە لە بواری بۆچوونی سیاسی و لێکدانەوەی ڕووداوەکان ڕێك نەبووین. لە هەمووی خۆشتر میوانگری و دلاواڵەیی خێزانی مەلا فەرمان بوو. گوتی: کاك کەریم درەنگ زانیم کە میوانی ئەگەرنا یاپراخم بۆ ئەکردی.! سوپاسم کرد و شەو درەنگ گوتی: ((ئەبێ نەستەلەت بۆ بکەم)) هەر چەندی گوتم سوپاس و پێی ناوێ، بە خوای نەستەلەی بۆ کردین و دەرخواردی داین. جا نوکتەیەکی کاك محەمەدی موهتەدیم وەبیر هاتەوە لەسەر ئەم (لێنان و کردنە) دەیگوت: ((برادەرانی سولەیمانی ئەیکەن جا ئەیخۆن. بەلام ئێمە دەیخۆین جا دەیکەین)!

ڕۆژی ١٢/١٠ چوومە سەردانی کاك تاهیری کەمالیزادە و براکانی. چەند ڕۆژێك ئیجازەی نەدا بڕۆم و لە خزمەت ئەو برایانەدا ڕۆژەکانی خۆشمان بە باسی سیاسی و قسەی خۆش و یادی ڕابردوو بردە سەر.

ڕۆژی ١٢/١٤ هەموومان چووینە سەردانی شاعیری بەناوبانگ و شەخسیەتی ناسراوی موکریان مامۆستا حەقیقی کە بۆ سەردانی

کوڕەکانی هاتبوە ئەورووپا. وەك خۆی فەرمووی تەمەنی مامۆستا حەقیقی لە تەمەنی ٩٤ سالّیدا بوو.

دیدارێکی زۆر خۆش و بەتام و چێژ بوو. لە پادەبەدەر شادی خۆی لە دیتنی ئێمە پاگەیاند. پۆژێکیش لەگەلّ کاك تاهیر و خێزانی چووینە سەردانی حەمیدە خانی خێزانی مامۆستا گۆران کە خۆی لە ئوتریش و خێزانی لە گەلّ کێژێکی لە هۆلّەند دەژیا. پۆژی ١٢/١٦ بۆ سوید گەڕامەوە.

ســـــــالّی ١٩٩٧

شەوی سەر سالّی ١٩٩٧ بێ میوان و قەلّەرەباڵغ لە مالّ دانیشتین و هیچ هەستیشمان بە پۆیشتنی سالّی کۆن و هاتنی سالّی تازە نەکرد. تەنیا داخی ئەوەمان لە دلّدا بوو کەوا سالّێکی دیکەش دوور لە نیشتمان و لە کۆڕی خەبات و دوور لە دۆست و برادەر و کەس و کاری نێو ولاّت لاپەڕەیەکی دیکەی تەمەن هەلّدرایەوە و هیچ گۆڕانێکیش بەسەر چارەنووسی نەتەوەکەماندا نەهات. ئاوارەیی و دەربەدەری تاك و بەکۆمەلّی پۆلّەکانی کورد بەردەوام درێژەی هەبوو. دەنگ و باسی شەڕی کورد کوژی و شەڕە چەقەی دەزگای تەبلیغاتی هێزە سەرەکی و شەڕکەرەکانی کورد مێشکی نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازانی کوردی هەندەرانی شلّەژاند و نەفرەت و بێزاری خەلّك لەو شەڕە چەقەی نا شارستانیانە، لە نەفرەت و بێزاری لە شەڕ زیاتر دەبوو. باش بوو شەو درەنگ کاك حەمەدەمینی سیراجی وەك هەمیشە بەسەری کردینەوە، هات و دانیشتنەکەمانی تا پادەیەك لە تەم و مژی فیکر و بێدەنگی

دەرباز کرد.

١٩٩٧/١/٤ دام و دەزگای تەلەفیزیۆنی (مەد تیڤیٚ) هاتنە مالٚ و لەسەر کەسایەتی پێشەوا قازی محەمەد و ژیان و خەبات و هۆیەکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان و بڕیاری پێشەوا بۆ تەسلیم بوون و شەڕ نەکردن و ئەزموونی دەرسەکانی ئەم ڕووداوەیە وتووێژیان لەگەلٚ کردم و گەلێك ڕەسمیان گرتن و ڕۆیشتن.

١٩٩٧/١/١٢ کاك سەعید کۆێستانی تەلەفۆنی کرد و خەبەری یەکگرتنەوەی دوو باڵی حیزبی دیموکراتی کوردستانی پێڕاگەیاندم. گوتم: کاك سەعید! وەك لە نامیلکەی (لە پێناو چی دا) وەختی خۆی نووسیومە، نە جیابوونەوەکەم پێ کارێکی باش بوو، نە یەکگرتنەوەکەم بەو شێوەیە پێ گرنگە. تۆ بڵێی لەو هەموو ئەندامانەی حیزب دوو کەس نەبن لە ڕووی ئەم ڕێبەرانە بوەستن و بڵێن: ((گەلۆ ئەو جیابوونەوەتان لەسەر چی بوو؟ ئەو لاوانەتان لەسەرچی بە کوشت دا؟ ئەو هەموو شەڕە جنێو و بوختانەتان بە یەکتر لەگەلٚ کام ڕێ و شوێنی هاوکاری و نەریتی دیموکراسی دەهاتەوە؟ دوو حیزب، بە دوو بەرنامەی جیاواز، لە کام کۆنگرە و کۆنفرانسی جیا جیادا مەسەلەی یەکگرتنەوەیان هێنا بەر باس و لە ڕۆژنامەکانیاندا نووسیان و بیر و ڕای ئەندامانیان وەرگرت و بوونەوە بە یەك.؟ ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لە کام کۆنفرانس و کۆبوونەوەی گشتی ئەندامانیدا بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی دا و چۆوە نێو حیزبی دیموکرات.؟ ئەم فۆرمالیتە و ئەم جۆرە کار و سیاسەتە هیچ دەردێکی کورد دەرمان ناکات و جگە لە دابەشکردنی کورسی بە کاری هیچی کورد نایە و منیش هیچ گرنگی پێنادەم.

کاك سەعیدی بەگزادەش هەر ئەو ڕۆژە بەیاننامەی هاوبەشی دوو باڵی حیزبی دیموکراتی بۆ ناردم، بە خوێندنەوەی بەیاننامەکە لە بۆچوونی خۆم زیاتر دڵنیا بووم. لام وایە بە تەلەفۆن بیر و ڕای خۆم لەگەڵ ئەویش باس کرد. ئەوەشم لێ زیاد کرد کە من نەك هەر دژی یەکگرتنەوە نیم، بەڵکوو یەکبوونم پێ لە دوو بەرەکی و لەتبوونی بزووتنەوە گەلێك پێ باشترە. بەڵام من لە ڕوانگەی پرەنسیپی حیزبی و سیاسییەوە دەڕوانمە مەسەلەکان و ئەم شێوە یەکگرتنەوەم پێ چاو نووساندنی ئەندامان و بێ پرنسیبیە و بناخەیەکی پتەوی یەکگرتنی نیە و نازانم چۆن لە ڕوویان هەڵدێ پاش ئەو هەموو بوختان بە یەککردنە و شەڕە جنێوە بەرەو ڕووی یەك دانیشن و مەسەلەی کورد لە کوردستانی ئێران چارەسەر بکەن.

یادی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر:

ڕۆژی ۱۹۹۷/۳/۱ لە لایەن (کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستانی) ئەم نامەیەی خوارەوەم پێگەیشت: ((بەڕێز مامۆستا کەریم حسامی!

بەخێر بێن بۆ یادی هەژدەهەمین سالڕۆژی کۆچی دوایی سەرکردە و ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاری نەتەوەکەمان بارزانیی نەمر کە لە ڕۆژی یەکشەممەی ڕێکەوتی ۱۹۹۷/۳/۲ لە کاتژمێری (۳)ی دوای نیوەڕۆ لە هۆڵی (مێد بۆرگار هوسێت) پیرۆز دەکرێت، جا هاتن و بەشداری بوونتان لەم یادە بەرز و پیرۆزە دڵسۆزی و ڕێز لێنانە لە مێژووی خەباتی پڕ شکۆی گەلەکەمان. هەر سەرفراز و سەرکەوتوو بن.

کۆمیتەی هاوکاری هێزە سیاسیەکانی کورد و کوردستانی.))

هەروەها پێیان ڕاگەیاندم کە بەم بۆنەوە وتارێکم هەبێ، بەڕاستی لەو کاتە کەمەدا دەرەتانی ئەوەم نەبوو کە وتارێکی ئەوتۆ ئامادە بکەم شایانی ئەم یادە پیرۆزە بێت، بیرم لێکردەوە باشترین و جوانترین وتار کە بۆ ئەم یادە بگونجێ، وتاری مام جەلالە کە بە بۆنەی سالڕۆژی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر لە کۆبوونەوەی جەماوەری خەڵکی هەولێردا پێشکەشی کردبوو لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ–یش بڵاوی کرابۆوە. ڕۆژنامەکەم لە لا بوو، تەماشام کرد لەم ماوە کورتەدا هیچی لەم وتارە جوانتر و بە پێز تر ناتوانم ئامادە بکەم. وتارەکەم هێندێ کورت کردەوە و لە نۆرەی خۆمدا بەم چەشنە پێشکەشم کرد

دەقی کورتکراوەی وتاری ڕێزدار جەلال تاڵەبانی

((..... هەڤاڵان! خوشک و برایانی خۆشەویست. ئیمڕۆ هەموومان پێکەوە لەگەڵ زۆربەی زۆری گەلەکەماندا یادی سەرداری ناوداری کوردەواری بارزانیی نەمر دەکەینەوە. یادی ئەو کەڵە پیاوەی مێژووی کوردایەتی دەکەینەوە کە هەموومان بۆ دەیان ساڵ لە ژێر سەرۆکایەتی خۆیدا خەباتمان کرد و بەسەرکردایەتی خۆی شۆڕشمان کردوە لە پێناو ڕزگاری کوردستان و بەدیهێنانی دیموکراسی بۆ عێراق.

بەڵێ ئیمڕۆ کوردستانی خواروو بۆ یەکەمین جار لە جەوێکی ئازاد و دیموکراتدا ماوەی پێدراوە کە ڕێز و تەقدیری زۆر و زەوەندی خۆی دەربڕێت بۆ بیرەوەری بارزانیی نەمر، واتە بۆ خەباتە دوور و درێژەکەی کە لە پێناو کورد و کوردستاندا.

چونکە جاری جاران لە ژێر دەسەلاتی حوکمی دیکتاتۆری کورد کوژی بەعسی عەفلەقی دا قەدەغە بوو لە گەلەکەمان ناوی ئەو سەرکردە گەورە و نەمرەی خۆی بە چاکی بهێنێت. نەدەکرا و نە دەبوایە ئەهمیەت و دەوری خەباتی بارزانیی نەمر وەکو خۆی باس بکەین. چونکە کورد کوژە ڕەفتار فاشیستەکانی بەغدا، بارزانی نەمریان بە دوژمنی هەرە گەورەی خۆیان و کۆسپی هەرە مەزنی ڕێگەی بەدیهێنانی سیاسەتی خۆیان دادەنا. سیاسەتی وێران کردنی لادێی کوردستان و تەفر و تونا کردنی کوردەواری و تەعریبکردنی کوردستان.

هەموومان باشمان لە بیرە کە دیکتاتۆری تەکرەوی بەغدا چۆن دوای بڕانەوەی شۆڕشیش بە دەستی خۆی فەرمانێکی نووسیبوو کە گوایە ئیتر ببڕا ببڕای ماوە نادات بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی جوانە مەرگ و کاك مەسعودی تێکۆشەر تەنانەت لە ئاوی دیجلە و فوراتیش بخۆنەوە. جا ئەو هەموو قین و توڕەیی و کینەی دوژمن لە بارزانیی نەمر بۆچی بوو.؟ لەسەر چی بوو؟ لەسەر ئەوە بوو کە بارزانیی نەمر باش لە جەوهەری سیاسەتە شۆڤێنیە کورد کوژەکەیان گەیشتبوو. باش لە نیازی گلاوی دیکتاتۆریەتی بەغدا بە ئاگا بوو لای ڕوون و ئاشکرا بوو کە لە سەردەستی ئەو دیکتاتۆریەتە کورد و کوردستان دوچاری چ خەتەرێکی گەورە و مەزن بونەوە.

دوایە مام جەلال دەڵێ: جا لە بیرەوەری بارزانین نەمردا، دڵسۆزی ڕاستەقینە و ئەمەگداریی بۆ ئەو سەرداڕە گەورەیەی کوردەواری لەمەدا خۆ دەنوێنن کە ڕێبازەکەی، ڕێبازی شۆڕشی کوردایەتی و دیموکراسی ون نەکراوی و دەرس و پەندەکانی پێویست لە خەباتە دوور و

درێژەکەی هەڵێنجێنرێن و لە خەباتی ئیمرۆماندا بۆ خەباتی ئیمرۆمان کەڵکی پێویستیان لێ وەرگرین تا دوژمن نەتوانێ فریومان دات و بە هەڵەمان بەرێت. واتە گیانی بارزانیی نەمر ئیمرۆ لە بەهەشتی نەمریدا شان بە شانی شێخ مەحمودی نەمر و قازی محەمەدی نەمر و شێخ سەعید و سەدان و هەزاران شەهیدی تری کوردستان ئیمرۆ دەبێ ئیلهام بەخشی خەباتی شۆڕشگێڕانە و نەپساوە و دلێرانەمان بن بە نەسرەوتن تا سەرکەوتن، تا ڕزگاری و دیموکراسی ڕاستەقینە.

دەرس و پەندە گرنگەکانیش فێرمان دەکەن کە دەبێ یەکێتی ڕیزەکانی کوردایەتی، یەکێتی ڕیزەکانی شۆڕش، یەکێتی ڕیزەکانی بەرەی کوردستانی وەک بیلبیلەی چاوەکانمان بپارێزین. بەتایبەتی کە زۆربەی حیزب و لایەنەکانی بەرەی کوردستانیش لە هەمان (پارتی)یەوە هاتوون کە بارزانیی نەمر سەرۆک و ڕێبەری بوە....)

سیمیناریکی نیوە چڵ لەسەر بار و دۆخی کوردستانی ئێران

١٩٩٧/١/٢٥ لەسەر داوەتی تەلەفیزیۆنی (مەد تێڤی) بۆ بەشداری لە پانێلێك لەسەر مەسەلە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران و یادی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ چوومە فڕۆکەخانەی ئەرلەندە کە بچمە برۆکسێل. لەوێ چاوم بە بەڕێز کاك سەید حەسەنی شەمس کەوت کە ئەویش بۆ بەشداری لەو پانێلە دا بانگ کرابوو پێکەوە کەوتینە ڕێ. دیارە (مەد تێڤی) حیزبی دیموکرات و دکتۆر گوڵ مراد مرادی و کاك خالیدی عەزیزیشی بانگ کردبوو.

کاتێ گەیشتین کاك باهۆز بەڕێوەبەری بەرنامە، بەرنامەی پانێلەکەی

داینێ کە بەم جۆرە داڕژابوو:

((... ١٩٩٧/١/٢٦. بەرنامەی پانێڵی تایبەت بە ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ئامادە و پێشکەشکردنی / باهۆز

١- تکایە بە کورتی باسی بار و دۆخی ئەمڕۆی کوردستانمان بۆ بکە

٢- دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵەکەی حیزب، چاوەڕێ دەکرێت حزب چی ڕۆڵێك بگێڕێت لە قۆناغی داهاتوودا.

٣- چەند ساڵێکە کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات دیالۆگیان دەست پێکردووە، تا ئێستاش نەگەیشتوون بە ئەنجامێکی کۆنکرێت، ئاستەنگەکان چین؟

٤- بۆچی ڕووناکبیرانی ڕۆژ هەلاتی کوردستان بێدەنگن و بە ژیانی تایبەتی خۆیانەوە خەریکن؟

٥- ئەمڕۆ کە مەدیا ناوەندێکی بەهێزی دەسەلاتە، ئایا بۆچی کوردی ڕۆژهەلات ئەوەندە بێدەنگن، بۆ نمونە حیزبێکی وەك حیزبی دیموکرات دوای پەنجا ساڵ تەمەن، مانگنامەیەك دەردەخات کە لە چوار چێوەیەکی تەنگدا بلاو دەکرێتەوە.

٦- بەڕای ئێوە هۆی ئامادە نەبوون و خۆ دزینەوەی حیزبی دیموکرات و ئامادە نەبوونیان بۆ ڕوو بە ڕوو بوونەوەی جەماوەری کورد چیە؟

٧- جیهان لە گۆڕانێکی بە پەلە دایە، بەلأم لەگەڵ ئەوەشدا هێزە سیاسیەکانی ڕۆژهەلات بەوە تاوانبار دەکرێن کە خۆیان نوێ ناکەنەوە و لە هەڵ و مەرجی نوێ کەڵك وەرناگرن، هەن دەڵێن لایەنە سیاسیەکانی

ڕۆژهەلاتی کوردستان بێ ئەوەی خۆیان ماندوو بکەن چاوەڕێن ئەو هەلەیان بۆ ڕێك بکەوێت که بۆ لایەنەکانی باشور ڕێك کەوت، نەزەری ئێوە لەو بارەیەوە چیە.؟

٨- کاریگەری ڕەوشی باشوری کوردستان لەسەر ڕۆژهەلاتی کوردستان چیە؟ هاوکاری یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ ئێراندا چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

٩- پەیوەندیتان لەگەڵ هێزەکانی باشوری کوردستان بە گشتی و لە گەڵ (پ.د.ك و ی.ن.ك) دا بە تایبەتی لە چی ئاستێکدایە؟

١٠- پەیوەندی لایەنە کوردیەکانی ڕۆژهەلآت بە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانەوە چۆنە، ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی تا چ ڕادەیەك باوەڕی بە ڕەوایی کێشەی کورد و دیاریکردنی چارەنووسی هەیە؟

١١- دەکرێت حیزب و کۆمەڵە چی دەرس و ئەزموونێك لە باشوور و باکوور وەربگرن؟

١٢- ئایا ئامادەن لەگەڵ ئێراندا بکەوتە گفتوگۆوە؟ دامەزراندنی سیستەمێکی فیدرالّی لە ئێراندا چۆن دەبینن؟

١٣- دەکرێت چاوەدێری سیاسی ڕووداوەکانی کرماشان و دەور و بەری چۆن لێك بداتەوە؟ ئایا دەتوانین بڵێین که هەستی نەتەوایەتی بەسەر هەستی ئایینی دا زاڵ بوە لەو ناوچانە؟))

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کاك باهۆز هات و گوتی حیزبی دیموکرات فاکسێکی ناردوە و بەشداری پانێڵەکە ناکات، هەر چەندە پێشتر بەڵێنیان دابوو که بەشداری بکەن. کاك سەید حەسەنی شەمس کەوای

زانی گوتی پێویستە پرس بە برادەرانی خۆم بکەم. پاش بەینێك كاك سەید حەسەن گوتی: كەوابوو منیش بەشداری ناكەم.

نوێنەرێ حیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران ئەم فاكسەی خوارەوەی بۆ تەلەڤیزیۆنی مەد ناردبوو:

((زۆر بەڕێز كاك باهۆز!

سوپاستان دەكەم كە تەلەفۆنتان كرد و پرسەكانتان بۆ ناردووم. بەداخەوە وتو وێژەكەمان بەو جۆرەی پێشنیارتان كرد، سەر ناگرێ. ڕەنگە بەرنامەكە بەو شێوەیە بۆ ئێوەش و بینەرانی تەلەڤیزیۆنی مێدیش ئەو بەرهەمەی نەبێ كە چاوەڕوانی دەكەن. هیوادارم وا هەست نەكەن كە حیزبی دیموكرات پێی خۆش نیە و نایەوێ لە بەرنامەكانی تەلەڤیزیۆنی ئێوەدا بەشدار بێ. تەنیا لەسەر شێوەكەی ئێمە بۆچوونێكی دیكەمان هەیە. لە داهاتودا هەر كاتێك هەڵكەوت ئەمن یا هاوڕێیەكی دیكەی ح.د.ك.ێ. بە خۆشحاڵیەوە ئامادەی وتو وێژ لە تەلەڤیزیۆنەكەتان دەبێ و سوپاسیشتان دەكەین.

لەگەڵ سلاّو و ڕێزی دووبارە، سەركەوتنتان ئاواتە خوازم میرۆ عەلیار ((١٩٩٧/١/٢٥

دیارە بەڕێوەبەرانی (میّد تیڤیّ) پانێڵەكەیان لەسەر بەشدار نەبوونی كۆمەڵە و حیزبی دیموكرات پەك نەخست. ڕۆژی ١/٢٦ باسێكی چڕ و هەمە لایەنە لەسەر بار و دۆخی كوردستانی ئێران و یەككرتنەوەی دووبالّی حیزبی دیموكرات و كۆماری كوردستان و ئەزموونی ئەم ڕووداوە گرنگە بەڕێوەچوو كە دكتۆر گولّمراد مرادی و كاك خالیدی عەزیزی و

کەریمی حسامی وەلآمی پرسیارەکانی باهۆزیان دایەوە. ڕۆژی دوایی بۆ ستۆکهۆلّم گەڕامەوە.

سیمینارێك لەسەر ماف و هوویەتی کورد

کۆمەلّەی (سویدی بۆ دیفاع لە مافی کورد):کۆمەلّەیەکە بۆ ئەم مەبەستە لە لایەن چەند زانا و کەسایەتی سویدی و هاونیشتمانانی کورد لە مالّمۆ دامەزراوە و لەم بارەوە هەنگاوی جۆر بەجۆری هاویشتوە. لام وایە لە چەند شارێکی دیکەی سویدیش کۆمەلّەی ئەوتۆ تێکۆشانیان هەیە. کۆمەلّەی ناوبراو داوای لێکردبووم کە بۆ باسێك لەسەر مافی کورد و ڕێگای پاراستنی لە ١٩٩٧/٢/١٦ بچمە ئەو شارە.

ڕۆژی ٢/١٥ سواری قەتار بووم و لە لایەن کاك شاهۆ ئەردەلآنەوە لە مالّمۆ پێشوازیم لێکرا. کاك شاهۆ جگە لەوەی کە ئەندامی کۆمەلّەکە بوو. بەڕێوەبەری ڕادیوییێکی مەحەللی کوردیش بوو کە ڕۆژی شەمۆیان بە کوردی دەنگ و باس و بابەتی جۆر بەجۆری جوان بلاّو دەکاتەوە. کاك شاهۆ بێ ئەوەی لێ بگەڕێ تێر بحەسێمەوە ڕاکێشی کردم بۆ ڕادیۆ کە وتو وێژم لەگەلّ بکا و بیانووشی ئەوە بوو کە خەلّك دەیبیسێ و زیاتر لە کۆڕی بەیانیدا بەشدار دەبن.

کاك شاهۆ دە پرسیارانی گرتم و لە خوام دەویست دەرباز بم. بۆم دەرکەوت دەرباز بوون لەدەست برایانی کوردستانی (سنە) هەر وا هاسان نیە. ئێوارە کاك شاهۆ بە میواندارێ (کوردستانی) و بە قسەی خۆش و سەرگوزەشتەی خۆی و یادی بزووتنەوە و ڕۆژانی ڕابردوو، هیلاکیی ڕێگای لە بیر بردمەوە. من کتێبەکانی خۆم بۆ بردبوو، ئەویش

درەنگتر ئەم نامەی خوارەوەی بۆ نووسیبووم:

((مامۆستای بەڕێز و خۆشەویست کاك کەریمی حسامی! ئەم کاتەتان باش و سلاوی منتان پێشکەش. هیوادارم ساغ و سلامەت و تەندروستی بەردەوام میوانتان بێت. دەمێکی کورتی هاودەمێوە، دەرگای دنیایەکی قوولی بە ڕوومدا کردەوە، چوونە ناو نووسراوەکانتان بەرینی ئەو دنیایەشی سەلماند و زۆر کاری تێم کرد، لە دیدارەکەتان بەملاوە بەشی زۆری خوێندنەکانم کتێب و نووسراوەکانی جەنابتانە، کە بە خۆشی یەوە کەمیش نین. هیوادارم تەمەنتان درێژتر و قەڵەمتان بەکارتر و بەرهەمتان زۆرتر و بە پیت تر بێت.

بەرگی هەشتی بیرەوەرییەکانتانم کە تەواو کرد، هەستم بەوە کرد کە هەر کوردێك ئەم بەرهەمە بە نرخانە دەخوێنێتەوە وەك فارس گوتەنی ئەگەر ئەمەك شناس بێت، ئەبێ لە دڵەوە سوپاستان بکات، سوپاسی ئەو هەموو بیر تیژی و دوا ڕۆژ بینی و ئەو دەسپێکەری و ڕچە شکاندنەتان، ڕچە شکاندنێکی پڕ بەهرە بوو، پەیتا پەیتا بیرەوەری بە دوای خۆیدا هێنا گۆڕێ، وەلامی نامەیەکتان بۆ کاك غەنی (١٩٨٦/٩/١٠) لە بەرگی ٩دا هەژاندمی و وەقرەم نەگرت تا دو بەرگەکەی تر کۆتایی پێ دێت. وەکوو کوردێك کە هەست بە پێویستی هەبوونی ئەو گەنجینە بە نرخە لە میژووی گەلەکەیدا دەکات و شانازی بە لێهاتوویی و دڵسۆزیتان، ئەرکی خۆم دەزانم پڕ بە دڵ سوپاستان بکەم، ئاواتە خوازیم کە تەمەنی هەرچی قسە زڵی بێ عەمەلە کەم بێتەوە و بخرێتە سەر درێژەی ژیانی پڕ بەهرە و بەنرخی ئێوە.

لە خوێندنەوەی بیرەوەرییەکان دوو پرسیارم لا ساز بوو، یەکیان ئەگەر چی لە بەرگی هەشتدا زۆر بە پووڵی وەلاّمدراوەتەوە، بەلاّم هەر مێشکم ئاسوودە نیە و هەر دەپرسم، کاك کەریم بەو هەموو ناڕازیە لە سیاسەتی حیزب چۆن دەستی نەداوەتە جیا بوونەوە و دامەزرانی ڕێکخراوەیەکی تر، ئەوی تریش هێندێ بەسەرهاتن کە کەسانی تر جۆرێکی تر نووسیویانە. (دوو وشە نەخوێنراوەتەوە) جواب داوەتەوە. مەلاش ئەگەر کەس بێ، هەر حەرفێکی بەسە، ئاڵە کۆکیش خۆ هەموو خەریکن پێی پێ ئەکەنن، ڕاتانم بەرانبەر بە نووسراوەی سەعید کوێستانی نەدیوە. پڕ بەدڵ چاوەڕوانی بەرگی ١١ی بیرەوەرییەکان و بەرگی دووی پێداچوونەوە دەکەم لەگەڵ بادانەوە کە بیرتان کردبوو. سلاّو ڕێزم بۆ خەجیج خان کە بێگومان خۆشەویستی و یارمەتی ئەوان لە ژیانی پر بەهرەی ئێوەدا بێ شوێنەوار نیە. ئازەر و منداڵەکان زۆر سلاّو و ڕێزیان هەیە و بیرەوەری دیتنتان قەت لە بیر ناکەن، برات هومایون ئەردەلاّن شاهۆ. ١٩٩٧/٧/١٧))

ڕۆژی ١٩٩٧/٢/١٦ سیمینارەکە بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە برا کوردەکانی دانیشتووی لوند و مالّمۆ بە وتاری سەرۆکی کۆمەڵەی سویدی دیفاع لە مافی کورد کرایەوە. لەبەر ئەوەی سویدییەکان کۆبوونەوەیان پێك هێنابوو، ئەندامانی سویدی کۆمەڵەش بەشدار بوون، برادەرێکی کوردیان دیاری کرد بوو کە قسەکانی من بکات بە سویدی.

لەسەر پێشێل کردنی مافی کورد لە لایەن حکومەتانی دەسەلاّتداری کوردستان و کەم و کوڕی پاراستنی مافی ئینسان لە لایەن دەوڵەتانی

ئەوروپاییشەوە بە درێژی قسەم کرد. تامی ئاخافتنەکەی خۆم ئەودەمی چێشت کە سەرۆکی کۆمەڵە هەستا پەسنی قسەکانی دام و پشتی پێشنیارەکەمی گرت و پێخۆشبوونی خۆی لە بۆچوون و لێکدانەوەکانم دەربڕی. لە قسەکانمدا پێشنیارم کرد کە کۆمەڵەی سویدی دیفاع لە مافی کورد لە مالّمۆ دەستپێشخەری بکا لە گەڵ کۆمەڵەکانی تری سویدی. گوشار بخەنە سەر دەوڵەتی سوید کە لانی کەم لە بواری دان پێدانان بە هویەت و ناو ونیشانی کورد، ڕێز لە مافی مرۆڤی کورد بگرێ و کوردەکانی بە کوردستانی بناسێ و پاسپۆرت و پسوڵەی ئیقامەت و پەنابەریان بە ناوی کورد بداتێ. چونکە دەوڵەتانی ئەوروپاییش بەوە کە کوردەکان بە خەڵکی کوردستان ناناسن و بەناوی کورد بەڵگە و دوکومێنتی مانەوەیان نادەنێ، مافی کورد پێشێل دەکەن.

لە نێو ئاخافتن و باسی مافی مرۆڤ و پێشێل کردنی مافی نەتەوەیی و ئینسانیی کورددا، یەک دوو برادەری کوردی عێراقی خەریک بوون شەڕی کوردستانی عێراق بێننە نێو سێمینار و پرسیان: بۆچی باسی شەڕی کوردستانی عێراق و تاوانباری شەڕ ناکەی؟ گوتم: برا گیان! کۆمەڵەی سویدی منی بۆ باس لەسەر مافی کورد داوەت کردوە، ئێوە کە دەتانەوێ باسی شەڕی کوردستان بکەن، سیمینارێك بۆ شەڕە دندوکە ساز بکەن و هیچ ئەنجامێکیشی نابێت.))

مەلایەکیش کە لە دەست حکومەتی ئیسلامی خومەینی ڕای کردبوو و پەنای بۆ کافران هێنا بوو، و دەیانگوت مامۆستا ٧-٨ سەر خاو و خێزانی هەیە و پێنج فەڕزەش لە مالێدا بانگ دەدا و بە جەماعەت نوێژ بە منداڵەکانی دەکات، هاتە نێو باسەکە و فەرمووی:.. قسەکانت زۆر

باش بوون، بەلأم بۆچی نەتگوت: ڕێگای ئازادی کورد هەر ئیسلامە و کورد دەبێ بۆ ئیسلامەتی پاڵ وێك بدا و لەم ڕێگایەوە ڕزگار دەبێ.))

گوتم: مامۆستا لە گەڵ ڕێزم بۆ بیر و باوەڕت، بەلأم من لەگەڵت نیم. پێم وانیە کورد لە ڕێگای ئیسلامەوە ئازاد دەبێ. کورد ئەوە نیە ١٤٠٠ ساڵە بە زۆرە ملێ هێناویانەتە سەر ڕێگای ئیسلام و لە نوێژ و ڕۆژوانیش کورتی نەهێناوە و هێشتا هەر بندەست و دەچەوسێتەوە و نەك هەر ئازاد نەبووە، بەڵکو گێژیش کراوە.

مامۆستا بە دڵەوە پێی داگرت کە میوانی بم و هەستم کرد بێ موجامەلە و بە دڵ حەز دەکا میوانی بم. بەلأم کاك جەلال دەباغ میوانداریەکی کوردانەی ساز کرد و نەك هەر مامۆستا بەڵکو کۆمەڵێك برادەریشی بۆ خواردن و خواردنەوە داوەت کرد و شەوێکی خۆشمان بردە سەر.

سەفەر بۆ دانیمارك

ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان – یەکگرتوو لە کۆپنهاك و لە ئارهوس بۆ سیمیناریك لە سەر یادی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر داوەتیان کردبووم. ڕۆژی ١٩٩٧/٢/٦ سواری فڕۆکە بووم بۆ دانیمارك. لە فڕۆکەخانە برادەرێك بە ناوی موسا چاوەڕوان بوو، هەر لەوێ سوار بووین بۆ ئارهوس و میوانی مەدحەت سولەیمان بووین. من پێشتر لە لهستان مەدحەتم دەناسی، کوڕێکی جوامێر و مەرد و ڕەند بوو. بۆ هاتنی شلێری کچم بۆ سوید یارمەتی دابوو، دۆستایەتیمان بەردەوام بوو.

ڕۆژی ١٩٩٧/٣/٧ خەڵکێکی زۆر لە کۆڕی یادی کۆچی دوایی بارزانیدا

بەشداریان کردبوو. دوای وتاری من لەسەر دەوری مەلا مستەفا لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دا، بەشداران بە پرسیار و بۆچوون و دەربڕینی بیر و ڕا و بیرەوەری کۆڕەکەیان گەرم کرد و لە کەش و هەوایەکی دۆستانەدا دانیشتنەکە کۆتایی هات.

ڕۆژی دوایی لەگەڵ موسا گەڕاینەوە بۆ کۆپنهاك و ڕۆژی ٣/٩ سیمیناری یادی بارزانیی نەمر دەست پێکرا. کۆمەڵێکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی کۆپنهاك بەشداریان کرد بوو. بۆ من زۆر خۆش و جێگای ڕامان بوو کە دوو برادەری ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران هاتن و گوتیان: لە لایەن کۆمیتەی حیزبی دیموکراتەوە لە دانیمارك بە خێر هاتنت دەکەین. لەگەڵ سوپاس بۆ ئەو برادەرانە ئەم کارەیان هیوایەکی لە مرۆڤدا پەیدا دەکرد. کە بەستەڵەکی مێشك و دەروێشایەتی لە نێو ئەو ڕێکخراوەیە و لە نێو ئەندامانی خوارەوەی فیداکاری حیزب وا دێت بەرەو توانەوە دەچێ، ئەندامی حیزب، خۆی بیر دەکاتەوە و مەیدانی تێگەیشتن و هزری بەرینتر دەبێ. بە هیوای ئەو ڕۆژە هەرچەند ئاسۆیەکی ڕوون لەم بارەوە بەدی ناکەم و ناشزانم کە داخوا لەسەر ئەم هەنگاوە پیرۆزە لە حیزب دەرکراون یانا.

یادی بۆمبارانی هەڵەبجە

١٩٩٧/٣/١٦ لەسەر داوەتی کۆمەڵەی کوردی لە ئۆرێبرۆ بۆ باسێك لەسەر بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجە چوومە ئەو شارە. بەڕێوەبەرانی کۆمەڵەی کوردی کۆڕێکی زۆر جوان و ڕێك و پێکیان ڕێکخستبوو. لە سەرەتاوە دەستەیەك زارۆکی ٧–٨ ساڵە بە سروودی ئەی ڕەقیب

کۆڕەکەیان کردەوە. پاش وتاری کاك بەهرۆزی کورد ئەحمەدی سەرۆکی کۆمەڵە. من بە پێچەوانەی هەموو ئەم بۆچوون و وتارانە کە ماوەی دە ساڵ لە سەرکارەساتی هەڵەبجە گوتراون و نووسراون و تەنیا شین گێڕان بوە، هەوڵم دا بە گوێرەی زانیاری و بۆچوونی خۆم هۆیەکانی بابەتی ئەم کارەساتە ڕوون بکەمەوە، وەك دەوری سوپای پاسداران و نەبوونی ستراتیژی و تاکتیکی زانستی شەڕ لە لایەن هێزە چەکدارەکانی کوردستانی عێراق و هێنانی پاسداران و ئەرتەشی ئێران بۆ کوردستانی عێراق و کەڵك وەرگرتنی حکومەتی جەمهوری ئیسلامی لە قەڵاچۆ کردنی خەڵکی هەڵەبجە لە بواری پڕ و پاگەندە و تەبلیغاتەوە. لەمبارەوە بەڵگە و نووسراوەی جۆر بەجۆر هەن و بەڵام تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و بابەتی لەسەر هۆیەکانی کارەساتی هەڵەبجە نەکراوە. ئەمەش یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردەوارییە کە لە توێژینەوە و لێکدانەوەی ڕووداوەکان هەر لایەکی مەسەلەکە دەبینێ و هەموو لایەن و هۆکار و سەبەبەکانی ڕووداوەکە ناخاتە بەر باس و ڕوونیان ناکاتەوە تا دەرسیان لێ وەربگیرێ و بە تایبەت جارێکیش بەلای هەڵە و کەم و کوڕی حیزبە سیاسیەکانی خۆجێییدا ناچێت ئەگەر ڕوویاندابێ. ڕێکخراو و کۆمەڵە و تاقمی جۆر بەجۆری کورد هەڵەبجەیان کردۆتە عاشوڕای شیعە سالّە و ساڵ لەم ڕۆژەدا بە دەستە و کۆمەڵە و ڕێکخراوی جیاوازی لێکدابڕاو کۆ دەبنەوە و سیمینار پێك دێنن و لەگەڵ عاشوڕا فەرقەکەی هەر ئەوەندەیە کە لە سینگیان نادەن و دەستەی ناگێڕن. بێ ئەوەی ئەو کۆبوونەوە و سیمینارانەی لەسەر هەڵەبجە دەگیرێن، تۆزقاڵێك سود فایدەی بۆ مەسەلەی هەڵەبجە و بۆ

لێقەوماوانی هەڵەبجە بووبێت، لە قسە بەدەر هیچی بە دواوە نەبووە. ئەو دە دوازدە ساڵە نەیانتوانیوە هەڵەبجە ئاوەدان بکەنەوە، نەیانبتوانیوە بۆ هێنانە گۆڕی مەسەلەی هەڵەبجە و دادگایی کردنی حکومەتی بەعسی جنایەتکار کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتی هان بدەن. نەیانتوانیوە منداڵەکانی پاشماوەی بۆمبارانی هەڵەبجە لە هەژاری و بێکەسی و نەخۆشی نەجات بدەن. فایدەی ئەو سیمینار و کۆبوونەوانە هەر ئەوەیە مەیدان بۆ هێندێ کەسانی هەلپەرست والاّ دەبێ کە گۆیا باسی هەڵەبجە دەکات. باسێکی ناڕاست و دوور لە دەربڕینی ڕاستی هۆیەکانی کارەساتی هەڵەبجە. بە بۆچوونی من تا ئەوکاتەی ئێمە ڕابردووی خۆمان بە جوانی و بەڕاستی نەخەینە بەر توێژینەوە و هەڵە و کەم و کوڕییەکانمان بە ڕاستی و بوێرانە نەخەینە بەر نەشتەری ڕەخنە و لێکۆڵینەوە و تەنیا شانازی بە کردەوەکانمان بکەین، هەمیشە مەترسی ئەوە هەڕەشەمان لێدەکات کە بکەوینەوە زەلکاوی هەڵەکانی ڕابردوو، و هەر لە سەر هەڵە و ناتەواوییەکان بڕۆین و شین و گریانی عاشوڕاش هیچ دەردێك دەرمان ناکات.

١٩٩٧/٣/١٩ کۆمەڵەی کورد و کۆمەڵەی ئاشتی لە ماڵمۆ بڕیاریان دا بوو بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی لە سێدارە دانی پێشەوا قازی محەمەد سەر کۆماری کوردستان و هاوڕێیانی کۆڕێك ڕێك بخەن و داواشیان لە من کردبوو کە بەشداری ئەم یادە داخدارە بکەم. کۆمەڵێکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی لوند و ماڵمۆ، حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان بەشداریان کردبوو. نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان بەم بۆنەوە وتاریان هەبوو. من لە وتاری خۆمدا لەسەر کەسایەتی کولتوریی

و سیاسی و زانایی و کۆمەلایەتی پێشەوا قازی محەمەد و کارەساتی دادگای داتاشراو و دیفاعی قازی محەمەد بە درێژی باسم کرد و وەلامی پرسیارێ هاونیشتمانانی بەشدار بووم دایەوە.لە میانەی ئەم سەفەر و دیدارانەدا، خەریکی تەواو کردنی بەرگی دووەمی پێدا چوونەوەش بووم و ژیانی ڕۆژانەم بە نووسین و خوێندنەوە بردۆتە سەر و بە هاتنی جار و بار دۆست و برادەران و سەردانیان حەساوەتەوە.

دادگای میکۆنوس و حیزبی دیموکرات

١٩٩٧/٤/١ دادگای بەرلین ناسراو بە دادگای میکۆنوس بە بڕیاری مەحکومکردنی بکوژانی دکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێیانی و تاوانبار کردنی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران. پاش پێنج ساڵ کۆتایی بە کاری خۆی هێنا. هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بەتایبەت هێزی موجاهیدین بەم بۆنەوە خۆپیشاندانێکی گەورەیان ساز کرد. ئەوەی دەوری نەبوو لەم خۆپیشاندانە دا و نەیتوانی کەڵکی تەبلیغاتی لێ وەربگرێ، هەر حیزبی دیموکرات بوو هەر وەك کەسی لێ نەکوژرابێ و خۆی بە خاوەنی مەسەلەکە نەزانێ.

لەگەڵ کاك حەمەدەمینی سیڕاجی سەبارەت بە بڕیاری دادگای بەرلین دەقێکمان نووسی و بە هەڵکەوت بۆ شایی کیژی کەریم حەداد داوەت کرابووین لەوێ گەلێك لە برادەران و ڕۆشنبیران ئیمزایان کرد و لە ڕادیۆکانی کوردی ستۆکهۆڵم خوێندرایەوە. ئەمەش دەقی نووسراوەکەیە کە لێرە دا دەنووسرێتەوە:

((دادگای بەرلین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران ریسوا دەکا.

ڕۆژی پێنجشەمۆ ١٩٩٧/٤/١٠ دادگای بەرلین پاش نزیکەی پێنج ساڵ، بە دەرکردنی بڕیاری مەحکووم کردنی بکوژانی ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و تاوانبار کردنی ڕێبەرانی دەرەجە یەکی کۆماری ئیسلامی ئێران کۆتایی بە کاری خۆی هێنا. دادگای بەرلین ئەو کەسانەی خستبوە ژێر دادگا کە بە ناوی ڕێبەری مەزهەبی ولایەتی فەقیە و سەرکۆمار و وەزیری حکومەتی ئیسلامی ئێران تۆر و ڕەشە کوژی نەیارە سیاسیەکانی خۆیان لە دنیادا ڕێبەرایەتی دەکرد. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی ئێران بە هاو دەستی کۆڕە کۆنەپەرستەکانی حکومەتی ئەلەمان هەوڵێکی زۆریان دا کە قازیەکانی دادگای بەرلین لە ڕێگای دادپەروەری هەتڵە بکەن و خوێنی دوکتۆر شەرەفکەندی و هاوڕێکانی هەر وەك خوێنی دکتۆر قاسملو لە ئوتریش و بەختیار لە فەرانسە و نەیارەکانی دیکەی تۆر کراو بکەنە بارمتەی سەودا و پێوەندی بازرگانی و ڕەشە کوژی و جینایەتەکانی خۆیان درێژە پێبدەن. بەڵام دادوەرەکانی دادگای بەرلین نەچوونە ژێر بار و بە دەرکردنی ئەم بڕیارە ڕەوایە ڕێز و ئیحترامی کۆمەڵانی خەڵکی جیهانیان بۆ لای خۆیان ڕاکێشا.

بڕیاری دادگای بەرلین ئیتر گومانی لەوەدا نەهێشتەوە کە کۆماری ئیسلامی ئێران ماکەی ڕەشە کوژی و لەناو بردنی ئازادیخوازانی ئێرانە. دەوڵەتانی ئەورووپایی کە سەبارەت بە بەرژەوەندی ئابووری و بازرگانی لە ئاست ئەو هەموو جینایەتەی ڕێبەرانی حکوومەتی ئیسلامی ئێران چاویان دەپۆشی، پاش دادگای بەرلین باڵیۆزەکانی خۆیان لە تاران بانگ کردۆتەوە. ئەم کارە لە بەرانبەر کردەوەی ڕەشە کوژی و

پێشێلکردنی مافی مرۆڤی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا هەنگاوێکی سەرەتاییە. ئێمە هاوەنگ لەگەڵ هەموو ئازادیخوازانی ئێران داوا دەکەین کە حکومەتی ئیسلامی ئێران لە بواری سیاسی و بازرگانی و ئابووریەوە بایکۆت بکرێ و دەوڵەتانی ئەوروپا بە کردەوە بە دنیا نیشان بدەن کە دیموکراسی و مافی مرۆڤ و داد پەروەری فیدای بەرژەوەندی ئابوری ناکەن.

بڕیاری دادگای میکۆنۆس دەرفەتێکی باشی بۆ هەموو نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازانی ئێران پێکهێناوە کە بیر و ڕای گشتی جیهان و کۆڕ و کۆمەڵە دیموکراتەکانی نێو نەتەوەیی بۆ مەحکووم کردنی ڕێبەرانی دیکتاتۆر و ڕەشە کوژی حکوومەتی ئیسلامی ئێران هان بدەن تا ماوەی مانەوە و سەرەڕۆیی ئەم تاوانبارانە کۆتایی پێ بدرێ. بڕیاری دادگای بەرلین بەر دەرفەتەشی پێکهێناوە کە داوا بکرێ ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە تاوانی کوشتاری هەزاران کەسی دیموکرات و ئازادیخواز لە دادگایەکی نێونەتەوەییدا موحاکەمە بکرێن.

با ئەنجامی دادگای میکۆنۆس ببێتە هاندەری بەرز کردنەوەی داوای ڕووخانی حکوومەتی خوێنڕێژی کۆماری ئیسلامی ئێران و هاتنە سەر کاری حکوومەتێکی دیموکرات و داد پەروەر و پێشکەوتوو خواز لە ئێراندا.

کۆمەڵێك ڕووناکبیری نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازی کورد لە سوید، ١٩٩٧/٤/١٢.

چیرۆکی کتێبی ((ئازادی یا مەرگ)) نووسینی نیکۆس کازانتزاکیس

ماوەیەك بوو ئەم كتێبەم كردبوو بە كوردی. بە داخەوە دەرەتانی ئەوەم نەبوو كە چاپی بكەم. ئەگەر كورد لە دەرەوە كتێب نەخوێنێتەوە و رۆژنامە نەكرێ و لەم رێگایەوە یارمەتی بە پەرەگرتنی چاپ و بلاّو بوونەوەی نووسراوە و رۆژنامە نووسانی كورد نەكات، ئیتر نووسەر و وەرگێڕ و رۆژنامە نووسی كورد، زەحمەتە بتوانی خزمەتی ئەدەبی و كولتور و زمانی كوردی بكات و ئەركی خۆی بەجێبگەیەنێت.

بەڵێ. كتێبەكەم كرد بە كوردی و بە داتا نووسیمەوە و لەوێم دانا. خەبەرم بۆ هات كە لە سایەی ڕاپەڕینی كۆمەلاّنی خەڵك لە كوردستانی عێراق و پاشان هەڵبژاردنیٰ پارلەمان و حكومەتی فیفتی – فیفتی یەكێتی نووسەرانی كوردیش كۆنگرەی گرتوە و زیندوو بۆتەوە. كتێبەكەم لەگەڵ نامەیەك بە دیاری بۆ یەكێتی نووسەرانی كورد نارد كە بۆ خۆیان چاپی بكەن و بیفرۆشن و نامەكەی منیشی لە پاشكۆدا بلاّو بكەنەوە. زۆری پێنەچوو نە یەكێتی نووسەران ما و نە كتێب چاپ كرا. سوپاسی بەڕێز مامۆستا مومتاز حەیدەری دەكەم كتێبەكەی لە فەوتان ڕزگار كردبوو لای خۆی گلیدابۆوە و پاراستبووی. منیش لە چاپكردنی ناهومێد بووم.

تا لە مانگی پێنجی ١٩٩٧ ئاگادارییەكی وەزارەتی ڕۆشنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان–م پێگەیشت. ئەمەش دەقی ئاگادارییەكەیە:

((بۆ بەڕێز كەریمی حسامی.

دوای سلاّو و ڕێز: ئاگاداری بەڕێزتان دەكەینەوە كە وەزارەتی ڕۆشنبیری بڕیاری داوە بەم زوانە گۆڤارێكی وەرزی تەرخانكراو بۆ

وەرگێڕان لە ئەدەبیات و هونەر و ڕۆشنبیری بێگانە بڵاو بکاتەوە. گۆڤارەکە لە ١٢٠ لاپەڕەدا، بەشێکی ڕەنگا و ڕەنگ، تەرخان دەبێت بە ڕۆشنبیری و ئەدەبیات و زانست و هونەرە جۆرا و جۆرەکانی بێگانە. ئاواتە خوازین کە جەنابتان بە زووترین کات بە ناردنی تێکست و لێکۆڵینەوە و بابەتی تەرجەمە کراو لەو زمانەوە کە شارەزاییتان لێی هەیە، هاوکاریمان بکەن.....

فەلەکەدین کاکەیی – وەزیری ڕۆشنبیری. هەولێر: ١٩٩٧/٥/١٣

ئەم ئاگادارییە هومێدێك بوو بۆ ئەوەی بەڵکوو بکرێ جار و بار مرۆ بەرهەمێکی بەکەڵك بخاتە سەر کتێبخانەی کوردی.

هەر بەو هیوایە ئەم فاکسەی ژێرەوەم بۆ مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی نارد:

((برای بەڕێز و هێژا کاك فەلەکەدین!

لەگەڵ سڵاوی برایانە! نامەکەتان گەیشت، زۆر سوپاس. بێگومان ئەوەی لە توانام دا هەبێ بۆ هاوکاریتان درێخی ناکەم.

بۆ ئاگاداریتان پتر لە سێ ساڵە کتێبی (ئازادی یا مەرگ) نووسینی (کازانتزاکیس)م کردوە بە کوردی و بە داتا نووسراوەتەوە و لە لای بەڕێز مامۆستا مومتاز حەیدەری خەوی لێکەوتووە. دەتوانم تکای برایانە لە دەزگای ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بکەم کە چاپی بکات و داهاتەکەشی هەر پێشکێش بە وەزارەتی ڕۆشنبیری بکەم. ڕەنگە لەگەڵ سوپاس بتوانم چاوەڕوانی هیممەتی وەزارەتی

ڕۆشنبیری و هەنگاوی ئەدەب دۆستانەی جەنابتان بم بۆ چاپکردنی ئەم بەرهەمە بە نرخە. براتان کەریمی حسامی. ١٥/١١/١٩٩٧

بەڕێز وەزیری ڕۆشنبیری لە وەلآمی نامەی منداء، ئەم نامەیەی خوارەوەی بۆ ناردم:

هەولێر ٦/١٢/١٩٩٧

برای خۆشەویست کەریمی حسامی/ سوید. سلآوی برایانە !

سوپاس بۆ نامەکەت (بەرواری ٢/١٢/١٩٩٧) و کتێبی (پێداچوونەوە- بەشی دووەم) کە ئەمڕۆ بە دەستم گەیشت. هەروا فاکسەکەی پێشوتان گەیشت. پشتگیریتان لە چالاکی و کۆششی وەزارەت مایەی دلّگەرمی و خۆشحالّیمانە. بەداخەوە کە بەرهەمەکان بە جەنابتان نەگەیشتوون. تەقەلایەکمان داوە و هەولّ دەدەین بە پێی ئەم دەرفەتە خزمەتی کەلتوری نەتەوەکەمان بکەین.

- پیرۆزبایتان بۆ دەنێرم کە لەم چەند ڕۆژەدا ڕۆمانی (ئازادی یا مەرگ)ی بەڕێزتان لە ژێر چاپ دەردەچێت کاك ممتاز حەیدەری پار سالّ بە ئێمەی ڕاگەیاند و ئێمەش (لە وەزارەت) ئەو ڕۆمانەمان خستە سەر لیستی چاپکراوەکانمان، لە وەزارەتی دارایی هەرێم ڕازی بوون تا خەرجی تەواوی بخەنە ئەستۆ. زۆر سوپاس کە مافی چاپکردنی ڕۆمانەکەتان بە وەزارەت بەخشیوە. ببووڕە کە پێش وەرگرتنی ڕەزامەندیتان، خستمانە بەر چاپ.

- تا ئێستا خەرجی (٣٧) کتێب لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری پەسند کراوە. (١٨) لەم کتێبانە لە چاپ دەرچوە و پاشماوەی لە ژێر

چاپ دایە. بە گشتی نزیکەی (٩٠) دەستنووسی دیکە لەبەر دەستی لیژنەی چاپی وەزارەتە بۆ بڕیار دان. هەر وەها وەزارەت (٨) گۆڤاری وەرزی و مانگانە و هەفتە نامەیەك دەردەکات.

– خۆشحاڵین کە بەرهەمێکی دیکەمان بۆ بنێریت تا ساڵی تازەی زایینی ١٩٩٨ چاپی بکەین، بە تایبەتی دەستنووسەکەتان دەربارەی ڕۆشنبیری (لوڕ) و مەسەلەی کورد لە پارلەمانی سوید. هەر شاد و سەرکەوتوو بن.

برات فەلەکەدین کاکەیی.

مزگێنیەکی خۆش بوو. زۆر بە پەرۆش بووم بۆ چاپ کردنی ئەم ڕۆمانە. نەك هەر لەبەر ئەوە زەحمەتم پێوە کێشابوو، بەڵکو لەبەر ئەوەش کە نێوەڕۆکی ئەم ڕۆمانە زۆر شتی لەگەڵ خەباتی ڕزگاریخوازی کورد وێك دەچێ و لە زۆر شوێن خوێنەر چیا و کەژ و کەش و هەوای کوردستانی دێتە بەر زەین ناتوانێ واز لە خوێندنەوەی بێنێت. حەزم دەکرد هەر وەك (دایکی ماکسیم گۆرکی) بە تێکۆشانی من هاتە نێو کتێبخانەی کوردی، ئەم ڕۆمانەش کەلێنێك لە کتێبخانەی کوردی پڕ کاتەوە. ئەوە بوو بەدوای وەرگرتنی نامەی مامۆستا فەلەکەدین دا.

ئەم نامەیەی خوارەوەم لەگەڵ وەرگێڕاوەی کتێبی (مەسەل و مەتەڵۆکی لوڕی) بۆ نارد.

((بەڕێز و هێژا مامۆستا فەلەکەدین ڕۆژباش!

لە پێشدا لەگەڵ پیرۆزبایی نەورۆز و بەهاری کوردەواری، لە کانگای

دڵمەوە سڵاوەتی و سەرکەوتنتان بە ئاوات دەخوازم. لە حەفتە نامەی (ڕێگای کوردستان)دا چاوم پێکەوت کە بە هیممەتی ئەدەب دۆستیت و دڵسۆزیت بۆ وشەی کوردی، کتێبی (ئازادی یا مەرگ) چاپکراوە. بە ڕاستی مزگێنیەکی لە ڕادە بەدەر خۆش و شادی هێنەر بوو. چونکە زەحمەتێکی زۆرم لەگەڵ کێشابوو، و سەبارەت بە نێوەڕۆکی شۆڕشگێڕی کتێبەکە، بە ئاوات بووم چاپ بکرێ و بکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد. بەڕاستی یەك دنیا سوپاست دەکەم. سوپاسی ئەو کەسانەش دەکەم کە لە چاپکردنیدا زەحمەتیان کێشاوە. گەلێك سوپاسی مامۆستا مومتاز حەیدەری دەکەم کەوا چەند ساڵ پاراستوویەتی تا گەیاندوویەتە کتێبخانەی کوردی و سەرپەرشتی لە چاپدانیشی کردووە.

دیارە تکای برایانەشم لە جەنابت هەیە کە هەر وەك بۆ چاپکردنی باسکت هەڵمالێوە، کارێکی ئاواش بکەی چەند دانەیەك بگاتە دەستم و چاوم پێی ڕوون بێتەوە. خۆت دەزانی زۆر خۆشە مرۆڤ لە شتێك چێژ وەربگرێ کە بە ڕەنجی خۆی هاتۆتە بەرهەم. لەسەر داوای خۆت ئەوا وەرگێڕاوی کتێبی (مەسەل و مەتەڵۆکی لوڕی)ت بۆ دەنێرم. هیوادارم لە سایەی تێکۆشانی ئێوەی بەڕێزەوە، ئەویش بکەوێتە بەر دەستی خوێنەرانی کورد و گۆشەیەکی بچوك لە کتێبخانەی کوردی داگیر بکا. با ئەوەش بڵێم کە ئەم کتێبەم بە بەرنامەیەکی کۆنی داتا نووسیبۆوە و بە پێویستم نەزانی دەستکاری بکەم. ڕەنگە لە کەسێکی وەك منیش هەر ئەوە هەڵبوەرێ.

لەگەڵ ڕێزی دوو بارەم، سەرکەوتنتان ئاواتەخوازم. برات، کەریمی

حسامی . ۱۹۹۸/۳/۲۵.

بەڵێ بە تاسەوە چاوەڕوان بووم کە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە پاداشی زەحمەتی منـدا دوو سێ دانەم لە کتێبەکە بۆ بنێرێ. چاوەڕوانی و هیوایەکەم بێ هودە بوو. تا برادەرێك بە پیاوەتی خۆی دوو دانەی بۆ هێنام. تەماشام کرد کتێبەکە ئەتك کراوە. وەك ئەو سانسۆر چیانەم هاتە بەر چاو کە لە ولاتەکانی دیکتاتۆر زەدە و بیر خنکێنەردا، ئەگەر ڕۆژنامەیەك شتێك دەنووسێ و بە کەیفی سانسۆڕ چی نیە، و یا کتێبێك دەردەچێ چەند دێڕێکی واقعیەتی تێدایە و بەڵام لەگەڵ بیر و بۆچوونی دام و دەزگـای دەسـەلاتدار نایەتـەوە، گـورج فـەرمانی ڕاگـرتن و کۆکردنـەوەی ئـەم نووسـراوانە دەردەچـێ و بـڵاو ناکرێتـەوە، تـا ئـەو دێڕانەی کە بە گوێرەی بۆچوونی سانسۆر چـی بـۆ پـەز زیانیـان هەیـە، ڕەش دەکرێتەوە. کتێبەکەی من بەم دەردە چووبوو. دیارە لـە پێشدا بە ڕێك و پێکی چاپ کراوە. پاشان مەعلوم نیە بۆچی و بە چ بیانوێك. نامەی من و نامەی مامۆستا فەلەکەدین کاکـەیی – کـە وا لـە پاشـکۆی ئـەم کتێبـەدا چـاپکراوە. لـە لاپـەڕەی یەکـەم دڕاندویانـە و لێیـان کردۆتەوە.

دیارە ئەوەشیان پێ کەم بووە و هاتوون پێشەکی نووسینەکەی منیـان بە قەڵەم ڕەش کردۆتەوە. ئێستا خوێنەر کە ئـەم کتێبـە دەبینـێ، بـیر لەوە دەکاتەوە و دەڵێ: دەبێ کـەریمی حسـامی چ کـوفرێکی کردبـێ و چـی نووسـیبێ کـە حکومـەتی کوردسـتان و دەسـەلاتی کاربەدەسـتانی وەزارەتـی ڕۆشـنبیری خسـتبێتە مەترسـی و ئەگـەر ڕەش نەکرێنـەوە و

خەڵك بیانبینێ هەرای لێ ساز دەبێ. جا بۆ ئەوەی خوێنەری کورد خۆی بە ڕەش کراوەکەی پێشەکیەکەی منەوە هیلاك نەکات، خۆم ئەم وشە ڕەشکراوانە لە ژێر نووکی قەڵەمی سانسۆرچی بیر خنکێنەر دێنمەوە دەر و دەقەکەیان دەنووسمەوە.

کازانتزاکیس لە ڕۆمانەکەدا دواکەوتووی موسڵمانان باس دەکا و دەڵێ:

قەبری (ڕێبەری پیرۆز) لە تابوتێکی دار دا بە مەڕ مەڕ ڕووکێش کرابوو، مێزەری بەردەکە کون کرابوو موسڵمان پارەیان تێداویشت و داوایان لە پیری پیرۆز دەکرد کە لە دنیا و قیامەت کاریان ڕاست بێنێ.))

منیش نووسیومە ئێستاش لە کوردستان سەدان چاك و پیری ناپیرۆز بەردیان لە دەوری کۆ کراوەتەوە و داریان لەسەر چەقاوە و پەڕۆ و پاڵیان پێوە هەڵاوەسراوە و ناوی ئەسحابەیەکی کورد کوژیان لێناوە، دەچنە سەریان و داوای مراد و مەقسودیان لێ دەکەن.))

سانسۆر چی وشەی (ناپیرۆز) و (ناوی ئەسحابەیەکی کورد کوژی) ڕەش کردۆتەوە. سانسۆرچی بەم کارە ناشیانەیە ویستوویەتی مێشکی کورد لە ئاخری سەدەی بیستەم دا بە مادەی دواکەوتووبی و کۆنە پەرستی بپەستێوێ و وارشە بەردێك لە سەر ڕێگای کۆچ و کۆچبەران، خەڵك لەبەر تێنەگەیشتووبی دوو چیلکە داریان لێ چەقاندووە و لەوانەیە کردبیانەتە نیشانەی کار و مەبەستێکی خۆشیان و هێندێ پەڕۆشیان پێوە هەڵاوەسیبن، بە پیرۆز و موقەدەسی بزانن، کە ئەوە لەگەڵ دینی ئیسلام و شەرعی محەمەدیش نایەتەوە. ئەگەر بە یەکێك لەو چاك و پیرە نا پیرۆزانە بگوترێ (ئەسحابەی کورد کوژ) بۆ کوفرە؟ ئەسحابەی

کە پێکەوە خۆ بە خۆ هەزار کەسیان لێك کوشتوە، نەوەی پێغەمبەریان سەربڕیوە، ئەگەر من بڵێم هاتوون بۆ تاڵان و ڕاو و ڕوت کوردیان کوشتوە، چ زیانێك بە دام و دەزگای گۆیا کورد دەگەیەنێ.؟ تازە بە چی دەزانن کە ئەوە ئەسحابەیە (مراد و مەقسودی) خەڵك حاسڵ دەکات.؟

بێجگە لەوە من نووسیومە: ((زۆر لە مەلاکانی کورد بە پێچەوانەی خەلیفەی خاچ پەرستان بێ ئەوەی بیر لە کوردستان و نیشتمانیان بکەنەوە، جارێ خەڵك بۆ بەهەشت و ڕزگاری لە جەهەندەم ئامادە دەکەن)) سانسۆر چی هاتوە ئەم وشانەی نێو کەوانەی ڕەش کردۆتەوە (جارێ خەڵك بۆ بەهەشت و ڕزگاری لە ئاگری جهەندەم ئامادە دەکەن). ئێستا دەکرێ لەو سانسۆر چیە بپرسین، ئەم دێڕە بۆ (ئەزمونی دیموکراسی کوردستان) و بۆ (کابینەی سێیەمی حکوومەتی کوردستان) زیانی چی هەیە؟ بۆ سانسۆرچی پێی وایە هەموو مەلاکانی کوردستان هەموو کات زیکر و فیکریان هەر ئازادی کوردستان و نیشتمانی داگیرکراوە.؟ بۆ کەم هەبوون و کەم هەن ئەو مەلایانەی کە شەو و ڕۆژ باسی عیبادەت و بەهەشت و جهەندەم بۆ خەڵك دەکەن و ژیانیان لە خزمەتی دیکتاتۆر و زاڵم و داگیرکەرانی کوردستاندا دەبەنە سەر. بۆ کەم بوون ئەو مەلایانەی خەڵکیان لە ئاگری جهەندەم دەترساند و فەرمانی ئیعدامی قازی محەمەد پێشەوا و سەرکۆماری کوردستانیان ئیمزا دەکرد.؟ ئەوانە هەموو لە جێگای خۆی. بە گوێرەی کام ئوسوڵی ئەخلاقی و کولتوری و (ئەزمونی دیموکراسی کە لە کوردستان زۆری باس دەکەن) سانسۆر چیەك ڕێگا بە خۆی دەدا، نووسینی کەسێکی تر

ڕەش کاتەوە و بیر و ڕا و بۆچوونی کەسێکی تر قەڵەم بەسەر بکێشێ.؟ من لام وایە سانسۆر چی زانیویەتی کە ئەم وشە ڕەشکراوانە هیچ زیانیان بۆ پەز نیە. بەڵام ویستوویە شوێنەواری سیستەمی رژێمی دیکتاتۆری بەعس لە نێو دام و دەزگای دەسەڵاتی کوردیدا کوێر نەبێتەوە و لانی کەم ئەوەندە دەسەڵاتی خۆی نیشان بدات کە خەڵك بزانێ کوێخایەتی لەسەر بیر و هزر و قەڵەمی نووسەران هەر ماوە و دنیا بێ دەر و دەروازە نیە. ئێستا من هەر بیر لەوە دەکەمەوە و دەڵێم: تاکەی سانسۆڕ و تا کەی کوێخایەتی لەسەر بیر و هزر و قەڵەمی نووسەران، ئەویش لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیرییەوە. سەعدی شیرازی بە خۆڕایی نەیگوتوە: ((هرچە بگندد نمکش میزنند– وای بە ڕوزێ کە بگندد نمك))

بە دوای دیتنی کتێبە ئەتککراوەکەدا، ئەم نامەی خوارەوەم بۆ مامۆستا فەلەکەدین نارد:

((بەڕێز مامۆستا فەلەکەدین وەزیری ڕۆشنبیری. ڕۆژ باش!

دوای سلاّو و ڕێزی برایانە. بە نابەدڵی، بەڵام بە ناچاری ئەو چەند دێڕەت بۆ دەنووسم و سەرسوڕمانی خۆم لە کردەوەی نا پەسندی وەزارەتەکەتان ڕادەگەیێنم.

پاش وەرگرتنی نامەی ۱۹۹۷/٥/۱۳ ی جەنابت، هومێدم پەیدا بوو کە وەزارەتی ڕۆشنبیری کورد، لە بواری چاپ و بڵاوکردنەوەدا ئەرکی ڕۆشنبیری سەردەم بە جێ دەگەیەنێت، بەتایبەت بە بوونی تۆ لەسەرووی وەزارەتەکە ئەم هیوایە بە هێز تر دەبوو.

هەر لەسەر ئەم هیوایە بوو کە کتێبی ((ئازادی یا مەرگ)) م پێشکێش بە وەزارەتەکەتان کرد و خۆم پێم وابوو خزمەتێکی بچوکم بە وشەی کوردی و بە وەزارەتی رۆشنبیری کردوە. پاش ماوەیەک لە رۆژنامەی رێگای کوردستاندا چاوم پێکەوت کە کتێبەکە چاپکراوە. لەگەڵ شاد بوون بەم خەبەرە هیواداریش بووم کە وەزارەتی رۆشنبیری لە پاداشی ئەو زەحمەتەی منداا، هەر نەبێ دوو سێ دانەم لە کتێبەکە بە دیاری بۆ دەنێرێ کە کارمەندی وەزارەتەکەش کەمیان نەهاتوونە سوید. دیارە بە زانیاریەکی لەسەر دام و دەزگای ئیداری و بەڕێوەبەرایەتی کوردم هەیە، وازم لەو هیوایە هێنا و دەمزانی کاری ئاوا لەدەست وەزارەتی رۆشنبیری و کارمەندانی نایە.

برادەرێک بە پیاوەتی خۆی دوو دانەی لە کتێبەکە بۆ هێنام، بەڕاستی نەک هەر لە کارەکەی خۆم پەشیمان بوومەوە، بەڵکو هیواکەشم بۆ گەشە کردن و بەرەو پێش بردنی کولتوری کوردی بە هەوا داچوو. لەوانە دزێوتر و قەباحەتر سانسۆری وەزارەتی رۆشنبیرییە لەسەر نووسینی پێشەکی کتێبەکە و لابردنی ئەو نامەیەی کە بۆ جەنابتم نووسیوە و کتێبەکەم پێشکێش بە وەزارەت کردوە و وەلأمی جەنابیشت کە بۆ منت ناردووە.

مامۆستای بەڕێز! هەر چەندی بیر دەکەمەوە نازانم وەزارەتی رۆشنبیری و یا کەسێکی تر و دەستەیەک بە چ مافێک رێگا بە خۆی دەدا کە قەڵەمی ڕەش بەسەر نووسینی کەسێکی دیکەدا بێنێ و دوو سێ خەتی لێ ڕەش بکاتەوە و ئابڕووی بەرێ. من ئەو نامەیە وەک گلەیی بۆ جەنابت دەنووسم مانای ئەوە نیە کە رێگای ئەوە بگرێ وتاریکی زۆر

تونـد لەسـەر کـردەوەی سانسۆرچـیەتی وەزارەتـی رۆشـنبیری کـورد نەنووسم و لە رۆژنامە بێ سانسۆرەکانی دەرەوەدا بلاوی نەکەمەوە. تا کەی سانسۆر و تا کەی کوێخایەتی لەسەر بیر و هزر و قەڵەمی خـەڵک. خۆشیتان ئاواتەم برات کەریمی حسامی ١٩٩٨/١١/١٥

مامۆستا مەلا خدری سارتکێ

رۆژی ١٩٩٧/٥/٢١ خوا لێخۆشبوو بەڕێز مامۆستا مـەلا خـدری سـارتکێ (عەبباسـی) لەگـەڵ کـاك خـەلیلی کـوڕی بـە سـەردانم شـادیان کـردم. مامۆستا مەلا خدر لەبەر نەساغی ناڕەحەت بوو، دەبوایە دکتۆر بیبینێ. چاولێکردنی دکتۆر لە سوید بۆ نەخۆشی میوان و موسافیر باسی سەرە. لام وایە هەوڵێکیان دابوو، دکتۆریان وەگیر نەکـەوتبوو پێـوە ناڕەحـەت بوون. تەلەفۆنم کرد بۆ دکتۆرێکی کوردی بـرادەرم، وەك پیـاوان گـوتی هـەر ئێسـتا وەرن، چـووینە خەسـتەخانە، تەماشـای کـرد و دەرمـانی بەناوی من بۆ نووسی و دەرمانەکەمان وەرگرت و مامۆستا هەسـتی بـە حەسانەوەیەکی رۆحی کرد.

هاتینـەوە مـاڵێ، هێنـدێ باسـی بـار و دۆخـی کوردسـتان و سـەردەمی پێشووی تێکۆشان و بەندیخانەی سالآنی ٦٠—٦٤ی کرد کە مامۆستاش سـێ سـالآن زینـدانی کێشـابوو. پاشـان گـوتی: ((تـۆ ئاڵـە کۆکـت خوێندۆتەوە؟ هەر چەند خوێندبوومـەوە عـەرزم کـرد هێشـتا نەمـدیوە. گـوتی: ((ئـەوە غـەنی بلوریـان بـۆ وای کـردوە، کـوڕە خـۆ هـەر چـی نووسیویەتی هەو نیە. ئاخر ئێمەش لە زیندان بووین و دەزانـین لەسـەر ناسیۆنالیسم و تودەیی چ هەرایەکیان لە زیندان سـاز کـرد بـوو. دکتـۆر

عەلی مەولەویان بە ناسیونالیزم دەزانی و تێیان هەڵپێچابوو. غەنی بلوریان و عەزیزی یوسفی خۆیان بە تودەیی دادەنا. لە کاتێکا بە قەدرایی هەمووان دکتۆر عەلی مەولەوی خزمەتی بە زیندانیان دەکرد. زۆر کەسی فێری برینپێچی و دەرزی لێدان و خزمەتی سەرەتایی نەخۆشان کرد. خۆ لەوانەی ئاگایان لە کارەساتی زیندان هەیە، هێشتا زۆر ماون خۆ درۆی پاش مردوو نیە.)) گوتم زۆر کەسی دیکەش نووسینەکەی غەنی بلوریان بە هۆندنەوەی خەیاڵ دەزانن تەنانەت ئەوانەی تووشی کەتنەکەشیان کردبوو گاڵتە بە ئاڵە کۆك دەکەن. پاشان هەموو نووسراوەکانی خۆم پێشکەش کرد و گوتی: ((دیاریەکی بە نرخە، دەیانبەمەوە بۆ کوردستان، زۆر کەس ئارەزووی خوێندنەوەیان هەیە.)) مامۆستا مەلا خدر سەرەڕای ئەوەی نەخۆش بوو دەیتوانی بمێنێتەوە و معالەجە بکات، بەڵام لە ئەوروپا گیر نەبوو بۆ نێو کۆڕی خەبات و نێو منداڵەکانی دەگەڕێتەوە، بەڵام بە داخێکی گرانەوە هەر لە بەغدا خەبەری کوشتنی کوڕەکەی بە دەستی تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی کوردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا پێدەگات. کوڕی مامۆستا مەلا خدریش دەچێتە ڕیزی ئەو تێکۆشەر و ئازادیخوازانەی کوردستانی ئێران کە لە کوردستانی عێراق و لە ژێر دەسەڵاتی هێزە سیاسیەکانی کوردی کوردستانی خواروو دا بەناهەق تیرۆر کراون.

مامۆستا مەلا خدری سارتکێ سەبارەت بە نەخۆشییەکەی، دوای ئەم کارەساتە جەرگبڕە، بۆ عیلاج و داو و دەرمان دێتەوە نێرویژ.

ڕۆژی ١٩٩٧/١٠/١٧ لەگەڵ کاك حامیدی گەوهەری و کاك حەمەدەمینی

سیڕاجی بۆ سەردانی مامۆستا مەلا خدری سارتکێ چووینە نێرویژ. مامۆستا لە خەستەخانەی ئۆسلۆ زۆر ناڕەحەت بوو. بە چوونی ئێمە تۆزێ هاتەوە سەرخۆ. هەستاوە پاڵدانەوە و نانیشی خوارد و گوتی ئەوە هاتنی ئێوە وای کرد نان بخۆم دەنا چەند ڕۆژە هیچم نەخواردوە. پاشان بەم نەخۆشییە هاتە سەر باسی بارودۆخی داخداری کوردەکانی کوردستانی ئێران لە سولەیمانی و ئەو کوردانەی لە ژێر دەسەلاتی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی دا تیرۆر کراون. نێزیکەی سێ سەعات لە لای دانیشتین و نەیدەویست بەجێی بێڵین. شەو چووینە سەردانی کاك جەلیلی گادانی و ڕۆژی دوایی گەڕاینەوە.

زۆری پێنەچوو خەبەری کۆچی دوایی مامۆستا مەلا خدرمان پێگەیشت. ئەمجارە ڕۆژی ١٩٩٧/١١/٧ لەگەڵ چەند برادەر ماشێنێکی گەورەمان گرت و بۆ بەشداری لە مالاّوایی کردن لە مامۆستا مەلا خدر چووینە ئۆسلاّۆ. لە هەموو شارەکانی سوید هاونیشتمانانی کوردستانی ئێران هاتبوون مالاّوایی لەم تێکۆشەرە و لەم کەسە خۆش نێو و ناسراوە بکەن. ناشتنی مامۆستا مەلا خدر لە نێو داخ و کەسەری هاونیشتمانانی ئاوارەی دا بە ڕێو ڕەسمێکی جوان بەڕێوە چوو. ڕێکخراوی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران مەراسیمێکی جوانی پێك هێنابوو. زۆر کەس لە دۆست و ناسیار و تێکۆشەران بە وتاری جوان و دڵسۆزانە مالاّواییان لێ کرد. شانازی وتارێکی کورتیش لەسەر خەبات و کەسایەتی مەلا خدر نەسیبی من بوو. مامۆستا مەلا خدری سارتکێ لە کوردستانی ئێران بە کەسایەتییەکی تێکۆشەر و نیشتمانپەروەر و خۆش ناوی مەڵبەند ناسرابوو. پێشینەکی درێژی لە خەبات و تێکۆشاندا هەبوو،

چەند سالآن کەوتبووە زیندان و تووشی ئەشکەنجە و ئازاردان هاتبوو. هەرچەندە ڕابردووی خەباتی لە ڕیزی حیزبی دیموکراتدا بوو هەر بە تاوانی ئەندامەتی ئەو حیزبەش گیرابوو، بەلآم لەم دواییانەدا چووبووە ڕیزی ڕێکخراوی خەباتی مەلا شێخ جەلال و پاشان ناکۆکی لەوێشدا سەرهەلّدەدا و مامۆستا مەلا خدر سەرۆکایەتی دەستەیەکی تری خەباتگێڕ دەگرێتە ئەستۆ و درێژە بە تێکۆشان دەدات و هەر بۆیەش دەکەوێتە بەر قین و غەرەزی شەیتانی پاسداران و تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی لە سلێمانی و کوڕەکەی شەهید دەکرێ. ڕەوانی شاد و یادی زیندوو بێت.

باسێك لەسەر كۆنگرەی نەتەوەیی

کۆمیتەی پەیوەندی پارلمانی کوردستان لە دەرەوەی ولآت ١٩٩٧/١١/٥ ئەم فاکسەی ژێرەوەی بۆ ناردم:

بڕۆکسل. کۆمیتەی پەیوەندی..... بەروار : ١٩٩٧/١١/٥

بەڕێز کەریمی حسامی

هەر وەکو دەزانن دەمێکی درێژە خەبات بۆ یەکێتی گەلی کوردستان و دامەزراندنی دەزگایەکی نەتەوەیی بەردەوامە.

کۆمیتەی پەیوەندی بە خۆشیەوە ئێوەی بەڕێز ئاگادار دەکات کە لە ڕۆژانی ١٣-١٤ی مانگی ١١ی ١٩٩٧ کۆبوونەوەیەکی فراوان بۆ نوێنەرانی پارت و دەزگا و ڕێکخراو و ڕۆشنبیر و سیاسەتمەدار و هونەرمەندانی کورد و کوردستان ساز دەکا.

ئامانجی ئەم کۆبوونەوەیە پێشخستنی پڕۆسەی کۆنگرەی نەتەوەیی و هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی ئامادە کارە. بەشداری بوونی ئێوەی بەڕێز لەم کۆبوونەوەیەدا خزمەتێکی گرنگە لەم ڕێگە پیرۆزەدا و جێ بەجێ کردنیشی ئەرکێکی نەتەوەیی پێویستە. بە هیوای بەشداریتان وێڕای ڕێز و سلاّومان... کۆمیتەی پەیوەندی. ناو ونیشانی پەیوەندی گرتن: فاکس تەلەفۆن.....))

لەسەر ساز کردنی کۆنگرەی نەتەوەیی من بیر و بۆچوونی خۆم هەیە و باسیشم کردوە. پێم خۆش بوو لەم کۆبوونەوەیەشدا بەشدار بم و بیر و ڕای خۆم ڕابگەیەنم. بە داخەوە نەخۆشی دەرەتانی سەفەری پێ نەدام و نەمتوانی بەشداری بکەم. پاش چەند ڕۆژ دوای ئەم کۆبوونەوەیە لە ستۆکهۆلّم–یش بۆ باس لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی و کۆبوونەوەی برۆکسل کۆبوونەوەیەك ساز کرا و هاونیشتمانانی بەشدار بوو بیر و ڕای جیاوازیان لەسەر ئەم مەسەلەیە دەربڕی. من (بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەی برۆکسل)م پێگەیشتبوو. بە پێویستم زانی لەسەر ڕووناکی نێوەڕۆکی بەیاننامەی کۆبوونەوە، بیر و ڕای خۆم بەم چەشنی خوارەوە دەربڕم: ((.... ماوەیەکە، لانی کەم لە ساڵی ١٩٩٥ەوە تێکۆشان بۆ پێکهێنانی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لە ئارا دایە و چەند کۆبوونەوەشی لەسەر کراوە. دیارە هەنگاونان بۆ مەبەستێکی ئاوا پیرۆزە. بەلاّم دەبینین ئەم تێکۆشانە نەك هەر بە ئاکام نەگەیشتوە، بەڵکوو شەڕ و کورد کوشتنی زیاتری بە دواوە بووە. ناکرێ شەڕی کورد کوژی لە کوردستان بەردەوام بێ و لەئەوروپاش هێندێ کەس کۆببنەوە و بڵێن کۆنگرەی نەتەوەیی پێك دێنین. بیر کردنەوە لەم مەسەلەیە و تێکۆشان

بۆ نەهێشتنی شەڕی کورد کوژی و هەوڵدان بۆ تەبایی و یەکێتی نێوانی هێزە سیاسیە سەرەکیەکانی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان لە قۆناخی ئێستادا، ڕەنگە هەنگاوێکی لە بارتر بێ.

بە بۆچوونی من کۆنگرەی نەتەوەیی کورد دەبێ لە ژێر تەئسیری حیزبێکی سیاسی بە دوور بێ. دەبێ لە کەسانی زانا و سیاسی و حقوقی و فەرهەنگی کورد پێك بێ و حیزبە سیاسیەکان بە گشتی لە هەموو بارێکەوە پشتیوانی لێ بکەن، نەك بیکەنە گۆڕاڵی دەستی خۆیان. تاقیکردنەوەی خەباتی گەلی کورد و ڕووداوەکانی کوردستان نیشانیان داوە کە تەقەلا و کۆششی حیزبە سیاسیەکان سەرەڕای ئەوە کە هەموویان باسی کوردایەتی و کوردستانیەت و مافی نەتەوەیی دەکەن، بە کردەوە تەنیا لە چوار چێوەی سیاسەت و بەرژەوەندی تەسکی حیزبی خۆیاندا دەجوڵێنەوە.

بە بڕوای من ئەرکی ڕۆشنبیرانی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر ئەوەیە کە بە وردی لەم مەسەلەیە بکۆڵنەوە. سیاسەت و کردەوەی نەتەوەیی هەموو حیزبەکان هەڵسەنگێنن و نەبن بە دەسکەلای فلان ڕێبەر و فلان سەرکردەی سیاسی.

بمانەوێ و نەمانەوێ سیاسەتی دووبەرەکی و کورد کوژی هێزەکانی ناوەوەی کوردستان کاری کردۆتە سەر ڕووناکبیران و سەرجەم کوردەکانی ئاوارەی ئەوروپاش. با خۆمان فریو نەدەین. تەماشایەکی بەرهەمی کۆبوونەوەی فراوانی ئەم دواییەی بڕۆکسل بکەین و بزانین هەڵۆیست و بۆچوونی بەشداربوانی ئەم کۆبوونەوەیە تا چ ڕادەیەك دەگەڵ کوردستانی بوون یەك دەگرێتەوە. هەموو بەرهەمی دانیشتن و

ئەنجامەکەی بۆتە مادەی چواری بەیاننامەکە کە (بە تێکڕای دەنگ پژێمی تورکیا مەحکوم دەکا. داخیش دەر دەبڕێ کە پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق هەموو پرەنسیپێکی مرۆڤایەتی لە ژێر پێ ناوە.) هەردووکیان بڕیاری باشن. بەڵام ئەوە جێی پرسیارە کە کۆبوونەوەی ئامادە کردنی کۆنگرەی بروکسل:

- بۆچی داخ لەوە دەرنابڕێ کە پارتی کرێکارانی کوردستان لە جیاتی شەڕ لە تورکیا، شەڕی خستۆتە کوردستانی عێراق و دەیەوێ ئەم نیمچە دەسەلآتەی کوردیش لەوێ تێك بدات.

- بۆچی پژێمی کۆنەپەرستی ئێران مەحکوم ناکات کە تیرۆر و ڕەشە کوژی کوردی بۆ دەرەوەی ئێرانیش پەرە پێداوە.

- بۆ داخ لەوە دەرنابڕێ کە لە ژێر دەسەلآتی یەکێتی نیشتمانی دا پتر لە سەد ئازادیخوازی کوردستانی ئێران تیرۆر کراون.

- بۆچی پژێمی بەعسی عێراق مەحکوم ناکات کە جگە لە کیمیا باران و ئەنفالی کوردستان، ئێستا وا خەریکە کەرکوك و خانەقین لە کورد پاك دەکاتەوە.

- بۆچی پژێمی بەعسی سوریا مەحکوم ناکات کە پتر لە یەك میلیۆن کورد، ناوێرێ وشەی کوردی بەسەر زمانی دابێت و بڵێ کوردم و هەم.

لام وایە کۆمیتەی ئاوا و کۆنگرەی ئاوا و سیاسەتی ئاوا، بۆیە دەبن کە ڕووناکبیرانی ئازادیخواز و ئازاد، پتر بیری لێ بکەنەوە.))

لەم ماوەیەدا پاش دواکەوتنێکی زۆر بەرگی دووی پێداچوونەوە چاپ کرا و هێندێکم وەرگرتەوە. یەك لەو نووسراوانەی من بوو کە

پێشوازیەکی جوانی لێکرا و داواکاری زۆر بوو. لە لایەن برادەرانی پارتی کارگەرانی کوردستانی تورکیاوە دوو کارتی داوەتیان بۆ هێنابووین کە لە شەوی واندا بەشداری بکەین.

١٩٩٧/١١/٢٩ لە شەوی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا کە بە بۆنەی دامەزراندنی حیزبەکەیانەوە ساز کرابوو لەگەڵ دایکی کەمال چووین بەشداری بکەین.

منیش پێنج دانە کتێبی بەرگی دووی پێداچوونەوەم لەگەڵ خۆ برد کە لەوێ دایان بنێم بەڵکو بفرۆشرێن. ئەوەش باو بوو هەموو جارێ کە شەوێکی وەها و یا سیمینارێك دەبێ، نووسەران کتێبی خۆیان دەبەن دادەنێن، برادەرانی (پە.کا.کا) کتێبیان دانابوون و دەیان فرۆشت. منیش گوتم با ئەو کتێبانەی منیش لێرە بن و ئەگەر کەسێك ویستی بیاندەیە.

کابرا گوتی: نابێ. ((ئەم تەنێ کتێبی خۆ دادەنێین.))

زۆرم پێ سەیر بوو. پێم وابوو ئەو کەسەی لەوێیان داناوە، ئاگای زۆر لە داب و ڕەسمی کۆمەڵایەتی نیە. چووم برادەری مەسئولم دیتەوە کە دەیناسیم و پێم گوت: بۆچی ئەو برادەرە ڕێگای نەدا ئەو کتێبانە لای ئەو دابنێم.؟

گوتی: هەڤاڵ ئەم تەنێ کتێبی خۆ دادەنێین.

گوتم زۆر سەیرە. ئەوە کتێبی کوردییە، چۆن ئێوە ڕێگا نادەن کتێبی کوردی بێتە فرۆشتن؟

گوتی: ئەو بڕیاری مەیە.

ڕاستی دەکرد. ئەوە بڕیاری ئەو هێزە بوو کە داوای دەکرد و دەیگوت: کورد هەموو یەکە و گۆیا بۆ ئازادی هەموو کوردستانیش خەبات دەکات. کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش نەزانانە بە هەوای ئەم سیاسەتە هەڵدەپەڕن. جا وەرە ئەو حیزبە دەسەلاتی بکەوێتە دەست و کوردستان ئازاد بکا. ! !

سەفەر بۆ ئیتاڵیا

کاك شۆڕش عەزیز سورمێ بەناوی کۆمیتەی کورد لە ئیتالیا بە نامەیەك لێی گێڕامەوە کە بۆ بەشداری لە سێمینارێك بە ناوی (کوردستانی بێ ماف) کە لە لایەن شارەوانی شاری ڤێنیزیاوە پێك دێت. دوازدەی مانگی دیسامبری ١٩٩٧ بچمە ئیتالیا. لەگەڵ داوەتنامەکە، بلیتی فڕۆکەشی بۆ ناردبووم. هەر لەو کاتەشدا کاك سەعیدی بەگزادە داوای لێکردم کە بۆ یادی سالڕۆژی کۆچی دوایی کاك نەبی قادری ڕۆژی ١٤ مانگی دوازدە بچمە دانیمارك و بەم بۆنەوە وتاریشم هەبێ. بە کاك سەعیدم گوت کەوا بۆ ئیتالیا بانگ کراوم و لەوانەیە پێ ڕانەگەم کە بێمە دانیمارك، هەر چەندی بەشداری لە یادی سالڕۆژی کاك نەبی قادری بە ئەرکێك دەزانم.

کاك سەعید گوتی دەبێ وابکەی بلیتەکەت بۆ بگۆڕن و دەبێ بێیە دانیمارك. چار نەبوو. هەر چەند دەمێك بوو لە چنگ (سانترالیزمی دیموکراتیك) حیزبی و دەرۆیشایەتی دەرباز ببووم و بە فیکری خۆم بیرم دەکردەوە، بەڵام ڕێز گرتن لە کاك سەعیدی بەگزادە و بەشداری لە سالڕۆژی کۆچی دوایی کاك نەبی قاردی وای لێکردم کە تەلەفۆن بۆ کاك

شۆڕش بکەم. بڵێتی فڕۆکەم بۆ گەڕانەوە بۆ بگۆڕێ کە ڕۆژی ١٢/١٤ سەعاتی یەک لە دانیمارک بم. کاک شۆڕش خەبەری دامێ کە بڵێتەکەمان گۆڕیوە و ڕۆژی ١٤ سەعاتی ١٢ لە کۆپنهاگ دەبی.

ڕۆژی ١٩٩٧/١٢/١٢ گەیشتمە شاری میسترا لە ئیتالیا. کاک شۆڕش لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانم بوو، چوینە هوتێل (پۆلۆکینا) کە ڕێزێرڤ کرابوو. دکتۆر کەمال میراودەلی و یای خەجۆش بۆ بەشداری لە سیمینارەکە، داوەت کرابوون. شەو بە بەر نان خواردنەوە تا سەعاتی یەک هێزەکانی سەرەکی کوردستانی عێراق کەوتنە بەر پەڕەی هەلاجی بە شێوەیەکی بێ ئینسافانە و هێندێ جاریش بازاڕیانە و دوور لە مەنتیق و دوور لە بۆچوونی زانستیانە.

ڕۆژی ١٢/١٣ چووینە ڤێنیزیا و تۆزێ بەناو ئەم شارە جوان و مێژووییە دا گەڕاین و کوردێکی کرماشانی پیتزە فرۆشمان دیتەوە بە قسەی خۆشی کرماشانی ڕایگرتین و پیتزە یەکی خۆشی دەرخوارد داین. دوای نیوەڕۆ گەڕاینەوە بۆ میسترا کە شوێنی سێمینارەکە بوو. کۆبوونەوەکە بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆری ئیتاڵیەکان دەست پێکرا. کورد زۆر کەم بوون و دەیانگوت لەم شارە بە گشتی کورد کەمن.

کۆبوونەوە بە وتاری خانم سەرۆکی شارەوانیەکانی ڤێنیزیا سەبارەت بە مەسەلەی کورد و سیاسەتی دەوڵەتی ئیتاڵیا کرایەوە. من وتارەکەی خۆم بە دوو بەش جیا کردبۆوە، بە کەلك وەرگرتن لە وتارێکی گۆڤاری سروە، لەسەر پێوەندی مێژووییی بازرگان و گەڕیدەکانی ئیتالیی لەگەڵ کوردستان و گەلی کورد باسێکی کورتم پێشکێش کرد کە کاک شۆڕش دەیکرد بە ئیتالی. لە باسی سەرەکی سیمینارەکەدا، لەگەڵ سوپاس بۆ

شارەوانی ڤێنیزیا و کۆمۆنتای کورد لە ئیتالیا گوتم: سێمینارەکە بەناوی ((کوردستانی بێ ماف)) ناودێر کراوە. من لام وایە باشترە ناوی سیمینارەکە بە (کوردستانی خاوەن ماف) بگۆڕین. چونکە کوردستان و نەتەوەی کورد وەك هەموو نەتەوەکانی ئەم جیهانە مافیان هەیە. کورد مافی ئەوەی هەیە کە خۆی چارەنووسی خۆی دیاری بکات. زمان و ئەدەبیات و کلتور و داب و نەریتی نەتەوایەتی خۆی ببووژێنێتەوە و بەرەو پێشی بەرێ. شێوەی ژیان و بەڕێ چوونی خۆی دیاری بکا. دەوڵەتی نەتەوەیی خۆی دابمەزرێنێ. لە کانگای سروشتی ولاتی خۆی بۆ پێشخستنی زانست و تەکنیك و ژیانی ئینسانی خۆی کەلك وەربگرێ. لە هەموو ئەم مافانە کەلك وەربگرێ، کە لە بەیاننامەی مافی مرۆڤدا هاتووە و لە لایەن کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە پەسند کراوە. کوردستان خاوەنی ئەو مافانەیە، بەڵام مافی لێ داگیر کراوە. سەرنج ڕاکێش ئەوەیە کە مافی کورد وەنەبێ هەر لە لایەن دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا وە داگیر کرابێ، بەڵکوو دەوڵەتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریش لە پێشێل کردنی مافی نەتەوایەتی و ئینسانی کورد دا، بەشدارن و دەستیان لەو زوڵم و ناهەقیە دا هەیە کە لە کورد کراوە و تا ئێستاش لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا درێژەی هەیە.

بە بۆچوونی من تاوانی دەوڵەتە پێشکەوتووەکانی سەرمایەداری، لە دابەشکردن و ژێر دەست کردنی کورد و کوردستاندا، لە تاوانی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا کەمتر نیە. چونکە دوای شەڕی یەکەمی دنیاگر، ئەوان بوون بەهۆی پارچە کردنی کوردستان و دابەشبوونی بەسەر چوار

ولاّتدا. ئەگەر دەولّەتانی زالّ بەسەر کوردستاندا، مافی کوردیان لەژێر پێ ناوە و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بە ئاگر و ئاسن سەرکوت دەکەن، دەولّەتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری کە دایم باسی دیموکراسی و پاراستنی مافی ئینسانی دەکەن، لە ئاست تاوان و جنایەتی ئەو حکوومەتانە دەنگیان لەبەر نایەتە دەر. کۆمەلّی حکوومەتە یەکگرتوەکانیش (نەک نەتەوە یەکگرتوەکان) لە ئاست بێ بەشی کورد لە مافی ئینسانی و نەتەوایەتی بێ تاوان نیە، ئەم رێکخراوە جیهانیە تا ئێستا نەتەوەی ٣٠ میلیۆنی کورد بە کەمایەتی دەزانێ. هوییەتی نەتەوەی کورد لە لایەن ئەم رێکخراوەیە و لە لایەن دەولّەتانی سەرمایەدارییەوە بە ژێر لیچەوە کراوە.

بیر و رای پێشکەوتووی ئەوروپا و رێکخراو و کۆمەلّە دیموکراتیەکانی ئەوروپا، دەبێ گوشار بخەنە سەر حکومەتەکانیان کە بۆ ناسینی هوییەتی نەتەوەی کورد و دابینکردنی مافی نەتەوایەتی کورد هەنگاوی لێبڕا و هەلّبێنن. ئەم جۆرە سیمینارانە دەتوانن لە ناساندنی مەسەلەی کورد و ڕوونکردنەوەی بیر و رای گشتی خەلّکی ئەوروپادا دەورێکی باشیان هەبێ.)) من لە وتاری خۆمدا باسی ناتەواوی سیاسەتی رێکخراوە کوردیەکانیشم کرد و بە گوێرەی توانا مەسەلەی پڕ لە تەنگ و چەلّەمەی کوردم شیکردەوە کە گێڕانەوەی لێرەدا دەبێتە هۆی هیلاك کردنی خوێنەر. چەند کەس لە ئیتالیەکان دەولّەتانی ئەوروپا و بەتایبەت حکوومەتی ئیتالیایان تاوانبار دەکرد کە لەبەر بەرژەوەندی بازرگانی گرنگی بە مەسەلەی کورد نادەن. خانمێك کە چووبووە تورکیا و سەری لە کوردستان دابوو بە درێژی لەسەر جینایەتی حکومەتی تورك

لە کوردستان و دەوری ژنانی کورد لە خەباتی ڕزگاریخوازیدا قسەی بۆ بەشداربوانی کۆبوونەوە کرد.

سیمینارەکە لە کەش و هەوایەکی زیندوودا کۆتایی هات.

ڕۆژی دوایی سواری فڕۆکە بووم بۆ فرانکفۆرت و دوای سەعاتێك ڕاوەستان فڕۆکە هەبوو بۆ دانیمارك. لە کۆپنهاك برادەران لە فڕۆکەخانە چاوەڕوانم بوون. لە کلیسایەکی خۆش و خاوێنی کۆپنهاك ڕێ و ڕەسمی یادی سالّ تێوەر سوڕانی کۆشی دوایی کاك نەبی قادری بەڕێوە چوو. کۆمەلّێکی زۆر لە کوردەکانی دانیشتووی دانیمارك و شارەکانی سوید بەشداریان کردبوو. هەروەك دایان نابوو کە وتارێکم هەبێ، لەسەر کەسایەتی و تێکۆشەری کاك نەبی قسەم کرد و هەر چەند کاك نەبی گەلێك زیاتر لەوەی هەلّدەگرت کە لە وتارێکیدا بنرخێندرێ. هەر ئەو ڕۆژە لەگەلّ برادەرانی دانیشتووی سوید کە ئۆتۆبۆسیان گرتبوو، گەڕامەوە.

لەو ماوەیەدا بۆ ئەوەی لەبەر بێکاری و تەوەزەلی نەتلێمەوە، و بە سووڕانەوەی بێ جێی نێو بازاڕ و دوکان و سەیری بەردەوامی بەرنامەی قۆڕی تەلەڤیزیۆنەوە کات بە فیڕۆ نەدەم لە ماوەی سالّی ١٩٩٧ جگە لە بەشداری گەلێك سێمینار و کۆبوونەوە دەستم دا نووسینی دوو کتێبی (بەرگی دووی پێداچوونەوە و گەشتێك بەناو بیرەوەرییەکاندا) کە هەر دووکیان لەو سالّەدا کەوتنە بەر دەستی خوێنەرانی کورد و چەندەش جێگای پەسند و ڕەزامەندیان بوبن، خۆیان و خودایان. ڕەنگە ئەوانەی نووسرابن، لە بواری ئەدەبی و مێژوویییەوە زۆر ڕووی مەجلیسانیان نەبێت، بەلاّم لەبەر ئەوەی لە دەربەدەری دا نەکەومە دەستەوستانی و

لاوره ملی پێم له بێکاری هەر باشتر بووه. من لە ژیانی دەربەدەری ئەوروپادا له بواری پسیکۆلۆژییەوه زۆر لە ئاسایشدا نەبووم. زەرق و بەرقی کۆمەڵگای سەرمایەداری پێشکەوتوو، سەری لێ نەشێواندووم. له ژیانی سیاسیمدا کە ڕزگاری نیشتمان و ئازادی زەحمەتکێشان لە چەوسانەوە و ژێر دەستی، ئاوات و ئامانجم بووه، هەمیشە خەونم پێوە دیوە. بۆ ئینسانی خاوەن ئاوات و ئامانج، ژیانی ئاوارەیی لە ئەوروپا سیس بوون و بێ کەڵکی و کات بە فیڕۆ دانە. هەر چەند من نەمهێشتوە ناهومێدی بە سەرمدا زاڵ بێ و کاتم بە فیڕۆ بڕوا. هەر چۆنێ بێت بە تێکۆشان له نووسینی کتێب و وتاری جۆر بە جۆر لە ڕۆژنامەکاندا و بەشداری له ڕووداوەکانی ئەوروپایی سەر بە کورد و کوردستاندا، لەگەڵ خەم و پەژارەی هێندێ کارەساتی داخداری کوردستان کە هەواڵیان دەگەیشتە ئەوروپا، ساڵی ١٩٩٧ حەوتم بردە سەر و لاپەڕەیەکی دیکەش له تەمەنی بە سالاچووی چالاك و بە توانام هەڵدرایەوە.

ســـــاڵی ١٩٩٨

ئەم ساڵیش خوارزاکانم وەك پیاوان سەری ساڵیان لێ کردینە جێژن و بە ژن و منداڵەوە خۆشی و ڕووناکیان خستە ماڵەکەمان. گۆڕینەوەی پیرۆزبایی سەری ساڵیش لەگەڵ دۆست و برادەران بە تەلەفۆن، یەکی دیکە له خۆشی سەری ساڵی ١٩٩٨ بوو.

١٩٩٨/١/٤ بەیانی برادەرێك بە تەلەفۆن له خەوی ڕاپەڕاندم. گوتی گوێ بگرە با نامەی مام جەلالت بۆ بخوێنمەوە کە ١٩٩٧/١٢/٣١ بۆ کاك مەسعودی نووسیوە. من هەر خەواڵو بووم و ئەو دەستی کرد بە

خوێندنەوەی نامەکە. هەر چەند دەقی نامەکەم وەگیر نەکەوت تا زیاتر لێی وردبمەوە، بەڵام هەر بە بیستنی گەلێك شاد بووم و پێم هەنگاوێکی بوێرانە و نیشتمانپەروەرانە بوو. هەر ئەو ڕۆژە سەفەرم دەکرد لە ئیزگەی قەتار، ڕۆژنامەی (الشرق الاوست)م کڕی. کورتەی نامەی مام جەلالی بڵاو کردبۆوە. هیوایەکم بۆ پەیدا بوو کە ئاگری شەڕی کورد کوژی لە کوردستان بکوژێتەوە و چیتر زەحمەتکێشانی کورد خوێنیان بە فیڕۆ نەڕوات.

١٩٩٨/١/٥ لە لایەن کۆمیتەی داکۆکی کردن لە (med tv) ئەم نامەیەی خوارەوەم بۆ هات....

بۆ بەڕێز مامۆستا کەریمی حسامی. دوای سلاو.

تەلەڤیزیۆنی کوردی (med tv) دەنگی ڕەسەنی گەلی کورد و سەکۆی ئازادی بیر و ڕا دەربڕینە. تەلەڤیزیۆنی مەد لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا، توانیویەتی لە زۆر ڕۆووە خزمەت بە گەلی کورد بگەیەنێ، بۆیە هەمیشە بوە بە نیشانەی تیری دەوڵەتی تورك و بە هەموو توانایەکەوە هەوڵ دەدا ئەم دەنگە زوڵاڵە کپ بکا. بۆ ڕێگرتن لەو جۆرە نەخشە و پلانانە، وامان بە پێویست زانی، کۆمیتەیەك لە پەرلەمانتارانی ڕۆژئاوا، پسپۆڕان، شارەزایانی کورد و بیانی، داکۆکیکردن لە تەلەڤیزیۆنە تاقانەکەمان دابمەزرێنین. ئامانجی سەرەکی ئەم کۆمیتەیە بریتیە لە داکۆکیکردن لە مافی ئازادی بیر و ڕا دەربڕین. بۆیە داوا لە هەموو مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێست دەکەین کە پشتگیری لە تەلەڤیزیۆنی کوردی (med tv) بکا و بە پێی توانا، ئەم کەنالە بە ڕۆشنبیران و

سیاسەتمەداران و رۆژنامەوانان و کەسایەتیە کوردی و بیانیەکان بناسێنێ. ئێمەش ئەندامانی کۆمیتەی داکۆکیکردن لە (med tv) لە هەموو جۆرە پووداو و پێشکەوتنێك ئاگادارت دەکەینەوە و لە هەمان کاتیشدا، بۆ پێشوازیکردن لە هەموو پێشنیار و ڕەخنەیەکی سودبەخش دەرگا لەسەر پشتە.

هیوادارین، بەڕێزتان بە دەنگ داواکارییەکەمانەوە بێن و بەشداری لە کۆمیتەی داکۆکیکردن لە (med tv) دا بکەن. بۆ ئاگاداریتان، هیچ جۆرە ئەرکێکی ئەوتۆ ناکەوێتە سەر شانی ئەندامانی کۆمیتەی داکۆکیکردن، تەنیا ئەوە نەبێ ئەگەر (med tv) ڕوو بە ڕووی هەر جۆرە هەڕەشەیەکی دەوڵەتی تورك بۆوە، داواتان لێدەکەین دەنگی ناڕەزایی خۆتان بەرز بکەنەوە و بەهانای تەلەڤیزیۆنی مەدەوە بێن. بۆ ئەوەی دەنگی نەتەوەکەمان (med tv) کپ نەکرێ.

حیکمەت تاباك بەڕێوەبەری مەد تێڤێ، دلێر ئاکرەیی بەڕێوەبەری مەد تێڤێ، کریس دەن هۆند ڕۆژنامەوان.))

لەگەڵ ئەم نامەیە فۆڕمێکیان نارد بوو دەبوایە پڕ بکرێتەوە و بۆیان ڕەوانە بکرێتەوە.

لە تاریخی ١٩٩٨/١/٢٦ فۆڕمەکەم بە ناو و شۆرت و ئەدرەس و تەلەفۆن و فاکس پڕ کردەوە و بۆم ناردنەوە و لە تێبینی–شدا نووسیم: ((داکۆکیکردن لە تەلەڤیزیۆنی (med tv) ئەرکی هەموو نیشتمانپەروەر و ئازادیخوازێکی کوردە. نابێ ڕێگا بدرێ کە ئەم دەنگ و ڕەنگەی کورد کپ بکرێ. دەبێ بە یەکێتی و پشتگیری نەخشە و پلانی دوژمنانی کورد

پـوچ بکرێتـەوە. هـەر لـەو کاتەشـدا (med tv)یـش دەبـێ چـاوێك بـە سیاسەت و بەرنامەکانی خۆیدا بگێڕێتەوە و نەبێتە مەیدانی پەلاماردانی هێزەکانی تری کوردستان و جنێو دان بە هێـز و کەسـانی ئـازادیخواز و نیشتمانپەروەر.

نامەیەك لە ئۆردووگای ڕومادیەوە:

نامـەی خـوارەوەم لـە ئۆردوگـای ڕومـادی لـە لایـەن هاونیشـتمانێکی نەناسراوی جوانڕۆییەوە، بەناوی (تۆفیق ڕۆستەم وەکیلی) پێگەیشت کە ١٩٩٨/١/٢٣ نووسرابوو، بۆ ڕێز گرتن لە هەڵوێسـت و دڵسـۆزی ئـەم هاو نیشتمانە، دەقی نامەکەی لێرەدا بڵاو دەکەمەوە:

((نووسەر و ڕۆشنبیری گەل کـاك کـەریمی حسـامی. سـڵاوێکی گـەرم و کوردانە.

کاك کەریم لات سەیر نەبێ کە کەسێك نەیناسیت و نەت دیبێ نامەت بۆ بنووسـێ. بەڕاسـتی بەرهەمـەکانت لـە بـاتی خـۆت میـوانی گشـت مـاڵـە کوردێکە و مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە.

ئـەی نووسـەر و مێـژوو نووسـی واقعـی گەلەکـەمان. هـەر بـژیت و سەرکەوتووبێ، لە ڕێگەی کاك عارف باوەجـانی لـە نەرویـژەوە ئاگـادار کـراین کـە جـەنابتان لـە بەرهەمـە بەنرخـەکانتان، باسـی خـەباتی جوانڕۆییەکانتان کردوە لە کتێبی ((کاروانێك لە شەهیدانی کوردستانی ئێران)) و لە ((پێداچوونەوە بەرگی دووەم بزووتنەوەی نیشتمانی کورد لە کوردستانی ئێران))

بەڕاستی نیشانتان داوە کە نووسەرێکی واقعی مێژوو زیندوو کەرەوەن. کاك کەریم زۆر کەس هەیە بەناوی مێژوو نووس خۆی خەریك دەکات بەلآم لە زۆر ڕووداوی ڕاستی خۆ دەبورێن یا فەرق و جیاوازی لە نووسیندا دەکەن.

خەباتێك کە ١٤ ساڵ بەربەرەکانێ بەرانبەر بە ڕژێمی نۆکەری ئیمپریالیزمی ئەو سای شا بۆ دەبێت نەچێتە نێو ڕێزی مێژوو. بۆ دەبێ نووسەران و بەناو مێژوو نووسان بە شانازیەوە ئەو خەباتە نەنووسن و بۆ خوێنەرانی ڕوون نەکەنەوە.

من خۆم تۆفیق کوڕی ڕۆستەم بەگی وەکێلێ—م کە باوکم یەکێك بوە لەو خەباتگێڕانە کە چەندین ساڵیش لە زیندانی شای گۆڕ بە گۆڕ لە گەلێ چەندین هاوڕێی دیکە بەتاوانی ئەو خەباتە زیندانی کراوە.

هەر وەك بۆ خۆتان لە کتێبەکانتان باستان کردوە، خەباتێ کە ڕێژیمە حەریفەکەی لە ڕۆژنامەی ئیتلاعاتی خۆیدا ئیعتراف بکات و بڵێ: دوای ١٤ ساڵ ناوچەی سەربەخۆی جوانڕۆ کەوتەوە دەستی ولآت. بەڕاستی دەبوایە ئەو خەباتە لە ڕێزی خەباتە بەناوبانگەکان بوایە.

کاك کەریم! یەکێك لە کوڕەکانم نامەیەکی سەبارەت بەو خەباتە ناردبوو بۆ ڕادیۆ .... کە خۆیان بە نوێنەری گەل دەزانن. لە وەلآمدا گوتی: گوێگری بەڕێز ئەو شتە سێ مانگ درێژەی هەبووە، سەربازیان ب ڕێژیم نەداوە، پاشان تەسلیم بوون. جا بڕوانە ١٤ ساڵ بە دەستی خۆمان کرا بە ٣ مانگ. تکایە هەمیشە با لە ڕێگای (عارف باوە جانی)یەوە بە نووسراوە پێوەندیمان هەبێ. هیوادارم بتوانین ئێمەش بێینە دەرەوە و

لـە نیزیکـەوە جـەنابتان ببیـنین. لـە لایـەن خـۆم و بنەماڵـە و تـەواوی عەشیرەتی جوانڕۆوە سوپاستان دەکەم. براتان تۆفیق ڕۆستەم وەکیڵ. ١٩٩٨/١/٢٣.

زەحمەتێکی بێ ئەنجام

برای خۆشەویست بەڕۆژ ئاکرەیی کتێبێکی بۆ هێنام کـە مورتـەزای زەر بەخت یەکێ لە ئەفسەرانی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجـان لەسـەر ڕێ پێوانی مێـژوویی بـارزانیی نـەمر بـۆ سـۆفێت سـاڵی ١٩٤٧ بـە گـوێرەی بەڵگە و دۆکۆمێنت ئامادەی کردبوو. گوتی: نرخی ئـەوەی هەیـە بکـرێ بە کوردی و بڵاو بکرێتەوە. بە تەلـەفۆن لەگـەڵ سـەرۆ قـادر بەرپرسـی دەزگای گوڵان پێوەندیم گرت و گوتم: کتێبێکی وا هەیـە، ئەگـەر چـاپی بکەن، خەریکم بیکەم بە کوردی و بۆتـان بنێـرم. گـوتی بینێـرە چـاپی دەکەین. دەستم کرد بە وەرگێڕانی و ١٩٩٨/٥/٦ کتێبەکەم دا بە کەمال یەکێ لە برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان– یەکگرتوو کە بۆ سەرۆ قادری بنێرێ و ئەم نامەیەی خوارەوەشم بۆ نووسی:

((برای بەڕێز کاك سەرۆ ڕۆژ باش! سڵاوێکی برایانـە، هیـوادارم سـاخ و سڵامەت و سەرکەوتوو بیت.

هەر وەك بە تەلەفۆن باسمان کرد، ئەوا کتێبەکەت بۆ دەنێرم، هیوادارم بە جـوانی بـڵاو بکرێتـەوە و بـە دەردی نووسـینەکەی مامۆسـتا پشـکۆ نەچێ.

دەمـەوێ برایانـە سـەبارەت بـە دەسـت تێـوەردان، یـا هەڵپاچـینی

نووسـراوەکەی مامۆسـتا پشـکۆ ڕەخنـە یـا گلـەییت لێ بکـەم. زۆرم پێناخۆش بوو کە کارێکی ئـاوا لـە ئێـوە ڕوو بـدات لـە ئـەورووپا هـەرا و ڕەخنەی ڕەوای لێ ساز بێت.

تۆ بە تەلەفۆن بە منت گوت: وتارەکە دەستی لێ نەدراوە. لە کاتێکا بە ئەژمار لە ٥٠ جێگا دەستکاری کـراوە. مـن ئـەو شـێوە کـارە و یـا ئـەم جۆرە سانسۆرە لە گەڵ تێڕۆڕی ئەفکار و بەربەستکردنی بلاّو بوونەوەی بیر و ڕای جیاواز وەک یەک دادەنێم. ئەگەر نووسینەکەتان بە دڵ نەبوو، دەبوایە بە نووسەر ڕابگەیەنین و یا چاپی نەکەن. نەک بە کەیفی خۆتان سەر و گوێی بقرتێنن. بە ڕاستی سەیرە لە دنیای ئیمڕۆ دا ئێوە نەتوانن تەحەمولی وشەیەک بکەن کـە لەگـەڵ بۆچـوونی ئێـوە نەیەتـەوە و هـیچ شتێکی دوژمنکاریشی تێدا نەبێت. تۆ بڵێی کۆمەڵگای کوردی بگاتە ئەم قۆناغەی پێگەیشتن کە مرۆڤ بتوانێ لەوێدا بیر و ڕای خۆی بە ئـازادی و تەنانـەت دژی دام و دەزگـای دەسـەلاّتداریش دەربـبڕێـت.؟ لام وایـە مەسەلەکە تۆزێ بەوە ئەهوەن بووبێتەوە کە نوێنەری پارتی ڕایگەیاند کە ئەم کارە ناشیرینە پێوەندی بە پارتیەوە نیە و ئێمەش مـەحکوومی دەکـەین. بەڕاسـتی مـن چـاوەڕوانی سانسـۆرێکی ئـاوا بـێ جـێم لـە تـۆ نەدەکرد. چونکە ئەوە بە ڕووت کردن و خنکاندنی بیر و وتەی جیاوازی دادەنێم.

ڕەنگە ئـەم قسـانەت پـێ تـاڵ بـن، بـەڵام تـاڵتر ئەوەیـە کـە خـەڵکێکی ڕووناکبیر و دڵسـۆز و تینـووی ئـازادی و دیموکراسـی وەبـەر نەشـتەری ڕەخنەی ڕەوات بدەن. من کتێبەکەم ئامادە کردبوو ئەگینا بەڕاستی بۆ چاپ کردن نەمدەنارده لای ئێوە. چونکە نـاکرێ لێـرەوە شـتێکتان بـۆ

بنێرین و ئێوە لەوێ بۆ هەڵپاچینی وشە و بیر و بۆچوونی نووسەر، مقەست بگرنە دەست و ئەم لاو لایانی تێك بكەنەوە. لە كتێبەكەدا ئەم ڕەسمانەش چاپ كراون لە گەڵ ئەم نەخشەیەی كە ڕێپێوانەكە نیشان دەدا، كۆپیتان بۆ دەنێرم. ئەم یادداشتەش كە لاپەڕەیەكی جیاوازە. لە پێشەكی كتێبەكەیدا بە قەڵەمی (كاوە بەیات، دەبیر مجموعە تاریخ معاصر ایران–ە) نووسراوە. ڕێكخستن و تەرتیبدانی چاپكردنی بۆ خۆتان دەزانن و بۆ قسەی زیادی نابێ. لە كۆتاییدا پێم خۆشە لەگەڵ سلاو بۆ مامۆستا فەلەكەدین پێی ڕابگەیەنن مەمنون دەبم ئەگەر یەك دوو دانە لە كتێبەكەی خۆم بۆ بنێرێت. سوپاسی هەردوكتان دەكەم. كەریمی حسامی . ١٩٩٨/٥/٦

دیارە فارسی كتێبەكە لە ئێرانەوە گەیشتبووە هەولێریش و كاك شەوكەت شێخ یەزدین دەستی كردبوو بە وەرگێڕانی و گۆڤاری (گولاّن)یش بڕ بڕ بلاّوی كردبۆوە و وەرگێڕاوەكەی من سەری تێدا چوو، هەر وەلاّمێكیشیان نەدامەوە.

ڕۆژی چاردەی ئەپریلی ١٩٩٨ بەیانی برادەرێك بەیاننامەی مەكتەبی سیاسی پارتی دیموكراتی كوردستان– یەكگرتوو–ی بۆ هێنام كە لەوێدا گوترابوو: كاتێ شەمدین ساكیك لە دهۆكەوە خەریك بووە بێتە هەولێر لە نێزیك قەسرۆك كۆماندۆی تورك بە هێلیكۆپتەر دابەزیون و بردوویانە)) لە پێشدا بلاّو كرابۆوە كە شەمدین ساكیك یەكێ لە فەرماندەكانی پە.كا.كا، هاتۆتە لای پارتی دیموكرات بۆتە پەنابەر. لە گەڵ ڕفاندنی شەمدینی پڕ و پاگەندە دەست پێكرا كە پارتی شەمدینی داوەتەوە بە توركان. لە ڕادەبەدەر پێتێكچووم و ناڕەحەتبووم. بە

تایبەت لەودەمیدا کتێبی (مورتەزا زەر بەخت)م دەکرد بە کوردی لەسەر پەپینەوەی بارزانییەکان لە ئاراز سالّی ١٩٤٧. ڕاست لەو شوێنەدا بووم کە دەڵێ: ((کاتێکی بارزانیی نەمر دەچێتە کن شا، محەمەد ڕەزا شا داوا لە مەلا مستەفا دەکات ئەفسەرانی ئازربایجانی کە چوونە نێو بارزانییەکان تەسلیمی دەوڵەتی ئێرانیان بکاتەوە. بارزانی لە وەلاّمدا دەڵێ: ((قوربان ڕازی مەبە کەڕامەتی بنەماڵەی بارزانی وەبەر تف و لەعنەتی بەرەی داهاتوو بکەوێ. ڕەسمی عەشیرەتی بارزان ئەوە نیە کەسێکی پەنای بۆ بێنێ، بیداتەوە دەست دوژمن. من ئامادەم لە جیاتی ئەو شەش ئەفسەرە ئازەربایجانیە ١٨ کەس لە کورِ و برازایانم تەسلیمی ئەعلاحەزرەت بکەم بەلاّم لە تەسلیم کردنەوەی ئەو ئەفسەرانە چاو بپۆشە)).

لەبەر خۆمەوە گوتم: باشە ئەوانەی ئێستا سەرۆك و دەسەلاّتداری پارتین کورِ و نەوەی سەرۆك بارزانین، چۆن دەبێ غیرەتیان قبوڵی کردبێ کە کابرایەکی پەنای بۆ وان هێنابێ، تەسلیمی دوژمنی بکەنەوە.

لە بەیاننامەیەکی پێشووی مەکتەبی سیاسی پارتیدا گوترا بوو: ((نە تورکیا داوای شەمدینی کردووە و نە ئێمەش تەسلیمی دەکەینەوە. پاشان لە نووسراوەکانی دوایی پارتیدا ڕوون کرایەوە کە شەمدین خۆی نەیویستووە لە هەولێر دابنیشێ و ئەوان بیپارێزن، خۆی چۆتە دهۆك و لە گەڕانەوە دا گیراوەو ڕفێنراوە.

سەفەر بۆ مۆسکۆ

١٩٩٨/٥/٢٤ لە لایەن بەڕێز مامۆستا فەخری کەریمەوە ئاگادار کرام کە

بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەی دامەزرانی فۆندی خوا لێخۆشبوو (فوئاد قەدری) کە ١٩٩٨/٦/٣ لە مۆسکۆ پێك دێت داوەت کراوی. ڤیزا و بلیتی فڕۆکەت بۆ دەنێرین، هەروەها کۆبوونەوەیەکیش لەسەر مەسەلەی کورد لە لایەن کۆمیتەی هاوکاری و پشتیوانی لەگەڵ گەلانی ئاسیا و ئەفریقا پێك دێت و بەشداربوانی فۆندی فوئاد قەدری-یش لەو کۆنفرانسەدا بەشداری دەکەن.

٥/٢٦ برادەرێك بەناوی سەرکیس کە بە عەرەبی دەدوا، تەلەفۆنی کرد کە کۆپییەی پاسپۆرتی بۆ بنێرم بۆ ئەوەی ڤیزام بۆ بنێرێ. ڕۆژی ٦/٢ سواری فڕۆکە بووم و لە فڕۆکەخانەی مۆسکۆ برادەرێك چاوەڕوانم بوو، سوار بووین بۆ هوتێل بوداپێست کە بۆ میوانان ڕێزڕێڤ کرابوو. ڕۆژی ٦/٣ لە سالۆنی ئەنستیتوی ڕۆژهەلآت ناسی مۆسکۆ کۆبوونەوەی فۆندی (فوئاد قەدری جەمیل) پێك هات. فۆندی قەدری جەمیل تەرخان کراوە بۆ یارمەتی ئەو نووسەر و لێکۆلەر و خوێندکارانە کە لێهاتوویی درێژە پێدانی خوێندنی بەرزیان هەیە و بەلآم دەرەتانی ئەوەیان نیە بێنە ئەوروپا و خوێندنی بەرز درێژە پێبدەن. یا بۆ چاپی ئەو کتێبانە کە لە لایەن هەیئەتی پسپۆڕی هەڵبژێردرا و دیاری دەکرێن. نووسەریی ئەم دێڕانەش بە ئەدامی کۆمیتەی گشتی فۆند هەڵبژێردرا.

ڕۆژی ١٩٩٨/٦/٤ بە دەستپێشخەری کۆمیتەی هاوکاری و پشتیوانیی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا لە ژێر ناو ونیشانی (مەسەلەی کورد لە سەردەمی ئێستادا) کۆنفڕانسێك پێك هات. پێویستە بگوترێ کۆنفرانسەکە لە ڕووسیدا بە (مێز گرد) ناونرابوو. کۆنفرانس بە هاوکاری وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا و پارلمانی ڕوسیا (دوما) و ئەنیستیتوی

ڕۆژهەلآتناسی ڕووسیا و ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە مۆسکۆ هاتبوە ساز دان.

پێنج خالّ بۆ لێدوان لەکۆنفرانس دیاری کرا بوون:

١- دوا ڕۆژی پەرە سەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد.

٢- فاکتەری کوردی لە ژیئۆپۆلیتیکی بەرژەوەندی ڕووسیادا.

٣- هەڵوێستی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکان بۆ دیاریکردنی چارە نووسی کورد بە دەستی خۆی.

٤- کێشەی نێوان کوردەکان و ڕێگای چارە سەر کردنی .

٥- دەرەتانی هەمە لایەنەی چارەسەر کردنی مەسەلەی کورد.

نوێنەرانی وەزارەتی دەرەوەی ڕووسیا و نوێنەرانی پارلمانی ڕووسیا (دوما) نوێنەرانی ئەنیستیتۆی ڕۆژهەلآتناسی مۆسکۆ، نوێنەرانی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی لە مۆسکۆ، و چەند زانا و ڕۆشنبیری کوردی ڕووسیا. چەند زانای ڕووس، شارەزای مەسەلەی کورد لە کوردستان نوێنەری پارتی دیموکراتی کوردستان- یەکگرتوو، نوێنەری یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هاوڕێ عەزیز محەمەد سکرتێری پێشووی حیزبی کۆمۆنیستی عێراق و کەسایەتی ناسراوی کورد بەشدار بوون. لە بەشەکانی تری کوردستان بەداخەوە نوێنەری حیزب و ڕێکخراو بەشدار نەبوون. نووسەری ئەم دێڕانە وەك کەسێکی سیاسی سەربەخۆ لە کوردستانی ئێران بەشدار کرابوو. نوێنەری پارتی کرێکارانی کوردستان داوەت نەکرابوو، بەلآم ئەندامیان بەشداریان کردبوو. برادەرێك بەناوی ((عەزیز جکۆ)) سکرتێری بەرەی ئازادی کوردستان سەر بە پە.کا.کا. وتارێکی پێشکێش کرد.

کۆنفڕانس بـە وتـاری پڕۆفیسـۆر لازاریـف کرایـەوە و بـە درێـژی لایەنـە جیاوازەکانی مەسەلەی کـوردی باسـکرد. بەشداربوانی کـۆنفرانس هـەر یەك بە جۆرێك مەسەلەی کوردیـان شـیکردەوە. بـەلاّم باسـی سـەرەکی زیاتر لە دەوری کوردسـتانی عێـراق دەسـوڕاوە. مـن لـە وتـاری خۆمـدا جۆرێکی تر بۆ مەسەلەکە چووم و مەسەلەی میللەتی کورد بە گشـتی و سیاسەتی دەولّەتە زلهێزەکانم بە کورتی هێنا بەر باس و پێشنیارم کرد کە کۆمیتەی هاوکاری و پشتیوانی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا لەگەلّ کۆڕ و کۆمەلّی ماف پەروەر و دیموکراتی غـەیرە دەولّـەتی ئـەورووپا پێوەنـدی بگـرێ و بـە هاوکـاری ئـەوان فشـار بخەنـە سـەر دەولّـەتانی زلهێـز و ڕێکخراوی نەتەوەی یەکگرتوەکان کـە مەسـەلەی کـورد وەك مەسـەلەی نەتەوەیەکی ٣٠ میلیۆنی خاوەن ماف و ماف زەوتکراو ماملّـەی دەگـەلّ بکرێت.

پـاش کـۆنفرانس دیـدارێکی ڕۆژنامەگـەریی بـە بەشـداری هـاوڕێ عـەزیز محەمەد و دوکتۆر ناصح غەفوور و دکتـۆر عیـزەدین و شـۆڕش خالیـد و کەریمی حسامی پێکهات و وەلاّمی پرسیاری ڕۆژنامە نووسان درایـەوەو ڕۆژی ١٩٨٨/٦/٧ بۆ سوید گەڕامەوە.

تەلەفۆنێکی نەناسراو

ڕۆژی ١٩٩٨/٦/٩ بەیانی زەنگی تەلەفۆنێك لە خەوی ڕاپەڕاندم گـوتی: ((من سمکۆ یەزدان پەنام لە کوردستانەوە تەلەفۆن دەکـەم. مـن قـەت بە خزمەت ئەو برادەرە نەگەیشتبووم و تەنیا بیستبووم کـە بەداخـەوە بـرا گـەورەی ئـەو سـەعیدی یـەزدان پـەنا لـە سـولەیمانی بەدەسـتی

تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆر کراوە کە سکرتێری رێکخراوی ((یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستان)) بوە. هەر وەك لە دووڕەوە بیستبووم چەند لاوی نیشتمانپەروەری کوردی کوردستانی ئێران رێکخراوێکیان پێکەوە ناوە و بە گوێرەی بۆچوون و سیاسەت و لێکدانەوەی خۆیان بۆ نەهێشتنی زوڵم و زۆرداری لە کورد و مافی ئینسانی نەتەوەکەیان لە خەبات و تێکۆشاندان. ئەو دەنگۆیەش بڵاو ببۆوە کە لە سولەیمانی چەند کەس لە تێکۆشەرانی ئەو رێکخراوەیە بە دەستی تیرۆرستەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون.

پاش سڵاو و چاك و خۆشی، کاك سمکۆ گوتی: ((من لە لایەن یەکێتی شۆڕشگێڕانی گەلی کوردستانەوە تەلەفۆن دەکەم. پێش چەند ڕۆژ واتە ١٩٩٨/٦/١ ژمارەیەك لە هاوڕێیانمان کە لە ناوچەی پیرانشار لە گەڕان دا بوون، لە گوندی زێوکە و ماشکان دەکەونە بەر پەلاماری چەکدارەکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پە.کا.کا) و شەش کەسیان لێ شەهید دەکەن و دوو کەسیشیان بە بریندارى دەگرن و گوللە بارانیان دەکەن. دوایەش لە پیرانشار تەرمەکانیان دەدەنەوە بە پاسدارانی کۆماری ئیسلامی. داستانی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە بە تەلەفۆن ناکرێ و تکام ئەوەیە ئەگەر فاکس هەیە با بە فاکس بەیاننامەی رێکخراوت بۆ بنێرم.))

بە دوای ئەودا بە فاکس بەیاننامەکەی نارد. بە خوێندنەوەی بەیاننامەکە بەڕاستی لەگەڵ کارەساتێکی خەفەتبار بەرە و ڕوو بووم. کارەساتێکی ئەوەندە قورس و دڵتەزێن و هەر لەو کاتەشدا ئابڕوو بەرانە بوو، کە سەری لێ دەرنەدەکرا. هێزێکی گەورەی کوردی کە گۆیا

بۆ ئازادی کورد و ڕزگاری کوردستانی گەورە خەبات دەکا و گۆیا شەڕی شۆڕشگێڕانەی وی دژی حکوومەتی شۆڤێنی تورکیایە، دەبێتە پاریزەری سنوورەکانی ئێران و لە کوردستانی ئێراندا تێکۆشەرانی کوردی ئێرانی پەلامار دەدا و دەیانکوژێ و تەرمەکەشیان دەداتەوە بە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە کوردستانی عێراق نەهێشتنی ئەم دەسەلاتە نەتەوەییەی کورد کە ئێستا لە ئارا دایە، دەکاتە ئامانج بەرنامەی کاری خۆی و شەڕی پێدەفرۆشێ.

بە داخ و ناڕەحەتیەکی زۆرەوە هەر گەیشتمە ئەو ئەنجامە کە بگەڕێمەوە بۆ پێداچوونەوەی مێژووی کورد و خەسڵەت و ئاکار و تایبەتمەندییەکانی کورد کە هەمیشە و هەرچی کردبی بەشێکی هەر گەڕاوەتەوە بۆ دوژمنایەتی لەگەڵ نەتەوەکەی خۆی و خزمەت بە دوژمنی نەتەوەکەی و فریو خواردن و فریودانی خەڵکی کورد و بەرهەمی فیداکاری زەحمەتکێشانی کوردیش هەر ئەوەیە کە ئێستا دەیبینین. لە هەمووشی سەیرتر ئەوە بوو کە نوێنەری (پە.کا.کا) لەسەر ڕادیۆی هەنگاو لە سوید هێندێ درۆی بۆ پاکانەی ئەم کردەوە دزێو و نا ئینسانانەی خۆیان ڕیز دەکرد کە کۆمەڵانی خەڵك گاڵتەیان پێ دەهات. زۆریش لە نیشتمانپەروەرانی کورد کە لە وتووێژێکی ڕادیۆیی دا لە سوید بەشداریان کرد و بە جوانی بەرپەرچی قسەکانی نوێنەری پە.کا.کا یان دەدایەوە و کردەوە و سیاسەتی چەوتی ئەو ڕێکخراوەیان مەحکوم دەکرد. دیارە بە ناو ڕووناکبیری واش هەبوون مشکیان لە قسەکانیاندا دەکوشت و جۆرە پاساوێکی فرە دزێویان بۆ ئەم جنایەتە دەهێنایەوە پاکانەیان بۆ کورد کوژی پە.کا.کا دەکرد.

نامەیەك بۆ شلێری کچم

ڕەوەندی ژیان، بە تایبەت لە ئاوارەیی و دوور لە نیشتمان و نەتەوە، گەلێك نالەبار و پڕ لە تەنگ و چەڵەمەیە. وەك لە سەرەتای ئەم بەرگە باسم کردوە، هۆی هەرە گرنگی تا ڕادەیەك ئاسوودەیی و بێ تەنگ و چەڵەمەی من لە بواری ژیاندا خۆشی نێو مالێ و خێزان و ئینسانیەت و دڵسۆزی داکی کەمال و باوك خۆشەویستی منداڵەکانم بوە، بەڵام دەبینی دیسان شتی وا دێتە پێش کە مرۆڤ مەجبور دەبێ دەست بۆ قەڵەم بەرێ و شتێك بنووسێ کە کار لە جەرگ و هەناوی بکات. برادەرێکی خۆشەویستم داوای لێکردم کە خەسووی لە ئێران زۆر نەخۆشە و ئەو دەرمانەی کە پێویستە لەوێ بۆی پەیدا نابێ و وەگیری ناکەوێ. لە سویدیش دەرمان یەکجار گرانە و دکتۆریش بە بێ چاولێکردنی نەخۆش نوسخە نانووسێ. تکای کرد بەڵکوو شلێری کچم نوسخەی بۆ بنووسێ و خۆشم بۆی وەرگرم چونکە زۆر گرانە. تەلەفۆنم بۆ شلێر کرد و جەڕەیانەکەم پێگوت. بە شلێرم گوت: تکایە نوسخەی بە ناوی من بنووسە تا ئەو دەرمانە بۆ خەسووی ئەم برادەرەمان وەرگرم. شلێر گوتی: ((بابە یەکەم ئەم نەخۆشیە سێ جۆر دەرمانی هەیە. دەبێ دکتۆر ببینێ و ئەودەم بزانێ کام حەبی بۆ دەنووسێ. دووەم تۆ نەخۆشی دڵت هەیە و دەرمانەکانی تۆ هەموو ناسراون و دۆسیەیان هەیە. سێیەم ئێستا تۆ بەلاش دەرمان وەردەگری. ئەو دەرمانەش زۆر گرانە و قوتوی بە ٨٠٠ کرۆنە. هەر چەند مانگ جارێکیش لەسەر نوسخەکانی دکتۆر کۆنترۆڵ هەیە. جا بۆیە ناتوانم ئەو نوسخەیە بەناوی تۆ بنووسم بە تایبەت کە چاوم بە نەخۆشەکەش

نەکەوتووە.

زۆر ناڕەحەت بووم. من کە قەت دڵی شلێرم نەیەشاندوە، و لە ژیانیشدا دڵم لێی نەڕەنجاوە. خۆم پێ ڕانەگیرا و ئەم نامەی خوارەوەم بۆ نووسی:

((.... شلێری خۆشەویستم ڕۆژ باش! چاوت ماچ دەکەم. لەوەتا چوویەوە خەریکم ئەم نامەیەت بۆ بنووسم. دەستم بۆ قەڵەم نەدەچوو. دەمگوت پێت ناخۆش دەبێ. پاشان بڕیارم دا هەر بینووسم. ئاخر دەزانی من بابم. باب هەقی هەیە دەردی دڵی خۆی بۆ منداڵەکانی بڵێ. من لە تەمەنی بیست ساڵییەوە بۆ ئازادی زەحمەتکێشانی کورد و ڕزگاری هەموو ئینسانێك لە چەوسانەوە چوومە نێو مەیدانی خەبات و تێکۆشانی سیاسی. لەو ڕێگایەدا تووشی زیندان و برسیەتی و دەر بەدەری بووم. دایك و باب و ژن و منداڵ و خوشکم مردون و لە سەرەمەرگیشدا نەمتوانیوە لە سەریان بم و نەمتوانیوە بچمە سەر قەبرانیشیان. ئەگەر تا ئێستاش لە دەردی دووری نیشتمان بەدەر هیچم پێ نەبڕاوە و لە ئاخری تەمەنیش نیزیك بوومەوە، بەڵام سەربەرزم لەنێو خەڵکی زەحمەتکێش و بە شەڕەفی کوردستاندا بە خزمەتکارێکی بچوکی ڕێگای ئازادی ناسراوم و لە کن خەڵکی بە شەڕەف و نیشتمانپەروەر جێگای ڕێز و خۆشەویستیم. هەر ئەوەش جێگای شانازیمە.

لە هەموو ژیانمدا ئاواتم ئەوە بوو منداڵێکم هەبێ کە بتوانێ بە گوێرەی توانا خزمەت بە فەقیر و هەژاری کورد بکات چەندم پێخۆش بوو ئەگەر

منداڵ بووی دەتگوت: دەبم بە دکتۆر کۆمەك بە منداڵی فەقیری کورد دەکەم. شوکر بووی بە دکتۆر. کارت پەیدا کرد و شوکر ژیانیشت خۆشە. بەڵام داخوا جارێك بیرت لە خەبات و لە ژیانی ڕابردووی بابت کردەوە؟ جارێك منداڵ و هەژاری کوردت وە بیر هاتەوە؟ جارێك بیرت لەوە کردەوە کە بڵێی کوردم و نەتەوەکەم زۆر فەقیر و بندەست و ستەم لێکراوە؟

نازانم چۆن دڵت ئاسودە دەکەی کە ژنێکی کورد لە کوردستانەوە داوا لە بابت بکا کە دەرمانێکی بۆ بنێرێ. بەڵام تۆ نووسخەی بۆ نەنووسی؟ خۆ شوکر داوای پارەشی لێ نەکردووی. من پارەکە سەت دۆلارم بۆ پورزایەکی فەقیری خۆم نارد. بۆم نووسیبوو کە ئەم پارەیە شلێر بۆتانی ناردووە. چونکە پێم خۆش بوو بڵێن منداڵەکانی کەریمی حسامی وەك بابیان دڵسۆزی میللەتی خۆیانن. ئێستا ترسی ئەوەم هەیە کە ئەم ئاواتەشم وەك زەحمەت و تێکۆشانی سیاسیم هیچی لێ پەیدا نەبێ. نەمتوانی ئەم نامەیەت بۆ نەنووسم. بەڵام وا بۆت دەنێرم. هیچ نەبێ ڕایگرە پاش مردنم جارێکی دیکەش بیخوێنەوە و بڵێ: ئەو بابەی مە چەندە بێ بەخت بوو کە منداڵەکانیشی بە دڵی ئەو نەبزووتنەوە. دەمەوێ هەمیشە بە خۆشی بژی. بابی دڵسۆزت. ١٩٩٨/١١/١٢))

شلێر پاش وەرگرتنی نامەکە زۆر ناڕەحەت بوو. زۆر گریا و دەیگوت بۆیە دەگریم تۆ داب و ڕەسمی دەرمان و پزیشکی ئێرە نازانی. با کچەکەی ئەو نەخۆشە ناو و ژمارەی خۆیم بۆ بنێرێ تا نوسخەی بۆ بنووسم هەر چەندە هەقیشم نیە. بەڵام ناتوانم بە ناوی تۆ بینووسم.

دیارە کچی ژنەکە ناو و ژمارەی بۆ نارد و شلێر نوسخەی بۆ نووسی.

منیش داوام لە برادەرێکی خۆشەویستم کرد دەرمانەکەی بەناوی من نووسی و بایی ٧٨٠ کرۆن بوو وەرم گرت. داوام لە دۆستی بەڕێزم دکتۆر محەمەدی رەحیمی کرد کە هەمیشە لە جوامێری و لوتفی لە ئاست منداا، نموونەی ئینسانیەت و دۆستایەتی بوە، نوسخەیەکی بەناوی من نووسی و ئەویشم بۆ وەرگرت و دام بە کیژەکەی، هیوادارم نەخۆشەکەش چاك بووبێتەوە.

خەراپەی کار و تێکۆشانی من لەوە دایە کە ناتوانم یا نازانم پڕۆژەی کاری خۆم دابڕێژم. من دامنا بوو کە بەرگی یازدەی بیرەوەرییەکانم تەواو بکەم و واز لەم حکایەتانە بێنم. تازە دەستم بە نووسین کردبوو، کە کتێبی ئاغای (کاوە بەیات)م کەوتە دەست. ئەوەندە سەرنجی ڕاکێشام کە وازم لە نووسینی بیرەوەری هێنا و دەستم کرد بە نووسین و ئامادە کردنی کتێبی ((کورد لە گەمەی دەوڵەتانی زلهێز و حکومەتی ناوچەدا.))

پاشان کتێبی ((ئەفسانە کوردییەکان))م لە ئێرانەوە بۆ هات. وەك لە پێشەکی ئەو کتێبەدا نووسیومە، ئەم کتێبە داستانێکی هەیە. دەستم کرد بە وەرگێڕانی کە بیکەم بە کوردی و بۆ چاپ ئامادەی بکەم.

دەمێك بوو کەڵکەڵەی ئەوەم هاتبووە مێشکی کە لە دە بەرگی بیرەوەرییەکانم بەرگێکی تێر و پڕی فارسی ئامادە بکەم. یەك دوو برادەری خۆشەویست و بە تایبەت کاك هوشیاری ئیمامی زیاتر هانی دەدام کە ئەم کارە بکەم. با کوشراوەی دە بەرگی بیرەوەرییەکانم بکرێنە فارسی و فارسەکانیش تا ڕادەیەك لە ڕابردووی ڕووداوەکانی کوردستان ئاگادار بن، هەر چەندە مەلا عەولای حەیاکی پاش

جێگرتنەوەی قاسملو و شەرەفکەندی لە فەرمایشتەکانی سەر کاغەزیدا فەرموویەتی: ((نووسینەکانی کەریمی حسامی جێگەی بڕوا نین)) بەڵام قەی ناکا با ئەو فەرمایشتی خۆی هەر بفرموێ و کاروانی نووسینەکانی منیش هەر وا رێگای خۆی درێژە پێدەدات.

برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق پێیان ڕاگەیاندم کە بۆ بەشداری لە کۆنگرەی دوازدەی پارتی وەک میوان داوەت کراوی. پێم خۆش بوو جگە لەوە کە داوەتەکە خۆی بۆ من شوێنی تایبەتی هەبوو، دیداری نیشتمان و دۆست و برادەری زۆر و خۆشەویستیش نیعمەتێکی زیادی بوو بە نسیبم دەبوو. برادەرانی پارتی کۆپیەی پاسپۆرت و بەڵگەی سەفەریان لێ وەرگرتم و دەبوایە چاوەڕوان بم. هەر چەندە سەفەری کانادام لەبەر بوو کە سەرەتای مانگی حەوت بە تەمای چوونی کانادا بووم سەفەرەکەم وەدوا خست و چاوەڕوانی ئەوە بووم کە بەرەو کوردستان بکەومە ڕێ. سەرەتای مانگی هەشت لە پڕ برادەرانی پارتی گوتیان سەفەرەکەت پەکی کەوتووە چونکە ئەمساڵ بڕیارە هیچ کەس وەک میوانی بێگانە بۆ کۆنگرە داوەت ناکرێ. لە هەڵکەوتی وادا هیچ ناکرێ. کاتێ میواندار لە داوەت کردنت پەشیمان بێتەوە، تۆ چی دەکەی. جگە لەوە کە دوو هەزار کڕۆن زیادی پارەی بلیت بدەم و سەفەری کانادا تێک نەدەم چیدیم بۆ نەکرا. نامەیەکی کوردتم بۆ پیرۆزبایی لە دوازدەهەمین کۆنگرەی پارتی بۆ کاک مەسعود نارد. بەداخەوە سەفەری کوردستانم بۆ نەکرا و درەنگتر لە وەڵامی پیرۆزباییەکەم دا ئەم نامەیەی کاک مەسعودم پێگەیشت کە جێگای سوپاسە.

دەقی نامەی ڕێزدار کاك مەسعود بارزانی: ١٩٩٩/١١/٧

((بەڕێز کاك کەریمی حسامی سلاّو:

بـە سوپاسـەوە نامـەی پیرۆزبایێتـان بـۆ پارتیمـان بـە بۆنـەی گرتنـی کۆنگرەی (١٢)مین وەرگرت. وێـڕای ڕێـز و خۆشەویستیمان بـۆ ئێـوەی بەڕێز، لە یەزدانی مەزن دەپارێینەوە هەردەم بەختەوەر و سەرفراز بن. مەسعود بارزانی.))

سەفەر بۆ کانادا

ڕۆژی ١٩٩٩/٨/٤ بەرەو کانادا سواری فڕۆکەیەکی فنلاندی بووم و پاش هەشت سەعات فـڕین بەسـەر دەریـا و ئۆقیانوسـدا گەیشـتمە تۆرینتـۆ. سەید حوسێنی خوارزام لەگەڵ کاك عومـەر. چـاوەڕوانم بـوون. لـەوێوە سواری ماشێن بووین بۆ لەندەن و ئێوارە گەیشتینەوە. ماوەی مانگێك لە کانادا میوانی حوسێنی خوارزام بووم. نە پێویستە باسـی خزمـەت و میوانداری ئـەم خـوارزا خۆشەویسـت و جـوامێرە بکـەم و نـە قەڵـەمیش دەتوانێ جوامێری و ئینسانیەتی بێنێتە سەر کاغەز و تەواو هەقی خۆی بـدات. بـەڵام دەبـێ یـەك دنیـا سوپاسـی تـەواوی ئـەو دۆسـت و هاونیشتمانیە کوردانەش بکەم کە لەو ماوەیەدا بە سەردان و میوانداری و هاتووچۆ لێم خافڵ نەبوون و هەمیشـە شـاد و سـەرفیرازیان کـردووم. دکتـۆر ئیـبراهیم عـەزیز بـە پێکەنینـە خۆشـەکەی و باسـە شـیرینەکانی بەڕاستی زۆرجار دانیشتنەکانی خۆش دەکرد و لە ئاخر دا وتو وێـژێکی چـاپەمەنی بـۆ گۆڤـاری تیشـك لەگـەڵ کـردم کـە بـە کـوردی لـە کانـادا دەردەچێ. دەکرێ بەتایبەت سوپاسی هەستی دۆسـتایەتی و ئینسـانی

کاکە ڕەش و کاك فریاد ڕەواندزی بکەم کە جگە لە میوانداری کوردانە، نەیانهێشت لە دەنگ و باس و ڕووداوەکانی کوردستان بێ خەبەر بم. چونکە لە کانادا ڕادیۆ کوردی و فارسی و عەرەبییەکان ناگیرێن کەسێکی ئینگلیزی نەزانێ بە یەکجاری لە دنیا بێ خەبەر دەبێ. کوردەکانی دانیشتووی کاناداش بە پێچەوانەی کوردەکانی ئەوروپا کەمتر خۆیان بە دەنگ و باس و سێمینار و ڕووداوەکانی کوردستانەوە ماندوو دەکەن. باسی پیتزا و تاکسی و چوونی مەزرا بۆ کار لەوێ بڕەوی زیاترە. بەڵام ئەم دوو برادەرەی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان جگە لە میوانداری کوردانە یەك ڕۆژ منیان بێ خەبەر ڕانەگرت بەتایبەت کاکە ڕەش هەموو ڕۆژێ کوردستانی نوێی لە ئینترنێت والاتحاد عەرەبی بۆ دەناردم. ناکرێ پیاوەتی و دڵفراوانی ئەم دۆستە بەڕێزانەم لە بیر بچێتەوە. بۆم دەرکەوت لە یەکێتی نیشتمانیشدا کەسانی وا هەن کە وێڕای ناکۆکی هێندێ بیر و بۆچوون دەتوانن ئوسوڵی شارستانیەت و هاونیشتمانی و تەنانەت دۆستایەتیش ڕەچاو بکەن و بیپارێزن.

لەو ماوەیەدا هێندێ لە ئەندامانی حیزبی دیموکرات هاتنە سەردانم و تازە کردنەوەی دیدار و کورتە باسی ڕابردوو، بەتایبەت میوانداری و هاتووچۆ و میوانداری کاك ڕەحیمی بەهرۆز دۆستێکی قەدیم و کادرێکی تێکۆشەری ناوچەی سندوس کە لەگەڵ خێزانێکی ١٣ نەفەری پاش خەبات و بریندار بوون دەکەوێتە بەر هەڵوێستی (دیموکراسیانە و ئینسانانەی) ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات و لە حیزب دەردەکرێ و ماوەیەکی زۆر لە تورکیا لەو پەڕی تەنگانەی ژیان و مەترسی دانەوەی بە ئێران نەمر نەژی ڕۆژ دەباتە سەر، تا لە کانادا وەردەگیرێ و جارێکی

تر دەبێتەوە بە بەرپرسی ڕێکخراوی حیزبی دیموکرات لە کانادا. !

ڕۆژێکیش چووینە نیاگارا تەماشای ئەم شوێنە جوان و سروشتییەی نیاگارامان کرد کە نرخی ئەوەی هەیە لە شوێنی دووریشەوە بچیە تەماشای و سەیری بکەی.

دکتۆر ئەمیری حەسەن پور و خێزانی تەشریفیان هێنا و بەو سەردانە شادیان کردم. کورش شەهابی و هوشیاری ماوەڕانی هاتنە لام و تازە کردنەوەی دیدار و یادی ڕابردوو چێژی تایبەتی هەیە و بۆ من جێگای خۆشی بوو.

بڕیارم دا سەرێکی ئەمریکا بدەم. لەگەڵ حوسێنی خوارزام ڕۆژی ۸/۱۵ بە سواری ماشێن بەرەو ئەمریکا کەوتینە ڕێ. ڕێگایەکی دوور تا گەیشتینە واشنگتۆن دە سەعاتی خایاند. بەڵام ڕێگاکە ئەوەندە جوان و سەر سەوز و دڵگیرە کە مرۆڤ هەست بە هیلاکی ناکات. لە ئەمریکا میوانی موعتەبەر شێروانی و دەسکۆی دۆستی دوور بەدوور بووین. هەرچەندە دە سەعات ڕێگا تا ڕادەیەک هیلاکی کردبووین، بەڵام پێشوازی دۆستانەی خانەخوێی بەڕێز و خۆشەویست، هیلاکی ڕێگای دووری لە بیر بردینەوە. کاك ئاوات عەلیاریش ئەو ئێوارە لەوێبوو. دیداری کاك ئاواتیش وەک ڕووناکبیرێکی شارەزا و تێگەیشتوو لە بەر دڵان دانیشتنی ئەو شەوەی خۆشتریش کرد.

کاك عومەر دزەیی بە تەلەفۆن بەخێر هاتنی کردم و گوتی: ئەوا هاتیە قەڵای ئیستعماریش. گوتم هاتوم بزانم بیرۆخێنین یا جارێ لێیگەڕێین. دوو ڕۆژ لەگەڵ دەسکۆ چووینە دیداری کۆشکی سپی ناوەندی تەون و

جالجالۆکەی سەرمایەداری و پاریزەری مافی مرۆڤی سوور پێستەکانی ئەمریکا.! و سەردانی کتێبخانەی کۆنگرە و هێندێ شوێنی تری واشنگتۆن بەشێکی تری گەشتەکەمان بوو. سەردانی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکامان کرد و لەگەڵ کارمەندانی بەشی کوردی ناسیارێکی کورتمان پەیدا کرد و لەگەڵ دکتۆر ئیسماعیل سەرپەرشتی بەشی ڕۆژهەلاتی ڕادیۆ ئەمریکا دانیشتین و گفتوگۆیەکی نیو سەعاتەی شیرینمان هەبوو. دکتۆر ئیسماعیل گلەیی ئەوەی هەبوو کە کوردەکان نووسراوە و بۆچوونەکانی خۆیان بە ئینگلیزی بلاو ناکەنەوە و بێگانە کەمتر ئاگاداریان لە مەسەلەی کورد هەیە. لە ئاخری قسەکانمان دکتۆر ئیسماعیل گوتی باشە کورد هەتا کەنگێ واز لە دوو بەرەکی و دوژمنایەتی نێوخۆیان ناهێنن و لە ڕێگای یەکێتیەوە چاری مەسەلەکانی خۆیان ناکەن. گوتم دکتۆر لەگەڵ عەرەبان گەورە بووین و تەربیەتی وانە بۆمان ماوەتەوە. پێکەنی گوتی قسەم نەما.

لە ڕأدیۆ دەنگی ئەمریکا موعتەبەر شێروانی لەسەر کتێبە تازەکەم (کورد لە گەمەی دەوڵەتانی زلهێز و حکومەتانی ناوچەدا) و هێندێ مەسەلەی تر وتو وێژێکی لەگەڵ ساز کردم. کاك عومەر دزەیی بۆ خواردنی نیوەڕۆ داوەتی کردین. شەوێکیش لە واشنگتۆن کاك ئاوات عەلیار لە کەبابخانەیەکی بۆکانی داوەتی کردین کە تام و چێژی تایبەتی کوردستانی هەبوو. دکتۆر کەمال کەرکوکی بۆ سەردانی دەفتەری پارتی لە واشنگتۆن داوەتی کردین. بارەگایەکی ڕێك و پێك و پەرداخ و پڕ لە کتێب و ئامرازی پێویستی باڵێۆز خانەیەك. دوای سەردانی دەفتەر بۆ خواردنی نیوەڕۆش هەر میوانی دکتۆر کەمال بووین. شەوێکیش کاك

جـەمال نوێنـەری حیزبـی دیمـوکرات داوەتـی کـردین و دانیشـتنێکی کوردانەی خۆشمان هەبوو. پاش چەند ڕۆژ زەحمەت دانـی خانـە خـوێی بەڕێز و وەرگرتنی دیارییەکی بە نرخ کتێبـی (کوردستان لـە سێبەری مێـژوودا) لـە لایـەن خوشکە موعتەبـەری بـەڕێزەوە بـە دنیایـەك یـاد و بیرەوەری خۆش و فەرامۆش نەکراو مالاوایـیمان خواست و بەرەو کانـادا گەڕاینـەوە. چـەند ڕۆژی دیکـە لـە لەنـدەن لەگـەڵ دۆسـت و ناسـیاران ڕۆژمان بردە سەر و ١٩٩٩/٨/٢٦ گەڕامەوە بۆ ستۆکهۆڵم.

خەبەرێکی دڵتەزێن

١٩٩٩/١١/١٣ بـەیانی زوو زەنگـی تەلـەفۆن لـە خـەوی ڕاپەڕانـدم. خوارزایـەکم لـە ولاتـەوە دوای سـلاو و چـاك و چـۆنی گـوتی: ((خاڵـە بەداخەوە دەبێ خەبەری مردنی پورمت بدەمێ کە دوێنێ ئـەتو خـۆش، کۆچی دوایی کرد و ئێستا لەگـەڵ دایکـم لـە مـاڵی وانـین.)) خەبـەرێکی داخدار و دڵتەزێن بوو. ئەوە شەشەمین نەفەری کەس و کاری من بـوون کە بە حەسرەتی دیداری مـن سـەریان ناوەتـەوە و تەنانـەت لـە سـەرە مەرگیشدا لە دیداریان بێ بەش بووم.

ساڵی ١٩٥٤ لە زیندان بووم، باوکمو خێزانم و کیژێکی دوو ساڵەم مردن و ڕێگایان نەدام کە لە ژێر سەر نێزەی سەرباز و ژاندرمیش بۆ ناشتنیان بچمە سەر قەبران.

ساڵی ١٩٥٨ تازە لەبەر دەستی حکومەتی شا دەرباز ببووم و لە عێراق بـووم، برادەرانـی حیزبـی خەبـەری مردنـی دایکمیـان بـۆ نـاردم. سـاڵی ١٩٦٨ لـە بولغارسـتان خەبـەری مردنـی خوشـکێکم بـۆ هـات کـە لـە

هەموومان کەم تەمەنتر بوو.

لە سویدیش ئەوا کۆچی دوایی خوشکێکمیان پێ ڕاگەیاندم کە بیست ساڵ بوو نەمدیبوو. بیست ساڵ بوو بە هیوا و ئاواتی دیتنەوەی من دەژیا. ئاواتی منیش دیتنەوەی نیشتمان و دیداری ئەم دوو خوشکەم بوو کەوا یەکیان لە دوورەوە مالاوایی لێ کردم و داخداری کردم.

ئێستاش ئەوا دونیا پێ دەنێتە هەزارەی سێیەم و مرۆڤایەتیش سەرەڕای ئەوە کە گەیوەتە ئەوپەڕی پێشکەوتنی زانست و تەکنیك و خەریکە دەست دەگەیەنێتە ئاسمانان و زیتریش، بەڵام هێشتا نا تەبایی و ئاڵۆزی و یاسای جەنگەڵ بەسەر جیهاندا زاڵە. لە کۆتایی هەزارەی دووەمدا نێزیکەی دوو ملیارد کەس لەژێر خەتی فەقیریدا دەژین و ڕۆژانە بە یەك دۆلار ژیانی نەمر نەژی دەبەنە سەر. ئێمەش هەروا بە ئاواتی ڕزگاری لە ئاوارەیی و هەڵکێشانی داخی دوور بەدوور بۆ ئازادی و دیموکراسی و شاد بوونەوە بە نیشتمان و دۆست و برادەر و کەس و کار لاپەڕەی هەشتا ساڵەی تەمەن هەڵدەدەینەوە.

لەم بەرگە و لە نووسینەکانی دیکەشدا، زۆر لەو نامانەم بلاو کردوونەوە کە دۆست و برادەران بۆیان ناردووم و یا نووسەر و ڕووناکبیران بیرەوەرییەکانیان بە ڕەخنە و هەڵسەنگاندن بەسەر کردۆتەوە. دەمەوێ لێرەدا نامەیەکی خۆشم بلاو بکەمەوە کە بە بۆنەی دەرچوونی کتێبێك لەسەر ژیان و بەسەرهاتی مامۆستا عەبدولڕەحمان زەبیحی لە ڕێگای مانگنامەی (پەیام)ەوە بۆ عەلی کەریمی خوارزای زەبیحیم ناردووە.

نامەیەکی کراوە بۆ کاك عەلی کەریمی

وێڕای سڵاو، کتێبی ((ژیان و بەسەر هاتی عەبدولڕەحمان زەبیحی)) کۆکردنەوەی جەنابتم خوێندەوە. سوپاس بۆ کاك حەمەدەمینی سیڕاجی کە بۆی هێنابووم. بە لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە لەسەردەمی کۆمەڵەی ژێکافەوە تا بێ سەر و شوێن چوونی مامۆستا زەبیحی کەم و زۆر لە بەسەرهات و ڕووداوەکان دوور نەبووم و ماوەیەکی نەکەمیش لە نێزیکەوە لەگەڵ مامۆستا دیدار و ڕۆژ باشم هەبووە، بە پێویستم زانی بیر و ڕای خۆم لەسەر زەحمەت و تێکۆشانت بۆ کۆکردنەوە و ئامادە کردنی ئەم کتێبە دەربېڕم. لە پێشدا ویستم ئەم نامەیە ڕاستەوخۆ بۆ خۆت بنێرم، بەڵام لەبەر ئەوەی شوێن و ئادرێست نازانم و کتێبەکەش دەمێکە بلاّو بۆتەوە و کەوتۆتە بەر باس و بۆچوونی جیاوازیش، بڕیارم دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی (پەیام)ەوە نامەکە بلاّو بکەمەوە.

سەبارەت بە هەست و سۆزی خاڵ و خوارزایی و بۆ خزمەت بە ناساندنی مامۆستا زەبیحی زەحمەتێکی زۆرت کێشاوە و کتێبێکی ٦٨٤ لاپەڕەییت لەسەر ژیان و بەسەرهاتی خوا لێخۆشبوو ئامادە کردووە و کتێبخانەی کوردیت پێ دەوڵەمەند کردووە. بەڵام بەداخەوە بە بیر و ڕای من نەك هەر ئامانجت نەپێکاوە، بەڵکوو بەم کارە شەخسیەتی سیاسی و ئەدەبی و زانستی عەبدولڕەحمانی زەبیحیت هێناوەتە خوارەوە.

مامۆستا زەبیحی لە کۆمەڵی کوردەواری و لە نێو ڕوناکبیر و نووسەرانی کورد دا بە یەکێ لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژێکاف و زمانزانێکی نموونە و نووسەرێکی لێهاتوو و دانەری قامووسی بەنرخی زمانی کوردی و بە وێنەی ئینسانێکی هێدی و مەند و لەگەڵ خەڵك گونجاو ناسرابوو.

لە بواری سیاسیشەوە لە کوردستانی عێراق بە ئەندام و لایەنگری جەماعەتی برایم ئەحمەد و جەلال تالەبانی دەناسرا، ئەوەش نەك هەر جێگای ئیراد نیە، بەڵکوو سەربەخۆیی بیر و بۆچوون و هەڵوێستی خوالێخۆشبوو دەخاتە بەرچاو. ئەوەندەی من لە نێو خەڵك و لە نیزیکەوە لەسەر زەبیحیم بیستبێت هەر ئەوە بووە. لە کوردەواریدا دەڵێن: ((چەم بێ چەڵ نابێت)) جا ئەگەر کەسانێك لەبەر خۆیانەوە جۆرێکی تریش باسی زەبیحیان کردبێت، قسە و قسەلۆکی پاشملە و بێ نرخ و بۆرەکی بوون و نەهاتوونەتە سەر کاغەز و بڵاو نەکراونەتەوە. بەڵام تۆ بە هەوڵ و تێکۆشان و، بە قەولی خۆت بۆ ئەوەی ((مێژوو بۆ منالآن بە ڕاستی بنووسرێ و ببێتە دەرس بۆ نەسڵی داهاتوو)) ناوت زڕاندوە، شاهیدت بۆ ڕاست کردنەوەکە داخوا: ((مامۆستا زەبیحی پیاوی بەعس و جاسوس و بەعسی و چی و چی بووە یان نا)) درۆ و بوختانی سەر زارەکی و بێپێزت کردوونەتە کتێب و زیندووت کردوونەتەوە.

ڕەخنەی دۆستانەی من لە هەوڵ و تێکۆشانی جەنابت و لە دەربڕینی هێندێ لەو شاهیدە ناعادلآنە سەبارەت بە شەخسیەتی مامۆستا زەبیحی بە کورتی لەم خالآنەی خوارەوە دا خۆ دەنوێنن:

١- لە سەرەتاوە بە یارمەتی دکتۆر ئەمیری حەسەن پور کە بێ بەڵگە و بۆچوونی زانستی دەنووسێت: ((بۆچوونی کاك عەلی کەریمی سەبارەت بە ناکۆکی نێوان قازی محەمەد و زەبیحی و کۆمەڵەی ژکاف و حیزبی دیموکراتەوە ڕاستە)) (ل.٢٨) هەوڵت داوە وا نیشان بدەی کە قازی محەمەد و زەبیحی ناکۆکیان هەبوە و زەبیحی بەربەرەکانی قازی

کردووە. ئەوە جگە لەوە کە شتی وا نەبوە و لەم بارەوە شتێك نایەتە بەر چاو، ئەوەتا دوکتۆر عێزەدین مستەفا لە وتو وێژی نێو کتێبەکەدا دەڵێ: ((مامۆستا زەبیحی دیفاعی لە پێشەوا کردوە و لە باسی پێشەوا و دیفاع لە پێشەوا داینەنواندوە.)) هێنانە گۆڕی ئەم باسە نەك هەر هیچ لە کەسایەتی زەبیحی زیاد ناکات، بەڵکو داشیدەبەزێنێت. چونکە لە هەل و مەرجی ئەو زەمان و ئێستاکەش ناکۆکی و دوژمنایەتی لەگەڵ قازی محەمەد لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە بە ناپەسند و بێزراو لێك دراوەتەوە و لێك دەدرێتەوە. جگە لەوە زەبیحی فەقیر و بێکەس ئەوە نەبووە کە لە بارو دۆخی ئەو سەردەمەدا بتوانێت بەربەرەکانی قازی محەمەد بکات.

٢- زۆربەی شاهیدە ناعادڵەکان و خۆشت هەوڵی ئەوەیان داوە کەوا نیشان بدەن گۆیا حیزبی دیموکرات لەگەڵ زەبیحی ناکۆکی هەبووە. ناچمە نێو ئەم باسە، حیزبی دیموکرات خۆی دەزانێ وەڵام دەداتەوە یان نا. بەڵام بۆ مێژوو بە دڵنیاییەوە دەڵێم کە ئەم قسەیەی کاك حەمەدەمینی سراجی کە دەڵێ: ((مامۆستا عولەماش کە باسمان دەکرد بەداخەوە موخالەفەتێکی توند کرا و موخالەفەتەکەش پتر لە لایەن دکتۆر قاسملو و کاك کەریمی حسامی یەوە بوو)) ڕاست نیە و کاك حەمەدەمین لە بیری نەماوە. من دوو بەڵگەی حیزبی دیموکراتم لە لایە:

یەکەم: کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی ١٩٧١/٦/٢٥ بڕیاری دا پێوەندی بە مامۆستا زەبیحییەوە بکرێت بۆ هاوکاری و ڕاوێژ و دۆستایەتی.

دووەم: بوروی سیاسی کۆمیتەی ناوەندی لە کۆبوونەوەی ١٩٧١/٨/٥

مەسئولیەتی دا بە دکتۆر قاسملو کە جارێکی دیکەش پێوەندی بە مامۆستا زەبیحییەوە بکرێت بۆ هاوکاری و دۆستایەتی. هیچ کەس لە کۆمیتەی ناوەندی دژی ئەم برپارانە نەبووە.

ئەوەی مەلا عەولاّ و شێخ لەتیف و فلاّن و فلاّن دەیلّێن دەگەڕێتەوە بۆ هەلّوێستی زەبیحی خۆی کە چەندە ویستوویەتی لەگەلّ کوردەکانی کوردستانی ئێران نێزیک بێتەوە و پێوەندییان پێوە بکات. کاك حەمەدەمین لەگەلّ ئەوەی بە جوانی ڕێنوێنیت دەکات کە دەلّێ: ((نووسراوەکانی زەبیحی کۆ بکەوە و کارت بەوە نەبێ کە زەبیحی لەگەلّ بەعس بووە و یا زیدی بەعس بوە لە هەردوو ڕوودا دەبێ بە بەلّگە قسەی خۆت بکەی)) بەلاّم هەر لەو کاتەشدا لە قسەکانی وورد نابێتەوە و دەلّێ: ((کاك کەریمی حسامی خۆی بە دەبیری دووەم دەزانی کە قەت دە بیری دووەم لە بەرنامەی حیزبدا نەبووە)) کاك حەمەدەمین دەزانێ کە کەریمی حسامی لەسەر پێشنیاری دکتۆر قاسملو، بە تێکڕایی دەنگی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، بە جێگری سکرتێر هەلّبژێردراوە. ناوی دەبیری یەکەم و دووەم هەر لە حیزبی دیموکراتدا نەبووە. لە پێڕەوی حیزبدا جێگای جێگری سکرتێریش نەبووە. بەلاّم ئەو دەم نە کاك حەمەدەمین و نە کەسیتر هەر باسیشیان نەکردووە. من خۆم لە بەرگی پێنجی بیرەوەرییەکانمدا باسم کردوە، نازانم کاك حەمەدەمین بۆ باسی ئەوەی کردوە کە وا نیە و پێوەندیشی بە پرسیارەکانی تۆوە نیە؟

٣- بۆ نووسینی ((مێژوو بۆ منالاّنی ئێمە بەڕاستی)) بۆ ناساندنی مامۆستا زەبیحی بەلای منەوە ئەوەندە بەس بوو کە نووسراوەکانی وی

بە گشتی کۆ بکرێنەوە (وەک کردووتە) و لە سەر کەسایەتی ئەدەبی و زمانەوانی و کاری قاموسە بە نرخەکەی پەیحوری کرابایە و لەگەڵ کەسانی زانا و نووسەر و زمانزان سەبارەت بە کارە ئەدەبیەکانی زەبیحی وتو وێژ کرابایە، وەک نەوشیروان مستەفا نووسیویەتی، نەک وەک شێخ لەتیف و مەلا عەولای لێ بکەیە شاهید کە بڵێن:

- کە لە حەپسێدا بوو مامۆستا عەبدوللاّ خەبەری منداڵەکانی تەیموری بەختیاریشی دایە کە ئەوانیش لایەنگری مامۆستا عولەمایان زۆر دەکرد و حەولیان دەدا کە شتێکی بۆ بکەن. (ل.١٦٥)

- یان بڵێ: من هەر لەوە سەرمان سوڕ دەمێنێ ئەو پیاوە لەگەڵ جیهازە تایبەتیەکانی حکومەت زۆر تێکەڵ بووە، زۆریان خاتر دەگرت حەتا ئاخر جار پڕ جێبێک کەلاشنیکۆڤ بە خەزانە و بە فیشەکەوە پێیاندا نارد لە بۆ عیزەدین حوسێنی چوون لە لای مەریوان جەماعەتی قاسملو هاتن سیلاحەکانیان لێ ستاند بردیان. (ل. ١٦٩-١٧٠)

- یان بڵێ: وەرە لێکی دەینەوە ئەو پیاوە کە ئەوەندە جێگای باوەڕیان بێ، سیلاح و پارەی پێدا بنێرن بۆ عێزدەین حوسێنی بۆ دەبێ بیگرن و بیکوژن. (ل. ١٧١).

- یان بڵێ: دەیان بردە جێگای زۆر سڕپی. کوڕە لە کولیەی ئەمنی قەومی مەحازەرەی دەدا. (ل.١٧٨)

- یان بڵێ: بە حیساب لێرە سیلاحی وەردەگرت دەیبرد بۆ عێزەدین و دوایی لەگەڵ مام جەلال خەریکی شتی دیکە دەبوو، هەر لەو شتە تێداچوو. (ل. ١٧٩)

چ پێویست بوو تۆ خۆت شك و گومان بخەیە سەر خاڵت و لە مەلا عەولاّ بپرسی: ((ئەندامی بەعس بووە یان نا؟))

– یان بڵێ: کۆمەڵێك لەو خەڵکانەی لە بەغدا هاتبوونەوە زۆریان دعایەی ئەوە بۆ دەکرد کە بەعسییە و شتی وا.))

– یان پرسیار لە مام جەلال بکەی: ((یانی ئەوە بە ویوە نانووسێ کە کاتی خۆی پێیان دەگوت بەعسی)) ئەویش لە وەلاّمدا بڵێ: ((قەت قەت شتی وای نەکردوە، قەت نە بەعسی بووە نە سەری بە حکوومەت بووە و نە دۆستی حکوومەت بووە.)) (ل.٢٢٣)

– یان برایم ئەحمەدی لێ بکەی بە شاهید کە بڵێ: ((پێوەندی بە عیسی پژمان و بەختیار و ئەوانەوە هەبووە.))

– یان کاك حەمەدەمین بڵێ: ((ئەمن وا فیکر دەکەمەوە بەعس یارمەتیەکی زۆری لە کانالّی مامۆستای پا بە شێخ عێزەدین و شێخ جەلال و وانە کرد. ئەوە هیچ شکم تێدا نیە. لەوەشدا کە بەشێك لەو یارمەتیە گەیوەتە دەستی هێزەکانی مام جەلال دەوەشدا شکم نیە کە دەنێو جەماعەتی مام جەلالیدا ئیوا زۆر بووە کە خەبەری داوە لە ڕابیتەی مامۆستا لەگەڵ مام جەلال دەوەشدا شکم نیە، ئەمن پێم وایە لە بەینچوونی مامۆستا لە ڕابیتە لەگەڵ ویدا بووە.)) (ل.٢١٤)

– یان شێخ عێزەدین دەڵێ: ((زەبیحی ڕاستە لەگەڵ دەولّەتی عێراق گونجانێکی بووە. ئەمما لەگەڵ مام جەلال و ئەوانە یەك بووە بە جۆرێك ئەو لای ڕاگرتوە جا نازانم چۆن؟ بەلاّم بەعسی بەو مەعنایە لە خزمەت ئەواندا بێ و کار بۆ وان بکا وەك ناحەزەکانی بلاّویان دەکردەوە و

تەبلیغاتیان پێوە دەکرد ئەوە نەبوو.)) (ل.٢٤٧)

- یان شێخ عێزەدین هۆی لە بەینچوونی ئەو بە نامەی مام جەلال و یان هێنانی چەکی بەعس و دانی بە یەکێتی نیشتمانی بزانێت.

- یان یوسفی ڕێزوانی بنووسێت: ((مامۆستا زەبیحیش بە تۆمەتی جاشی ٦٦ کەوتە بەر تۆمەتی جۆراوجۆر))

- یان کۆنە نووسراوەیەکی لە بیر چۆوەی دکتۆر جەمال نەبەز بێنیە نێو ژیان و بەسەرهاتی زەبیحی و زیندووی کەیەوە.

- یان ئەمیری حەسەن پور بنووسێت: ((لاپەڕەیەکی تاریک لە ژیانی سیاسی زەبیحی دا پێوەندی گرتن لەگەڵ تەیموری بەختیار و پەناهیان و پژمان و دەستە و دایرەی دژ بە ئێرانە.. ڕابردوویەکی لە ڕوانگەی هێزی چەپ پەڵە دار ببوو. پێوەندی لەگەڵ بەختیار، پەناهیان و بەعس- با خۆشی بە هیچ کامیان نەفرۆشتبێ- زەبیحی لە پێش چاوی چەپ خستبوو.)) (ل. ٢٤-٢٢).

بە بۆچوونی من ئەو قسە و دەربڕینانە نەک هەر بۆ منالأنی ئێمە و بۆ نەسلی داهاتوو سەبارەت بە کەسایەتی مامۆستا زەبیحی نابنە دەرسێکی بە نرخ، بەڵکو دەبنە هۆی ڕووژاندنی شک و گومان لەسەر ژیانی سیاسی مامۆستا زەبیحی و هێنانە خواری کەسایەتی وی. ئەم بۆچوونەت ڕاستە و جێگای لێ ورد بوونەوەیە کە دەڵێ: ((بە پێویستی دەزانم کە وە بیر هەموو ئەو کەسانە بێنمەوە کە بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە هاو خەباتی زەبیحی نە دەبوو لە حاست ئەو هەموو بوختان و تۆمەتانە بێدەنگ بن و هیچ نەڵێن چونکە خۆشیان دەگرێتەوە.))

(ل.٤١٠)

بەڵێ ڕاستە و باش بۆ مەسەلەکە چووی. ئەوان باش دەزانن کە هێندێ مەسەلە بۆیە نابن چیلکەیان تێوەردەی. هەر بۆیە وایان پێ باشە بەردی لەسەر دانێن و وەبیر خەڵکی نەهێننەوە. لە خوایان دەوێ ڕابردوویان فەرامۆش بکرێت.

بە کورتی بۆچوونەکانی من لەسەر بەشێکی نێوەڕۆکی کتێبەکە ئەوانە بوون بەڵام بەشەکەی دیکە- واتە کۆکردنەوەی نووسراوەکان - بە کارێکی باش و بە نرخی دەزانم و خۆزیا کتێبەکە هەر ئەوەندەی تێدا بایە. لێرەدا با ئەوەش بڵێم کە ئەم زەحمەت و تێکۆشانەی تۆ ئەو فایدەشی هەیە کە هێندێ کەسی دەروێشی مەلا شێخ عێزەدین بۆ (ئازادی و شۆڕش و خود موختاری و ئابووری سۆسیالیستی کوردستانی ئێران) چۆن دامەزراوە و لە کوێ دامەزراوە و ئامانج و ئارمانی چ بووە و پاڵی وەکێ داوە؟ وەك جەنابی شێخ خۆی دەفەرموێ. جگە لەوە هێندێ ڕووداوی داپۆشراوی کوردستانی ئێرانیش دەخاتە ڕوو کە تەنیا هەر دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان نین دەست دەخەنە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەڵکو ئالاڵ هەڵگرانی کوردایەتیش لە تێخزان و تێکدانی بزووتنەوەی بەشەکانی جیاوازی کوردستان دەست ناگێڕنەوە.

ئێستا با دوو قسەی خۆمانەش لەگەڵ خۆت بکەم!

یەکەم: کاك عەلی بەڕێز! وەك خۆت باست کردوە من بۆ یارمەتی و ڕێز گرتن لە مامۆستا زەبیحی گوتم وتارێکی بە نرخی زەبیحیم لایە لە

بولّغارستانە و بۆت دەنێرم. قەرارماندا کە لەگەلّ وتارەکە دە دانە بەرگی دەیەمی بیرەوەرییەکانی خۆمت بۆ بنێرم کە بۆم بفرۆشی. قبولّت کرد و بەلّێنت دا. هەر وەك نووسیوتە: ((زۆری پێنەچوو کاك کەریم وەك مەردان وەعدەی خۆی بەجێ هێنا و بە پۆستەدا ئەو نووسراوەی پێگەیاندم.))

بەلّێ، من وەك بەلّێنم دابوو ئەم وتارەم لەگەلّ دە بەرگی دەیەمی بیرەوەرییەکانم بۆ ناردی. بەلاّم تۆ وەك (مەردان) وادە و بەلّێنی خۆت نەبردە سەر. نەك هەر کتێبەکانت بۆ نەفرۆشتم، بەلّکو پاش سالّێك لە رێگای مەلا ڕەسولّی پێشنمازەوە چوار دانەم لە کتێبەکان پێ گەیشتەوە و شەش دانەکەش لای تۆ سەریان تێدا چوو. جا تۆ کە ویستووتە مێژوو بۆ منداڵان بە ڕاستی بنووسرێت، دەبوایە ئەم ڕاستیەشت بۆ مێژوو هەر نوسیبایە. خۆ ئەوە ئەگەر مێژووش نەبێت، بەشێکە لە ئەخلاق و وادە و بەلّێنی مرۆڤی کورد. دیارە من فەوتانی شەش دانە کتێبم پێ گرنگ نەبووە و باسیشم نەکردووە. ئەزموونی ئەوەندەم بە دەستەوە بوو کەسێکی لە پێشمەرگایەتییەوە ببێتە کاسبکار و ببێتە نووسەر و ببێتە ڕاوێژکاری گۆڤارێکی ئەدەبی و فەرهەنگی، نابێ چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکەی کە وەك (مەردان) وادە و بەلّێنی خۆی بەرێتە سەر.

دووەم: کاك عەلی بەڕێز! تۆ مەلا ڕەسولّ و کاك حەمەدەمینی سیراجیت لە گەلّ خۆت بۆ مالّی من هێنا و داوات کرد کە سەبارەت بە مامۆستا زەبیحی وتو وێژت لەگەلّ بکەم. دەزگای ڤیدیۆ و فیلم و ئەوانەشت هێنابوون. ئامادەت کردن و پرسیاری زۆرت کردن و وەلاّمی درێژیشت لە

من وەرگرتنەوە، بەڵام لە کتێبەکەتدا قسەکانی من دیار نین و هەر باسیشت نەکردوە. جا ئەگەر تۆ سەبارەت بە فیکر و هەڵوێست و بۆچوونی خۆت بڵاو کردنەوەی وتو وێژەکەی منت بۆ مامۆستا زەبیحی بە قازانج نەزانیبێت، بۆ من جێگای شادی بوو کە ناوی منت نەهێناوەتە نێو ناوی ئەم شاهیدانە کە زۆریان لە کۆمەڵی کوردەواریدا سەبارەت بە (ڕابردووی خاوێنیان) بە شاهید ناشێن و قسەکانیشیان هیچ سەنگیان نەخستۆتە سەر کەسایەتی زەبیحی.

سێیەم: بە پێویستی دەزانم ئەم هەڵەیەشت ڕاست کەمەوە کە دەفەرمووی: ((چوومە دەفتەری حیزبی دیموکرات گوێم لێ بوو دکتۆر قاسملو بە کاك کەریمی حسامی دەگوت: ((مەهاباد دەکەینە ستالین گراد)) کاك عەلی بەڕێز! ئەم باسەت لە بەرگی شەشەمی بیرەوەرییەکانی منداخوێندۆتەوە و بە کەیفی خۆت داتڕشتۆتەوە. ئەو دەمی کە ڕۆژی یازدەی خەرمانان، ١٩٧٩/٩/٢ داوام لە خەڵکی مەهاباد کرد کە لە فەرمانداری کۆ ببنەوە تا بارودۆخی شار و چۆنیەتی بەرگری و پاراستن لێك بدەینەوە، پاش دەربڕینی بیر و ڕای خەڵك نۆرەی من هات و گوتم: من لێرەدا بە ئاشکرا ڕادەگەیەنم کە ئێمە مەهاباد دەکەینە ستالین گراد، ئەو دەم نە دکتۆر قاسملو و نە تۆ و نە هیچ کەس لە (شۆڕشگێڕانی) ئەوکات لە مەهاباد نەمابوون و بە قەولی کاك عومەری قازی (شوجاعانی فراری) دەمێك بوو شاریان بەجێ هێشتبوو لە (بێوران) تێپەڕیبوون. بڕوانە بەرگی شەشەمی بیرەوەرییەکانم (لاپەڕەی ١٦٤–١٦٦) ئیتر خۆشیتان کەریمی حسامی ١٩٩٩/١١/٦.

سالّی دوو هەزاری زایینی

لە گەلّ ئاوابوونی ڕۆژەکانی سالّی ١٩٩٩ و سەرەتای سالّی دوو هەزار تەمەنی پڕ لە کوێرەوەری و خەباتی پڕ هەڵسوکەوتی منیش لاپەڕەی هەشتا سالّەی خۆی هەڵدایەوە. هێندێ لە دۆست و برادەران بەتایبەت کاك حەمەدەمینی سیڕاجی و هەروەها خوارزاکانم هەوڵیان دەدا کە بەم بۆنەوە سالّۆنێك بگرن و ئاهەنگێك ساز بکەن. لەگەلّ سوپاس بۆ هەستی دۆستایەتی و بیر و بۆچوونی جوامێرانە و پیرۆزیان بە ڕاستی بە پێویستم نەزانی ئەم ئەرك و زەحمەتە بخەمە سەرشانی برادەران. چونکە هەشتا سالّ ژیان نەیتوانیوە ئەوەندە خزمەت بە نەتەوەکەی بکات کە شایانی شتێکی وابێت. بەڵام دیسان منداڵەکان دانیشتنێکیان ساز کرد و کاك حەمەدەمین و ڕۆناك خانیش دانیشتنەکەیان ڕووناکتر کرد و هەشتا سالّەمان بەڕێکرد بێ ئەوەی لە ژیاندا بە ئامانجێك گەیشتبین.

تێپەڕینی دوو هەزارە و چوونە ژووری هەزارەی سێهەم لە سەرانسەری دنیا دا گەلێکی پێ هەڵا گوترا و لەسەری نووسرا و ئاهەنگیان بۆ گێڕا و ڕەنگبێ بە میلیۆنەها دۆلاریش هەر بەم بۆنەوە خەرج کرابێ. مرۆڤایەتی لە کاتێکا پێ دەنێتە هەزارەی سێهەم کە هیچ کاتێ ئەوەندە توانای زانستی و داهێنان و دەرەتانی هەروا و لە ڕادەبەدەری بۆ بەرهەمهێنان و ئاسایش نەبووە. بەڵام هیچ کاتێکیش ئەوەندە نا بەرانبەری و فەرق و جیاوازی لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا پەرەی نەگرتوە. جیهانی هەزارەی سێهەم واقعیەتێکی بەرچاوە. حەشیمەتی چەند میلیارد کەسی جیهان لە پاپۆرێکدا سەفەر دەکەن. بەڵام موسافیرەکانی ئەم پاپۆرە لە هەل و

مەرجێکی زۆر جیاواز لە یەکتر لە پێگا دان. زۆربەی هەر زۆری ئەو موسافیرانە لە بار و دۆخێکدان وەك کۆیلەکانی سەردەمی پابردووی کۆلۆنیالیستی کە بۆ ئەمریکایان دەبردن. ٨٥٪ی ئەو موسافیرانە لە عەمبارەکانی پیس و تاریکی پاپۆڕدا خراونەتە سەر یەك و لە برسان و لە نەخۆشی و لە هەژاریدا دەمرن.

نە هەزارەی دووەم و نە سەرەتای هەزارەی سێهەم و نە سیستمی نوێی جیهانی جگە لە شەڕ و خوێن ڕێژی و برسییەتی و فەرق و جیاوازی شتێکی تازەیان بۆ زۆربەی حەشیمەتی سەر ڕووی جیهان نەهێنا. بە بۆنەی هاتنی هەزارەی سێهەم وتاری زۆر لە ڕۆژنامەکاندا نووسرا و لێکدانەوەی جۆر بەجۆری لەسەر کران، منیش بۆ چوونێکی ئاساییم هێنا سەر کاغەز کە لە ژمارەی ١١٥ی گۆڤاری بەربانگدا بلاو کرایەوە و لێرەشدا جارێکی تر دەینووسمەوە:

مرۆڤایەتی لە هەزارەی سێهەمدا.

مرۆڤایەتی وا چەند مانگە سەدەی پڕ لە کارەسات و پێشکەوتن و تراژیدی سەدەی بیستەمی بەجێهێشتووە و گۆزەی ڕەشی لە دوا شکاندووە و پێی ناوەتە سەدەی بیست و یەکەم و هەزارەی سێهەم. لەو ماوە کورتەدا گەلێك هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە لەسەر سەدەی ڕابردوو کراون و لە ڕوانگەی جۆر بەجۆرەوە ڕووداوەکانی سەدەی بیستەم لێك دراونەوە. هێندێ ڕووداوی جۆر بەجۆریش بۆ داهاتوو پێشبینی کراون. هەمووی ئەم نووسراو و بۆچوونانە بە نۆرەی خۆیان بۆ تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەی گشتی و وە دەستهێنانی هێندێ دەرس

و ئەزمون لە ڕابردوو ڕەنگە سودی خۆیان هەبێ. دیارە پێشبینی سەبارەت بە ڕووداوی دواڕۆژ و قسە لەسەر چۆنیەتی ڕەوەندی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان لە ڕوانگەی سیاسییەوە لەوانەیە زۆر جێگای دڵنیایی نەبن. ئەزمونی بەسەرهاتەکانی چەندین ساڵەی ڕابردووی جیهان فێرمان دەکات کە سەبارەت بە هەڕەکەتی پێشەوە چوونی مێژوو مرۆڤ ناکرێ هیچ حوکمێکی نەگۆڕ و لێبڕاو بدات. چونکە زۆرجار ئەوەی مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە و هەڵیدەنێ، پێچەوانەی ئەو دەردەکەوێ. بەڵام دەکرێ لەسەر بنەمای نووسراوە و دوکۆمێنتی باوەڕ پێکراو و ئەزموونی شەخسی، ئەگەر سەرپێییش بێ چاوێك بە ڕووداوەکاندا بگێڕێ و پێیاندا بچێتەوە.

سەدەی بیستەم لە مێژووی دوو هەزار ساڵەی زانییندا بە هێندێ کارەسات و بەسەرهاتی پڕ لە کێشە و هەرا و خوێن ڕێژی دەخوێنرێتەوە کە لەگەڵ بەسەرهاتی سەدەکانی پێشوو فەرقیان هەیە و بە کورتی بۆ باسکردن دەبن.

– لە سەدەی بیستەمدا لە سۆنگەی سەرهەڵدانی دوو شەڕی دنیا گر بە قەدرایی تەواوی مێژووی دوو هەزار ساڵەی زاییندا خەڵك دەکوژێ و شار و گوند وێران دەکرێن. ئەگەر لە شەڕی یەکەمی دنیا گردا ئیمپراتۆڕی وەحشی و دواکەوتووی وەسمانی لەبەر یەك هەڵدەوەشێ، دەسەلاتی کۆلۆنیالیستی ئەو کەم دەکرێتەوە و هێندێ ولاّت و خەڵکی دیکە، لەوانە کوردستانیش دەکەونە ژێر دەسەلاتی کۆلۆنیالیستی دەوڵەتانی سەرمایەداری ڕۆژئاوا و بە واتەیەکی تر، دنیا لە نێوان چەند دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی زلهێزی جیهاندا دابەشدەکرێ.

– لە سەدەی بیستەمدا شۆڕشی سۆسیالیستی ئۆکتۆبەر وەک گرنگترین ڕووداوی مێژوو بەرپا دەبێ و بە قەولی جۆنڕید ((ئەو دە ڕۆژەی دنیای لەرزاند)) نەک هەر لە پانتایی شەش یەکی کورەی زەوی سیستەمی کۆمەلایەتی و دەرەبەگی و سەرمایەداری لە بنەوە هەڵدەتەکێنێ، بەڵکوو دڵە ڕاوکە دەخاتە سەر تەواوی سیستەمی سەرمایەداری جیهانی و گەلانی ژێر دەستەش لە خەو ڕادەپەڕێنێ.

– لە سەدەی بیستەمدا لە ئەڵمانی تێشکاوی شەڕی یەکەمی دنیاگر، لەسەر بناغەی ڕەگەز پەرستی، فاشیزم سەر هەڵدەدا و بر دابەش کردنەوەی سەرلەنوێی جیهان و وەرگرتنی بەشێکی زیاتر لە ولاتانی کۆلۆنیکراو، شەڕی دووەمی دنیاگر ساز دەکات. لە ئەنجامی شەڕی دووەمی دنیاگردا، جگە لە کوشتاری زۆری خەڵک وێرانی گەلێك شار و گوند و کارخانە و نیاتە سەنعەتیەکان، چەند خاڵی دیکە لە مێژودا تۆمار دەکرێن کە لە ڕەوەندی ڕووداوەکانی جیهاندا دەور دەگێڕن.

– یەکێتی سۆڤێتی کە لە تێکشکانی فاشیزمدا دەوری سەرەکی هەبووە، ئەگەر پێش شەڕ لە لایەن ولاتانی سەرمایەدارییەوە حیسابێکی بۆ نەدەکرا، دێتە ڕیز و هاوشانی دەوڵەتانی زلهێزی جیهان و بە بێ بەشداری وی مەسەلە نێودەوڵەتییەکان بە زەحمەت چارەسەر دەکرێن.

– کۆمەڵی دەوڵەتە یەکگرتووەکان دادەمەزرێت و بە ناهەق ناوی (نەتەوە یەکگرتووەکانی)) بە سەردا دەبڕن. چونکە زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی لەوێدا ئەندامن و نوێنەریان هەیە، نوێنەری خەڵک و نەتەوەی ولاتی خۆیان نین بە کۆدیتا و ملهوڕی و هێزی پۆلیس و لەشکر دەسەلاتیان گرتۆتە دەست.

- پڕۆسەی ئازادی ولاتانی داگیرکراو و کۆلۆنیکراو دەست پێدەکرێ.

- تیۆری زانستی ئاتۆم وەڕاست دەگەڕێ. دەوڵەتی ئەمریکا لە سەردەمی شەڕدا، بۆمبی ئاتۆمی بەسەر خەڵکی هیرۆشیمادا دەدا. تەقاندنی بۆمبی ئاتۆم و بەکارهێنانی لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە، مرۆڤ تووشی ئەم بیرە دەکات کە زانست لە پەنا لایەنی پڕ لە خێر و پێشکەوتنی تەکنیك و داتا و ئەنفۆرماتیك، لایەنی دزێوی قڕ کردن و نابوتی مرۆڤایەتیشی هەیە و ناکرێ جێگای نیگەرانی نەبێ.

- دنیای سەرمایەداری لە سیستمی یەك قوتبی دێتە دەر و دوو سیستمی لێك جیاوازی کۆمەڵایەتی – ئابووری نا تەبا و ناکۆك لە گەڵ یەکتر، ڕەوەندی پێشەوە چوون و پێشکەوتنی کۆمەڵ درێژە پێدەدەن.

- چینی کۆمۆنیست پڕ حەشیمەتترین ولاتی دنیا دێتە نێو مەیدانی سیاسەتی جیهانی و لە شورای ئەمنیەتدا جێگای خۆی دەکاتەوە.

- زاراو و سیستمی (دنیای سێهەم) کە بەرهەمی ناتەبایی دوو سیستمی سەرەکی کۆمەڵایەتی – ئابووری جیهانە، لە کۆنفرانسی باندۆنگ ڕەنگ دەداتەوە. چوئینلای، جەواهێرلعل نەهرۆ، جەمال عبدالناسر، ئەحمەد سوکارنۆ و مارشال تیتۆ وەك سەمبولی دنیای سێهەم دەردەکەون. ولاتانی دنیای سێهەم لە نێوان دوو سیستمی لێك جیاوازی جیهاندا، دەرەتانی هێندێ موناوەڕە و جۆرە سەربەخۆییەکی بڕیاردانی سیاسی و ئابووریان بۆ پێك دێت. هەر لەو کاتەشدا سەبارەت بە پارسەنگی هێزی ئاتۆمی زلهێزەکان ڕێگای شەڕی ئیمپریالیستی بەربەست دەکرێ.

هەڵوێست و چەشنە سەربەخۆییەکی هێندێ وڵاتی پێشووی کۆڵۆنی و دنیای سێهەم، بۆ دەوڵەتانی زلهێزی سەرمایەداری قابیلی قبوڵ نیە و بۆیان هەڵناگیرێ. بۆیە دەبینین دوای شەڕی دووەمی دنیا گر ئەگەر بە ڕەسمی و بە ئاشکراش (جگە لە شەڕی عەرەب و ئیسرائیل) شەڕی گەورە و بەرفراوان پێکنایەن. بەڵام لە ڕێگای کۆدیتای نیزامییەوە بەدنەدان و دەستیاری ڕاستەوخۆی ڕێکخراوی جاسوسی ئەمریکا (سی. ئای. ئی) حکومەتانی میللی و پێشکەوتوخواز سەرنخوون دەکرێن و لەم وڵاتانە جۆگەی خوێن دەکەوێتە ڕێ. نموونەی وا کەم نین:

- کۆدیتای سیا و ئینتلجێت سەرویس دژی حکوومەتی میللی دکتۆر موسەدیق لە ئێران، کودیتای سیا دژی حکومەتی میللی ئەحمەد سۆکارنۆلە ئەندۆنزی کە ۷۰۰ هەزار کەسی تێدا کوژرا. کۆدیتای سیا دژی حکومەتی میللی سەلوادۆر ئەلیندە لە شیلی، کۆدیتای کۆنگۆ و کوشتنی پاتریس لۆمۆمبا، هاندانی ئیسرائیل بۆ سەر میسر و تێداچوونی عەبدولناسر و .... پشت تێکردنی شۆڕشی ئەیلوڵی کوردستانی عێراق و لە ژێر پێ نانی قەول و بەڵێنیان لەگەڵ سەرۆك بارزانی و ...

- ڕکەبەری و ملبەملەی وەسەریەکانی چەکی کۆکوژی و شەڕی ئەستێران، شەڕی سێهەمی جیهانی بەربەست دەکات، بەڵام بە زاڵبوونی سیستمی سەرمایەداری و دارمانی سیستمی سۆسیالیستی کۆتایی دێت. هەر وەك شۆڕشی ئوکتۆبەر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دنیا دەلەرزێنێ، دارمانی سیستمی سۆسیالیستیش لە ئاخرەکانی سەدەی بیستەمدا، دەبێتە هۆی سەر سوڕمانی جیهان و لە بواری ئابووریەوە

دنیا لە یەك سیستمی دنیا گری سەرمایەداریدا ساخ دەکاتەوە. (هۆیەکانی ڕووخانی سیستمی بەناو سۆسیالیستی واقیعەن مەوجود باسێکی دیکەیە و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی و بیر فراوانی و بەڵگە و دۆکۆمێنتی بابەتی هەیە کە لەم وتارەدا جێی نیە.)

- پاش لەبەر یەك هەڵوەشانی سیستمی سۆسیالیستی، ئیتر جیهانی ئیمڕۆ لە چوارچێوەی سیستمی سەرمایەداریدا بەڕێوە دەچێ. جا ئەمریکا بێت یا بنگلادێژ، سودان بێ یا ئەلمان، ئەتیوپی بێت یا سوید، فەرقی نیە، نیزامەکە نیزامی سەرمایەداریيە و بە قەولی ماکسڤیبەر: ((سەرمایەداری بریتیە لە ڕۆحی قازانج خوازی و سەر لەنوێ وەگەڕ خستنەوەی قازانجەکان لە ڕێگای میتۆدی عەقلانییەوە.))

- ناتەبایی سیستمی جیهانی سەرمایەداری کە لە سالەکانی ئاخری سەدەی بیستەم لە یەك قوتبی یا (جیهانی بوون)دا ڕەنگ دەداتەوە زیاتر لە هەموو کاتێ ڕوونتر خۆ دەنوێنێ. ئەگەر لە بەشێکی جیهانی ئیمڕۆدا مرۆڤ دەچێتە بان کورەی مانگ و خەریکە دەست بەسەر ئاسمان دادەگرێ و پێشکەوتنی تەکنیك و داتا و ئەنفۆرماتیك دنیای پان و بەرینیان کردۆتە گوندێکی بچوك و لە ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریدا حەمام و چێشتخانە و خەستەخانەی تایبەتی بۆ کسۆکان ساز دەکەن، لە بەشی دیکەی هەرە زۆر و پڕ حەشیمەتی دواکەوتووی دنیای سەرمایەداریدا، ڕۆژانە هەزاران منداڵ لە برسان و لەبەر بێ دکتۆر و دەرمانی دەمرن. درزی نێوان هەژاری و سامان و سەروەت لە نەزمی نوێی جیهانیدا، لە دەیەکانی ڕابردوو گەلێك قوڵتر بووە. بە قەولی ڕۆژنامەی لومۆند دیپلۆماتیك نیزیکەی ٥٠٠ میلیۆن کەس لە جیهاندا

ڕۆژانە بە دۆلارێك ژیان دەبەنە سەر. میلیاردێك و ٣٠٠ میلیۆن کەس لە خواردنەوەی ئاوی خاوێن و داو و دەرمان و پێڕاگەیشتنی پزیشکی بێبەشن. لە ولاتی وەك بەرازیل کە لە بواری پیشەسازی لە جیهاندا لە پلەی دەیەم دایە، حەوت میلیۆن کەس لە سوالّ دەژین و بۆ بژیوی ڕۆژانە هیچ شك نابەن. بانکی جیهانی و سندوقی نێونەتەوەیی پارە و ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی کە زلهێزەکانی جیهانی یەك قوتبی بەسەریاندا زالّن، لە سەتا هەشتای سامانی جیهانیان خستۆتە ژێر دەسەلاتی خۆیانەوە. تەنیا ولاتانی ئەفریقایی ٣٧٠ میلیارد دۆلار قەرزدارن. لە ولاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداریش نیگەرانی لە ژیان خۆی دەردەخات. وەك لۆمۆند دیپلۆماتیك دەنووسێ: ((لە چوارچێوەی ولاتانی بازاڕی هاوبەشدا نیزیکەی بیست میلیۆن کەس بێکارە. لەم ولاتانەدا، تاوان، جنایەت، هیرۆئین و حەشیش، ڕەگەز پەرستی و دژایەتی بێگانان ڕۆژ بەڕۆژ پەرە دەستێنێ. سالّی ١٩٩٦ سەروەت و سامانی ٣٥٨ بیلیۆنێر بە قەدرایی داهاتی دوو میلیارد و ٣٠٠ میلیۆن کەس حەشیمەتی جیهان بووە.))

ئەمە لە بواری ئابووری و ژیانی ڕۆژانەوە، بەلاّم جیهانی یەك قوتبی و نەزمی نوێی جیهانی پاش ڕووخانی سیستمی سۆسیالیستی لە بواری ئەمنیەتی گشتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و نەمانی شەڕیشەوە هەنگاوی کاربڕی ناویشتووە. تەواوی پڕوپاگاندەی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی زلهێزەکانی جیهانی یەك قوتبی دا، گەڕیان خواردووە. مەسەلەی کۆسۆڤۆ بیانوێکی باشبوو بۆ جیهانی یەك قوتبی بە سەرۆکایەتی ئەمریکا، کە شەقێك لە ڕێکخراوی کارتۆنی

بەناو نەتەوە یەکگرتوەکان بدا و بێ گوێدان بە شورای ئەمنیەت دەولەتێکی سەربەخۆی ئەندامی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆمباران بکات. دیارە ولاتانی ناتۆ بە سەرکردایەتی ئەمریکا و هێندێ فەریکە سیاسی تازە پێگەیشتووی کوردیش بۆمبارانی یۆگۆسلاڤیان بۆ ئازادی ئەلبانی ڕەگەزەکانی کۆسۆڤۆ و پاراستنی مافی مرۆڤ بە ڕەوا و باش دەزانی و ئەوەیان بە وەدەنگهاتنی ئەمریکا لەسەر گەلانی ژێر دەست لە قەڵەم دەدا. خۆ ئەگەر بۆمبارانی یۆگۆسلاڤی بەڕاستی بۆ ئەو مەبەستە بوایە، کارێکی باش و پیرۆز بوو. بەڵام پاش سالێك بۆمبارانی یۆگۆسلاڤی و مالۆ وێرانی خەڵکی کۆسۆڤۆ، دابینکردنی مافی مرۆڤ لەم وێرانی و کوشتارەدا، بە گوێرەی هێندێ ڕۆژنامەکانی ئەوروپایی ناردنی جندە و سوزمانی بووە لە ولاتانی ئەوروپاوە بۆ هێزە چەکدارەکانی پاریزەری مافی مرۆڤ لە کۆسۆڤۆ.!!

مرۆڤ دەتوانێ بپرسێ ئەگەر بۆمبارانی ۷۲ ڕۆژەی یۆگۆسلاڤیا بۆ پاراستنی مافی مرۆڤ و ئەلبانی ڕەگەزەکانی کۆسۆڤۆ بووە، دەبینی ئێستا ڕووسەکان لە چیچان هەموو ماف و دابی ئینسانیان خستۆتە ژێر پێ و گەلێك خەراپتر لە خەڵکی کۆسۆڤۆیان بەسەر چیچان هێناوە، بەڵام دنیای یەك قوتبی و نەزمی نوێی جیهانی کە بەردی پاراستنی مافی مرۆڤ و دیموکراسی لە سنگی دەدا، نەك هەر دەنگی لەبەر نایەتە دەر، بەڵکو دوور نیە دەستیشی لە خۆشکردنی ئاگر و قڕ کردنی میلەتی چیچاندا هەبێت.

زۆر سەیرە ئێستاش بەداوی ئەفسەرانی سربیدا دەگەڕێن کە لە بۆسنە و هەرزەگۆین جنایەتیان کردوە تا بدرێن بە دادگای نێو نەتەوەیی لاهە.

بەڵام لە ئاست بۆمبارانی کیمیایی هەڵەبجەی کوردستان و ئەنفالکردنی ١٨٢ هەزار کوردی بێدەوڵەت دەنگیان لەبەر نایەتە دەر. بە کورتی سەدەی بیست و یەکەم بە سەقامگرتوویی دنیای یەک قوتبی و نەزمی نوێی جیهانی نە دەبێتە پایانی مێژوو، نە هیچ خێر و خۆشیشی بۆ گەلانی ژێر دەستە و ولاتانی خەریک بوژانەوە چاوەڕوان لێدەکرێ.

کورد لە سەدەی بیستەمدا

کوردستان و گەلی کوردیش لە سەدەی بیستەمدا هەرچەندە لە ڕووداوەکان و فراز و نشێوی بەسەرهاتەکانی جیهان کەنار نەبوو، بەڵام بە هێندێ بەسەرهات و کارەساتی تایبەتی لە ڕووداوەکانی جیهان جیا دەکرێنەوە.

کەم نەتەوە هەبوون کە لە تەواوی سەدەی بیستەمدا بۆ وەدەستهێنانی مافی نەتەوەیی و ئینسانی خۆی وەک کورد بێ پسانەوە خەباتی کردبێت و بێ دەستکەوت بە هەزارانی فیداکار و شەهیدی ڕێگای سەربەستی پێی نابێتە سەدەی بیست و یەکەم و هەزارەی سێهەمەوە.

لە سەدەی بیستەمدا پتر لە سەد نەتەوەی کۆڵۆنی و بندەست و دواکەوتوو لە ژێر دەستیی دەرباز بوون و دەوڵەت و دەسەلات و کیانی سیاسی نەتەوەیی خۆیان دامەزراندووە. بەڵام بە درێژایی سەدەی بیستەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سەرکوتکراوە و ڕێبەرانی بزووتنەوە لە دار دراون و شار و گوندی لێ وێران کراوە. کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییەکەی بۆتە گەمەی دەوڵەتانی زلهێز و حکومەتانی ناوچە. دیارە هەر چەند کورد نەیتوانیوە لە سەدەی

بیستەمدا بە ئاوات بگا و لە مافی نەتەوەیی و ئینسانی خۆی کەلّك وەربگرێ، کەم یا زۆر لەم بوارەوە لاپەڕەی مێژووی خۆی ڕەنگین کردووە. حیزبی تێکۆشەر و ئازادیخواز دامەزراون، هوشیاری نەتەوەیی و سیاسی کۆمەلاّنی خەلّکی کوردستان تا ڕادەیەکی زۆر بەرز بۆتەوە و بە گوێرەی دەرفەت و توانا هێندێ دەستکەوتی کەم کاتیشی وەدەست هێناوە.

پێکهێنانی کۆماری کوردستان و حکومەتی میللی کورد لە جەنگەی شەڕی دووەمی جیهانیدا لە کوردستانی ئێران دەستکەوتێکی گرنگی نەتەوەیی بووە، گرنگی ئەم دەستکەوتە زیاتر لەوە دا بووە کە تێکۆشەرانی هەموو بەشەکانی کوردستان بەشداریبوون و جێگای هومێدی دواڕۆژی هەموو کوردێك بووە.

بەیانی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ و بە چۆکدادانی حکوومەتی بەعسی عێراق و مل پێڕاکێشانی بۆ ناسیینی نەتەوەی کورد و مافی خود موختاری کوردستان، بەرهەمێکی دیکەی خەباتی گەلی کورد و شەڕی چاردە ساڵەی کوردستانی خواروو بووە بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانیی نەمر.

هەر چەند بەرهەمی خوێنی ڕۆڵەکانی کورد لە ١٩٧٥دا دەبێتە گەمەی دەستی دەوڵەتانی ئەمریکا و ئێران و ئیسرائیل و بزووتنەوە و نسکۆ دێنێ، بەلاّم تێکۆشەرانی کورد ناهێڵن ئاگری خەبات بکوژێتەوە و جارێکی تر لە کوردستانی عێراق خەباتی چەکداری سەر هەڵدەداتەوە کە بە داخەوە دەبێ بڵێین ئەنجامەکەی تا ساڵی ١٩٩٠ تەنیا شەڕی خۆ بەخۆیی کورد و وێرانی کوردستان و بۆمبارانی کیمیایی و ئەنفالی بەد ناوی خەلّکی کوردستانە. ئەگەر لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا

دەرفەتێك بۆ کورد هەڵناکەوێ، یا کورد خۆی توانای ئەوەی نابێ لە ڕوداوەکانی جیهانی و خۆجێیی بۆ ئازادی خۆی کەڵك وەرگرێ، لە دەیەی ئاخری سەدەی بیستەمدا دوژمنەکەی بە پەلاماردانی کووەیت تووشی ئەم گەوجییە دێت کە دەرفەت بۆ کوردیش بڕەخسێ هێزی خۆی کۆ بکاتەوە و بەسەر ولاّت و چارەنووسی خۆید! زاڵ بێت.

ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کۆمەاڵنی خەڵکی کوردستانی خواروو ئەستێرەیەکی پڕشەنگدار و ڕووداوی گرنگی مێژووی کورد بوو کە وێژدانی نوستووی زلهێزەکان و کۆمەاڵنی خەڵکی جیهانی وەخەبەر هێنا. دەرفەتێکی گەورەشی بۆ گەلی کورد لەم بەشەی کوردستاندا ڕەخساند کە وەخۆ بێتەوە، هەڵبژاردن بکا، پارلمان و حکومەتێك پێك بێنێ. بەاڵم بەداخەوە هەرچەند کورد ئەزموونی چەندین ساڵەی خەباتی بێوچانی هەیە و بە هەزاران زانا و سیاسیی و پڕۆفیسۆر و دوکتۆر و نووسەر و ڕۆژنامە نووس و ڕووناکبیری هەیە، بەاڵم دیسان نەیتوانی لەم هەلەش کەڵك وەربگرێ و خۆ بگەیەنێتە ڕێزی ولاّت و نەتەوەکانی ئازاد و سەربەخۆی جیهان. دوژمنانی کورد کێچیان کەوتە کەولّ و چاویان بەرایی نەدا کورد لە بەشێکی نیشتمانەکەیدا چارەنووسی خۆی بگرێتە دەست و بە ئاسایشی پشوێك بدات. شەڕی کورد کوژیان پێ ساز کردین و پاش چەندین ساڵ خوێن ڕێژی و بە کوشت دانی هەزاران ڕۆاڵەی خەڵك، بە داخی گرانەوە ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە دەبێ بێژین: ئەگەر ئیمپریالیزم و دەوڵەتانی کۆاڵۆنیالیستی لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کوردستانیان دابەشکرد و کوردیان لە مافی نەتەوەیی بێبەش کرد، لە کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای هەزارەی سێهەم پاش نێزیکەی

سەد سالێ ئەوا ئەمجار بەشێکی کوردستان وەک بەش گۆشت لە نێوان دوو حیزبی (هەڵگری کوردایەتی) و پزگاریخواز دابەش دەکرێتەوە و گەلی کورد ئەمجار بە دەست دەسەلاتی خۆمالییەوە دەنالێنێ و دەکوژرێ و ئاوارە دەکرێ و شانازی ئەم دوو حیزبەش هەر ئەوە دەبێ کە ناوی سەرۆک و وەزیر و وەزارەتخانە و پێبەر لە خۆ بنێن و بە ترس و دڵە ڕاوکێیەوە چاوەڕوانی کارەساتی پێشبینی نەکراو بن. شیکردنەوەی زیاتری هۆیەکانی دۆڕاندنی ئەم دەرفەتە بۆ وتارێکی تر ڕادەگرین.

١/٧ دوو هەزار سەفەرێکی بەرلینم کرد و چەند ڕۆژێك لە کن دۆست و خوشك و برای خۆشەویست شیرین خانم و کاك هوشیاری ئیمامی حەسامەوە. سەنتەری کوردی بۆ باسێك لەسەر مەسەلەی کورد داوەتیان کردم و گەلێك لە هاونیشتمانانی کورد بەشداری کۆبوونەوەکەیان کرد و باس و موناقەشەیەکی دۆستانە بە بۆچوونی لێك جیاوازەوە بەڕێوە چوو. لاوێکی کرماشانی سۆرانی و بادینی تێکەڵ فێر بوو، چەند جار هاتە نێو باس و بیر و ڕای خۆی دەربڕی. ڕۆژی دوایی هاتە دوکانی کاك هوشیار و باسێکی دامەزراند و گوتی: ئێستا هەموو لاوانی کورد لە ئێران ڕێگای خۆیان دۆزیوەتەوە و سەردەمی حیزبی دیموکرات نیە و ڕێبازی کوردایەتی ئەوەیە کە پارتی کرێکارانی کوردستان پێیدا دەڕوا و لەم قسانە کە برا کوردە ئێرانیەکانی وێڵ بەدوای دەرکەوتنیان لە مێد تێڤێ فێری بوون. باسەکەمان گەرم بوو گوتی: کاك کەریم هێندێ پرسیارمان هەیە دەمانەوێ بە نووسین وەلأممان بدەیەوە. پرسیارەکان دەنووسم و دەیانهێنم بۆ کاك هوشیار

نووسراوەکەی لە چەند لاپەڕەیەکدا هێنا بوو دابووی بە کاك هوشیار. گەلێك پرسیاری جۆر بەجۆری نووسیبوون بێ ئەوەی ئیمزا و نانیشانی کەسێك، بنیاتێك، ڕۆژنامەیەك و یا شتێکی وای لەسەر بێ. من نووسراوەکەم وەرگرت و گەڕامەوە. بۆ ئەوەی نووسراوەی ئەم برادەرە بێ وەلأم نەهێلّمەوە ئەم نووسراوەی خوارەوەم بۆ نارد و ئیتر دەنگێکی نەبوو. ئەمەش وەلأمەکەیەتی:

((بەڕێز کاکی بێ ناو ونیشان. لەگەلّ سلاّو. پرسیارەکانم لە کاك هوشیار وەرگرت. نازانم کام گۆڤار، ڕۆژنامە و یا دەزگایەکی سیاسی ئەم وتو وێژە لە گەلّ من دەکات. چونکە وا باوە گۆڤار و ڕۆژنامە و کەسێکی بخوازی وتو وێژ بکا، ناو ونیشان و ئادرێسی خۆی دەنووسێ و تەڕەفیش دەزانێ وەلأمەکانی ئەو لە کوێ بلاّو دەکرێنەوە.

دیسان بە کورتی تۆ ئەگەر دەتەوێ لە بارەی کۆمەلّەی ژێکاف و کۆماری کوردستان زانیاری زیاترت هەبێ، تکایە چل سالّ خەبات نووسینی دکتۆر قاسملوی شەهید و بەرگی یەکەمی پێداچوونەوەی من بخوێنەوە. لام وایە لەوانە زیاتر شتێکی دیکەم نیە. لە بارەی ((کوردستانی ڕۆژهەلأت)) و ((باشوری کوردستان)) و ((باکوری کوردستان و pkk ئەگەر mtv ئەو پرسیارانەم لێدەکات کە تۆ نووسیوتن و ڕاستەوخۆش وەلأمەکانی من بلاّو دەکاتەوە، ئامادەم لەم وتو وێژەدا بەشداری بکەم. خۆشیتان. کەریمی حسامی ۲۰۰۰/۱/۱۱.

یادی دووی ڕێبەندان

۲۰۰۰/۲/۱۲ کۆمیتەی هێزە کورد و کوردستانییەکان لە سوید بە بۆنەی

ڕۆژی دووی ڕێبەندان، یادی کۆماری کوردستان ١٩٤٦ ئاهەنگێکی جوان و شازی ڕێکخست بوو، حەشیمەتێکی زۆر لە پیرۆزکردنی ئەم ڕۆژە مێژوویی‌یەدا بەشداریان کردبوو. دیارە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێوەبەر و هەڵسوڕێنەری ئاهەنگەکە بوو، هەر بۆیەش بۆ هەوەڵجار شوێنەواری ئەم ڕۆژە مێژوویی‌یەی نەتەوەی کوردیان کوێر کردبۆوە. هەر چەند لە ئاهەنگەکەدا وەبیرم خستنەوە و داواشم کرد کە بەم بۆنەوە وەک کەسێکی زیندووی بەشدار بووی ئەم ڕووداوە مێژوویی‌یە و وەک کەسێکی دەیان وتار و کتێبیشم لەسەر کۆماری کوردستان نووسیوە، بە کورتە وتارێک باسی گرنگی ئەم ڕۆژە بکەم، بەڵام بەڕپرسی حیزبی قبوڵی نەکرد. بۆ ئەوەی دەرسێک بێ بۆ یادی ئەم ڕووداوە پیرۆزە ئەم وتارەی ژێرەوەم نووسی و ناردم بۆ گۆڤاری بەربانگ و بڵاو کرایەوە.

دووی ڕێبەندان لە هەندەران کەریمی حسامی

((ئەگەر دەمانچە بە ڕابردووی خۆتەوە بنێی، لە دوا ڕۆژ دا تۆپت پێوە دەنێن:

ڕەسوڵ حەمزا تۆف

تۆ بڵێی لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی نەتەوەی کورد دا، هیچ ڕۆژێک هەبێ وەک ڕۆژی دووی ڕێبەندان، ڕۆژی (دامەزرانی کۆماری کوردستان ١٩٤٦) لەسەر لاپەڕەی مێژوو، و لە دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردا جێی گرتبێ و چەسپابێت.؟ شتێکی سەیر نیە و جێگای خۆیەتی. چونکە کورد بۆ یەکەمجار توانی لە هەل و مەرجی پێکهاتووی

نێـو نەتـەوەیی و خـۆجێیی کـەلك وەرگـرێ و دەسـەلآتی نەتـەوەیی بسەپێنێ و رێژیمێکی کۆماری دابمـەزرێنێ و حکومـەتی میللـی خـۆی و دام و دەزگای دەولّەتی پێك بێنێ.

بـۆ مێـژوو ئـەوە گـرنگ نیـە، پانتـایی خـاکی ژێـر دەسـەلآت چـەندە و حەشیمەتی چەندە و چەندەی دەوام کـردوە، هـەر ئـەو یـازدە مانگـەی تەمەنی کورت و پڕ لە شانازی کۆماریِ کوردسـتان توانیویـەتی شـەقلّی خۆی بخاتە سەر لاپەڕەی مێـژوو و تـا ئەبـەد زینـدوو بمێنێتـەوە. هـەر بۆیەش کۆمەلآنی خەلّکی کورد هەموو سالّێ لـە هـەموو شـوێن و ولآتـی دوور و نێزیکی کوردستان بە زیندوو کردنەوەی یادی ئەم رۆژە پـیرۆزە ئەمەکداریی خۆیان لە ئاست ئەم رووداوە گرنگە رشادەگەیێنن.

ئـەم سـالّیش ٢٠٠٠/٢/١٢ لـە سـەدەی ٢١ و لـە سـتۆکهۆلّمی پێتـەختی سوید، کۆمیتەی هاوکاری هێزە کورد و کوردستانیەکان بـە شـێوەیەکی لـە ڕادە بـەدەر جـوان و رێـك و پێـك یـادی دووی رێبەنـدانی زینـدوو کـردەوە. لـە زۆربـەی شـارەکانی سـوید خـەلّکی بـە ئەمـەکی کـورد بـۆ بەشداری لەم ئاهەنگە پیرۆزەدا، هاتبوونە ستۆکهۆلّم. زۆری حەشـیمەت و بەرنامە جوانەکە، ڕەنگ و واتایەکی تایبەتی دابوو بە ئاهـەنگی دووی رێبەندان.

بەلآم ئەگەر خەلّکی ئازادی خوازی کورد بە حـەز و عەلاقـەوە و بـەناوی یـادی کۆمـاری کوردسـتانەوە بـۆ پـیرۆز کردنـی رۆژی دووی رێبەنـدان ڕوویان کردبوە ئاهەنگەکە، مالّم قەبرە بەڕێوەبەری رێـو ڕەسمەکـە بـۆ هەوەلّین جار شوێنەواری کۆماری کوردستانی کوێر کرد بۆوە. کۆمـاری کوردستانی ١٩٤٦ دروشم و ئالآ و سروود و ناوونیشانی خۆی هەبووە و

لە مێژوودا تۆمار کراوە. شەهیدی خۆی هەبوون و لەم ڕێگایەوە گیانیان فیدا کردوە. کۆمیتەی هاوکاری یادی دووی ڕێبەندان دەکاتەوە، بەڵام شوێنەواری کۆماری کوردستان کوێر دەکاتەوە. لە جێگای دروشم و ئاڵا و نیشانی کۆماری کوردستان ئارمی حیزبی دیموکرات هەڵدەواسێ کە لە کۆنگرەی چوارەم پەسند کراوە و هیچ پێوەندییەکی بە کۆماری کوردستانەوە نیە. لە جیاتی عەکسی شەهیدانی کۆماری کوردستان عەکسی شەهیدانی حیزبی دیموکرات هەڵدەواسێ کە پێوەندی ئۆرگانیکیان بە دووی ڕێبەندانەوە نیە. ڕێز گرتن و یادی شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان کارێکی بە جێ و پیرۆزە، بەڵام هەر ڕووداو و هەر شتە جێگای خۆی هەیە. کارێکی دوور لە مەنتیق و دڵسۆزییە کەسێك و دەستە و یا ڕێکخراوەیەك بە هەر بیانوو و مەبەستێك بێ، قەڵەمی ڕەش بەسەر شوێنەواری مێژووی نەتەوەدا بێنێ.

جێگای سەرنجە، بۆ دەبێ لە یادی دووی ڕێبەندان سرودی کۆماری کوردستان بخوێنرێتەوە، بەڵام ئاڵا و دروشم و عەکسی شەهیدانی کۆمار وەلا بنرێ و عەکس و دروشمی دیکە لە جێی وان دابنرێ؟ بۆ دەبێ عەکسی چوار ئەفسەری مەهابادی کە بە لیباسی نیزامی کۆمارەوە لە دار دراون، عەکسی سەدری قازی و حەمە حوسێنخان و محەمەدی نانەوازادە و یازدە شەهیدانی بەگزادە لە بۆکان، عەکسی خۆشەوی کە لە ڕێگای پاراستنی کۆماردا شەهید کرا و عەکسی چوار ئەفسەری قارەمانی کوردستانی عێراق لە یادی کۆماری کوردستان هەڵناوەسرێن و بەخەڵك نیشان نەدرێن. یا عەکسی پێشەوا و بارزانیی نەمر کە پشت و پارێزەری سەرەکی کۆمار بوە لەم یاد و ڕۆژەدا لەبەر چاو نەبن.

کۆمیتەی هاوکاری ڕەنگە نەتوانێ هیچ بیانویەکی کۆمەڵ پەسند بۆ ئەم هەڵە و کەمکارییە بێنێتەوە.

ڕووداوەکانی مێژوو بۆ دەست تێوەردان و زیاد و کەمکردن نابن. مێژوو ڕووداوێکە گوزەراوە و تۆمار کراوە. بۆیە دەبێ بە شێوەیەکی زانستی شیبکرێتەوە و لە ئەزموونی تاڵ و شیرینی کەڵک وەربگیرێ، نەک بە کەیفە هەڵکێش داکێشی لەگەڵ بکرێ.

هەنگاوێکی پیرۆز

فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان لە سوید خەبەریان دامێ کە کۆمیتەی کارگێڕ بڕیاری داوە بە بۆنەی شەست ساڵ خەباتی سیاسی و کولتوری تۆوە ئاهەنگێك ساز بکا و چەند کەسێکیش لە دۆستان و نووسەران و تێکۆشەرانی کورد داوەت بکا. بڕیارێکی پیرۆز و هەر لەو کاتەشدا کە جێگای خۆشی بوو، پێم دەستپێشخەرییەکی گەلێك نیشتمانپەروەرانە و داهێنانێکی شارستانیانە بوو. چونکە لە کۆمەڵی کوردەواریدا تا ئێستا شتێکی وام نەدیبوو کە تێکۆشەر و یا زانا و شاعیر و نووسەرێکی کورد، ئەندامی حیزبێك نەبێ، ڕێکخراوێکی کوردی ڕێزی لێ بنێ و ئاهەنگی بۆ ساز بکات.

هەرچۆنێك بوو فیدراسیۆن ڕۆژی ۲۰۰۰/۹/۲ لە کۆبوونەوەی گشتی خۆیدا کە بەرپرسانی کۆمەڵەکانی فیدراسیۆن هەموو لە ستۆکهۆڵم بوون. بڕیارەکەیان تەنیا بە بەشداری بەرپرسانی کۆمەڵەکانی فیدراسیۆن بردە سەر و بە بەخێر هێنانی سەرۆکی فیدراسیۆن و کورتە وتاری کاك حامیدی گەوهەری و پێشکێش کردنی دەستە گوڵێك لە لایەن

فیدراسیۆنەوە، پرسیاری زۆر و جۆر بە جۆر سەبارەت بە بار و دۆخی کوردستان و مەسەلەی سیاسی و ژیانی سیاسی و کلتوری لە لایەن برادەرانی بەشدار بۆوەوە هاتنە گۆڕێ و وەلامیان درایەوە. بە گرتنی چەند وێنەیەکی بە کۆمەڵ دانیشتنەکەمان کۆتایی پێهێنا.

پرسیار و وەلامەکانیش لە گۆڤاری بەربانگ دا بلاو کرانەوە.

کۆمەڵەی کولتوری شاری هانۆڤەر لە ئەڵمان داوەتی کردم کە بۆ بەشداری لە حەفتەی کلتوری کۆمەڵەکەیاندا بەشداری بکەم و لەسەر پێک هاتن و تێکچوون و سیاسەتی کۆمەڵەی ژ.ك باسێکم هەبێ. ٢٠٠٠/١٠/٢٧ بە فڕۆکەیەکی فینلەندی بەرەو هانۆڤەر کەوتمە ڕێ. هەر ئەو ڕۆژە لە فڕۆکەخانەی هانۆڤەر پێشوازیمان لە شاعیری خۆشەویست و بوێری کورد مامۆستا پەشێو کرد کە ئەویش داوەت کرابوو. جگە لە بەشداری چەند نووسەر و ڕووناکبیری تری کورد کە بۆ باس لەسەر بابەتی جیاواز داوەت کرابوون و سیمینارەکەیان دەوڵەمەند دەکرد، دانیشتنی چەند شەوان لەگەڵ پەشێو و برادەرانی تر و میواندارى کاك جەمال خەزنەدار سەفەرەکەی بەڕاستی خۆش کردبوو. دوای چوار ڕۆژ هاتمەوە بەرلین و لەوێ کاك پێشڕەو داوەتی کردم بۆ ئاوەدانی (مەڵبەندی ڕۆشنبیری یەکێتی نیشتمانی) کە هەر لەسەر کۆمەڵەی ژ.ك باسێکم هەبێ. شەوەکەمان بە باسێکی دۆستانە و میوانداریەکی خۆمانە بردە سەر.

ساڵی دوو هەزاریش هەر وەك ساڵەکانی تر کۆتایی هات و خوارزاکانم بۆ دانیشتنی سەری ساڵی تازە هاتن بردیانینە لینشۆپینگ و لەگەڵ بەڕێکردنی ساڵی کۆن لە کۆبوونەوە و دانیشتنێکی پڕ لە خۆشەویستی

پێشوازیمان لە سالّی تازە کرد. خۆشترین ئەوە بوو کە کەنالّی ئاسمانی کوردستان لە سەفەریش بە دوامدا گەڕابوو تا لە لینشۆپینگ دیتمییەوە لەسەر (بارزانیزم) و سیمینارێك کە بەم بۆنەوەیە گیرابوو، وتو وێژی لەگەلّ کردم.

٢٠٠١/١/١٤ گۆڤاری ڕاستی کە لە سوید دەردەچێ، سیمینارێکی بۆ پێکهێنام لە ژێر ناوی : (پێشوازی لە ٥٦ سالّەی کۆماری کوردستان و ڕۆلّی بارزانیی نەمر لەو کۆمارەدا) لە ماوەی سێ کاتژمێردا بە گوێرەی توانا بە شێوەیەکی بابەتی گرنگی مێژوویی کۆماری کوردستان و ڕۆلّی بارزانیی نەمر و هێزی بارزان لە پاراستنی کۆماردا ڕوون کردەوە و زۆر لە بەشداربووان لە باسەکەدا بەشداریان کرد. سەیر ئەوە بوو سیمینارەکە لەسەر کۆماری کوردستان بوو، بەلاّم لەو ڕێکخراوە چالاکەی حیزبی دیموکرات لێکۆلّینەوە و زانیاری لە چۆنییەتی پێکهاتن و لە بەین چوونی کۆماری کوردستان گرنگ نییە، گرنگ ئەوەیە دووی ڕێبەندان بۆ شایی و هەلّپەڕین بەڕێوە بەرن.

لەم بەشەی بیرەوەرییەکانمدا کەوا لێرەدا کۆتاییان پێ دێنم، ڕەنگە خوێنەری کورد شتێکی وا سەرنج ڕاکێش نەخوێنێتەوە کە تام و چێژی لێ وەربگرێ. لە ولاّتێکی ئاوا سارد و سڕ و لە کۆمەلّگایەکدا کە هەموو شت، هەموو هەست و مرۆڤایەتی و برایەتی و دراوسییەتی و... هەمووی هەر پارەیە و یا هەوڵدان بۆ پارەیە، مرۆڤ دەبێ باسی چی ژیان و تێکۆشانی خۆی بکات کە بە کاری نووسین و بلاّو کردنەوە بێت و ڕووی نێو کتێب و نوسراوەی کوردی هەبێت؟ ئەم دەر بەدەرییە و سیستەمی ئەم ولاّتە خەسڵەتی پیاوەتی و جوامێری و تەنانەت دۆستایەتی

کوردەواریش تا ڕادەیەکی لەق و گەندەڵ دەکات. دەبینی دۆستێکی خۆشەویستی قەدیمت هەیە، بۆ کارێکی یەك سەعاتی ئیحتیاجیت پێدەبێ یاریدەت بدا، لەو پەڕی ڕوو هەڵماڵاوێدا دەڵێ: نایەم کاکە ئێرە ئەوروپایە هەر کەس کاری خۆی هەیە و ناکرێ بە کاری کەسی دیکە ڕابگەی. بەڵێ ئەوروپایە و هێندێ جار هێندێ تێکۆشەری کورد لە بواری پیاوەتی و خەسڵەتی نەتەوەیی دەخەسێنێ و دەیکاتە ئەوروپایی! بەڵام هەر لەو کاتەشدا هەر لەم ئەوروپایە کوردی جوامێری ئینسان هەن کە نەك هەر جارێك بەڵکو چەندین جار بە ڕوو خۆشییەوە بۆ کاری پێویست دە فریای دۆست و هاونیشتمانانیان دەکەون و یارمەتیان دەدەن. من لە کاری نووسین و کامپێوتەردا تووشی هەردوو جۆری ئەو کەسانە هاتووم.

بەشی هەرە زۆری ژیانی ڕۆژانەی من لەو سالانەی دواییدا بە خوێندنەوە و نووسین و نووسین لە کۆمپیوتەردا گوزەراوە. بەتایبەت خوێندنەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەی جۆر بە جۆری کوردی کە بەشی زۆریان ئابوونە بووم و یا دۆستان بێ پارە بۆیان ناردووم یارمەتی زۆریان داوم. ناتوانم پیاوەتی ئەو دۆستانەش بەتایبەت برای خۆشەویستم ناسری ئیبراهیمی و ئاسۆس و بەڕۆژ ئاکرەیی لەبیر بەرمەوە، کە هەر کاتێ کاری کۆمپیوتەر و نووسینەکەم تەگەرەی کەوتبێتە بەر، بە دڵەوە یارمەتیان داوم. سوپاسی ئەو برادەرانەش دەکەم کە بە سەریان کردوومەوە و چێژم لە دیدار و دواندنیان وەرگرتووە.

هۆی بنچینەیی و سەرەکی بەردەوامبوونی کار و تێکۆشانم لەو تەمەنەدا، (ئەگەر هیچ بەهرەیان بووبێت) بە ئەزموونی ڕۆژانەم لەم

چـەند خاڵـەدا دەبیـنم کـە بـە پێویسـتی دەزانم لـە بـەرگی کۆتـایی بیرەوەرییەکانمدا باسیان بکەم:

یەکـەم- خۆشـی و تـەبایی نێـو مـاڵ و ئینسـانیەت و ئەمەکـداری و هەستکردن بە مەسئولیەت و میهرەبانی دایکـی کـەمال کـە نەیهێشـتوە هزر و بـیر و خـەیاڵم بـە کـەم و کـوڕی ماڵـەوە مەشـغوڵ بـێ. هەمیشـە دەرفـەتی ئـەوەی بـۆ پێـك هێنـاوم کـە بـە نووسـین و خوێندنـەوە و میواندارى و سەفەر و حەسانەوە... هتد ژیان بە خۆشی بەرمە سەر.

دووەم- ئینسانیەت و خۆشەویستی کەمال و شلێر، بەتایبەت کەمال کە بەشـی زۆر لـەم دواییانـەدا لەگـەڵ ئێمـە ژیـاوە. ئـەویش وەك دایکـی نەیهێشتوە بیر و خەیاڵم بە هەڵسو کەوتی ئەو ناڕەحەت بـێ و کـارێکی وا بکا کە دڵم بێشێنێ. زۆر شـەرتە کوڕێکـت هـەبێ لـە ئـەوروپا زمـانی کرابێتـەوە، خوێنـدنی سـەرەتایی و نـاوەنجی و زانسـتگای لـە ئـەوروپا درێژە پێدابێ و لە نێو هاوتەمەنانی ئەوروپاییدا ژیانی بردبێتە سەر و لە بەرانبەر دایك و بابیدا تەربیەت و ئەخلاق و خەسڵەتی بنەماڵەیی خـۆی بپارێزێ.

لام وانیە هیچ شتێك بۆ باوکێکی بەسالاچوو لەوە خۆشتر بێ کـە کـوڕی گەورەی بێتەوە ماڵ و بڵێ: ((بابە ! تۆ لەبەر دڵت باشە قومێك ویسکی بخۆیەوە)) پاشان هەر بۆ خۆی مەزەت بۆ ساز بکا و دابنیشـێ لەگـەڵت شەو وەدرەنگی بخات. یان لە بواری ماددی و چـاپی نووسـراوەکانم لـە یارمەتی دەست دەگێڕێتەوە. یا ناکرێ باسی ئینسانیەتی شـلێری کچـم نەکەم کە جگـە لـەوە هـەموو ڕۆژێ بـە تەلـەفۆن شـادی کـردووین و لـە نەخۆشـی دڵـم پرسـیاری کـردووە و نوسـخەی دەرمـانی پێویسـتی بـۆ

نووسیوم. تەنانەت لە بواری مادی کڕینی کۆمپیوتەر لێم خافڵ نەبووە. ڕاستە، ئەوانە مەسەلەی خانەوادەیین. ڕەنگە بۆ زۆر کەس هەر جێگای باس نەبن. بەڵام بۆ من لە ئاوارەیی و لەو تەمەنەدا تەنانەت بە نەخۆشی و برینکاری دڵ، هیچی لێ خۆشتر و بەتامتر نەبووە و مانەوەی خۆم و توانای کار و نووسینم هەر لەوانەدا دەبینم.

سێهەم- بەسەر کردنەوەی دۆست و برادەران بەنامە و تەلەفۆن و بە سەردان و دانیشتنی خۆش، یەکیتر لەو ئیکسیرانە بوە کە تەزووی خۆشی و تاقەت و وزە و توانای تێکۆشانی لە جەستەی خەستەمدا ڕاگرتووە. لەوانەش گرنگتر هیوا و هومێد بەدوا ڕۆژێك کە ئاوارەیی و دوور ولاتی و دەر بەدەری کۆتایی بێت و لە زێد و نیشتمانی خۆشەویستمدا، پاشماوەی کورتی تەمەنم لە خزمەت مەسەلەی ڕەوای نەتەوەکەم بەرمە سەر و بەتایبەت خۆشی و ڕزگاری زەحمەتکێشانی کوردستان لە چەوسانەوە و ژێر دەستی بە چاو ببینم.

ئەو هیوا و هومێدە بۆ گەیشتن بەو ئامانج و ئاواتە نەیهێشتوە ئەوەندەی بکرێ کاتم لە ئەوروپا بەخۆڕایی بڕوات.

لێرەدا ئیتر خامەکەم بۆ نووسینی بیرەوەری لەسەر مێزدادەنێم و بە نووسینێکی کورتی زانا و بلیمەتی هەڵکەوتووی ئێرانی (ئیحسان تەبەری) کۆتایی بە نووسینی بەرگی یازدەهەم و درێژەی بیرەوەری دێنم و جارێکی دیکەش لەکەم و کوڕی و هەڵە و پەڵە و پێکەوە نەلکاوی نووسینەکەم داوای لێبوردن لە خوێنەران دەکەم.

ئەمەش نووسینەکەی شادرەوان ئیحسان تەبەری:

((ئەم.بیرەوەرییانەی کە بنیاتی لەسەر بنەمای ((من)) دانراوە، بۆ من بێزاری هێنەرە. بەڵام لە بیرەوەرییەکاندا بەناچاری باسی ((من)) دێتە گۆڕێ. چونکە هەر چۆنێکی بێ ئەوە بیرەوەری تایبەتی کەسێکن کە باسی خۆی دەکات و ناتوانێ لەبەر ((من)) ڕابکات.)) ئیحسان تەبەری ، یاد نامە زندگی اسفند ١٣٦٠، به کوشش ف، شیوا ١٣٧٥، ص ٣٦

پێڕست

سەرەتایەك بۆ كۆتایی بیرەوەریەكانم ٢٤٨٩

نامە و وتاری د. ئەمیری حەسەن پور ٢٤٩٤

ڕەخنە و هەڵسەنگاندن یان جنێو فرۆشی ٢٥٠٠

وتاری ك. دارتاش. ٢٥٠٣

نامەیەكی دۆستانە ٢٥١٩

نامە و نووسینی د. جەمال نەبەز ٢٥٢٢

هەڵسەنگاندن لە بیرەوەرییەكانم جەلال دەباغ ٢٥٧٠

وەڵامی نامەیەك پاش ٧ ساڵ عەبدولاّ پەشێو ٢٦٠٥

بادانەوەیەكی پێویست ٢٦٠٩

سیمینارێك لەسەر ئەركی لاوانی كورد ٢٦٨٢

یەكێتی نووسەرانی كورد ٢٦٨٥

سیمینارێك بە بۆنەی ٥٠ ساڵەی كۆماری كوردستان ٢٦٨٧

نامەیەكی دۆستانە ٢٦٨٨

نەورۆز ٢٦٩١

بێزاری و نەفرەت لە شەڕی براكوژی ٢٦٩٢

پارلمانی كوردستان لە دەرەوەی ولاّت ٢٦٩٧

گەڕانەوەی كاك عومەری قازی ٢٧٠٣

سیمینارێك لەسەر كوردستانی ئێران ٢٧٠٨

سیمینار لەسەر کۆماری کوردستان ٢٧١١
سیمینار لەسەر شەڕی کورد کوژی ٢٧١٤
ڕۆژەکانی نەخۆشخانە ٢٧١٥
سەفەر بۆ بولغارستان ٢٧٢٥
ساڵی ١٩٩٦ ..... ٢٧٣٠
یادی پەنجا ساڵەی کۆماری کوردستان ٢٧٣١
داوەتێکی حیزبیانە ٢٧٤٣
داوەتێکی دۆستانە ٢٧٤٤
باسێکی لاوەکی ٢٧٥٢
گەڕانەوە بۆ سەر دەفتەری یادداشتەکانم ٢٧٥٥
پیرۆزبایی دامەزراندنی ٥٠ ساڵەی پارتی دیموکراتی کوردستان .
نامەی دکتۆر هێرش نوری ٢٧٦١
کارەساتێکی دڵتەزێن ٢٧٦٩
ساڵی ١٩٩٧ ..... ٢٧٧٢
یادی کۆچی دوایی بارزانیی نەمر ٢٧٧٤
سیمینارێك لەسەر کوردستانی ئێران ٢٧٧٧
سیمینار لەسەر ماف و هوویەتی کورد ٢٧٨١
سەفەر بۆ دانیمارك ٢٧٨٥
یادی بۆمبارانی هەڵەبجە ٢٧٨٦
دادگای میکۆنوس و حیزبی دیموکرات ٢٧٨٩
چیرۆکی کتێبی " ئازادی یا مەرگ ٢٧٩٢
مامۆستا مەلا خدری سارتکێ..... ٢٨٠٢
باسێك لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی ٢٨٠٥
سەفەر بۆ ئیتالیا ٢٨١٠

سالّی ۱۹۹۸ ..... ۲۸۱۵
نامەیەك لە ئۆردوگای (ڕومادی)یەوە ۲۸۱۸
زەحمەتێکی بێ ئەنجام ۲۸۲۰
سەفەر بۆ مۆسکۆ ۲۸۲٤
تەلەفۆنێکی نەناسراو ۲۸۲٦
نامەیەك بۆ شلێری کچم ۲۸۲۹
سەفەر بۆ کانادا ۲۸۳٤
خەبەرێکی دڵتەزێن ۲۸۳۸
نامەیەکی کراوە بۆ عەلی کەریمی ۲۸٤۰
سالّی دوو هەزاری زایینی ۲۸۵۰
مرۆڤایەتی لە هەزارەی سێهەمدا ۲۸۵۱
کورد لە سەدەی بیستەمدا ۲۸۵۹
یادی دووی ڕێبەندان ۲۸٦٤
هەنگاوێکی پیرۆز و کۆتایی ۲۸٦۷

بەرهەمە نووسراوەکانی نووسەر

١- کاروانێك له شەهیدانی کوردستانی ئێران

٢- وەلأمێك: کوردی و فارسی.

٣- ڕێنوێنی شەڕی پارتیزانی.

٤- له دەوری ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکرات کۆبینەوە.

٥- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە لەسەر کتێبی حوسێنی مەدەنی.

٦- چەند قسەیەك لەگەڵ خەبات.

٧- کورد و فەرهەنگی بێگانە.

٨- لێکۆڵینەوەی (کورتە باسێك لەسەر سۆسیالیزم) کوردی و فارسی.

٩- تایبەتی کۆنگرەی شەشەم.

١٠- کۆماری دیموکراتی کوردستان یا خود موختاری.

١١- یادی هێمن.

١٢- له پێناو چی دا؟

١٣- بادانەوە.

١٤- کڕ و کاش.

١٥- سەفەر بۆ کوردستان.

١٦- له بیرەوەرییەکانم بەرگی: ١-٢-٣-٤-٥-٦-٧-٨-٩-١٠-,١١

١٧- پێداچوونەوە/ بەرگی یەکەم (بزووتنەوەی نیشتمانی له ...)

١٨- پێداچوونەوە/ بەرگی دووەم (بزووتنەوەی نیشتمانی له....)

١٩- حکایەتکردن یا نووسینی مێژوو.

٢٠- گەشتێك به نێو بیرەوەرییەکاندا.

٢١- کورد له گەمەی دەوڵەتانی زلهێز و حکوومەتانی ناوچەدا.